# فەلسەفە
# بە زمانی سادە

# فەلسەفە
# بە زمانی سادە

## جیسنی تیسمەن
## کاترین ئیرانیزا

**وەرگێڕانی**

**چنوور فەتحی** **سەعید کانی**



**پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەددین و دەزگای موکریانی** **٦**

ناوی کتێب: **فەلسەفە بەزمانی سادە**

نووسینی: **جیسنی تیسمەن – کاترین ئیرانیزا**

وەرگێڕانی: **چنوور فەتحی – سەعید کانی**

سەرپەرشتیی پرۆژە: **ڕێبوار سیوەیلی (بەشی فەلسەفە)**

سەرپەرشتیی کاروباری دەزگا: **دلێر سادق (دەزگای موکریانی)**

نەخشەسازی ناوەوە: **گۆران جەمال ڕواندزی**

بەرگ: **ئاسۆ مامزادە**

ژمارەی سپاردن: **(٩٢٨)**

تیراژ: **(١٠٠٠) دانە**

چاپی یەکەم: **(٢٠٠٩)**

نرخ: **(٤٠٠٠) دینار**

چاپخانە: **چاپخانەی هاوسەر (هەولێر)**

## پێشکەشە: بە ورەی بەرزی

## مەنسوور تەیفووری



# ناوەرۆک

**یاداشتی وەرگێڕان** ........................................ ٩
**سەرەتا** ........................................ ١٥
**پێشەکی** ........................................ ١٧

**نەسکی یەکەم** ........................................ ٢٩
بەشی یەکەم: مێتافیزیك فەلسەفەی بوون و تیۆریی ناسین ........................................ ٣١
بەشی دووەم: بوونی خواوەند ........................................ ٤٣
بەشی سێیەم: بوون و ئەم ئەوێتیی کەسەکان ........................................ ٥٩
بەشی چوارەم: پرسی ئیختیار ........................................ ٧١
بەشی پێنجەم: بوونی شەڕ........................................ ٨٧
بەشی شەشەم: پرسی مەعریفە ........................................ ٩٩

**نەسکی دووهەم ئەخلاق فەلسەفەی بەهاکان** ........................................ ١١٥
بەشی حەوتەم: ئەخلاق و وهەم ........................................ ١١٧
بەشی هەشتەم: خۆخوازی و ئەویدیخوازی ........................................ ١٢٧

**نەسکی سێهەم: فەلسەفەی سیاسی فەلسەفەی دەوڵەت و هاوولاتی** ........................................ ١٧٧
بەشی یازدەهەم: شەرعییەت و بێدەوڵەتی ........................................ ١٧٩
بەشی دوازدەهەم: ئازادی ........................................ ١٩٥
بەشی سێزدەهەم: یەکسانی ........................................ ٢٠٩

بەشی چواردەهەم: مارکس و مارکسیزم ........................ ٢٢٣
بەشی پازدەهەم: سیاسەت و جنسییەت ........................ ٢٤١

**نەسکی چوارەم: فەلسەفەی زانست** ........................ ٢٥٥
بەشی شازدەهەم: میتۆدەکانی زانست ........................ ٢٥٧
بەشی هەڤدەیەم: هۆیەکی ........................ ٢٧١
بەشی هەژدەهەم: ئێنداکشێن « ئیستقرا» ........................ ٢٨٥

**نەسکی پێنجەم مەنتیق فەلسەفەی ئەنجام دەرهێنان و ئەنجامگیری** ........ ٢٩٩
بەشی نۆزدەهەم: بابەتی مەنتیق ........................ ٣٠١
بەشی بیستەم: مەنتیقی قیاسی ........................ ٣٠٧
بەشی بیست ویەك: مەنتیقی نوێ ........................ ٣٢٥
بەشی بیست و دووەم: مەنتیقی رستەکان ........................ ٣٣١
بەشی بیست و سێیەم: مەنتیقی بارەکان و زمانی ئاسایی ................ ٣٤٧

**نەسکی شەش فەلسەفەی ژیان** ........................ ٣٦١
بەشی بیست و چوارەم: مانای ژیان ........................ ٣٦٣
بەشی بیست و پێنجەم: کاریگەریی فەلسەفە لە سەر ژیان ................ ٣٧٩
پاشکۆکان ........................ ٣٩١

## یاداشتی وەرگێڕان*

سەردەمانێك «ئێمەی مرۆڤ» هێند بە خواوە نووسابووین، دیکەی رووگە و لایەنەکانی نزیکی و خزمایەتی، لەوانە: گژوگیا و ئاژەڵان و تەنانەت ئەستێرە و کاکێشانەکانیشمان وەکو واقیعێکی نەویتر لە خۆمان رەتدەکردەوە بەڵام ئەمە تەنیا و تەنیا نیشانەی بەرچاوتەسکیمان بوو، واماندەزانی سنوور و کەوشەنێك لە ئارادایە ناکرێ لێی بترازێین، بێئاگا لەوەی ئەم سنوورانە هەرگیز بوونیان نەبووە. هەر بۆیە «ئێمەی مرۆڤی هەنووکە» هەر یەك بەشبەحاڵی خۆمان سەرقاڵی سەلماندنی ئەو راستییەین. فرانس ئاسیزیی ئەم حەقیقەتەی سەیر و جوان دەستنیشانکردووە؛ مادام زانیاریمان لەمەر سروشت و یەکبوونی لەگەڵ سەرپاکی ژیان زیاتر و چرتر بێت، زیاتر لەوە دەگەین کە یەك خێزانین. وەرگێڕانیش چەشنی ئەزموونی کامڵبوونی وشیارانە کە گوایە مرۆڤ دەستی لە پرۆسەی کامڵبوون وەرداوە، هەوڵێکی دیکەیە بۆ گۆڕانی. چما مرۆڤ پاش کامڵبوونی ژێنێتیکی رووی لە کامڵبوونی کولتووریی ناوە. وەکیتر هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ی کە ئاخۆ داهاتووی رەوتی کامڵبوونمان چۆناوچۆن دەکەوێتەوە؟ ئایا بەپێی شرۆڤەی کلاسیك گۆییە؟ یاخود لە سەر رای ئەورۆکە، دێرییە؟ بێگومان ژیان هەرە سەرتر و باڵاتر لە بێکۆتا دووبارەبوونەوەیە. یەك لەو رێڕەو و رەوتانەی بەسەر گۆڕانی رەنگ و بۆن و چێژی ئەندێشە سەرەتایی و تاك و تەریکەکاندا بەرەو ئەندێشەی سەردەمیانە دەکرێتەوە کارکردنە لە هەرێمی زماندا و وردبوونەوەیە لە کارکردە سەیرو سەمەرەکانی. لەو رووەوە کە هەر چەشنە دەرکەوتنێکی ژیانی زەینیی مرۆڤ وەکو چەشنێ زمان دادەنرێت،



ئەرکی زمان لە وەها تانووپۆیەکدا گەیاندنی پەیامی ناوەڕۆکە زەینییەکانە و وەرگێڕانیش گواستنەوەی پەیامی ناوەڕۆکە زەینییەکان.

«وەرگێڕان جۆرێ فۆڕمە» و دانان یان رەچاوکردنی وەرگێڕان وەکو چەشنی فۆڕم پێویستی بە گەڕانەوە بۆ دەقی سەرەکی هەیە و بێگومان ئەم گەیاندنی پەیامە کەمتر بۆ ئەو کەسانەیە لەبەر هەمەکە دەگەن. گەیاندنی پەیام و دەربڕین «تایبەتمەندیی» زاتیی بەرهەمەکە نییە. تەنانەت ئەگەر زمانی یەکەم، دووهەم یان سێهەمیش بێت بە هەموو ئەمانەشەوە ئەو وەرگێڕانە دەخوازێ ناوکۆ یان نێوەنج بێت، ناتوانێ ناوکۆی چ شتێك بێت، جگە گەیاندنی پەیام کە بە دڵنیاییەوە هێندەی سەرکەوتن و بەرەوخواربوونەوە لەگەڵ هەوراز و نشێوەکانی زماندا پڕڕەنگ و کاریگەر نییە. کەوابوو ئەمە رێگەیەکە بۆ دیاریکردنی وەرگێڕانی باش و خراپ چونکە وەرگێڕان لای ئێمە فۆڕمێکی تایبەتییە، ئەرك و بەرپرسیارێتیی وەرگێڕانیش بە بابەتێکی تایبەتیی لەقەڵەم دراوە ئەم ئەرکە دۆزینەوەی رێگەوبانێکە لەو زمانەدا کە وەرگێڕانی تێدا دەکرێ. ئەو کارەی هەوڵمانداوە لەم کتێبەدا ئەنجامی بدەین. شێوازی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەش (چۆن گومان هەڵناگرێ کە وەك ئەرك سەیر کراوە) خۆ نزیککردنەوە بووە لە «تیۆریی زمان» ی ژولیا کریستوا و داکۆکیکردنی ئەو لەسەر «بوونەوەرانی قسەکەر». ئەو کەسانەی تەنیا زمانەکە بەکارناهێنن، بەڵکو بە کەڵکوەرگرتنیان لە زمان شێوەڕێژ دەبن. کریستوا زمان وەکو سیستمێکی دەلالەتکار وەسفدەکات کە « سووژەی قسەکەر لە ناویدا خۆی دروستدەکات و تێکدەداتەوە » ئەو پێچەوانەی زۆربەی بیریارانی دیکە وەکو کەرەسەیەکی مردوو، بابەتێك بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی رەسمی، شتێك کە دەکرێ کۆبکرێتەوە و فایل و دەستەبەندی بکرێت، ناڕوانێتە زمان. بە بڕوای کریستووا ئەوان بە پێملبوون بە هێزە ئابووری بە کۆمەڵایەتییە مەزنەکان،

واتە سەرمایەداری، مرۆڤ و زمانەکەی بە شتێکی وەستاو و جیاواز دەزانن و بەم چەشنە حاشا لەو پڕۆسە بزۆرانە دەکەن کە مرۆڤ لەسەر دەستی ئەوان مانا و ئەزموون، خەلق دەکات. وەرگێڕان ئاسۆگەی هەر چالاکییەکی زمانییە و بۆ ئێمەی مرۆڤی رۆژهەڵاتیش وەکو تاکە شێوازی حەقیقەتی رامان دێتە ئەژمار، لە نەریتی رۆژئاوا کە وەرگێڕ جگە لە وەرگێڕانی دەقە سەرەکییە کە کارێکی دیکەی — بۆ نموونە نووسینی پێشەکی و پەراوێزی چڕ و بەجێی ئەنجام دابێت، نێوی لەسەر بەرگی کتێبەکەدا بەدیدەکرێ. کەواتە پێچەوانەی مانای وشەی Translation، تەنیا شتێك یان چەمکێك ناگوێزرێتەوە بەڵکو هاوکات شرۆڤە دەکرێ و سەرلەنوێ دادەڕێژێتەوە، (هەوڵماندا‌وە ئەم خاڵەش لە وەرگێڕانەکەدا رەچاو بکەن، تا چەند سەرکەوتوو بووبێتین).

بەرامبەر بە دۆخی دیکەی وڵاتانی ئاسیایی و رۆژهەڵاتی بە گشتی و دراوسێ جوغرافیایی و زمانییەکانی زمانی کوردی بە تایبەت کە رەخنەی سەرەکی و بنەڕەتیی بیرمەندانی پانتای وەرگێڕانیان نەبوونی خۆوشیارییە بەرامبەر بە وەرگێڕان و بەتاڵبوونی ئەم بوارە لە داهێنانی دەگمەن و خاوبوونی رەوتی پڕکردنەوەی چاڵ و چۆڵەکانی زمانەکانیان، بە بوونی گەلێك کتێب و گۆچاری تایبەت بە پێناسەی وەرگێڕانی باش و تەکنیکەکانی وەرگێڕان وەکو هەم زانست و هەم پڕۆسەیەکی حاشاهەڵنەگر، رازی نابن و داوا دەکەن بە قسەکردن و رامان لەمەڕ ئەم بابەتە وەکو وتەزایەکی مۆدێرن هەوڵی تیۆریکی بۆ بدرێت و بۆ پێکانی ئەم مەبەستەش بە دووبارە و چەند بارەکردنەوەی وەرگێڕانێکی تایبەت، بە نیازن وەرگێڕان ببێتە شتێکی بانتر و بالاتر لە وەرگێڕان، کەچی ئێمەی کورد هێشتا نەبووینەتە خاوەنی چ هەوڵ و بەرهەمێکی ئەوتۆ بۆ دەسنیشانکردنی پێناسە و تەکنیك و پێوەندییەکانی وەرگێڕان و پەناگەیەك بۆ بەهەڵەدا نەبردن و تووشی خەسارنەکردنی زمانی کوردی. . .



هەرچەند پێدەچێت نووسین بەدەستەوەدانی پێشەکییەکی لە جۆری ئەو هزرە نووسراوانەی لە زۆرێك لەم شێوەکارانە چاوەڕێ دەکرێ، کاڵبوونەوە و کەمڕەنگبوونی پێوە دیار دەبێت، بەڵام دەسنیشانکردنی چەند خاڵ کە هیواداریین بەرگێکی رەنگینی نوێیان لەبەر بێت وەکو پێویستییەکی بنەبڕ رەچاوکراوە.

پارێز لە خەمساردیی بەرامبەر بە هەندێ لادان و بەلاڕێدارۆشتنی نەزۆر بە ئەنقەست و بەرنامە بۆ دارێژراوی سەربە هەرێمی هزر و ئەندێشەی خاوەن ناسنامەی یەکسان بە ناسنامەی سەرەکیی (وەرگێڕان) ئەم کارەی بەردەستتان و هەروەهاهەولێك بۆ دەستنیشانکردنی ژمارەیەك هێڵ و رەوتی راست و بەدەستووری تایبەت بەو بەرپرسیارێتی و بەڵێنەی دەستدانە ئەم چەشنە کارانە دەیخاتە ئەستۆی ئەنجامدەرانی، هەر لە هەڵبژاردنی کتێبەوە بگرە بۆچوونێتیی کارکردن لەو زمانە تایبەتە و لەو کتێبە دیاریکراوەدا وەکیتر بەدەستەوانی تایبەتمەندی و خاڵەکانی وەرگێڕانی هاوبەش بەگشتی، مەبەستە سەرەکییەکانی بەرهەمەکە پێکدێنن.

دەقی کوردیی ئەم کتێبە ئاستی ناوینی نێوان رادیکالیزم و کۆنسێرڤاتیڤبوونی هەڵبژاردەوە. لە لایەك نەیویستووە دەقە بیانییەکە لەسەردەستی رێزمان و وشە و دەستەواژەکانی زمانی مەبەست سەرکوت بکات و بیتوێنێتەوە و بە سڕینەوەی هەموو دەقە بیانییەکە بیگۆڕێت بۆ دەقێکی سەروبەر کوردی و لە لایەکی دیکەشەوە سوننەت و سنوورەکانی زمان پارێزراوە و لایەنە رەسەن و دەگمەنەکانی زەقتر کراونەتەوە.

ئەم یادداشتە هەر لە سەرەتاوە نەیویست نووسینێك بێت لەسەر دۆخی وەرگێڕان، چونکە ئەمە بابەتێکە بەشبەحاڵی خۆی باسکراوە و روون بۆتەوە، بەڵام ناتوانین خۆ لە بوونی چەند وەرگێڕی بگۆ و بەتوانا و هاوتەریب بەو

خاڵانەی لێرەدا خراوەتە بەرباس نەبان بکەین. ناکرێ بگوترێ جێگەی خۆشحاڵییە یان پەژارە کە کورد لە زۆربەی زۆری شتەکاندا پێش ئەوەی ڕێگە و بوار خۆشبکات و ئەو بابەتە بکاتە پرۆسە و ئینجا لەسەری بڕوات، ئەو بەختەی هەیە کە کەسی تایبەت بەو پرۆسە دروستنەکراوەی تێدا درووستدەبێت؛ وەکچۆن فێمینیزمی نییە بەڵام بەئەژمار ژن و پیاوی فێمنیستی تیا هەڵکەوتووە! پرۆسەی وەرگێڕان یاخود بواری دیار و جێ‌متمانەی بۆ وەرگێڕان نییە بەڵام وەرگێڕی هەیە، و ڕەنگە ئەمە خۆی لە خۆیدا تا ڕادەیەك قورس و ترسێنەر و گاڵتەجاڕ دیار بێت. قورساییەکەی هانیدان، بە وەرگێڕانی ئەم بەرهەمەی بەردەستتان بە شێوەی هاوبەش، لەگەڵ خۆ بە بەرپرس زانین بەرامبەری یەکبەیەکی خاڵە باسکراوەکان، پێویستە بڵێین ئەم کارە هاوبەشە، چونکە یەك لەوانەی نێویان لەسەر بەرگەکەدا هاتووە وەرگێڕ نین و ئەویدی بەرپرسی دەزگا، هاوبەشە چونکە وانەبووە کە یەك لەو دووانە بێئاگا بێت لە ڕەوت و پێشڕەوتی کارەکە و هەرکامیان بە پێی زانست و ئەزموونی خۆیان هەوڵیان بۆ داوە. ترسێنەربوون و گاڵتەجاڕییەکەش دەسپێرن بە دۆخەکە خۆی.



## پەراوێزەکان

* ئەم یادداشتە هاوکات هەم وتارێکە لەسەر وەگێڕان هەم پێشەکیی هەر دوو وەرگێڕی کتێبەکەشە.

** ڤاڵتێر بنیامین

چ. ف

س. ك

## سەرەتا

هەم بۆ خوێنەرە ئاساییەکان و هەم بۆ خوێندکارانی زانستگە و زانکۆکان، ئەم کتێبە بە کەڵکە. ئەم بەرهەمەی بەردەستان بیرۆکەی کاترین ئێڤنز[1]ی، دەرچووی کامبریجە. ئەو بە پێویستی زانی کۆمەڵێك بۆ ئاشنا بوونی خوێنەران بە زیاترین یاخۆد زۆربەی ئەو بابەتە فەلسەفییانەی لە زانکۆکاندا دەوترێنەوە، کۆ بکاتەوە؛ ئەو بابەتانە بە شێوەی کورت لە نەسك و بەشی سەربەخۆ و چۆڵ لە زاراوەی پسپۆڕانە بناسێنێت. ژمارەیەکی هەرە کەمی بەرهەمە سەرەتاییەکان — ئەگەر هەر بوونیان بێت — سەرجەم ئەم مەرجانەیان پێڕەو کردووە. دەقە سەرەتاییە باوەکان دوو یان سێ هەرێم دەبێتە تەوەری سەرەکییان کە بە زۆری بریتین لە مێتافیزیك و فەلسەفەی ئەخلاق، و ئەم چەشنە کتێبانەش هەموویان، ناتوانن بەتاڵ بن لە زاراوەی تەکنیکیی تایبەت. فەلسەفە بە زمانی سادە[2] لەگەڵ چەند بەشی تایبەت بە میتافیزیك و فەلسەفەی ئەخلاق دەستپێدەکات، بەڵام جگە لەمانەش چەندین جۆر زانیاری لەمەڕ فەلسەفەی زانست، تیۆریی سیاسی، فێمینیزم، لۆژیك و مانای ژیان لەخۆ دەگرێ. بۆ نووسینی هەندێ بابەت لە چاپکراوە وانەییەکانی کەمبریج کەڵك وەرگیراوە، بەڵام بابەتەکان بە شێوەیەك دانراون کە دەرك و تێگەیشتنی بۆ ئەو کەسانەی چ جۆرە ئاشناییەکی پێشوویان لەگەڵ فەلسەفەدا نییە، ئاسان بێت. هەر بە نێوی خۆیەوە باسی مێژووی فەلسەفە نەکراوە، بەڵام پرسە فەلسەفییەکان و رێگەچارە پێشنیارکراوەکان زیاتر راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کەوتوونەتە تانوپۆیەکی مێژووییەوە. هەروەها لە پاشکۆکاندا پێناسەی فەیلەسوفە مەزن یان



بەناوبانگەکان بە دەستەوە دراوە و بەمکارەش لە روانگەیەکی گشتییەوە، مێژووی فەلسەفە ئاراستە دەکات.

لە چاپی دووهەمدا هەڵەکانی دەقی کتێبەکە راستکراونەتەوە و دوو بەشی دیکەشی پێ زیاد بووە کە بە هەموویانەوە بیستوپێنج بەش پێکدێنن. یەك لەم بەشە تازانە لە ژێر ناوی « ژیان و مەرگ » چەندین پرس و بابەت لەمەڕ ئەخلاقی کردەوەیی دەخاتە بەرباس، بەشی دیکە « مارکس و مارکسیزم »ە کە لێکدانەوەیەکی سەرنجڕاکێش و شیاوی تیۆریی سیاسیی مارکس پێشکەشدەکات.

ئەم کتێبە بە هۆی بەرفراوانییەوە و پارێز لە بەکارهێنانی زمانی قورسی پسپۆڕانە، نەك هەر بۆ خوێندکاران و قوتابیانی فەلسەفە، بەڵکو بۆ کەسانی هۆگری سیاسەت، تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان و زانستی خواناسیش بەسوود دەبێت.

جێنی تیڤەند، کاترین ئێوانز

**پەراوێزەکان**

١- kathrine Evans

٢- *philosophy A Beginners Gude*

# پێشەکی

## فەلسەفە چییە؟:

فەلسەفە بریتییە لە توێژینەوەی ئەو پرس و بابەتانەی دوایین، دەرهەست وئێجگار پەرگیرن. ئەم پرسانە لەگەڵ شۆناسی بوون، مەعریفە، ئەخلاق و هۆکار و ئامانجی مرۆڤدا پێوەندیان هەیە.

## لقەکانی فەلسەفە:

لە فەلسەفەی زانستگەییدا ئەم بابەتە وەکو گشتێك بۆ چەندین لقی جۆراوجۆر دابەش دەکرێت. وەك باوە، لقە سەرەکییەکانی بریتین لە: مێتافیزیك[١]، فەلسەفەی ئەخلاق [٢]، فەلسەفەی سیاسی[٣]، فەلسەفەی زانست[٤] و لۆژیك[٥]، ئێمە لەم کتێبەدا هەموو ئەم(بابەتانە) دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بە پێداچوونەوە و لێکدانەوەیەکی سەرەتاییەوە دەستپێدەکەین.

## مێتافیزیك: توێژینەوەی بوون و مەعریفە

ئاندرۆنیکۆس[٦]کە یەکێك لەوانە بوو بەرهەمەکانی ئەرەستوو[٧]ی کۆدەکردەوە، نێوی مێتافیزك[٨]ی لە هەندێ نامیلکەی ئەرەستوو نا. ئەرەستوو خۆی ئەم نامیلکانەی بە نێوی «فەلسەفەی یەکەم» ەوە ناوزەد کردبوو. مەبەستی ئەو لە«یەکەم»بنەمایترین، بنەڕەتیترین، یان گرینگترین بوو. «فەلسەفەی یەکەم» دەپەرژێتە سەر زاتی بوون، زاتی هۆیەکی (یان بەدیهاتن)و شوناسی مەعریفە.



نێوی «فەلسەفەی یەکەم کەم تا زۆر بە شێوەی ڕێکەوتی گۆڕا بوو«مێتافیزیك»»، ئاندرۆنیکۆس کاتی کۆکردنەوە و نووسینەوەی بەرهەمەکانی ئەرەستوو، نامیلکەکانی «فەلسەفەی یەکەم»ی لەگەڵ نامیلکەیکی دی بە نێوی سروشتییەکان [٩]یان فیزیکی لەیەك کتێبدا دانا، ئەم کتێبە بە فیزیکەوە دەسپێدەکات. لەو رووەوە کە وشەی یونانی «مێتا» بە مانای «پاشە»»، ئاندرۆنیکۆس بەشی دووهەمی کتێبەکانی ناو نا مێتافیزیك، واتە ئەو بەشەی پاش فیزیك دێت.

«فەلسەفەی یەکەم» یان «مێتافیزیك»زانستێکە پێکهاتووە لە هەستی(بوونناسی)[١٠] کە بریتیە لە زاتی بوون و زاتی بە دیهاتن یان سەرهەڵدان، وێڕای مەعریفەناسی [١١]کە هەمان تیۆری مەعریفە یان ناسینە. بەڵام پرسیار لەمەڕ بابەتی وەك زەین، رۆح، خواوەند، کات، شوێن و ئێختیاریش گەڵاڵە دەکات. ئەمە بەو هۆوە کە توێژینەوە و شیکاریی زاتی گشتیی بوون و مەعریفە بە ناچار بابەتی پێوەندیداری دیکەشی لەگەڵدا دەورووژێندرێ بۆ نموونە، ئەم پرسیارە کە «بوون چییە؟ » ئەم پرسیارانەی لێدەکەوێتەوە کە «جەوهەر[١٢] چییە؟ مادده چییە؟ و چی لەسەر زانست[١٣] دەکرێ بگوترێ؟» ئەم پرسیارەی کە «هۆکار[١٤] چییە؟» وەکیتر ئەم پرسیارانە دەخاتە روو کە «ئاخۆ جیهان سەرەتای لە کاتدا هەیە؟ ئاخۆ هۆیەکی هەیە؟ کات چییە؟ ئایا خوایەك بوونی هەیە؟» هەروەها ئەم پرسیارە کە «مەعریفە چییە؟» چەندین پرسیاری لەم چەشنەی بە دواوەیە کە «ئاخۆ مەعریفە ئیمکانی دەبێت؟ ئاخۆ مەعریفە یان ناسین چەشنی باوەڕە؟ ئاخۆ مەعریفە دۆخێکی زەینییە؟ ئایا مەعریفە یان ناسینی ناوشیارانە بوونی هەیە؟»

## فەلسەفەی ئەخلاق: توێژینەوەی بەهاکان

بنچینە و ئەساسی وشەی «ethics» یۆنانییە و بە مانای ئاکار و رەفتارە، بەڵام سەدەی حەڤدە بەدوا، مانای ئەم وشە لە زمانی ئینگلیزیدا گۆڕا بۆ توێژینەوە و خوێندنەوەی ئەخلاقییات، یان بە گشتیی سەرجەم شێوازەکانی ئەرکە مرۆییەکان لەوانە؛ ئەرکی ئەخلاقی، یاسایی و سیاسی.

ئەورۆکە ئەخلاق دوو مانای جیاوازی هەیە: یەکەم دەکرێ وەکو توێژینەوە و پێداچوونەوەی تیۆرییەکانی سەبارەت بە سەرچاوە عەقڵانییەکان و تێبینیی پرەنسییە ئەخلاقییەکان و ئەخلاقییات بە گشتی دابنرێت. دووهەم ئەوەی کە دەکرێ بە مانای پرەنسیپ و رێسای تایبەتیی رەفتاری پەسندی کەسانی ئاسایی یان پسپۆڕان بێت. کە خەڵك لەسەر ئەخلاقی پیشەیی، ئەخلاقی پزیشکی، ئەخلاقی بازرگانی و هتد دەدوێن، مانای دووهەمی وشەکەیان مەبەستە. ئێمە زیاتر ئەخلاق لە مانای یەکەمدا تاوتوێ دەکەین.

ئەخلاق کە فەلسەفەی ئەخلاقیشی پێدەگوترێ، وێڕای بابەتی دیکە، لە پلەوپێگەی تایبەتیی خۆشی وەکو توێژینەوەیەکی عەینی و بابەتییانە، دەکۆڵێتەوە. جێگەی سەرنجە ئەخلاق لەگەڵ هانە، بە تایبەت ئەویدیخوازی[١٥] و خۆتەوەرەییشدا[١٦] پێوەندیی هەیە. زانستی ئەخلاق کۆمەڵێك پرس لەمەڕ پرەنسیپە ئەخلاقییەکان، بەختەوەری، دادەوەرێ، بوێری و بە گشتی بابەتی پێوەندیدار لەگەڵ ئەو حاڵەت و تایبەتمەندییانەی خاوەن بەها و بایەخن یان بێبەها و بێجێگەن دەخاتە بەرباس.

## فەلسەفەی سیاسی: توێژینەوەی هاووڵاتی و دەوڵەت

فەلسەفەی سیاسی دەپەرژێتە سەر پرس و بابەتەکانی پەیوەست بە حکوومەت، هاووڵاتی[١٧] و دەوڵەت[١٨]، بەڵام پێوەندیی ئەوتۆی بەوردەکارییەکان، واتە شێوە و شێوازی حکوومەتە جۆربەجۆرەکان یان



شێوازەکانی حکوومەت کردنەوە نییە، بەڵکو هەوڵدەدات وەڵامی پرسیاری گشتیتر بداتەوە واتە ئەو پرسیارانەی کە بۆچی مرۆڤ دەبێ گوێڕایەڵی حکوومەتەکەی خۆی بێت؟ ئاخۆ جگە لە ترس، هۆکارێکی دیکەش بۆ ئەم پێملبوونە لە ئارادا هەیە؟ ئایا ئێمە پێویستمان بە دەوڵەت هەیە یان بێ بوونی دەوڵەت بارودۆخمان باشتر دەبێت؟ ئازادی[١٩] چییە؟ هاووڵاتیان تا چەندە دەتوانن ئازادییان هەبێت و تا چ ئاستێك دەبێ لە ئازادی بایەخمەند بن؟ یەکسانی[٢٠] چییە؟ ئایا ئەمە بابەتێکی پەسەنکراوە؟

فەیلەسووفانی شارەزا و پسپۆڕ لە ماوەی نیمەی یەکەمی ئەم سەدەدا کەمتر ئاوریان لە بابەتی دەوڵەت و هاووڵاتی و پرسە پێوەندیدارەکانیی داوەتەوە، کەوابوو لە وانەیە رەچاو کردنی ئەم خاڵە بە بایەخ بێت کە ئەم بابەتە تا ئەوکات بە بەشێکی گرینگی فەلسەفە دەهاتە ئەژمار. لە کاتی ئەفلاتوونەوە[٢١] تا هەنووکە، هەموو ئەوانەی بە بیریاری زەق و ناوداری فەلسەفە دەژمێردرێن لەسەر پرس و بابەتی سیاسی نووسیویانە. ئەفلاتوون خۆی دوو بەرهەمی قەبەی سیاسی بە نێوی کۆمار[٢٢] و یاساکان[٢٣] ە. ئەرەستوو کتێبێکی بە نێوی سیاسەت[٢٤] نووسیوە، ئۆگۆستین[٢٥] خاوەنی کتێبی شاری خوا[٢٦] یە و تۆماس ئەکویناس[٢٧] ماف و ئەرکەکانی حاکم و کۆیلەکانی لێکداوەتەوە. گرینگترین بەرهەمی تۆماس هۆبز[٢٨] لەسەر دەوڵەتە (کە نێوی لۆیاتان[٢٩] ی لێناوە). بەرهەمی مەزنی جانلاك[٣٠] چەندین نامیلکە دەربارەی حکوومەتی مەدەنی[٣١] دەگرێتەوە کە بڕشتێکی بە هێزی بووە، دەیڤید هیوم[٣٢] لەمەڕ مێژوو و سیاسەت، وتار و بابەتی نووسیوە، هێگل[٣٣] بێنتام[٣٤] جۆنستوارتمیل[٣٥] و بە تایبەت کارل مارکس[٣٦] یش بیریارانی ئەم سەردەمە زۆر دوورانەن.

پاش سێ بۆ چوار دهە وەستان، دیسانەوە بابەتە سیاسییەکان بە بڵاوبوونەوەی دوو بەرهەمی مەزن بە نێوەکانی تیۆرییەك لەمەڕ دادوەری [٣٧] ی (١٩٧٩) بەرهەمی جان راوڵز[٣٨] و بێدەوڵەتی، دەوڵەت و ئارمانشار [٣٩] ی بەرهەمی رۆبێرت نازیك [٤٠] کە هەردوویان ئەمریکین بوونەوە بە هەوێنی فەلسەفە.

## فەلسەفەی زانست:

وێنای بەدیهاتنی بابەتی فەلسەفیی تایبەت بە زانستە سیستماتیك و خاوەن رێسا و یاساکان، وێنایەکی کەم تا زۆر نوێیە، ئەوەی هەنووکە فەلسەفەی زانستی پێدەگوترێ تا سەدەی نۆزدهەم بەشێك لە تیۆریی گشتیی مەعریفەی پێکدەهێنا. ژمارەیەك نووسەری سەدەی نۆزدە بۆ نموونە جۆن ستوارت میل ئەم لقەیان وەکو پاژێك لە مەنتیق واتە مەنتیقی ئیستقراییی[٤١] خستە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

فەلسەفەی زانست ئەوڕۆکە لقێکی جیاوازە لە چالاکییە فەلسەفییەکان و هەر بەم نێوەشەوە لە زۆربەی زانکۆکان هەندێجار بۆ خوێندکارانی زانست و هەندێجار بۆ خوێندکارانی فەلسەفە و هەندێجاریش بۆ هەردوویان وانەکانی دەوترێتەوە. فەلسەفەی زانست زیاتر لەگەڵ مێژووی زانستدا لێکدەدرێتەوە، گەلێك لەوانەی فەلسەفەی زانست دەڵێنەوە، سەرەتا وەکو خوێندکاری زانست دەستیانپێکردووە و پاشان روویان کردۆتە فەلسەفە.

پرسە فەلسەفییەکانی پێوەندیدار لەگەڵ زانست، بابەتە بوونناسییەکان دەگرێتەوە؛ واتە پرسی سەبارەت بە واقیعی بابەتە تیۆریکەکانی چەشنی وزەی راکێشانی زەوی، وزەی مێغناتیس، ئێلێکترۆنەکان و ئانتی ماددەکان، وەکیتر لە فەلسەفەی زانستدا پێوەندیی نێوان زانستە جیاجیاکان و ئیمکانی کۆکردنەوە



و گۆڕانی هەموو زانستەکان بۆ یەك زانستی گشتی و مەزن کە بە زۆری مەبەست فیزیکە، رەچاو دەکرێ. فەلسەفەی زانست دەپەرژێتە سەر بابەتە مێتۆدۆلۆژیکییەکان[٤٢] و لەگەڵ بەڵگاندنی ئیستقراییی، بەڵگاندن لە هۆکردەوە بۆ هۆ و بە پێچەوانەوە و بە گشتی لەگەڵ بەڵگاندنی ئیستقراییدا پێوەندیی هەیە.

## مەنتیق: فەلسەفەی هەڵێنجان و هۆ:

ریشەی وشەی Logic (بە مانای « مەنتیق ») وشەی **(Logos)** ی یۆنانییە کە بە مانای « فیکر » یان «هۆ» یان « وشە » یە و رەنگە ئەم ناونانە لەبەر ئەوە بووبێت کە هەندێجار مەنتیق وەکو توێژینەوەی یاساکانی هزر پێناسەکراوە. بەڵام ئەرەستوو وەکو داهێنەری ئەم لقە، مەنتیقی بە توێژینەوەی بورهان [٤٣] وەسفکردووە. بە هەموو ئەمانەشەوە، وانییە کە ئامانجی هەر بەڵگاندنێك رێك سەلماندنی شتێك بێت، ئامانجی زۆربەی بەڵگاندنەکان ئەوەیە دەسنیشانی ئەگەر و شیمانەی شتێك بکەن. ئیعتبار و بێیعتباریی بەڵگاندنێك کە دەخوازێ جەخت لە شیمانەیەك بکاتەوە، بەشێك لە لۆژیکی شێوەکان کە تەنیا لە بورهانی تەواو دەکۆڵێتەوە و هەندێجار بورهانی بەراوردکاریشی پێدەگوترێ، نییە. لەو رووەوە کە بورهانە تەواوەکان لە بیرکاریدا [٤٤] دەبینرێتەوە، زۆربەی زۆری خەڵك ئاشنایی پڕاوپڕیان لەگەڵ ئەم بورهانەدا هەیە، چ بیزانن و چ نەیزانن؛ چونکە زۆربەی زۆریان کەمێ بیرکارییان خوێندووە.

باشترین پێناسەی لۆژیك بریتییە لە: **توێژینەوەی ئەو لایەنەی بەڵگە هێنانەوەی چروپڕ یان قیاسی کە پێوەندیی بە راستبوون [٤٥] یان ناڕاستبوون [٤٦] یەوە هەیە.**

کۆمەڵێك لە فەیلەسووفان لەسەر ئەو باوەڕەن کە پێویستە مەنتیق حەقیقەتیش (٤٧) وەکو دروستی و راستیی رەچاو بکات، بەڵام حەقیقەت ئێگجار بەرفراوانتر لە بێهەڵە بوون و راستییە. دیاریکردنی رێسا گشتییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی راستیی مسۆگەرە، بەڵام بۆ زانینی ئەوەی کە چی راستە رێسای گشتی و گشتگر لە بەردەستدا نییە؛ چونکە مێتۆدی توێژینەوە جۆراوجۆرەکان بۆ دەرکردنی بڕیاری راستبوونی شتێکی جۆراوجۆر و ناهاوشێوەیە. بۆ نموونە مێتۆدی بینین و تاقیکردنەوەی زانستە جۆراوجۆر و فرەچەشنەکان لەیەك ناچێت. کەوابوو، توێژینەوە و لێکدانەوەی راستبوون و ناڕاستبوون بێ رەچاو کردنی بابەتەکانی پێوەندیدار لەگەڵ هەڵە و بێهەڵە بوون، کارێکە مسۆگەر و بەسوود.

مەنتیق چۆناوچۆن ئەم بابەتە شیدەکاتەوە؟ ئەم زانستە لە راستیدا رێسا گشتییەکانی هەڵسەنگاندنی راستیی قیاس دیاریدەکات. لە بەشی پێنجی ئەم کتێبەدا تێر و تەسەل ئەم پرسە باس دەکەین.

**لقەکانی دیکەی فەلسەفە:**

هەرچەند بەهیوابووین ئەم کتێبە تا ئەو ئاستەی دەکرێ گشتی و چڕ بێت، بەڵام هەندێ لقی دیکەی فەلسەفەمان رەچاو نەکردووە؛ بۆ نموونە فەلسەفەی بیرکاری، فەلسەفەی زمان، فەلسەفەی مافەکان (فقە) [٤٨] یان فەلسەفەی هونەر (جوانیناسی) [٤٩] کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خستنە بەرباسی ئەم فەلسەفە زیادانە[٥٠] لە تاقەتی ئەم دەقە سەرەتاییەدا نییە. ئەم فەلسەفانە تا رادەیەك دژوار و قورسن؛ چونکە ئەو خاڵە گریمان دەکەن کە خوێنەر پێشتر تا رادەیەك بە بیرکاری، ماف، زمانناسی، رێزمان وهتد ئاشنایە.



**رووکردی جۆراوجۆر بەرامبەر بە فەلسەفە:**

بە گشتی، لە یەکێك لەم دوو رێگاوە دەکرێ فەلسەفە بخوێندرێ یان فەیلەسووف هەوڵدەدات چەمکە دەرهەستەکان پێناسە و شیبکاتەوە و شرۆڤەی پڕ ئەژماری مومکین لەمەڕ ئەو پرس و بابەتانەی هەڵگری ئەم چەمکانەن لێکبداتەوە، یان هەوڵدەدا تیۆرییەکی زۆر گشتی و ئەگەر کرا بە تەواویی هاو ئاهەنگ و گونجاو[٥١] ئاراستە بکات تاکو بە شێوەیەك وێنا دەرهەستەکان (چەشنی وێنای بوون و مەعریفە) کە سەر بە پرسە سەرەکی و گرینگەکانی فەلسەفەن راڤە بکات.

نێوی نوێی ئەم دوو رێگا بریتین لە: «شیکاریی» [٥٢] و «کیشوەری » [٥٣] بەڵام پێویستە بگوترێ ئەم نێوانە زۆر ورد و بە دەستوور نین.

لە زۆربەی زانکۆکانی جیهانی نوێدا یەك لەم دوو رووکردە بەدیدەکرێ. رووکردی « شیکاریی » زیاتر لە زانکۆکانی وڵاتانی ئینگلیزی زمان و سکاندیناوی باوە.

بۆیە دەڵێن فەلسەفەی شیکاریی چونکە پێویستی بە شیکردنەوە بە پێناسە و وەك دەڵێن جیا کردنەوەی توخم یان پاژە جۆراوجۆرەکانی پرسە ئاڵۆزەکان هەیە، و هەروەها لەبەر ئەوەی بەزۆریی لەگەڵ پێداچوونەوەی سەرجەم شرۆڤە جۆراوجۆرە مومکینەکان لەسەر چەمکە دەرهەستەکان و ئەو پرسە ئاڵۆزانەی دەکرێ وەڵام بدرێنەوە، دەڕواتە پێش. رووکردی «شیکاریی » رووکردێکی تازە نییە؛ ئەم رووکردەمان لە سوقڕات، ئەرەستوو و تۆماس ئەکویناسەوە پێگەیشتووە. بۆ نموونە سوقڕات بە زۆریی باسەکانی لەگەڵ پرسیار لەمەڕ پێناسەکان واتە شیکاریی دەستپێدەکات و پاشان قسەیان لەسەر دەکات؛ ئەکویناس بەشە » جۆراوجۆرەکانی پرسیارەکەی پێش وەڵامدانەوەیان لێکدی جیا دەکردەوە. ئەورۆکە فەلسەفەی شیکاریی بە نێوی فەیلەسووفە ئینگلیزییە

مەزنەکانی سەدەی بیستەم واتە گیلبێرت رایل [٥٤]، جێی، ئێلْ، ئۆستین [٥٥] و جێ‌ی، ئێ‌ی، ئێم، ئانسکام [٥٦] و فەیلەسووفانی ئەمریکیی وەك دۆناڵد دەیڤیدسۆن [٥٧] هیلاری پانتام [٥٨] و سائۆل کریپکی [٥٩] پیەوە دەناسرێت.

رووکردی «کیشوەری» لە زانکۆکانی کیشوەری ئەوروپا، ئەمریکای باشوور و هەندێ بەشی ئەیالەتە یەکگرتووەکان بەدیدەکرێ. ئەم رووکردە بەستراوەتەوە بە نێوی کەسانێکی وەك هێگل، شۆپنهاور [٦٠] مارکس و هایدگێر [٦١]، بەم دوایینانەش فەیلەسووفانێکی وەك سارتەر [٦٢]، هابرماس [٦٣] و دریدا [٦٤]وە، ئێمە لەم کتێبەدا رووکردی شیکاریی رەچاو دەکەین.



**پەراوێزەکان**

١- metaphysics
٢- ethics
٣- political philosophy
٤- philosophy of science
٥- logic
٦- Aristotle
٧- Andronicus
٨- first phiolosophy
٩- Physics
١٠- ontology
١١- epistemology
١٢- substance
١٣- non-existcnce
١٤- cause
١٥- altruism
١٦- selfishness
١٧- citzen
١٨- state
١٩- liberty
٢٠- equality
٢١- Plato
٢٢- *The Republic*

٢٣- *The Laws*
٢٤- *Politics*
٢٥- Augustine
٢٦- *The City of God*
٢٧- Thomas Aquinas
٢٨- Thomas Hobbes
٢٩- Leviathan
٣٠- John Lock
٣١- *Treatises on Civil Government*
٣٢- David Hume
٣٣- Hegel
٣٤- Bentham
٣٥- John Stuart Mill
٣٦- Karl Marx
٣٧- *A Theory of Justice*
٣٨- John Rawls
٣٩- *Anarchy, State, and Utopia*
٤٠- Robert Nozick
٤١- inductive logic
٤٢- methodological
٤٣- proof
٤٤- mathematics
٤٥- soudness



٤٦- unsoundness
٤٧- truth
٤٨- jurisprudence
٤٩- aestheties
٥٠- philosophy of subjects
٥١- self-consistent
٥٢- analytic
٥٣- continental
٥٤- Gilbert Ryle
٥٥- J. L. Austin
٥٦- G. E. M. Anscombe
٥٧- Donald Davidson
٥٨- Hilary Putnam
٥٩- Saul Kripke
٦٠- Schopenhauer
٦١- Heidegger
٦٢- Sarte
٦٣- Habermas
٦٤- Derrida

# ئەسکی یەکەم

# بەشی یەکەم:

## مێتافیزیك

## فەلسەفەی بوون و تیۆریی ناسین

### چەند مەتەڵ لە سەر فەلسەفەی بوون:

یەکێك لە گرینگترین پرسیارەکانی تایبەت بە مێتافیزیك ئەوەیە کە چ شتگەلێك بوونیان هەیە؟ و «توخمە پێکهێنەرە کانی گەردوون »[1] چی و چین؟

### توخمە پێکهێنەرەکانی گەردوون: هەندەکییەکان و هەمەکییەکان:

سەبارەت بە بوونی هەندەکییەکان و هەمەکییەکان چەند مەتەڵی کۆن لە ئارادایە. لە راستیدا فامی ئاسایی[2] پێمان دەڵێ، دارەکان، کێوەکان، ئەستێرەکان، لمە وردەکان، خەڵك و بوونەوەرانی دیکەی وەکو پشیلەکان، سەگەکان و ئەسپەکان بوونیان هەیە. بەڵام لە چوارچێوەی زانستێکی وەکو فیزیکدا، دارەکان، کێوەکان، سەگەکان، پشیلەکان و. . . چ نین جگە لە برێك گردیلە و مۆلۆکوول و وردە ئەتۆم[3]. زانستی فیزیك بۆمان دەردەخات کە پاژەکان؛ وردە ئەتۆمەکان راستییەکی سەرەکین؛ کەواتە ئایا ئەوانە بوونی راستە قینەیان هەیە؟ بە دەربڕینێکی دی، ئەگەر قایل بووین بەوەی  کە ئەتۆمەکان و



پاژەکانی (وردە ئەتۆمەکان) بوونێکی راستەقینەیان هەیە، ئایا لە دوای ئەوە لە رووی ناچارییەوە ئەبێ بڵێین مێزەکان، کێوەکان و شتیتر بوونیان نییە؟ بڕوا بەوەی کە مێزەکان و کورسییەکان بوونێکی زێدەتر لە ئەتۆمەکان و مولۆکوولەکانیان هەیە، لە راستیدا شتێکی عەقڵانی نییە و ئەم وتە وەکو ئەوە وایە بڵێین لەشکەرەکان لەوانە؛ ژێنێراڵەکان و سەربازەکان و. . . بوونیان هەیە. گەر ئەم وتە راست بێ جیهان پاژ و بەشی ئیگجار زۆر لە خۆ دەگرێ. وەرن با کۆگای لمەکان لەبەر چاوبگرین. دەرکەوتە ماددییەکان کەم تا کورتێك لە کۆگای لم دەچن. کۆگا چ نییە جگە لە کۆگای سادە و ساکاری وردە لم کە بە شێوەیەکی ساکار لێك جیا دەبنەوە. دەرکەوتە ماددییەکان کۆیەکی هەرە تێکچنراوی وردە ئەتۆمەکانن کە جیاکردنەوەیان ئاسان نییە. ئایا کۆگای لمەکان یاخود تەنیا وردە لمەکان، بوونیان هەیە؟ بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کۆگای لمەکان لە راستیدا بەم هۆوە بوونیان هەیە کە وردە پێکهێنەرە کانیان بوونیان هەیە. بوونی ئەم کۆگایە بریتییە لە بوونی وردەکان لە شوێن و کاتی تایبەتدا. هەر بە پێی ئەم رەوتە بۆمان هەیە بڵێین دارەکان و کێوەکان و ژن و پیاوەکان هەن، چونکە وردیلە پێکهێنەرەکانیان بوونی هەیە. بۆ نموونە ئەڵماس یەکسانە بە بوونی وردیلەکانییەوە؛ وردە ئەتۆمی تایبەت کە بە شێوەیەکی تێکچنراو پێکەوە لکاون و لە کات و شوێنی تایبەتدا بوونیان هەیە. بەبێ بوونی شتە وردەکان ئەڵماسێك لە ئارادا نییە. بەڵام لەو رووەوە کە ئەم وردیلانە هەن، دەرەنجامەکەشی ئەوەیە کە ئەڵماس هەیە. هەبوونی بوونەوەرە زیندووەکان — بۆ نموونە دار و بەراز — تا رادەیەك جیاوازن. هەر بۆیە بوونی ئەوان بریتییە لە بوونی ئەو وردیلانەی کە بەردەوام بە هۆی گەشەی دار و بەرازوە گۆڕانیان بە سەر دێت و دەکەونە پرۆسەی مێتابولیسمەوە. بەڵام بەبێ بوونی وردیلەکان، بەراز بوونی نابێ و لەلایەکی دیکەشەوە، بە لە بەرچاوگرتنی بوونی جۆرێکی

گونجاو لە وردیلەکان لە شێوازێکی ڕێك و پێکی تایبەتدایە کە بەراز بوونی دەبێ. کەواتە: سپاکان هەن، چونکە سەربازەکان هەن؛ شارەکان هەن چونکە خانوەکان هەن. کورتەی باس ئەمەیە کە بوونی جیهان پێویستی بە بوونی ئەو بەشانە هەیە کەپێکیدێنن. بەڵام ئەم بەشانە ئەبێ بە پێی مۆدێلی تایبەتیی خۆیان ڕێکبخرێنەوە. بە گشتی، ئەبێ بەشی هەمەکی لە کات و شوێنی تایبەت لە تەنیشت یەکتردا بن تا هەمەکی لەو ڕووەوە کە هەمە کییە بوونی هەبێ. لە ڕاستیدا سوپای ناپلیۆن بە سوپا نەدەبوو ئەگەر سەربازەکانی لەسەدە جۆراوجۆرەکاندا ژیابان یان لە سەرتاسەری کاکێشاندا بڵاو ببوایەنەتەوەکەواتە، وادیارە هەمەکی  هەمان هەندەکیی ڕووت نییە.

بە واتایەکی دی هەمەکی شتێکی « زیاد لە » هەندەکییەکەیەتی و ئەویش ڕێکوپێکی و ڕێکخستنەوەی توخمە هەندەکییەکانە لە کات [٤] و شوێنی [٥] خۆیاندا، واتە دەستوور ورێکێتیی توخمە [٦] پێکهێنەرەکان لە کات و شوێندا.

ئەم بابەتە پرسێکی مێتافیزیکیی نوێمان بۆ دێنێتە بەر. واتە ئایا نەزمی کاتیی و شوێنیی بوونیان هەیە؟ ئایا شوێنەکان بوونیان هەیە؟ ئایا کاتەکان بوونیان هەیە؟

**توخمە پێکهێنەرەکانی گەردوون: شوێنەکان، کاتەکان، چۆنێتییەکان، ڕووداوەکان**

گریمان ئەستێرەناسێکی وەکو لیندا سپارك کە بەرگێکی زەردی لەبەر کردووە لە کاتێکی دیاریکراودا بە تێلیسکۆپ لە بنکەیەکی فەلەکناسیی نزیك لەهێڵی ناوەڕاست (ئۆستووا) سەیری خۆرگیران [٧] دەکات، لیندا خۆی و هەرکەسێکی دی دەڵێن لیندا و جلوبەرگ و خۆر و تێلیسکۆپ بوونیان هەیە. ئەمە تەنیا بیروڕای فامی عورفییە (ئاساییە) بەڵام ئەگەر فامی ئاسایی لەمەڕ



بوونی خۆرگیران ، بوونی هێڵی ناوەڕاست و بوونی شێوازی زەینیی لیندا لە ماوەی خۆرگیرانەکە شتێکمان بە دەستەوە بدات، چیمان پێدەڵێ؟

هەندێ فەیلەسووف وتوویانە پرس و بابەتی پێوەندیدار لەگەڵ چۆنییێتی وەك ڕەنگی زەرد و ڕووداوێکی چەشنی خۆرگیران دەرکەوتەی تایبەتن و کەم تا زۆر هەر وەکو شتە ئاساییەکانی چەشنی مێزەکان بوونیان هەیە. بەڵام ئەمە نە تیۆرییەکە بۆ فامی ئاسایی هێند جێ پەسندە و نە دەتوانێ یارمەتیدەرمان بێت بۆ تێگەیشتن لە مەتەڵەکانی بوون. لە بەرهەمەکانی ئەرەستوودا کە فەیلەسووفێکە بیری خۆی بە تەواویی لەگەڵ فامی ئاساییدا ڕێکخستووە، وەڵامێکی جیاواز بەرچاو دەکەوێت. وتەزاکانی [٨] ئەرەستوو بریتین لە:

١- ناوەڕۆك: مەبەستی ئەرەستوو لە ناوەرۆکەکان ئەو شتگەلێکی وەك خانووەکان، ئەسپەکان، مرۆڤەکان، کێوەکان، دارەکان و پەیکەرەکانە.

٢- چۆنییەتی [٩] (یان سیفەتەکان) : وەکو سەوز، بوێر و ژیر.

٣- چەندێتی [١٠]: (وەکو پێوەرەکان) میترێك، تونێك. . .

٤- ڕێژە [١١]: وەکو نیوەی، گەورەتر لە. . .

٥- شوێن [١٢]: وەکو. . . لە بازاڕ

٦- کەی [١٣] (کات) وەکو پار، دوێنێ

٧- دۆخ [١٤]: وەکو ڕاوەستان، دانیشتن

٨- شێواز [١٥]: وەکو پێڵاو لە پێ، داپۆشراو

٩- کاریگەر[١٦]: وەکو خاوێنکردن، فڕێدان، هاویشتن

١٠ – کارتێکراو[١٧]: وەکو سووتان، خنکان

**ئەرەستوو بەڵگەی هێناوەتەوە کە شێوەی بوون و شێوازی بەکارهێنانیان لەوتەزا جۆراوجۆرەکاندا جیاوازن لە یەکدی.**

**واتە بوونیان یان سەربەخۆیە یان گرێدراوی وتەزایەکی دیکەیە.**

بێگومان چۆنییەتی و چەندێتی و ڕێژە، بوونیان هەیە، بەڵام ئەوانە تەنیا تا ئەو ئاستە بوونیان هەیە کە وتەزاکانی وەکو زەرد یان سەوز، بەرز یان کورت یان قورس، یان لە تەنیشت یەکتر و زۆر شتی تریش بن. چۆنیەتی و چەندێتی و ڕێژە سەربەخۆ نین و گرێدراوی وتەزاکانی دیکەن. کردەکان (بۆ نموونە سە یری خۆرگیران کردن) تا ئەو کاتە بوونیان هەیە کە ناوەڕۆك سەرقاڵی ئەو کردەیە. کردارەکانیش گرێدراوی ناوەڕۆك (جەوهەر)ن. کارتێکراوەی چەشنی دارِمان یان سووتان کەی جەوهەر کردە دەنوێنێ بوونیان هەیە. کردە کانیش گرێدراوی جەوهەرن. هەر بۆیە شتێك دەڕووخێت. زاوزێ [١٨] بوونی هەیە، کە بریتییە لە بەدیهاتنی ناوەڕۆکەکان. گەندەڵ بوون بوونی هەیە، ئەویش بە واتای تێداچوونی ناوەڕۆکەکانە. دۆخ و شێوازەکان بوونیان هەیە تا ئەو کاتەی ناوەڕۆکێك لەو دۆخ و حاڵەتەدا بێت. کورتەی باسەکە ئەمەیە؛ بوون یاخود ڕاستییەکان جۆراجۆرن و فرەچەشن، بەڵام دوا شێواز یان گرینگترین تایبەتمەندیی بوون کە دیکەی جۆرەکانی بوون گرێدراوی ئەوە بریتییە لە بوون یان هەستیی ناوەڕۆکەکەیان. مەبەستی ئەرەستوو لە " ناوەڕۆك " چی بوو؟ لە بنەڕەتدا ناوەڕۆکەکانی ئەرەستوو هەر ئەو دەرکەوتە ئاساییانەن. بۆ نموونە دارەکان، مێزەکان، سەگەکان و وهتد.

پێویستە تیۆریی وتەزاکان لەسەر ئەم بۆچوونە شیبکرێتەوە کە وشەی هەیە دە واتای جۆراجۆری لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر بڵێین " کلینتۆن لە فیجییە "[١٩] باسی شوێنێکمان کردووە. ئەگەر بڵێین " کلینتۆن چەماوەتەوە " باسی دۆخ و حاڵەتمان کردووە. ئەگەر بڵێین " کلینتۆن مرۆڤە " گرینگترین جۆری هەیە(ە)مان بەکار هێناوە. واتە (ە) یەك دەلالەت دەکاتە سەر ناوەڕۆك. ڕیزی ئەو وتەزایانەی ئەرەستوو بەکاری هێناون زۆر بەنرخن، بەڵام سەدی سەد ڕەزامەندیمان مسۆگەر ناکەن. یەکەم ناتوانین لە سەرجەم وتەزاکانی ئەرەستوو



کەڵك وەربگرین. بۆ نموونە دەتوانین وتەزای دۆخ بگەڕێنینەوە سەر وتەزای شوێن و ڕێژە. دۆخ و حاڵەتی شتێك چ نییە جگە لە پێوەندیی نێوان شوێنی پاژەکان. هەروەها دەتوانین بەڵگە بێنینەوە بۆ ئەوەیکە پێویستمان بە وتەزای کارتێکراو نییە، چونکە کارتێکراو هەمان کردەیە بەڵام وەك دەڵێین لە ڕوانگەیەکی دیکەوە سەیر کراوە. ئەم پرسانە تەنیا پێوەندییان بە شتە هەندەکییەکانەوە هەیە. بەڵام لەسەر کاتەکان پرسیارێکی دژوارتر لە ئارادایە بریتییە لەوەی کە ئاخۆ شوێنەکان دەتوانن بوونێکی سەربەخۆیان هەبێت؟ ئەگەر وەڵامەکە ئەرێ بێ، ئایا ئەوانەش وەکو ناوەڕۆکەکان بنەماین؟ زانایانی فیزیکیش وەکو فەیلەسووفەکان ئەم پرسەیان خستۆتە بەر باس و ڕامان و بیروڕای جیاوازیان لەم بارەوە بە دەستەوە داوە. کە وەڵامدانەوەی دەخەینە ئەستۆی خوێنەر تاکوو لێیان ورد بێتەوە. لێرەدا پرسیارێکی سەیری دیکە دەردەکەوێ بریتییە لەوەی: بوونەوەرە " تاك شاخەکان "[٢٠] سەربە کام یەك لەو وتەزایانەن؟ ئایا تاك شاخەکان ناوەڕۆکن؟ ئەگەر نین، ئەی چین؟ ئەنجام ئەوەی کە وتەزاکان ناتوانن وەڵامی بڕێك جیاکاریی گرینگ و ورد کە بەشی دادێ ڕاڤە دەکرێن بەشێوەی سەرڕاست بە دەستەوە بدەن. ئەبێ ئەوەشمان لە بیر بێت کە نەبوونی بڕێك جیاکاریی گرینگ لە ئامۆژەی وتەزاکاندا بەو مانا نییە کە ئەرەستوو باسی ئەم جیاوازی و وێکنەچوویییانەی نەکردووە.

### توخمە پێکهێنەرەکانی گەردوون: بار و بوون:

تیۆری وتەزاکان "دە" جۆر "شتی" جیاواز ریز دەکات، هەر بۆیە دەتوانین وەکو جیاوازیدانەری دە مانای جۆراوجۆری وشەی هەیە (ە) شرۆڤەی بکەین، بەڵام ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەرچەند پێڕستی وتەزاکان جۆری شتە هەبووەکانمان بۆ دەژمێرێ،

بەڵام ڕێگەی دەربڕینی بوونەکەیمان بۆ ئاشکرا ناکات. با چاو لەم نموونانەی خوارەوە بکەین:

**١- ئێمە لە ڕێگەی بەکارهێنانی وتەزاکانی ئەرەستوو (لانیکەم) دەتوانین دە " شت " لە سەر " ئاکۆ" بڵێین:**

ئاکۆ مرۆڤە (ناوەڕۆك)

ئاکۆ لاوازە (چۆنییێتی)

ئاکۆ ٧٥ کیلۆ کێشییەتی (چەندێتی)

ئاکۆ نیشتەجێی شەقامی ئاگرینە (شوێن)

ئاکۆ نامە دەنوسێ (کاریگەر) .

هەموو ئەم ڕستانە گریمان دەکەن کە بە ڕاستی کەسێك بە نێوی " ئاکۆ" لەم جیهانەدا هەیە و لە ڕاستیدا ئەم ئاکۆ هەر کەسێك بێ، لە ڕاستیدا بوونی هەیە(ە)ی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێن تاکو شتی جۆراجۆر بدەنەپاڵ ئەو کەسەی کە بوونی بەڵگەنەویستە.

**٢- هەنووکە ئەم پرسیار و وەڵامانە لە بەرچاو بگرن:**

ئایا لە ڕاستیدا کەسێك بە نێوی ئاکۆ بوونی هەیە (یان هەیە (ە)؟ بەڵێ هەیە.

لەم پرسیارەدا بوونی ئاکۆ بەڵگەنەویست نییە؛ بەڵکو پرسیار دەکرێت کە ئایا بوونی هەیە؟

لە وەڵامدا بوونی ئەو ﴿کەسە﴾ بەڵگەنەویست نەگیراوە، بەڵکو بانگەشە کراوە کە بەڵێ ئەو بوونی هەیە.

لەم نموونەدا جیاوازییەك دەکەوێتەروو کە لە ڕیزی وتەزاکاندا جێگیر نابێ. واتە جیاوازیی نێوان هەیە (ە) بار یا ﴿ بەڵگە﴾ [21] و «هەیە (ە) » ی بوون [22]. ڕیزی وتەزاکان هەمان ڕیزی جۆرە جیاوازەکانی " بار " یشە؛ واتە هەیە (ە) دەلالەت دەکاتە سەر بوون لە دەرەوەی ئەم ڕیزبەندییە. ئەم جیاکارییە لە مێژووی فەلسەفەدا



زۆر گرینگە. هۆی ئەم گرینگایەتییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە وێنا دەکرێ ئەو بوڕهانە بە ناوبانگەی کە بە بوڕهانی " بوونی خواوەند " ناوەزەد کراوە بە هۆی تێکەڵاوکردنی ئەو دوو هەیە(ە) وە بووە کە جیاوازن لە یەکدی. بوڕهانی بوون لە بەشەکانی داهاتوودا دەکەوێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئێمە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر باسی " نەبوون ".

## توخمە پێکهێنەرەکانی گەردوون: نەبوونی پاشای فەڕەنسا:

فامی گشتیی پێمان دەڵێ کە تاك شاخەکان، ئەجندەکان و پاپانۆئێل [23] و پاشای هەنووکەی فەڕەنسا بوونیان نییە. یەکەم ئەوەی کە دام و دەزگای ئێستای فەڕەنسا کۆمارییە. کەواتە بە پێی ئەم پێناسە هەنووکە پاشای فەڕەنسا بوونی نییە. بەڵام لە مەڕ هەبوونی یەك شاخەکان و خێوەکان، ئەگەر سووریش بین لەسەر دۆزینەوەیان لە تواناماندا نییە بیانبینینەوە. تەنانەت ئێسك و پروسکی تاك شاخەکان و فۆسیلی ئەجەندە و پەرییەکانیشمان بۆ نادۆزرێتەوە. هەر لە کۆنەوە فەیلەسووفەکان باوەڕیان وابووە کە ئەگەر ئێوە بتوانن بیر لە شتێك بکەنەوە دەبێ ئەو شتە بە مانایەك بوونی بێت. بەم چەشنە بەڵگاندنیان کردووە کە ئەگەر بێت و شتێك بوونی نەبێ بیرکردنەوەیشی مەحاڵە. ئێمە ناتوانین بیرلە هیچ یان نەبوون بکەینەوە، بەڵکو ئەبێ بیر لە شتێك بکەینەوە کە بە جۆرێك بوونی هەبێت. کەواتە پاشای هەنووکەی فەڕەنسا، ئەجندەکان و تاك شاخەکان تێکرا ئەبێ بە واتایەك بوونیان هەبێ. ئەگەر نا، بۆ ئەوە نابێ هەر بیریشی لێبکەینەوە. بێگومان باس و وێناکردنی ئەوەی کە " نەبوو " هەیە خۆی لە خۆیدا شتێکی پارادۆکسیکاڵ [24] (دژوازە) . یەك لە ڕێگە باوەکانی دوورەپەرێزی لە ناکۆکی ئەوەیە کە بڵێین شتە نەبووەکان تەنیا بوونی زەینییان هەیە. ئەم ڕێگەچارە پێشینارکراوە تا رادەیەك

لێڵ و پێڵە. بوونی زەینی [٢٥] چ جۆرە بوونێکە؟ بێرتراند راسێل لە کاتێکدا توێژینەوەی لەمەڕ " شتە نەبووە کان " کردووە کە بە خوێنەرەکان دەڵێ: ئەبێ لەمەڕ بەکارهێنانی " واتای سەرپاکی راستییەکان " بۆچوونێکی راستەقینەمان هەبێت. رووکردی نوێی ئەم پرسە کە نموونەی دیاری لە ناو بەرهەمەکانی راسێل خویدا بەدیدەکرێ وەکو پرسێك ﴿ ناوکۆی فامی گونجاوی ﴾ گریمان کردووە، کە دەکرێ لە رێگەی لۆژیك و زمانەوە رێگەچارەی بۆ بدۆزرێتەوە. گەشتەکەمان لەسەر پاشای ئێستای فەرەنسایە. راسێل دەڵێ هەر رستەیەك یان راستە یا هەڵەیە. رستەی واتادار گەش دیارە کە ناتوانێ هەم راست بێ و هەم هەڵە. راسێل ئەم رستەی کە "پاشای هەنووکەیی فەرەنسا تاسە " لە بەرچاو گرتبوو و پرسیاری کردووە: ئایا ئەم رستە راستە یاخود هەڵەیە؟ ئەگەر راستە کەواتە لە راستیدا پاشا تاس و کەم مووە. ئەگەر هەڵەش بێت کەواتە پاشا پڕمووە و تاس نییە، بەڵام چۆن دەتوانین لەم بارەوە بڕیار بدەین؟ پشکنینی پێستی سەری پاشای هەنووکەی فەرەنسا نامومکینە. رێگەچارەی راسێل بۆ ئەم کێشە، بەشێکە لە " تیۆریی وەسفەکان " [٢٦] ئەم تیۆرییە بریتییە لە شیکردنەوەی رستەکان یان پرۆپۆزەیشنەکان کە ئەو پێی دەڵێ پاژی پێکهێنەری نەهێنی. بەبڕوای راسێل رستەی " پاشای هەنووکەی فەرەنسا تاسە " بە رواڵەت سادە و ساکارە بەڵام لە راستیدا پێکهاتەیە. ئەم رستە چوار، هەیە (ە) لە خۆ دەگرێت، نەك تەنیا یەك هەیە (ە) و گرینگتر ئەوەی کە سیان لەم چوار هەیە (ە) دالێکە لەسەر بوون. رستەی "پاشای هەنووکەی فەرەنسا تاسە " سێ رستە یان پرۆپۆزەیشنە کە لەیەك رستەدا کۆ دەبنەوە:

١- لانیکەم کەسێك هەیە کە پاشای فەرەنسایە.
٢- تەنیا کەسێك هەیە کە پاشای فەرەنسایە. □
٣- کەسێك بوونی نییە کە هەم پاشای فەرەنسا بێ و هەم تاس نەبێ. □



کاتێ کە رستەی سەرەکیمان بەم شێوە شیکردەوە درۆ و هەڵە بوونی دەردەکەوێ. چونکە بەشی پێکهێنەری یەکەم(واتە رستەی یەکەم) هەڵەیە. بەشی پێکهێنەری (١) هەڵەیە چونکە پاشایەك لە ئارادا نییە و رستەکە بە تەواویی هەڵەیە؛ نە لەو رووە کە پاشا تاس نییە بەڵکو لە بەر ئەوەی ئەو لە بنج و بنانەوە بوونی نییە. بە نیسبەت ئەم رستەوە کە دەڵێ " پاشای هەنووکەی فەرەنسا تاس نییە " چی بڵێین؟ ئایا ئەم رستە راستە؟ نا، ئەویش هەڵەیە. لە بەر ئەوەی شیکردنەوەکەی بەم شێوەیە:

١- لانیکەم کەسێك هەیە کە پاشای فەرەنسایە.
٢- تەنیا کەسێك هەیە کە پاشای فەرەنسایە. □
٣- کەسێك نییە هەم پاشای فەرەنسا بێ و هەم تاسیش بێت. □

دیسان بەشی پێکهێنەری رستەی یەکەم هەڵەیە. چونکە رستە سەرەکییەکە پڕاوپڕ هەڵەیە. ئەنجام، رستەی " پاشای فەرەنسا تاسە " و رستەی " پاشای فەرەنسا تاس نییە " هەر دوو هەڵەن.

شرۆڤەی راسێل لەمەڕ باشترین شێواز بۆ تێگەیشتنی رستەکانی پەیوەست بەو شتانەی کە بوونیان نییە پەسندی هەموو لایەنێك نەبوو. بۆ نموونە پیتر ئێستراوسۆن [٢٧] بەڵگەی هێناوەتەوە کەرستەکانی پەیوەست بە شتە نەبووەکان وەکو پاشای ئێستای فەرەنسا هەڵە نین و راستیش نین. هێشتا فەیلەسووفەکان لە سەر ئەم بۆچوونە کە ئایا وەڵامی راسێل بەم پرسە شیاوترە یان وەڵامی ئێستراوسۆن، ناکۆکن.

باسەکەمان سەبارەت بە بوون بە تەواویی گەشتە کۆتایی. بەشی دادێ هەندێ پرسی تایبەت بە بوڕهانە سونەتییەکانی خواوەند لێکدەدەینەوە.

## پەراوێزەکان

۱- furniture of the world

۲- common sense

۳- sub-atomic

٤- temporal arrangement

٥- spatial

٦- disposition

۷- eclips

۸- Category

۹- quality

۱۰- quantity

۱۱- relation

۱۲- place

۱۳- time

۱٤- position

۱٥- state

۱٦- action

۱۷- affection



۱۸- reproduction

۱۹- Fiji

۲۰- unicorn

۲۱- is of predication

۲۲- is of existence

.۲۳- Father Xmas

۲٤- paradoxical

۲٥- existence-in-the-mind

۲٦- Theory of Descriptions

۲۷- peter Strawson

## بەشی دووەم:

# بوونی خواوەند

ئایینەکانی یەهوود(١) و مەسیح(٢)، خواوەند وەکو بوونەوەرێکی نەخوڵقاو(٣) و بێکۆتا(٤) و هەرمان (٥) وێنا دەکەن کە جیهان و سەرجەم شتەکانی ئەم جیهانەی بەدیهێناوە. ئەم بوونەوەرە نە تەنیا لە پلە و پایەی خولقێنەری مرۆڤدایە، بەڵکو بە واتایەکیش باری کەسایەتیشی هەیە و لە راستیدا لە پێگەی باوکێك دایە کە رۆڵە مرۆییەکانی خۆی لەم دونیا یاخود دونیایەکی دیکە یان هەر دوو دونیا سزا یان پاداش دەدات. ئیسلام (٦) واتە سێهەم دینی تاکگەرای گەورە (٧) کە لە زۆربەی بۆچوونەکانیدا لەمەڕ وێنای خودا لەگەڵ دینەکانی تر هاوبەشە، هەر چەند راستەوخۆ خودا وەك باوکێك پێناسە ناکات بەڵکو وەکو بوونەوەرێکی نەناسراو دایدەنێ سەرەڕای ئەمە، " الله " واتە خودای ئیسلام لە قورئاندا بە وشەی " ەو " ئاماژەی بە خۆی کردووە و رێك چەشنی خودای جووەکان (٨) و مەسیحییەکان (٩) مرۆڤەکان پاداش و سزا دەدا. هەڵبەت وێنای خواکان زۆر لە دینەکان کۆنترە. لە رووی مێژووییەوە وێنای خوا لە سەرجەم کۆمەڵگا ناسراوەکان وێنایەکی بنەڕەتی بووە. سەردەمی خۆمان لەم بارەوە بێ وێنەیە. سەبارەت بە فەیلەسووفەکان دەتوانین بڵێین بە درێژایی سەدەکان چەمکی بوڕهان گیرساوەتەوە. ئایا دەتوانین بوونی خودا بسەلمێنین؟ یان تەنیا ئەتوانین وەکو بابەتێکی سەر بە ئیمان پەسنی بکەین؟ گرینگترین بوڕهانەکانی سەبارەت بە سەلماندنی بوونی خودا بریتین لە: بوڕهانی ئاشکرا کردن (١٠) بوڕهانی پەرجووەکان (١١) بوڕهانی هۆی یەکەم (١٢) بوڕهانی بوون (١٣) و بوڕهانی نەزم (١٤).



### بوڕهانی ئاشکراکردن:

هەموو ئایینەکانی سەر بە تاکگەرایی (تەوحیدی) بانگەشەیان ئەوەیە کە جاروبار خواوەند خۆی بە ژنان و پیاوانێکی تایبەت وە دەنوێنێ. هەر سێ ئایین، پێرەوکەرانیان دەگەیەننە ئەو قەناعەتە کە خودا خۆی لە کێوی توور (١٥) لە مووسا (١٦) ئاشکرا کردووە و دە فەرمان، واتە لۆحی یاساکانی — بۆ رێنوێنیی خەڵك داوەتە دەستی مووسا. جگە لەمەش بە رای مەسیحییەکان بەڵێنی نوێ (١٧) دیاری کردنی ئەو رێگەیە کە خواوەند شەریعەتی خۆی بە وەحی بە ناوکۆی عیسای مەسیح (١٨) بۆ خەڵك ناردووە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە رێنوێنییەکانی ئیسلام بریتییە لەوەی کەخودا لەگەڵ موحەممەد قسەی کردووە و یاسا و رێسای جۆراوجۆری خۆی پێشکەش کردووە تاکو مزگێنیی رزگاری بە خەڵك بدا. جاروبار دیندارە ئاساییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە خودا خۆی لە رێگەی خەون و بانگەوازی دەروونییەوە و زۆر جاریش لە رێگەی ئەزموونی نائاسایی و پەرجووئاساوە ئاشکرا کردووە، بەڵام کافرەکان دەڵێن ئەو ئەزموونە تاکەکەسیانەی هێمای بوونی خواوەندن تەفسیر و لێکۆڵینەوەی کە سەرهێنەری دیکەشی تێدایە. سەرجەم ئەو شتانەی زانستمان لە بارەیانەوە هەڵەیە لە خەوندا دەیانبینین؛ بۆ نموونە تاك شاخەکان و ئەجندەکان، بەڵام ئەمە ئەوەمان بۆ ناسەلمێنی کەوەها بوونەوەرانێك بوونیان هەیە. بەڵگەیخەونەکان شیاوی ئەوە نییە پشتی پێببەستین، ئەو ئەزموونە تاکەکەسیانەی ناتوانن بەڵگەی هەبوونی ئەجندە و پەریلان بن، ناتوانن وەکو هۆکاری جێی پەسن و رەزامەندی بن لەمەڕ بوونی خوا. تەنانەت ئەگەر بۆ ئەو کەسانەش کە لەم چەشنە ئەزموونانەیان هەیە، ئێجگار قەناعەت هێنەر بێتە ئەژمار.

## بوڕهانی پەرجووەکان:

پەرجوو چییە؟ باوترین وێنا لەمەڕ پەرجووەکان رووداوێکی نائاسایییە لە ژیانی مرۆڤەکاندا روودەدا و بۆ مرۆڤی چاك و خراپ بە کەڵکن. ئەم رووداوە بە دەستێوەردانی راستەوخۆی خودا روودەدا، یان بە ئیزنی خودا و لە لایەن پێغەمبەرەکان ومرۆڤە پیرۆزەکانەوە دێتە ئەنجام. جاروبار پەرجووەکان بە پێچەوانەی یاساکانی سروشت روودەدەن. بۆ نموونە مرۆڤەکان کە دەمرن چیدی زیندوو نابنەوە؛ بەڵام ئەگەر ویستی خودای لەسەر بێ، بێ سێ و دوو ئەتوانێ رۆحیان بە بەردا بکاتەوە و ژیانی تازەیان پێ ببەخشێ. بەڵام وەها توێژینەوەیەك لە سەر پەرجووەکان، بوونی خودا وەکو پێش گریمانەیەك لە بەرچاو دەگرێت. کەوابوو ناتوانین وەکو سەرەتای بوڕهان بۆ سەلماندنی بوونی خۆی بەکاری بێنین. پێویستمان بە پێناسەیەکی بێلایەن هەیە سەبارەت بە پەرجووەکان، واتە پێناسەیەك هیچ پێش گریمانەیەکی سەبارەت بە بوونی خودا نەبێ. پێناسەی خوارەوە لەو جۆر پێناسانەیە:

**پەرجووەکان رووداوێکی نائاسایین کە زانست ناتوانێ لێکیان بداتەوە، بەڵام بۆ مرۆڤەکان بە کەڵکن و لەو دەستێوەردانە بە کەڵکانە دەچێ کە مرۆڤە خێرخوازەکان ئەنجامی دەدەن.**

بەمحاڵەوەش بۆ فەیلەسووفە ماتێریاڵەکان کە زەینێکی زانستییان هەیە تەنانەت نائاساییترین رووداوەکان تا ئەو رادە نائاسایی نین کە هیچ هۆیەکی ماددییان پێوە دیار نەبێ. بۆ ئەو فەیلەسووفانەی زەینێکی زانستییان هەیە جیهانی ماددیی ناسراو تا رادەیەك جەم و جۆر و سازگار دیارە. بۆ نموونە ئاگر بەردەوام دەسووتێنێ. سەهۆڵ هەمیشە ساردە. هەموو دەرکەوتە سروشتییەکان ملکەچی یاسای راکێشانن. وەرزی هاوین هەمیشە پاش بەهار دێت. هەموو بوونەوەرەکان دەمرن؛ روون و ئاشکرایە کە گەردوون ملکەچی یاسای هۆ و



هۆکردە و ئەگەر ئەورۆکە ناتوانین لە سەر تەواوی بابەتە نائاساییەکان بکۆڵینەوە، بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین زاناکان لە داهاتوودا بە سەر کێشەکاندا زاڵ دەبن. دەیڤید هیوم (١٧١١-١٧٧٦) کە بەرپرسی زۆربەی زۆری بەڵگە دژەئاییینییەکانە، لەوانە؛ بەرپرسی زۆربەی ئەو بەڵگانەیە کە لە کۆڕ و کۆ بوونەوە و ئەڵقە دژە ئاییینییەکانی رۆژئاوادا باون. دەڵێ: ئەبێ بەردەوام پێش گریمانەیەك دژ بە روودانی پەرجووەکان لە ئارادا بێ. هیوم ئەڵێ: بەڵگەی زۆر بۆ دانپێنان لە سەر یاسا سروشتییەکان — بۆ نموونە یاسای راکێشان — هەیە و هەروەها بەڵگە بۆ پەرجووەکان کە بتوانن بەرپەرچی ئەم یاسایانە بن، ئێجگار کەمە. بەڕای هیوم باش دەزانین کە خەڵك جاروبار درۆ دەکەن: کەواتە ئەوەی کە کەسێ درۆی کردبێت یان تووشی هەڵەیەك بووبێت. گەلێك زیاتر شیمانە کراوە لەوەی کە یاساکانی سروشت ئاوەژوو بووبێتنەوە.

یەکەم ئەوەیکە ئایا هیچ کات ئەو رووداوە نائاساییانەی کە بە رواڵەت لێکدانەوەیان لە سەر ناکرێت لە ژیانی مرۆڤدا روویانداوە؟ بە پێچەوانەی بیروڕاکانی هیوم، وەڵامی ئەم پرسیارە بە دڵنیاییەوە ئەرێنییە.

پرسیاری دووهەم: ئایا ئێمە دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە لە ئەنجامدا زانست دەتوانێ هەموو ئەم رووداوە نائاساییانە بە وتەزا زانستییە باوەکان روون بکاتەوە یان چارەسەریان بکات؟ وەڵامەکەی نەرێنییە. ئێمە دڵنیا نین. هیچ مرۆڤێك تەنانەت زاناکانیش و هیچ زانایەك لە داهاتوودا نابێتە زانایەکی رەها[19] و کۆمەڵێك لە پرسیارەکان بە بێچارەسەر دەمێنێتەوە.

پرسیاری سێهەم: ئایا بوونی پرسیارە بێوەڵامەکان، واتە ئەو پرسیارانەی کە هیچ مرۆڤێك نەتوانێ وەڵامیان بۆ بدۆزێتەوە، ئەوە ئەسەلمێنێ کە خودایەك بوونی هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ نەرێنی بێت. بوونی ئەو پرسیارانەی وەڵامدانەوەیان بۆ مرۆڤەکان ئیمکانی نییە ئەم خاڵەمان بۆ دەسەلمێنێ کە مرۆڤ

هێندە ژیر نییە کە خۆی هەستی پێدەکات. واتە وەکچۆن پێشتر دەمانزانی — ئێمە زانای تەواو و کامڵ نین. ئەمەش نایسەلمێنێ کە کەسێکی دی، واتە خواوەندێکی توانای رەها بوونی هەیە. پرسیاری چوارەم: ئایا ئەم راستییە کە هەندێ لەو رووداوانەی بە روالەت، شیاوی لێکدانەوە نین بۆ کەسانێکی تایبەت لە ساتە گرینگەکانی ژیانیاندا یارمەتییان دەدا، ئەوەمان بۆ ناسەلمێنێ خودایەکی خێرخواز کە ئاگاداری رووداوەکانە بوونی هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش نەرێنییە. واتە نایسەلمێنێ. بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە، ئەگەر راستییەکە ئەمە بێ کە دەرکەوتە و هێمای زۆرێك لەو رووداوانەی لێکدانەوەیان لەسەر ناکرێت، سوودمەندییانە، ئەگەر استییەکە ئەمە بێ هەندێ لەو رووداوە سەرسوورهێنەرانەی کە جاروبار روو دەدەن لە راستیدا یارمەتیدەری کۆمەڵێك مرۆڤی چاك یان داماون لە ساتە هەستیارەکانی ژیانیاندا. لەم رووەوە رەنگە ئەمە گرینگترین تایبەتمەندیی بورهانی پەرجووەکانە. دەرکەوتەی بە نرخی زۆربەی پەرجووەکان ئەوەیە کە بێگومان کۆمەڵێك هۆکاری دەروونناسانەی بەهێز بۆ باوەڕپێکردنیان دێنێتە ئارا و نەك بۆ ئەو بابەتە نەزۆر سەرسوورهێنەرەی کە هەندێ شت بە راستی لێکدانەوەیان مەحاڵە و هەروەها هۆکارێکە بەهێزتر لەو بانگەشانەی پێوەندییان بە زانستێکی تایبەتەوە هەیە کە دامەزراوە مرۆییەکان گەڵاڵەیان کردووە.

### بورهانی " هۆی یەکەم":

گرینگترین خوێندنەوەی بورهانی هۆی یەکەم لە خواناسی سەدەکانی ناوەڕاست[٢٠]ەوە گەیشتۆتە دەستمان. بورهانەکە بەم شێوە دەستپێدەکات: هەر شتێك هۆیەکی هەیە و خودی ئەم هۆ، هۆیەکی دیکەی هەیە و ئەم رەوت و زنجیرە بێپسانەوە بەرەو دوا لە کۆیەکدا بەردەوامە کە یان ئەبێ بەکۆتا بێ یان



بێکۆتا. ئەگەر ئەم کۆ بە کۆتا بێ ئەبێ خاڵی دەسپێکی هەبێ کە ناوی بنێین هۆی یەکەم. هۆی یەکەم هەمان خودایە. ئەگەر ئەم کۆ بێکۆتا بێ چی؟ پاش کۆمەڵێك تێبینی ئەکویناس لە دواییدا ئەو ئیمکانەی رەتکردەوە کە جیهان ئەزەلی بووبێت و سەرەتای زەمەنی نەبووبێت. بێگومان وێنای کاتێ کە بۆ هەمیشە بەرەو رابروو دەگەڕێتەوە، وێنایەکە دەرکی بۆ زەینی ئێمە دژوارە. بەڵام وێنای پرۆسەیەکی تێپەڕی کاتی بەرەو داهاتوو تا رادەیەك بۆ ئەو بوونەوەرانەی کە دەمرن ئاساییە، بەڵام لێرەدا ئەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێ کە ئەرەستوو لە وێنای پێشوودا بەرەورووی هیچ چەشنە گیروگرفتێك نەبۆوە، باوەڕی وابوو گەردوون هەر لە ئەزەلەوە [٢١] بووە. ئەگەر باوەڕی ئەرەستوو راست بێ، بورهانی هۆی یەکەم پووچەڵ و بێبایەخ دەبێتەوە. کێشەیەکی دی، لەم راستییەدا شاراوەیە کە بورهانی ناوبراو لەسەر وێنای مرۆیی ئێمە لەمەڕ هۆیەکی وەستاوە. ئایا دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە بەڵگەکانی ئێمە سەبارەت بە هۆ و هۆکار هەڵە هەڵناگرن؟ تەنانەت ئایا ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە پێوەندیی نێوان هۆ و هۆکرد[٢٢] چ نەبووە جگەلە کۆمەڵێك وێنای زەینی مرۆڤ؟

لێرەدا پرسێکی دی سەرهەڵدەدات کە پێوەندیی لە گەڵ شوناسی هۆ، خۆیدا هەیە؛ گریمان هۆیەکی سەرەتایی و یەکەم لە ئارادایە، ئایا دەتوانین بزانین هەر لە ئەزەلەوە بوونی بووە؟ یان ئەوەی کە سەرەتایەکی زەمەنی هەیە؟ ئەگەر ئەکویناس لەو باوەڕەدا کە وێنای بوونی دونیایەك لە ئەزەلەوە نامومکینە، لەسەر حەق بێت، ئەبێ بپرسین ئایا وێنای بوونی ئەزەلی بۆ خولقێنەری جیهان ئاسانترە بۆ چی؟ لێرەدا رووبەرووی بەراوەردێکی دوورهەندەیی [٢٣] دەبینەوە: ئەگەر خواوەند لە ئەزەلەوە [٢٤] بوونی بووبێت لەم حاڵەدا وێنای بوونی ئەزەلی لە خۆیدا تووشی هیچ کێشەیەك نابێتەوە. ئەرەستوو لەوانەیە لەوەیکە جیهان خۆی هەر لە ئەزەلەوە بووە لەسەر حەق بێت. بە پێچەوانەوە، ئەگەر خودا بوونێکی

ئەزەلی نەبێ، ئەبێ ئەویش هۆیەکی ببێ و ئەم هۆ، هۆیەکی تری پێویستە و بێبڕانەوە تا بێکۆتا بەردەوامە. زۆربەی فەیلەسووفەکان خودایان وەکو هۆیەك وەسفکردووە کە خۆی هۆی خۆیەتی [٢٥] تەنانەت لە وێنای ئەزەلییش ئەستەمتر دیارە. چۆنە بوونەوەرێ کە خۆی بوونی نییە، دەتوانێ خۆی بەدیبێنێ؟

**بورهانی بوون:**

ئانسێلم (١٠٣٣-١١٠٩)[٢٦] بورهانی بوونی پۆلێن کردووە. ئەو لە سەردەمی دەسەڵاتداریی وێلیام رافیز [٢٧] و هێنری یەکەمدا [٢٨] ئۆسقۆفی کانتێربێری [٢٩] بوو. پاش چەندین سەدە دێکارت [٣٠] (١٥٩٦-١٦٥٠)خوێندنەوەیکی سادەتری لە م بورهانە بە دەستەوە داوە. ئانسێلم بە گێرانەوەی ئەم رستە لە کتێبی پیرۆز[٣١] دەستپێدەکات: "دەبەنگ لە دەروونی خۆیدا دەڵێ خودا بوونی نییە ". بانگەشەی ئەو ئەمەیە کە گوایە تەنانەت کافرەکانیش ئەبێ وێنایەکیان لە خودا لە لابێ؛ چونکە وا نەبێ، ئەوان ناتوانن لە قسەکەی خۆیان بگەن. واتە ئەم وتە "خودا بوونی نییە ". هەنووکە ئەو وێنا کە تەنانەت لە دەروونی گێلێکیشدا هەیە چییە؟ ئانسێلم دەڵێ: وێنای خودا وێنای "بوونەوەرێکە ناکرێ گەورەتر لەو وێنا بکرێ ". مەبەستی ئەمەیە ناتوانین شتێکی گەورەتر لە خودا وێنا بکەین و تەنانەت بە خەیاڵیشماندا نایەت، ئەوەیکە ناتوانین شتێکی گەورەتر لە خودا وێنا بکەین یان بە خەیاڵیشدا بیهێنین؛ چونکە وێنای خودا بریتییە لە بوونەوەرێکی هەموو شت زان [٣٢] و توانا بە هەموو شت[٣٣]ی ئەزەلی و کامڵی رەها، وێنای بوونەوەرێ کە ئەزەلیترە لە ئەزەلییەکان و لە هەر هەڵەیەك بەرییە، یان کامڵترە لە هەموو کامڵەکان، نامومکینە. کەواتە ئەمە وێنای خودایە و تا ئێستا وێنایەکە و هێشتا نەسەلمێندراوە کە لە جیهانی دەرەوەدا هاوتایەکی بووبێت.



ئانسێلم لە دواییدا دەڵێ ئێمە دوو جۆر بوونی جیاوازمان هەیە، بوونی زەینی و بوونی عەینی یان دەرەکی. ئێمە دەزانین کە خودا لە زەینی هەموو مرۆڤەکاندا وەکو وێنایەك یان چەمکێك بوونی هەیە. بەڵام ئایاخودا بوونی دەرەکیشی هەیە؟ ئانسێلم جەخت دەکات و دەڵێ بوونی زەینی لە هەبوونی دەرەکی، ناتەواوتر و سەقەتترە (ئەبێ دانبەوەدا بنێین کە ئەم خاڵە گرینگییەکی تایبەتیی هەیە). ئەو پاشان بەمشێوە بەڵگە دێنێتەوە: ئەگەر خودا تەنیا لە زەیندا بوونی هەبێت، زۆر بچووکتر و کەمتر لەو خودا دەبوو کە لە جیهانی دەرەوەدا دەبوو. ئەگەر خودا تەنیا بوونێکی زەینی بوایە لەوحاڵەدا ئێمە دەمانتوانی بوونەوەرێکی گەورەتر لە خودا وێنا بکەین، واتە بوونەوەرێکە هەم لە زەیندایە و هەم لە دەرەوەدا، دەبووە خودای راستەقینە؛ چونکە ئەوخوایە لە بەرچاومان گرتووە، واتە تەنیا خوایەکە کە لە زەینی ئێمەدا بوونی هەیە، لە بنەڕەتدا ئەو بوونەوەرە نابێت نەکرێ گەورەتر لەو وێنا بکرێت.

ئانسێلم ئەگاتە ئەو دەرەنجامە کە گەورەترین بوونەوەرێ کە دەتوانین وێنای بکەین ئەبێ هەم لە دەرەوە بوونی ببێ و هەم لە زەیندا. کەوابوو خودا بوونی دەرەکیی هەیە. ئانسێلم وەکیتر چەمکی خوا بە چەمکی پێویستییەوە گرێدەدات، ئەگەر خوا بوونێکی رێکەوتی یا ﴿ئیمکانی﴾[٣٤] ببوایەت، بچووکتر لەو کاتە دەبوو کە بوونەکەی پێویست دەبوو. کەواتە خودا بوونەوەرێکی بەڵگەنەویستە و بەردەوام بوونی هەیە و ئەزەلییە و تاهەتاییە. هەر بۆیە واتای بوونی زەرووری [٣٥] بۆ خودا هەر ئەمەیە.

بەڵام بیر و بۆچوونەکانی دێکارت لەمەڕ بورهانی بوون تا رادەیەك سادەترە:

وێنای ئێمە لە خودا وێنای بوونەوەرێکی کامڵە.

هەر بوونەوەرێکی کامڵ ئەبێ خاوەنی هەموو کەماڵێك بێت.

بوون لە نەبوون باشترە.

بوونی دەرەکی لە بوونی زەینی باشترە. کەواتە بوون، واتە بوونی دەرەکی کامڵ و تەواوە. کەوابوو وێنای ئێمە لە بوونەوەری کامڵ وێنای بوونەوەرێکە بوونی دەرەکی هەیە. کەوابوو بوونی کامڵ (واتە خودا) بوونی دەرەکی هەیە.

زۆرکەس رەخنەیان لە بوڕهانی بوون گرتووە. یەکێك لە هاوچەرخانی ئانسێلم، گۆنیلۆی راهب[٣٦] وەڵامێکی لە ژێر نێوی "بۆ بەرگری لە دەبەنگ" نووسیوە: (واتە ئەو دەبەنگەی لە دڵی خۆیدا وتی "خودا بوونی نییە") گۆنیلۆ بانگەشە دەکات ئەگەر بوڕهانی ئانسێلم لە بوارەکانی دی بەکاربێنین، دەرەنجامی پێکەنینیی لێدەکەوێتەوە. ئێوە بەو بانگەوازەوە کە دوورگەی تەواو" دوورگەیە کە باشتر لەومان بۆ وێنا ناکرێت" ئەتوانن ئەم بوڕهانە بۆ سەلماندنی بوونی دوورگەی تەواو وکامڵ بەکار بێنین.

ئانسێلم لە وەڵامی ئەم رەخنەدا دەڵێ: بوونی خودا نەتەنیا گومان هەڵناگرێت، بەڵکو پێویست و زەرووره. تەنانەت دوورگەی کامڵ ئەگەر لە جیهانی دەرەوەدا هەبێت، لە ئەزەلەوە پێویستیی بوونی هەست ناکرێت؛ بەڵکو تەنیا بوونی ئیمکانیی لە کاتدا دەبێ، ﴿ واتە بوونی رێکەوتیی دەبێت. ﴾

## ئایا بوون خەسڵەتە؟

بەم دواییانە فەیلەسووفەکان بە پێی ئەم بنەما رەخنەیان لە بوڕهانی بوون گرتووە کە بوون جۆرێك لە کەماڵ نییە. کەماڵ جۆرێك خەسڵەت یان تایبەتمەندییە[٣٧] (بۆ نموونە: تەواو، چاکی)، بەڵام بوون لە بنەڕەتدا خەسڵەت یان تایبەتمەندیی نییە. دەتوانین نارەزایەتی سەرەوە لەم رستەدا چڕ بکەینەوە کە "بوون خەسڵەت نییە ". راستیی ئەم رستە دەکرێ لە رێگەی توێژینەوەی زمان واتە، بەراوەردکردنی وشەی "بوونی هەیە" لەگەڵ وشەکانی دی بسەلمێنین. وشەی "بوونی هەیە" نە وەکو وشەی کردەیی کار دەکات و نە لە وشەی



چۆنێتیش دەچێت و نە چەشنی ئەو وشانەی کاتەکان و شوێنەکان و رێژەکان دیاریدەکەن، کردە دەنوێنێ. وشەی کردەیی یان پەیوەست بەکار بوو نموونە، وشەی "دەنەڕێنێ" لە بەرچاو بگرن؛

١- A) هیچ بەبرێك نانەڕێنێ. ئەم رستە بێگومان درۆیە. بەڵام بێمانا نییە.

٢- A) هەموو بەبرەکان دەنەڕێنن. ئەمەش بێمانا نییە.

٣- A) زۆربەی بەبرەکان ئەنەڕێنن، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان نانەڕێنن. ئەم رستە بێمانا نییە و رەنگە راست بێت.

لێرەدا وشەی "بوونی هەیە" بەراوەرد دەکەین:

١- B) چ بەبرێك بوونی نییە.

٢- B) هەموو بەبرەکان بوونیان هەیە.

٣- B) زۆربەی بەبرەکان بوونیان هەیە، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان بوونیان نییە.

"هیچ بەبرێك بوونی نییە " ماناداره. (هەرچەند هەڵەیە،) . ئەم رستە کەم تا کورتێك لەم رستە دەچێ کە دەڵێ: "هەنووکە هیچ ماموتێك بوونی نییە ". کە ئەمەش راستە و واتادارە، بەڵام پرۆپۆزەیشنی "سەرجەم بەبرەکان بوونیان هەیە" بەتاڵە ﴿لە مانا﴾ واتە چ جۆرە زانیارییەکمان پێنادات؛

پرۆپۆزەیشنی زۆربەی بەبرەکان بوونیان هەیە، بەڵام ژمارەیەکی کەمی بوونیان نییە، لە بنەڕەتدا بێمانایە.

بە بەراوردکردنێکی هاوشێوە دەتوانین دەسنیشانی بکەین کە « بوونی هەیە» جیاوازە لەو وشانەی دەلالەت لە چۆنیەتی وەکو چاکە، تەواو، ژیر، بێکۆتا و ئەزەلی دەکەن. بۆ نموونە ئەم پرۆپۆزەیشنانە جێگەی سەرنجن:

١-C) هیچ مامۆستایەك بە تەواویی عاقڵ نییە.

C-۲ ) هەموو مامۆستاکان بە تەواویی عاقڵن.
C-۳ ) زۆربەی مامۆستاکان بە تەواویی عاقڵن، بەڵام برێکیان عاقڵ نین.
سەرجەم ئەم رستە یان پڕۆپۆزەیشنانە بە تێکرا چ راست چ هەڵە مانادارن.
بەڵام جارێکی کە " بوونی هەیە " بەراورد بکەن.
D-۱) هیچ مامۆستایەك بوونی نییە.
D-۲) هەموو مامۆستاکان بوونیان هەیە.
D-۳ ) زۆربەی مامۆستاکان بوونیان هەیە، بەڵام برێکیان بوونیان نییە.
دیسانەوە رستەی یەکەم " هیچ مامۆستایەك بوونی نییە " هەڵەیە، بەڵام واتادارە. رستەی دووهەم " هەموو مامۆستاکان بوونیان هەیە " بە تاڵە ﴿لە مانا﴾. رستەی سێهەم " زۆربەی مامۆستاکان بوونیان هەیە، بەڵام برێکیان بوونیان نییە " بێگومان بێواتایە. وشەی " بوونی هەیە " وەکو دەستەواژەی وەسفیی " تەواو عاقڵ " کردە نانوێنێ. دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەکە بوون، کار یان کردە نییە، نە لە نەڕاندن دەچێت، نە جۆرێکە لە کەماڵ و نە وەکو حیکمەت تەواوە.

## بوڕهانی نەزم:

رەنگە ئەم بوڕهانە روونترین بوڕهانی فەلسەفەیی بێت  کە جەخت دە کاتە سەر بوونی خودا. پوختە و گوشراوەی ئەم بوڕهانە بەم شێوەیە کە جیهان و هەر شتێکی تێدایە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر خاوەن نەزم و دەستوورە چما بەرهەم و کاری ئەندازیارێکی کارامە و بەتوانایە. سەرنجی هەر شتێك دەدەین هەموویان تێکڕا ئەم خاڵە دەسەلمێنن. لە گەڕانی ئەستێرەکانەوە بۆ بونیادی سەرسووڕهێنەری مێشك. هیچ شتێك لە ناکاو و لە خودا روونادا و هەمووی لە پلان و نەخشەیەك پەیڕەوی دەکەن. ئاوەها دونیایەك لە رووی شانس و ئیقباڵ و



بە بێئامانج بەدینەهاتووە. جیهانی ئێمە لە زۆر بواردا لە بەرهەمێکی سەرسووڕهێنەر دەچێ. ولیام پالی [۳۸] (۱۸۰۵-۱۷٤۳) لەگەڵ کاتژمێردا بەراوردی کردووە: ئەگەر ئێمە کاتژمێرێکمان لە زەوییەکی بایەری لمدا دیتبایەتەوە هیچ کات ئەم بیرە بەزەینماندا نەدەهات بوون و بونیادەکەی دەرەنجامی شانس و بەخت بێت، بەڵکو دەستبەجێ ئەگەیشتینە ئەم ئەنجامە کە بوونەوەرێکی ژیر لە رووی ئامانج و مەبەستەوە سازی کردووە. لەم رووەوە خوا وەکو کاتژمێرسازێك بەراورد کراوە. دەیڤید هیوم یەکێك لە رەخنەگرانی بوڕهانی نەزمە. هیوم وەتەنی تەنانەت ئەگەر ئێمە بتوانین بیسەلمێنین کە جیهان ئەندازیارێکی ژیری هەیە،  ئەمەمان بۆ ناسەلمێندرێ کە پلانداڕێژەکەی کەسێکی حەکیم و میهرەبانە. ئەو پێمان نالێ لە نێوان ئایینە نەیار و رکەبەرەکاندا ئایینی راستەقینە کامەیە. هیوم پێمان دەڵێ سەرەڕای ئەو هەموو بانگەشەی دەیکەن، جیهان لە راستیدا لەوشتە دەستکردانەی مرۆڤ ناچێ. بە بۆچوونی ئەو جیهان ئەوەندەی لە کاتژمێر بچێت لە ئاژەڵێکی زەبەلاح یان گیایەکی زۆر گەورەش دەچێت. ئاژەڵان و گیاکان پێچەوانەی کاتژمێرەکان نە لە رێگەی پلان و نەخشەی ژیرانەوە بەڵکو لە رێگەی زاوزێی سروشتییەوە گەشە و پەرەیان سەندووە. هیوم لە کۆتاییدا جەخت دەکاتەوە کە پێویستە جیهان لەسەر نەزم و رێگەچارەیەك گیرسابێت. جیهانی ئێمە کەم تا زۆر بە سەقام و رێکوپێکە و دەبێ بەشەکانی وەها جیهانێك پێکەوە سازگاربن. بۆ نموونە ئاژەڵە جۆراوجۆرەکانی دونیا دەبێ خۆیان لەگەڵ دۆخی مان و نەفەوتاندا رێکبخەن. کە وانەبێ، ئاژەڵ و بوونەوەرێك بوونی نابێت.

بەڵام لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئارا کە ئایا جیهان بەبێ پلان و تەدبیرکارێك دەیتوانی بوونی ببێت؟ وەڵامی هیوم ئەمەیە کە سەقامگیری بەپێی پێناسە لە بشێوی و بێسەری و بەری چاکترە ﴿واتە نەگۆڕی و سەقامگیری لە گۆڕان

چاکترە﴾. ئەگەر جیهان بە شێوازێکی شپرز و بێسەری و بەری دەرکەوتبا و لە ناکاو و بێ پلان و بە رێکەوت بگەیشتایەتە سەقام لانیکەم دۆخی سەقام و سوبات بۆ ماوەیەك دەمایەوە.

بەم وتە، شرۆڤە و لێکدانەوەمان لەمەڕ بوڕهانە سەرەکییە فەلسەفییەکان چ ئەوانەی لایەنگری بوونی خودان و چ نەیارەکانی گەیشتە کۆتایی. لێرەدا بە کورتی تیشك دەخەینە سەر بۆچوونەکانی کانت [٣٩] (١٧٢٤-١٨٠٤): بە بۆچوونی کانت سەلماندنی بوونی خودا نامومکینە، بەلام ئەو هاوکات ئیمان بە خوای بە پێویست دەزانی. خوا و چەمکی ئازادی (ئێختیار) [٤٠] لای کانت — کە نێوی نابوون چەمکە عەقڵییەکان — پێش گریمانەکانی پێویستی ژیانی مرۆڤن. ئەم زەرووڕەتە، پێویستییەکی دەروونناسی یان کۆمەلایەتی نییە؛ بەڵکو ئێجگار بنچینەییترە لەوان. ژیانی عەقلانی، واتە ژیانی مرۆڤەکان وەکو ئەو بوونەوەرانەی خاوەن عەقڵن، بەبێ ئەم دوو چەمکە نامومکین دەبوو. بە بڕوای کانت تیۆرە زانستی و فەلسەفییەکان بەبێ بوونی خوا مانایەکی نەدەبوو و بەبێ چەمك و وێنای ئێختیار ژیانی کردەوەیی بە کۆمەڵ و رۆژانەی مرۆڤ بەرەو ئاژاوە و بێئارامی دەڕۆشت.



## پەراوێزەکان

١- Judasim

٢- Christianity

٣- uncreated Being

٤- infinite

٥- eternal

٦- Islam

٧- monotheism

٨- Hebrews

٩- Christians

١٠- the argument argument from revelation

١١- the argument from miracles

١٢- the first-causem argument

١٣- the ontological argument

١٤- the argument from design

١٥- Mount Sinani

١٦- Moses

١٧- New Testament

١٨- Jesus Christ

١٩- omniscient

٢٠- medieval theology

٢١- forever

٢٢- cause effect nexus

٢٣- dilemma

٢٤- eternal

٢٥- self-causcd cause

٢٦- Anselm

٢٧- William Rufus

٢٨- Henry I

٢٩- Canterbury

٣٠- René Descartes

٣١- Scripture

٣٢- omniscient

٣٣- all-powerful

٣٤- accidental

٣٥- necessary existence

٣٦- monk Gaunilo

٣٧- property

٣٨- William Paley

٣٩- Immanule Kant

٤٠- free will

# بەشی سێیەم

## بوون و ئەم ئەوێتیی کەسەکان

فەیلەسووفان بۆ ماوەیەکی هەرەدرێژ وایاندەزانی لە زات و سروشتی مرۆڤەکاندا نهێنییەك هەیە؛ سرڕێك کە پێوەندیی بە وشیاری، بیر و ژیانی عەقڵانییەوە هەیە با باسەکە بە ئاوڕدانەوە لە سێ پرسیاری پەیوەست بە بابەتەکە دەسپێدەکەین. یەکەم ئەوەیکە چۆن دەتوانین بڵێین لە چ کاتێکدا یەك (یان دوو) کەس هاوشێوە یاخود جیاوازن؟ بۆ نموونە چۆن بزانین کەسی "A" کە دووشەممە بینیبوومان هەمان تاکی "B"یە کە رۆژی هەینی دیمانە. یان کەسێکی دیکەیە؟ دووهەم: لە کوێوە بزانین کە ئێوە هەمان ئەو کەسەن کە دوێنێ یاخود ساڵێك لەمەوبەر بوون؟ ئەم دوو پرسیارە سەر بە "ئەم ئەوێتیی [١] " (یان هەلومەرجی یەککگرتووی شوناس [٢]) ن. رەنگە نەتوانین وەڵامێکی چڕوپڕ بدەینەوە مادام وەڵامی ئەم پرسیارە سێهەمە نەدەینەوە: بەهەرحاڵ کەسێتی بە راستی چییە؟

### بیروڕای جانلاك لەسەر ئەم ئەوێتی:

مشتومڕی فەلسەفی لەسەر ئەم ئەوێتی هەنووکەش تا رادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەریی بەرهەمەکانی جانلاك (١٦٣٢-١٧٠٤) دایە. لاك باس و لێکۆڵینەوەی خۆی سەبارەت بە ئەم ئەوێتی بە جیاکردنەوەی جۆری شتە جیاوازەکان دەسپێکردووە و پاشان هەلومەرجی ئەم ئەوێتی هەر "جۆرێکی" روون کردۆتەوە. ئەو سەرەتا دەرکەوتە بێگیانەکان لێکدەداتەوە، ئەو نموونەی ئەو رەچاوی دەکات ئەڵماسە. ئەو دەڵێ ئەم ئەوێتی ئەڵماس تەنیا مەرجێکی هەیە و ئەویش ئەوەیە



ئەبێ ئەڵماس ئەتۆم یان "دەنکە وردەکا[٣]"ی هەبێت. بە دەربڕینێکی دی، ئەڵماسێ کە دوێنێ بینیتانە رێك هەمان ئەڵماسە کە ئەمڕۆ دیومانە، تەنیا بە مەرجێك ئەو ئەتۆمانەی هەبێت، ئەگەر ئەتۆمەکان گۆڕابێتن، ئەڵماسێکی جیاواز و نوێمان هەیە.

بەڵام تەنانەت ئەو شتانەی زۆر قایم و پتەون بە تێپەڕبوونی کات، ژمارەیەك لە ئەتۆمەکانی خۆیان لە دەس ئەدەن. هەروەها ئەورۆکە بۆمان دەرکەوتووە ماددەی رادیۆئەکتیچ[٤] بەردەوام «دەنکە وردەکان» دەهاوێژن. هەڵبەت لاك شتێکی ئەوتۆی لەسەر ماددە تیشك پرژێنەکان نەدەزانی، بەڵام بە راستی دەیزانی کە رەنگە ناوەڕۆکە ماددییەکان تووشی ئاڵوگۆڕ و لەکیس‌چوونی وردیلەکانیان ببن. هەر بۆیە دەیگوت لەوانەیە تەنانەت ئەڵماسەکانیش بە درێژایی کات ئەم ئەوێتی تەواو و کەماڵیان نەبێت. بە هەمموو ئەمانەشەوە، پێدەچێت ئەڵماس دەوامی لەوشتانەی کە زووتر بەرەو لەناوچوون دەبن زیاتربێت. لاك کەم تا زۆر لە هەڵوێستی فامی عورفییەوە لەمەڕ جیاوازیی نێوان کانزاکان و بوونەوەرە زیندووەکان قسەی دەکرد. ئەو دەڵێ: هەر چەند ئەم ئەوێتیی پەتی و رەها، پێویستی بە ماددەیەکی نەگۆڕ هەیە، بەڵام ئێمە ناچارین لە کردەوەدا سەبارەت بە ئەم ئەوێتی بوونەوەرانی دی بە شێوەیەکی دیکە بیر بکەینەوە. کەوابوو، مەرجی ئەم ئەوێتی داربەڕوو چییە؟ بە دڵنیاییەوە داربەڕوو ئەتۆمی نەگۆڕی نییە. چونکە دار گەورە ئەبێ و گەشە دەکات، گەڵاکانی هەڵدەوەرن و لق و پۆپەکانی لەبەر با و باهۆزدا دەشکێنەوە ... هتد، بەڵام هەمان دار«بەڕوو» دەمێنێتەوە.

ئەنجامی بۆچوونەکانی لاك ئەوەیە: مەرجی ئەم ئەوێتی پێویست بۆ دارە زیندووەکان بریتییە **لە ژیانی بەردەوام** کە پابەندی سیکلی سروشتی[٥] ئەو جۆرە دارانەیە. ئەتوانین ئەو خاڵەی کە ژیانی دار دەبێ بەردەوام بێت، بە پێی ئەم راستییە بسەلمێنین کە کاتێ دارێك ئەبڕین و بۆ سووتاندن بەکاری دێنین، لە راستیدا هیچ

دارێك ناتوانێ ئەو دارە پێشووە بێت. بە دەربڕینی دی، ئیدی ئەو دارانە زیندوو نابنەوە[٦]. بۆمان هەیە بە ئاماژە بە ئەو لقە دارانەی لوولە کراون خۆ لەم راستییە نەبان بکەین. ئایا ئەو دارەی لە ناو چووە و لە لوولەی ئەو دارەی کە ئێستا وشك بووە سەر هەڵئەدا، هەمان ئەو داری پێشووە یان دارێکی تازەیە؟ لەوانەیە ئەم دارە لەگەڵ ئەو دارە تازەی لە تۆوە سەرهەڵئەدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێ. لقە بڕاوەکان و دارە لوولەکراوەکان لە ژیانی دارەکاندا پتر وەکو تۆوی دار کردە ئەنوێنن، کەواتە دەکرێ بگوترێ داری تازە بەرهەمی دارە کۆنەکەیە.

سەبارەت بە داری زەیتوون کێشەیەکی تایبەت لە ئارادایە. چونکە داری زەیتوون هەرگیز نامرێ. ئەم دارە بەردەوام لەرەگ و ریشە سەرەکییەکەی خۆیەوە سەرهەڵدەداتەوە. کەوابوو پێدەچێت چما کەمتازۆر ژمارەیەکی کەم داری زەیتوون لە جیهاندا بوونی هەیە کە هەموویان هەمیشە زیندوو بوون.

ئەگەر روونکردنەوەی لاك بە شێوازێکی ژیرانە شرۆڤە بکرێت، دەتوانێ چەند خاڵی فریودەریش لە خۆ بگرێ. بۆچوونەکانی سەرەوە لەم رووەوە فریودەرو ساختەن، کە کاتێ دارەکان وەکو ئاژەڵەکان رەفتار ناکەن، سەیرە لە لامان . ئەوان یاسای مەرگ و ژیان و بیری تایبەتیی خۆیان هەیە، لاك دەتوانێ پێناسەی خۆی لە هەلومەرجی ئەم ئەوێتی گژ و گیاکان لەسەر یاساکانی ئەوان دابڕێژێت. هەر جۆرە دارێك سیکلی ژیانی تایبەت بە خۆی هەیە، زاوزێی لە ڕێگەی لوولەکردنی دارەکان و زیندووبوونەوەی داری زەیتوون، بە واقیعە ئاساییەکانی دارەکان دێتە ئەژمار. داری زەیتوون شێوەی گیای باڵدارێکی وەکو تووتییە، ئەمانە هەردوویان تەمەنیان ئێجگار درێژە.

لاك پاشان توێژینەوەیەکی چڕوپڕ لەسەر ئەم ئەوێتی ئاژەڵان بە دەستەوە دەدات. وادیارە مەرجی سەرەکیی ئەم ئەوێتی بوونەوەرێکی وەکو سەگ، لەگەڵ مەرجی ئەم ئەوێتی دارێکدا جیاوازی ئەوتۆیان نەبێت، واتە هەمان بەردەوامبوونە لەسەر ژیان.



بەچکەی پشیلە وردە وردە گەورە دەبێ تاکو بالغ دەبێ. لەم ماوەدا سلوولە پێکهێنەرەکانی، واتە ئەتۆمە پێکهێنەرەکانی بەردەوام و پەیتا پەیتا گۆڕانیان بەسەر دێت. بەڵام ئەگەر زنجیرەی ژیانی بە هۆی مەرگەوە نەپچڕێت، هەر ئەو پشیلەیە کە پێشتر بووە. بە پێی ئەم بۆچوونە، دیسان زیندووبوونەوە لە پشیلەکاندا بوونی نییە. کەواتە مەرگی بوونەوەرێك کۆتایی بە مەرجی ئەم ئەوێتییەی دێنێ. هیچ پشیلەیەك کە پاش مەرگی نەرمۆڵێ [٧] دێتە دونیاوە هەمان مەلووس نییە و نابێت.

لاك لە دواییدا مەرجی ئەم ئەوێتیی کەسەکان لێکدەداتەوە و تیشك دەخاتە سەر ئەم خاڵە کە مرۆڤەکان سروشتێکی دوولایەنەیان هەیە. مرۆڤەکان لە لایەك ئاژەڵن و لە لایەکی دی کەسێتین. بەپێی بۆچوونی لاك، کەسێتی جۆرێك بوونەوەری تایبەت نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا شتێکی جیاوازە.

**مرۆڤەکان و کەسەکان:**

رای لاك لەمەڕ ئەوەی کە کەسەکان تەنیا ئاژەڵانی خاوەن خوو و رەوشتی ئینسانیی نین، کەمتازۆر لە لایەن هەر فەیلەسووفێکی سەدەی بیستەمەوە کە هاوڕای چ تیۆر و گوتەیەکی لاك نین بە جۆرێك لە جۆرەکان پەسەند کراوە. بەڵام ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی کە بیرو باوەڕمان لە ئەو و لە کەسانی دی جیاواز بێت. کەواتە ئەو روونکردنەوەی لاك لەمەڕ ئەم ئەوێتیی کەسێتی ئاراستەی دەکات، لە هی مرۆڤ، واتە ئەم ئەوێتی بوونەوەرەکان جیای دەکاتەوە. ئەم ئەوێتی کەسێتی تەنیا لەسەر ژیانی زەینی و بە تایبەت بیر رۆنراوە. ئەگەر ئێوە تەواوی ئەو کارانەی ٢٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا، سوقرات لە ئاتێن ئەنجامیدا، وەبیر بێننەوە، لەم حاڵەدا بە پێی باوەڕی لاك، ئێوە کوت و مت هەمان "سوقڕات"ن هەر چەند مرۆڤێکی جیاواز بن.

ئەم وتە لە تیۆریی لاکدا واتایەکی راستەقینەی لەگەڵدایە؛ هەرچەند تا رادەیەك بۆ ئێمە نائاشنایە، چونکە تیۆریی لاك ئەم بۆچوونە پەسەند ناکات کە کەسێتییەکان بوونەوەرانی خاوەن خوو و رەوشتی ئینسانین. مرۆڤەکان دەتوانن هەمان کەسێتییەکان بن بەڵام کەسێتی بوون لەگەڵ ئاژەڵبووندا ناگونجێ و هیچ چەشنە پێوەندییەکی لەگەڵ تایبەتمەندییە فیزیکییەکاندا نییە. مرۆڤەکان تەنیا تا ئەو کاتەی کەسایەتین کە خاوەنی خۆشیاری و بیر بن. ئەگەر ئەم نموونانە لە بەرچاو بگرین لەوانەیە ئەم تیۆرییە هێند بە نائاسایی دانەنێین. بێرتی فووستێر[٨] هەم دەتوانێ بەکالریوسی هەبێت و هەم میراتگر بێت، بەڵام خاوەنی پلەی بەکارلیوس بوون بە واتای میراتبەر بوون نییە. بێرتی دەتوانێ بە پێی دەستووری وەسیەتنامەکەی پووری ببێتە میراتبەر، بەڵام بۆ ئەوەی کە ببێتە بەکالریۆس ئەبێ لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بخوێنێ و پلەی پاش وەدەس بێنێ. بەڵام ئەگەر پووری بڕیار بدات کە ئەو لە میرات بێبەری بکات، زۆر بە ئاسانی بڕیاری میراتبەرێتی بێرتی پووچەڵ دەکاتەوە و لە میرات بێبەش دەبێت.

لەم نموونەدا بەکالریوسی لقێکی تایبەت بوون دەقاودەقی کەسێکی تایبەت بوون لە قەڵەم دراوە و میراتبەری کەسێك بوون وەکو مرۆڤێکی تایبەت واتە بوونەوەری هاوشێوەی مرۆڤ فەرزکراوە. کاتێ کە سوقرات لە ژیاندا نەما، بوونی وەك مرۆڤێك گەیشتە کۆتایی، بەڵام بەردەوامیی بوونیی وەکو مرۆڤ یان کەسایەتی لەناو نەچوو و هەرمایەوە. هەر بەوجۆرەی کە لە بەسەرهاتەکەی لاکدا هاتووە ئەگەر "شارەوانی هەنووکەی کۆئینزبێرگ[٩] سەرجەم بیرەوەرییەکانی سوقراتی لە بیرومێشکدا بوو، ئەو، واتە شارەوان — سوقرات دەبوو، واتە کەسایەتیی سوقرات نە ئەو مرۆڤە ".



**بیر و بیری هەڵەکار:**

تیۆریی لاك یەکەم سەرنج و هەنگاو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری دووهەم لە سێ پرسیارە سەرەکییەکەی ئێمە، واتە ئەم پرسیارە کە "چۆن کەسێك بە تێپەڕینی رۆژگار دەزانێ هەمان کەسی دوێنێیە؟ پرسیارێکی بەسوود دیارە؛ چونکە بەم جۆرە وەڵام دەداتەوە: ئەمە بیرەوەرییەکانی خۆتانە لە روانگەی خۆتانەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێوە هەر ئەو کەسەی دوێنێ بن، یاخود کەسێکی دی. ئێوە تەنیا لەبەر ئەوەی ئەمڕۆش زۆرێك لە بیرەوەرییەکانی دوێنێتان هەیە دەزانن هەمان کەسی دوێنێن. هەر چەند ئەم وەڵامە مۆتەکەی بیری هەڵەکار دێنێتە ئاراوە، واتە مۆتەکەیەك بڕیارە تیۆرییەکانی لاك هەڵوەشێنێتەوە. بە هەموو ئەمانەشەوە، ناتوانم دڵنیابم لەو وتەی کە هەر ئەو کەسەم کە لاك وتوویەتی. لەو رووەوە کە بەردەوام ئەگەری ئەوە هەیە بیری من بیرێکی هەڵەکار و درۆزن بێت کەوا بوو پێویستم بە رێگەیەکە دڵنیا بم بیرەوەرییەکانی من بیرەوەریی راستەقینەن. بەڵام ئەمە بە واتای پشتبەستن بە بیرێکی دووهەمینە بۆ ئەوەی پێم بڵێ ئایا بیرەوەرییە سەرەتاییەکانم راستەقینەن یان نا، دواتر پێویستم بە بیرێکی سێهەمینە پێم بڵێ ئایا بیری دووهەم بیرێکی راستەقینەیە یان نا هەروا بەم چەشنە تا دوایی. وەك چۆن چێتگێنشتاین[١٠] لەمەڕ بوارێکی دیکە گوتوویەتی ئێوە ناتوانن رۆژنامەی ئەورۆکە بکڕن و بە سەرنجەوە لەگەڵ ژمارەی سێ و چواردا تاوتۆی بکەن؛ کەواتە ئایا هیچ رێگەیەك هەیە بۆ پێداچوونەوە بە سەر بیرەوەرییەکانی خۆتاندا، بۆ گەیشتن لە حەقیقیبوونیان؟ بەڵێ بوونی هەیە، بەڵام ئەم رێڕەوە خۆی پێشتر گریمان دەکات کە هەلومەرجی ئەم ئەوێتیی کەسێتی وەکو هەلومەرجی ئەم ئەوێتی (ئاژەڵ) مرۆییە کە تیۆریی لاك هەڵدەوشێنێتەوە. بیری هەڵەکار چییە؟ لە راستیدا بیری هەڵەکار بیرێکە بە ئێوە دەڵێ جەستەی ئێوە لە کاتی دیاریکراودا لە شوێنێکی

تایبەتدا بووە لە حاڵێکدا دەتوانین بیسەلمێنین جەستەی ئێوە لە شوێنێکی دیکەدا بووە. بۆ نموونە، گریمان ئێوە وەها بیربکەنەوە کە وینستۆن چرچیلن [١١] ئێوە لە بیرتانە کە بوونەتە سەرۆك وەزیرانی بریتانیای مەزن، هەروەها لە «پەرلەمانی گشتی » [١٢] بۆ خەڵك وتار دەخوێننەوە. ئێوە لەگەڵ کلیمێنتن چرچیلدا [١٣] ژیانی هاوبەشتان پێکەوە ناوە: هەموو ئەمانەتان لە بیرە. ئێستا ئێوەو خەڵکی دی چۆن لە راستی و ناڕاستیی ئەم بانگەشە دەگەن؟ کام هەلومەرجی ئەم ئەوێتیی بۆ بەدەسهێنانی ئەم ئەوێتیی راستەقینەی خۆتان بەکاردێنن؟ بە ئاشکراکردنی ئەم بابەتە کە جەستەی ئێوە بە درێژایی ژیانی چرچیل لە کوێ بووە شوناسی راستەقینەی ئێوە روون دەبێتەوە، تەنیا لەم حاڵەدایە دەتوانیین بیدۆزینەوە. شوناسی راستەقینەی ئێوە تەنیا پاش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە روون دەبێتەوە: ئایا ئەم جەستە تایبەتە هەمان جەستەی چرچیلە؟ ئایا ئەم جەستە تایبەتە و جەستەی چرچیل ژیانێکی پێکەوەلکاویان هەیە؟ ئایا ئەم جەستە تایبەتە لە هەموو ئەو کات و شوێنانەدا کە جەستەی چرچیل ئامادەی بوو، بوونی بووە؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارانە نەرێنی بێ بانگەشەکانی بیر لە هەر بابەتێکدا هەڵە لە کڵ دەردێت؛ هەر بەوجۆرەی پێشتر ئاماژەمان پێدا مێشکی هەڵە لە بنەڕەتدا مێشکێکە پێتان دەڵێ جەستەتان لە کاتی دیاریکراو و لە شوێنی تایبەتدا بووە، لە حاڵێکدا ئەو جەستە لە راستیدا لە شوێنێکی دیکەدا ئامادە بووە. گریمان بە کەڵکوەرگرتن لە تەواوی بەڵگە هەبووەکان سەلماندمان جەستەی ئێوە و جەستەی چرچیل یەك جەستە نین و لێكجیاوازن، ئایا هێشتا لەسەر ئەم باوەڕەن کە چرچیلن؟ ئایا بۆتان مسۆگەر نییە بیرەوەرییەکانی ئێوە هەمان بیرەوەریی چرچیلن؟ وەڵامەکەی ئەرێنییە. بەڵام سەرەڕای ئەمانە هەموو بیرەوەریەکان هەڵە و درۆیە. باوەڕی تاك خۆی سەبارەت بە ئەم ئەوێتیی یان شوناسەکەی هەردەم راست نییە.



ئەگەری تووشبوون بە فەرامۆشی و لەبیرچوونەوە هەیە، تەنانەت ئەگەری دۆڕاندنی هەرچەشنە هەستێك لەمەڕ شۆناس بوونی هەیە. بەڵام تەنانەت لەمحاڵەشدا ئێوە هەمان بوونەوەری دوو پێی سەرەتایی دەمێننەوە پێش ئەوەی تووشی فەرامۆشی بێن. کەوابوو بەردەوام ئەگەری ئەوە هەیە خەڵك ئێوە وەکو مرۆڤێکی تایبەت بناسنەوە.

## تیۆریی لاك لە سەردەمی نوێدا:

تیۆریی لاك لەمەڕ شوناسی تاکەکەسی هێشتا ماوەتەوە، و فەیلەسووفانی نوێ جەختیان لەسەر ئەم خاڵە کردۆتەوە کە مرۆڤەکان هەمان کەسێتی نین. بەداخەوە ئەم تیۆرییە لە سەردەمی هەنووکە لەگەڵ «تیۆرییەکانی » رەگەزپەرەستی [١٤] جنسگەرایی [١٥] و دژایەتیی بەساڵاچووان [١٦] بە یەکسان دادەنرێت. جێگەی سەرنجە قوتابیانی لقی فەلسەفە وتەزاکانی "کەس " و " مرۆڤ " بە یەك واتا بە کاردێنن، هەڵبەت تا ئەو کاتەی لای مامۆستاکان نەیانخوێندووە. ئایا ئەمە بەو مانایەیە کە مامۆستایانی فەلسەفە لەسەر کەسێتی و مرۆڤەکان و راستیی فیزیۆلۆژیکی [١٧] شارەزایی قووڵ و پتەویان هەیە کە قوتابییەکانیان ئاگایان لەو شتانە نییە؟ هەڵبەت وانییە، فەیلەسووفەکان فیزیۆلۆژیست نین و هەر کەسێك لە بواری زانستی خۆیدا شارەزایە. ئایا مامۆستاکانی فەلسەفە واتای وشەکانی. "کەسێتی " و "مرۆڤ " لە قوتابییەکان شارەزاترن؟ وانییە، ئەوان ئەمە باشتر نازانن. تا ئەو جێگەی پێوەندیی بە زمانەوە بێ بەکار هێنانی باوی ئەم وشانە، هەروەها فەرهەنگی وشەکان رای قوتابییەکان بە راست دەگرێت. بە زۆری هەرگیز هۆکارێك بۆ ئەو جیاکارییانەی دەیکات، بەدەستەوە نادات، بەڵکو تەنیا ئاماژەیان بۆ دەبات. بەم شێوە مامۆستا میشێل توولی [١٨] لە وتارێ لە ژێر ناوی بەرگری لە منداڵکوژی [١٩] دەنووسێ: من چەمکی کەسێتی بە چەمکێکی بە تەواویی ئەخلاقی

له قەڵەم دەدەم. . . كە بە دوور لە هەر چەشنە ناواخنێكی وەسف كراو. . . هاو مانای « خاوەنی مافی ئەخلاقیی گرینگ بۆ ژیان » (پێداگرتن هی نووسەرە) . هەر بەم بۆنەوە راشكاویی ئازادە. كەواتە توولی دەیتوانی بڵێ: لای من چەمكی كەسێتی وەكو چەمكێكی جرۆجانەوەر ناسییە [٢٠] وەك " قالۆنچە ". دەرەنجامی سەرەكی و درێژماوەی ئەو جیاوازییەی لاك لە نێوان مرۆڤەكان و كەسێتییەكان دایناوە (هەڵبەت لەم رووەوە نابێ سەر كۆنە بكرێت) بریتییە لەوەی كە فەیلەسووفەكان رەگەزی مرۆڤیان بۆ دوو بەش دابەشكردووە، ئەوانەی مافی ژیانیان هەیە و ئەوانەی مافیان نییە هەر ئەم جیاكاریانەی بەرهەمی " توولی " و دیترانە كە وەكچۆن ئاماژەی پێدرا لەگەڵ رەگەزپەرەستی، جنسخوازی و دژایەتیی پیرەكانیش، هاوسەنگ و یەك سەرچاوە دەكەوێتەوە . " تیۆرییەكانی " رەگەزپەرەستی، جنسخوازی و دژایەتی پیرەكانیش رەگەزی مرۆڤ دەكەن بە دوو بەش. ئەوانەی مافی ئەخلاقییان هەیە یان شیاوی ئەو مافەن و ئەوانەی ئەم مافەیان نییە.

## كەسێتییە مرۆییەكان:

كەواتە كەسێتی چییە و چ شتێك دەبێتە هۆی ئەوەی كەسێك ئەو كەسەی دوێنێ بێ؟ دەخوازین بڵێین كەسێتییەكانی ئەم دونیا بوونەوەرانێكی دوولاقن، هەر ئەوە و بەس. بە هەر چەشنێك هەن با بن. رەش یان سپی، نێر یان مێ، منداڵ یا گەورە. ئەنجام ئەوەی كە دۆخی ئەم ئەوێتی كەسێتی كوت و مت هەمان دۆخی ئەم ئەوێتیی مرۆڤەكانە. ئەمە بەو مانا نییە كە بوونەوەری دوو پێ جۆرێكی تایبەت لە ئاژەڵەكان نییە. مرۆڤەكان هێزی خۆوشیاری و رامانیان هەیە و دەتوانن شتەكان وەبیر بێننەوە. پیتەر ئیستراوسۆن دەنووسێ: "كەسێتییەكان بریتین لە تاكە تایبەتەكان بەجۆرێك كە هەر تاكێ لەم چەشنە دەتوانێ شێوازی خۆوشیاری و



خەسڵەتی جەستەی تایبەتیی خۆی هەبێت ". ئەم وتە كەم تازۆر راست دیارە. هەرچەند پێویستە بگوترێ، نووستوو یان بێهۆش هێشتا وەكو كەس دێتە ئەژمار. شێوازی خۆوشیاریی ئاماژەپێكراو لە پێناسەی ئیستراوسۆن مەرج نییە هەمیشە بوونی بێت بەڵكو هەم دەتوانێ كردەكی[٢١] بێ و هەم دەتوانێ هێزەكی[٢٢] بێ. چەمكی بەهرە [٢٣] بەڵگەیەكی بێ بەندومەرجە بۆ بەرگریكردن (پێچەوانەی توولی و دیتران) لەو بڕوا كە دەڵێ منداڵەكان هەروەكو گەورەساڵان بە كەسێتی لە قەڵەم دەدرێن. كۆمەڵگاش گرینگیی بەهرە بە فەرمی دادەنێت، بۆ نموونە بە فەرمی دانانی كەسێتیی منالان لە دام ودەزگا دادپەروەرییەكاندا. مەرج نییە خێرا بگەینە ئەو ئەنجامەی كە مرۆڤەكان تەنیا ئاژەڵانی رێزپەڕی ئەم جیهانەن. رەنگە لە جێگایەكی دوور لەم جیهانە پان و بەرینەدا جۆرێ لە بوونەوەری جگە لە مرۆڤ بەدیبێن كە بتوانن وەك ئێمە بیر بكەنەوە و وەبیرهێنان و شێوازی نەستی تایبەت بە خۆیانیان هەبێت. ئەگەر ئەوان ئاژەڵ و بوونەوەری ریزپەڕ بن، وەكچۆن مرۆڤ تایبەت و رێزپەڕە، كەواتە ئەوانیش كەسێتین. لە كۆتاییدا پێویست ناكا خێرا و دەستبەجێ بگەینە ئەو ئەنجامە كە كەسێتییە رۆحانییە رەهاكان، واتە پەریلان و خواكان و هتد ناتوانن بوونیان هەبێت. لەوانەیە ئەمە ئیمكانی لۆژیكیی هەبێت. بە دڵنیاییەوە دەزانین كە ئێمە بوونەوەرانی خاوەن رەوشتی مرۆیین. هەروەها مرۆڤی سەر زەوی چ نییە جگە لەمە.

# پەراوێزەکان

١- identity
٢- identity conditions
٣- minute particles
٤- radioactive
٥- normal cycle
٦- reincarnation
٧- لە دەقی سەرەکیدا Tibbles هاتووە کە هەوڵمان داوە وەرگێڕدرێتەوە بۆ وشەیەکی ئاشنای زمانی کوردی (و. ك)
٨- Bertie Wooster
٩- Queensborough
١٠- Wittgenstein
١١- Winston Churchill
١٢- House of Commons
١٣- Clementine
١٤- racism
١٥- sexism
١٦- ageism
١٧- physiological
١٨- Michael Tooley
١٩- infanticide
٢٠- entomological
٢١- actual
٢٢- potential
٢٣- poteniality

## بەشی چوارەم

# پرسی ئیختیار

پرسی ئیختیار هاوڕێ لەگەڵ پرسیار سەبارەت بە هۆ و هۆکرد دێتە ئارا و فەلسەفەی دین و فەلسەفەی ئەخلاقی لێدەکەوێتەوە. بە چاو داخستن لە وردەکارییەکان، مانای ئازادیی ئیرادە هەمان ئازادییە لە هەڵبژاردندا. نکوولیکردنی ئیختیار هەمان قەدەرگەرێتییە[١]؛ واتە بڕوا بەوەی کە هیچ تاکێك چ جۆرە دەسەڵاتێکی بەسەر کار و کردەی خۆیدا نییە.

بە پێی قەدەرگەرێتی ئەوەی کارە، ئەنجامی ئەو هۆکارانەیە کە خەڵك چ دەسەلاتێکیان بەسەریدا نییە. کار و کردە مرۆییەکان بەری هەڵبژاردنی ئازادانە نین بەڵکو ئەنجامی پلان و نەخشەی ژێنێتیکی [٢]، غەریزەکان [٣]، ئەزموونە سەرەتاییەکانی سەردەمی منداڵی و یاخود جۆری شەرتیبوونی کۆمەڵایەتییە. یاسای پتە و بەهێزی هۆیەکی بەو مانایە کە رووداوەکانی داهاتوو لە پێشەوە دیاریکراون و گۆڕانیان بە سەردانایەت.

هەستی خاوەنایەتی هێزی هەڵبژاردن ئەزموونی هاوبەشی هەموو لایەکە. لە لایەکی دیکەشەوە دەسەڵاتداریێتی یاسای هۆ و هۆکرد لە تێکڕای سروشتدا دەبینین و ئاگامان لەوەیە کە خۆشمان بەشێکی بچووکی سروشتین.



لەو رووەوە کە ئەم بابەتە پێوەندی لەگەڵ پرسەکانی سەربە پرسیارێتیی ئەخلاقیی هەیە، زۆربەی زۆری خەڵك ئەنجام ناچارن لە رامان و بیرکردنەوەی. بۆ نموونە کاتێك پرسیاری " ئاخۆ تاوانباران جگە ئەنجامدانی ئەو کارانەی دەیکەن رێگە چارەیەکیان هەیە؟ » دێتە ئارا. پێدەچێ تەنیا ئەو کاتەی بتوانین ئازادانە کردە بنوێنین، ئەخلاقییاتی رەسەن دەرفەتی بوونیان دەبێت. ئەگەر ئێمە ئازاد نەبین بۆمان نییە لە کردە و کارەکانمان بەرپرس بین و نابێ بە هۆی ئەوانەوە هان و سزا بدرێین.

یەك لەو هۆکارانەی کە هەندێ فەیلەسووف پێیان لەسەر «بوونی ئیختیار» داگرتووە لەبەر ئەوەیە لایان وایە بکوڵی کردن لە ئیختیار " ئاسەواری نەباش و تێکدەر " لەسەر ئەخلاق دادەنێت.

### هۆ بەرامبەر بە رێکەوت:

سەرەتا وا گریمان بکەن کە کار و کردەکانی مرۆڤ ریزپەرێکە لە یاسای هۆیەکیدا. ئاخۆ ئەمە بەو مانا نییە کە ئەمانە بە شێوەی رێکەوتی روودەدەن؟ چونکە بێگومان نەبوونی هۆیەکی راست یەکسانە بە رێکەوت یان رووداو [٤]. ئاخۆ ئەوکەسەی کارەکانی رێکەوتییە ئازادتر لە کەسێکە کە کارەکانی دیاریکراو[٥]ە؟ لەوە ناچێت.

بۆ بەرگری لەو تیۆرەی کە مرۆڤ خاوەنی ئیختیارە تەنیا نەرێکردنی قەدەرگەرێتی تەواو نییە، چونکە ئازادیی ئیرادە یاخود ئیختیار نە بە یەکجارەکی یەکسانە بە نەبوونی هۆیەکی و نە یەکسانە بە رێکەوت یا رووداو.
بەراوردکردنێکی دوورهەندیی لێرەدا هەیە کە پێویستە چارەسەر بکرێت.

ئەگەر کار و کردەی مرۆڤ بێبەری لە هۆ واتە ئەنجام و بەری رێکەوت بێت، کەواتە مرۆڤ ئازاد نییە. ئەو کەسەی رەفتاری پێمل بە بەخت و رێکەوت بێت،

شێتە نەك ئازاد، بە هەر حاڵ ئەو کارانەی ئیختیارین ڕێکەوتی نین. من ئەگەر بڕیار بدەم سەردانی لەندەن بکەم بۆم نییە بڵێم یەکسەر بە ڕێکەوت بۆ ئەوێ ڕۆشتووم. لەو لاشەوە ئەگەر هەموو کردە مرۆییەکان خاوەن هۆیە، لەم حاڵەشدا مرۆڤ ئازاد نییە؛ چونکە ئەگەر سەرجەم کارەکانی تاك هۆی هەیە، کەواتە دەبێ بڕیاردانیشی خاوەن هۆکار بێت. بڕیاردان ناتوانێ لە ژێر ڕکێفی هۆیەکی ڕزگاری بێت. زیاتر لەوانەیە بڕیارەکانی مرۆڤ لە سەر دەستی غەریزە یان شەرتیبوونی کۆمەڵایەتی دیاریکرابێتن.

بە پێی هەر دوو ڕهەند، شتێك بە ناوی ئیختیار بوونی نییە. ئەگەر هەر دوو گریمانی دژبەر یان دژواز بگەنە ئاکام و ئەنجامێکی— کە لەم بابەتەدا ﴿ ئەنجام هەمان ﴾ نەبوونی ئیختیارە — جێگەی گومانە کە ڕەنگە لە بەڵگەهێنانەوەکانماندا هەڵەیەك ڕوویدا بێت.

## ئایا ئیختیار و قەدەرگەرێتی ڕێکدەکەون؟

هیوم هەوڵیدا ئەو بەراوردە دوو ڕهەندییە ناوبراوە بە جەختکردنەوە لەو خاڵەی کە ئیختیار و هۆیەکی — ئەگەر ورد و بەدەستوور بدوێین — دژواز نین-، چارەسەر بکات. ئەو دەڵێ ئیختیار لەگەڵ هۆیەکی سازگارە. جگە لەمەش گرێدراوی هۆیەکییە. ئێمە تەنیا لەو جیهانەی کە پێملی هۆیەکییە دەتوانین ئازادانە بڕیار بدەین. ئەگەر جیهان گوێرایەڵی هۆکارگەرایی نەدەبوو، نەماندەتوانی بزانین پاش بڕیاردەرکردنمان چی ڕوو دەدات، کەوابوو بڕیارەکانمان بێکاریگەر و بێبایەخ دەکەوتنەوە. بڕیارەکان خۆیان هۆن. بڕیارەکان لە جیهانی بەتاڵ لە هۆیەکیدا ڕەنگدانەوەیەکیان نابێت. بۆ نموونە جووڵەی ئێسکی باسك لە دەفەی شاندا کە بە گریمانی گیرۆدە نەبوونی ئێوە بە نەخۆشینی ڕۆماتیزم و شتی لەم چەشنە، دەبێ ئێسکی باسکتان (وەك دەڵێن) ئازادانە لە کاسەی شاندا



بجووڵێت. هەنووکە بگرە کەسێ ناڕەزایی دەربڕێ کە گوایە " بە هیچ جۆر ئازادانە ناجووڵێت، لەبەر ئەوەی شێوە و شێوازی کاسەکە ئاستەنگی دەکاتەوە " ئاخۆ ئەم ڕەخنە ژیرانەیە؟ نا؛ چون هەڵگری ئەو مانایە کە باسکی ئێوە تەنیا بەومەرجەی جیا لە کاسەی شان ببوایە دەیتوانی ئازادانە بجووڵێت، بەڵام حەقیقەت ئەمە نییە. باسکێك کە بە تەنیا لە فەزادا هەڵپەسێردرابێت لە بنەڕەتدا وزەی جووڵەی نییە.

ئایا دەبێ حوکم بدەین کە ئیختیار بە ناوکۆی هۆیەکی مسۆگەر دەبێت؟ ڕەنگە بە تەواوی قایل بین بە دەوری هۆیەکی لە ئیمکانی دەرکردنی بڕیارەکاندا. کێشەکە لەوەدایە کە لەگەڵ هاتنە ئارای هۆیەکی دەبێ بڵێین بڕیارەکانیش بۆ خۆیان هۆکردی هۆیەکن. بەم چەشنە، ئەنجام دەگەینە بڕیار و هەڵبژاردن، بەڵام نەك بڕیار و هەڵبژاردنی ئازاد.

بەشێکی کێشە و گرفتەکەش لەوەدایە کە ڕەنگە خوێندنەوەی جۆراوجۆر و جیاجیا لەمەڕ ئیختیار و ئازادی و قەدەرگەرێتی وەکو وشە کرابێت.

## خواست و بڕیار:

پێدەچێت چما ئیختیار ناتوانێ هاومانای ڕووداو بێت. لەوانەیە لەم حاڵەتەدا ئیختیار تەنیا بە مانای توانایی مرۆڤ بێت لە بەدەسهێنانی ئەوەی دەیهەوێ و دەیخوازێ، لەوانە؛ خۆراك، جگەرە، تۆڵەستاندن یان هەر شتێکی دی. وەها ئازادییەك لەگەڵ قەدەرگەرێتی ڕێکدەکەوێ. ئێوە ناتانەوێ، دەسەڵاتی کڕین و بەدەسهێنانی چەند پاروویەکتان هەیە. کەوابوو دەستان بەو شتەی ویستووتانە رادەگات. لەم گریمانەدا گرینگ نییە ئێوە یەکەم لەبەر برسێتی یا خواستی عەسەبی یان خۆگرتن یاخۆد شتێکی ناپاك کە ئەنجامی شەرتیبوونی کۆمەڵایەتیتانە، داوای نانتان کردبێت. یەکێك لە ئەنجام و پێویستییەکانی

پەسەن کردن و قایلبوون بە وەها روونکردنەوەیەکی بابەتەکە ئەوەیە کە ئەگەر دەخوازین تووشی دژوازی نەبین دەبێ بڵێین کاروکردەی ئەو کەسەی گیرۆدەی هێرۆئینە کاتی بەکارهێنانی هێرۆئین دەتوانێ بە تەواوی ئازادانە بێت.

ژمارەیەك فەیلەسووف لە هەوڵی رەتکرنەوەی ئەم چەشنە تێبینیانەدا، تیۆریی ویست و داخوازییە پلە دووهەمینەکانیان گەڵاڵە کردووە. پێویستە ئازادیی ئیرادە بەو شێوە پێناسە بکرێت کە مرۆڤ تەنیا ئەو کاتەی ئازادانە کردە دەنوێنێ کە ئاواتی ئەوەیە ئاواتێکی بێت، کە لە راستیدا بوونیان هەیە. کەوابوو گیرۆدەی هێرۆئین ئەگەر بخوازێ هێرۆئین بەکاربێنێت و بڕێکیش بکێشێت مەرج نییە ئازادانە کردەی نواندبێت؛ چۆن ئەوان لەوانەیە ئاواتیان ئەوە نەبووبێت کە ئارەزووی هێرۆئین بکەن. ئەمانە جیاوازن لەوانەی شتێکی بێ زەرەر وەك نان بە ئاوات دەخوازن؟ ئەمانە ئازادنین. هەموو دەزانین ئارەزوو و ویستی نان چییە بەڵام ئەم ئارەزووە گریمان کراوە بۆ بە ئاوات خواستنی نان لە وەهەم و خەیاڵ دەچێت. دووهەم ئەوەی کە وێنای کەسی گیرۆدەی ماددە سڕکەرەکان کە ئاواتی ئەوەیە ئەو ماددە بە ئاوات بخوازێت، هێند وەهەماوی نییە. لانیکەم ئەم بابەتە ئیمکانی لۆژیکیی هەیە. سەبارەت بەم نموونە بۆ ئێمە کە گرفتاری ماددە هۆشبەرەکان نین، ناتوانین هەڵۆێستی دژ بە وەسفی کەسی گیرۆدەی ئەو ماددە لەمەڕ ئارەزوو و ویست بگرین. بەم حاڵەوەش رەنگە تەنانەت ئەوانەی ئاواتیان بەکارهێنانی هێرۆئینە ئازادانە کردە نەنوێنن. هیچ نەبێت ئەوان گرفتار بوون، واتە تەنانەت ئەگەر بشخوازن ناتوانن دەستی لێهەڵگرن. ئەگەر ویستی ئەوان بۆ خواستەکانیان گۆڕانی بەسەر هاتبا  لەو حاڵەدا ئەوان نەیانویستووە هێرۆئین بەکاربێنن؛ ئەوان هێشتا بە کۆت و بەندی مەیل و ویستیان بەستراونەتەوە. ئەم نموونانە دەیسەلمێنێ کە خاوەنایەتی ئیختیار شتێکە سەرتر لە توانایی جێبەجێکردنی خواستە تاکەکەسییەکان، تەنانەت ویست و خواستە پلە دووهەمینەکانی تاکە.



**قەدەرگەرێتی نەرێنی و ئەرێنی:**

جەبرگەرایی یان بە شێوەی نەرێنی (سلبی) [٦] یان بە شێوەی ئەرێنی (ئیجابی) [٧] وێنا دەکرێت. هەروەها یان بە شێوەی وشك و رەق[٨] یان نەرم و لخێز [٩]. پێویستە تەنانەت جیددیترین  لایەنگران و بەرگیرکارانی ئیختیار هاوڕای جەبری بوونێکی کاڵ و کرچ و نەرێنی بوونی زۆربەی بڕیار و کردەکانمان بن. بۆ نموونە هەندێ لەو بڕیارانەی لە رووی تیۆریکەوە مومکین دێنە ئەژمار، لە رووی سەلبییەوە بە هۆی ئەم واقیعەوە دیاریکراون؛ واتە دیاریکراوە کە ئێمە مرۆڤین و ماسی نین. سروشتییە ماسی نەبوون بڕێ ئاستەنگیمان بەسەردا دەسەپێنێت. کەوابوو چونکە ئێمە سپلی ئاومان نییە بۆمان نییە بخوازین (بێ کەرەسەی تەکنیکیی پێویست) لە ژێر ئاودا بژین، بەڵام قەدەرگەرێتیی نەرێنی بە زۆری وەکو چەشنێ سەپاندن یاخۆد کەمکردنەوەی ئازادیی وێنا ناکرێت. ئەم راستییەی کە ئێوە ناتوانن هەڵبەزنەوە بۆ سەر مانگ بەو مانا نییە کە ئازادیی هەڵبژاردنتان نییە. بۆتان نییە بڕیاری مەحاڵ دەرکەن. کەوابوو پرسی بڕیاردان، ئازادی یان نەبوونی ئازادی نایەتە ئارا. مرۆڤەکان وەکیتر بە شێوەیەکی ئیجابیتر ناچارن، هەر چەند زیاتر بە شێوەی زۆر گشتی، تەنیا لەبەر ئەوەی مرۆڤین بە زۆری بە شێوازی مرۆیی کردە دەنوێنین، بەڵام لەم چوارچێوە مرۆییەدا گەلێك دەرفەت بۆ هەوڵ و چالاکی، بوونی هەیە.

هیوم باسی « یەکسانیی چالاکی و هەوڵی هەموو مرۆڤەکان لە سەرجەم نەتەوە و سەرجەم سەردەمەکان دەکات » و دەڵێ: " سروشتی مرۆڤ لە رووی هەموو پرەنسیپ و کردە و کارەکانییەوە وەك خۆی دەمێنێتەوە " شێوەی نوێی ئەم وتە وەهایە کە ئاسەواری هاوشێوە بەری هۆکاری هاوشێوەیە و رەفتاری مرۆڤ بە گشتی لەسەر دەستی پلانێکی بیۆلۆژیکیی هاوبەش دیاری دەکرێ. بەرنامەی بایۆلۆژی هاوبەشی مرۆیی بە تەواوی لەگەڵ ئازادیی کاروکردە لە

گەلێك ڕێبازی جۆراجۆردا سازگارە. ئەزموونە ڕۆژانەییەکان بریتین لەوەی کە ئەم بەرنامە بایۆلۆژییە هاوبەشە ڕێگە لە تاقیکردنەوە بە ئەژمارەکانی خەڵك بۆ پەروەردەکردن (یاخود تێدابردنی) توانایی و ویستە مرۆییەکان ناگرێت. لەبەر ئەمە و هەر لێرەشەوەیە کە دەستە و جۆری جۆراوجۆری مرۆڤ بوونی هەیە. ستالین [١٠] فلۆرانس نایتنگێل [١١] ئیچانی مەخۆف [١٢] و فرانسیس ئەسیزی[١٣].

## قەدەرگەرێتیی زیادەڕۆیانە و نەرم:

به گشتی دوو جۆر قەدەرگەرێتی بوونی هەیە: ئایینی و زانستی.

بە پێی ئامۆژەی کالچینیزمی [١٤] زیادەڕۆیانە دەسەڵاتی ڕەهای خواوەند لەگەڵ ئیختیاری مرۆڤ سازگار نییە. لەو ڕووەوە کە خواوەند ئاگای لە هەموو شت هەیە، دەبێ لەمەڕ هەر یەك لە کردە مرۆییەکان زانیاری هەبێت کە کامیان ئیرادەکراون و ڕوودەدەن. پێڕەوکەرانی قوتابخانەی کالۆن لەمەوە دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە کار و کردەکانی مرۆڤ پێشتر دیاریکراوە و بە ناوکۆی چ شێوازێکی مرۆیی، نە گۆڕانی بەسەر دێت و نەحاشای لێدەکرێ. هەڵبەت وەکتیر چونکە خواوەند ئاگای لە چاکە و خراپەی کردەکان هەیە، هەر لە پێشەوە دەزانێ چ کەسانێ دەچنە بەهەشت و دۆزەخ تایبەت بە چ کەسانێکە.

بەم حاڵەوەش خوێندنەوەکانی دیکەی مەسیحییەت وا بەڵگاندن دەکەن کە بە پێی کتێبی پیرۆز و ئەزموون گەش دیارە کە خواوەند ئیختیاری بە مرۆڤ داوە. هەروەها بەهەشت و دۆزەخ و پاداشت و سزادانی خواوەند چ مانایەکی نییە مادام ئێمەی بووەی فانی لە هەڵبژاردنی خێر و شەڕدا ئازاد نەبین. کتێبی پییەر سیمۆن لاپلاس [١٥] (١٧٤٩-١٨٢٨)ی ماتماتیکزانی سەدەی هەژدهەم نموونەی زەقی قەدەرگەرێتیی زانستییە. بە زۆری بڕوا بەوەی کە هەر شتێك لە



جیهانی سروشتیدا بە زانستی بیرکاری ڕووندەکرێتەوە دەدرێتە پاڵ لاپلاس. ئیمانی باڵا بە زانستی قەدەرگەرێتیی تا ئەم سەدەش خۆی ڕاگرتووە؛ هەرچەند ئەو زانستانەی ئەوڕۆکە ئاماژەیان پێدەکرێ ماتماتیك و مکانیك [١٦] نین. هەنووکە هەندێ لەوانەی بڕوای گرژیان بە قەدەرگەرێتیی هەیە لایان وایە کار و کردەی ئێمە لە ژیانی دادێماندا بە پلان و نەخشەیەکی ژێنێتیکی کە لە جنیندا بووە، دانراوە. دیتران لەو باوەڕەدان کاروکردەی سەردەمی منداڵیمان، ئاکارمان دیاریدەکەن. نەك هەر دەروون ژاکاوییەکانمان[١٧]، بەڵکو تەنانەت هێز و توانستیشمان بۆ زاڵبوون بە سەر ئەم دەروون ژاکاوییانەشدا ڕەگیان لەو خول و سەروبەندەدایە. هەندێ بیریار ئەم دوو ڕوانگە ئاوێتە دەکەن. بەم چەشنە "بیٚئێف. سکینز"[١٨]ی دەروونناسی ئەمریکی بەڵگاندن دەکات کە هەر کردەیەکی مرۆیی یان بەری پلان و نەخشەیەکی ژێنێتیکییە یان ئەنجامی بەهێز و توکمەکردنی ئەزموونەکان. سکینز چەشنی زۆربەی قەدەرگەراکان جەخت لەوە دەکاتەوە کە بڕوا بە ئیختیار بناغەی عەقڵیی نییە، بەڵکو یەکەم ئۆستوورەیە.

لایەنگرانی نوێی هەڵبژاردنی قەدەرگەرێتیی ئایینی، خوێندنەوەی کالچینیستیان یان لەبەر ئەوەی خواناسانایە [١٩] ڕەتدەکەنەوە یان بە هۆی ئیمانی ئایینی ناکالچینیستییانەوە. ئەمەش بەزۆری خاڵی ڕێککەوتن و گونجانە کە لە پێشگرتنی بوڕهان لێرەدا بە سوودی کالچینیستییەکانە.

کە قەدەرگەرێتیی زانستی دەخرێتە بەر باس، کێشی بوڕهان بە سوودی کام گرووپە؟ ئایا ئیمکانی هەیە بە زەرەری قەدەرگەراکان بێت؟ تەنیا پێڕەوکردنی سکینز و بە وەهەماوی دانانی ڕوانگەی بەرامبەر تەواو نییە. پێویستە قەدەرگەرا زیادەڕۆکان بەڵگە بە دەستەوە بدەن؛ دەبێ دەسنیشانی بکەن کە ئایا سەرجەم کردە مرۆییەکان بە تەواوی جەبرین یان نا، ئەگەر وایە چۆناوچۆنە؟ دەستەداوێنیی گشتی بۆ بەهای زانست وەڵامدەر نییە، چونکە بە درێژایی ئەم

سەدە تایبەتمەندییەکانی روونکردنەوەی زانستیی تووشی گۆڕانکاری بەرچاو هاتووە. ئەورۆکە قەدەرگەرێتیی وەستاو لەسەر میتۆدۆلۆژی[٢٠] زانستە سروشتییە کۆنەکان، بۆ نموونە فەلەکناسی لە چاو سەردەمی لاپلاس کەمتر جێی پەسند و رەزامەندییە. وانییە کە ئەورۆ سەرجەم زانا و پسپۆڕان کۆك بن لەسەر ئەوەی کە زانست، یاسا بنەبڕ و ئەبەدییەکان کەشف دەکات؛ ئەو یاسایانەی حوکم دەدەن چۆناوچۆنە هەموو شتەکانی جیهان پێملی پێویستین. ئەوانەی هەوڵی ناسینی مرۆڤ دەدەن چەمکە رووناکەکانی زانستی بایۆلۆژییان لەباتی چەمکەکانی فیزیك، مکانیك، یان کیمیا کردۆتە چەقی توێژینەوە و رامانیان. بە زۆری دەگوترێ لەوانەیە لە گەڵ ئەو تیشکهاوێژییە رێکەوتنئامێزانە هەڵبکەین کە لە رێگەی هەموو سیستمە گرینگ و پێوەندیدارەکانی بایۆلۆژیاوە بەدەستهاتوون. ناتوانین هیوا بە کەشف و دۆزینەوەی ئەو یاسا میکانیکییە راشکاوانە ببەستین کە کار و کردەی تاکەکەسیی مرۆڤ دیاریدەکەن؛ لەورووەوە کە بە تەواوی گومان لە بوونی وەها یاسایەك دەکرێ.

پێدەچێت چما یاسای "هۆیەکی"هێند"نەرم و لخێز" نییە. وانییە کە هەر هۆکردێك بە تەواوی دیترمەین بێت. زۆربەی ئەو شتانەی لە ژێر کاریگەریی هۆکاردان کەوتوونەتە ئاقاری شیمانە و گومانەوە، نەك ﴿لە ئاقاری﴾ دڵنیایی و متمانە. کەوابوو ناچار نین ئەو تیۆرییەی کە "بە تەواوی دیارینەکراو" و "رێکەوتی"بە یەك مانا دەگرێت، پەسەن بکەین.

### روونکردنەوەکان:

تیۆرییەکانی ئیختیار و قەدەرگەرێتی کاریان روونکردنەوەی هەڵسووکەوتی مرۆڤە. کەواتە باشتر وایە بۆ دەرکردنی حوکمی راست و هەڵەبوونی هەریەك لەو تیۆرییانە پرسیار بکەین ئاخۆ کامیان هێزی روونکردنەوەیان زیاترە. کامە



چەمك، واتە چەمکی ئیختیار و قەدەرگەرێتی، لەگەڵ واقیعەکانی ئەزموونی ئێمە چاکتر دێتەوە. خەڵك ئەگەر ئازاد نەبوایەتن، بەرامبەر کار و کردەی خۆیان بەرپرس نەدەبوون و ئەگەر هیچ کەس لە کاری خۆی بەرپرس نەبوایە هەستی سزادان و هاندان خاوەنی چ پێگەیەك لە جیهاندا نەدەبوو. وێنای سزادانی ئەو بوونەوەرانەی چ جۆرە دەسەڵاتێکیان لە بڕیارداندا نییە — بۆ نموونە باکتریاکان — ساویلکانەیە. سەرەڕای ئەمەش ئەگەر خەڵك ئازاد نەدەبوون، بەخشش و لێبووردنیش بێمانا دەکەوتەوە. ئەگەر ئەو مرۆڤەی بڕیار دەدا پەلاماری من بدات بە هۆی شتێکی بەدەر لە کۆنتڕۆڵی خۆی ناچار بەم بڕیاردانە بوایەت و ئەگەر لەم جیهانەی کە سەروبەر مەحکوومی پێویستیی هۆ و هۆکردە زیاد لە کەرەسەیەك نەبوایەت، چۆن دەمتوانی لێی خۆش بم؟ ئەم کارە وەکو ئەوە وایە کە من وزەی راکێشانی زەوی ببەخشم؛ چونکە دەبێتە هۆی بە ئەرزداکەوتنی من.

کاردانەوە مرۆییەکانمان، لەوانە: رق، پێزانین، لێبووردن، هاندان، سزادان و هتد، تەنیا ئەو ساتەوەختەی خۆمان و مرۆڤەکانی دیکە بەرامبەر کردەکانمان بەرپرس بین مانایان هەیە؛ یان ئەگەر لە کار و کردەکانمان بەرپرس نەبین، لانیکەم، بۆ زۆربەیان هەستی بەرپرسیارێتیمان هەبێت (ئەمە دەتوانێ بەشێك بێت لەو شتەی کانت کاتی وەسفی وێنای ئازادی وەکو "وێنای عەقڵی" [٢١] رەچاوی کردبوو(بڕوانن بەشی ٢). گریمانی ئەوەی کە هەموو کار و کردەکانی مرۆڤ تێکڕا دیاریکراو و لە پێشەوە دانراون، پێچەوانەی هەستی دەروونیی مرۆڤەکانە. ئێمە لە ژیانی ئاساییدا سیستەمێکی روونکردنەوەی ئاڵۆزمان هەیە کە چەمکگەلێك چەشنی رق، پێزانین و سپاس، لێبووردن، هاندان، سزادان، عەشق و هتد دەگرێتەوە. چەمکی بڕیاردان خۆی (لێرەدا) ئاماژەی پێنادەین. ئەم چەمکانە لە روونکردنەوەی خود و دیتراندا گرینگتر لەوەن بتوانین

بۆ سوودی سیستمێکی روونکردنەوەیی بە تەواوی قەدەرگەرایانە چاوی لێداخەین.

سەرنجی ئەم نموونە بدەن: ماری میدلیی[٢٢] فەیلەسووف (لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا) نووسینەکانی رۆژانەی "دێنیس نیلسۆن"[٢٣]ی بکەری قەتڵ لێکدەداتەوە. بێبەریبوونی نیلسۆن لە سۆز و عەشق لە خولی منداڵیدا، دەقاودەقی ئەو وێنە شوناسییە[٢٤] بوو کە بە رای دەروونناسەکان جۆرێکی تایبەتی تاوانی لێدەکەوێتەوە. کەچی خوێندنەوە و هەڵێنجانی ماری میدلی لە نووسینەکانی رۆژانەی نیلسۆن دەربڕی ئەوە بوو کە ئەو وێنای نەبوونی ئازادیی بڕیاردانی سەبارەت بە خۆی لانەبوو. پێدەچێت ئەویش چەشنی هەموومان خاوەنی خۆوشیاری بووبێت. لە نووسینەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە دوو رێگەی چاك و خراپ لە بەردەمی خۆیدا دەبینێ. کە بیری لەوە دەکردەوە کەسێك بکوژێت یان نا، دەکەوتە "مشتومڕ لەگەڵ خۆ"ی و لە ئەنجامدا لایەنی شەڕ سەردەکەوت، بەڵام پێدەچێت لایەنی دیکەش دەیتوانی سەرکەوێت. بەڵێ دەیتوانی.

بە رای ماری میدلی هەندێ جۆری تایبەتیی بوارەکانی "دەروونناسی "، خۆ بە دەستی لایەنی شەڕەوەدان، بۆ تاك ساناترە دەکەنەوە، بەڵام خاڵی سەرەکی لای ئەو ئەمەیە کە بە پێی بەڵگەکان کەسانی تاوانبار (شرور) تەنیا ماشێنی بێبەری لە ئیختیار نین. نیلسۆن پێی وانەبوو ماشێنە. هەستی بەوە نەدەکرد کە بێئیرادەیە. ئەو لەو باوەڕەدابوو کە پاش دوودڵی لە نێوان ﴿هەڵبژاردنی﴾ لایەنی چاکە و خراپە ئازادانە دەستی داوەتە تاوان. رەنگە کەسانێك لایان وابێت ماری میدلی لەم نووسینە رۆژانەییانەدا هەمان شتی بینیوە کە مەبەستی بووە. بەڵام دەروونناسی جەخت لە راستبوونی روونکردنەوەکەی ئەو سەبارەت بە کردەی مرۆیی دە کاتەوە، بەڵام نەك بۆ روونکردنەوەی قەدەرگەرایی



زیادەڕۆیانە. هەمووومان ئەو کێشە و مشتومڕە ویژدانییەمان ئەزموون کردووە کە ئەو قسەی لێدەکات. هەر تاکێك ئەو باوەڕەی سەبارەت بە خۆی هەیە کە بە تەواویی ناچار و بێدەسەڵات نییە. ئیمکانی تاك بۆ گلەیی لە بەختی خۆ بە هۆی ئەو بابەتە نادڵخوازانەی روودەدەن، هەر چەنددەش بێت، هێشتا لە قووڵایی دەروونیدا باوەڕی بەوە هەیە لانیکەم لەمەڕ هەندێ شت هەڵبژاردنەکانی تاك خۆیەتی کە دژایەتی و ناکۆکی لێدەکەوێتەوە. سەرجەم ئەزموون و بینینەکانی رۆژانەمان و زۆربەی رەفتارەکانمان بەڵگەن بۆ ئەوەی ناتوانین دەست لە باوەڕ بە شتێك (تایبەت) داشۆرین، واتە بڕوا بەوەی خاوەنی توانایی ئازادیی کردەین؛ نیلسۆنیش سەرەڕای ئەو راستییەی کە رەنگدانەوەی خولی منداڵیی پێوە دیاربوو دەیزانی کە ئازادیی هەڵبژاردنی هەیە.

ئەو وێنای کە دەتوانین هەڵبژاردنێك بکەین کە هۆکردی هۆیەك نەبێت بە پێی پێویست نارێك نییە. ئەگەر نەك بەو مانا کە هەڵبژاردنەکانمان رێکەوتین، بەڵکو بەو مانا کە بە تەواوی و سەروبەر لەدەستی هۆکار و کەرەسەی بەدەر لە کۆنترۆڵی ئێمە دیارینەکراون شرۆڤە بکەین، وتەکانمان هێند بێجێگە نییە. ئێمە خۆمان هۆی هەڵبژاردنەکانین. هەڵبژاردەنەکانمان هۆکردی ئێمەن. بەکارهێنانی ئێختیار بریتییە لەوەی کە لە نێوان ئە و شێوازە بەدیلە واقیعییانەی بۆ ئەنجامی کردەیەك کەوتۆتە بەردەممان هەندێکیان هەڵبژێرین. پێویستە ئەم خاڵانە واقیعی بن. کەواتە — بۆ وێنە — بۆمان نییە ئازادانە بخوازین بێ سپڵ هەناسە بدەین. خاڵی واقیعی و بەناوونیشان ئەو خاڵەیە لانیکەم تا رادەیەکی نزم بۆ مرۆڤ ئیمکانی بەدیهاتن و بوونی هەبێت. لێرەدا پێویستە وەبیر بهێنرێتەوە کە مرۆڤ بە شێوەی سەرسووڕهێنەر خاوەنی هۆشی داهێنانە. چی دەبێتە هۆی واقیعیبوونی هەڵبژاردن؟ هەڵبژاردنی راستەقینە لە لایەن کەسێکەوە دێتە ئارا ﴿یان هۆکردی کەسێکە﴾ دەست دەداتە هەڵبژاردن.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە مرۆڤەکان بێگیان نین بەڵکو خاوەنی هێز و ورەن. ئەمە مەرجی توانستە هۆیەکییەکانیانە.

هەڵبەت پێویستە هەڵبژاردنی راستەقینە لە چوارچێوەی هەرەگشتی و گشتگری هۆیەکیدا ئەنجامبدرێت؛ کەوانەبێت چ ئاسەوارێکی پێوە نالکێت.

هەڵبژاردنی واقیعی وەکیتر هەڵبژاردنێکە تاك وەکو هەڵبژاردن و بەرپرسارێتی خۆی دابینێت. بە بڕوای ئێمە ئەمە لێکدانەوە و راچەیەکی جێی رەزامەندییە لەسەر ئیختیار کراوە. ئەو ئیختیارەی خستوومانەتە بەرباس «بوونی» جیهانێکی رێکەوتی بە حەتمی دانانێت، بەلاّم ئەم ئیمکانەش رەتناکاتەوە کە هەموو هەڵبژاردنەکانمان بەش بە حاڵی خۆیان لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی دەرەکیدا بن. رێگەیەکی سێهەمینمان بۆ دەرك و فامکردنی ئازادیی پێشڕەو لە بەردەمدایە، واتە ئەو رێبازەی بە تەئکید دەڵێ: کاتێ بوونەوەرانێکی گیانلەبەر و گرینگی (وەك مرۆڤ) بەرەوڕووی کەیس و بابەتی راستەقینە دەبنەوە کە بڕیار دەدەن وەکو هۆی سەرەتایی و ئەو ئاسەوار و کردانەی لێیدەکەوێتەوە، کردە بنوێنن. چەمکە روونکەرەوەو تیشکهاوێژە پێویستەکان لەوانە: بەرپرسیارێتی، سزادان، پێزانین، هاندان، لێبووردن، رق و بەخشین لەم واقیعە، واتە لە واقیعی توانایی ئاڵۆزی رووت و واقیعی هۆکارە دەسپێکە رووتەکانەوە سەرچاوە دەگرن.



## پەراوێزەکان

١- determinism

٢- genetic blueprint

٣- instincts

٤- randomness

٥- determined

٦- negative

٧- positive

٨- rigid

٩- not rigid

١٠- Stalin حاکمی بێئەملا و ئەولای سۆڤییەت کە لە ١٩٢٤وە بۆ ١٩٣٩ بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی خۆی بە ملیۆنان خەڵکی کوشتووە.

١١- Florence Nightingale

١٢- Ivan the Terrible، یەکەم تێزاری رووسیا کە ئێجگار دڵڕەق و سەففاك بوو، بەلاّم حکوومەتی رەهای خۆی بە سەر رووسیادا لە لایەن خواوە لە قەڵەم دەدا.

١٣-Francis Assisi، قددیسی سەدە ناوەڕاستییەکان کە لە شار و لادێکاندا یارمەتی خەڵك و تەنانەت ئاژەڵانی دەدا.

١٤- Calvinism

١٥- Pierre Simon Laplas

١٦- mechanics

١٧- neuroses

١٨- B. F. Skinner

١٩- agnostic

٢٠- methodology

٢١- Idea of Reason

٢٢- Mary Midgely

٢٣- Denis Nilsen

٢٤- *Identikit picture*

# بەشی پێنجەم

# بوونی شەڕ

بوونی شەڕ بە گشتی لای نەریتە خواناسییە تەوحیدییەکان پرسێکە کە بە پێی ئەو خواوەند، میهرەبانی ڕەها[1] و توانای ڕەهایە. ئایینی دیکەش هەیە کە خواکانیان نە ئێجگار بە توانان و نە ئێجگار خێرخواز. هەروەها ئایین هەیە دەڵێ زاتی خواکان لە ناسین نایەت؛ کەوابوو پێڕەوکەرانی ئەم ئایینانە "خوای نەناسراو" دەپەرستن.

ئایینی چەندخوایی[2] پێچەوانەی مەسیحییەت، یەهوود و ئیسلام بۆی هەیە هۆکاری بوونی شەڕ بە مشتومڕ و ململانێی نێوان ئەو خواوەندانە بزانێت کە نە توانای ڕەهان و نە خێرخوازیشن. هیوم پرسی شەڕ بەم شێوە تاوتۆی دەکات: ئەگەر بوونی شەڕ لە جیهاندا بە پێی ئیرادەی خواوەند بێت، کەواتە لەم حاڵەدا، ئەو خێرخواز نییە و ئەگەر بوونی شەڕ لە جیهاندا پێچەوانەی ئیرادەی خواوەند بێت کەواتە ئەو توانای ڕەها نییە. بەڵام شەڕ یا هاوئاسۆی ئیرادەی خوایە یان پێچەوانەیەتی. کەوابوو خواوەند یا خێرخواز نییە و یاخۆد توانای ڕەها نییە.

ئەنجامێکی سێهەمیش دێتە ئارا بریتی لەوەی کە خوا بوونی نییە. هیوم هەرگیز ئاوڕی لەم خاڵە نەداوەتەوە، بەڵام لە چەند بواری نووسینەکانیدا ئاماژە بەوە داوە کە چما ئەو وەکو هۆکاری نەبوونی هەبوویەك بە نێوی خوا چاوی لە پرسی شەڕ کردووە. بەم حاڵەوەش جارێ چاو لە ئەنجامی سێهەم دادەخەین.



**واقیعی شەڕ:**

ڕێگەچارەیەکی شیمانەکراو بۆ پرسی شەڕ، نکوولیکردنی واقیعی شەڕە. بەڵام بە دەستەوەدانی وەها وەڵامێك هێند قەناعەت هێنەر نییە. سست و لەقبووونی، لەگەڵ پێناسەکردنی شەڕ ئاشکرا دەبێت و بەزۆری لە نێوان ئەو شەڕەی لە مرۆڤ ڕوودەدات و ئەو شەڕەی مرۆڤ چ کۆنترۆڵێکی بەسەریدا نییە جیاکاری دەکەن. ئەو کارانەی مرۆڤ دژ بە مرۆڤی دیکە ئەنجامی دەدات و هەڵگری ڕەفتاری خراپە، وەکو ئەشکەنجە، بە شەڕی ئەخلاقی ناوزەد دەکرێت. وشکەساڵی، نەخۆشین و زەلزەلە لە ناوچە ئاوەدانەکان سەر بە بابەتی شەڕی سروشتین.

ئایا دەکرێ بانگەشە بکرێت کە دڵڕەقی، ئەشکەنجە، وشکەساڵی و نەخۆشین لە ڕاستیدا بوونی نییە؟ دەرد و ڕەنجی هاودەمی دڵڕەقیی مرۆڤەکان و نەخۆشینە سروشتییەکانە، بەتەواوی جێی متمانە و ڕاستەقینەیە. ژمارەیەك زانای خواناس پێ لەوە دادەگرن کە شەڕ لە بنەڕەتدا چەمکێکی زەینییە. ڕەنگە وشەکانی "خراپ"و" شەڕ" جگە لەوەی کە " من بۆ خۆم دژی ئازاردانی خەڵکم" واتایەکی دیکەی نەبێت، بەڵام لە نێوان خۆشویستن و خۆشنەویستن لە لایەکەوە و خێر و شەڕ لە لایەکی دیکەوە جیاوازی هەیە. خۆشویستن و خۆشنەویستن لە کەسەکاندا جۆراوجۆر و بگۆڕە. هەیە حەزی لێیە چایەکەی لەگەڵ شیر تێکەڵ بکات، هەیە حەزی لە شیر نییە و لەباتی ئەوە شەکری تێدەکات. کاتێك دەپەرژێینە سەر لێکدانەوەی شەڕ و خراپە، کەم تا زۆر دەچینە نێو هەرێمی چەمکێکی جیاوازەوە. بە گشتی ڕقمان لە شتێکە کە بە شەڕ دەیگرین، بەڵام نەك لەو مانا سەرپێییەی کە بۆ نموونە ڕقمان لە تووە فەرەنگی بێت. جگە لەمە، خەڵك هەمیشە ڕقیان لەو شتانە نییە کە بڕوایان بە شەڕبوونیان هەیە. هەندێ کەس لایەنگر و ویستیاری شتێکن کە بە شەڕ نێو

دەبرێ. بە هەرحاڵ، هانەی سەرەتایی شەڕبوونی شتێك یەکەم قۆناغ، خۆشویستن نییە. هۆکاری هەرە بنچینەییتر لە ئارادایە. خەڵك لەبەر هۆکاری گرینگ و جۆراوجۆر، نێوی شەڕ دەدەنە پاڵ نەخۆشی یا قاتی و وشکەساڵی یان کوژرانی مەزڵوومانە. لەوانەیە بڵێن ئەم شتانە دەق و ڕێکێتی جیهان دەشێوێنن و شتێك نییە بەڕێوەبەرێکی خێرخواز لە بەدیهێنانی جیهاندا دایڕشتبێت. ڕاست نییە کە ئەوان پاش ڕوودانی تاوان، ڕقیان لە ئەندێشەی تۆڵەستاندن بێت.

## ئایا شەڕ نەرێنییە یان ئەرێنی؟

هەندێ فەیلەسووف لایان وابوو شەڕ پۆزەتیڤ [3] یان ئیجابی (ئەرێنی)نییە، بەڵکو نەبوونی خێرە. هەر بۆیە "ئیبنی مەیموون"[4] دەنووسێ:

**مەرگ بۆ مرۆڤ خراپە، بەڵام بریتییە لە نەبوونی بوون. بەو چەشنەی نەخۆشی، هەژاری و نەزانی شەڕن. بەڵام هەموویان هەبوونی بوونی چۆنێتییەکی تایبەتن.**

ئەو بەمچەشنە درێژە دەدا:

**مرۆڤ بۆی** نییە **بڵێ خودا** شەڕی خەلق کردووە، **ئەمە بەتەواوی لە وێناکردن بەدەرە. . . چونکە، تەنیا ئەو خالقی بوونە و هەر بوونێك خێرە. هەموو خراپەکان سەر بە نەبوونن و ناچنە خانەی خەلقکردنەوە.**

ڕەنگە قایل بین بەوەی کە بۆ نموونە شەڕ لە جۆری کوێری، تەنیا بریتییە لە نەبوونی بینایی؛ بەڵام مەرج نییە هەر نەبوونێك شەڕ بێت. قسەیەکی پڕووپووچە کوێری لەبەر ئەوەی نەبوونی بیناییە بە شەڕ دانێین. لە لایەکی دیکەشەوە کەسانی تووشبوو بە مالاریا تەنیا نەکەوتوونەتە بەر نەبوونی سەلامەتی یاخۆد جۆرێکی دیکەی نەبوون. مالاریا بریتییە لە زۆریی نەك نەبوون؛ واتە زۆربوونی بوونەوەری هەرە وردیلە بە نێوی **پلاسما**[5] لە نێو خوێندا.



ناڕەزاییەکی دیکە ئاراستەی تیۆری نەبوون (عەدەم) کرابێت، دانانی شەڕە وەکو هێزی هۆیەکی. وا بەڵگاندن بکرێت کە نەبوون یان عەدەمی شتێك ناتوانێ هۆکاری چ شتێك بێت. بەڵێ ئێمە تەنانەت ئەگەر شانازی بە خۆشمانەوە بکەین کە بەرز و بالاتر لە وەین بڕوامان بە ڕۆحە شەڕەکان هەبێت، بەمحاڵەوەش لامان وایە کەسانێك وەکو هیتلەر و ستالین هۆکاری شەڕێکی تۆقێنەر بوون و ئەم شەڕانە بەشبەحاڵی خۆیان بوونە هۆی شەڕی دی. لەو ڕووەوە کە ئەم دوو کەسە و ئەو بارودۆخەی ڕەخساندیان بوونە هۆی شەڕی دیکە، پێدەچێت نە ئەم پیاوانە و نە شەڕبوون و شەڕنواندنیان و نە بەر و بەرهەمی شەڕەکانیان ناتوانن تەنیا و تەنیا سلبی بوونی ڕووت یاخۆد نەبوونی بابەت و پرسی تایبەت بن. کەچی بە شێوەی ڕەها پێویست نییە عەدەمەکان نەتوانن هۆی شتێك بن. ئەگەر نەبوون (عەدەم)ە کان و نەرێکردنەکان (نەفی) بە ڕاستی دەتوانن هۆکار بن، لەم حاڵەتەدا تاکی لایەنگری جیددیی ئەو تیۆرەی کە شەڕ وەکو نەبوونی خێر پێناسە دەکات، هێشتا دەتوانێ بڵێ شەڕەکانی ڕایشی سێهەم[6] و شەڕنواندنی دەست و پێوەندەکانی جگە نەرێکردن و نەبوونەکان نەبووە. لەوانەیە ئەم خۆی لە خۆیدا لە پەسەنکردن نەیەت کە خۆی بابەتێکی جیاوازە.

ڕەنگە تیۆریی عەدەم ئەنجام لە چارەسەرکردنی پرسی شەڕ دامابێت. چونکە تیۆریی عەدەم تەنیا شێوازێکی نوێی پرسەکەی لێدەکەوێتەوە. ئەگەر بەڕاستی شەڕ تەنیا نەبوونی خێرە، هێشتا ئەم پرسیارە گەڵاڵە دەکرێت کە بۆچی هۆکارەکەی چییە کە ئەم عەدەمە ترسێنەرانە ڕوو دەدەن. ئەگەر خواوەند خێرخوازی ڕەها[7] و توانای ڕەهایە بۆچی ئەم نەبوونە ترسێنەرانە بەرەوا دەزانێ؟

## خێرخوازی و دەسەڵات:

ئایا خێرخوازیی خواوەند جیاوازە لە خێرخوازیی مرۆڤ؟ ئاخۆ دەکرێ بە پێی پێوەرە مرۆییەکان داوەری بکرێت؟ گریمان لەسەر ئەم خاڵە کە خێرخوازیی مرۆڤ و خێرخوازیی خواوەند جیاوازن کۆك بین ئاخۆ ئەمە ڕێگاچارەییەك بۆ پرسی شەڕ بەدەستەوە دەدات؟ ڕێگەچارەی گریمانکراو ئەم پرسیارە دێنێتە بەرکار کە ئاخۆ ئەو خواوەندەی لە مانای باوی وشەدا خێرخواز نییە شیاوی پەرستنە؟ بەپێی چەمکی باو و پێناسەکراوی خێرخوازی، دوور دیارە خوایەکی خێرخواز دەرد و شەڕی تۆقێنەری جیهانی ئیمزا کردبێت یان بە ڕەوای دانابێت. ئەگەر کەسێ کۆمەڵێ منداڵ لە شوێنێکدا بەند بکات و تا ئاستی مردن بەبرسێتی بیانهێڵێتەوە، ئەم کەسە دەنێردرێتە شێتخانە یان لە کۆت و بەند دەیبەستینەوە و کلیلەکەشی لەبەردەستی لادەبەین. کەچی چۆن خواوەندی توانای ڕەها بە ڕەوای دادەنێت هەموو ڕۆژێك منداڵانێکی زۆر بەهۆی وشکەساڵی و برسێتییەوە بمرن؟ هەروەها ئەم پرسیارەش دێتە ئارا کە ئایا ئەم بانگەشە لەگەڵ بڕگەیەکی سیفری بەدیهاتن[٨] کە دەڵێ خواوەند مرۆڤی بە شێوەی خۆی خەلق کرد، سازگارە؟ زانایانی خواناسی(و ژمارەیەکی زۆری ئیماندارانی ئاسایی و ناپسپۆڕ) دەڵێن هاوشێوەیی و وێکچوویی نێوان خوا و مرۆڤ وێکچوونی جەستەیی نییە، بەڵکو مەبەست زیاتر وێکچوویی ڕۆحانییە، واتە وێکچوویی لەڕووی خۆوشیارییەوە . ئایا لەم حاڵەتەدا دەبێ شرۆڤەی پەسەنکراوی سیفری بەدیهاتن ڕەتبکەینەوە؟ دەیڤید هیوم جارێك دەڵێ وێنای ئەوەی کە خواوەند دەتوانێ شتێکی هاوشێوەی مرۆڤ بێت بەتەواوی هەڵەیە:

**ئایا مومکینە. . . هێشتا بتوانن بڕوای پتەوتان بە باوەڕەکەتان ﴿واتە﴾ وێکچوویی[٩] هەبێت و جەخت لەوە بکەنەوە کە خەسڵەتە ئەخلاقییەکانی خواوەند واتە دادوەری، خێرخوازی، دلۆڤانی و ڕاستی، لە زاتدا هەمان هاوجنسی مرۆڤە مەخلوقەکان بێت؟ دەزانین دەسەڵاتی ئەو بێکۆتایە. ئەوەی**



**ئیرادەی بکات بەدیدێت، بەڵام نە چ مرۆڤێك شادە [١٠] و نە چ ئاژەڵێك؛ کەوابوو ئەو ویستیاری شادیی ئەوان** نییە.

با ئێستا ئەوەی "سی. ئێس. لووئیس[١١]" لە کتێبی خۆی بەنێوی "**پرسی ڕەنج**"[١٢] سەبارەت بە شەڕ دەیخاتە بەرباس، ڕەچاو بکەین. لووئیس دەڵێ: ئەگەر بمانەوێ پارادۆکسی ڕواڵەتیی پەیوەست بە خوایەکی خێرخواز و توانای ڕەها بە بوونی شەڕی نێو ئەم جیهانە چارەسەر بکەین، پێویستە دەست لە چەشنی خوێندنەوەی مەسیحیی سەبارەت بە بەزەیی[١٣] خواوەند هەڵگرین؛ بۆچوونێك ﴿گوایە﴾ بانگەشە دەکات گرێدراویی بەهێزی بە چەمکی میهرەبانییەوە[١٤] هەیە.

**ئێوە ویستیاری خواوەندی میهرەبانن: یەکێکتان هەیە، خێرخوازێکی بەساڵاچوو کە بەهۆی تەمەن و سستییەوە داواتان لێدەکات بەشێوەی تایبەتی خۆتان شاد بن و نە بەمەبەستی مرۆڤدۆستی(١٥)ی سارد و سڕی دادرەسێکی بێویژدان.** . . بەڵکو ئاگرێکی بێ‌ئامانە[١٦]، ئەو عەشقەی جیهانی خەلق کرد، هەمیشەییە چەشنی سۆزی هونەرمەندێك بۆ بەرهەمەکەی. . . بە غیرەت، حەتمی و تاقەتپڕکێن وەك سۆزی نێوان عاشق و دڵدار.

ئەم ڕێبازە گرژ زیادەڕۆیانەیە. ئەگەری پڕاوپڕ هەیە کە سۆزداری ڕێك یەکسان نەبێت بە میهرەبانی. بەڵام تەنانەت وێکچوویی " ئاگری بێ‌ئامان "ی لووئیس لەو مانادا کە ئێمە بەزۆری لەمەڕ سۆزدارییی دەرکی دەکەین ئێگجار کەمە. ئایا لەم حاڵەتەدا دەبێ بگەینە ئەو ئەنجامەی کە خواوەند خێرخوازە، بەڵام توانای ڕەها نییە؟ هیوم بەتاسەوە دەڵێ لەوانەیە کاری ئەو خودایەی ئەم جیهانەی نەخشەکێشاوە کەموکورتی و ناتەواویی بووبێت و دەبوو هونەرەکەی لەسەر شتێکی دیکە داڕشتبا. دەڵێ: ڕەنگە خوای بەدیهێنەری جیهانی ئێمە خوایەکی بەساڵاچوو و بەتەمەن بێت ، یان ڕەنگیشە " خوایەکی کەم تەمەن " بێت کە هێشتا خەریکی ئەزموون و بەدەستهێنانی لێهاتوویی و شارەزاییە.

## لایبنیتز و چۆلتەر:

لایبنیتز [17] (١٦٤٦-١٧١٦) ئەم پرسەی بەدیوی پێچەوانە خستۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. بەپێی بەڵگەهێنانەوەی ئەو، لەبەر ئەوەی خواوەند دەبێ خێرخواز و توانای ڕەها بێت، ئەنجام پێویستە هەر جیهانێك کە خەڵقی دەکات باشترین جیهانی مومکین بێت، کەوابوو ئەو جیهانەی ئێمە تێیدا دەژین دەبێ " باشترین جیهان لە نێوان هەموو جیهانەکاندا " بێت.

چۆلتەر [18] (١٦٩٤-١٧٧٨) لە ڕۆمانی " **کاندید** " [19] دا لە قاڵبی کەسایەتیی دوکتۆر پانگلۆس [20]دا گاڵتە بە لایبنیتز خۆی دەکات. لەم بەرهەمەدا کاندیدی قارەمانی داستان بە ئامۆژەی پانگلۆسی و بەدەربڕینی باشتر، لایبنیتز قایل دەبێت و لە جیهانێکی بەرفراواندا عەوداڵی بەختی خۆیەتی و سەفەر دەکات؛ زنجیرەیەکی بێکۆتای دۆڕان ئەزموون دەکات. بەڵام بەردەوام هەوڵدەدات بەبیرهێنانەوەی فێرکارییەکانی پانگلۆس خۆی هێمن بکاتەوە. لە حاڵێکدا دۆڕانەکان یەك لە دوای یەك بەرەوڕووی دەبنەوە، ئەم ئامۆژانە هەردەم گاڵتە جاڕانەتر دەردەکەون.

## خێر و شەڕ و ئیختیار:

ڕەنگە پەسەنکراوترین جۆری ڕێگەچارە یان هەوڵ بۆ بەدەستەوەدانی ڕێگەچارەیەك، ئەو ڕێگەچارە بێت کە پێوەندیی بە ئیختیاری مرۆڤەوە هەیە. بەپێی ئەم ڕێگەچارە پێشنیارکراوە، شەڕ پێویستیی بوونی ئیختیاری مرۆڤە. وەها بەڵگاندن دەکرێ: ئەو جیهانەی بوونەوەرانی خاوەن ئیختیاری لەخۆگرتبێت، لە ڕووی هەندێ لایەنی گرینگەوە چرتر و ڕەنگاوڕەنگتر لە جیهانێکە تەنیا بریتییە لە مرۆڤی ماشێنیی میهرەبان. ئەگەر مرۆڤەکان هەمیشە چاك ببوایەن، تەنیا بەهۆی خەلقکردنیان لە سەداسەد بەپێی یاساکانی



خواوەند خۆی دەبوو. لەم حاڵەشدا لەو ماشێنە پەتییانە دەچوون کە بەشێوەی خۆبزێو (ئۆتۆماتیك) سەرقاڵی کردەی خێر دەبوون.

کەوابوو، بوونی ئیختیاری مرۆیی شەڕی ئەخلاقیی دیاریدەکات و بەهای ئازادیی، تێبینیی بۆ ئیرادەی خواوەندە بۆ ئافراندنی مرۆڤە ئازادەکانە؛ واتە ئەو مەخلوقانەی توانای هەڵبژاردنیان هەیە لە نێوان خێر و شەڕدا.

بەم حاڵەوەش دەبێ بگوترێ **یەکەم** تەنانەت ئەگەر ئیختیار بەم شێوە، هەم ڕوونکردنەوەیەك سەبارەت بە بوونی شەڕ بەدەستەوە دەدات و هەم تێبینی بۆ ئاراستە دەکات، پێناچێت بتوانێ برێکی زۆر شەڕ ڕوونبکاتەوە. ئایا نەدەبوو هاوکاتی خاوەندارێتیی ئازادی شەڕێکی کەمترمان هەبێت؟ دەرکەوتە دەروونییەکان پێمان دەڵێن، شەڕی نێو جیهان ئێگجار زیاترە لە بڕی پێویست بۆ گەرەنتیکردنی ئیختیار.

**دووهەم**، وەڵامی پێشنیاردراو؛ شەڕە سروشتییەکان؛ لافاو، وشکەساڵی و قات و قڕی و نەخۆشییەکان ڕوونناکاتەوە. ئەگەر ئێمەی مرۆڤ ئازادین کەواتە بێگومان دەبێ توانایی جیاکاری و هەڵبژاردنمان لە نێوان خێر و شەڕدا ببێت. بەڵام بەگشتی هەندێ شەڕ چەشنی قات و قڕی، نەخۆشی، وشکساڵی، لافاو و گەردەلوول و زەلزەلەکان، تەنانەت بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی مرۆڤ نین. بەپێی ئەنجامەکەی هیوم زاتی خواوەند بۆ ئێمە نەناسراوە و ناتوانین بیناسین. نە بۆمان هەیە خەسڵەتەکانی خواوەند بناسین و نەپێوەندییەکانی نێوان ئەم خەسڵەتانە.

## بێ بڕوایی [21] و شەڕ:

هەڵبەت لای ئەوانەی بێئیمان یان بێبڕوان، پرسی شەڕ گرینگ نییە. جیهان بەپێی ڕێکەت شەڕی تێدایە. واتە ڕاست بەو چەشنەی بە پێی ڕێکەوت هەندێ

شت بوونیان هەیە و جگە لەمە ناکرێ بگوترێ. لەولاشەوە کۆمەڵێك تازە بێئیمان و بێ بڕوا هەن دەڵێن بوونی شەڕێك ئەوشتە بوو سەبارەت بە حەقیقی و لەسەر حەق بوونی بێئیمانی قەناعەتی پێهێناون. بەڵام پرسی وەك دەڵێن شەڕ بناغەیەکی بە تەواوی جێی متمانە بۆ بێئیمانی نییە. لە راستیدا هەندێ جار ئەم پرسە وەکو هۆکارێکی گرژ و بە تەوژم بۆ نەبوونی خوا دێتە ئەژمار، بەڵام ئەوەی راستی بێت هۆکاری گرژ و بەتەوژم چ گریمانێکی [٢٢] تایبەت نییە. دەکرێ پرسی سەرەکی بە شێوەی ئەم سێ خاڵەی خوارەوە بەیان بکرێت:

شەڕ بوونی هەیە.

خواوەند میهرەبانی رەهایە.

خواوەند توانای رەهایە.

یەك بەرامبەر یەکتر ناسازگار و دژ بە جەمبەستنن [٢٣]؛ واتە دووبەدوو دەتوانن راست بێنەوە، بەڵام هەر سێیان پێکەوە نا. ئەگەری بەدەستەوەدانی گەلێك پرسیار هەیە. ئەگەر ئەزموون دەمانگەیێنێتە رەتکردنەوەی وەڵامی یەکەمی خوارەوە، هێشتا چەند خاڵی دیکەشمان لە بەردەمدایە. کەوابوو بێئیمانی (واتە وەڵامی دووهەمی خوارەوە) مان بەسەردا ناسەپێت. هەرچەند رەنگە خاڵەکانی دیکەش باشتر نەبن. زۆربەی وەڵامە مومکینەکان ئەمانەن:

١- شەڕ بوونی نییە.

٢- خوا بوونی نییە.

٣- هەم شەڕ بوونی هەیە و هەم خواوەند؛ ئەو میهرەبانی رەهایە، بەڵام توانای رەها نییە.

٤- هەم شەڕ بوونی هەیە و هەم خواوەند؛ ئەو توانای رەهایە، بەڵام میهرەبانی رەها نییە.



٥- هەم شەڕ بوونی هەیە و هەم خواوەند؛ بەڵام نە میهرەبانی رەهایە و نە توانای رەها.

٦- خوا بوونی هەیە بەڵام ئێمە توانای دەرك و ناسینی زاتی ئەومان نییە.

٧- چ پرسێك لە ئارادا نییە؛ خێرخوازیی خواوەند و دەسەڵاتی ئاشکرای ئەو و بوونی ئاشکرای شەڕ دووبەدوو سازگارن، بەڵام جۆری سازگارییان سڕ و رازێکە بانتر لە ئاوەز و دەرکی مرۆڤ.

## پەراوێزەکان

١- all-loving
٢- polytheism
٣- positive
٤- Maimonides
٥- plasmodium
٦- Third Reich
٧- all- benevolent
٨- *Genesis*
٩- anthropomorphism
١٠- happy
١١- C. S. Lewis
١٢- *the problem of pain*
١٣- love
١٤- kindness
١٥- philanthropy
١٦- consuming fire
١٧- Leibniz
١٨- Voltaire



١٩- *candide*
٢٠- Dr. Pangloss
٢١- atheism
٢٢- thesis
٢٣- mutually inconsistent

## بەشی شەشەم

# پرسی مەعریفە

مەبەستمان کاتی بانگەشەی ناسینی شتێ چییە؟ پێوەندی ناسین لەگەڵ حەقیقەت و هەڵە، یاخود لەگەڵ باوەڕ و هۆکار چۆناوچۆنە؟

### ناسین، حەقیقەت و هەڵە:

ئاخۆ مرۆڤ دەتوانێ سەبارەت بە شتێ کە راست نییە زانستی هەبێت؟ بۆ وێنە خەڵك بە درێژایی چەندین سەدە لایان وابوو تەنیا حەفت هەسارە بوونیان هەیە. پاشان دەیانگوت ژمارەی ﴿ئەو﴾ هەسارانە هەشتە. لە راستیدا(ئەوەی ئێمە بزانین) نۆ هەسارە بوونی هەیە. ئایا پێشووییان کە وێنایان دەکرد حەفت هەسارە بوونی هەیە ئاگایان لە ژمارەی هەسارەکان بووە؟ زیاتر پێدەچێت ئەوان تەنیا وێنایان دەکرد کە دەزانن.

بڕوای پێشووییان لەسەر حەفت هەسارە بوو بەڵام زانستیان سەبارەت بەم مەسەلە نەبوو، چونکە راست نەکەوتەوە. بیروباوەڕەکان دەتوانن راستگۆ یان هەڵە و درۆیین بن، بەڵام مەعریفە ناتوانێ درۆ و هەڵە بێت. باوەڕی درۆ بە مەعریفە نایەتە ئەژمار.

بە پێی تیۆرێکی کۆن، مەعریفە بۆی نییە درۆ (هەڵە) بێت؛ لەبەر ئەوەی مەعریفە وزەی هەڵە هەڵنەگر یان دۆخی هەڵەهەڵنەگری زەینە. بە پێی تیۆری تازە؛ مەعریفە بۆی نییە درۆ (هەڵە) بێت. چۆن پێناسەی وشەی "مەعریفە" جۆرێکە وەکو هۆکاری دژوازبوونی وێنای مەعریفەی هەڵە خۆ دەنوێنێ. ئەم



دوو تیۆرە لە راستیدا پێکەوە سازگار نین، چونکە واقیع ئەمەیە کە هەم مەعریفە بە پێی پێناسەکەی راست بێت و هەم بە دۆخی هەڵە هەڵنەگری زەین بژمێردرێت. وا گریمان دەکەین کە مەعریفە بە پێی پێناسەکەی راستە. هەڵەهەڵنەگریی [١] ناخەینە بەرباس.

### مەعریفە، حەقیقەت و هۆکارەکان:

پێویستە مەعریفەی مرۆیی پێوەندییەك لەگەڵ تواناییەکانی زەیندا ببەستێت. دەبێ مەعریفە دۆخێکی زەین یاخود چەشنێ ویستی زەینی بێت. زێدەتر لە باوەڕ یان بڕوا دەچێت. هەرچەند باوەڕ، وەکچۆن بینیمان، یان دەتوانێ راست و راستگۆ بێت یان درۆ و هەڵە؛ لە حاڵێکدا کە مەعریفە پێویستە راست بێت. بەپێی تیۆرێکی کۆن کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتوون، مەعریفە یەکسانە بە باوەڕ یان بڕوای راست. بەم حاڵەوەش، بە رای ئەفلاتوون ئەم تیۆرییە هێندە تەواو نییە. لەبەر ئەوەی رەنگە بە شێوەی رێکەوتی باوەڕ بە حەقیقەتێك بێنین. نموونەی ئەفلاتوون خۆی بە پێی گفتوگۆی مێنۆن[٢] بەم شێوەیە: گریمان دەخوازن سەفەر بۆ لاریسا[٣] بکەن. لە دووڕییاندا تووشی پیاوێك دەبن و لێی دەپرسن کام رێگا دەگەیەتە لاریسا؛ رێگای لای راست یان رێگای لای چەپ؟ ئەم کەسە نازانێ  کام رێگا دەگەیەتە لاریسا. بەڵام چەشنی ئەو ئیرلەندییە بە ناوبانگە دەیهەوێ یارمەتیتان بدات. کەواتە مەزەندەیەك دەکات و بە دڵنیاییەوە دەڵێ: "رێگای لای راست". ئێوە ملی رێگای لای راست دەگرن و پاش ماوەیەك دەگەنە لاریسا. چونکە مەزەندەی ئەو کەسە راست بوو ئەنجام: ١) ئەوەی کە رێگای لای راست گەیشتە لاریسا راست بوو. ٢) ئێوە بڕواتان بەمە بوو. کەوابوو ئێوە باوەڕ و بڕوایەکی راستتان هەبوو.

بەڵام ئەفلاتوون پێیوایە ئەم باوەڕە راستە تایبەتە نموونەی مەعریفە یان ناسین نییە. ئێوە بەڕاستی زانیاریتان لە بارەی ئەو رێگاوە کە دەچوو بۆ لاریسا نەبوو، بەڵکو لەبەر بەختی باش گەیشتبوونە ئەوێ. کەوابوو ئەو توخمێکی دیکەش بە وەسفی خۆی لە مەعریفە زیاد دەکات. بە گوتەی ئەو، مەعریفە باوەڕێکی راستە هاوڕێی هۆکار. ئەگەر کە سی "A"زانیاریی سەبارەت بە شتێك بۆ وێنە"B"هەیە لەم حاڵەدا ١)"B"دەبێ راست بێت. ٢) دەبێ "A" باوەڕی بە "B"ببێت. ٣) دەبێ"A"هۆیەکی باشی بۆ بڕوا بە "B" لابێت. سەبارەت بە رێگای لاریسا هۆیەك لە ئارادا بوو بەڵام هۆیەکی لاواز بوو. ئێوە باوەڕتان بە نەناسیاوێکی میهرەبان، بەڵام ساویلکە و سادە هەبوو کە بۆ خۆیشی لەسەر ئەو رێگایانە زانیاریی نەبوو. رەنگە ئەم سێ بەشییەی مەعریفە چاکترین شیکاری بێت بەڵام لەو رووەوە کە گیروگرفتی چڕ و ئاڵۆزی لێدەکەوێتەوە زۆر جار کەوتۆتە بەر رەخنە.

## زانستی چییەتی و زانستی چۆنێتی:

وەرن چەند پرسیار سەبارەت بە باوەڕ بوروووژێنین. ئایا مرۆڤ بە راستی دەبێ بەو هۆوە باوەڕی بە شتێك بێت کە لە بارەیەوە زانست و زانیاریی هەیە؟ ئایا ئێوە باوەڕتان بە هەموو ئەو شتانە هەیە کە دەیزانن؟ بێگومان وەڵام "نا"یە. مەگەر تیۆرێکی بنەبڕی لاواز سەبارەت بە مەعریفە پەسەن کرابێت. مەعریفەی حەقیقی هەڵگری لێهاتوویی کردەوەییە. لەوانە زانستی چۆنێتی کارکردن بە مەکینەی دروومان، چۆنێتی پاسکیل سواری، چۆنێتی چاککردنی دەلاقەی شکاو و شێوازی تەزویری چەك. مەعریفەی کردەوەیی بریتییە لە زانستی چۆنێتی[٤]. هەندێ مەعریفەی کردەوەیی غەریزین، بۆ وێنە منداڵی ساوا دەزانێ



چۆن بگری و ماسی دەزانێ چۆناچۆن مەلە بکات. زانستی چۆنێتی بە گشتی پرسێکی تایبەت بە توانایی ئەنجامدانی کردەیەکە. زانستی چۆنێتی جیاوازە لە زانستی چییەتی (٥). چۆن زانین (زانستی چۆنیەتی) بریتییە لە خاوەنایەتی چەشنێ بەهرە. چیزانین (زانستی چییەتی) ، واتە خاوەنایەتی بڕێ زانیاری. خاوەن زانیاری بوون بۆ ئێوەی مرۆڤ بە زۆری بەم مانایە کە باوەڕتان بەو زانیارییانە هەیە. بەڵام خاوەن لێهاتوویی بوون بەو مانا نییە کە باوەڕتان بەو لێزانینە هەیە، چونکە بڕوا یان باوەڕ بە لێهاتوویی یان لێزانین بێمانایە. دەتوانن باوەڕتان بەوە بێت کە لێهاتوویتان ﴿ لە شتێکدا ﴾ هەیە یان نیتانە، بەڵام ناتوانن باوەڕ یان بڕواتان بە لێزانین یاخود لێهاتوویی هەبێت.

ئەگەر پشتڕاست کرایەوە کە لێهاتوویی کردەوەیی چەشنێ مەعریفەیە، ئەو ئەنجامە هەڵناهێنجرێت کە هەر مەعریفەیەك پێویستی بە باوەڕ هەیە.

## سێجۆر مەعریفەی ناوشیارانە:

پێدەچێت چەند جۆری"زانستی چییەتی" ناخۆوشیار یان ناوشیارانە یـاخود نەهێنییە. روون نییە مەعریفەی ناوشیارانە یان شاراوە بەحەتمی هەڵگری بـڕوا یان باوەڕ بێت. پێویست نییە تێکەڵاو بە ئاڵۆزی و تیکچڕاژاوییەکانی تیـۆریی فرۆید (٦) سەبارەت بە خودی ناخوۆوشیار بین، چەند نموونەی ساناتری ناسـینی ناوشیارانە بوونی هەیە:

١- بەشی زۆری مەعریفەی چۆنییەکیی رۆژانە بۆ ماوەی زۆر (لە پێشتخانی زەین)دا[٧] شاراوەیە. چ هۆیەکی تایبەت بۆ رامان لەمەڕ ئەو شتانەی ساڵانێکە دەیانزانین لە ئارادا نییە. بەم حاڵەوەش، لەگەڵ ورووژاندنیان چ گرفتێك بۆ وەبیرهێنانەوەیان نایەتە گۆڕێ. وادیارە جۆری زانستی ناوشیارانەی باو چ پێوەندییەکی لەگەڵ ئەو باوەڕانەکە وشیارانە بڕوامان پێیان هەیە نییە؛ لەبەر

ئەوەی ماوەی بەنهێنی مانەوەی ئەم ناسینە ئێگجار زیاتر لەوەیە دەقاودەقی باوەڕەکان بێتەوە. ئاخۆ ئەمە چ گرینگییەکی هەیە؟ ئەگەر دەتوانین وێنای مەعریفەی ناوشیارانە پەسەن بکەین، بێگومان دەتوانین وێنای باوەڕی ناوشیارانەش پەسەن بکەین. کەوابوو تەنیا ئەو راستییەی کە پێدەچێت بڕێ ناسین ناوشیارانە بن مەرج نییە هۆکاری مانی ئەم پرسیارەش بێت کە ئایا مەعریفە واتە زانستی چییەتی پێویستی بە باوەڕ هەیە یان نا.

٢- ئێستە لە دەسچوونی کاتیی هۆش (حافیزە) رەچاو بکەن کە بە سانایی و بە ورووژاندن ناسڕدرێتەوە. لێرەدا، نە مەعریفەیەکی وشیارانە هەیە نە باوەڕێکی وشیارانە. بەم حاڵەوەش زۆربەی جار کە شتێك بۆ وێنە نێوی کەسێکی ناسیاو و ئاشنا فەرامۆش دەکرێ مرۆڤ هەست دەکات کە لە راستیدا ئەم شتە لە بیرکراوە دەزانێ. ئەو تەعبیرەی بۆ دەربڕینی وەها حاڵەتێك کەڵکی لێوەردەگرین " لە نووکی زمانمدایە " یە. مرۆڤ دەتوانێ بە تەواوی دڵنیا بێت کە لە دەسچوونی هۆش کاتییە.

بەڵام ئەگەر لە ئاکامدا دەرکەوت کە لەدەسچوونی هۆش هەمیشەییە چی؟ ئەگەر هەرگیز نەتانتوانی ئەو ناوە فەرامۆش کراوە بێننەوە یاد چی؟ بێگومان لەدەسچوونی هۆش چ جیاوازییەکی لەگەڵ لە دەسچوونی زانستدا نییە. راستییەکە چیدی گرێدراوی زانست نییە. هەرچەند لەوانەیە کاتێك کەسێ بە شێوەی کاتی شتێکی لە بیر چۆتەوە (کاتی، چونکە دێتەوە یاد) هەستێکی تایبەتی ببێت، بەڵام چ گەرەنتییەك نییە کە ئەو هەستە خۆی هەڵە نەبێت. چونکە هەست بەوەی کە شتێ " لە نووکی زمان"تدایە پڕاوپڕ گەرەنتی ئەوە ناکات کە ئەنجام و لە کۆتاییدا ئەو زانیاریانەت دێتەوە یاد یان نا. کەواتە بێگومان ناکرێ بیربکەینەوە کە فەرامۆشی هەمیشەیی نەبێت. کەواتە، ئەنجام ئێوە ناتوانن دڵنیا بن کە " بەڕاستی " ئەو ناوە فەرامۆشکراوە دەزانن. کەوابوو



ئەم جۆرە ناسینە ناوشیارانە، مەعریفەیەکە ناتوانن دڵنیا بن لەوەی کە هەتانە؛ تەنیا رووداوەکانی داهاتوو بابەتەکە روون دەکەنەوە، بەڵام ئەمە رەنگە هەمان شتە کە مەعریفەی ناوشیارانە دەبێ لەو بچێت، لەهەرحاڵدا ئەمە نایسەلمێنت کە باوەڕی (ناوشیارانە) بەشێکە لە مەعریفەی ناوشیارانە یان نا.

٣) نموونەیەکی دیکەش هەیە؛ هەرکەس هەندێ زانیاری هەیە کە هیچ کات بیری لێیان نەکردۆتەوە. ئەگەر ئێوە چ کات لەمەڕ بابەتێکی شیمانەکراو بەو رادەی داتانناوە نازانن  بێگومان بۆتان نییە چ باوەڕ یان بڕوایەکتان پێی هەبێت. ئەوەی کە هەرگیز بیر لە شتێك نەکراوەتەوە جیاوازە لەوەی کە رامانی لە سەر کراوە و پاشان فەرامۆش کراوە. خەڵك گەلێك شتی فڕ و فیشاڵ دەزانن کە لە بنەڕەتدا هەرگیز پێی قایل نەبوون. بۆ وێنە ئێوە دەزانن کە بەری زەماوەند و تێکەڵبوونی دار بەڕوو و کیسەڵ نین. دوێنێ، پێش خوێندنەوەی ئەم گوتە کەنینییە لەم لاپەڕەدا، ئایا وشیارانە بڕواتان بەوە بوو کە «من بەری زەماوەندی نێوان دار بەڕوو و کیسەڵ نیم؟ » بێگومان نا. ئێوە بە شێوەی شاراوە و ناوشیارانە ئەمەتان دەزانی، بەڵام چ باوەڕێکی وشیارانە بەرامبەر بەم ﴿بابەتە﴾لە ئارادا نەبوو. ئایا باوەڕێکی ناوشیارانە بەرامبەر بەمە بوونی بوو؟ ئەمە لەڕادەبەدەر سەیروسەمەرەیە. ئاخێزگەی ئەم باوەڕە وشیارانە کوێیە؟ ئایا سەردەمانێك باوەڕێکی وشیارانە بووە؟ چۆن دەتوانن باوەڕ بە بیروڕایەك بێنین کە هەرگیز لە زەینتانی نەداوە؟

ئەم چەشنە مەعریفە ناوشیارانە پێوەندییان بەوحەقیقەتانەوە هەیە کە زیاتر بەرەو نێگەتیڤبوونن و بە شێوەی لۆژێکیی بەری حەقایقێکی دیکەن کە زانیاریی وشیارانەمان لەبارەیانەوە لایە. لەم نموونە باسکراوەدا ئەو راستییەی کە ئیۆە بەری زەماوەندی نیوان دار بەڕوو و کیسەڵ نین ئەنجامی ئەو حەقیقەتەیە کە مرۆڤەکان تەنیا بە ناوکۆی ماددەی ژنتیکیی مرۆییەوە بە

دیدێن. ئێوە خۆتان حەقیقەتی زاوزێی مرۆڤ باش دەزانن. دەگوترێ ئێوە بە شێوەی ناوشیارانە ئاگاتان لە حەقیقەتە نێگەتیچەکانی دواهاتیشی هەیە. بەڵام لەو رووەوە کە هەرگیز تەنانەت وێنای بەدیهاتن لە کیسەڵتان لەبەر چاو نەگرتووە، کەواتە نە باوەڕتان بەو پرسە هەیە کە بەوشێوە بەدینەهاتوون، چ وشیارانە و چ ناوشیارانە، نەباوەڕیشتان نییە. واتە تا ئەو کاتەی ئەم وێنتان بۆ دروست نەبووە، چ باوەڕ یان بڕوایەکتان لەبارەیەوە نییە. دوای ئەوەش، دەستبەجێ مەعریفەی ناوشیارانە، دەبێتە مەعریفەی وشیارانە و هاوکات ئێوەش دەگەنە باوەڕێکی پەیوەست و گونجاو لەگەڵ ئەم مەسەلەدا.

ئەنجام ئەوەی کە هەر ناسینێك پێوسیتی بەباوەڕ نییە؛ سەرەتا لەبەرئەوەی بڕێ زانست، زانستی چۆنێتین و دووهەم بەو هۆوە کە جۆرێك زانستی چییەتیی ناوشیارانە، گریمانی رامانی پێشوەخت لەسەر ﴿ئەو شتە ناکات﴾، کەوابوو باوەڕی وشیارانە یان ناوشیارانە بەحەتمی دانانێت.

بە هەموو ئەمانەشەوە، شیکاریی سێبەشەکیی سەرەکی سەبارەت بەمەعریفە بەتەواوی پووچەڵ نەبۆتەوە هەرچەند لەگەڵ زانستی چۆنێتی و لەگەڵ هەندێ نموونەی تەڵبژێری سەبارەت بەمەعریفەی ناوشیارانە تەبا لەکڵ دەرنایەت. بەڵام بەتەواوی بە مەعریفەی وشیارانەی باو و ئاسایی کۆکە. بەڵام پێناسەی سێ بەشەکیی کێشەیەکی جیددی دیکەی هەیە.

## زنجیرەیی هۆکارەکان (٨):

جیددتیرین کێشەی پێناسەی سێ بەشەکیی مەعریفە بۆ بەڵگە و هۆکارەکان دەگەڕێتەوە.

هۆکاری راست کامەیە؟ هۆکاری جێ متمانە و بەئیعتبار کامەیە؟ بۆ نموونە هۆکاری جێی متمانەی ئەوەی کە ڕێگای لای راست، رێگای لاریسایە،



چییە؟ باشە، لەوانەیە نەخشەیەکتان هەبێت کە دەڵێ رێگای لای راست بەرەو لاریسا دەڕوات، ئایا ئەمە تەواوە؟ دیارە تەواو نییە؛ چۆن رەنگە نەخشەکە هێندە ورد و رێکوپێك نەکێشرابێتەوە، بۆ وێنە لەوانەیە ئەو نەخشانە کۆن بن و رێگا نوێکانیان دەسنیشان نەکردبێت. کەواتە نموونەکەمان گۆڕاوە و دەڵێین لە راستیدا ئێوە پێشتر چوونەتە لاریسا و لە یادتان ماوە کە لە رێگای لای راستەوە رێتان دەکرد. ئایا ئەمە تەواوە؟ وەڵام نایە. رەنگە هەنووکە ئەو رێگا گیرابێت یان لەوانەیە رێگایەکی دیکە کێشرابێت، یان شیمانەی ئەوە هەیە کە ئێوە لە نێوان راست و چەپدا جیاوازی ناکەن و نایزانن.

ئەمە چ شتێك نیشاندەدات؟ دەڵێ؛ پێویستە بزانن نەخشەکە نوێ و بەوردەکارییە، پێویستە بزانن جاددەی دیکە ساز نەکراوە و دەبێ جیاوازیی نێوان راست و چەپ بزانن بە دەربڕینی دی بۆ ئەوەی بزانن رێگای لاریسا کامەیە، دەبێ سەرەتا ئاگاتان لە هەندێ شتی دیکەش ببێت. بەڵام پاشان بۆ ئاگاداری لە مەڕ ئەو شتانە، هەر بەو هۆکارە دەبێ شتی دیکەش بزانن و بەم شێوە تاکو بێکۆتا(٩). کەوابوو:

A) «A » دەزانێ کە رستەی « جاددەی لای راست دەگاتە لاریسا » یەکسانە بە:

١) راستە کە رێگای لای راست دەگاتە لاریسا، هەروەها

٢) «A » بڕوای وایە کە رێگای لای راست دەگاتە لاریسا، هەروەها

٣) « A » هۆکارێکی جێ متمانەی بۆ ئەم بڕوا هەیە.

هەنووکە رستەی سێهەمی سەرەوە واتە: «A » هۆکارێکی جێ متمانەی بۆ ئەم بڕوا هەیە کە رێگای لای راست دەگاتە لاریسا، بەو مانایە کە:

B) «A» دەزانێ کە نەخشەکە راستە و جیاوازیی نێوان راست و چەپ دەزانێت. (هتد) . لەو رووەوە کە ئەم رستە دەربڕی زانستە، دەبێ بەم شێوە راڤە بکرێت:

٤) راستە کە نەخشەکە راست و بە وردەکارییە (هتد) ، هەروەها

٥) «A» باوەڕی بە راستبوونی نەخشەکە هەیە (هتد) ، هەروەها

٦) «A» هۆکارێکی جێ متمانەی بۆ راستبوونی نەخشەکە هەیە (هتد)

بەڵام رستەی شەشەمی سەرەوە واتە «A» هۆکارێکی جێ متمانەی بۆ راستبوونی نەخشەکە پێیە (هتد) بەم مانایەکە:

C) «A» دەزانێ کە نەخشەکە تازەیە و دەزانێ جاددەسازیی نەکراوە. لەو رووەوە کە ئەمەش دەربڕی زانستە، دەبێ بەم شێوە راڤە بکرێت؛

٧) راستە کە نەخشەکە تازەیە (هتد) ، هەروەها

٨) «A» باوەڕی بە تازە بوونی نەخشەکە هەیە (هتد) ، هەروەها

٩) «A» هۆکارێکی جێمتمانەی بۆ بڕوا بە راستیبونی نەخشەکە هەیە (هتد)، واتە

D) «A» دەزانێ کە نەخشەکە ئەمساڵ چاپکراوە، کە دەبێ بەم شێوە راڤە بکرێت:

١٠) راستە کە نەخشەکە ئەمساڵ چاپکراوە

١١) «A» باوەڕی بە. . .

١٢) «A» هۆکارێکی جێ متمانە. . .

و هەر بەم شێوە تاکو بێکۆتا.

بە کورتی ئەگەر راڤە و شیکاریی سێ بەشەکیی مەعریفە راست بێت، لەو حاڵەدا، مرۆڤ دەبێ بۆ ئاگاداری لەمەڕ شتێکی نە ئێگجار گرنگ ئاگاداریی لەمەڕ ژمارەیەکی بێکۆتا شتی دیکە هەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی زەینی مرۆڤ بە



کۆتایە، وەها شتێك ئیمکانی نییە. کەوابوو گەیشتن بە مەعریفە، بۆ مرۆڤ مومکین نییە. ئەم ئەنجامە گرفتاوییە پێچەوانەی فامی عورفییە. تەنانەت ئەگەر وەڵامدانەوە بە **مەتەڵی جیهان** بە هەڵنەپچڕاوی بێنێتەوە ئێمەی مرۆڤ گەلێك شتی سادەی دیکە دەزانین. بۆ وێنە دەزانین نانی بەیانی چیمان خوارد و زۆربەمان دەزانین گۆشەکانی سێگۆشە چەند دەرەجەیە و نێوی پایتەختی فەڕەنسا چییە و شتی دیکەی لەم جۆرە.

کومانگاران [10] دەڵێن مەعریفە نامومکینە، بەڵام ئەوانی دیکە لە وەڵامی مومکین دەگەڕێن؛ چەند نموونە لەم وەڵامانە باس دەکەین.

## مەعریفە کردەوییە نەتیۆریك:

بەرای پڕاگماتیست [11] یان کەسی کردەگەرا، هەر چەند لە هەرێمی تیۆردا بەرەورووی زەنجیرەیی هۆکارەکانین، بەڵام بە کردەوە ئەم زنجیرە هێند نابات کە دەگاتە کۆتایی. پێویستە ئێمە لەم خاڵە تاڵە بگەین و پەسندی بکەین کە مەعریفەی مرۆیی بە کۆتایە. بە هەرجۆرە، ئەم مەعریفە بەکۆتا مرۆییە چییە؟ بە پێی وەڵامی پڕاگماتیست: مەعریفەی مرۆیی شتێکە لە کردەوەدا بە سوود و ئەنجام بێت. ئەگەر شێوازەکانی ئێوە بۆ بەدەسهێنانی زانیاری لە کردەوەدا بە سوود و ئەنجام بن، هەر ئەمە تەواوە. هەڵبەت بە کردەوە، گەیشتن بە لاریسا کەم تا زۆر سانایە، بەو مەرجەی مرۆڤ کەڵك لە نەخشەی نوێ وەربگرێت و پشت بە هۆشداریی عاقڵانەی کەسانی بەرپرسیار ببەستێت.

## زنجیرەیی بێ زەرەرە: بەڵگهێنانەوەی مرۆڤ بێکۆتایە:

ڕێگە چارەی دیکە بەم پرسیارە حاشاکارەوە دەستپێدەکات، کە کەموکۆڕیی زنجیرەیی بێکۆتا لە چیدایە؟ رەنگە لە راستیدا راڤەی مەعریفە پێویستی بە

زنجیرەیی بێكۆتا بێت، بەڵام گرفتی ئەمە چییە؟ بێگومان عەقڵی چ مرۆڤێك بێكۆتا نییە، بەڵام كۆی توانستی زەینی مرۆڤ بێكۆتایە. مرۆڤ بەردەوام شتی زێدەتر فام دەكات. مەعریفە دۆخێكی سەكناوی تاكەكەسی نییە، بەڵكو چەشنێ پرۆسسی دۆزینەوەیە كە تێكڕای مرۆڤی تێوە گلاوە و ئەم پرۆسسە دەتوانێ بە باشی پێشبكەوێت: تەنیا گرێدراوی ئەوەیە كە رەگەزی مرۆڤ تا كەی دەمێنێتەوە.

هەرچەند ئەم وەڵامە ئەوە پشتڕاست دەكاتەوە كە كۆی مرۆڤ لە رابردوو و هەنووكە و داهاتوودا خاوەنی ناسین و مەعریفەی تەواو نییە، بەڵام بەوەی كە كەسەكان بتوانن كەرەسە و بابەتەكان بە تەواوی بناسن، قایلْ نابێت. بەڵام فامی عورفی پێمان دەڵێ كەسەكان لە راستیدا ئاگایان لە زۆربەی شتەكان هەیە.

### زنجیرەیی بێكۆتا نییە، بەڵكو دەوردانەوەیە:

كەم و كورتی ئەم وەڵامە ئەوەیە كە دەوردانەوەی بەتاڵ هێندەی زنجیرەیی بێ كۆتا خراپە؛ چون ئەگەر ئێوە دەبێ بۆ ناسینی «A»، «B»، «C»، «D» و. . . یش بناسن و ئەگەر ناسینی «D» دەبێ بە ناوكۆی ناسینی«A»وە بێت، یەكەم قۆناغ بۆچی ئەم پێشڤەچوونە دەستپێدەكات؟ دوا قسەتان ئەوەیە كە پێویستە بۆ ناسینی «A» ئاگاداریتان لەمەڕ «A» هەبێت كە وەكو دوا وتە، رستەیەكی لەق و بێ بنەمایە.

### زنجیرەیی بەكۆتایە نەك بێكۆتا:

بە پێی ئەم رێگەچارە ئەگەر رەوتی تێپەڕی بەڵگەكان لێكبدەینەوە، هەمووكات دەگەینە بەڵگەیەكی جێمتمانە و بە ئیعتبار كە پێویستی بە هۆكار نییە. وەها بەڵگەیەك، یان تەوەرێكی باوی[12] روون و ئاشكرایە و یان وشیاریی



«حاشاهەڵنەگر»[13] كە لە رێگەی هەستەكانەوە ئاراستەی زەین كراوە، وەكو هەست بە ئێش و ئازار كردن.

ئەم وێنا كە بنەڕەتی مەعریفە یان ناسینی ئەم حەقیقەتانەیە كە بە شێوەی رەها یاخود ﴿بە شێوەی﴾ رێژەیی متمانەیین، بە نێوی بنەماگەرایی مەعریفەناسی[14]یەوە پێناسە دەكرێت. رەنگە دیكارت بەناوبانگترین بنەماگەرا بێت كە دەڵێ مەعریفەی مرۆڤ لە سەر رستەی « من بیر دەكەمەوە، كەواتە هەم» وەستاوە. بنەماگەرایانی دیكە بانگەشەی دەستپێكردنی مەعریفە بە تەوەرە باو و روونەكانی بیركاری (ماتماتیك)ەوە دەكەن، بۆ وێنە ئەوەی كە « ٢=١+١ »، یاخود ئەوەی كە « یەك شت خۆیەتی نەك شتێكی دی ». وەكیتر هەندێكی دیكە دەڵێن مەعریفە بە ئەزموونی هەستەكیی سەرەتاییەوە دەستپێدەكات.

یەكێك لە كێشە و كەم وكوڕییەكانی بنەماگەرایی ئەوەیە كە تا هەنووكە كەس نەیسەلماندووە كە هەر پاژێكی مەعریفەی مرۆیی لە سەر حەقیقەتی روون وەستاوە و تا هەنووكە كەس نەیسەلماندووە كە مەعریفەی مرۆیی هەمیشە لە سەر ئەزموونی هەستەكیی وەستاوە. كەواتە ئەم رێگەچارە پێشنیارنەكراوانە تەنیا گریمانەن. بە هەموو ئەمانەشەوە، پێدەچێت گریمانەگەلێكی بە سوود بن و بتوانن بە باشی ئاوێتەی وەڵامی پراگماتیست بە پرسی زنجیرەیی بن.

### وەڵامی رامزی:

فرانك رامزی (١٩٠٣- ١٩٣٠) (١٥) دەڵێ هەبوونی هۆكاری جێ‌متمانە و بە ئیعتبار بۆ باوەڕ و بڕوا، بەو مانایە كە ئێوە وێڕای «پرۆسەیەكی جێمتمانە»بەم باوەڕە گەیشتوون.

ئەو پرسیار دەكات: ئایا هۆش پرۆسەیەكی جێمتمانەیە؟ ئایا تلەپاتی [١٦] یان وشیاریی دوور، پرۆسەیەكی جێمتمانەیە؟ ئایا شەوود پرۆسەیەكی بە ئیعتبارە؟ بەڕای ئەو؛ هەموو ئەم پرۆسانە دەتوانن جێمتمانە بن؛ بەو مەرجەی هەر كەسێك خاوەن زنجیرەیەك هۆ و هۆكرد بێت كە زانیارییە بیرهـاتووەكـان (یـا تلـەپـاتی كراوەكان، یان شەوودییەكان، یان بە هەر شێوەیەكی دی) بە هۆش (یان شەوود یا تلەپاتی و یا. . .) ەوە گرێ بدات.

زنجیرەی هۆ و هۆكرد جۆرە ڕاست و لە بارەكان كە ئـەزموونـەكـانی تـاك و باوەڕەكانی پێكەوە دەبەستنەوە، ڕاستبوونی ئەم باوەڕانە و هەر بە پێی ئەویش مەعریفەی حەقیقی بوونیان گەرەنتی دەكات.

پێدەچێت؛ تیۆریی ڕامزی لەوەدا كە ناسین نـامومكین دەمێنێتـەوە، كـەم و كورتی تێدایە. چون زنجیرەیی بێكۆتا بە شێوەیەكی دی دەمێنێتەوە. هـەر كـە بخوازین پرۆسە جێمتمانەكان دەستنیشان بكەین. كەم و كۆڕییەكانی دەكەونە ڕوو. وادیارە بە پێی ئەوە، تەنیا ئەوكاتەی خاوەنی پرۆسەیەكی جێمتمانە بۆ گەیشتن بە وەڵامێك بین، دەتوانین وەڵامی پرسیارێك بدەینەوە. ئەم بابـەتـە لـە ڕواڵـەتـدا زنجیرەییەكی بێكۆتای پرۆسە جێمتمانەكانی لێ دەكەوێتەوە؛ چـونكە تـاك بـۆ خاوەنایەتی مەعریفەی حەقیقی پێویستە بزانێ ئەم پرۆسە جێمتمانە، لە ڕاستیدا پرۆسەیەكی دڵنیایە؛ واتە تاك بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆسەی جێمتمانە پێویستی بە پرۆسەی جێمتمانەی دیكە دەبێت.

ڕامزی خۆی لە وتاری هەرە كورتیدا، ئاماژە بەوە ناكات كە ئایا لای وایـە ئایدیا و ڕای ئەو، گرفتی زنجیرەیی ناكۆتا چارەسەر دەكات یان نا.

ئەو پێناسانەی فەیلەسووفان لە سەر مەعریفەی حەقیقی داویانە بە دەستەوە، پێوەندی بە چەشنێ دۆخی ئارمانجی، سەكناو و نەگۆڕی زەین و یـان دۆخێكـی بابەتەكانەوە هەیە، بەڵام لەوانەیە مەعریفەی حەقیقی ئێگجار لێڵ و پێڵ بێت.



لە ژیانی ڕاستەقینەدا تەنیا ئەو بابەتانەی ئاكام بێ چ جۆرە گومان و دوودڵییەك سەلماو، وەكو بابەتی ناسراو لە قەڵەم نادرێن. لە زانـستدا زیـاتر بـە تیۆرییـە باوەكان دەگوترێ تیۆری ناسراو، بـەڵام هاوكـات ئـەمـە وەكـو پـڕەنـسیپێكی بنچینەیی پەسەند كراوە كە گوایە تیۆرییە كۆنەكان بەردەوام لەگەڵ تیۆری نوێ جیگۆڕكێ دەكەن. شرۆڤەی «دۆخی هەنووكەیی مەعریفەی ئێمە» دەربڕی ئەوەیە كە مەعریفە خۆی دەتوانێ وەك دەڵێن بە شێوەی زاتیی بابەتێكی كاتی بێـت. ئەگەر ڕوون بۆوە كە «دۆخی هەنووكەیی مەعریفـە» تـا ڕادەیـەك تیژتێپـەڕە، ڕێگەیەكی دەربازبوون لەم وتە هەیە كە «ئێمە هەر هیچمان نەدەزانی».

مەعریفە هەروەها پێوەندیی هەیە لەگەڵ ئەو ئەنجامەی بە كردەوە دەینوێنێ. ئەم خوێندنەوەی كەسی كردەگەرا لەمەڕ مەعریفە، لە زۆربـەی هەرێمـەكـانی ژیاندا ئامادەیە. بە هەرحاڵ جیاوازیی نێوان ئەوەی لە كردەوەدا بە ئـەنجامـە و ئەوەی بێ ئەنجامە، جیاوازییەك نییە لە چییەتیدا، بەڵكو جیاوازییە لە ڕووی پلە و پایەوە. ئەنجامی هەندێ بیرورا لە ئەنجامی بیروڕاكانی دیكە باشترە و كەوابوو بیروڕای نوێی لێدەكەوێتەوە كە بەر و ئەنجامیان لە چاو ﴿ئـەوانـی دی﴾باشـتر، چڕترە. زیاتر كاتێ كە دەڵێین **دەزانین**، ئەو ساتەیە هۆكارێكی شیاومان بۆ ئـەو وێنا هەیە كە بە پێی چاكترین بیروڕای مومكین كردە دەنوێنین. خەڵكانی عاقڵ هەرگیز بانگەشەی بێبەریبوون لە هەڵە ناكەن. دەڵێین تا ئەو ئاستە دەزانن كـە زانست و مەعریفەیان هەیە.

## پەراوێزەکان

١- infallibility
٢- *Meno*
٣- Larissa
٤- knowing-how
٥- knowing-that
٦- Freuds theory
٧- at the back of mind
٨- regress of reasons
٩- *ad infinitum*
١٠- Sceptics
١١- pragmatist
١٢-axiom
١٣- irresistible
١٤- epistemological foundationalism
١٥- Frank Ramsey
١٦- telepathy

# نەسکی دووهەم

## ئەخلاق
## فەلسەفەی بەهاكان

**به شی حەوتەم:**

# ئەخلاق و وههم

بەردەوام گوێمان لەو قسەی خەڵك بووە كە گوایە ئەخلاق خۆی لە خۆیدا «سەروبەری بابەتی بیروباوەڕە»؛ ئەوان دەڵێن چاكی چەشنی جوانی، ڕێژەیی و گرێدراویی رای كەسەكانە.

ئەم وێنا لەكوێوە سەرچاوەی گرتووە و بە مانای چییە؟ پاش لێكدانەوەی ڕوانگە و بیروڕای فەیلەسووفان لە سەر ئەم پرسە باشتر دەتوانین ماناكەی دەستنیشان بكەین. كەواتە وەرن ئاخێزگەكانی بێنینە پێش چاو.

ئەو وێنای كە ئەخلاق جگە لە بیروڕا و باوەڕەكانی خەڵكدا چ بناغەیەكی نییە، وێنایەكی هەرە كۆنە؛ لانیكەم بە درێژایی تەمەنی بەرهەمەكانی ئەفلاتوون. لە وتووێژی **كۆماریی** ئەفلاتووندا تراسیما خووس[1] لەم ڕوانگەی سەبارەت بە ئەخلاقە پشتگیری دەكات. كەوابوو فەیلەسووفانی سەردەم سەر لە نوێ هەوڵی سەلماندنی دەدەن، دووبارە ئەم سیكلە دووپات دەكەنەوە. لەوانەیە هەمووكی بوونی ئەم ڕوانگە و پەسەند كردنی لەلایەن رای گشتییەوە تا رادەیەك لەبەر ناووبانگی بێت. بەڵام ئایا ئەم سیكلە، دەسووڕێتەوە؟

## شۆپنهاور و نیچە:

هەر چەند بڕوا بەوەی كە یەك لە ماناكانی ئەخلاق وهەمە، وێنایەكی گەلێك دێرینە، بەڵام ڕەنگە بڕشت و كاریگەریی بە هێزی هەنووكەی لای ئێمە،



بە هۆی نووسەرانی سەدەی نۆزدهەم و بە تایبەت شۆپنهاور(١٧٨٨ — ١٨٦٠) و نیچە[2] (١٨٤٤ — ١٩٠٠) وە بووبێت.

شۆپنهاور دەڵێ ئەخلاق كەشف نەكراوە، بە ڵكوو ئافرێندراوە. نیچەی ڕێزلێنەریی، ئەخلاق بە بۆچوون دەگرێت. بەڵام بۆچوونێكی پێویست. بۆچوونێ كە ئەگەری ئەوە هەیە مرۆڤ بێ ئەو ناتوانێ ژیان بە سەر ببات. باوەڕی نیچە بەوەی كە مرۆڤ بڕوا و پێویستی بە« بۆچوونی پێویست »ی جۆرا و جۆر هەیە كە ئەخلاق یەكێكە لەوان، هێندە گرینگ نییە. « بۆچوونەكانی » دیكەی ئەو مێتافیزیكترین؛ بڕوا بریتییە لەوەی كە ڕووداوەكان هۆیەكیان هەیە و بڕوا بەوەی كە جیهانی ماددی بوونی هەیە. نیچە تەنیا لە زانستی ئەخلاق بە گومان نەبوو، بەڵكو بۆ زانست، سیاسەت، بوونی جیهانی سروشتی و تەنانەت هەبوونی عەقڵ خۆی گومانكار بوو. لە سەردەمی نیچە بە دواوە ئەم سیكلە فەلسەفییەی باسی دەكەن بۆ چەندین جار، دووپات و چەند پات بۆوە، بە تایبەت لە سەر دەستی پۆزیتچڤیستە لۆژیكییەكان[3] لە نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا و دیسانەش لە سەردەستی فەیلەسووفی ئەزموونگەرای نیوەی دووهەمی سەدەكە، واتە جەی ئێل، مەكی [4].

## سۆزداریێتی:

ئەی. جەی. ئەیەر[5] لە كتێبی بە نێوبانگی خۆی لە ژێر ناوی حەقیقەت و لۆژیك [6] زۆر چاك ڕوانگەی پۆزیتیڤیزمی لۆژیكیی تاوتۆی كردووە.

بەرای ئەیەر فەلسەفەی ئەخلاق چ پێوەندییەكی بە ڕەفتارەوە نییە. فەلسەفەی ئەخلاق تەنیا لەگەڵ مانای وشەكاندا سەر و كاری هەیە. ئەو درێژە دەدات؛ وشەگەلێك وەكو «باش »، «ڕاست »، «هەڵە » وەتد، چ شتێك لە جیهانی واقعیدا وەسف ناكەن، ئەمانە تەنیا و تەنیا دەربڕی سۆزەكانن. لەم

رووەوە تیۆریی ئەیەر بە نێوی ﴿ تیۆری ﴾ سۆزداریی ئەخلاق یان سۆزدارێتییەوە ناوزەد دەکرێ.

بە پێی تیۆریی سۆزداریی[٧]، هەموو ئەو رستانەی وتەزای ئەخلاقیی: « باش »و «خراپ » یان لە خۆگرتووە جگەلە دەربڕینی دۆخی سۆزداریی بێژەر نین. رەستەی « من جەخت لەمە و لەوە دەکەمەوە » یان « فلان و فیسار بە راست دەزانم » کە بە روالّەت تایبەتە بە را و روانگەکانی بێژەرەکەی، لە راستیدا بە هیچ شێوەیەك سەبارەت بە روانگەکان نییە. ئەمانە دەربڕی سۆزەکانن، بەلاّم سەبارەت بە هیچ شتێ نین. وشەگەلی ئەخلاقیی زێدەتر لە مانای وشەگەلی زیادەی « هۆ » و « وەی » و « هوورا » مانایەکیان نییە. رستەگەلێك چەشنی « چاوەدێری لە دایك و بابت ئەرکی سەرشانتە » تەنیا ویستی سۆزداریی بێژەر دەسنیشان دەکەن کە دەخوازێ چاوەدێری لە دایك و بابت بکەیت. بەو رادەی کە دەیتوانی بلّێ: « چاوەدێری لە دایك و باوك — هوورا ! » هەر بۆیە سۆزدارێتی بە نێوی « تیۆریی هوو — هوورا » نێوی دەرکردووە.

بەشی دانەبڕاوی ئەم تیۆرییە ئەمەیە کە ئەنجام لە چ بابەتێکی تایبەت، چ هۆکارێ بۆ لە پێشگرتنی « هوو! »لە چاو « هوورا » بوونی نییە. من دەتوانم بلّێم « هوو » و ئێوەش دەتوانن بلّێن « هوورا » وەکەسێکی دی بەردەوام بەو رادە هاوڕای ئەمەیە.

دژبەرانی ئەم رووگەی پۆزیتیڤیزمی لۆژیکیی بەم شێوە وەلاّمی ئەییەر دەدەنەوە کە ئەگەر لەمەڕ ئەخلاقییات لەسەر حەق بێت لەم حالّەتەدا، هەبوونی بەلّگەهێنانەوەی ئەخلاقیی نامومکین دەبێت. بەلاّم خەلّك هەمیشە بەلّگە بۆ ئەخلاقییات دەهێننەوە. بەلّگەهێنانەوەکانیان سەرکۆنەی خەلّکانێك دەگرێتەوە لەسەر ئەنجامدانی فلاّن یان فیسارکار.



ئەوان سەبارەت بە چاکە و خراپەکانی رەگەزپەرستی و دژایەتیکردنی و بڕیاری تاکەکەسی، سیاسی و تێکەلاّویی جنسی وەتد دەکەونە دەمە قالّە و مشت و مڕ. ئەگەر دەکرا هەموو حوکم ئەخلاقییەکان بۆ « هوو ». «هوورا » دابەزێندرابان، ئەم مشتومڕ و بەلّگە هێنانەوانە لە بنەڕەتدا چ واتایەکی نەدەبوو، بەلاّم پێدەچێت مشتومڕ و بەلّگاندنە ئەخلاقییەکان بێ مانا نەبێت. بەگشتی، سۆزدارێتی لەگەلّ ئەزموونی مرۆڤ رێك نایەتەوە. لە راستیدا مەحالّە (بۆ وێنە) کارەکانی هیتلەر و ستالین وەکو کار و کردەیەك وێنا بکەن کە نەکرێ بە راستی نێوی خراپە و شەڕی لێبنرێت و لە رووی مرۆییەوە نامومکینە کە وشەی نابەجێی « هوورا » وەکو کاردانەوەیەکی شیاو بەرامبەر بە کردە نامرۆییەکان بەکاربێنین.

## رێژەگەرایی و«غەریبی»:

ئێستە دێینە سەر لێکدانەوەی تیۆریی جەی. ئێل. مەکی. ئەو دوو هۆکار کە بەڕای خۆی دەکرێ بۆ سەلماندنی وهەماوی بوونی ئەخلاق کەلّکیان لێوەردەگیرێت، بە دەستەوە دەدا. یەکەم هۆکار ناو دەنێ « هۆکاری رێژەگەرایی » بە بۆچوونی مەکی لە نێوان پرەنسیپە ئەخلاقییەکانی ولاّتان و ئایینەکان و خولە مێژووییە جۆراوجۆرەکاندا جیاوازی و وێکنەچوویی گرینگ لە ئارادایە. بە بینینی ئەم جیاوازییانە دوو تیۆری کەوتەزەینییەوە: یەکەم پرەنسیپە ئەخلاقییەکان تەنیا و تەنیا دەلاّلەت لە شێوە و شێوازی جیاوازی ژیان دەکەن، هەروەها هیچ شێوازێکی ژیان لە رووی ئەخلاقییەوە، باشتر لە ویدی نییە. هۆی ئەوەی پیاوێك قایل بە تاك هاوسەرییە [٨] لە بەر ئەوە نییە کە لە رووی ئەخلاقییەوە بە باشی دەزانێ، بەلّکو هەر لەبەر ژیان کردنیەتی لە کۆمەلّگایەکی تاك هاوسەریدا.

ئەم گوتە لەمەڕ چەند هاوسەریش [٩] راست دێتەوە. دژبەر دەتوانێ لە بەر سێ هۆکار لەم تیۆرییە نارەزای بێت: یەکەم ئەو دەتوانێ بەڵگاندن بکات کە جیاوازییەکانی بیروبڕوا ئەخلاقییەکان چ شتێ ناسەلمێنن. بە هەرحاڵ زانا و بیریاری جۆراوجۆر (بۆ نموونە) سەبارەت بە ئاخێزگەی جیهان، یاخود لەمەڕ هۆی نەخۆشیی ئایدز خاوەن تیۆری جیاوازن. بەڵام ئێمە هەرگیز نەگەشتوونییەتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە حەقیقەتی زانستیی گرێدراوی کەسی بینەرە؛ ئێمە هەرگیز بیر لەوە ناکەینەوە کە زانست « بە تەواوی و سەروبەر بابەت و تایبەتی بیروباوەڕە ».

دووهەم، کەسی دژ بە مەکی دەتوانێ بڵێ ئەمە بە هیچ شێوەیەك راست نییە کە خەڵك هەموو کات شێوەی ژیانی وڵاتەکەی خۆیان پەسەن دەکەن. کۆیلەکانی کۆمەڵگای کۆیلەداریی، چ کات شێوەی ژیانی کۆیلەداریی پەسەن ناکەن، ژنان هەرگیز بارودۆخی ژیانی چەند هاوسەریی، یاخود بە دەربڕینی دی، هەروا سووك و سانا پلەوپێگەی ژنان لە کۆمەڵگاکەی خۆیان پەسەند ناکەن، کار و چالاکیی ئەو هاووڵاتییانەی لە ژێر گوشار و ستەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا دەژین (کاتێ کە بە تەواوی سووکایەتییان پێنەکرابێت) بڕوایان بریتی لەوەی حکوومەتی دیکتاتۆری لە رووی ئەخلاقییەوە و لە مانای عەینی و واقیعیی خۆیدا، خراپە و نەك تەنیا و تەنیا وەکو « بابەت و تایبەتی بیروڕا » نیشان دەدەن خەڵکانێك کە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتە دیکتاتۆرە زاڵمەکاندا ژیان دەبەنە سەر، بەزۆری دەخوازن کارێك زیاد لە «هوو» کێشان ئەنجام بدەن. سێهەم؛ رەنگە بنەبڕترین ئیرادێ ئاراستەی تیۆریی مەکی کراوبێت بانگەشەی قووڵ نەبوونی جیاوازییەکانی نێوان پرەنسیپە ئەخلاقییەکان بێت. دەکرێ بەڵگە بهێنرێتەوە کە سەرجەم پرەنسیپە ئەخلاقییەکان لە هەندێ پرەنسیپی هەرە



گشتیدا، خاوەنی لایەنی هاوبەشن. هەرئەم پرەنسیپە هەرە گشتیانەیە ئەخلاقییاتی راست و عەینی دیاری دەکات. جیاوازییە سروشتییەکانی کەشوهەوا و ئۆلگووە کارییەکان وەتد دەبنە هۆی گۆڕانکاری و فرەچەشینی رواڵەتیانە لە پرەنسیپەکاندا، بەڵام مرۆڤەکان لە قووڵاییەکانی بوونیاندا لە سەر کۆیەك پرەنسیپی ئەخلاقیی بە راستی کۆنکرێت و عەینی هاوبیروڕان.

بەداخەوە ئەم بانگەشە بنەبڕە تەنیا دەکرێ بە کۆکردنەوەی بڕێکی بە کۆتای بەڵگەی مرۆڤناسانە [١٠] و مێژوویی بسەلمێندرێ یاخۆد هەڵوەشێندرێتەوە. لەو رووەوە کە هەنووکە وەها زانیارییەك بە دەستەوە نییە، دەبێ ئەم بانگەشە بە هەڵپەسێردراویی وازلێبێنین. لەوانەیە راست بێت یان راست نەبێت، کەس نازانێ. بەمحاڵەشەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم گوتەش راست بێت کە هەموو خەڵك لە هەموو سەردەمەکاندا بڕوایان بە ناوکێکی ناوەندیی بچووك لە پرەنسیپە ئەخلاقییەکان بووە، ئەو ئەنجامەی لێ هەڵناهێنجرێت کە ئەخلاق چەشنی وەهم نییە. هەندێ وەهم ئێگجار بەرفرە و هەمەگیرن و رەنگە ئەخلاقیش یەك لەوان بێت. ئەمە نیشانیدەدات کە ئەو ناو و سەردێڕە گرینگانەی ئاماژەیان پێدرا، نە دەتوانن هەڵە و ناڕاستبوونی تیۆریی مەکی بسەلمێنن و نە راستبوونی. بەم چەشنە دەردەکەوێ، هەم هۆکارەکانی مەکی سەبارەت بە رێژەگەرایی و هەم هۆکاریی پێشنیارکراو و بەرهەڵستی هۆکاری ئەو پووچ و بێ بایەخن. مەکی دووهەم هۆکاری خۆی بۆ جەختکردنی ئەو تیۆرییەی کە ئەخلاق وهەمە بە نێوی «هۆکار لە رێگەی غەریببوون»ە وە ناوزەد دەکات. ئەو دەڵێ ئەگەر بەها ئەخلاقییە عەینییەکان بە راستی بوونیان هەبێت، دەبێ بابەتانێکی زۆر نائاشنا (غەریب) بن کە جیاوازن لە هەر شتێکی دیکە لە جیهاندا، بۆ

نموونه چاکه له سووری ناچێت؛ واته به چاو بەدیناکرێ، له لووسی ناچێت؛ واته به ئەنگوستەکان هەستی پێ ناکرێت. وەکو قورسایی نییه، چونکه کێشی دیاری ناکرێت. کەواته شتێکی غەریبه. مەکی لەمەش تێدەپەڕی و بانگەشەی ئەوه دەکات که لەو رووەوه ئەگەر چاکه بوونی بوایەت، شتێکی غەریب دەبوو، پێویستیی حەقیقەت لەوەدایه ئەوه بوونی نییه (نەبێت). بەم شێوه رەنگه ئەمه یەکەم پرسیار بێت له دەرگای زەین دەدات: چۆن دەزانین بابەتی «غەریب» بوونی نییه؟ غەریبی هەر مانایەکی هەبێت، مەرج نییه لەمپەر و بەرهەڵستی بوون بووەستێت.

جگەلەمەش، ئەگەر چاکه بەراستی «غەریب»ه، دەبێ پرسیار بکەین که چ بابەت یان چۆنێتییەك «ئاسایی »یه. بۆ وێنه چۆناوچۆن چۆنێتی و بابەت گەلێك وەکو وزه، پێویستی، ژێن، ئەلەکترۆن و بەردەوامیی کاتی — شوێنکایتی ئانشتاین[11] دەستەبەندی دەکەین؟ هیچکام لەم شتانه راستەوخۆ بەدیناکرێن، یان نابیسترێن و هەست ناکرێن، هەروەها کێشی هیچیان ناپێورێ. ئایا ئەمه به مانای «غەریب» بوون و کەوابوو وهەمایی بونیانه؟ بێگومان وانییه. ئێمه به کەرەسەگەلێك جیا له بینایی و گوێدرای روون و سانا ئاگامان له مانەیه.

پێدەچێت «غەریبی» خۆی گرێدراوی رای کەسەکه و بابەتێکی رێژەییه. کێیه دەڵێ کام بابەت یان چۆنێتییەك«غەریب» و کامیان «ئاسایی»ن؟ گومانی تێدانییه که بەردەوامی کات — شوێنکات بۆ کەسی ئاسایی به تەواوی غەریبه. بەم حاڵەوەش زۆربەی خوێندەواران لایان وایه، ئەنشتاین دەیزانی چی دەڵێ. غەریبی چەمکێکه زەینیتر له بەهاکان خۆیان؛ کەوابوو بنەمایەکی پتەو و تۆکمه بۆ تیۆریی مەکی نایەته ئەژمار. مەکی پرسیار دەکات: ئەگەر بەها ئەخلاقییەکان وهەمن، بۆ چی خەڵك باوەڕیان پێیەتی؟



ئەم وهەمه له کوێوه سەرچاوه دەگرێ؟ وەڵامی ئەو: له بەر ئەوەی که باوەڕ و بڕوا به بەهاکان له سەر دەستی کۆمەڵگا رێگەی بۆ خۆشدەکرێ و جەخت دەکرێتەوه و کۆمەڵگا ناوه ناوه به هێزی دەکات، ئێمه ئەم وهەمەمان لا دروستدەبێت. کۆمەڵگای بێ دەستوور و شێواو ناگیرسێ و وهەمی ئەخلاق یارمەتی سەقامگرتنی دەستوور و رێکێتی دەدات. پێویستیی دەستوور و رێکێتی له کۆمەڵگا ئەمڕۆییەکاندا بابەتێکی گشتگره. لەم رووەوه بڕوا به بوونی چاکه، راستی و ناڕاستیش گشتی و گشتگره. مەکی دەڵێ ئەخلاق زیاتر لەو کۆمەڵە یاسا دەچێت که یاسادانەر دەستی لێی داشۆردووه؛ بیر و رایەك که بیرهێنەرەوەی ئەو دەستەواژه بەنێوبانگەی نیچەیه «خوا مردووه». ئەنجام، ئەخلاق یا لقێکی لاوەکیی سیستەمی یاسای پێوەندیداری حکوومەتی، یان لقێك له ئایین و یان هەردوویانه. واقیعگەرا ئەخلاقییەکان زیاتر دەڵێن ژیانی مرۆڤ، مەبەست و ئامانجێکی هەیه. بەم چەشنه بۆ وێنه سوودگەراکان[12] دەڵێن مەبەست له ژیان، بەختەوەری گشتی و هەموویيه (بڕوانن بەشی نۆهەم) و ئەوەی که مرۆڤی چاك هەوڵدەدا زیاترین بەختەوەری بۆ کەسانێکی زیاتر دابین بکات. رەنگه ئەوانەی ئەخلاق به ئایینەوه دەبەستن بڵێن؛ دوا ئامانجی ژیان بریتییه له گەیشتن به یەکبوون لەگەڵ خواوەند (مەیسحییەت) یان چوونه بهەشت (ئیسلام).

بەڕای مەکی چ مەبەست و دوا ئامانجێك ناتوانێ خاوەنی بەهای عەینی بێت؛ چونکه هەر بەهایەك گرێدراوی بڕوای کەسەکه و رێژەییه. هەروەها بەو حەقیقەتەش ئاماژه دەکات که تا ئەو ئاستەی پێوەندی به ئایینەوه بێت، خواوەند یا ئەو خواوەندانەی ئیمانداران ئاواتیيانه لەگەڵیانی یەك بگرن، گونجاو لەگەڵ کۆمەڵگای تاکی ئیماندار، جیاوازن له یەکدی. وێنای

ئەوەی کە هەرشتیٚ بەهای عەینی هەیە هەڵەیە. بەهایش چەشنی ئەخلاق خۆی، داهێنراوی مرۆڤە.

مەرج نییە ئەو وێنا کە داهێنراوە مرۆییەکان دەتوانن حەقیقەتە عەینییەکان لە خۆ بگرن، هەڵە بێت. هەندەسەی دیکارتی داهێنراوێکی مرۆییە کە ڕێنە دیکارت دایهێنا؛ دیفرانسیەڵ[١٣] داهێنراوایێکی مرۆییە کە لە سەر دەستی ئایزاك نیچتۆن[١٤] داهێنرا. ئەم داهێنراوە مرۆییانە توانایی دەستڕاگەیشتن بە حەقیقەتە عەینییەکانمان (بیرکاری)پێدەبەخشن. لە ڕاستیدا، بانگەشەی ئەوەی کە سەرجەم وێنا دەرهەستەکان سەر بە داهێنراوە مرۆییەکانن ئەستەم نییە. تا ئەو ئاستەی ئاگامان لێیە تەنیا مرۆڤ لە وێنا دەر هەستەکان بە ئاگایە.

نیچە دەڵێ بۆچوونی ئەخلاق بۆچوونێکی پێویستە. هەروەها پێدەچێت مەکی پێیوایە «هەڵە» پێویستە. بەڵام فامکردنی ئەم خاڵە ئاسان نییە کە چۆنە بابەتێکی پێویست دەتوانیٚ بۆچوون و هەڵە بێت، مەگەر ئەوەی کە هەر وێنایەکی دەرهەستی بە بایەخیش هەڵە بێت.

ڕەنگە بەم شێوە ڕوون بکرێتەوە: بەهاکان دەرکەوتە سروشتییەکان نین، نابینرێن یان هەست ناکرێن. بە ڕاستی ناکریٚ بە بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی وزەی بینایی و گوێداریی تاوتویٚ بکرێن. ئەم واقیعە تا ئەو ئاستەی دەکریٚ لە ڕاستیی وێنای دەرهەست بە شێوەیەکی مانادار بدوێین، نابیٚ لەگەڵ ئەوەی ئێمە دەتوانین بە پێنج هەستەکەمان دەرکی بکەین پێوەندی هەبێت، بەڵکو دەبیٚ لەگەڵ هۆکارێکی دیکە لە ژیانماندا پێوەندی بێت. ڕەنگە پێویستیی باشترین پێوەری مومکین بۆ پێوانی واقیعی وێنایەکی دەرهەست بێت.



## پەراوێزەکان

١-Therasymachus

٢- Nietzsche

٣- Iogical Positivists

٤- J. L. Mackie

٥- A. J. Ayer

٦- *Language, Truth and Logic*

٧- emotivism

٨- monogamy

٩- Polygamy

١٠- anthropological

١١- Einstein's space-time continuum

١٢- utilitarians

١٣- differential calculus

١٤- Isaac Newton

## بەشی هەشتەم:

# خۆخوازی و ئەویدیخوازی

بەشی پێشوو پرسەکانی تایبەت بە واقیعی بەهاکان خرایە بەرباس. لەم بەشەدا هەندێ پرس و راوبۆچوون لەمەڕ هانەی ئەخلاقی، واتە ئەو پرسانەی پێوەندییان بە خۆخوازی و فیداکارییەوە هەیە، دەورووژێندرێ. بە پێناسەی خۆخوازی[1] و ئەویدیخوازی[2]یەوە دەستپێدەکەین.

دەکرێ خۆخوازی وەکو ١) جۆرێ خودپەسندیی سیستماتیك و بەدەستوور و یان ٢) تیۆرییەك کە ئەخلاق لە سەر چاکە و خێری تاکەکەسی دادەمەزرێنێت، پێناسە بکرێت و ئەویدیخوازیش دەکرێ وەکو ١) فیداکاریی سیستماتیك و بە دەستوور، واتە تەوەری ژیانکردن بۆ خێری دیتران﴿بە مەبەستی گەیاندنی خێر بە دیتران﴾ و یان ٢) تیۆرییەك کە ئەخلاق لە سەر خێری دیتران جێگیر دەکات، واتە خاڵی بەرامبەری خۆخوازیی تیۆرییەك پێناسە بکرێت.

هەر پێناسەیەك لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم بریتییە لە هانە(خۆخوازی یان فیداکاری)و تایبەتمەندیی تاکەکەسیی (پەیوەست بە کەسێکە، تایبەتمەندیی هاندانی بەدەستوور بە هۆی خودپەسەندیی یان فیداکارییەوە) . بەشی دووهەم تیۆرییەکی فەلسەفی دەگرێتەوە کە ئەخلاق (پەیوەست بە کەسێکە) بە خێر و چاکەی تاکەکەسی، یان بە خێر و چاکەی دیترانەوە گرێدەدات. ئەوەی بۆتە جێی سەرەنجی فەلسەفە، تیۆرییەکانە نەك تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان.



چوار جۆری تیۆریی فەلسەفیی پێوەندیدار لەگەڵ خۆخوازی هەیە کە بە نێوی «تیۆرییەکانی خۆخوازی»[3] ناوزەد دەکرێن.

یەکەم جۆری تیۆریی خۆخوازی، بە نیازە وەسفێکی ئەزموونیی لە سروشتی مرۆڤ بە دەستەوە بدات. ئەم تیۆرییە خۆخوازییە، کلبیگەریی[4] ناوە.

جۆری دووهەمی تیۆرییەکانی خۆخوازی بە شێوەیەکی راگوزاریی سەرزارەکییە، واتە گرێدراوی پێناسە لێڵ و پێڵەکانی وشەی «ئارەزووەکان»، «خواستەکان» و «حەزەکان»ە. ئەم تیۆرییە بە نێوی تیۆریی خۆخوازی وتەبێژانە[5] یاخود زمانەوانیی [6] بەنێوبانگە. جۆری سێهەمی تیۆرییە فەلسەفییەکانی خۆخوازی دەڵێ تەنیا هانە خۆخوازەکان عەقڵیڕ وعاقڵانەن. نێوی ئەم تیۆرییە عەقڵ تەوەر یان عەقڵانییەتە[7]

جۆری چوارەم، تیۆرییەکە جەخت لە خۆخوازبوونی باش و فیداکاریی خراپ دەکاتەوە. لەو رووەوە کە زاراوەیەکی شیاو بۆ ئەم حاڵەتە شك نابەین، نێوی دەنێین تیۆری خۆخوازی «نیچەیی».

### تیۆرییەکانی خۆخوازیی کلبیگەریی:

تیۆرییەکانی خۆخوازیی ئەزموونی هەوڵدەدات سروشتی مرۆڤ وەسفبکات. ئەم تیۆرییە دووجۆری لاوەکی دەگرێتەوە، واتە کلبیگەریی باو و کلبیگەریی تیۆریك.

کلبیگەریی باو بریتییە لەو بڕوای کە مرۆڤەکان پڕ بە پێستیان خۆخوازن. بە رای کلبیگەران تەنانەت کردەی بەڕواڵەت فیداکارانە «لە ناخدا» خۆخوازانەیە. ئەمانە لایان وایە ئەگەر باش بیربکەنەوە لە خۆخوازیی شاراوەی پشت هەر کردەیەکی مرۆیی دەگەن.

ڕوانگەی سەرەوە لانیکەم ئەم سوودەی هەیە ناچارمان بکات هانە و مۆتیڤەکانمان وردتر لێکبدەینەوە، بەڵام پێویستە ئەم بابەتە لە کۆتاییدا لە سەر هەندێ واقیع گیرسابێت و پێناچێت واقیعەکان پشتڕاستیی بکەنەوە. لە ڕاستیدا ڕەفتاری مرۆڤ زیاتر خۆخوازانەیە، بەڵام دەتوانێ فیداکارانەش بێت، بۆ نموونە لەخۆبردوویی قارەمانانە. هەرچەند نموونەی قارەمانان و قیددیسان بێ ئەژمار نین، بەڵام ئەوانە نیشانیدەدەن کە هەر ڕەفتارێکی مرۆڤ نەگونجاو نییە. وادیارە زۆربەی زۆری خەڵك خۆخوازیی و ئەویدیخوازیی ئاوێتە دەکەن؛ پێکەوە دانانی ئەم دووانە گرێدراوی بارودۆخ و هەلومەرجی زۆر جۆراوجۆرە. کلبیگەران حاشا لەمە دەکەن، بەڵام نکوولی کردنی (دوگماتیکی)[8] و دەمارگرژانەیان بە پێی پێویست چاو لە بەڵگەکان دادەخات.

بڕوا بەوەی کە مرۆڤ بە شێوەی زاتی خۆتەوەر [9]، ناکۆمەڵایەتی، هەلپەرست و گرژە، لە لایەن یەکێك لە فەیلەسووفە هەرە گەورەکانەوە، واتە تۆماس هۆبز جەختی لە سەر کراوە. گوایە ئەو لە کتێبی خۆیدا بە نێوی **لۆیاتان** وەها بەڵگاندن دەکات کە خەڵك تەنیا لە بەر هۆکاری خۆخوازانە یارمەتی یەکتر دەدەن. ئەم شرۆڤە تایبەتەی هۆبز لەسەر فەلسەفەی ئەخلاقی و سیاسی بریتانیا و ئەمریکا کاریگەری داناوە. بەم حاڵەوەش، هۆیەك بۆ ئەم وێنا لە ئارادایە کە هۆبز بە ڕاستی بڕوای بە پڕاوپڕ خۆخوازبوونی خەڵك نەبووە، تەنیا وێنای دەکرد خاوەنی وەها باوەڕێکە.

جۆن ئۆبەری[10] چیرۆکێك لە هۆبز دەگێڕێتەوە بەم شێوە: یەکێك لە هاوڕێیانی هۆبز کاتی دانی پارە بە سواڵکەرێك سەبارەت بە هۆی ئەم کارە پرسیاری لێکرد. بە پێی گێڕانەوەی ئۆبەریی، وەڵامی هۆبز بۆ ئەم کردە بەڕواڵەت لە خۆبردووانەی خۆی ئەوە بوو کە گوتی پیتاکدان جگە لەوەی خەم و پەژارەی هەژارەکە لە نێو دەبا، پەژارەی هۆبز خۆشی کە لە بەر بینینی ڕەنج و



داماویی هەژارەکەوە هەڵچووە، دادەمرکێنێ. بە دەربڕینی دی، هۆبز بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هوکارێکی خۆخوازانەی بۆ ئەم بەخششە لە لایە: واتە سووککردنەوەی خەمی خۆی.

ڕەنگە پرسیار بکەین کە ئاخۆ بە ڕاستی وەڵام و ڕوونکردنەوەکەی هۆبز کردەی ئەویدیخوازانەی ئەو بۆ خۆخوازیی نزم دەکاتەوە؟ ئاخۆ ئەگەری ئەوە نییە کە ئەم کردە زیاتر دەربڕی ئەویدیخوازیی ئەوە هاوکاتی هەستی خەم و پەژارەی بینینی هەژارەکە؟ هۆبز نەیگوت پارەی داوە کە پاشان لێی وەرگرێتەوە، یان سەرنجی خەڵك ڕاکێشێت، یان لە بەر فرمان و خواستی کەسێکی بە دەسەڵات، یان تەنانەت بەو هۆوە کە لە مرۆڤێك یان لە سزادان و تەمێی خوایی ترسابێت ئەم کارەی کردووە. ئەمانە هۆی خۆخوازانەن. بەڵام ئەوەی ئەو گوتی لە ڕاستیدا بریتی بوو لەوەی کە پیتاکی داوە تاوەکو ڕەنج و پەژارەی خۆی و (هەژارەکە) کەمبکاتەوە. بە هەر چەشنە، ئایا ئەمە خۆخوازییە؟ بێگومان ئەویدیخوازییە؛ بە دڵنیاییەوە ڕەنج و پەژارەی بینینی خەم و داماویی دیتران، سەرپاکی هەستێکی ئەویدیخوازانەیە. تەنیا بە زمان و لە ئاخاوتندا نکوولی لەمە دەکرێت، تەنیا لە بەر ئەوەی لە بە ئەویدیخوازانە ژماردنی خەمخواردن بە هۆی دەرد و ڕەنجی دیترانەوە مل بادەدەین. لە وەها حاڵێکدا، هەرێمی ناسین و مەعریفەی ئەزموونیی، سروشتی مرۆیی بەجێدێڵین و دەچینە نێو پانتای زمانبازییەوە کە لە درێژەدا زیاتر باسیدەکەین.

کلبیگەریی تیۆریك مۆرکێکی گشتیی باشە بۆ ئامۆژە دەروونناسانە[11] و دەروونشیکار[12]ەکان، چەشنی تێزی ڕەسەنێتیی چێژ. ناوەڕۆکی ئەم تەوەرە بریتییە لەوەی کە لە ژێر پەردەی ئەویدیخوازی هەر کەسێکەوە، هانەی خواستی چێژوەرگرتن شاراوەیە کلبیگەریی تیۆریك چەشنی کلبیگەریی باو دەکرێ لە

مەحەکی بەڵگەی ئەزموونیی بدرێت، کەوابوو لەوانەیە بە وێنەی کلبیگەریی باو لەم تاقیکارییەدا شکست بێنێت.

سەردەمی نوێ، ئەو وێنای کە مرۆڤەکان خۆخوازن، زیاتر کەوتۆتە بەر گومان. چونکە ئەوڕۆکە تێکڕای پرس و باسەکە تێکەڵ بە تیۆریی وەك دەڵێن «ژێنی خۆخواز»[١٣] بووە. بە پێی ئەم تیۆرییە، ژێن تەنیا شتێکی بە راستی خۆخوازە. مرۆڤ (و ئاژەڵەکانی دیکە) بە پێی بارودۆخ، هەندێجار خۆخوازانە و هەندێجار فیداکارانە کردە دەنوێنن. زۆربەی رەفتاری مرۆڤ یاخود ئاژەڵ لە ژێر کاریگەریی ژێنەکانیاندایە کە «ئامانج»ی هەوڵدانە بۆ مانەوەی ژێنەکانیان. بە گشتی کەی بارودۆخ وا هەڵبکەوێت کە فیداکاریی کەسێ باشترین دەرفەت بۆ مانەوەی ژێنەکان بڕەخسێنێ، تاك هەڵدەستێ بە رەفتاری ئەویدیخوازانە و لە بەر دیتران دەمرێ. لە هەلومەرجی دیکەدا لەوانەیە خۆخوازیی تاك بەختی زیاتر بۆ مانەوەی ژنەکانی دەستەبەر بکات، هەر بۆیە خۆخوازانە رەفتار دەکات.

تیۆری ژێنی خۆخواز بە جۆشوکوڵەوە بەیان دەکرێ، بەڵام تەمومژاوییە. خۆخوازیی دەلالەت لە هەڵبژرادنی وشیارانە و خۆوشیاری دەکات، بەڵام ژێن خۆوشیار نییە. پێویستە تەنیا لە مانا مەجازییەکەیدا کەڵك لە وشەی «خۆخواز»وەربگرین.

ئەگەر تیۆری ژێنی خۆخواز راست بێت، هەر وێنایەکی ئەزموون تەوەر کە دەڵێ مرۆڤەکان بەردەوام بە هۆی خۆخوازی و خۆویستنەوە هاندەدرێن، هەڵدەوەشێتەوە؛ واتە ناڕاستیی هەر دوو جۆری تیۆریی خۆخوازیی کلبیگەریی دەسەلمێنێ. دەردەکەوێ کە ئەویدیخوازی لە قاڵبی لە خۆبردوویی راستەقینەدا سەربە گەنجینەی بەرپرسیارێتییە سروشتی و زاتییەکانی مرۆڤە.



## تیۆرییە خۆخوازانە زمانەچانییەکان:

تیۆریی خۆخوازیی ئاخاوتنیی لە سەر دەرکی هەڵە و ناڕاستی زمان وەستاوە. ئەم تیۆرییە کەم تازۆر بەم شێوەیە: ئەگەر ئێوە لە بەر ئەوەی کەسێکتان خۆشدەوێ یارمەتی دەدەن، یاخۆد لە بەر ئەوەی حەز ئەکەن کەسێکی بەسوود بن، یاخود لە بەر ئەوەی خێر و چاکەی دیتران بە ئاوات دەخوازن، ئەمەش خۆپەسەندییە. بانگەشە دەکرێ کە هەر پەژارە و خەمێ، چ کاتی رەنجی کەسەکە خۆی و چ کاتی رەنجی دیتران، هەمیشە خەم و پەژارەی تاك خۆی، کەوابوو، بە شێوەی زاتی و بە پێی شوناسەکەی خۆخوازانەیە؛ هەر ئاواتێك، تەنانەت ئاواتی بەختەوەری و خۆشبەختیی کەسێکی دی، هەمووکات ئاواتی کەسەکە خۆیەتی.

کەم و کورتیی ئەم تیۆرییە لەوەدایە کە هەستی مەینەت و پەژارەی کەسێك، یان خاوەنایەتیی خواست و ئاواتێك یەکسان بە ناوەڕۆکی ئەم مەینەت و پەژارە یان ناوەڕۆکی ئەو خواست و ئاواتە نییە. ناوەڕۆکی مەینەت و پەژارە هەمان شتێکە مەینەت و پەژارە هۆکاری ئەوە. ناوەڕۆکی ویست و خواستەکانی کەسانی جیاجیا کە جیاوازن لەیەکدی، هەرچەند لە هەر بابەتێکدا ئەم کەسە هەمان کەس دەمێنێتەوە کە خاوەنی خواست و حەز و ئاواتە.

تیۆریی خۆخوازیی ئاخاوتنی ئەم حەقیقەتە کە مەیل، خواست، مەینەت و رەنج و هتد دەبێ تایبەت بە کەسێك بێ کە هەستیان پێدەکات، لەگەڵ ئەم وێنا بە تەواویی جیاواز و درۆیینە لێتێکدەچێ کە مەیل، خواست و رەنج، هەموویان بەردەوام لە بارەی ئەو کەسانەوەیە هەستی پێدەکەن.

**تیۆریی خۆخوازی عەقڵ تەوەر:**

تیۆریی خۆخۆازیی عەقڵ تەوەر دەڵێ ئەو کار و کردانەی هاندەریان چاکەی تایبەتی و تاکەکەسییە عەقڵانیتر لەو کردانەن کە هاندەریان ئەویدیخوازییە.

ئەو فەیلەسووفانەی بە راستی باوەڕیان بە عەقڵتەوەریی لە بەرتری چاکەی تایبەتیی هەیە بە روون و راشکاو دایانناوە. ئەوان پشتڕاستی دەکەنەوە کە کاروکردەی فیداکارانە لە هەرێمی مرۆییدا ئیمکانی هەیە، بەڵام بەم حاڵەوەش بانگەشە دەکەن کە تاکە بناغەی عەقڵانیی کردە، چاکەی تایبەتییە.

لەو رووەوە کە ئەم ئامۆژە روون و راشکاو دانراوە، هۆیەکیان بۆ نەهێناوەتەوە، بەڵکو زیاتر بە شێوەیەك لە قەڵەم دراوە چما ئامۆژەیەکی حەتمی و پڕەنسیپێکی بابەتیانەیە[١٤]. هەرکە وەها پڕەنسیپێکی بابەتیی پەسن دەکرێ، پرسی «ئیمکانی ئەویدیخوازی» ئیجگار ئەستەم دەبێت.

گەیاندنی خەڵك بەو قەناعەتە کە رەنگە ئەوەی روون و راشکاو پێدەچێت، لە بنەڕەتدا روون نەبێت، هێند ئاسان نییە. ئەگەر فەیلەسووفانێك بڵێن عەقڵانیبوونی کردەی خۆتەوەرانە هێندەی راستیی هاوکێشی ٢ =١+١ روونە، ئایا دەکرێ بۆیان بسەلمێندرێ کە وا نییە؟ هەوڵ بۆ سەلماندنی ئەوەی کە خۆخوازی چ قازانجێکی بە دواوە نییە، کارساز نییە؛ چون ئەم چەشنە بەڵگاندنە، پڕەنسیپی بابەت بوونیان هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵکو زیاتر پێی قایل دەبێت.

لە لایەکی دیکەوە، بە پێی هەر ئەو تێبینیی گەلە دەکرێ تێبگەین کە خۆخوازی[١٥] ئەگەر عەقڵانی بێ عەقڵانیبوونی تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی خۆیدا راستگۆیە، خۆخوازی عەقڵانییە؛ لەبەر ئەوەی ئەنجامی باشی بۆ کەسەکە خۆی لەگەڵدایە.

ئەگەر ئێوە لەسەر ئەو باوەڕەن کە گەیاندنی قازانج بە خود بەشێوەی حەتمی، کارێکی مەعقوول و گەیاندنی قازانج بەدیتران بەحەتمی کار و بابەتێکی



نامەعقوولە، لەم حاڵەدا ئەو راستییە کە کردە خۆخوازانەکان لەبەر گەیاندنی قازانج بەکەسەکە خۆیەتی نەك دیتران، هۆکاری وازهێنان لە تیۆریی خۆخوازی نییە. تاکی خۆخواز دەڵێ «من بە شێوەی زاتی و سروشتی یارمەتی دیتران نادەم و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چۆن من بە پێیی پێناسەی خۆم لە عەقڵانییەت، کەسێکی عاقڵم کەواتە دەبێ پشت بە بنەمایەك ببەستم کە لە رووی فەلسەفییەوە بە سەقامە».

بەڵام ئایا ئەمە بنەمایەکی بە سەقامە؟ پێناچێت؛ چونکە ئەم بەڵگاندە دەکرێ پێچەوانە بکرێتەوە. تاکی ئەویدیخوازیش دەتوانێ بیسەلمێنێ کە تیۆریی ئەویدیخوازی بە پێی پێوەندی و دانوستاندنەکانی خۆی عەقڵانییە. ئەویدیخوازی لەبەر ئەوە عەقڵانییە کە ئەنجامی باشی تێدایە بۆ دیتران. ئەم راستییە کە کاروکردەوە ئەویدیخوازانەکان بە زۆری بە مەبەستی گەیاندنی قازانج بە دیترانە نەك کەسەکە خۆی، نابێتە هۆکاری وازهێنان لە تیۆریی ئەویدیخوازی کە لە سەر دەستی کەسێك داڕژاوە کە پێیوایە گەیاندنی قازانج بە دیتران بە حەتمی کارێکی مەعقوول و گەیاندنی قازانج بە خود بە حەتمی کارێکی نامەعقوولە. تاکی ئەویدیخواز دەڵێ « من بە شێوەی زاتی و سروشتی لە چاکە و قازانجی خۆم ناگەڕێم، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چۆن من بە پێی پێناسەی خۆم لە عەقڵانییەت، کەسێکی عاقڵم، کەواتە دەبێ پشت بە بنەمایەك ببەستم کە لە رووی فەلسەفییەوە بە سەقامە». لێرەدا فامی عورفی چی دەڵێ؟ فامی عورفی باسی دوو شت دەکات: پێش هەموو شتێ پێمان دەڵێ ئەو کەسەی بێ هۆکارێکی پەسەن چاو لە بەختەوەری خۆی دادەخات — بۆ نموونە کەسێ کە بە ئەنقەست خۆکاوڵکەرە [١٦] — ئەگەری ئەوە هەیە گیرۆدەی نەخۆشیی زەینی بێت. فامی عورفی لەمەڕ لایەنی زیادەڕۆیی دیکەی بابەتەکەش دەڵێ: ئەو

کەسەی بەردەوام هەوڵدەدات بە تەواوی خۆخوازانە کردە بنوێنێ کارەکەی سەرپاکی ناعەقڵانییە.

لە راستیدا بە پێی فامی عورفی و عەقڵی ساخ و سەلامەت رەفتاری خۆخوازانەی هەمیشەیی، بە پێوەر و هێمای بێعەقڵبوونی دێتە ئەژمار.

فامی عورفی، خۆتەوەرەیی سەروبەر لە بنەڕەتدا بە ناعەقڵانی لە قەڵەم دەدا و رووگەی ئەویدیخوازیی تەواو، پەسن دەکات، بەڵام رەنگە بە نازەروور و ئامانجی دایدەنێ. بۆ نموونە، ئەویدیخوازییەك کە مەبەستی دوور و لە بەدەستهێنان نەهاتووی هەیە ئارمانجیی و خەیاڵییە.

فامی عورفی رووکردی خۆکاولکەرانە بە ساویلکانە دادەنێت، بەڵام رێگا و رێبازی وێرانکەریی دیترانیش هەر وایە.

هەیە بانگەشە دەکەن خۆتەوەرەیی و ئەویدیخوازی کۆکن پێکەوە. لەم رووەوە، زیاتر دەگوترێ ئەویدیخوازییەکی راستەقینە کە لە قووڵایی دڵەوە هاتووە، باشترین رێگای گەیشتن بە بەختەوەریی تاکەکەسی و تایبەتییە. لە لایەکی دیکەوە، ئازادیخوازانی باڵی راست جەخت دەکەنەوە کە خۆتەوەرەیی هۆکاری بەسوودتربوونی تاکە بۆ کۆمەڵگا. بەم چەشنە لایەنگرانی تیۆریی ئەویدیخوازی لە دڵەوە بە راست دەیگرن کە بەختەوەریی کەسەکە خۆی دڵخواز و پەسنە. هەنووکە ئاوڕێکی دیکە لە وێنای خۆخوازی یان مەعقوولییەت [17] دەدەینەوە:

عەقڵانییەت یان بەئاوەزبوون کەم تا زۆر بە مانای شێوازێکی کردەنواندن و بیرکردنەوەیە کە وەکو کەرەسەیەك بۆ بەدەستهێنانی ئاکام و مەبەستە تایبەتییەکان کاریگەرە. بەمحاڵەوەش، وەکیتر دەتوانین پرسیار لەوە بکەین کە چ ئاکام و مەبەستگەلێك مەعقوولن، هەر چەند وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، ئەمەش روونە کە هەڵبژاردن و بەدواداچوونی مەبەست و ئاکامی دوور و



لە دەستنەهاتوو، یان ئەو مەبەستانەی دەزانن بەدەست نایەن کارێکی نامەعقوولە.

مەبەستەکانی رووکرد و شێوازی خۆتەوەرەیی پەتی بە راستی لە ژیانی واقعیدا بەدەست نایەن. خۆتەوەرەیی پەتی، هەمیشەیی و پاك ناتوانێ مەبەستەکانی خۆی بپێکێ. بۆ ئەو کەسەی ئەندامی بوونەوەرە کۆمەڵایەتییەکانە نامومکینە کە بەردەوام مەبەستی خۆخوازانەی پەتی هەبێت، یاخود هەموو کات بە دوای ئەم مەبەستانەوە بێت، مەگەر بە تاقی تەنیا لە دورگەیەکی چۆڵ و هۆڵدا ژیان بەسەر بەرێ.

پێدەچێت گوایە ئەویدیخوازیی هەمیشەیی و درێژماوە زیاتر ئەگەری بەدیهاتنی هەیە تاکو خۆخوازیی درێژماوە، بەڵام ناتوانین بەتەواوی لەم بابەتە دڵنیا بین.

ئەم بڕوا، کە تیۆریی خۆخوازی بە حەتمی عەقڵانیتر لە تیۆریی ئەویدیخوازییە، ئێکجار بە لای فەیلەسووفانی نوێوە راکێشەر بووە، بەڵام بڕوای ئەوان بە عەقڵانییەتی لەبەرتری تیۆریی خۆخوازی، بنەمایەکی ئەزموونیی شاراوەی هەیە، تا ئەو ئاستەی کە ئەوان لەگەڵ لە ئیمکانهاتوویی ئەویدیخوازی لە رووی ئەزموونییەوە کۆکن، بانگەشە دەکەن کە ئەو ئەنجامە و هۆکردی پەروەردە و بارهێنانی دژ بە سروشتە. ئەمە نیشاندەدات کە ئەوان خۆخوازیی بە عەقڵانیی دادەنێن؛ چونکە لە ناخی دڵەوە دڵنیان سروشتیتر لە ئەویدیخوازییە.

تیۆریی عەقڵانیبوونی ئەویدیخوازیش بنەمایەکی شاراوەی هەیە. پاڵپشتی نەهێنیی ئەویدیخوازیی فەلسەفی بریتییە لە پێوەندی گریمانکراوی نێوان ئاوەزمەندبوون و بابەتێتی. ئاشکرایە کە خۆتەوەرەیی لە مانای بەتەواوی باو و پەسنی وشەکەدا زەینییە[18] (واتە لەگەڵ سووژە یان بابەتی ناسیندا پێوەندیی

هەیە). ئەویدیخوازی لە مانای بەتەواویی باو و پەسەنی  وشەکەدا عەینییە[١٩] (واتە لەگەڵ خەڵکانێکی جگە لە بابەتی ناسیندا پێوەندی هەیە) . بنەمای ئەو تیۆرییەی دەڵێ ئەویدیخوازی عەقڵانییە، رەنگە بڕوا بەوە بێت کە بابەتێتی عەقڵانیتر لە زەینییەتە.

## تیۆریی خۆخوازی نیچەیی:

تیۆریی خۆخوازی «نیچەیی» بریتییە لەو باوەڕە کە هەرچەند ئەخلاقی باو لەسەر  خۆتەوەرەیی نەوەستاوە، بەڵام باشتر بوو وا بوایەت.

گرینگترین و سەرنجراکێشترین لایەنگری ئەم جۆرە خۆخوازییە فەلسەفییە نیچەیە. ئەو لە ماوەی ژیانیدا هەوڵیدا هەڵویستی بینەرێکی گومانکار لەمەڕ مرۆڤایەتی هەڵبژێرێت و نەکەوێتە ژێر کاریگەریی خەڵکی ئاسایی، واتە «سەربەست»[٢٠] بێت.

نیچە برگە بایەخمەندەکانی خۆی بە کەف و کوڵ و شارەزایی ئەدەبیی پڕڕەنگەوە دەردەبڕێ. بەهاکانی ئەو گرژ دژ بە یەهوودییەت و مەسیحییەتە؛ دیمۆکراسی [٢١] بە هیچ دانانێ جگەلە گێڕانەوەی دنیایی و سووکی ئەو ئایینانەی رقی تەواوی لێیانە. نیچە بە هۆی ئەو بیر و باوەڕانەی گەرم و گۆڕ ئیمانی پێیان هەیە، فەیلەسووفێکە خۆێنەرانی بەرهەمەکانی یان رقیان لێیەتی یان بە عەشقەوە خۆشیاندەوێ.

نیچە لە روانگەی رێژگەراییەوە دەڕوانێتە حەقیقەت  و لای وایە تیۆرییەکان تا ئەو ئاستەی لە رووی بیۆلۆژییەوە بۆ مرۆڤ، یاخود گرینگتر لەوە بۆ جۆری تایبەت و لەبەرتری مرۆڤ بەسوود بن، راستگۆن. نیچە فێمێنیست[٢٢] نەبوو. پێویستە بگوترێ کاتێ کە ئەو باسی مرۆڤ یان مرۆڤەکان دەکات مەبەستی جنسی نێرینەیە نەك رەگەزی مرۆیی. ئەم بە دابەشکردنی مرۆڤەکان بۆ



«لەبەرتر» و «سووك و خوار» ژنان بەرپەرچ دەداتەوە؛ چونکە بە رای ئەو ژنان بە شێوەی زاتی کۆیلە سفەت و «سووك»ن.

نیچە دەڵێ ئەخلاق کەرەسەی پاراستنی کۆمەڵگایە. بەڵام هەروەها لە بوونی دوو جۆر ئەخلاقی دژواز پێدادەگرێ: جۆرێکیان ئەخلاقی کۆیلەیی [٢٣]یە کە ئەگەری ئەوە هەیە پارێزەری کۆمەڵگا بێت، هەر چەند تەنیا بە شێوەی کاتی. جۆری دیکە ئەخلاقی سەروەرییە[٢٤] کە ئامانج و مەبەستەکانی کەسانی زەق و جیاواز دێنێتە دی. ئامانجەکانی کەسانی لەبەرچاو و زەق هەرگیز کۆمەڵایەتی یاخود ئەویدیخوازانە نییە. بە داخەوە هێندە روون نییە کە ئامانجە پۆزێتیڤە گریمانکراوەکانیان، تەنانەت ئەگەر ئەم چەشنە ئامانجانە بوونی بێت — چین.

لە ئەخلاقی کۆیلەییدا، «باش» بە مانای بەسوود، بە بایەخ، میهرەبان، دلۆڤان، دڵسۆز و ئەویدیخوازانەیە. ئەم چاکە ناوبراوانە پێداویستی و مەبەستە کردەوەییەکانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ نموونە لاوازترینیان، جێبەجێ دەکات. لە ئەخلاقی کۆیلەییدا «خراپ» بە مانای تاکی خۆخواز، نەساز نامیهرەبان، دلڕەق و زاڵمە. بە بڕوای نیچە ئەخلاقی کۆیلەیی بەری هەست بە دڵێشان و تووڕەیی مرۆڤە سووکەکانە بەرامبەر مرۆڤە لەبەرترەکان. ئەم ئەخلاقە دەلالەتە لە بەخێڵی، سووکایەتی، بێهێزی. هۆی سەرەکیی ئەوەی کە بۆچی ئەو مەسیحییەت و یەهوودیەت مەحکووم دەکات دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی ئەخلاقی کۆیلەیی لەواندا. لە ئەخلاقی سەروەریدا « باش » بە مانای ئاکاری ئەشرافی، ئازادانە و تاکگەرایانەیە  و «خراپ» بە مانای کۆیلەیی، بابەتی رق هەستێنەر، دڵسۆزی و تایبەت بە هەمووان. ئەخلاقی سەروەری دەربڕی رێزگرتن لە خود، تاکێتی و لێهاتوویی و ئازادیی قەرزداری مرۆڤە تایبەتەکانی خاوەن نەفسی سەلامەتە.

جۆری لە بەرتری مرۆڤ ئەخلاقی تایبەت بە خۆ خەلق دەکەن و لای جۆری خوار و سووکی مرۆڤ ئەخلاقی هەموویی[25] پەسندە؛ چونکە بۆ ئاست ناوینییەکان و کەسانی لاواز بە سوودە. ئەنجام، ئەخلاقی لەبەرتر و نزم و سووك ناتوانن پێکەوە بوونیان هەبێت، لەبەر ئەمەشە ئەخلاقی سووك و خوار لە بنەڕەتدا گشتییە و تاکی سەربەست و مرۆڤی خاوەن توانای سەیر و سەمەرە و تایبەت لەلایەکەوە و لە سەرحەقبوونی خۆخوازی و یان مافی ئافراندنی ئەخلاقییاتی نوێ هەڵناگرێت.

نیچە دەڵێ پرەنسیپە ئەخلاقییەکان بۆ دوو بەش دابەشدەکرێن. لەوانەیە هەر دوو بەشەکە بۆ ئەوانەی باوەڕیان پێیەتی « بۆچوونی پێویست » بێت، بەڵام ئەمە هەرگیز بەو مانا نییە کە بە پێی بیروڕاکانی ئەو چ جۆرە بایەخێکی کۆتایی بوونی نییە. ئەو پێیوایە پرەنسیپە ئەخلاقییەکان خۆیان خاوەن بایەخن؛ رەنگە جۆرێکی تایبەت لە بەهای نائەخلاقی. دەکرێ پرەنسیپە ئەخلاقییەکان بۆ باشتر و خراپتر پلەبەندی بکرێن. لە خوارووی ئەم هێڵکارییەدا ئەو پرەنسیپانە بەدیدەکرێن کە جەخت لە ئەویدیخوازی، بەزەیی، سوودمەندی لە خۆ بردوویی و فیداکاری دەکەنەوە و لە سەرووشییەوە ئەو پرەنسیپانەن کە سەرکۆنەی یەهوودییەت و مەسیحییەت دەکەن و لە باتی ئەمە لەسەر نبووغ، ئەشرافییەتی روانگە، رێز لە خۆگرتن و ئازادیی کەسانی گرینگ و زەق دامەزراوە.

نیچە لە کتێبی ئەو پەڕی چاکە و خراپەدا [26] لێکیدەداتەوە کە رۆیشتن بۆ ئەوپەڕی چاکە و خراپە بە مانای گەیشتن بەوپەڕی ئەخلاقی خەڵکانی ئاساییە بۆ بەدەسهێنانی ئەخلاقی تایبەتیی خۆتان، بەڵام پێویستە جۆری باشتری مرۆڤ بێت تاکو لەم کارەدا سەرکەوێ. هەڵبەت ژنان لە بەر ئەوەی لە رادەبەدەر کۆیلەسفەتن، لە بنەڕەتدا توانای ئەنجامی ئەم کارەیان نییە؛ لەم رووەوە،



هەوڵەکانی لە مانای پڕ بە پێستی وشەکەدا ناچێتە خانەی « ئەوپەڕی چاکە و خراپە ». ئەم چەشنە مرۆڤانە تەنیا تاوانبارن، بۆ خەڵکی ئاسایی تەنیا ئەخلاقی ئاسایی ئیمکانی بوون و دەرکەوتنی دەرەخسێ، ناوەرۆك و خاڵەکانی ئەخلاقی لەبەرتری نیچە بە وردی چییە؟ هەروا کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، وردەکارییەکانی تەمومژاوی و ئێگجار سلبین. ئەخلاقی لە بەرتری ئەویدیخوازی دژ بە بەزەیی، دژ بە هاوشێوە سەیر کردن، دژ بە خەڵکانی لاواز و ئاسایی و دژ بە چاکە سوننەتییەکانە کە لە ئامۆژە و ئامۆژگارییەکانی ئایینە رۆژئاواییەکان بەدیدەکرێن.

نیچە چەشنی پێغەمبەر وەسفکراوە. ئەو رستەی پێغەمبەرانە و پێشبینیی ئامێزی نووسیوە کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر راستن. ئەو گوتی پاش مردنی، مرۆڤ تووشی زنجیرەیەك شەڕی ئایدیۆلۆژیکی دەبێت کە « گۆی زەوی دەلەرزێنێ ». ئەو ساڵی ۱۹۰۰ لە ژیاندا نەما، لەو کاتەوە جیهان لە راستیدا بە هۆی تێکهەڵکوتانی ئایدیۆلوژیکیی بەرفراوان تووشی خەسار بووە.

ئەو هەروەها پێشبینی کرد کە پاش مەرگی، دژ بە عەقڵانییەتی زانستیی سەدەی نۆزدەهەم کاردانەوەیەك دێتە ئارا، تەقینەوەیەك لە هێزە وەحشییەکان: سەبارەت بە رابردووگەریی [27] بۆمان هەیە تا رادەیەك لەسەر ئەو باوەڕە بین، هەر چەندە هۆچییەتەکانی سەدەی بیستەم بە راستی بە ناوکۆی کەڵکوەرگرتنیان لە زانست و تەکنۆلۆژیاوە وەحشیانەتر بووە. بە بڕوای نیچە کولتووری سەدەی نۆزدەهەم خۆپەسەندانە، لە رووی سستیی مەسیحییەوە، دڵنیا لە پێشکەوتن، ویستیاری دیمۆکراسی و ئاست ناوین بوو. ئەو دەیگوت هۆچییەتی نوێ هەموو ئەمانەی ئاوەژوو کرد، بەڵام ئەنجام بەها و بایەخە لە پێشترەکان سەردەکەون. تەقینەوەی هۆچییەتی پێویست و زەروورە و رێگەی جۆری لەبەرتری مرۆڤ خۆشدەکات. لەو بابەتە جێی داخانە لە ناووبانگی نیچەدا ئەوەیە کە پاش

مردنی ئەو، هیتلەر یەکێك لە گەورەترین ستایشکەرەکانی بوو. نازییەکان بانگەوازی ئەوەیان دەکرد کە بەرنامەی جەنگی و کۆمەڵکوژیی ئەوان ئارمانجەکانی نیچەی شێوەڕێژ کردبوو: بەڵام لایەنگرانی نیچە پێ لەوە دادەگرن کە ئەو هیتلەری بە یەکێك لەو هۆچانە دەزانی کە دەیگوت پێش ئەخلاقی لەبەرتر و سەرهەڵدانی کەڵەمرۆڤ دێنە ئارا.

ئایا دەکرێ لە نێوان ئارمانجەکانی نیچە و ئارمانجەکانی ناریزم [٢٨] جیاوازی دابنرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تا رادەیەك گرێدراوی وێنای ئێمەیە لە مرۆڤی لەبەرتر. مرۆڤی لەبەرتر لە چی دەچێ و کەڵەمرۆڤی داهاتوو هاوشێوەی چ کەسێکە؟ ئایا کەڵە مرۆڤ هاوشێوەی فەیلەسووفە مەزنەکان؟ هەڵوێستی نیچە بەرامبەر بە فەیلەسووفانی دیکە هەمیشە هاوڕێی رێز و حورمەت نەبوو. ئەو سۆقراتی هێند گرینگ نەدەزانی و بەرزنرخاندنی شۆپنهاور لای ئەو بەرەبەرە کەم بۆوە؛ ئەوکاتە کە بیستی ئەم گەورەترین رەشبینە خۆشی لە ژەندنی فلووت هاتووە. هەرچەند دەتوانین بڵێین فەیلەسووفانی پێشوو بێگومان هەموویان پیاوانێکی خاوەن توانای تایبەت، بە تەواوی تاك و بێوێنە، ئیجگار نائاسایی و هەندێجار بە چەشنی سەرسووڕهێنەر وریا و زیرەك بوون، بەڵام ئەبێ بزانین کە ژمارەیەکی کەمیان — ئەویش ئەگەر بەدیبکرێت — بانگەوازیان بۆ خۆخوازی دەکرد و برێکیان شیلگێرانە لایەنگری ئەویدیخوازی بوون. کەوابوو پێدەچێت نیچە دەبوو بڵێ کەڵەمرۆڤ هاوشێوەی فەیلەسووفانی مەزن نابێت.

کەواتە « جۆری لەبەرتر »ی نیچە چ کەسانێك دەگرێتەوە؟ ئایا رێك ئەو مرۆڤانەن کە ئەخلاقییاتی وشك و رەقی خۆیان بەدیدێنن؟ نابێ لە ریزی فەیلەسووفاندا بە دوایاندا بگەڕێین، تەنانەت ناکرێ لە نێو شێوەکار و شاعیرەکاندا لێیان بگەڕێین (هەر چەند هەندێکیان بە تایبەت شێوەکاران، تا رادەیەك کاریگەریی رۆمانە نیچەییەکانیان لەمەڕ ژیانی بۆهێمی لە سەرە) ،



بانگەشەکەرانی «ئەخلاقییاتی نوێ » ی وشك و رەق و تەق زیاتر لە نێو دیکتاتۆرەکان و ژەنەراڵ و بەرپرسانی زینداندا بەدیدەکرێن.

کەواتە بۆ لایەنگرانی نیچە بەرگریکردن لە قارەمانەکانیان سانا نییە. رەنگە تەنیا بکرێ بەم بەڵگاندنەوە بەرگری لە نیچە بکرێ کە ئەو سەرەڕای هێرشی هەمیشەیی بۆ دێموکراسی و ئاست ناوین بوون، جگەلە ئەزموونی تایبەتیی (کورت) ی خۆی لە شەڕدا، لە کۆتاییدا مرۆڤێکی ناسیاسی بوو کە چ رایەکی لە سەر ئەوەی کە دیکتاتۆرەکان وحاکمەکانی دیکە لە ژیانی واقیعیدا لە چی دەچن نەبوو و چ پێشنیارێکی گرینگی لەم بارەوە ئاراستەی نەکرد کە چۆناوچۆن دەکرێ ئەندێشەکانی وەرگێڕدرێتەوە سەر زمانی سیاسی و شرۆڤە بکرێت.

## پەراوێزەکان

١-egoism

٢- altruism

٣- ego theories

٤- cynicism

٥- verbalistic

٦-Verbalistic

٧- rationality

٨- dogmatic

٩- self –interested

١٠- John Aubrey

١١- psychological

١٢- psychoanalytical

١٣- selfish gene

١٤- axiomatic

١٥- selfn – interestedness

١٦- self – destructive

١٧- reasonableness

١٨- subjective

١٩- objective

٢٠- free spirit



٢١- democracy

٢٢- feminist

٢٣- slave morality

٢٤- master moality

٢٥- herd morality

٢٦- *Beyond Good and Evil*

٢٧- hindsight

٢٨- Nazism

٢٩- Prussian generals

## سوود و پڕەنسیپە ئەخلاقییەکان:

ئەنجامگەرایی ئەخلاقی[1] تیۆرییەکە دەڵێ کردەکان تەنیا دەبێ بەرەچاو کردنی ئەنجامەکانیان هەڵسەنگێندرێن. ڕەسەنایەتی سوود[2] ناودارترین ئەنجامگەراییە و بە نێوبانگترین فەیلەسووفانی سوودگەرا بریتین لە جێرمی بێنتام[3]، جێمز میل[4] و جۆن ستورات میل.

فەلسەفەی ڕەسەنێتیی سوود، چ پڕەنسیپێکی ئەخلاقیی لەوانە «درۆ مەکەن» یاخود « حەزتان لە دادوەری بێ» یان «لە سەر بەڵێنەکەتان بمێننەوە » بە ڕاست دانانێت. سوودگەراکان لە باتی ئەمە دەڵێن کردەی ڕاست و دروست بەردەوام کردەیەکە لە ئەنجامیدا زیاترین ژمارەی مومکین لە خەڵك تا ئەو ئاستەی دەکرێ بەختەوەر بن (واتە وەك دەڵێن زۆرینەی بەختەوەری). تەنیا ئەو شتانەی بە شێوەی ڕەها و زاتی لە جیهاندا بە بایەخن بریتین لە بەختەوەری و چێژ و هەموو شتە بە بەهاوبایەخەکانی دی تەنیا تا ئەو ئاستە بەهایان پێدەدرێ کە هۆکاری بەختەوەری بن.

ڕێك خاڵی بەرامبەر بە ڕەسەنێتی سوود، تیۆریگەلێك بوونیان هەیە کە جەخت لە گرینگی هانە، ئەرك، ماف و پڕەنسیپە ئەخلاقییەکان دەکەن. ئەم چەشنە تیۆرییانە بە زۆری بە نێوی تیۆریی ئەرکناسی[5] ناوەزەد دەکرێن (واتە تیۆریی پەیوەندیدار لەگەڵ ئەرك) . ڕەنگە بە نێوبانگترین فەیلەسووفی دژە ڕەسەنێتیی سوودە کانت بێ. کانت دەڵێ بە دوای بەختەوەری و چێژی خود یان ئەویدیییەوە بوون بێسوودە؛ چۆن گرژ ئەگەری ئەوە هەیە شکست بێنێ. ئەگەر بەختەوەری بە شێوەی زاتی بەبایەخ بوایە، واتە ئەگەر خۆی لە خۆیدا بەسوود بوایە، نەدەبوو ئێمە کە هەواڵی پێشکەوتن و بەختەوەری کەسانی شەڕی جیهانمان دەبیست، هەستمان بە پەژارە و دڵگرانی کردبا، بەڵام لە ڕاستیدا وێنای ئەوەی کە کەسانی شەڕ بەختەوەرن و ڕۆژانێکی خۆشیان هەیە، زۆربەی



خەڵك نارەحەت دەکات. بە بڕوای کانت تاکە شتی بە تەواویی بەبایەخ و بەها لە جیهاندا ئیرادەی باشە، ئیرادەی باش بریتییە لە ویست و قەراری بەهێز و شیلگیر بۆ ئەنجامی ئەوەی ڕاست و دروستە.

ئەوانەی ئیرادەی باشیان هەیە، واتە ئەو کەسانەی بەردەوام دەخوازن زیاد لە هەموو شت کاری ڕاست بکەن، بە پڕەنسیپێکی ڕەفتاریی تایبەت پێملن. کانت دەڵێ ئەم پڕەنسیپانە عەقڵانین و هەر بوونەوەرێکی عاقڵ دەتوانێ و دەبێ پێڕەویان بکات، هەڵبەت هەرچەند هەموو کەس پێڕەوی ناکات.

ئامۆژگارییەکانی کانت بریتییە لەمانە:

- قسەی ڕاست بکە.
- کاری ڕاست بکە.
- بەڵێنی درۆ مەدە.
- سەخی و دەسئاوەڵا و خێرخواز بە.
- بۆ تەمێ و سزادانی بکوژان و ئەوانەی دەبێ سزا بدرێن ئامادە بە.
- بۆ حەیوان و ئاژەڵ میهرەبان و بەرەحم بە٠.
- خۆت مەکوژە.

کانت دەڵێ بوونەوەر یان کەسی عاقڵ دەرکی ئەوە دەکات کە ڕێسا ئەخلاقییەکان ڕیزپەڕیان نییە، لە بەر دوو هۆ کار. **یەکەم** هەموو کەسەکان، بێ دانانی ڕیزپەڕ، واتە نە هەر ئەوانەی دەیانهەوێ باش بن، بەڵکو هەموان دەبێ ڕاستگۆ و دروستکار و. . . بن، هەموو ئەم بەرپرسیارێتیانەیان هەیە، هەر چەند ئاگایان لە واقیع نەبێت.

**دووهەم**، مرۆڤ دەبێ بێ دانانی ڕیزپەڕ، هەموو کات ڕاستگۆ و دروستکار بێت. بارودۆخ نابێتە هۆی گۆڕانی ڕووگە و ڕووکرد. تەنانەت ئەگەر بە درۆکردن قازانجێکی قەبە بێتەدی، ئێوە نابێ درۆ بکەن.

لە نێوان ئەم دوو بۆچوونە کە دەڵێن لە ئەنجامدا چی لە ژیاندا بە بەها و بایەخە، چۆناوچۆن دەکرێ داوەری بکرێ؟ پێویستە سەرەتا بزانین ئەم دوو جورە تیۆرییە لە رووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ دۆخە دژوارەکان چۆن کردە دەنوێنن؛ واتە لەو دۆخانەدا کە پێویستی بە هەڵبژاردنی پڕزەحمەت هەیە. تیۆریی رەسەنێتی سوود و تیۆریی ئەرکناسیی جارجارە لە ئاکامدا. برێ کار و کردەی هاوشێوە رادەسپێرن (هەر چەند هۆکار و بەڵگەکانی هەر کامیان جیاواز بێ لەویدی) ؛ هەر بەو چەشنەی کە دەشبینرێ راسپاردەی دژواز و ناهاوسەنگیشیان هەیە. بۆمان هەیە ئەم جیاوازییانە لێکبدەینەوە و لە خۆمان پرسیار بکەین، کە ئایا ئەوان دەلالەت لە پرسەکانی تایبەت بە تیۆرییەکان دەکەن.

**نموونەی یەکەم: وەعدەکانی کاتی مەرگ:**

وابگرن کە مامە تام لە دوورگەیەکی دوور و تەریك خەریکە دەمرێ و دەرفەتی وەسیەتکردنی راستەقینەشی نەماوە. بەختەوەرانە ماریای برازاشی لە هەمان دوورگە دوور و چۆڵەدا دەژی، کەوابوو داوای لێدەکات هەر کە گەڕایەوە بۆ جیهانی بە ژیار، پارێزگاری لە دارایی و سامانەکانی بکات. ماریا بەڵێن دەدا دوا ئاواتی ﴿ مامەی ﴾ کە دانی سەرجەم سامانە ٥ ملیونییەکەیەتی بە گالەری هۆنەریی پارێزگا، بێنێتەدی.

بەڵام کاتێ ماریا دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی ژیار، تێدەگا خۆی وەکو تاکە خزم و کەسی زیندووی مامە تام، میراتگری سامانەکەی ئەوە. ئایا دەبێ لە سەر بەڵێنەکەی بمێنێتەوە؟ یاخود پارەکە لە رێگایەکی دیکەدا خەرج بکات؟ بۆ ئەوەی ئیمکانی تاوانی فیز و دەمارگرژیی بسڕینەوە گریمان دەکەین ماریا نایهەوێ ئەو پارە بۆ خۆی هەڵگرێ، بەڵکو بە باشی دەزانێ پارەکە بدا بە نەخۆشخانەی منداڵان کە مەترسی داخستنی لە سەرە، نەك بیدا بە گالەری



هونەرە رەزمی و سەربازییەکان. زۆر باش، ئایا ماریا دەبێ لە سەر بەڵێنەکەی بمێنێتەوە؟ کەسی لایەنگر و پێڕەوی تیۆریی ئەرکناسی دەڵێ، بەڵێ، یەکەم، شکاندنی پەیمان پڕەنسیپێکی رەفتاریی خراپە و وەفادار بوون بە پەیمان، پڕەنسیپی رەفتاریی باش. بەڵام ئەگەر ماریا حەزی لە ئایدیای پێشکەشکردنی پارە بە گالەری هونەرەکان نەدەکرد، نەدەبوو هەر لە سەرەتاوە ئەم بەڵێنەی دابا، بەڵام مادام ئەم پەیمانەی بەستووە، ئەرکی سەرشانییەتی بەرامبەری بە ئەمەگ بێ و جێبەجێی بکات.

دووهەم، شکاندنی ئەو پەیمان و بەڵێنەی لەگەڵ کەسی لە حاڵی مەرگدا بەستراوە، خراپترە لە شکاندنی پەیمانێ کە لەگەڵ کەسێکی زیندوو گرێدراوە؛ چونکە کەس لە حاڵی مەرگ ئێجگار ناتوان و بێدەسەڵاتە. ئەو ناچارە باوەڕبە تۆ بێنێ و پشتت پێببەستێ؛ لە بەر ئەوەی هەرگیز بۆی نییە کارەکەی تۆ کونترۆڵ بکات. فێڵ کردن لە کەسی لە حاڵی مەرگدا کارێکی سووك و ناشیرینە.

لە لایەکی دیکەوە، کەسی قایل بە رەسەنێتیی سوود دەڵێ: هەمووشت گرێدراوی ئەوەیە کە بە یارمەتیدانی گالەریی هونەری بەرامبەر بە یارمەتیدان بە نەخۆشخانە، چەندە بەختەوەریی دەستەبەر بێت. ئەگەر دانی پارە بە گالەری لە چاو دانی پارەکە بە نەخۆشخانە بەختەوەرییەکی زیاتری لێبکەوێتەوە، لەو حاڵەدا، ماریا لە سەریەتی بەرامبەر بە پەیمانەکەی وەفادار بێ. وەکچۆن ئەگەر دانی پارەکە بە نەخۆشخانە لە چاو گالەری ببێتە هۆی رسکاندنی بەختەوەریی فراوانتر، لەو حاڵەدا، دەبێ لە سەر بەڵێن و پەیمانە سەرەتاییەکەی نەمێنێ.

بە پێی پێوەرەکانی رەسەنێتیی سوود چی دەکرێ لە سەر ئەوەی کە ئەو نەدەبوو هەر لە سەرەتاوە بەڵێنێکی دابا کە بە چ شێوەیەك نایگەیەنێتە ئەنجام، بگوترێ؟ ماریا بە بەستنی پەیمانەکە لەوانەیە چەند چرکەی کۆتایی ژیانی

مامه تامی تێکەڵ بە خۆشی و شادی کردبێت؛ ئەگەر ئەو ملی لە بەستنی پەیمان بادەدا، رەنگە چەند چرکەی کۆتایی ژیان لە باتی خۆشی و شادی بە پەژارە و خەمەوە کۆتایی پێدەهات. لەو رووەوە کە بە پێی تیۆریی رەسەنێتیی سوود، بەختەوەریی تاکە شتی بەبایەخی ژیانە، تاکە کاری دروست ماریا دەیتوانی لەو دوورگە چۆڵ و هۆڵەدا ئەنجامی دابا، بەستنی ئەو پەیمانە بوو، هەرچەند پاشان بڕیار بدا هەڵیوەشێنێتەوە، لە راستیدا تەنانەت ئەگەر بە درێژایی ئەو ماوە، نیازی بووبێت لە سەر پەیمانەکەی نەمێنێ.

سەبارەت بەوەی کە شکاندنی پەیمانێ کە لەگەڵ کەسی لە حاڵی مەرگدا بەستراوە ئێجگار نامرۆڤانەیە دەکرێ چی بگوترێ؟ کەسی لە حاڵی مەرگ هەرگیز پێنازانێ کە تۆ بەڵێنەکەت هەڵوەشاندۆتەوە. کەواتە ئەو زانیارییە ناتوانێ ببێتە هۆی خەم و پەژارەی ئەو.

**نموونەی دووهەم: کاری دایکە ترێزا:**

زۆربەی کارەکانی دایکە ترێزا[٦] و هاو کارەکانی لە کەلکەتە[٧] چاوەدێریکردن لە خەڵکی بێکەس وکار و هەژاری لە حاڵی مەرگدا بوو. رەنگە ئەم کارە لای کەسی سوودگەرا، لە راستیدا بە فیڕۆدانی کات دیار بێ. لای کەسی سوودگەرا، کەسانی هەژار و بێکەس و کاری لە حاڵی مەرگدا بۆیان نییە لە پلە بەندیی سوودا جێگە و پێگەیەکیان هەبێت، ئەگەر هەر پێویست بێ لە پلە بەندیی سوودا جێگە و پێکەیان هەبێ، پێگەیان گەلێك نزم و نەوی دەبێت.

هەرچەند بێگومان، برێ بەختەوەری لە ڕێگەی کارەوە بەدەس دێ. رەنگە کرێکاران کاتی کارکردن هەست بە بەختەوەری بکەن، و لەوانەشە کەسانی لە حاڵی مەرگ کەم تا زۆر خۆشحاڵ بن، یان بە هەر چەشنە، بۆ ماوەیەکی کورت، لە چاو بارودۆخێکی دیکە هەست بە ئاسوودەیی زیاتر بکەن. خاڵی جێ سەرنج



لێرەدایە کە بە پێی هەڵسەنگاندی تاکی سوودگەرا ئەم بەختەوەرییە دەبێ بە پێی پێناسە کورت ماوە بێت. ئەنجام بە پێی هەڵێنجانی کەسی سوودگەرا خۆی، بۆ دایکە ترێزا باشتر وایە گرینگی و چالاکیی خۆی بۆ چاوەدێریکردن لە زیندووەکان تەرخان بکات، رەنگە دەبوو لە نەخۆشخانەیەکی ئاساییدا سەرقاڵی ئەو کارە ببوایە؛ چون هەوڵدان و چالاکی بۆ یارمەتیدانی زیندووەکان، هەم لە کورت ماوە و هەم لە ماوەی تا رادەیەك زۆردار گۆڕانکاریی لێدەکەوێتەوە.

لەوانەیە لێرەدا زۆربەی زۆری خەڵك —چ سوودگەرا بن و چ نەبن— لە ناخیاندا هەست بە چەشنێ هاودڵبوون لەگەڵ تیۆرییەکانی ئەرکناسیدا بکەن. بە دڵنیاییەوە (هەست دەکەن) دایکە ترێزا و هاوکارەکانی مرۆڤگەڵێکی هەرە باشن. بێگومان کاری ئەوان بەرز و بەڕێز دەنرخێندرێ. بۆ دەبێ بڵێین ئەمە کارێکی نادروستە؟ ئایا جیهان لەوڕووەوە کە دایکە ترێزا و هەڤاڵەکانی تێدا بووە، شوێنێکی چاك نییە؟

زۆر باش، ئەگەر ئەم کارە شیاوی بەرزنرخاندنە، بەها و بایەخەکەی لە کوێدایە؟ نابێ بەهاکەی لەبەر سوودەکەی بێت. ئەگەری بەهێز هەیە کە سوودەکەی بەراورد بە کارە پزیشکییە جۆراوجۆرەکانی دیکە، زۆر کەم بێ، رەنگە بەهاکەی لە هانە و مۆتیچی ستێرەکان یان لە پرەنسیپە ئایینی یان ئەخلاقییەکاندا بێت؟ رەنگە بەهاکەی لە بەر لەخۆبردووییەکەیەتی. رەنگە رێزگرتن لە مرۆڤایەتی — بریتی لە کەسانی هەژار و بەسووك سەیرکراو ــ باوەڕ بە شەرافەت و لە راستیدا پاکیزەیی مرۆڤەکانە کە ئەم کارە بە شیاوی رێز و ستایش دادەنێ. ئێمە خۆمان لە پێگەی مرۆڤدا بە باش دەزانین کە باوەڕمان بە پاکیزەیی (قداست) ی مرۆڤ هەبێ، کێیە بڵێ ئەمە نامەعقوولە؟ بە بڕوای کەسی سوودگەرا تاکە بەهاوبایەخی رەها لە جیهاندا، بەختەوەرییە؛ بەڵام کێ گوتوویەتی تەنیا یەك بەهای رەها لە جیهاندا بوونی هەیە؟ کێ گوتوویە پاکی و رێزی مرۆڤ بەها و بایەخی رەهای نییە؟

## نموونەی سێهەم: سیخوڕ

گریمان بکەن ئیدارەی پۆلیس بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە ئاسەوار و شوێنپەنجەی تۆڕێکی بە نێوبانگی بڵاو کردنەوەی ماددە هۆشبەرەکان گەڕاوە، بەڵام هیچی دەست نەکەوتووە و چ بەڵگە و تاپۆیەکی جێ متمانەی لە سەریان بە دەست نەهێناوە. ڕۆژێ یەکێك لە ئەندامانی ئەم تۆڕە ناوبراوە دەڕوا بۆ ئیدارەی پۆلیس و پێشنیاری ئاراستە کردنی هەموو زانیارییە پێویستەکان بۆ دەستگیر کردنی تێکڕای ئەندامانی تۆڕەکە بە پۆلیس دەکات. هاندەری ئەو بۆ ئەم کارە هەستی پەشیمانی لە کارەکانی خۆی نییە، بەڵکو زیاتر رق و کینەیە لە دەست و پێوەند. پێشووییەکانی خۆی کە پێکەوە نەسازاون. ئەو بەرامبەر بەم یارمەتییە، ویستیاری بەخششە لە سزادانی یاسایی خۆی. پۆلیس دەبێ چی بکات؟

وەڵامی تاکی سوودگەرا کە هەندێ جار لە ژیانی ڕاستە قینەدا وەڵامێکە لە وەها دۆخێکدا دەدرێتەوە، ئەمەیە کە دەبێ ﴿ ئەو کەسە ﴾ بپارێزرێ و ببەخشرێ. حوکم دەدرێ کە قازانجی گشتیی کۆمەڵگا لە هەموو تێروانینێکی دیکە لەبەرترە. لە لایەکی دیکەشەوە، ڕای لایەنگرانی تیۆریی ئەرکناسی — بە تایبەت ئەگەر کانتی بن — بە هۆی جنایەتە پێشووییەکانی ئەم سیخوڕە لە سەر سزادانیەتی. عەداڵەت دەخوازێ وەك یەك لەگەڵ جنایەتە هاوشێوەکان بجووڵێینەوە؛ بە تایبەت ئەگەر چ جۆرە پاشگەزبوونەوەیەکی حەقیقی لە ئارادا نەبێ. دروشمی پەیڕەوانی تیۆری ئەرکناسی ئەمەیە «ئەگەر ئاسمان و زەویش سەر لە یەك بدەن، دەست لە دادوەری هەڵمەگرن». بەڵام پێویستیی پێڕەوکردنی پرەنسیپە کانتییەکان لەم کەیسە تایبەتەدا، دەستگیرنەبوونی بازرگانەکانی ماددە هۆشبەرەکان دەبێ و دواهاتی دەستگیرنەبوونیشیان دەتوانێ گەلێك پڕمەترسی بێت. ئایا لەم چەشنە باس و بابەتانەدا باشترین کار ئەوە نییە ڕێگە بدەین یەك تاکی تاوانبار ئازاد بێت؟



## نموونەی چوارەم: مافەکانی کەسانی بێگوناه

گریمان تیرۆریستەکان مسافرانی فڕۆکەیەکیان بە بارمتە گرتووە و دەڵێن بەو مەرجەی کە فلان هاووڵاتی بە فلان نیشانە و تایبەتمەندییەوە بدرێتە دەستیان، هەموو مسافرەکان ئازاد دەکەن. لەوانەیە ئەم هاووڵاتییە سەر بە کۆمەڵێك بێت کە دژکاری مەبەستەکانی ئەوانە و ڕاست یان ناڕاست وێنا دەکرێ بەرپرسە لە ژمارەیەك چالاکیی دژەتیرۆردا. تیرۆریستەکان دەیانهەوێ هەر جۆر بووە ئەم کەسە لە نێو ببەن؛ ئەوان دەڵێن ئەگەر بەرپرسە ناوچەییەکان بۆ بەرێوەبردنی ئەم مەبەستە یارمەتییان نەدەن، فڕۆکەکە و مسافرەکانی پێکەوە دەتەقێننەوە.

بەرپرسە ناوچەییەکان دەزانن کە ئەم هاووڵاتییە چ تاوانێکی ئەنجام نەداوە و جگە لەمەش چ چەشنە پەیوەندییەکی لە گەڵ چ چالاکییەکی دژەتیرۆردا نەبووە. بەڵام دەرفەتی ئەوەیان نییە ئەمە لەگەڵ تیرۆریستەکان باسبکەن. بە هیچ شێوەیەك گومان لەوەش ناکەن کە تیرۆریستەکان هەر کە ئەم کەسە بێتاوانە وەربگرن، هەڕەشەکەیان دەگەیەننە ئەنجام. ئایا ئەوان دەبێ ژیانی کەسێکی بێتاوان و بێگوناه بۆ ڕزگارکردنی مسافرەکان بەختبکەن؟

ئەگەر بەرپرسە ناوچەییەکان سوودگەرا بن، لەم حاڵەتەدا، وەها دانووستاندنێ بە دڵنیاییەوە لای ئەوان یەکێکە لە ڕێگا لەبەردەمەکان. وەها کارێ لای ئەوان گرێدراوی ئەوەیە کە ئایا سوود و قازانجی گیانی مسافرەکان، زەرەر و زیانی پشتبەستن بە پەیمان و بەڵێنی تیرۆریستەکان دێنێ یا نا.

بەڵام ئەگەر بەرپرسانی ناوچەیی لایەنگری تیۆریی ئەرکناسی بن، لەم حاڵەدا، وەها کردەیەك، واتە بەدەستەوە دانی کەسێکی بێتاوان بۆ ئیعدام لە ڕووی ئەخلاقییەوە بە نامومکین دەزانن. ئەوان بەڵگە لە﴿جاڕنامەی﴾ مافی مرۆڤ و لەم بابەتەدا، لە مافی تووش نەبوونی تاکی بێتاوان بەزەرەر وزیان، دەهێننەوە و لە هەڵوەشاننەوەی ئەم مافە خۆ لادەدەن. ئەگەر تیرۆریستەکان

مافە یەکسانەکانی مسافره بێتاوانەکان رەچاو نەکەن، ئەوان تووشی جەنایەت هاتوون و بەرپرسانی ناوچەیی چ بەرپرسابرێتییەکیان بەرانبەر بەم پرسە نابێ. بە کورتی؛ بیروباوەڕی تاکی پەیڕەوی تیۆریی ئەرکناسی ئەمەیە کە رەچاونەکردن و هەڵوەشاندنەوەی مافەکانی کەسانی بێتاوان بەردەوام وەکو جەنایەت دێتە ئەژمار.

## کەم و کوڕییەکانی تیۆریی ئەرکناسی:

زۆربەی زۆری خەڵك نارەزاییان دەربڕیوە کە ملبادانی پڕاوپڕ لە رەچاوکردنی دواهاتی کردەکان، لەوانەیە ئەنجامی ترسناکی لێبکەوێتەوە. بەڵام ئەم نارەزاییە سەرەتا ئەوەش گریمان دەکات کە ئەنجامەکان، واتە ئاکامی کار، پرسێکی هەرە گرینگە؛ کەسی پێرەوی تیۆریی ئەرکناسی بێگومان لە وەڵامدا دەڵێ ئەنجامەکان هێند گرینگ نین. ئیراد و کەم و کوڕیی گرینگتر ئەمەیە: هێنانە زمانی ئاسانە کە مرۆڤ نابێ هەرگیز درۆ بکات و نابێ هەرگیز ببێتە هۆی ئازاردانی خەڵکی بێتاوان، بەڵام کە ئەم دوو رێسا ئەخلاقییە (یان هەر دوو رێسای ئەخلاقیی دیکە) پێکەوە ناکۆك و ناهاوسەنگ دەکەونەوە، چارە چییە؟ ئەگەر ئێوە لە کۆماجی ماڵەکەتان چەند جوولەکەیەکتان داڵدە داوە، کاتێ نازییەکان دێنە ژوورەوە و لە بارەی حەشارگەی ئەوانەوە پرسیارتان لێدەکەن ئەرکی ئێوە دەبێ چی بێ؟ ئایا دەبێ حەقیقەتەکە بڵێن و بە چاوی خۆتان چاوتان لێبێ کە خەڵکی بێتاوان دەبرێن بۆ ئۆردووگای مەرگ؟ یان ئەوەی کە دەبێ درۆ بکەن و چەند کەسی بێتاوان رزگار بکەن؟ هەر یەك لەم دووکارە ئەنجام بدەن، یەکێ لە رێساکانتان لەبەر پێڕەو کردنی رێساکەی دیکە رەچاو نەکردووە، بە دەربڕینی دی هەموو کات ناکرێ هاوکات سەرجەم رێسا ئەخلاقییەکان بچەسپێندرێ.



رەنگە ئەمە ئیرادی بنەڕەتیی تیۆرییە ئەرکناسییەکان بێ بەراورد بە رەسەنێتیی سوود. سوودگەراکان گریمان دەکەن کە بە راستی بەردەوام ئیمکانی ئەوە هەیە پێشتر بزانین چ بارودۆخێ لە داهاتوودا زیاترین بەختەوەریی بۆ تێکڕای کەسەکان دەستەبەر دەکات و هەمیشە ئیمکانی زانینی ئەوە هەیە کە چ کار و کردە گەلێك وەها بارودۆخێك بەدیدێنن. ئەگەری قایم هەیە ئەوان لەم باوەڕەیاندا هەڵەن لە بەر ئەوەی هەروا کە بە پێی تیۆریی نائارامی و بشێوی [٨] دەزانین، پێشبینیی داهاتوو بە راستی لە ئیمکان نایەت. ناکۆکیی نێوان رێسا ئەخلاقییەکان دووبارە دەکەینەوە: تاکی ئاسایی کۆڵان و بازاڕ دەخوازێ رێسا ئەخلاقییەکان بە پێی گرینگی رێژەییان پلەبەندی بکات. کۆمەڵگای رۆژئاوایی، لای زۆربەی خەڵك رزگارکردنی تاکێکی بێتاوان لە چاو راستگۆیی رەها بە لە بەرتر دادەنێ؛ هەڵبەت ئەگەر ئەم دووانە بەردەوام ناکۆك و ناساز بن بەیەکدی.

بە پێی گریمان، قایل دەبین بە پلەبەندیی رێسا ئەخلاقییەکان لە رووی گرینگییانەوە. چی دەبێتە هۆی گرینگتربوونی رێسایەك بەرامبەر بە رێسایەکی دیکە؟ ئایا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە رێسایەك لە چاو رێساکەی دی بەختەوەری زیاتری بە دواوەیە؟ ئەگەر بنەماو پێوەری پلەبەندی، سوود و بەختەوەری بێ، بەو مانایە کە تیۆریی رەسەنێتیی سوود، بەگشتی تیۆریی راستە.

## کەم و کوڕی و ئیرادەکانی تیۆریی رەسەنێتیی سوود:

پێدەچێت رەسەنێتی سوودیش گەلێك ئیرادی هەبێت. یەك لە ئیرادە بەنێوبانگەکان ئەوەیە کە دەڵێ ئەم تیۆرییە مرۆڤەکان دەگۆڕێ بۆ مشتێ مرۆڤی نزم و بێبایەخ.

بە راستی گریمان دەکەین کە تەنیا بەختەوەری و چێژ لە جیهاندا بەهای رەهایان هەیە. لەم حاڵەدا روونە کە پێویستە هەمووومان هەوڵبدەین زیاترین

ڕادەی مومکینی ئەم شتە ﴿ بەختەوەری و چێژ ﴾ بە بایەخانە بەدیبێنین و دەستمان پێیڕا بگات. بەڵام بەدەسهێنانی هەندێ جۆری بەختەوەری و چێژ لەوانی دیکە زەحمەتترە. بۆ نموونە بوون بەشەترەنجبازێکی مەزن یان ئەستێرەیەکی سەمای بالێ جۆرێکی بەختەوەرییە کە بۆ کەسانێکی کەم بەدیدێ. باوترین و هەموویترین جۆری چێژ و بەختەوەری سادەترین و حەیوانترینیان: خواردن و خواردنەوە، تێکەڵاویی جنسی، شوێنی گەرم و نەرم، تەمەڵی و تەوەزلی، ئاژاوەگێڕی، قومار بازی، یاری گەلی سادە کە هەرکەس دەتوانێ ئەنجامی بدات و هتد.

تەنانەت ئەگەر وێنا بکەین هەموو ئەمانە لە جێی خۆیاندا باشن، زەحمەتە بگوترێ کامیان بە تەواوی شەرافەتمەندانە و خاوەن شکۆن. ڕاسپاردەی ڕەسەنێتیی سوود ئەمەیە کە مرۆڤی پەستی بەختەوەر بوون چاکترە لە فەیلەسووفی بەدبەخت بوون. بە ڕای هەندێ کەس ئەم بڕوا و ئایدیا بە هیچ شوێنێ ناگات. ڕۆبەرت نازیك بەڵگاندنێکی دژە سوودگەرایانەی دیکە بەرهەم دێنێ. بە ڕای ئەو ڕەسەنێتیی سوود پێویستی بە لەپێش گرتنی وهەم لە واقیع هەیە. ئەو دەڵێ لە ڕاستیدا. مرۆڤەکان واقیعی نائارمانجیی لە خۆشی وهەماوی لە بەرتر دەگرن.

گریمان بکەن کەسێ مەکینەیەکی داهێناوە لاسایی ژیانی ڕاستەقینە دەکاتەوە، ئێوە لە سەر ئەم مەکینە پاڵدەکەون و ئەم مەکینە عەقڵتان پاڵدەنێ و ئەم وهەمەتان لا دروستدەبێ کە سەرجەم خۆشی و ڕووداوە چێژبەخشەکان ئەزموون دەکەن؛ هەر چەند بە درێژایی ئەم ماوە بەس هەموو ئەم شتانە لە خەیاڵدا ڕوو دەدەن.

بە بۆچوونی نازیك ئێمە بە شێوەی غەریزی دژ بە ئایدیای چێژە وهەماوییەکان دەوەستین و سواری ئەم مەکینە نابین. ئێمە خاوەنایەتی



ئاوێتەیەك لە چێژ و ڕەنجە واقعییەکان بە ژیانێ کە بە تەواوی لە سەر وهەم گیرساوە لەبەرتردەگرین؛ هەر چەند ئەم وهەمە چێژهێنەر و چێژبەخشیش بێت. وەکیتر ئێمە ڕیسك کردن بۆ گەڕان لە بەختەوەریی خۆمان لەوەی کە کەرەسە میکانیکییەکان بە دەرە لە ئیختیاری ئێمە ببنە ئامراز و هۆکاری بەختەوەریمان، بە باشتر دەزانین. کێشەی دیکەی ڕەسەنێتیی سوود ئەوەیە کە وادیارە پێمان دەڵێ هەوڵ و چالاکییە ئەخلاقییەکانمان زووم بکەینە سەر ئەوانەی ساناتر بەختەوەری ئەزموون دەکەن و لەو کەسانەی یارمەتیدانیان ئەستەمە، چاو داخەین. نموونەیەکی سادە دێنینەوە: گریمان فڕانك لە خۆشحاڵ کردنی خەڵکدا زۆر بە توانایە؛ زیاتر لە بەر ئەوەی نوکتەی سەیر و بە تام دەگێڕێتەوە. نوکتەیەك بۆ خێزانی تیتل و نوکتەیەك بۆ خێزانی بیتل دەگێڕیتەوە. خێزانی تیتل و بتیل لە ناخی دڵەوە پێدەکەنن. کەچی خێزانی تیتل دەڵێن ئەم نوکتە بووە هۆی ئەوەی کە نەختێ خۆشحاڵ بین، خێزانی بیتل دەڵێن ئەم نوکتە زۆر زۆر شادی کردین، چۆن خێزانی بیتل دێوزمەی سوودن؛ (٩) واتە ئەو مەخلووقانەی بە هۆی شتی بچووکەوە هەست بە خۆشیی قووڵ دەکەن. واپێدەچێت کە ئەگەر فڕانك سوودگەرا بێ، دەبێ هەموو هەوڵی خۆی لە سەر بنەمای بیتل زووم بکات. لەوانەیە ئەم جۆرە هەڵبژاردنە لە ژیانی واقیعیدا ڕوو بدات. هەڵبەت مێردەزمە سوود بوونی دەرەکیی نییە. بە هەموو ئەم وەسفانەوە، دیسانەش خۆشحاڵکردنی ئەوانەی بە شێوەی عاقڵانە سەرحاڵ و بە نەشەن ئاسانترە لە خۆشحاڵکردنی ئەو کەسانەی لە ژیانیاندا هەڵەی زۆریان کردووە. ئەو بڕیارانە لە بەر چاو بگرن کە دەبێ لە لایەن کەسانێکەوە بدرێ کە ماڵیاتەکانمان بۆ خۆمان خەرجدەکەن، بۆ نموونە بەڕێوەبەرایەتی و ئیدارەکانی پەیوەندیدار لەگەڵ ماڵ و خانووبەرە. ئیدارەی پەیوەندیدار لەگەڵ خانوو و خانووسازی دەبێ یەك لەم دوو بڕیارە بە دروستی دەر بکات: ١) پارەکە بۆ

کۆکردنەوەی ژمارەیەکی خانووی هەرەباش تەرخان بکات(بەم چەشنە بەختەوەری زیاتری دانیشتوانی ئەم ماڵانە بەدیهێناوە. ٢) پارەکە بۆ دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر خانووی تا رادەیەك باش تەرخان بکات (و بەم چەشنە هەلی هەست کردن بە بەختەوەریی ژمارەیەکی زۆری خەڵك دەستەبەر بکات). ئەگەر کرێچییەکانی گرووپی یەکەم چەشنی خێزانی بیتل مێردەزمەی سوود بن، یان تەنانەت بە شێوەی سروشتی تەڕوبەڕتر لە هاوولاتیانی چینی مامناوەند بن، لەم حاڵەدا، پێدەچێ ئیدارەی پەیوەندیدار لە گەڵ خانوو و خانووسازیی سوودگەرا پارەکە بۆ ئەمان خەرج بکات. بەڵام رێکخراوی دادوەری دەتوانێ و لە سەر حەقە، رێك بەرانبەر بەم «دۆخە» پێشنیاری خۆی ئاراستە بکات، بە تایبەت ئەگەر بار و دۆخی زۆربەی زۆری خەڵك خراپتر لە ئاستی پەسەنکراوی کۆمەڵگاکەی خۆیان بێت.

جی. ئەی. مۆر [١٠] وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە پێشنیار دەکات. ئەو دەڵێ بوون بە لەمپەر بەرانبەر بە بەدبەختی کەسێ گرینگترە لە رەخساندنی بواری بەختەوەری بۆ ئەو کەسە. راشەکاوانە بڵێین بۆ جەختکردنی راستی ئەم باوەڕە، جگەلە شەوودی عەقڵی سەلامەت چ هۆکارێکی عەقلانیی دیکە ناکرێ گەڵاڵە بکرێ.

ئەنجام نە تیۆرییەکانی ئەرکناسی دەتوانن بە تەواوی لەگەڵ شەوودەکانی عەقڵی سەلیمی کەسانی کۆڵان و بازاڕ رێکبکەون و نە تیۆرییەکانی ئەنجامگەرایی. رەنگە لە بەر ئەوەی ئەو تیۆرییانەی ئێمە رەچاومان کردوون تاك رەهەندین[١١]. رەنگە تیۆریی پێویست، تیۆریی پلۆڕالیستی بێت. بە هەر حاڵ بۆ دەبێ ئایدیا و بڕوایەکی سادە، چەشنی ئەم بڕوا کە گوایە تاکە بایەخی رەها بەختەوەرییە، بڕوایەکی راست و دروست بێت؟ ئاخۆ چ هۆکارێك بۆ ئەم گریمانە بوونی هەیە کە ئایدیا سادەکان هەموو کات باشتر لە ئایدیا ئاڵۆزەکان بن؟



ئاخۆ مۆنیزم[١٢] ئەگەری ئەوە هەیە کە دروستتر لە پلۆڕالیزم[١٣] بێت؟ خەڵك لە ژیانی واقعیدا پرەنسیپە ئەخلاقییەکان پەسەند دەکەن، بەڵام ئەنجامەکانیش دێننە ئەژمار. کەواتە رەنگە ئەمە باشترین، یان تەنیا رێگەی مومکین بۆ کردە نواندن بێ. بۆ رووبەڕووبوونەوە لە گەڵ بایەخیشدا لەوانەیە پلۆڕالیزم یارمەتیدەری چارەسەرکردنی پرس و بابەتی دژوار وەکو پەیمانی کاتی مەرگ بێت.

بەڵام لە کۆتاییدا هەرچی زیاتر ویستیاری ئەنجامدانی کاری راست و درووست بین، ئەگەری ئەوەش دێتە ئارا کە بەرەوڕووی هەڵبژاردنی پڕکێشە ببینەوە. لە راستیدا بە زۆری تا رادەیەك روونە کە ئەنجامدانی چ کارێ دروستە. بە هەر چەشنە، ئەگەر کەسێ لە باتی کاری راست و دروست، کارێکی هەڵە ئەنجامبدات، هۆکارەکانیشی تا رادەیەك روون و ئاشکرایە: فیز و ناتوانی و هتد هۆی زۆربەی بڕیارە خراپەکان بەیان دەکەن، بەڵام رەنگە راستیی بابەتەکە وەها بێ کە هەندێ پرسیار وەڵامی راست و دروستیان نەبێ. لەوانەیە وابێ کە هەندێ لە بڕیارە گرینگ و پڕکێشەکان رێك لە بەر ئەوەی هۆکارە یار و هاوڕا و نەیار و ناهاوڕاکانی خاوەنی بەهای هاوشێوەن پڕکێشە بن. رەنگە ژیانی مرۆڤ رێك بەم شێوە بێ. بەختەوەرانە هەمیشە بەم چەشنە نییە.

## پەراوێزەکان

١- ethical consequentialism
٢- utilitarinasim
٣- Jeremy Bentham
٤- James Mill
٥- deontological
٦- Mother Teresa
٧- Calcutta
٨- Chaos Theory
٩- ulitity monsters
١٠- G. E. Moore
١١- monistic
١٢- monism
١٣- pluralism



## ژیان ومەرگ:

ژمارەیەك لە کۆنترین پرسەکانی فەلسەفە لەگەڵ پرسیار سەبارەت بە مەرگ و ژیان پێوەندییان هەیە. لە مێتافیزیکدا ئیمکانی تاهەتاییبوونی نەفس یان جەستە (پاش هەستانەوە و رابوون (١)) و تیۆریی تناسخ [٢] ی سەر زەوی، لانیکەم بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵ بابەتی توێژینەوەی فەلسەفە بووە. لە فەلسەفەی ئەخلاقدا سەبارەت بە هەڵە بوون یان هەڵە نەبوونی قەتڵ و کوشتن، خۆکوژی ئۆتانازی و لە باربردنی منداڵ و نسز (بە جێهێشتنی کەسانی نیوەگیان لە حاڵێکدا کە دەکرێ رزگار بکرێن) کۆمەڵێك پرسیار گەڵاڵە دەکرێ.

لەم بەشەدا تەنیا دوو بابەت لەمانە، واتە **قەتڵ** و **خۆکوژی** دەخەینە بەرباس. برێك بابەت و بەڵگاندنی جۆرا و جۆر — هەندێکیان سوننەتی و هەندێ فەلسەفی، برێ لە مێژوو و برێ لە ماف — لێکدەدرێنەوە.

## کوشتن (قەتڵ) چییە؟

قەتڵ، کوشتنە، بەڵام نە رێك هەر کوشتنێ؛ قەتڵ بریتییە لە کوشتنی بە ئەنقەستی مرۆڤەکان لە سەر دەستی مرۆڤەکان. کەوابوو، لەنێوچوونی حەیوان و ئاژەڵەکان چ لە سەر دەستی ئاژەڵی دیکە و چ لە سەر دەستی مرۆڤەکان، هەڵبەت لە مانای وردی وشەدا، قەتڵ نایەتە ئەژمار. دووهەم ئەو کەسەی کەسێ دەکوژێ یان دەبێ بزانێ کە کاری راستەوخۆی ئەو دەبێتە هۆی مردن، یان ئەگەر ئەم حەقیقەتە نازانێ، لەم حاڵەتەدا دەبێ نەزانینەکەی خۆی بە تاوان لە قەڵەم بدرێ. کەسێ کە تەقە لەو کەسە دەکات کە بە لێهاتوویی تەواوەوە خۆی کردووە بە دار و راوەستاوە و لەگەڵ دارەکە لێی تێکدەچێ، بکوژ نییە. بەڵام ئەوەی لە نێو خەڵکدا بە خەمساردییەوە تەقە دەکات، بێ گرینگیدان بەوەی کە لە کەسێ دەدا یان نا، بە بکوژ دادەنرێ. لێرەدا بیرهێنانەوەی ئەو خاڵە بەجێیە کە قەتڵ تا

رادەیەك چەمكێكی پەیوەندیدار لەگەڵ مافە و ئەوەی كە خاڵەكانی قەتڵ لە یاسادا چییە، تا رادەیەك لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی دیكە جیاوازە.

ناكرێ منداڵانی كەم تەمەن بە قەتڵ تاوانبار بكرێن؛ چۆن ئەوان نازانن مەرگ و هۆكار و هۆكرد چییە، بەڵام منداڵانی گەورە ساڵتر كە زانیارییان لەمەڕ مەرگ و قەتڵەوە هەیە، ئەم جنایەتەیان لێدەوەشێتەوە، ئەم بانگەوازەی تاكی باڵغی عاقڵ كە گوایە نەیدەزانی چەك مەترسیدارە، یان نەیدەزانی كە قەتڵ كارێكی هەڵەیە، لە پەسن كردن نایە و نابێ بڕوای پێبكرێ.

ئەم تێڕوانینە كورتە گەلێك پرسیاری بێوەڵام دەخاتەوە، ئایا قەتڵ جۆر و شێوازی جۆراوجۆری هەیە؟ ئایا قەتڵ ڕێك یەكسانە بە كوشتنی خەڵكی بێتاوان و بێگوناە؟ ئایا جەنگ چەشنی قەتڵە؟ ئایا بەرگریكردن لە خود لە بنەڕەتدا بە قەتڵ دێتە ئەژمار؟ ئایا قەتڵ بە پێی پێناسە خراپە؟ پێدەچێت زیاد لە یەك جۆر كوشتنی دڕندانە بوونی هەبێت. لە یاسای ئەمریكادا قەتڵەكان بۆ پلەی یەكەم، پلەی دووهەم و پلەی سێهەم دابەشدەكرێن. ئەم پلەبەندییە دەربڕی ئەو جیاوازی و وێكنەچووییانەیە كە تا ڕادەیەك گرێدراوی ئەو بوارەیە بە پێی ئەو قەتڵەكان بە ئەنقەستن. لە یاسای ئینگلیزدا، قەتڵەكان بۆ قەتڵی بەئەنقەست[٤] و قەتڵی نائەنقەست[٥] دابەشدەكرێن. قەتڵی بەئەنقەست یان لە ڕووی مەبەست و دوژمنایەتییەوە یان لە ڕووی كەمتەرخەمیی ئێجگار زۆرەوە ڕوو دەدات. قەتڵی نائەنقەست تەنیا لە بەر كەمتەرخەمییە. هەر جۆرێكی قەتڵی نەفس دەكرێ بە هۆی«هۆكاری نزمەوە»[٦] ڕوو بدات. بڕێ لە قەتڵە نائەنقەستە ئینگلیزییەكان لە ئەمریكا وەكو قەتڵی پلە دوو یان سێ دێتە ئەژمار. وەكیتر دەتوانین قەتڵی سەرەكی و قەتڵی لاوەكی ناو ببەین. سەركییەكان بریتین لە قەتڵی بەئەنقەست و بێبەرگریی مرۆڤەكان لە سەردەمی ئاشتی و لە سەر دەستی ئەو مرۆڤە عاقڵانەی لە ژێر گوشار و ناچاریدا نین.



لاوەكییەكان بریتین لە هەندێ قەتڵ كە بە هۆی دەستناپارێزییەوە ڕوو دەدەن، قەتڵی قەزایی و لانیكەم هەندێ كاروكردەی كاتی جەنگ. پاش ئەویش قەتڵی بەئەنقەستی[٧] مرۆڤ و حەیوانی دیكە. قەتڵی پلەیەك بە پێی پێناسەكەی ئەمریكا، لە ڕیزی سەرەكییەكاندایە؛ لە حاڵێكدا كە قەتڵی پلە دووهەم سێهەم سەر بە لاوەكییەكان دێتە ژماردن. ژمارەیەك لە قەتڵەكان لە ئینگلستان دەكەونە سنووری نێوان قەتڵی نائەنقەست و قەتڵی لاوەكی.

سوونەتەكانی یەهوودی و مەسیحی دەڵێن كوشتنی بەئەنقەستی خەڵكی بێتاوان بەردەوام بە قەتڵ لە قەڵەم دەدرێ، هەڵبەت لەم گوتەوە ئەو ئاكامە هەڵناهێنجرێ كە تەنیا كوشتنی خەڵكی بێتاوان بە قەتڵ دێتە ئەژمار. ئەنجام دەردەكەوێ كە جیاكاری كردن لە نێوان بێتاوان و تاوانباردا هەمیشە جیاوازیی نێوان قەتڵ و شێوەكانی دیكەی كوشتنمان بۆ ڕوون ناكاتەوە. بۆ نموونە ڕەنگە كەسێ، كەسێكی دیكە كە بە ڕێكەوت دزیشە، بكوژرێت، هەڵبەت نەك لە حاڵی دزیدا و نە لە بەر دزی و تاڵانێ كە پێشتر ئەنجامی داوە، بەڵكو تەنیا لە بەر هۆكاری تاكەكەسیی. وەها كردەیەك ئەگەر دیكەی هەلومەرج هە مان بێ لانیكەم لە سیستەمەكانی دادوەریی ڕۆژئاوادا قەتڵە، هەر چەند قوربانی لە چ مانایەكی ئاسایی وشەكەدا بێتاوان نەبێت. ڕەنگە ڕوونكردنەوەی سوونەتیی بتوانێ بەم شێوە دەستەواژەكە بگۆڕێ: (قەتڵ بریتییە لە تێدا بردنی بە ئەنقەستی ئەو كەسانەی تووشی جنایەت یان كردەیەكی دی نەبوون كە ڕێگە « ئەگەر وەها ڕێگە و ئیزنی لە ئارادا بێت » بە كوشتنیان بدرێ) بە پێی ئەم ڕوانگە دەبێ ئەو جنایەتكارە دڕندەی پاش تاوتۆی كردن و توێژینەوەی پۆلیس لە سێدارە دراوە وەكو قوربانیی قەتڵ بێتە ئەژمار. كەوابوو دەبێ خەڵكی ئاسایی و بێچەك كە لە شەڕ و جەنگە نوێكاندا كوژراون هەر ئەم نێوەیان لێبنرێ؛ هەرچەند لەوانەیە پسپۆڕانی ماف لەگەڵ ئەو دوو ئەنجامەی باسكرا هاوڕا نەبن.

## قەتڵ و جەنگ:

ئایدیای بێتاوانی پرس و گیروگرفتی دیکەی هەیە. سەبارەت بە شەڕی نادادوەرانەوە بانگەشەی ئەوە دەکرێ کە هیچ یەك لە سەربازە بانگکراوەکان و خۆویستەکان بێتاوان نین. ئەگەر شەڕ نادادوەرانەیە هەموویان یان قاتڵن یان شتێکن کەم تا زۆر بە وێنەی قاتڵ، بەم ئامۆژەوە دەتوانین بیسەلمێنین کە بڕ و بیانووی لەم چەشنە « من تەنیا بە پێی فرمانی بەرپرسەکەم کارم دەکرد » - بۆ نموونە کەسانێ کە دەستیان هەبووە لە جینۆسایدەکاندا ئەم بیانووە دێننەوە — لە بنەڕەتدا بیانوویەکی جێ بڕوا و پەسەن نییە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئامۆژەی تاوانی گشتی ئەوەی کە ئەگەری هەیە هەندێجار وەکو گوشاری قورس و لە تەحەمول نەهاتوو دیار بێت لە جیاکارییەکی گرینگدا بگونجێنێ کە جیاوازی دەخاتە نێوان کاری ئەنجامدراو بە پێی نیاز و مەبەست و ئیرادە و کاری ئەنجامدراوی ژێر گوشار و ناچاریی.

بەشێ لە ئامۆژەی سەرەوە سەبارەت بە گوناح و بێگوناحی دەبێ یان دەبوو ڕێگەی دەرکێشانی زۆربەی کردە جۆراوجۆرە جەنگییەکان لە وتەزای قەتڵ بە دەستەوە بدات. ئامۆژەی سەدە ناوەڕاستییەکانی دادوەری لە شەڕدا بە شێوەیەکی پڕاوپڕ پەسن کراو دەڵێ جەنگی بەرگریکاریی ڕێگەپێدراوە، مەگەر ئەوەی کە ئەو کەرەسانەی کەڵکیان لێوەردەگیرێ شەیتانی بن. مەرجی پێویستی کەرەسە شتانییەکان بەوچەشنەی وتیۆریۆ [٨] گرۆتیووس [٩] و دیتران باسیان کردووە بریتییە لە: پێکانی بەئەنقەستی خەڵکانی ئاسایی لە سەردەستی هێزی چەکدار هەرگیز ڕێگەپێدراو نییە و کارێکی وەها یان هەمان قەتڵە یان شتێکە لە خراپیدا وەکو قەتڵ دێتەوە. ئەم ئامۆژە هەروەها دەڵێ شەڕێکی هێرشبەرانە کە بە هۆی ڕاست و دروستەوە لە ئارادا بێ، ڕێگەپێدراوە. (هەرچەند وێڕای هەمان مەرجەکانی شەڕی بەرگریکارانە). بە پێی شرۆڤەکانی دیکە کاروکردەی سەربازیی هێرشبەرانە،



خیانەت نییە بەو مەرجەی یان تۆ لە سەر حەق بیت یان نەزانی کە لە سەر ناحەقی. ئەم شرۆڤەی مانای بێگوناحییە ئامۆژەی سوننەتیی جەنگی دادوەرانە بێبرەو دەکات؛ چونکە ئەگەر هێرشبەران بە تەواوی نەزان و خۆفریودەر بن، ئەم شرۆڤە هەرچەشنە توندوتیژیی نێونەتەوەیی و نێوان ڕەگەزیی بە ڕێگەپێدراو دادەنێ. ڕەنگە خوێنەران پشتڕاست بکەنەوە کە هەنووکە و لە سەردەمی مۆدێرندا پێویستی گرژ بە ڕوونکردنەوەی بە ڕۆژ و پێداچوونەوەی دادوەری و زوڵم و جەور لە جەنگدا هەست دەکرێ تا ئەو ساتەوەختە وەها ڕوونکردنەوە و تێبینییەك ئاراستە نەکرا بێت، خستنە بەرباسی ڕاست و وردی پێوەندیی نێوان شەڕ و قەتڵ بە ڕاستی زەحمەتە.

## قەتڵ و بەرگری لە خود:

ئایا کوشتنی کەسێ کاتی بەرگریکردن لە خۆ دروستە؟ ئەگەر ئەرێ، ئاست و سنوورەکەی هەتا کوێ دەبێ؟ ئایا ئەم کردە تا پارێزگاریی لە سامان و دارایی تاکە کەسیی دەڕوات؟ ئایا ڕزگار کردنی دیتران لە پەلاماری مەرگاوی، ئەگەر پێویستە بە کوشتنی پەلاماردەران کۆتایی پێبێ، ڕاستە و تەنانەت بە ئەرك لە قەڵەم دەدرێ؟

زۆربەی فەیلەسووفان و بە تایبەت تۆماس هۆبز مافی بەرگری لە گیانی خود بە مافێکی بێ بەند و مەرج دادەنێن. هۆبز دەنووسێ: « مرۆڤ ناتوانێ لە مافی بەرخودان و بەرگری لە هەمبەر ئەو کەسانەی توندوتیژانە پەلاماریان داوە و بە نیازن گیانی بستێنن، بێبەری بکرێ » و «ئەو بەڵێنەی دەڵێ ناکرێ بە توندوتیژی بەر بە توندوتیژی بگیریەت تووڕەهاتە » ئەو دەڵێ تاکی تاونبار نابێ لە بەر هەڵهاتن لە زیندان یان هێرش کردنە سەر پاسەوانان بە لە سێدارەدان سزا بدرێ. لەو لاشەوە، هەمەوو حکوومەتەکان بە کردەوە هەلومەرجی گرژ و قایم لەم بارەوە دابین دەکەن کە کەی هاوولاتی بۆی هەیە کاتی بەرگریکردن لە خۆی

قەتڵ بکات. حکوومەتەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەرگریی تاکەکەسی و تایبەتی جێگەی خۆی لەگەڵ دەستوور و ڕێکی و چالاکیی هێزی پۆلیس و کاروبارە حقووقییەکان گۆڕیەوەتەوە. بە هەموو ئەمانەشەوە تەنانەت قازی و سیاسەتمەدارەکانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەگەر بکرێ بسەلمێندرێ کە هیوایەك بە پشتیوانی و پارێزگاری هێزەکانی دەوڵەت لە ئارادا نییە، هاووڵاتی مافی خۆیەتی بۆ بەرگریکردن لە ژیانی خۆی کە پێویست بوو تووشی قەتڵ بێت.

بەڵام لە سیستەمی دادوەریی ئەوروپا و ئینگلیزدا بەرگریکردنی تایبەتی و تاکەکەسیی لە سەر ئەو گریمانە وەستاوە کە هەر مرۆڤێك مافی سروشتیی ژیانی هەیە، مافێك کە هاوکات بە کۆمەڵێك ئاستەنگیی دیاریکراو سنووردارکراوە، کە لە پێداویستی و خواستی کۆمەڵگا بۆ دانانی سزا (کە ڕەنگە، بە مەرگ سزادانیش، بگرێتەوە) بۆ تاوانە قورسەکان سەرچاوە دەگرێ. مافی ژیان هاوڕێیە لەگەڵ مافی بەرگریکردن لە گیانی خود بەرامبەر بە پەلاماری ڕاستەوخۆ بەو مەرجەی کەرەسەکانی بەرگریکردن شەیتانی نەبن. هاندەری تاك دەبێ پارێزگاری لە خۆ بێ نەك هەڵمەتی کەسی پەلاماردەردان کوشتنی کەسی هێرشبەر کە ئیمکانی دەرچوون و هەڵاتن هەبێ ڕێگەپێدراو نییە. مافی کوشتن کاتی ڕزگار کردنی کەسی دیکە لە هێرشی ڕاستەوخۆش پێملە بە هەر ئەو مەرج و سنوورانە.

لە ئاقاری دادوەریی ڕۆژئاوا کوشتنی پەلاماردەری ڕاستەو خۆ کاتێ کە تاك بە ڕاستی چ ڕێگایەکی دیکە بۆ پاراستنی گیانی شك نەبات، بە قەتڵ نایەتە ئەژمار. ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکان سەبارەت بە ڕابردوو و ڕەوتی دادوەری[10] لە ئەمریکا و فەرەنسا بە ڕواڵەت پێمان دەڵێ هاووڵاتیان لەم وڵاتانەدا بۆ پاراستنی سامان و دارایییە تایبەتی و تاکەکەسیەکانیان ئیزنی کوشتنی کەسانی پەلاماردەریان هەیە.



## بۆچی قەتڵ خراپە؟

ئایا قەتڵ بە پێی پێناسە خراپە؟ ئەگەر نا، ئەو کات ڕوونکردنەوەی بنچینەیی لەمەڕ هەڵە و تاوان بوونی پێویستە. ئەم پێناسە لە بەر چاو بگرن: « مامەی نەسەبی، براکانی باوکن ». ئەم حەقیقەتە لە سەر ڕێساکانی زمان لەمەڕ بەکارهێنانی وشەگەلی مامە، باوك و برا و. . . وەستاوە. لەو ڕووەوە کە ئەم ڕێسا بنەماییانە، تەنیا ئاخاوتنێن، پرسیارێکی وەها کەم تا زۆر ساویلکانەیە کە: « بە ڕاستی لە بەر چییە مامەی نەسەبی برای باوکە؟ » وەڵام سەر پێییە، « تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ مانای وشەکان » بەم شێوە، ئەگەر قەتڵ بە پێی پێناسە خراپ بێ، ئەم پرسیارە بێکەڵکە کە « بە ڕاستی بۆ قەتڵ خراپە؟»

بەڵێ کاتێ کە بۆ تێبینی و بیانوو هێنانەوە بۆ هەندێ جۆری قەتڵ هەوڵدەدرێ، حەزێ لە ئارادایە بۆ دانی نێوێکی نوێ بەم کارە. بۆ نموونە دەکرێ « قەتڵی دڵسۆزانە [11] » یا « تیرۆری سیاسی » و یاخود « خەباتی ڕزگاریخوازانە » بێت. ویستی ئەم ناونانە نوێیە لەو قەتڵانەی هەست دەکرێ ڕێگەپێدراون و بە دەربڕینی دی، خواستی یاری کردن بە وشەکان، وادیارە جەخت لەم باوەڕە دەکاتەوە کە قەتڵ بە پێی پێناسە خراپە؛ هەرچەند ئەم ئەنجامگیرییە بە چ شێوەیەك جێی ڕەزامەندی نییە. بڕوا بەوەی کە قەتڵ کردەیەکی پەستە، بێگومان بناغەیەکی تۆکمەتر لە تێبینییە زمانییە ڕووتەکانی هەیە.

بۆچی قەتڵ لە هەر وڵاتێکی بە ژیار مەحکوومە؟ سێ هۆکار لەم باوەڕەوە بوونی هەیە، کە بە ڕیز لەگەڵ **بەهای زاتی، بەهای تاك تەوەر** [12] **و مافە سروشتییەکان** پێوەندیی هەیە.

سوقڕات دەڵێ هەندێ بابەت و کاروبار و دۆخ وەکو کەرەسەی گەیشتن بە ئامانجەکان باشن و هەندێ شتی دی وەکو ئاکامی فی نفسی (واتە بەهای زاتییان

هەیە) ، هەروەها بڕێ شت هەن هەم وەکو ئامراز بە بایەخن و هەم وەکو ئاکام [١٣]. تێکڕای مرۆڤەکان، چ خۆیان بزانن و چ نەزانن، وەکو ئاکام بەرەو رووی هەندێ کاروبار و دۆخ دەبنەوە. دۆزینەوەی نموونە لەمانە زەحمەت نییە. لە هەموو شوێنێ تەندروستی و بەختەوەریی بە شێوەی زاتی باشە، رەنگە جوانی و هێزیش هەر وابێ. زۆربەی خەڵك لایان وایە زانست و مەعریفە و ئەزموون بەهای زاتییان هەیە. ژیانی مرۆڤ خۆی بە شێوەی زاتی بە بایەخە. ئەمە وێنایەکی دوور و مەحاڵە کە بە گشتی، ژیانی مرۆڤ تەنیا لە بەر ئەوەی هۆکارێکی بە کەڵکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دیکە باشە. بێگومان هیچکەس بەم شێوە ناڕوانێتە ژیانی خۆی و ئەوانەی خۆشی دەوێن. بەهای زاتیی ژیانی مرۆڤ بابەتێکە وەستاو لە سەر عەقڵ و فامی عورفی. ئەگەر ژیانی مرۆڤ بە شێوەی زاتی باش نەبوو گەلێك بێبەهاتر و کەم بایەختر دەبوو و لە وانەشە چ بایەخێکی نەدەبوو. بۆ نموونە، ئەگەر مرۆڤەکان خۆیان گرینگییان نەدەبوو، تەندروستی و بەختەوەرییان چۆن گرینگی دەبوو؟ بە پێی نەریت، لەمەڕ بەهاو بایەخی زاتیی ژیانی مرۆڤ تێبینی و روونکردنەوەی دینی بەدەستەوە دراوە و لە بەر ئەمەشە هەندێجار دەگوترێ ژیان پیرۆزە [١٤]. هەڵبەت پێوەندیی ئەم پرسە لەگەڵ دیندا لە چیرۆکی « سەرهەڵدان » لە کتێبی پیرۆز وەرگیراوە. لە سیفری بەدیهاتندا [١٥] گوایە خواوەند مرۆڤی هاوشێوەی خۆی خەلق کرد. ژیانی مرۆڤ پیرۆزە؛ چونکە مرۆڤ لە خواوەند دەچێ. بەم حاڵەوەش دەرك و فامی بەهای زاتی و بەها و بایەخی زاتیی ژیانی مرۆڤ بە بێپشتبەستن بە روونکردنەوەی دینی و ئایینی ئیمکانی هەیە.

زاراوەی **بەهای تاك تەوەر** پێوەندیی لەگەڵ ئەم حەقیقەتەدا هەیە، کە هەر تاکێکی مرۆیی بە زۆری بایەخێکی زۆر بۆ ژیانی خۆی دادەنێ. هەڵبەت ژمارەیەك لەو ژنان و پیاوانەی مان و نەمان بە لایانەوە یەکسانە، وانین، بەڵام



کەسانێکی وا بە هەر چەشنە بەرەو نەمانن؛ هەندێکیشیان شێت و لێوەن. هەڵبەت پێویستە ئەوەش رەچاو بکرێ کە رۆژەڕەشی و بەدبەختیی بە تەوژم دەتوانێ بۆ کەسەکان چ پیر و نەخۆش بن چ نەبن هۆکاری بە ئاوات خواستنی مەرگ بێ. ئەم دیاردە لە بەشی خۆکوژیدا لێکدەدەینەوە.

هۆکاری سێهەمی ئەوەی کە بۆچی قەتڵ مەحکوومە لە مێژوو و فەلسەفەدا، دەگەڕێتەوە بۆ گرینگی و بڕشتی تیۆریی مافە سروشتییەکان. هەروا کە کەمێ پێشتر بینیمان تۆماس هۆبز بەڵگاندن دەکات کە ناکرێ چاو لە مافی ژیان دابخەین. جان لوك کە وێنا دەکرێ بیروباوەڕە سیاسییەکانی، بنەما عەقڵانییەکانی شۆڕشەکانی فەڕەنسا و ئەمریکای پێکهێناوە، داکۆکی دەکەن کە هەر مرۆڤێك مافی سروشتیی ژیان، ئازادی و خاوەندارێتی هەیە. روونە کە مافی ژیان دەبێ بنەڕەتیتر بێ: چونکە بایەخمەند بوون لە مافە سروشتییەکان یەکەم پلە گرێدراوی ئەوەیە کە تاك زیندوو بێ. قەتڵ ئەم بنەڕەتیترین مافە مرۆییە فەشەل پێدێنێ.

## خۆکوژی چییە؟

بانگەوازکراوە کە خۆکوژی کردەیەکی بەرز و بەڕێزیان تەنانەت پارسایانە [١٦] بێت. جارجارە بۆ جەختکردن لەم بڕوا باسی مەرگی سوقرات دەکەن. نموونەی دیکەی سەر بەم بابەتە چیرۆکی کاپیتان ئۆتسە [١٧]. ئەو یەکێك لە هاوسەفەرەکانی کاپیتان سکات [١٨] بوو لە سەفەری بێ ئەنجامی ئینگلیزییەکان بۆ پشکنینی جەمسەری بەستووی باشوور، ساڵی ١٩١٢، ئۆتس لە گەڕانەوە لەو سەفەرە دوور و درێژەی بە پیادە چووبوون بۆ جەمسەری بەستووی باشوور تیاچوو، لە باو بۆراندا بە رێکەوت لە بەر ئەوەی لای وابوو بە هاتنە دەرەوەی لە خێوەتی هاوبەشی گرووپ دەتوانێ دیکەی ئەندامانی گرووپ رزگار بکات و

یارمەتییان بۆ بێنی. وێنای ئەو هەڵە بوو؛ چونکە هاوڕێکانی هەموویان کەمێ پاش ڕۆشتنی ئەو گیانیان لە دەستدا، بەڵام بە گشتی نیاز و مەبەستەکەی ئێجگار پەسەند و بە نرخ دانراوە. ئەم نموونانە نایسەلمێنن کە هەندێ خۆ کوژی شیاوی ڕێزلێنانن. بەڵکو زیاتر باسی ئەوە دەکەن کە هەموو کردە خۆ کاولکارانەکان خۆکوژی نین. خۆشویستنی کار و چالاکیی پڕمەترسی و پڕڕیسك — چەشنی شاخەوانی — دەربڕی خواستی خۆکوژی نییە. لێخوڕینی ئۆتۆمبێل خێرا دەتوانێ ببێتە هۆی مەرگ، بەڵام ئەمە بەو مانا نییە کە سایقەکانی بە راستی دەخوازن بمرن. بوون بە ئەندامی پۆلیس هاو کاتە لەگەڵ مەترسیی جوانە مەرگ بوون، بەڵام بە هەموو ئەمانەوە وەکو خۆکوژی لە قەڵەم نادرێ، تەنانەت ئەو سەربازەی خۆی بۆ سەر قومبەلەکەی تۆڕ دەدا تاکو هاوڕیزەکانی رزگار بکات، پاش مردنی میدالیای قارەمانی وەردەگرێ و بە خۆکوژی تاوانبار ناکرێ. هەر چەند دەتوانین لێرەدا قسە لە بێباکیی ئینتحاری [۱۹] بکەین. (بەم حاڵەوەش **بێباکیی ئینتحاری لە راستیدا شوبهاندنێکە بەم مانا کە بە رواڵەت لە خۆکوژی دەچێ .**

ئاشکرایە کە مەرگی سوقرات خۆکوژی نەبوو. خواردنەوەی شەوکەران لای یۆنانییەکان [۲۰] شێوەیەك بوو لە سێدارەدان کردن. گومان هەڵناگرێ کە ئەگەر کەسێکی مەحکوومی ﴿ سێدارە بە سەرداسەپاوی ﴾ دیکە ملی لە خواردنی زهرەکە بابدایەت، حوکمی سێدارەکەی بە شێوەیەکی دڕندانەتری دیکە جێبەجێ دەکرا. هێمنانە هەڵقوڕاندنی شەوکەران لە لایەن سوقراتەوە هاوشێوەی هێمنانە هەڵگاو هەڵگرتنی زیندانییەکی سەردەمی نۆییە بەرەو سێدارە.

بۆ ئەوەی کردەیەك بە خۆکوژی بێتە ئەژمار، کۆتایی هاتنی ئەو کردە بە مەرگ تەواو نییە؛ تەنانەت ئەگەر ئەو کردە هەڵگری هەڵبژاردنی وشیارانەی مەرگیش بێ، بۆ ئەم مەبەستە تەواو نییە. ئەگەر سوقرات لە لایەن بەرپرسە ئاتێنییەکانەوە دەبەخشرا، شۆکەرانی نەدەخواردەوە؛ ئەگەر تیمی نەجات زووتر



و لە سەر وەخت بۆ نەجاتی گرووپی پشکێنەر لەوێ ئامادە دەبوون، ئۆتس لەو بەفروکرێوەدا ملی رێگای نەدەگرت؛ سەربازی دلێر تەنیا دەیویست پارێزگاری لە هاوڕیزەکانی بکات. ئەم مرۆڤانە نەیاندەویست هەروا بمرن.

## ئایا خۆکوژی هەمیشە هەڵەیە؟

بیر و بڕواکانی پەیوەندیدار لەگەڵ خۆکوژی بە هەموویانەوە سەر بە رێسای هەموویان هیچ[۲۱] ن لە مەسیحیەت و یەهوودیەتی سوننەتیدا، یاسای مووسەوی [۲۲]ی دژ بە قەتڵ، بێ بەند و مەرجە و بە گشتی وێنا دەکرێ کە خۆکوژیش دەگرێتەوە. بەرامبەر بەمەو لەلای زیادەڕۆییدا ئەو باوەڕ بوونی هەیە کە خۆکوژی لە بنەڕەتدا یان هەرگیز هەڵە و تاوان نییە و یاخۆد کاتێ هەڵەیە کە دواهاتی خراپی بە دواوە بێت. بەم چەشنە سوودگەراکان پێیان وایە خۆکوژی کە ببێتە هۆی خەم و پەژارە یان هەژاریی بە جێماوەکانی ﴿ ئەو کەسە ﴾ مەحکوومە. کۆمەڵێکی دی بەڵگە دەهێننەوە کە ژیانی خۆم لەو رووەوە کە هی خۆمە، بۆم هەیە چیم پێخۆش بوو وای لێبکەم؛ هەرچەند لەوانەیە ئاسەواری مەرگی من بۆ ئەوانەی پاش من زیندوون، تاڵ و ناخۆش بێت. ئەو بڕوایەی پاشان بەدەستەوە دەدرێ نەرمڕۆتر لە مانەیە کە ئاماژەیان پێدرا: هەرچەند خۆکوژی بە زۆری ناعاقڵانە و جارجارە خراپە، بەڵام هەمیشە وانییە. بۆ بەرگریکردن لەم باوەڕە ژمارەیەك نموونەی هەڵوەشاندەنەوەیی گرینگ دێنینەوە و دوابەدوای ئەو مانای دروشمی « ژیانی من هی خۆمە » لێکدەدەینەوە.

## خۆ کوژی لە کات و ساتی زەروورەدا:

هەر چەند بە ئاواتی مەرگ بوون و شیلگێرانە بە پێی مەیل و ئارەزوو دەست دانە کار، مەرجی پێویستی خۆکوژییە بەڵام رەنگە مەرجی تەواویی

نەبێت. چەند ژمارەیەك خۆ كاولكەری هەیە كە دەتوانێ وەكو خۆكوژی ببێتە ئەژمار و زۆربەی خەڵك وەكو خۆكوژی لێیدەڕوانن، تەنانەت ئەگەر تاك، مەرگ هەڵبژێرێت، نەك ئەوەی كە بڵێ « چی دەبێ با وابێت » بە ڵكو بۆ هەڵاتن لە دۆخێكی دیكە كە ترسناكە. سەر و بەندی شەڕ لەگەڵ نازیدا، هەندێ جار راسپاردە نهێنییە ئینگلیزەكان كەپسوولی ژهەرییان پێبوو كە كاتێ دەستگیر دەكران قووتیان دەدا. ئەمانە نەیاندەویست هەروا بمرن « چی دەبێ با بێت» بەڵكو دەیانویست خێرا بمرن بۆ ئەوەی لە ژێرئەشكەنجەدا پێشوازی لە مەرگ نەكەن و هاو كات نهێنیش نەدركێنن. مەعقوولە ئەم مەرگانە بە **خۆكوژیی رێگەپێدراو** لە قەڵەم بدەین. رۆژانێ كە تەكنیكی كۆنترۆڵی ئێش و ئازار زۆر بەرتەسكتر لە ئەمرۆ بوو، بەكارهێنانی لە رادە بە دەری مۆرفین لە لایەن نەخۆشەكانی تووشبوو بە شێرپەنجەش بە دڵنیاییەوە هەر ئەم حوكمەی بوو كەواتە تا ئەم ئاستە پێدەچێت دەكرێ تێبینی بۆ ئەم كات و ساتە زەرروور و توندرەوانە [٢٣] بهێنرێتەوە.

## ژیانی من هی خۆمە:

ئایا دەكرێ بە بەڵگەوە بگوترێ خۆ كوژی هەمیشە رێگەپێدراوە؟ برێ كەس بەڵگاندنیان كردووە، كە بەو چەشنەی مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە سامان و داراییە تایبەتی و تاكەكەسییەكان خۆی لەوانە؛ رۆژنامە كۆن، كاسە و كەوچك یان جلوبەرگی بە كار هێنراوی خۆی تێداببات، بەو چەشنەش مافی هەیە كۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ؛ چونكە ژیان جۆرێ داراییە و ژیانی هەر كەس تەنیا هی خۆیەتی. پێشەكی گریمان دەكەین كە من بە راستی خاوەنی ژیانی خۆمم، ئایا لێرەوە پێویست دەبێ كە من مافی خۆكوژیم هەبێت؟ مافی من بۆ لە نێوبردنی رۆژنامە كۆن یان یەكتری بێ ئەملاو ئەو لایە، بەڵام ئایا ئەمە بەو مانایە كە



من لە سەر حەقم و دەتوانم لە بنەڕەتدا هەر شتێكی خۆم تێدابەرم؟ بۆ نموونە رەنگە من بەرێكەوت خاوەنی كۆیەكی بە شكۆی ئاسەواری هونەری بم، بەڵام تێدا بردنی ئەم داراییانە، كارێكی ترسناكە.

ژیانی مرۆڤ **خاوەن** بەهاو بایەخە و ژیانی هەر تاكێك شتێكی تاك و بێ وێنەیە. هەنووكە ئەم پرسیارە دێتە ئارا كە ئاخۆ **خاوەنداریێتی** شتێ مافێكی رەها بۆ تێدابردنی ئەو شتانەی بایەخمەند و بێ وێنەن بە مرۆڤ دەبەخشێت؟

بە هەر چەشنە، پێدەچێت چەمكی خاوەنی ژیانی تایبەتی و تاكەكەسیی بوون، چەمكێكی هەرە تایبەت و ناوازەیە، چما لەم دەق و بوارەدا خاوەنداریێتی بە شێوەیەكی گوماناوی چەشنی خوازەیەكە بۆ **دەسەڵات** و **هێز** یاخود **ماف**. خاڵەكانی دیكەی « خاوەنداریێتی»ی ژیان سەیرترە. لە رۆمی كەونینەدا، باوكان بە پێی یاسا، مافی كوشتنی ساواكانیان هەبوو؛ مافێك كە بێگومان لە سەر ئەو وێنا دامەزرابوو كە منداڵان هی ئەوانن. بێگومان مافی مێرد بۆ كوشتنی هاوسەری زیناكاری بە پێی ئەم وێنا بوو كە مێرد خاوەنی گیان و ژیانی ئەوە. كۆمەڵگا نوێ رۆژئاواییەكان بە هۆی كاریگەریی مەسحییەت و پاشان فێمینیزم لە سەر ئەو باوەڕەن كە بیروبۆچوونی كۆن لەمەڕ خاوەنداریێتی كە مافی بێبەندومەرجی بە باوكان و هاوسەران دەدا بە سەر ژیان و نەمانی بنەماڵەكەیاندا دڕندانە بوو؟ هەروەها دەكرێ بەڵگاندن بكرێ كە ژیانی من نەك بە تەواوی و نەك تەنانەت بە شێوەی مەجازی هی منە، دەكرێ بە بەڵگەوە بگوترێ كە ژیانی من تا رادەیەك تایبەتە بەو كۆمەڵگای تێیدا لە دایك بووم و بە شێوەی جۆراوجۆر منی پەروەردە كردووە. گەلێك دەوڵەت لە رابردوو و هەنووكەدا وەها هەڵوێستێكیان نواندووە؛ هەرچەند لە هەندێ وڵاتدا و بە تایبەت ژاپۆن، خۆكوژی وەكو كردەیەكی پەسەندكراو نایەتە ئەژمار. پێدەچێت بازرگانێكی ژاپۆنی كە بە هۆی پەچەداماڵینە گشتییەكان سەبارەت بە

دانووستانێکی فرت و فێڵاوی خەریکە رسوا دەبێت، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بۆ دەرچوون لە سووکایەتیی سزادان کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ. لە روانگەی مرۆڤێکی رۆژئاواییەوە ئەم چەشنە خۆکوژییە بە قەد هەڵاتن لە دەستی پۆلیس خراپ و ناشیرینە و چ شێوەیەك باشتر لەو نییە. لە رۆژئاوادا، خۆکوشتن بازرگانێکی فێڵباز، بە رێگایەکی شەرافەتمندانە بۆ داوای لێبووردن لەو کەسانەی فێڵی لێکردوون لە قەڵەم نادرێ، بەڵکو شێوەیەکی شەرمناکە بۆ هەڵاتن لە سزا. بە هەر حاڵ مەرگی ئەم بازرگانە، تەنانەت لە ژاپۆنیش تەنیا بە شێوەی هێمایین قەرەبووی زەرەر و زیان دەکاتەوە؛ لە حاڵێکدا ئەگەری ئەوە هەیە سەرقاڵی مۆسیقا بوون دەرفەتی قەرەبووکردنەوەی زەرەروزیانەکە لە مانای پڕبە پێستی وشەدا بڕەخسێنێ، کەواتە دەتوانین بە هۆشیارییەوە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەڵاتن لە شەرمەزاریی سزادان لە رووی ئەخلاقییەوە بنەمایەکی عەقڵانی بۆ کوشتن نییە.

## خۆکوژی و سوودبەخشی:

هەڵوێستی تاکی سوودگەرا لەمەر خۆکوژی کەم تا زۆر بەم شێوەیە؛ بەدبەختیی توند و گرژ هۆکاری تەواو بۆ خۆکوشتن دەخاتە بەردەستی کەسەکان. هەڵبەت بەو مەرجەی هیچ کەسێکی دی لە مەرگی ئەو کەسەی خۆی دەکوژێ، تووشی خەسار و زیان نەبێت، جگە لەمەش تەنیا ئەو کەسەی گیرۆدەی رەنج و رۆژڕەشییە بۆی هەیە سەبارەت بە ئاست و رادەکەی داوەری بکات. ئەم مافە بۆ کەسێکی رێبوار پارێزراوە کە خۆکوژی مرۆڤێك دوابخات، وەکیتر بۆ ئەوەی بزانێ ئایا ئەو ﴿کەسە﴾ لە رووی زەینییەوە سەلامەتە و دەزانێ کە چی دەکات یان نا؟ ئەگەر ئەو، چ خزم و هاوڕێیەکی نەبێت و عەقڵی تەواو بێت و



گەیشتبێتە ئەو ئەنجامەی کە بەدبەختییەکەی گرژ و قایم و بێچارەسەرە، لەم حاڵەدا، تاکی رێبوار دەبێ رێگەی پێبدا خۆی رزگار بکات.

ئەم روانگەی کێشەی بنچینەیی هەیە، و لەم پێشەکییەدا کەوتووەتە روو کە تەنیا کەسی بەدبەخت دەزانێ چەند داماوە. ئەزموونی هاوبەشمان دەڵێ دەکرێ بسەلمێندرێ کە تەنانەت بەدبەختییە گرژەکانیش کاتین. ئەم حوکمە بە تایبەت ئەو ساتە وختەی پیاو یان ژنێکی گەنج دەڵێ ژیان بایەخی ژیان کردن و ژیان بەسەربردنی نییە، راست دێتەوە. بێگومان کەسانی بە تەمەنتر و بە ئەزموونتر لە پێگەکدان بە گەنجانی ئارەزوومەندی خۆکوشتن بڵێن ئەو دۆخە زەینییەیان کاتییە و هێندەش بە تەوژم و گرژ نییە کە ئەوان بیری لێدەکەنەوە.

مانای کردەی کەسانی زۆر پیر و لاوەکان، کەم تا زۆر جیاوازن لە یەکدی. بڕیاری کەسانی پیر و بەساڵاچوو و لاواز لە ملبادان لە دەرمانی پزیشکی ناکرێ وەکو مەبەستی خۆکوشتن یان تەنانەت هاوشێوەی خۆکوژی بگیرێت. بڕیارێکی وەها، لەوانەیە لە بەر تێگەیشتن لەوە بێ کە بە هەرچەشنە، مەرگی سروشتی نزیك کەوتۆتەوە و دەبێ بە هێمنی و خەمساردییەوە پێشوازی لێبکرێت.

## ئەنجام:

لە بەشە جیاجیاکانی سیستەمی دادوەریدا سنووری نێوان ئەو قەتڵانەی زیاتر لە رووی نەزانینەوە روویان داوە و قەتڵە بە ئەنقەستەکان بە شێوەی ناوێکچوو دەکێشرێتەوە، بەڵام لانیکەم لە رۆژئاوادا ئەم گۆڕانکارییانە زۆر و زەق نین. بە گشتی، سنووری نێوان قەتڵ و جۆرەکانی دیکەی کوشتن بە تەواوی دیار نییە، بەڵام بە یەگجارییش لێڵ و نادیار نییە. خراپترین سەرلێشێواوی و گومان دەگەڕێتەوە بۆ توندوتیژیی جەنگی و گرژ یاخود مەرگاوی. بە چ شێوەیەك روون نییە کە کەی و تا چ رادەیەك توند و تیژی شەڕاوی و گرژیان

مەرگاوی لە قەتڵ دەچێ؟ (هەڵبەت بە پێی بڕوای ئاشتیخوازان وەڵامەکە «هەمیشە» و «بە تەواوی»یە).

بە پێی پێناسە، نە قەتڵ خراپە و نە خۆکوشتن. هۆکارەکانی خراپبوونی ئەم کردانە، یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ بەهای زاتیی مرۆڤ، دووهەم لەگەڵ بەها و بایەخی تاك تەوەری ژیانی مرۆڤدا پەیوەندی هەیە و سێهەم، لانیکەم لەمەڕ پەیوەندیی قەتڵ لەگەڵ چەمك و وێنای مافە سروشتییەکان.

ئەگەری کەمڕەنگ هەیە کە وێنا هەڵگرە، ڕەنگە قەتڵ هەندێ جار خراپییەکانی کەمتر لەو خاڵەی دیکە بێ. تەنانەت ئەگەری پڕڕەنگ هەیە کە خۆکوژی نە هەمیشە ناعاقڵانەیە و نە هەمیشە خراپ.

سوودگەراکان لە سەر حەقن لە داکۆکی لەوەی کە تێبینییەکانی پەیوەندیدار لە گەڵ خەم و پەژارە، بۆی هەیە لەهەمبەر هەرچەشنە خواستێکی دیکە بۆ خۆکوشتن گرینگیی زیاتری هەبێت.

ئەو وێنا کە من خاوەنی ژیان و گیانی خۆمم، وێنایەکی نائاشنایە. کەس بە ڕاستی خاوەنی **گیان و ژیانی** کەس نییە، خاوەندارێتی لەم دەق و سیاقەدا و لە باشترین شێوازدا خوازەیەکە بۆ دەسەڵات، یاسا یان ماف. دەسەڵات و یاسا و ماف پێویستیان بە بنەما و بەڵگە هەیە.

هەم دەرك و فامی عورفی و هەم ئەزموون بریتین لەوەی کە خەڵکی ناڕازی و غەمگین هەمیشە ناتوانن ئاست و ڕادەی بەدبەختی و داماوی بە دروستی هەڵسەنگێنن. بەختەوەری و بەدبەختی شتێکە هەر کەس کەم تا زۆر لە ژیاندا ئەزموونی دەکات و ئەم حەقیقەتە (فی‌نفسه) دەلالەتە لەوەی کە خۆکوشتن ئەگەر کە بە ڕاستی لە ڕووی ترسەوە نەبێت، زۆربەی کات نامەعقوولە.



## پەراوێزەکان

١- resurrection

٢- reincarnation

٣- euthanasia؛ بریتییە لە قەتڵی دڵسۆزانە، واتە کوشتنی نەخۆش بۆ ڕزگارکردنی لە ئێش و ئازار.

٤- murder

٥- manslaughter

٦- extenuating circumstances

٧-non-culpable killinge

٨- Vitorio

٩- Grotius

١٠- cas low

١١- mercy killing

١٢- subjective value

١٣- بە دەربڕینی دی هەندێ شت خاوەنی ڕێگەچارەیەکن، هەندێکیدیش خاوەنی بابەتێتین، جۆری سێهەمیش هەم بابەتێتییان هەیە و هەم ڕێگەچارە.

١٤- sacred

١٥- *Book of Genesis*

١٦- saintly

١٧- Captain Oates

١٨- Scott

١٩- suicidal courage

٢٠- Greeks

٢١- all- or-nothing

٢٢- Mosaic law

٢٣- in extremis

# نەسکی سێهەم

## فەلسەفەی سیاسی
## فەلسەفەی دەوڵەت و هاووڵاتی

## بەشی یازدەهەم:

# شەرعییەت و بێدەوڵەتی

ئانارشیزم یان بێدەوڵەتی [1] بۆ زۆربەی خوێنەران بیرهێنەرەوەی دۆخی نائارامی و پشێویی کۆمەڵایەتی و توندوتیژی بێ بەند و مەرجە، هەرچەند تیۆر دارێژەرانی ئانارشیزم نالێن دۆخی نائارامی و پشێویی کۆمەڵایەتی ئامانجی دڵخوازە. تیۆریی ئانارشیزم[2] بریتییە لەوەی کە ئەگەر هیچ دەوڵەتێ بوونی نەبوایە بارودۆخی ئێمە، واتە مرۆڤایەتی باشتر دەبوو، ئانارشیستەکان بانگەواز دەکەن کە بۆ رێکخستن و دەستوورمەندکردنی کۆمەڵگای مرۆیی میتۆدی باشتر و ساناتر بوونی هەیە. بە بڕوای تیۆر دانەرانێکی چەشنی پی. جەی. پرۆدەن(۳)هۆی توندوتیژیی گرژ و نائارامی و شێویی کۆمەڵایەتی، کەسان یان کۆمەڵانی بچووک نین، بەڵکو هۆکارەکەی «دەوڵەت» خۆیەتی. پێناسەی پرۆدەن لە حکوومەت بەمشێوەیە:

**لە ژێر﴿چاوەدێری و کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی ﴾ حکوومەتدا بوون یەکسانە بە لە ژێر چاوەدێریدا بوون، کۆنترۆڵ بوون، ڕێنوێنی بوون، یاساداربوون، ژمارەداربوون، پەسەند بوون،. . . . . . . . . . مۆعیزە بوون، جڵەوداربوون، بینینەوە، هەڵسانگاندن، پلەبەندی بوون، سووکایەتی پێکردن، مەحکووم بوون لە لایەن کەسانێکەوە کە نە مافی ئەم کارەیان هەیە نە عەقڵ و نە لێهاتوویی و شیاویەتیی. . . لە ژێر حکوومەتدا بوون یەکسانە بە. . . تۆمار بوون، ژمارەدار بوون، بەر ئەرکی ماڵیاتدان کەوتن، بەرچەسبدار بوون، هەڵسانگدنی**



**کێش، نرخدانان، ئیزنپێدراوبوون، مەحکووم بوون، بەرگرتن، چاکبوون، راستکردنەوە، سزادان، هەروەها بریتییە لە بە بیانووی چاکەی گشتی. . . دانی حەقی بیمە، فێربوون، تالاّنبوون، کەوتنە بەر چەوساندن، پاوانبوون، کەوتنە ژێر گوشار، فریو خواردن، کەواتە بە هۆی بچووکترین ناڕەزایی دەربڕینەوە، واتە لە بەر یەکەم هاواری دەربڕینی ناڕەزایی، سەرکوتبوون، دانی سزا، ئیهانە بوون، تەنگ پێهەڵچنین، کەوتنە ژێر شوێنکەوتنی یاسایی و کەڵك ئاوەژوویی، ئەشکەنجە دین تا ئاستی مەرگ، دەم بەستن، پێکەوە بەستران، قوربانیبوون، فرۆشتن، ناوهێنان و سەبارەت بە تێکڕای حەشیمەت؛ بوون بە گاڵتەجاڕ، بێحورمەتی پێکردن و بێئابڕوو بوون، ئەمەیە حکوومەت، ئەمەیە دادەوەرییەکەی، ئەمەیە ئەخلاقییاتەکەی.**

### ئانارشیزمی باڵی چەپ و باڵی راست:

جیاوازیی نێوان ئانارشیزمی باڵی راست و باڵی چەپ بەم شێوەیە؛ ئانارشیستەکانی باڵی چەپ، لەوانە، ئانارشیتەکانی سەدەی نۆزدەهەم — بۆ نموونە پرینس کرۆپتکین[4] لایان وایە کۆمەڵگای مرۆیی ئارمانیی (بێ دەوڵەت)ی داهاتوو بە ناوکۆی هاوکاریی خۆویستانە بە شێوەی دیمۆکراتیك پایەدار دەمێنێتەوە. دارایی و سامانی تاکەکەسی، جگە لە کەیسە تایبەتییەکان وەکو جلوبەرگ، یان زۆر کەم دەبێ یان هەر نابێت؛ چونکە خاوەنی کێڵگەکان و داهاتی قەبەی بەرهەمهێنان تایبەتە بە خەڵك بە گشتی. ئانارشیزمی باڵی راست لقێکە لە تیۆریی سیاسی نوێ کە هەندێجار بە نێوی **ئازادیخوازیی سەرمایەدار**[5]ەوە ناوزەد دەکرێ. ئازادیخوازانی سەرمایەدار بەزۆری خوازیاری دەوڵەتی کەمینەیین، بەڵام ژمارەیکی کەمیان ئانارشیستن و بە چ شێوەیەك چ دەوڵەتێ لای ئەوان پەسەند نییە. بە بۆچوونی ئانارشیستەکانی باڵی

راست  کۆمەڵگای ئارمانیی مرۆیی لە سەر مافی رەهای دارایی تاکەکەسی و تایبەتی دەوەستێ و لە رێگەی هاریکاریی خۆویستیانەی وەستاو لە سەر دانووستاندنی ئابووریی نێوان کەسەکان و لە نێوان دامەزراوە بازرگانییە گەورە و بچووکەکانەوە بەرێوە دەچێ. ئانارشیستەکانی باڵی راست و خزمە نزیکەکانیان، واتە «دەوڵەتە کەمینەییەکان» چاوەڕوانی بارودۆخێکن، تەنیا رێکار و میتۆدە سەرمایەدارییەکان[٦] تێیدا بەرپرسن و کەم تا زۆر بەبێ هیچ کۆنترۆڵکردنێك. ئەوان دەڵێن هەرچەند دانانی یاسا و دابینکردنی ماڵیات کارکردی ئەم سیستەمە و دوابەدوای ئەویش قازانجەکانی کەم دەکاتەوە، ئەگەر بکرێ ماڵیات و یاساکانی دژ بە مافی پاوانکردنی بەرهەمهێنان و ئەم چەشنە ئاستەنگییانە لە نێو ببرێ، لەم حاڵەدا کردە و شێوازی سروشتیی سیستەمی سەرمایەداریی بە تەواویی بە شێوەی خۆبزێو (اتوماتیك) لە کالاّ تەڕەماش و ماددە کەم سوود و پیسکەرەکانی ژینگە رزگار دەبێت.

## ئایا دەکرێ دەوڵەت لا ببرێ؟

ئەگەر وەکو پەرەپێدان و پێشەکی گریمان بکەین حوکممان داوە حکوومەتەکان شتێکی خراپن، هەنووکە چۆن دەتوانین لێیان رزگار بین؟ بە راستی بۆمان نییە لە حکوومەت هەڵبێین؛ چونکە لە سەر گۆی زەویدا چ شوێنێك بێ‌حکوومەت نییە. ئەوڕۆکە کەم تا زۆر هەر بەش و پاژێکی گۆی زەوی بەشێکە لە هەرێمی دەوڵەتێکی نەتەوەیی. ئانارشیستەکانی باڵی چەپ (واتەسوسیالیستەکان)[٧] پێشتر بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە تاکە رێگەی رزگاربوون لە دەوڵەت تیرۆری حاکمەکان، یان دەستدانە کردەیەکی شۆڕشگێڕانە و هەمەکییە. هەرچەند پێویستە لێرەدا نێوی رێزپەڕێکی گرینك، واتە گاندی[٨] بهێنین. گاندی ئانارشیستێکی چەپگەرا بوو کە دەیگوت باشترین کۆمەڵگا،



کۆمەڵگایەکە وەستاو لە سەر هاریکاریی خۆویستانەی نێوان کۆمەڵانی بچووك (لادێکان یان ئەنجومەنە ناوچەییەکان). بەڵام ئەو دژ بە هەر چەشنە توندوتیژی، لەوانە شۆڕش و هەڵچوونی بە تەوژم و زەبروزەنگاوی بوو و لە باتی ئەمە، شێوازەکانی خۆڕاگریی نەرێنی لایەنگری دەکرد.

ئانارشیستە ئازادیخوازە[٩]کانی باڵی راستی مۆدێرن (سەرمایەدار) رێکاری ناعەقلانییان پێشنیار دەدا. هەندێ کەس لایان وایە دەکرێ بە کەرەسەی سیاسیی دیمۆکراتیك، دەوڵەت سەرەوژێر بکرێ. هەندێکی دی لە سەر ئەو بڕوان کە حکوومەتەکان ئەوەندەی کۆنترۆڵ و گوشاری زیاتر دەخەنە سەر ژیانی ئێمە، بەرە بەرە ناکارامەتر و بێکەڵکتر دەبن و ئەنجام بە شێوەی خۆبزێو لە بەر یەك هەڵدەوەشێنەوە. ژمارەیەك لە دژە دەوڵەتەکان [١٠] سیاسەتی نوخبەکان[١١] پێشنیار دەکەن. دەبێ ئانارشیستەکان لە هەوڵدا بن کە کەسانی عاقڵ و بەهێز و بڕشت (بۆ نموونە ژەنەراڵ و بازرگانە گەورەکان) هانبدەن تاکو دەست لە هاوکاریکردن لەگەڵ دەوڵەتەکان هەڵبگرن، کە نوخبەکان روویان کردە ئانارشیزم، دەوڵەت لە نێو دەچێ.

مارکسیزمی[١٢] وۆن دەڵێ: تەنیا شۆڕشی زەبروزەنگاوی دەتوانێ سەرمایەداری و حکوومەتی سەرمایەداری کۆ بکاتەوە. مارکس پێی وابوو پاش شۆڕشی سەرکەوتووی دژە سەرمایەداری، دەوڵەتێکی نوێ بۆ تێپەڕین لەم قۆناغە دێتە سەر کار، واتە دیکتاتۆریای پرۆڵتاریا یان چینی کرێکار [١٣]، ئەم دەوڵەتی پرۆلتاریا هێند نابا گرینگیی خۆی دەدۆڕێنێ و جێگەی خۆی بۆ کۆمۆنیزم[١٤] چۆڵ دەکات کە لەودا هیچ جۆرە دەوڵەتێ ئێمە بیناسین بوونی نییە، بەڵام وادیارە مێژوو سەلماندوویەتی کە (وەك دەڵێن) دیکتاتۆریای پرۆلتاریا بە شێنەیی تێدا ناچێ. بە پێچەوانە، چەشنێ حکوومەتە باڵی بە سەر هەموو دەچەرەکانی ژیانی مرۆڤدا کێشاوە. کەوابوو شۆڕشی مارکسیستی نە

دەگاتە بێ دەوڵەتی نە دەگاتە ئازادی، بە هەر حاڵ شۆڕشی زەبروزەنگاوی بە هەر هۆیەك بەدیهاتبێ، هەمیشە سیاسەتێكی مەترسیدارە.

ئایا دەكرێ دەوڵەت و حكوومەتەكان بە ڕێكاری دیمۆكراتیك لابرێن؟ ئایدیای پشتبەستن بە هەڵبژاردنی ئازاد بۆ داڕمانی حكوومەت تا ڕادەیەك نائاساییە. ئاخۆ كێ دەنگ بەو پاڵێوراوانە دەدا كە بەنیازن ببنە نوێنەری خەڵك هەر لەو دامەزراوانەی مەبەستیانە سەروژێری بكەن؟ ئایا كەس هەیە باوەڕ بەوە بێنێ كە بە ڕاستی درۆیین و ڕیاكارانە نییە؟

ئاخۆ ئەگەری ڕاستەقینەی ئەوە لە ئارادایە كە دەوڵەت ببێتە هۆی لەنێوچوونی خۆی؟ ناكارامەیی بۆ لەنێوچوونی دەوڵەت تەواو نییە. ئیمپراتۆریای مەزن و بەربڵاوی عوسمانی[١٥] كە بە گوێرەی مێژوونووسان لەوپەڕی بێكەڵكی و گەندەڵیدا بوو، بۆ ماوەی چەند سەد ساڵ مایەوە. داڕمانی كۆتایی «ئیمپڕاتوریای عوسمانی» دۆخی بێدەوڵەتی لێنەكەوتەوە، بەڵكو سەرهەڵدانی بێ ناوكۆی ژمارەیەك دەوڵەتی بچووكتر و كەم تا زۆر كارای بەدواوە بوو.

ئایا چ ڕێگە و شێوەیەك هەیە ئانارشیستە نەرم و ئارامەكان بتوانن بە هۆیەوە دەوڵەت هانبدەن وازبێنێ؟ هەندێ ڕاوبۆچوون بۆ نموونە ئەوەی كە ئانارشیستەكان دەبێ نوخبەكان هەڵفریوێنن، تام و بۆنی خەیاڵاوی هەیە. بە گشتی، بە ڕاستی زۆر جێگەی سەرسووڕمان نییە كە ئایدیالۆژیسە سیاسییەكان (هەم دەوڵەتباوەڕان[١٦]ێكی وەكو بی. شێف. سیكنەر[١٧]و هەم دژە دەوڵەتانێكی وەكو ئاین ڕەند[١٨]) دەبێ بیروڕاكانیان لە قەبارەی ڕۆمانی ئارمانشاری و چیرۆكی زانستی بنووسنەوە؛ چۆن كەس بە ڕاستی ئاگای لە ڕووداوە سیاسییەكانی داهاتوو نییە.



**دەوڵەت و دەوڵەتی سروشت:**

بۆچی دەوڵەتمان هەیە؟ بۆ دەبێ گوێڕایەڵی دەوڵەت بین؟ ئایا چ پێویستییەك بۆ گوێڕایەڵبوون هەیە؟ یان ئایا پێملبوون و گوێڕایەڵیمان تەنیا نیشانەی ترسە؟ ئایا دەوڵەت شتێكی تاك و تایبەتە یان وەكو پۆلێ دز دێتەوە كە دەسەڵاتێكی بێ ئەملا و ئەولای بۆ بكە و نەكە كردنی ئێمە هەیە، بەڵام مافی ئەنجامدانی ئەم كارەی نییە؟ وەڵامێكی كۆن بۆ پرسیاری یەكەم ئەمەیە: بە هەمان هۆ كە زەردەواڵەكان لە نێو كەنووەكاندا دەژین، مرۆڤیش لە ژێر دەسەڵاتداریی حكوومەتەكاندا دەژی؛ لە بەر ئەوەی دەبێ وابێ، چۆن ڕێگەچارەیەكی دیكەی نییە. ئەمە سروشتی بوونەوەرە كە ئەگەر زەردەواڵە بێ لە كەنوو و ئەگەر مرۆڤ بێ لە نێو حكوومەتدا بژی، بەڵام ئەمە لە ڕاست و دروست ناچێ: یەكەم، ئەو شتەی كە سروشتییە نە حاشاهەڵنەگرە و نە بەردەوام وەكو باشترین ڕێگای لە بەردەم دێتە ئەژمار. بۆ گا و مەڕ و بزنەكان سروشتی ئەوەیە بە ئازادی بلەوەڕن، بەڵام بە هەموو ئەمانەوە — ئەگەر بۆ چركەیەك پیشەسازی گۆشت بسڕینەوە — ڕوونە كە گاكان (واتە گای شیریی ماڵەكی)و ئاژەڵەكانی دیكە(بزنەكان)بە هۆی ماڵەكی و دەستەمۆبوون، زیاتر و ڕاحەتتر ژیان دەبەنە سەر. لە سەر ئەم ڕەوتەش، بۆمان هەیە بەڵگاندن بكەین كە هەرچەند ڕەنگە ژیانی نێو حكوومەتەكان بۆ مرۆڤەكان سروشتییە، بەڵام بە چ شێوەیەك حاشاهەڵنەگر نییە و لەوانەیە ئەگەر مرۆڤەكان بێژیار لە نێو دۆڵ و دارستانەكاندا ژیانیان بە سەر بردایەت، بە ڕاستی بەختەوەرتر بوونایە.

وەڵامی دووهەم دەڵێ مرۆڤ خاوەنی تایبەتمەندی هێند سەیرە، زەحمەتە بگوترێ چی بۆ ئەو سروشتی و چی ناسروشتییە. توانایی ئەنجامی كاری جۆراوجۆر بەشێكە لە سروشتی واقیعیی مرۆڤ. هەیە دەڵێن هەر شتێ بۆ مرۆڤ مومكین بێ سروشتیشە. وێنا دەكرێ ڕەنگە ئەم وتە تا ڕادەیەك زیادەڕۆیانە

بێت. ڕەنگە بۆ مرۆڤ و مشك بڕەخسێ کە لە کۆمەڵی گیرساو لە سەر هاوژیانیی لە زەوییە قاقڕەکانی جەمسەری بەستووی باشوور پێکەوە بژین و بە بەرنامەی خۆراکی شیری مشك لە تەنیشت یەکدی بژێوی خۆیان دابینبکەن، بەڵام ئەم چەشنە ژیانە ناتوانێ **سروشتی** بێت؛ هەرچەند ئەم حەقیقەتە دەمێنێتەوە کە ناکرێ سادە بگوترێ چی بۆ مرۆڤ سروشتییە و چی ناسروشتی.

ئەنجام لە حاڵێکدا کە زەردەواڵەکان بەردەوام لە کەنوودا دەژین، مێژوو و مرۆڤناسی [١٩] حیکایەت لەوە دەکەن کە مرۆڤ بەردەوام لە ژێر دەسەڵاتداریی حکوومەتەکاندا ناژین. بڕێ کەس لە کۆمەڵانی باوکسالاردا دەژین کە لە سەر دەستی باوەگەورە چەند ژنەکان ڕێبەرایەتی دەکرێن، ژمارەیەکیش لە عەشیرەی گەورەتر کە بەتاڵن لە پاشا و پیاوی ئایینی و قازی، ژیان تێدەپەڕێنن، و تەنانەت ژمارەیەکی کەمیش ژیانی ڕاهیبانەیان هەڵبژاردووە. هۆی ئەوەی کە ئەورۆکە زۆربەی زۆری خەڵك سەر بە دەوڵەتی نەتەوەیین دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەوڵەتە نەتەوەییەکان مەزن و بەدەسەڵاتن و گرژ ویستیاری تێدابردنی عەشیرە یان هۆزە سەربەخۆ بچووکەکانن کە بە درێژایی تەمەنیان بەرامبەریان دەوەستن.

**هۆبز و لاك:**

تۆماس هۆبز کە لە ماوەی شەڕی ناوخۆی ئینگلیزدا دەژیا، دەڵێ دەوڵەت چ پێوەندییەکی لەگەڵ دۆخی **سروشتیی** مرۆڤدا نییە. بە بڕوای ئەو دۆخی سروشتیی مرۆڤ -«حاڵەتی سروشتی»- حاڵەتێکی هۆچ و سەرەتایی و مەترسیدارە، واتە مەترسیی سەرەکی بوونی خەڵکی دیکەیە. لە دۆخی سروشتیدا«دۆخی مرۆڤ. . . دۆخی شەڕی هەمووانە دژ بە یەکدی» و ژیانی «تاك و تەریك، بێڕۆح، حەیوانی و کورتە». خەڵك دەوڵەت **ڕۆدەنێن** بۆ ئەوەی



لە ترسی شێوەی سروشتیی ژیانی خۆیان دوور بکەونەوە. هۆبز دەڵێ: یەکەم دەوڵەت بە هۆی پەیمانێکەوە دامەزرا کە بە پێی ئەو، کەسەکان پێکەوە ڕێککەوتوون پاشایەك دیاریبکەن کە دەسەڵاتی ڕەهای بە سەریاندا هەبێ و ئامانجی سەرەکیشی پاراستن و ڕاگرتنی ئاشتی بێت. ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە پاراستنی ئاشتی بەردەوام مەرجی سەرەتایی وەیەکەمینی دەوڵەتە و مەرجێکە تەنیا ئەوکاتەی پاشا یان حاکمەکان خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها بن هەلی بەدەسهێنانی دەڕەخسێ. هۆبز لای وابوو کە هەر چەشنە ئاستەنگییەکی دەسەڵاتی حاکم شەڕی ناوخۆی لێدەکەوێتەوە.

بڕوای هۆبز لەمەڕ دەوڵەت و تیۆریی «دۆخی سروشتی » لە لایەن فەیلەسووفانی دیکەوە کەوتە بەر هێرشی ناڕەزایی. یەکێك لە بەنێوبانگترینیان جان لوکە. لاك دەڵێ خەڵك بە باشی دەزانن لە ئاشتیدا بن و تەنانەت لە دۆخی سروشتیشدا بە ڕاستی توانا و بەهرەی ئەوەیان هەیە. ئەو دەڵێ مرۆڤەکان مافی سروشتی حەتمییان هەیە: مافی ژیان، ئازادی و خاوەندارێتی. بوونی دەوڵەت تەنیا بۆ پاراستنی ئاشتی نییە، بەڵکو جگە لەمە، ئەرکی بنەبڕی دیکەی بۆ مسۆگەرکردن و پشتیوانیکردن لە مافە سروشتییەکان هەیە. دەسەڵاتی ڕەها لەگەڵ ئەم بەرنامەدا ناگونجێ، کەوابوو دەبێ دەسەڵاتی دەوڵەت بەرتەسك بێت و بە شێوەیەك لە نێوان دامەزراوە و ڕێکخراوە جیاجیاکاندا دابەشبکرێت.

بیروبۆچوونەکانی لاك قووڵ کاریگەریی لە سەر شۆڕشی ئەمریکا داناوە. **ڕاگەیاندننامەی سەربەخۆیی**[٢٠] ئاماژەی ڕاشکاو بە مافی سروشتی لەخۆ گرتووە و بوونی وەها مافێك بە «ڕوون » دادەنێ.

لاك و هۆبز سەبارەت بە چۆنێتی ڕەفتاری واقیعیی مرۆڤەکان لە نەبوونی دەوڵەتدا هاوبڕوا نین. هۆبز وێنا دەکات جگە لە شەڕ نابێت، بە ڕای لاکیش بۆی هەیە هاوڕێ لەگەڵ ئاشتی و برایەتیدا بێت. ئەمە لە ڕاستیدا پرسیارە لە

بابەتێکی بەدیهاتوو و لە بەردەست، کەواتە دەبێ بە ڕەچاوکردنی بەڵگەکان وەڵامی بدەینەوە. مەخابن بەڵگەکان تەم و مژاوی و لێڵن. . مرۆڤ جۆرێکە دەتوانێ هاوئاسۆی داب و دەستووری کۆمەڵگاکەی کە بە تەواوی فرەچەشن و بگۆڕن، خۆی ڕێکبخات. هەندێ عەشیرە لە ئاشتی و ئارامیدا ژیان بەسەردەبەن، هەندێکی دی لە شەڕی یەك لە دوای یەکدان، ژمارەیەکیشیان یەکسەرە بە تالان و بردنی دراوسێکانیان درێژە بە ژیان دەدەن. لە ڕاستیدا ئێمە نازانین ژیانی مرۆڤ لە«حاڵەتی سروشتیدا» چۆن دەبێت. بەڵام ئاگامان لێیە کە مرۆڤەکان گەلێك ڕێگای جۆراوجۆریان بۆ ڕێکوپێککردنی ژیانی خۆیان لە بەردەمدایە کە هەندێکیان ئاشتیخوازانە و بڕێکیشیان شەڕەنگێزانەیە.

هۆبز لەمەڕ شەڕی ناوخۆ بە شێوەیەك قسە دەکات چما مەزنترین کارەساتێکە وێنا بکرێت لە وڵاتێکدا ڕوو بدات. ئێمە ئەوڕۆکە لە ئەگەری شەڕی ناوخۆ زۆر کەمتر دەترسین تاکو لە ئەگەری شەڕی ناچۆکیی نێونەتەوەیی. شێوە و شێوازی شەڕ گۆڕانی بە سەرداهاتووە. دەوڵەتەکانیش وەکیتر. گەش دیارە کە ڕوونکردنەوە و تێبینی هێنانەوەی تایبەتیی هۆبز سەبارەت بە حکوومەت ناتوانێ ئەم مەترسییە بۆ سەرجەم مرۆڤەکان ڕەچاو بکات؛ مەترسییەك بەری پێشکەوتنی چەند سەدساڵەمانە لە بواری چەك و تەقەمەنییەکاندا، شەڕی ناوخۆییش خۆی گۆڕانی بە سەرداهاتووە. سەردەمی ئێمە شەڕە ناوخۆییەکان بە تایبەت ئەوانەی پێویستیان بە ئۆپۆڕاسیۆن هەیە، دەتوانن بە ئاسانی دزەبکەنە نێو وڵاتانی دیکە، تەنانەت پاش کۆتایی هاتنی **شەڕی سارد** [٢١] ئەگەری ڕوودانی، وەك دەڵێن، شەڕی ناوخۆیی لە ئارادایە و ئەم تێکگیرانە لە ڕاستیدا ناکۆکی و شەڕی نێوان ئەو وڵاتە گەورانەیە کە ئاڵۆزیی نێوانیان لە سەر خاکی دەوڵەتە بچکوولەکان گەشتۆتە کۆتایی. لەوەها کەیسێکدا لە ئاڵۆزی و ناکۆکیی نافەرمی نێوان دەسەڵاتە دەرەکییەکان وەکو



جاش یان دانراوی ﴿ بیانییەکان ﴾ کەڵك لە خەڵکی خۆجێیی وەردەگیرێ. تەنیا چاوخشاندنێك بەسەر ڕووداوەکانی لوبنان[٢٢] و ئەمریکای ناوەندیی [٢٣] بۆ سەلماندنی ئەم بانگەوازە تەواوە. هەر بۆیە ئەوڕۆکە ئانارشیزم لای ئێمە — لانیکەم لە ڕووی تیۆرییەوە — بابەتێکی هەرە پەسەندترە تاکو بۆ هۆبز کە لە سەدەی حەڤدهەمدا دەژیا.

## دەوڵەت و شەرعییەتەکەی:

ئەم بەشە بەختنەبەرباسی تیۆرییەکی نوێ، واتە جۆرێ هۆبزگەراییی [٢٤] نوێکراو کە لە سەردەستی جی. ئەی. ئێم. ئانسکام لە وتاری کورتیدا لە ژێرناوی « ئاخێزگەی شەرعییەتی دەوڵەت » [٢٥] پێشکەشکراوە، دەگەینە کۆتایی. ئانسکام دەڵێ بە دڵنیاییەوە پێویستە لە نێوان دەوڵەت و ئەنجوومەنی خۆویستانەدا چەشنێ جیاوازی بوونی ببێت، بێگومان دەبێ لە نێوان دەوڵەت و تۆڕی دزە چەکدارەکانیش جۆرێ جیاوازی لە ئارادا بێت، بەڵام ئەم جیاوازییانە چی و چین؟

جیاوازیی گەورەی نێوان ئەنجوومەنی خۆویستانە و دەوڵەت ئەمەیە کە ئێوە بۆتان هەیە لە ئەنجوومەنە خۆویستانەکان بێنەدەر، بەڵام هاتنە دەر لە دەوڵەت هەرگیز ناکرێ.

ئانسکام لەمەدا زیادەڕۆییانە قسەی کردووە؛ چونکە ڕێکخراو هەیە دەتوانێت بە خواستی خۆی ببێت بە ئەندامی، بەڵام ناتوانن بە سادەیی بکێشنەوە و بێتەدەرێ، بۆ نموونە لۆژیۆنی دەرەکی [٢٦] و یاخود لە ڕاستیدا هەر ئەرتەشێکی خۆویستانە. لە لایەکی دیکەوە گەلێ جار وەرگرتنی ئیزن لە وڵاتێکی تایبەت بۆ بەجێهێشتنی و بوون بە هاووڵاتیی وڵاتێکی دیکە ئیمکانی هەیە.

بەم حاڵەوەش، بەگشتی ئەم جیاوازییە لە نێوان وڵاتان یان دەوڵەتان و ڕێکخراوە خۆویستانەییەکان بوونی هەیە کە هەر کەس دەبێ لە وڵاتێکدا هاووڵاتی بێت، بەڵام بە زۆری هەر تاکێ بۆی هەیە بە خواستی خۆی یان ببێت بە ئەندامی ڕێکخراوەیەك یان نەبێت.

دیاریکردنی وردی وێکنەچوویی و جیاوازی نێوان دەوڵەت و تۆڕێکی تاوان و ئاژاوەنانەوەی بەکار وەکو مافیا [٢٧] زەحمەتە. ئانسکام تەنانەت دەڵێ ڕەنگە لێرەدا جیاوازییەکی وەها بوونی نەبێت. هەم دەوڵەت و هەم تۆڕەکانی تاوان و ئاژاوە بۆ پێملبوونی ئێوە لە زەبروزەنگ کەڵکوەردەگرن. ڕەفتار و ئاکاری دەوڵەتەکان دەتوانێ بە وێنەی ئەم تۆڕانە ئێجگار توند و گرژ بێت. ئەو بە دەسەڵاتی تورێکی مەزن [٢٨] لە سەدەی پانزدەدا وەکو نموونەیەك لە حکوومەتی توند و گرژ ئاماژە دەدا. تۆڕەکانی تاوان و ئاژاوە هەندێجار دەتوانن چەشنی دەوڵەتەکان خێرخواز بن؛ دەوڵەتەکان چەشنی تۆڕەکانی تاوان و ئاژاوە بە تەواوی شەیتان سیفەتن . بەم حاڵەوەش ئانسکام لە کۆتاییدا دەڵێ لە نێوان دەوڵەتەکان و تۆڕەکانی تاوان و ئاژاوەدا جیاوازییەك هەیە. بریتی لەوەی کە دەوڵەت خاوەنی شەرعییەتە.

ئەو شەرعییەت بەم شێوە پێناسە دەکات: **مافی بڕیاردان و مافی گوێڕایەڵ بوون کاتێ کە پێملبوون لە ئارادایە**، بەڵام ئەم مافە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

ئانسکام بەڵگە دێنێتەوە کە سێ جۆر ماف بوونی هەیە: **١-** « مافە عورفییەکان » [٢٩] **٢-** «مافی پەیمان و گرێبەست» [٣٠] **٣-** «مافی پیشەیی »[٣١].



**نموونەیەك لە مافە عورفییەکان:**

ئێوە دەتوانن لە ماڵی خۆتاندا « داخوازیی بە ئەدەب » تان لە میوانەکەتان هەبێ، بۆ نموونە « بێزەحمەت ژووری خەوی نەوومی سەرەوە بەکار مەهێنە، چۆن ەی دایە گەورەیە » ئانسکام دەڵێ ئەم « داخوازییە بە ئەدەبانە » لە واقیعدا مەنع و بێبەری کردنێکن ئێوە لە پێگەی خانەخۆیدا مافی عورفیتان هەیە بەسەر میوانەکەتاندا بیسەپێنن. مافی دەوڵەت بۆ گوێڕایەڵبوونی لەمە ناچێ. هۆکارێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شەرعییەتی دەوڵەت کە پێویست بێت هەمیشە بە زۆر و زەبروزەنگ پشتیوانیی لێدەکرێ؛ لە حاڵێکدا مافە عورفییەکان بە زۆری بە ناوکۆی چەشنێ پەسەند و ڕێککەوتی بێ قڕە و شەڕ و کەم تا زۆر ناوشیارانە دەپارێزرێ.

**نموونەیەك لە مافی گرێبەستیی:**

مافە گرێبەستییەکان ئەو مافانە دەگرنەوە کە بە هۆی گرێبەستی کاریی فەرمی و نافەرمی و بەرپرسیارێتی و بەڵێنەکان بە گشتی، هەروەها زەماوەند و تەڵاق و هتد بەدیدێت. گرێبەستەکان بە زۆری ئیختیارین. شەرعییەتی دەوڵەت مافێکی گرێبەستی نییە؛ چونکە ئێمەی هاووڵاتی هەرگیز بەڵێنمان نەداوە یاخود پەیمانمان نەبەستووە گوێڕایەڵی دەوڵەت بین؛ ئێمە لە نێو سنوورەکانی فلان یان فیسار وڵاتدا لە دایك دەبین و هێند نابا تێدەگەین بمانهەوێ و نەمانهەوێ دەبێ گوێڕایەڵی بین.

**مافە پیشەییەکان:**

مافە پیشەییەکان ئەوانەن کە دەسمایەی ئەرکێکی پێشوویین کە بەڕێوەبردن و ئەنجامدانی دڵخواز و پێویستە. بۆ نموونە بۆ بەقا و مانەوەی ڕەگەز، بەجێهێنانی

ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵ زەرووره. ئەوەی مافی دایك و باوك یان بەرپرس (قیم) بۆ پەروەردە کردنی منداڵ بەدیدێنی، ئەنجامدانی ئەم کارەیە. کۆی مافەکان لەم بارەوە پێکهاتووە لە: ۱) رێگە پێنەگرتن لە پەروەردەکردنی منداڵ ۲) بڕیاردان لە باتی منداڵ کاتێ کە منداڵ بچووکتر لەوەیە خۆی بڕیاری خۆی بدات ۳) ناچار کردنی منداڵ بۆ پێملبوون بە کەسێ، کاتێ کە بۆ پێملبوون و گوێڕایەڵی کردن گەورەیە، بەڵام ئەوندە پێنەگەیشتووە بزانێ چۆناوچۆن خۆی تووشی برین و کێشە نەکات. مافە کارییەکان پێویستی یان دڵخواز بوونی کار و ئەرکەن گریمان دەکەن. ئانسکام بەڵگە دەهێنێتەوە کە شەرعییەتی دەوڵەت، واتە مافی دابینکردنی یاسا، بەرگرتن بە جنایەت، سزادانی تاوانباران و هتد پێویستی بە ئەنجامدانی ئەم کار و ئەرکانەیە کە بە دەسپێکردنی ژیانی هاوبەشی ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵك لە قاڵبی گرووپ و کۆمەڵەکاندا بەدیدێ. ئەم ئەرك و کارانە بریتین لە: ۱- پارێزگاریکردن لە خەڵك بەرامبەر یەکتری (بە پێی روونکردنەوەی هۆبز) ۲- پتەوکردنی ئەم پەیمان و گرێبەستانەی خەڵك پێکەوە دەیبەستن. ۳- پاراستن و پشتیوانی لە هەموو ئەوشتانەی وەکو مافی عورفیی دڵخواز و بە سوود دێنە ئەژمار. ٤- گەلاڵەکردن و بەڕێوەبردنی بەرنامەی گەورەی خزمەتگوزاریی گشتی وەکو ساز کردنی جادە و رێگەی ئاسن و پێکهاتنی ئەرتەش بە مەبەستی بەرگری لە کۆمەڵگا بەرامبەر هێرشی دەرەکی.

ئانسکام دەڵێ دەوڵەت زەرووره؛ و شەرعییەت، واتە مافی گوێڕایەڵبوونی هەیە. چون ئەم کار و ئەرکانە گرینگ و راستەقینەن. بەم حاڵەوەش پشتڕاستی دەکاتەوە کە رەنگە ئەم کارانە لە کۆمەڵگای بچووکدا لە باتی دەوڵەت لە رێگای هاریکاریی خۆویستانەی کەسەکانەوە ئەنجام بدرێ. ئەو هەروەها دان بەو خاڵە گرینگ و بە بایەخەدا دەنێ کە ئەگەر مرۆڤەکان هەرە هەرە پارێزکار و



شەریف بوونایە و هەرگیز هەڵیان نەکوتابایەتە سەریەکدی، یەك لەم ئەرکە سەرەکییانە هەڵدەوەشایەوە.

جارێ دەگەینە ئەو ئەنجامە کە ئەم کار و ئەرکانەی دەوڵەت جێبەجێیان دەکات، گەلێك پێویست و زەروورن و تەنیا رێکخراوێکی بەرین چەشنی دەوڵەت دەتوانێ فریای ئەنجامدانی بکەوێ. ئایا لێرەوە پێویستیی بوونی مافی گوێڕایەڵی بوون بۆ هەر دەوڵەتێکی تا رادەیەك بەکار دیار دەکەوێ؟

ئایا هەرگیز مافی هەڵچوون، تەنانەت دژ بە زاڵمترین و چەوسێنەرترین حاکمەکان بوونی نییە؟

بە دڵنیاییەوە پێویست بەم ئەنجامە ناکات.

وەڵامی ئانسکام بۆ پرسیارەکەی ئێمە تەواو نییە. مەشرووعییەت یان (اقتدار) ی دەوڵەت پێویستی بە شتێك بانتر و باڵاتر لە بەرێوەبردن و جێبەجێکردنی سەرکەوتووانەی کارێکە.

بەشی دادێ تاقمێك لە هەلومەرجەکانی دیکەی پێشنیار دراو بۆ شەرعییەتی یاسایی دەخەینە بەرباس. ئەم هەلومەرجانە، واتە ئازادی و یەکسانی، دوو ئارمانجی سوننەتیی دیمۆکراسیی رۆژئاواپین.

## پەراوێزەکان

١-Anarchy

٢- Anarchism

٣- P. J. Proudhon

٤- Prince Kroptkin

٥- capitalist Iibertarianism

٦- capitalism

٧- socialist

٨- Gandhi

٩- anarcho-libertarians

١٠- anti-statists

١١- the elite

١٢- Marxism

١٣- the proletariat

١٤- communism

١٥- Ottoman Empire

١٦- statists



١٧- B. f. Skinner

١٨- Ayn Rand

١٩- anthropology

٢٠- The declaration of Independence

٢١- Cold War

٢٢- Lebanon

٢٣- Central America

٢٤- Hobbesism

٢٥- The Source of the Authority if the State

٢٦- Foreign Legion

٢٧- Mafia

٢٨- Great Turk

٢٩- customary rights

٣٠- contractual rights

٣١- task rights

## بەشی دوازدەهەم:

## ئازادی

ئازادی یان حورییەت یەکێکە لە ئارمانجە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتە دیمۆکراتیکە نوێکان، بەڵام ئەم ئازادییە چییە؟ رۆزڤێڵت [1] ٦ی ژووئیەی ١٩٤١ لە دووتۆی پەیامێکی بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا ئاماژە بە شتێك دەکات کە ناوی دەنێ«ئازادییە چوارینەکان ».

ئێمە ویستیاری جیهانێکین کۆڵەکەکانی چوار ئازادیی بنەڕەتیی مرۆڤەکانە: یەکەم ئازادیی قەڵەم و رادەربڕین لە هەموو شوێنێکی جیهان. دووهەم ئازادیی هەر تاکێك بۆ پەرەستنی خواوەند بەو چەشنەی حەز دەکات لە هەموو شوێنێکی جیهان. سێهەم ئازادی و رزگاربوون لە هەژاری. . . لە هەموو شوێنێکی جیهان. چوارەم ئازادی و رزگاربوون لە ترس. . . لە هەموو شوێنێکی جیهان.

### ئازادیی ئیجابی و ئازادی سلبی:

هەندێ فەیلەسوف هەوڵیانداوە لە نێوان ئازادیی ئەرێنی یان « ئازادی بۆ ئەنجامدانی. . . و ئازادیی نەرێنی یان «ئازادیی لە. . . » دا جیاوازی دابنێن. برووسکەی رۆزڤێڵت دوو ئازادیی «ئیجابی»، واتە ئازادیی رادەربڕین و پەرستن، و دوو ئازادیی سلبی، واتە ئازادیی لە ترس و هەژاری دەگرێتەوە. بەڵام پێدەچێت کە جیاوازیی نێوان «ئازادیی بۆ ئەنجامدانی. . . » و « ئازادی لە. . . » گرینگییەکی فەلسەفی ئەوتۆی نەبێ. تا رادەیەك لەبەر ئەوەی «ئازادی بۆ ئەنجامدانی. . . » و « ئازادی لە. . . » زیاتر تەنیا دوو رووی دراچێکن، بەم چەشنە لە بواری سیاسی یا کۆمەڵایەتیدا « ئازادی لە سانسۆڕ» هەمان مانای « ئازادیی بۆ گوتن و نووسینی ئەو شتەی کەسەکە دەیخوازێ» لە خۆ گرتووە « ئازادی لە سەپاندنی ئایین »یش هاوواتای «ئازادیی بۆ پەرستنە بە سەربەستیی تاك و یان تەنانەت نەپەرەستن ».

بە کورتی جیاوازیی هەرە قەبەی نێوان « ئازادی بۆ ئەنجامدانی. . . » و ئازادی لە. . . » تەنیا و تەنیا لە زماندایە، کەوابوو ئێمە چاو لەم جیاوازییە گریمانکراوەی نێوان ئازادی«ئیجابی» و ئازادی«سلبی» دادەخەین.

### ئازادیی سیاسی:

هەموو ئازادییەکان سیاسی نین. ئازادی و رزگاربوون لە ترس کە رۆزڤێڵت ئاماژەی پێدابوو، لەوانەیە. بێگومان رۆزڤێڵت خۆی باسی ئەو ترسەی دەکرد کە دەسەڵاتە سیاسییە چەوسێنەرەکان بەدیهێنەری بوون، بەڵام خەڵك ترسی دیکەشیان هەیە. ئاواتیانە لە گەلێك ترسی جۆراوجۆر بۆ نموونە ترس لە نەخۆشییەکان، ترس لە تەنیایی، ترس لە زیپکەی دەم وچاو، ترس لە شڵەژاوی و ئاڵۆزیی دەروونی دەرباز بن. هەر بۆیە هەندێ فەیلەسووفی سیاسی لە ﴿وەڵامی﴾ پرسیاری نەشیاو سەبارەت بە دەروونناسی ماونەتەوە. بۆ وێنە ئەوان دەڵێن ئاخۆ ئەگەر تاکێك بۆ ئەنجامدانی کردەی «A » بەرگیری دەروونی هەبێت، ئازادیی ئەنجامدانی ئەو کردەی هەیە؟ لەوانەیە ئەمە پرس و بابەتێکی جێ سەرنج بێت، بەڵام پێوەندییەکەی لەگەڵ ئازادیی **سیاسی** تا رادەیەك سەیر وسەمەرەیە.

ئەو ئازادییانەی بە ئاشکرا و راشکاوانە سیاسین تەوەرەی باسەکەمان پێکدێنن؛ واتە ئەو ئازادییانەی پێوەندیی نێوان تاك و دەوڵەت دەگرنەوە. ئازادیی سیاسی بابەتێکی بەربڵاوە، کەواتە باسەکە بۆ گەڵاڵە کردنی سێ پرسیاری سەرەکیی تەرخاندەکەین:

**یەکەم:** چەند جۆر ئازادیی سیاسی بوونی هەیە؟

**دووهەم:** ئایا جۆرە جۆربەجۆرەکانی ئازادیی سیاسی پێوەندییان پێکەوە هەیە؟ بە دەربڕینی دی، ئاخۆ ئەگەر کۆمەڵگایەك خاوەنی یەك جۆر ئازادیی بێت، ئەو ئازادییە بوون و ئامادەیی جۆرەکانی دیکەی ئازادی گەرەنتی دەکات؟

**سێهەم:** گرینگترین جۆری ئازادی کامەیە؟

چوار جۆر ئازادی سیاسی بوونی هەیە: ئازادیی نەتەوەیی یان سەربەخۆیی [٢] (بەرانبەر کۆلۆنیالیسم) [٣] ئازادیی سیاسی وەستاوە لە سەر حکوومەتی مەشرووتە [٤] (بەرانبەر بە ئۆتۆکراسی) [٥] ئازادیی ئابووری و ئازادیی تاکەکەسی.

## سەربەخۆیی:

کوێستان بە سەر ماڕاتۆن[٦]دا دەڕوانێ
و ماڕاتۆن رووی لە دەریایە
و لەوێ تەنیا بە یەك کاتژمێر رامان،
ئیلهامم بۆهات کە یۆنان دیسان ئازادیی بە خۆوە دەبینێ.

بە بایرۆن[٧] ئیلهام کرابوو کە یۆنان لە ژێر چنگی کۆلۆنیالیی چەند سەدەیی تورکیا ئازاد دەبێت و ئازادی لای زۆربەی خەڵك لە بەشێکی فراوانی مێژوودا، بە مانای مافە مەدەنییەکان [٨]یان دیمۆکڕاسی یان تەنانەت حکوومەتی مەشرووتە نییە، بەڵکو زیاتر بە مانای سەربەخۆییە؛ واتە ئازادیی لە دەسەڵات و زاڵێتی ئەرباب و ئاغە دەرەکییەکان. بۆچی میللەت و نەتەوەکان رقیان لە



دەسەڵاتداریی بیانییەکانە؟ هۆکاری ئەمە تا رادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زوڵم و جەوری کۆلۆنیالی ئێگجار لە جەور و ستەمی خۆجێی ئەستەمترە. کەوابوو ، هەرچەندبێگومان زۆربەی حکوومەتەکان و زۆرێك لە چەوسێنەران، رەعییەتەکان لە رووی ئابوورییەوە دەچەوسێننەوە، بەڵام کەم تا زۆر بەڵگەنەویست دیارە کە حکوومەتی کۆلۆنیالی لە چاو پاشا و دیکەی حاکمەکان کەڵكئاوەژۆیی و بەهرەکێشی زیاتری لەگەڵدایە؛ چونکە بە زۆری سەرەتا لە بەر کەڵكئاوەژۆیی ئابوورییەکە وڵاتێك تووشی کۆلۆنیالیزم دەبێت.

کۆلۆنیال زەنجیرە پلەیەك لە کۆمەڵگادا پێکدێنێ کە چینە خوارەکانی تایبەتە بە بوومییەکان و تەنانەت رەنگە رێگەیانپێنەدرێ دەستیان تەنانەت بە سەرچاوە سرووشتییەکانی چەشنی بەستێنەکان و زەویش رابگات.

حکوومەتی کۆلۆنیالی بە زۆری لە روانگەی زمان، ئایین و کولتوورەوە گەلێك خراپتر لە جەوری ناوچەییە. کۆلۆنیال زیاتر وێرانی و هەرەسی کوولتوورەکان و دینەناوچەییەکان و تەنانەت تێداچوونی زمانەکانی بە دواوەیە.

بەم حاڵەوەش، ئەم حوکمە گشتییە ریزپەڕیشی تێدایە، پیسترین جەنایەتی چەوسێنەری کۆلۆنیالیست کوشت و بڕ و ئەشکەنجەیە، بەڵام لە سەروبەندی جۆراوجۆر و لە بەشە جیاوازەکانی ئەم گۆی زەوییەدا ستەمکار و زاڵمی ناوچەییش بووە، کە لەم بوارانەدا رێك وەکو جەببارە بیانییەکان هاتوونەتەوە. بۆ نموونە؛ ئەوەی «کالیگوولا»[٩] و «پۆلپووت»[١٠] بە سەر هاونیشتمانییەکانیاندا هێنایان، گەلێك بەزەختتر و گرژتر لە جەوری حاکمە کۆلۆنیالیستەکان بوو. رەفتاری ساویلکانەی جورجی سێهەم [١١] لەگەڵ کۆچبەرە ئەمریکییەکان کە لەگەڵ کردەی کەسانێکی وەکو پۆلپووت بەراورد دەکرێ، کەم رەنگتر دەکەوێتە روو.

## ئازادیی سیاسی لە قاڵبی حکوومەتی مەشرووتەدا:

گەڕان لە ئازادی زیاتر خەبات بووە بە چەکی قەڵەم و هەندێجاریش بەشەڕی شمشێرەکان دژ بە دەسەڵاتی رەهای پادشا یان دیکتاتۆڕەکان.

ئەو کاتەی کە شێوازێکی نوێنەرایەتی دەکەوێتە دەستی ئەوانەی دەسەڵاتدارییان بە سەردا دەکرێت، هێز و دەسەڵاتی پادشا و دیکتاتۆڕەکان بەرتەسك دەبێتەوە، کەوابوو مادام دیکەی شتەکان یەکسان بن، زیادبوونی نوێنەرایەتی خەڵك، کەمبوونەوەی دەسەڵاتی سوڵتانی لێدەکەوێتەوە. هەر ئەمە یەك لەو هۆکارانەیە کە لە بەر چی نوێنەرایەتی سیاسی و ئازادی پێوەندییان هەیە پێکەوە.

هەموو حکوومەتێك هەندێ ئاستەنگی بە تەوژم یان لاواز بە سەر خەڵکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا دەسەپێنێ، بەڵام لە هەلومەرجی یەکساندا بە گشتی، ئازادی باشترە لە کۆت و بەند. چ جۆرە حکوومەتێ زیاترین ئازادیی بەڕەوا دادەنێت؟ پێدەچێت ئەو کەسانەی حکوومەت بە سەر خۆیاندا دەکەن، ئازادیی زیاتر بۆ خۆیان بە رەوا دەزانن، یاخود بە هەر حاڵ رێگە بەو رادە ئازادییە دەدەن کە لەگەڵ شتی باشی دیکە، لەوانە ئاشتیی ناوخۆییدا شیاوی بەراورد کردن بێت.

بەڵام مانای وردی حکوومەتی خۆبەڕێوەبەر[١٢] چییە؟ ئایا حکوومەتی پارلەمانی [١٣] تەواوە یان نا؟ پاڵپشتی حکوومەتی پارلەمانی ئەو کەسانەن لەسەر کورسی پەرلەمان پاڵیان داوەتەوە. ئایا حکوومەتی مەشرووتە تەواوە؟ نا؛ چونکە بە پلەی یەکەم گرێدراوی ئەوەیە کە ئاخۆ حکوومەتی مەشرووتە نوێنەری رای سەرجەم خەڵکە یاخود تەنیا برێکیان. ئەم بابەتە هەروەها گرێدراوی ئەوەیە کە ئایا رێگە بە بوونی حیزبە سیاسییەکان دەدرێت؟ ئایا بە راستی سیستەمی دەنگدان دادوەرانەیە یان (چەشنی «حوکمی پاش قەساس ») پڕاوپڕ نادادوەرانەیە؟ ئایا دابەشکردنی نادادەرانەی ناوەندەکانی هەڵبژاردن لە



بەر سوودی یەك حیزب یان دەستێوەردان لە سیستەمی هەڵبژاردندا بە شێوەیەکی دی زەحمەتە یان سانا؟ هەروەها گرێدراوی ئێعتباری سیستەمەکە خۆیەتی و ئەوەی کە ئایا تەنیا چەشنێ ساختە کارییە بۆ مسۆگەرکردنی قازانجی دیتران لەوانە هێزە چەکدارەکان یاخود کۆمۆنیستی دەرەکی یان سەرمایەدانەری کاپیتالیست؟ سەبارەت بە دیمۆکراسی چی دەکرێ بگوترێ؟ ئەگەری پڕڕەنگ بریتییە لەوەی کە بە دیهاتنی دیمۆکراسیی راستەوخۆ کە بە پێی ئەو هەرکەس دەنگ بە هەر بابەتێکی سیاسی بدات، لە کۆمەڵگای گەورەدا نامومکینە. پێدەچێت لە دەوڵەتە نەتەوەییە مەزن و مۆدێرنەکاندا، ئارمانجی ئازادیی لە پێناو حکوومەتی خۆ بەڕێوەبەر، نەتوانێ هاوشێوەی دیمۆکراسیی راستەوخۆ بێت. ئەو پەڕی نزیکیمان لەگەڵ وەها ئارمانجێکدا حکوومەتی مەشرووتەی وێڕای هەڵبژاردنی راست و بە دەستوورە کە لەودا هەر تاکێکی بالغ مافی یەك دەنگی هەبێت و هیچکەس مافی زیاد لە یەك دەنگی نەبێت و چ حیزب یان رێکخراوێکی سەربەخۆی سیاسی لەودا نایاسایی نەبن، و سیستەمی هەڵبژاردنەکەی درۆیین و تەڵەکە باز نەبێت.

## ئازادیی ئابووریی:

ئازادیی ئابووریی بە زۆری بە مانای ئازادیی خاوەندارێتی تاکەکەسی، ئازادیی کڕین و فرۆشتنی شت و مەکەکان و ئازادیی ئەنجامی کار بۆ وەرگرتنی حەقدەستە. بەڵام بێ بوون و ئامادەیی حکوومەت یەکەم قۆناغ، نەشتێ وەکو خاوەندارێتی تاکەکەسیی و نە بەڵێنی فرۆش و نە بەڵێنی دامەزراندن و کار لەئارادا نابێت. هەم ئازادیی ئابووریی و هەم خاڵی بەرامبەریی، تا ئەو ئاستەی هەردوویان گریمانی بوون و ئامادەیی حکوومەتیان لە لایە، بە شێوەی زاتی سیاسین.

دوو فەیلەسووف بە نێوەکانی ئاین ڕەند و ڕۆبەرت نازیك کە بەشی دادێ دووبارە بیروڕاکانیان دەخەینە بەر باس، ئازادیی ئابووریی — کە لە ڕاستیدا لەگەڵ کاپیتالیزم یان سیستەمی سەرمایەداریی بە یەك دەگیرێن وەکو بابەتێکی پڕاوپڕ تەوەرەیی چاولێدەکەن. بەڕای ئەوان ئازادیی ئابووریی هەم خۆی لە خۆیدا و هەم وەکو بنەمای گریمانکراوی هەر جۆرە ئازدییەکی دیکە، گرینگترین جۆری ئازادییە. ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە گوایە کۆمۆنیزم لە ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی دین و هتد بە تاڵە؛ لە بەر ئەوەی ئازادیی ئابووریی بەرتەسك دەکاتەوە.

### ئایا ئازادی هەیە بتوانێ ئازادییەکانی دیکە گەرەنتی بکات؟:

بەداخەوە وادیارە وەڵامی ئەم پرسیارە «نا » بێت. بە بەدەسهێنانی یەکجۆر ئازادی، خەبات بۆ ئازادی نەگەشتوتە کۆتایی.

سەربەخۆیی نەتەوەیی لە بەر چاو بگرن. بە گوێرەی دەرکەوتەکانی مێژوو، خەباتی سەر کەوتووانە بۆ سەربەخۆیی دەتوانێ هەر چەشنە حکوومەتێکی بە دواوە بێت. ئەگەر قەدەری وڵاتی نوێ حکوومەتی هەڵبژاردەیی دیمۆکراسی بێت بەختی بەرزی خەڵکەکەیەتی؛ بە تەواویی ئەگەری هاتنە سەرکاری دیکتاتۆریای سەربازیی یان ڕێکخراوی تاك حیزبیی دیکە لە ئارادا هەیە. بێگومان سەربەخۆیی نەتەوەیی مەرجی **پێویستی** ئازادیی سیاسی دەسەڵاتدارییە بە سەر چارەنووسدا، بەڵام بێگومان مەرجی **تەواو** نییە. ئەمجار ئازادیی لە قاڵبی حکوومەتی مەشرووتەدا لە بەر چاو بگرن. هەندێ لە بە نێوبانگترین لایەنگرانی ئەم جۆرە ئازادییە — بۆ نموونە، دامەزرێنەرانی ئەیالەتە یەکگرتووەکان — بە ئەنقەست سوود و قازانجەکانی ﴿ ئەم جۆرە ئازادییە ﴾ یان بۆ ئەندامانی ڕەگەز و جنسی خۆیان بەر تەسك کردەوە. کەوابوو قازانجەکانی هاووڵاتییبوونی تەواو،



تەنانەت لە سیستەمە وەك دەڵێن دیمۆکراتیکەکاندا — بۆ سەرجەم لە دایکبووانی نێوخۆی سنوورەکانی ئەو وڵاتە، بەردەوام ئامادە و لەبەردەستدا نە بووە. چ هۆکارێکی بنەبڕی بە دەر لە خۆخوازیی بۆ ئەم جۆرە ئاستەنگییەی ئازادیی بوونی نییە. واقیعەکان ئاشکران. بە نێو بانگترین دیمۆکراسیی سەر زەوی، تا ٩٠ ساڵ پاش دامەزرانی خۆی کۆیلەداریی هەڵنەوەشاندەوە و تا نزیك ١٠٠ ساڵ پاش ڕۆنانیشی مافی دەنگدانی بە ژن نەدا. تیرۆری بەرفراوانی دەنگدەرانی ڕەش لە ئەیالەتە باشوورییەکانی ئەیالەتە یەکگرتووەکان، ڕەفتاری توندوگرژ و بەکارهێنانی توندوتیژی، زیندانی کردن خۆراکدانی زۆرەملێ بەژنانی لایەنگری مافی دەنگدانی ژنان لە بریتانیا[١٤]، هەردوو بەڵگە و شایەتن بۆ بەردەوامی و هێزی ئەو هەستەی کە حکوومەت کردن بە سەر خۆدا، مافی هەموو کەس نییە؛ ئەو هەستەی لە سیستەمە دیمۆکراتیکە گەورەکاندا بوونی هەیە.

تەنانەت عورف و یاسای زۆرینەی ڕاستەقینەش بۆی نییە ئازادیی تاکەکەسی لەوانە؛ ئازادیی ڕادەربڕین گەرەنتی بکات عورف و یاسای زۆرینەش بە زۆری هاوڕێی هەڵنەکردن لەگەڵ بیروباوەڕی کەمینەدایە. نەریتی کەونینە و درێژخایەنیمەندی و لەسەرخۆیی کەمینەکان تەنیا و تەنیا چەشنێ ناڕەزاییە بەرامبەر دەمارگرژی و توندیی زۆرینە. ئایا حکوومەتی مەشرووتە ئەو جۆرە ئازادییە ئابوورییەی ئاین ڕەند و ڕۆبەرت نازیك بە باشی دەزانن، بە تەواوی گەرەنتی دەکات؟ وا نییە. هەندێ لەو دەوڵەتانەی خاوەنی حکوومەتی مەشرووتە و دیمۆکراسی پەرلەمانی تەواون (بۆ نموونە وڵاتانی سکاندیناوی [١٥]) ئابوورییان بە پێی ئاوێتەیەك لە سەرمایەداری و سۆسیالیزم [١٦] بەڕێوە دەبەن. دەکرێ چی لەمەڕ ئازادیی ئابووریی بگوترێ؟ ئایا ئازادیی ئابووری و سەرمایەداری، ئازادیی سیاسی گەرەنتی دەگەن؟ وڵاتانی خاوەن پلەی بەرچاوی

ئازادیی ئابووریی بەزۆری  خاوەنی ئازادییەکانی دیکەشن، هەڵبەت ئەمە بۆتە هۆی ئیعتباری زۆریان. بەم حاڵەوەش، ئازادیی ئابووریی بە تەواوی ئازادی سیاسی (حکوومەتی مەشرووتە) گەرەنتی ناکات، تاوەکو توانای گەرەنتی کردنی ئازادیی رادەربڕین یاخود ئازادیی ئایینی هەبێت. رەند و نازیك لایان وایە کە ئازادیی ئابووری هۆکار و بەدیهێنەری جۆرەکانی دیکەی ئازادییە، بەڵام ئەنجامی بیر و را و گشتاندنی ئەوان یەك کەیسی تایبەت، واتە ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بەبێ ئاوڕدانەوە لەودوای وڵاتانی جیهان، ئاگایان لەوە نییە کە هەموو دەوڵەت و دەسەڵاتە سەرمایەدارییەکان دیمۆکرات نەبوون. ئابووریی کۆریای باشوور بە پێی پرەنسیپەکانی سەرمایەداری دەرواتە پێش؛ ئەم وتە سەبارەت بە زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای باشووریش راست دێتەوە. سەرمایەداریی ژێرچاوەدێری و دەسەڵاتی ئیسلام دەرفەتی بوونی دەبێت؛ هەر چەند زۆربەی زۆری دەولەتە سەربەخۆ ئیسلامییەکان رێگە بە ئازادیی سەر پاکی ئایینی نادەن. دەکرێ بگوترێ لە ژمارەیەکی کەمیاندا سیستەمی حکوومەتی مەشرووتەی بە تەواوی پێشکەوتوو بە دیدەکرێ.

کەواتە پێدەچێت شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئازادیی کۆیی، نە دەتوانن یەکدی گەرەنتی بکەن و نە دەتوانن گەرەنتیکەری ئازادیی تاکەکەسی بن. سەربەخۆیی نەتەوەیی ناتوانێ ئازادیی سیاسی گەرەنتی بکات. ئازادیی سیاسیش بە زۆری هەلومەرجێکی ئاستەنگکاری بۆ خۆی هەیە و بە هەرچەشنە خوازیاری باوکردنی توندی و دەمارگرژیی زۆرینەییە [١٧]. ئازادیی ئابووریی دەکرێ وێڕای دیکتاتۆریای سیاسی و بەر تەسکییەکانی ئازادیی رادەبڕین و ئازادیی ئایینی بچێتە یەك خانەوە.

سەربەخۆیی، حکوومەتی مەشرووتە و ئازادیی ئابووری، سەر بە ئازادییە کۆییەکانن. ئەمانە لەبەر بەرژەوەندیی نەتەوەکان، کۆمەڵگا و گرووپەکان



بوونیان  گریمان دەکرێ. کاتی خۆیەتی ئارمانجێکی جیاواز لەبەرچاوبگرین؛ واتە ئارمانجی ئازادیی تاکەکەسی، ئازادیی تاکە کەسی لە رووی مێژووییەوە لە چاو ئەم ئازادییە ناوبراوانەی سەرەوە درەنگتر پێگەیشتووە و هاتۆتە ئارا و پێوەندیی نزیکی بە چەمکی مافەوە هەیە.

## ئازادیی تاکەکەسی و مافە سروشتییەکان:

جۆن لاك لە نامیلکەی **دووهەمی دوو نامیلکە سەبارەت بە حکوومەتی مەدەنی**[١٨]دا  گەڵاڵەی گشتی تیۆریی « مافە سروشتییەکان » بە دەستەوە دەدات. بەپێی بانگەشەی ئەو سێ مافی سروشتی بوونی هەیە، مافی ژیان، مافی ئازادیی و مافی خاوەندارێتی. تۆماس جێفرسەن[١٩] گەڕان لە بەختەوەری لە باتی سێهەم مافی لاك، واتە مافی خاوەندارێتی دادەنێت.

**دوو نامیلکەی** لاك و « راگەیاندننامەی سەربەخۆیی ﴿ئەمریکا ﴾، کاریگەریی قووڵی لە سەر فەیلەسووفانی ئەمریکی داناوە و زۆربەیان لایان وایە چەمکی ماف بنەمای سەرەکیی ئەخلاقە. »

هەرچەند ئامۆژەی مافە سروشتییەکانی مرۆڤ کاریگەری کورت ماوە و درێژماوەی هەرە گرینگی لە سەر رامانی ئەخلاقی و سیاسی داناوە؛ هەڵبەت دەکرێ قایل بین بەوەش کە هەندێ لاوازی تێدایە.

**یەکەم**، ئەوەی کە ئامۆژەی سەرەوە تا رادەیەك لێڵ و تەماوییە. چۆناوچۆن مافی دەتوانێ سروشتی بێت؟ بێگومان بەو شێوەی کە (بۆ نموونە) غەریزەکان سروشتین، نییە. بە زۆری مانای «سروشتی » کەم تا زۆر بە رووننەکراوی ماوەتەوە.

**دووهەم**، دەکرێ ئەو بانگەشە کە مرۆڤ خاوەنی مافی سروشتیی ئازادییە ﴿ لەو رووەوە ﴾ کە نە پێمان دەڵێ ئەم مافە چی و چی دەگرێتەوە و نەچۆنێتیی

پاراستن و بەرگریکردنیمان نیشان دەدات، وەکو خەسارێك گەڵاڵە بکرێت. بۆ نموونە ئایا بە پێی ئەم ئامۆژە پێویستە دڕندە و جنایەتکاراکانیش خاوەنی مافی سروشتیی ئازادیی بن؟ ئەگەر ئەرێ ئایا بەخششی گشتیی هەموو تاوانبارن شێوازێکی باشە بۆ بەرگریکردن لە مافی سروشتییان بۆ ئازادیی؟

**سێهەم**، مێژووی سەدەی هەژدەهەم و سەدەی نۆزدهەهەم دەریخستووە کە گوتار لەمەڕ مافە سروشتییەکان زۆر سووك و ئاسان دەتوانێ لەگەڵ کویلەداری و ئاستەنگییە توند و تۆڵەکانی مافی سیاسی و کۆمەڵایەتیی چەشنی مافی دەنگدان و مافی خوێندن هاوڕێ بێت. ئامۆژەی مافە سروشتییەکان سەرەڕای رابردوو و دەنگدانەوەی تا رادەیەك باش و درێژماوەی خۆی، تا ئەو ئاستە رێكوپێك و بە دەستوور نییە کە تاکە کۆڵەکە و پاڵپشت بێت. پێویستە ئاوڕ لە چەند بیروڕای دیکەش سەبارەت بە ئازادی بدەینەوە.

## ئازادیی تاکەکەسی و مافە مەدەنییەکان:

ئازادیی تاکەکەسی بریتییە لە ئازادیی تاك لە دەستێوەردانی خەڵکی دیکە، بە تایبەت ئازادیی لە دەستێوەردانی ناڕەوا و نابەجێی حکوومەت لە ژیانی ئەو، ئەمە وەکو ئارمانجێك رەچاو دەکرێ کە هەندێ هەرێمی ژیانی تاك نابێ هەرگیز لە لایەن چ دەسەڵاتێکەوە دەستی تێببرێ. دیاریکردنی ئەو هەرێمانەش دەگەڕێتەوە بۆ مانا و پێناسەی ئازادییەکان خۆیان بەگشتی بیروڕاکان لە سەر ئەوەیە کە ئازادییە بنەڕەتییەکان بریتین لە: ئازادیی قەڵەم و رادەربڕین؛ ئازادیی میدیایی؛ ئازادیی ئایینی؛ ئازادیی هاوسەرگیری یان نەچوونە ژیانی هاوسەرێتییەوە کە گرێدراوی خواستی تاك بێت. کەوابوو هەرێمەکانی ئازادیی بریتین لە (وەك دەڵێن) ژیانی تایبەتی و تاکەکەسیی تاك و ژیانی فیکری و عەقڵیی ئەو. لایەنگرانی تیۆریی ناوبراو دەڵێن ئەم ئازادییانە پێویستیان بە



پشتیوانیی یاسا هەیە و دەبێ کەمینەکانیش بگرنەوە. زۆربەی فەیلەسووفانی رۆژئاوایی و بیریارانی دیکە، بە شێوەی جۆراوجۆر بەرگرییان لە ئارمانجی ئازادیی تاکەکەسی کردووە. بۆ نموونە بنجامین کۆنستانت [٢٠] پێی وابوو ئازادیی ئایینی، ئازادیی خاوەندارێتی و ئازادیی بیروڕا، کاروبار و بابەتی بنچینەیی کۆمەڵگای پێشکەوتوون. ژمارەیەکی دی داکۆکییان لە ئازادیی رادەبڕین و ئازادیی چاپەمەنیی کردووە؛ هەندێکیش پێ لە گرینگبوونی خوێندن دادەگرن، کە بێ ئەو سوود بینین لە ئازادیی هزر و بیروباوەڕ ئەستەمە. ئەو نووسەرانەی کەڵکەڵەیان ئازادیی تاکەکەسییە لە ژماردن نایەن، بەڵام بەجێیە بە تایبەت نێوی ئەم کەسانە بێنین: جان میلتۆن [٢١]، چۆلستۆن کرافت [٢٢]، تۆماس جێفرسەن، جی. سی. میل و ئێف. دی. رۆزڤێڵت.

بەرگریی میلتۆن (١٦٤٤) پشتی بەم باوەڕە بەستووە کە حەقیقەت و مەعریفە، بەها بەرز و باڵاکانن. بە بۆچوونی ئەو ئازادیی ئایینی مەرجی پێویستی مەعریفەی دینییە و لە راستیدا بێ ئازادیی رادەبڕین چ مەعریفە و ناسینێك ناتوانێ بێتە بوون: « کە ویستی خوێندن و فێربوون بە تاو بێت، بە پێی پێویست مشتومڕ و نووسراوە و بیروڕای فرەچەشن بە دیدێت؛ چونکە بیروباوەڕ لای پیاوچاکان هەمان مەعریفەی لە حاڵی کامڵبوونە » هەروەها دەڵێ: هەموو کات لە خەباتی دادوەرانەدا حەق بە سەر ناحەقدا سەردەکەوێ:

هەرچەند سەرجەم ئامۆژەکان لە پانتایی زەویدا هۆرە و لاواندنەوە یان دامەزراندبوو، هەروەها لە گۆڕەپانی بەرهەڵستی و خەباتدا بوون، گومان و دوودڵیمان لە دەسەڵاتی ئەو و رێگە پێدان و نەدانی کارێکی بێسوودە، با حەق و ناحەق بە رۆکی یەکتر بگرن؛ کێ دەخوازێ لە رووبەڕووبوونەوەیەکی ئازادیی و بەریندا، دۆڕاوی مەیدان بێت؟

میلتۆن هەروەها دەڵێ ئازادیی رامان بۆ تاك، گەلێك بە بایەختر لە هەر ئازادییەکە: « زیاد لە هەر ئازادییەك ئازادیی زانین، ئازادیی رادەربڕین و باس و مشتومڕی ئازادی وشیارانەم دەوێ » پاش دوو ساڵ، ساڵی ١٨٥٩، جان ستورات میل لە وتاری بەناوبانگی **سەبارەت بە ئازادی** [٢٣]دا هەر ئەم شتانەی باسکرد. بەم چەشنە، ئەو دەڵێ ئەگەر مرۆڤی هەڵەکار سنوور بۆ ئەو بابەتانەی، باس و دەمەقاڵە لە بارەیانەوە ئیزن پێدراوە، دیارییکەن، دەستڕاگەیشتن بە حەقیقەت ئیمکانی نییە؛ تەنیا خستنە بەر باسی ئازادیی بیروڕاکانە کە حەقیقەت و مەعریفەی نوێی لێدەکەوێتەوە.

میل وەکیتر لایەنی ئازادی ئەندێشە و ئازادیی رادەربڕین دەگرێ؛ چونکە بۆ تاك بەسوودە؛ ئەو جەخت دەکاتەوە کە بەرتەسککردنی ئازادیی بیروباوەڕەکان یەکسانە بە بەرتەسککردنی ئەو شتەی کە بۆ مرۆڤ بنەڕەتی و باشترینە. بەبێ ئازادیی ئەندیشە، خەڵك پاش دەکەون و نەوی و سووك دەبن. ژیار بێ ئازادی پێش ناکەوێ و تایبەتمەندیی زەقی کۆمەڵگاکانی بەتاڵ لە ئازادیی تاکەکەسی کەم بایەخ بوون و وشکهەڵاتنی هەموو توانا و بەهرە مرۆییەکانە.

## بەراوردکردنی ئازادییەکان:

ئاخۆ بە گشتی دەکرێ گرینگترین ئازادی دەستنیشان بکرێت؟ رەنگە نا. دۆخی کۆمەڵگا لە سەردەستی ئازادییەکانی دیاریدەکرێ. بەڵام زۆر و بێ ژمارەن ئەو هۆکارانەی لەم بابەتەدا دەستیان هەیە، بە جۆرێ کە نواڕینی ئەزموونی و خوێندنەوەی مێژوو لە دوو شوێنی جیاجیا وەڵامی جیاجیای لێدەکەوێتەوە. بەڵام شیاوی باسکردنە کە ئێمە بێ ئازادیی ئەندێشە و رادەربڕین، تەنانەت ناتوانین پرسیار بکەین، ئێستە وەرە و هەستە بە وەڵامدانەوەی !



## پەراوێزەکان

١- Roosevelt
٢- national liberty
٣- colonialism
٤- representative government
٥- autocracy
٦- Marathon
٧- Beyron
٨- civil rights
٩- Caligula

٩- یەکێك لە فەرماندەکانی شەڕی سوور کە لەگەڵ پۆل پووت دەستیان دایە کوشت و بڕی فراوانی خەڵکی وڵاتەکەیان.

١٠- Pol Pot
١١- George III
١٢- self-government
١٣- parliamentaey government
١٤- Britain
١٥- Scandinavian
١٦- socialism
١٧- majoritarian
١٨- *Two Treatises on Civil Government*
١٩- Thomas Jefferson
٢٠- Benjamin Constant
٢١- John Milton
٢٢- Mary Wollstonecraft
٢٣- *On Liberty*

## بەشی سێزدەهەم:

# یەکسانی

ئایا یەکسانی، ئارمانجێکی شیاوی بەرگیریکردنە؟ باشتر وایە پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، جۆری یەکسانیی مەبەستەکەمان روونبکەینەوە.

### سەرلێشێواویی سەبارەت بە یەکسانی:

پێویستە بگوترێ خستنە بەرباس و لێکۆڵینەوەی یەکسانی ئەگەری ئەوەی هەیە کە ببێتە هۆی سەرلێشێوان. بۆ نموونە؛ هەندێجار وتارێکی یەکسانیخوازانە(١) بەم پێشەکییەوە دەستپێدەکات کە بە هەرچەشنە، خەڵك هەموو یەکسانن؛ کەواتە ئەو ئەنجامەش سەر دەردێنێ کە دەبێ خەڵك هەموو یەکسان بن. بێگومان دەبێ لە وەها بەڵگاندنێکدا وشەی «یەکسان» لە مانای جۆراوجۆردا کەڵکی لێوەرگیرابێت، بەڵام ئەم مانا جۆراوجۆرانە چین؟

دەکرێ بەڵگاندن بکرێ کە نەیارانی یەکسانیخوازی، قوربانیی سەرەکیی ساختەچێتی و ناڕاستییەکانی گوتاری یەکسانیخوازین. ئەوان بە ئاماژە بەم وتارە دەڵێن بێ چ دوودڵی و گومانێك، خەڵك یەکسان نین و پرسیار دەکەن: کەواتە مادام دەگوترێ ئەوان دەبێ یەکسان بن، مەبەست چییە؟ ئەوان بە شێوەیەکی ساختەیی ناگەنە ئەو ئەنجامەی کە ئارمانجی یەکسانیی هەم نامومکین و هەم هۆکاری زەرەر و زیانە. هەروا کە تۆزێك پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەو راستییە کە وتارەکە خۆی، ناتوانێ جیاکاری لە نێوان جۆرەکانی یەکسانید بکات، لە واقیعدا دەبێ وەکو هۆشدارییەك بێت بۆ نەیارانی یەکسانیخوازی، تاکو بە شێوەیەکی هاوچەشن تووشی ناکامی نەیەن.



### جۆرە جیاجیاکانی یەکسانی:

بێگومان چ حکوومەتێ، هەرچەند بە هێز و دەسەڵاتیش بێت، ناتوانێ سەرجەم خەڵکەکەی لە رووی بەژن و باڵا، بوێری، یان جوانی یان لێهاتووییەکانی شاخەوانییەوە، یەکسان بکات. ئەگەر دەسەڵاتدارانی سیاسی بیانتوانیبا دەست بدەنە وزەی زەینی، سەرەتا وزەی زەینیی خۆیان بە تەواوی بەرز دەکردەوە.

بەڵام حکوومەتەکان دەتوانن لە بوارەکانی دیکەدا تا رادەیەك خەڵك یەکسان بکەن. خراپترین حاڵەت لە بەر چاو بگرین، حکوومەت دەتوانێ لە یەکسانکردنی خەڵك لە رووی نەزانی یان کۆیلەیی جەستەیی و دەروونییەوە کاریگەری هەبێت. ئێمە بە پێی ئەزموون بۆمان دەرکەوتووە کە حکوومەتەکان دەتوانن خەڵك بۆ ئەرکی دانی ماڵیات یەکسان بکەن.

هەروەها حکوومەتەکان دەتوانن لە رەهەندی بەسوود و کەڵکی دیکەشەوە خەڵك یەکسان بکەن؛ بۆ نموونە مافی یەکسانیی دەنگدان و مافی یەکسانیی دادگاییکردن بە ئامادەیی لێژنەی دادوەران. ئەم چەشنە یەکسانییە سیاسییانە نامومکین نین. لەوانەیە ئێوەش بڵێن حکوومەتی دیمۆکراتیکی هەڵبژێردراوی خەڵك شێوازێکی حکوومەتە کە بەدیناکرێ، کەچی بەدیهاتنی نامومکین نییە و تەنانەت بوونیشی هەیە. سەبارەت بە یەکسانیی ئابووریی دەکرێ چی بگوترێ؟ هیچ حکوومەتێ دەرەقەتی نەهاتووە، بەڵام بە رای بەرەیەك ئەگەری ئەوە هەیە، کە بکرێ هاووڵاتییان لە رووی کەرەسەی ماددی و داهاتەوە یەکسان بکرێن؛ چونکە پێچەوانەی جوانی، هۆش، بوێری یان لێهاتوویی شاخەوانی دەکرێ کەرەسەی ماددی لە کەسێکەوە بگوێزرێتەوە بۆ کەسێکی دی.

بەڵام ئێمە کە باسی یەکسانی دەکەین، یان مەبەستمان یەکسانیی سیاسییە یان یەکسانی کەرەسەی ماددی و داهات. ئایا ئەم ئارمانجانەی یەکسانی لای

ئێمە بەبایەخن؟ زۆربەی ڕۆژئاواییەکان و لەوانە ژمارەیەك فەیلەسووفی دژ بە یەکسانیخوازی بە ڕاست دەیگرن کە یەکسانیی سیاسی مەرجی ئازادیی سیاسییە، کەوابوو ئارمانجێکی بەبایەخە. یەکسانیی ئابووریی هۆی زۆربەی مشتومڕ و ناکۆکییەکانە؛ یەکەم لە بەر ئەوەی ئەم چەمکە خۆی چەمکێکی لێڵ و پێڵە و دووهەم بەو هۆوە کە خۆی بەدیهێنەری چەندین شەڕە یەکسانیی ئابووریی بە هۆی پێوەندیی لەگەڵ داخوازییەکان و حەز و ئارەزووەکانەوە چەمکێکی لێڵ و نادیارە. ئەمە زیاتر کاتێ دەردەکەوێ کە ئەم پرسیارانەی خوارەوە گەڵاڵە بکەین؛ پرسیارگەلێك تا هەنووکە کەس وەڵامێکی جێی ڕەزامەندی بۆ نەدۆزیوەتەوە.

ئاخۆ ئەو کەسانەی لە ڕووی جوانی، هۆش، یان هێزی کارەوە نایەکسانن، دەبێ لە ڕووی ئابوورییەوە یەکسان بکرێن، یان وەك خۆیان بمێننەوە؟ بۆ نموونە ئاخۆ کەسانی جوان و وریا و توانا **شیاوی** وەرگرتنی داهاتی زیاتر لە چاو دیکەی هاووڵاتییان نین؟ پێدەچێت چما هەمیشە هەوڵ بۆ بەدیهێنانی یەکسانیی ئابووریی، هەندێ شەڕ چەشنی تۆتالیتارینیزم [٢] و ناکارامەیی ئابووریی دێنێتە بەر. تەنانەت ئەگەر ئەم بابەتە تا ڕادەیەك گرێدراوی ئاستی یەکسانیی مەبەستیش بێت و ئەوەی کەچ هەنگاوێك دەبێ بۆ بەدیهێنانی هەڵگیرێت و ئەم ئارمانجە چۆناوچۆن ئاوێتەی ئارمانجەکانی دیکەی کۆمەڵگا دەبێت دەکەوێتە بەر کاریگەری و کارتێکردنیان، ئێستا ئەمە وەکو واقیعێکی ئەزموونی پەتی دەمێنێتەوە کە حکوومەتەکانی باوەڕدار بە ئارمانجی یەکسانیی ئابووریی لەم دواییانەدا خستوویانەتە ڕوو کە نەك هەر ڕوو لە گەندەڵین، بەڵکو مسۆگەری زوڵم و جەوریشن. بە هەموو ئەمانەشەوە دەبێ بە خەمساردییەوە بەرەوڕووی ئەم پرس و بابەتانە ببینەوە. نابێ لەمەڕ بۆ نموونە کلێمێنت ئاتەل[٣] و ئێف. دی ڕۆزڤێلت وێنا بکرێ کە چما ئەمانە بەرەو بەرهەمی پۆل پووت بووبێتن.



## دژ بە یەکسانی: ئیمکانی زوڵم و جەور؛

وادیارە چما ڕەخساندنی کۆمەڵگایەکی چۆڵ لە نایەکسانیی ئابووریی هەڵگری کێشەیەکی بنەڕەتییە. پێدەچێت تەنیا ڕێگای بۆ بەدیهێنانی یەکسانیی ئابووریی تێپەڕینە لە قۆناغی نایەکسانیی گرژ و زیادەڕۆیانە. سیناریۆکە بەم شێوە بەڕێوەدەچێ: دەبێ پێش هەموو شتێ شۆڕشێك ڕوو بدات؛ پاش شۆڕش، خەڵك هەموو هێز و دەسەڵاتەکە پێشکەش بە «جۆ» دەکەن. ئەو دەبێ بۆ ڕێکوپێککردن و دەستوورمەندکردنی دابەشکردنی سامانەکان، زیاد لە هەر کەسێکی دی قایل بە یەکسانیی بێت (جۆرج ئۆرچێڵ [٤] لە ڕۆمانی کێڵگەی ئاژەڵەکان [٥]دا چۆنییەتی ڕوودانی ئەو ڕووداوانە زۆر باش شیدەکاتەوە) . جۆ و هاوڕێ و هاودەنگەکانی ئەو کە بە زۆری بە « کادیرانی حیزب » [٦] ناوزەد دەکرێن لە هەڵویستی دەسەڵاتی بێ ڕقیبەوە دەست دەدەنە دابەشکردنی سامان و جیاوکەکان. بە گوێرەی مێژوو، لە بەر ئەم کۆبوونەوەی هێز و دەسەڵاتە ﴿لە﴾ قۆناغی «کاتیدا» نایەکسانی هەرگیز بە شێوەی سروشتی ناگۆڕێ بۆ یەکسانی.

دووهەم، پڕۆسەی پاراستنی یەکسانییە ﴿کە﴾ناکۆك بە ئازادیی ﴿دەکەوێتەوە﴾. دابەشکردنی سەرەتایی شۆڕشانەی سامانەکان، هەرچەندسەرکەوتووش بێت، نەك دۆخی یەکسانیی هەمیشەیی ناهێنێتە ئارا، بەڵکو ئەو تواناشی نییە. خەونی یەکسانیی کۆتایی و بەسەقامی یەکسانیخوازیی هەرگیز نایەتە دی؛ چونکە حکوومەت دەبێ گرژتر و زیاتر لە پێشوو دەست لە ژیانی هاووڵاتییان وەربدات. بۆ پاراستنی یەکسانیی پێویستە حکوومەت بەردەوام سەرقاڵی ﴿ ڕێکوپێککردنی ﴾ ژیرخانی ئابووریی بێت تا وەکو لەمپەرێك بۆ کەسانی بە فڕت و فێڵتر و زیادخوازتر و لە ڕووی ئابوورییەوە پسپۆڕتر لە هاونیشتمانییەکانیان ساز بکات. دەبێ سەبارەت بەوەی

که خەڵك دەتوانن چی لە لێهاتوویی و تواناکانی خۆیان بکەن، ڕێسا و پرەنسیپی ورد دابنرێت. حکوومەت دەبێ یان ئەم کارە ئەنجامبدات یان بۆ پەکخستنی دەستووری زەینیی کەسانی خاوەن زەینی ئابووریی بە هێز، دەست بداتە نەشتەرگەریی مێشکیان.

## دژ بە یەکسانیی: ڕای نازیك لەمەڕ ئازادی و یەکسانی

ڕۆبەرت نازیکی نووسەری ئەمریکی، کاریگەریی قووڵی فەلسەفەی سیاسی ئاین ڕەندی لایەنگری گەرم و گوڕی سەرمایەداریی باڵی ڕاستی پێوە دیارە. نازیك لە کتێبەکەی خۆیدا بە نێوی دەوڵەت و ئارمانشار(خەیاڵگە) بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو حکوومەتەی بە جیددی ویستیاری یەکسانیی ئابووری بێت، دەبێ چالاکی سەرمایەداری بۆ کەسانی باڵغی ڕازی، بە نایاسای ڕابگەیەنێت وەکو هێنانەوەی نموونەی زەقی چۆنێتی بیرکردنەوەی نازیك، کورتە چیرۆکی ئەو سەبارەت بە ویلت چەمبێرلین [٧]ی بەسکتبۆلیست دەگێڕینەوە.

ویلت چەمبێرلین یاریزانێکی ئێگجار بە تەکنیکە و زۆربەی زۆری خەڵك تەنیا لە بەر ئەو بۆ بینینی پێشبرکێکان دەڕۆن. ویلت بۆ ئەوەی فێڵی لێنەکرێت و کلاو نەچێتە سەری، دەڵێ تەنیا بەو مەرجەی لایەنگرە بە کەف و کوڵەکانی پارەیەکی زیادی بخەنە سندووقی داهاتە تایبەتییەکانییەوە یاریدەکات. نازیك دەڵێ کەسی یەکسانیخواز ئەم کارە بە دوور لە ئینساف دادەنێ؛ چونکە بەسکتبۆڵ یارییەکی تیمییە، ویلت چەمبێرلین نابێ زیاد لە ئەندامانی تیمەکە پارە وەربگرێ. لە لایەکی دیکەوە، جەخت دەکاتەوە کە بەرگرتن بەم لایەنگرانە لە لایەن کەسی یەکسانیخوازەوە بۆ ئەوەی پارەیەکی زیادی بۆ بینینی قارەمانەکەیان نەدەن، لاقەبردنی ئاشکرایە بۆ ئازادییان.



نازیك لەم خاڵەوە دەگاتە ئایدیای دابەشکردنی سامانەکان بە گشتی. لەوە ناڕەزاییە کە هۆکاری ئەخلاقیی هەڵەساز لەم بارەوە گەلاڵە دەکرێ بێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کە سامان و داراییەکان تایبەت بە خەڵکی ڕاستەقینەن. سەبارەت بە سامان و دارایی زەوتکراوی خەڵکی ڕاستەقینە کە بە زەحمەت دەستکەوتووە، وەها قسە دەکرێ چماپێدراوێکی خوایی[٨] و بەهەشتییە کە بە ڕێکەوت بۆ جۆ هاتۆتە خوارەوە.

گەلێك تیۆری لەم بارەوە بوونیان هەیە، کە پێوانە ئایەری خاوەندارێتیی دادوەرانەی سامانەکان چییە؟ ئەگەر لاتان وایە هەر سامانێ بە دزی بە دەستهاتووە، کەوابوو، چ دوودڵی و ناڕەحەتی ویژدانییەك بۆ دابەشکردنی داراییەکان نابێ بە دڵتاندا بێت. لە ڕاستیدا، سامانەکان بۆ ئێوە حوکمی پێدراوی خوایی و ئاسمانییان هەیە تاوەکو لە نێوان هەژاراندا دابەش بکرێت و یان ئەگەر لایان وایە سیستەمی بەدەستهێنانی سامان لە کۆمەڵگایەکی تایبەتدا گەندەڵە، سروشتییە بخوازن بارودۆخی پێویست و لەبار بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی خوانیپێدراوی ئابووریی بڕەخسێنن. ئێوە بەڵگاندن دەکەن، کە لە کۆمەڵگای دڵخواز و باشتردا ئەم خوانی نیعمەتە بە شێوەیەکی دی سەرلەنوێ دابەش دەکرێتەوە.

ڕای نازیك جیاوازە؛ ئەو دەڵێ هەر سامانێ لە ڕێگەیەکی ڕاست و درووستە و بەدەستهاتووە مەگەر بە ڕاستی بە جەور و ستەم یاخود بە فێڵ و تەڵەکەبازی یان (دزی و تالان) لە کەسێ وەرگیرابێت. ئەگەر خاوەنانی هەنووکەیی یان باو و باپیرانیان دەستیان نەداوەتە چ جۆرە دزی و فڕت و فێڵێك، لەم حاڵەدا، هەر چەشنە هەوڵێك بۆ بێبەریکردنیان لە سامانەکەیان دژ بە مافی ئازادییانە. بۆ نموونە مالیاتی داهات چ جیاوازییەکی لە گەڵ کاری زۆرەملێدا نییە؛ لەم ڕووەوە ئەو حکوومەتانەی بۆ یارمەتیدانی هەژار و دەستکورتەکان مالیات لە دەوڵەمەندەکان وەردەگرن مافی

زۆرێك لە هاووڵاتییان رەچاو ناكەن. پێویستە دەوڵەت، دەوڵەتی «كەمینەیی »[9] بێت؛ واتە ئەركی تەنیا بەرگرتن لە جنایەت و بەرنگاربوونەوەی دوژمنە دەرەكییەكان بێت. روونكردنەوەی نازیك لەمەڕ بەڵگەی مەشرووع یان نامەشرووعبوونی سامان و دارایی بەدەستهاتوو، درێژەی هەندێ لە و ئەندێشانەیە كە لە نامیلكەی دووهەم سەبارەت بە حكوومەتی مەدەنی لاك بەیدیدەكەوێ، بەڵام لە راستیدا ئەگەر بیروڕای نازیك لەمەڕ حكوومەت بگاتە قۆناغی ئیجرا و بەڕێوە چوون، وێڕای پشتبەستنی بەوشتەی نێوی « دوو مەرجی پێویستی لاك » لێناوە، خۆی هەڵدەوەشێتەوە. ئەم مەرجانە بریتین لە:

**ئەگەر دارایی و سامانەكەتان لە باو و باپیرانتان بە میرات وەرگرتووە، و ئەوان سەرەتا سامانی خۆیان لە رێگەی دزییەوە بەدەستهێناوە، لەم حاڵەدا دەبێ ئەو سامانە [10] بدرێتەوە بە خاوەنانی سەرەتایی یان منداڵەكانیان.**

**ئەگەر سامانی ئێوە بە دزی بەدەستنەهاتووە، بەڵام بەم حاڵەوەش دەكرێ بسەلمێندرێ كە كاتی بەدەستهێنانی ئەو ﴿سامانە﴾ زەوی و سامانی بێخاوەن بۆ خەڵكی دی نەمابووە، دەوڵەت دەبێ سەر لە نوێ دابەشیان بكاتەوە.**

ئەم دوو مەرجە دەوڵەت تووشی تۆێژینەوەی مێژوویی گران و پڕخەرج دەكات (كە بە پێی گریمان، بە ماڵیاتەكان دابین دەكرێ) و هەر خەرجێكی لەم شێوە بشێوی و ئاڵۆزییەكی ترسناكی لە سیستەمی ئابووریدا لێدەكەوێتەوە. سەرەتا دەبێ زۆربەی سامان و دارایەكانی ئەیالەتە یەكگرتووەكان﴿ئەمریكا﴾ بدرێتەوە بە سوورپێستەكان و ئەم كارەش ئەگەری قورسی ئەوەی لەگەڵدایە كە ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی چەكداریی لە سەر دەستی كەسانی جگە لە سوورپێستەكان. باش دەرك دەكرێ كە دەستێوەردانەكانی لاك و نازیك بۆ دیاریكردنی سامان و داراییەكان بە قەد دەستێوردانی یەكسانیخوازانی بە جۆشوخرۆشی ئابووریی هۆكاری وێرانیی سەقامی ناوخۆیی و ئازادیی سیاسییە.



## بەرگری لە ئارمانجێك: یەكسانیی دەرفەت

تاقمێك لە یەكسانیخوازان ئامۆژەیەكی بەرتەسكتر بە باش دەزانن؛ واتە ئامۆژەی یەكسانیی دەرفەت !، ئایدیا و باوەڕ لێرەدا ئەمەیە كە هەركەس دەبێ لە كۆمەڵگادا بەختی سەركەوتنی هەبێت. بەدیهێنانی ئەم كەشە دەبێ ئەركی حكوومەت بێ كە دەتوانێ لە ماڵیات بۆ دابینكردنی خەرجی كردنەوەی بینا بۆ فێرگەكان وڕێكخراوەكانی فێركاریی دیكە كەڵكوەربگرێت. ئەوەی كە لە راستیدا و لە ئەنجامی ئەم كار و چالاكیانەدا، فلان یان فیسار كۆمەڵی خەڵك سەركەون یان سەرنەكەون كەمڕەنگترە لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم كارانە و هەڵبەت كەمڕنگتر لە كاری ئەوانیشە.

لایەنگرانی یەكسانیی دەرفەت، سازگاری و رێككەوتنی لەگەڵ بەهاكانی دیكە چەشنی ئازادی، لە ئامۆژە یەكسانیخوازانەكان بەگرینگترو ئەستەمتر دادەنێن. یەكسانیی دەرفەت پێویستی بە داكۆكیكردنی بەهێز لە ئازادیی تاكەكەسی نییە. پێویست ناكات حكوومەت داهاتەكانی خۆی لە ئاستێكی نەگۆڕدا دابنێت و بەر بە ركابەرێتی بگرێت. یەكسانیی دەرفەت توانایی كەڵكوەرگرتن و چێژبێنین لە ژیان لە بەرپێی ئارمانجێكی دوورە دەستدا ناكاتە قوربانی. ئەوەی كە هیچ كەس نایهەوێ ماڵیات بدات، گومان هەڵناگرێت، وەكیتر كەم نین ئەو ماڵیات دەرانەی لە گرینگی و بایەخی خوێندنی باڵا و چاوەدێریی تەندروستی، گرینگیی بەرنامەكانی خانووسازیی كۆمەڵایەتی و تەنانەت گرینگیدانی دەرفەت بە هەموو هاووڵاتیان بۆ گەیشتن بە ركەبەرێتی﴿یاریی﴾ سكیی ئاگادارن. لەوانەیە ماڵیاتدەران سەبارەت بە رادەی ئەو هەزمەی دەوڵەت دەبێ بیكاتە خەرجی ئەم خزمەتگوزارییە بە سوودانە بكەونە باس و مشتومڕەوە، بەڵام زۆریان قایلن بەوەی كە پێویستە بەشێ لە هەزمەی دەوڵەت مسۆگەر بكەن. زۆربەی هاووڵاتیانی وڵاتە رۆژئاواییەكانی

پێڕەوی ئایینی رەند یان نازیك نین. ئەوان ئەم ئیمکانەیان پەسەند کردووە کە هەندێجار بە تەواویی شێمانەی ئەوە دەکرێت کە کۆمەڵێك لە رووی ئەخلاقییەوە ناچار بن لەو شتەی بە پێی یاسا، خاوەنن دەست هەڵبگرن. لێرەدا تەنیا هەنگاوێکی کورت ماوە بۆ پەسەندکردنی ئەو بابەتەی کە حکوومەت لە باردۆخی تایبەتدا دەتوانێ مافی ئەوەی هەبێت لە بەر چاکە و خێری گشتیی گەورەتر، هەندێکەس لە هەندێ لە داهاتەکەیان بێبەری بکات.

بەڵام بەرپرس بوون بەرامبەر بەرنامەی باو کردن و پڕوپاگەندە بۆ دەرفەتی یەکسان، ئەگەر ئەم جارەش بەڕاستی ژمارەیەکی قەبەی ئەندامانی کۆمەڵە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان بۆیان نەبێ دەستیان بە چ سەرکەوتوویەك رابگات، بەتاڵ دەبێ کە بایەخ و گرینگی، بۆ نموونە گەڵاڵەی هاندانی ژنان بۆ خوێندنی ئەندازیاری ئەگەر نەبێتە هۆی زۆر بوونی ژمارەی ژنانی ئەندازیار، گەڵاڵەیەکی جێ سەرنج نابێت. لە لایەکی دیکەوە، رەنگە بەدیهێنانی ئەم گەڵاڵە خۆی دەستکاری و دەستێوەردانی هەرە زیاتری ئازادیی لێبکەوێتەوە. دژبەرانی یەکسانیخوازیی بانگەواز دەکەن کەچ جیاوازییەکی ورد لە نێوان یەکسانیی دەرفەت و یەکسانیی «ڕەها » دا بوونی نییە. ئەوان دەڵێن دانی بەڵێن و بڕواهێنان بە یەکسانیی دەرفەت تۆوی ئارەزووی سەرکەوتوویی گشتی لە ناخدایە، بەڵام سەرکەوتوویی گشتی لە ئیمکان نەهاتووە و ئارەزوو و خواستیشی تەنیا دەتوانێ دۆخی بەسەقامی دەستێوەردان و دەستکاریی ئازادی بەدواوەبێت.

**بەرگری کردن لە ئارمانجێك: یاسا و بەهاکان:**

جارجارە یەکسانیخوازەکان بە هێنانەوەی بەڵگە لە حکوومەتی یاسا، بەرگری لە ئارمانجی خۆیان دەکەن، یەکسانی لەگەڵ ئایدیای رێسا و یاسا



کۆمەڵایەتییەکاندا پێوەندی هەیە؛ چونکە یاسا لە بەر ئەوەی یاسایە دەبێ دەرکەوتەی هەبێت. یاسا یاخود رێسایەك کە تەنیا یەك تاك بگرێتەوە، بەڕاستی وەکو یاسا نایەتە ئەژمار. هەنووکە لەو رووەوە کە بەسوود بوونی یاسا لە لایەن هەمووانەوە و بە شێوەی بەر بڵاو پشتیوانی لێدەکرێ، رەنگە ئەگەری ئەوە هەبێت کە شوێنێکی گونجاومان بۆ بەرگریکردن لە یەکسانی دۆزیوەتەوە. یەکەم، یەکسانیخوازان بە دوای شتێکەوەن بانتر و باڵاتر لە یەکسانیی یاسایی. ئەوان دەخوازن لە یەکسانیی سیاسی و ئابووری و رەنگە کۆمەڵایەتیش بەرگری بکەن. دووهەم، یەکسانی لە بەردەم یاسادا کە لە سەر لۆژێکی داب و رێساکان گیرساوە، تەنیا خۆی یەکسانییەکی یاسایی هەرە نزم و نەویتر لە چاو ئەوەی بە زۆریی یەکسانیخوازەکان ئارەزووی دەکەن بەرێگە پێدراو دادەنێت. لە بەر ئەوەی هەرچەند لەوانەیە رەفتارێکی هاوشێوە لەگەڵ هەموو ئەوانەی بەلادان لە یاساکان تاوانبار کرابێتن، بکرێت، بەڵام لەمەڕ یاسا خۆی شیمانەی ئەوەدەکرێت کە هەڵاواردن و نایەکسانی بەرامبەر بە هەندێ گرووپی کۆمەڵگای تێدا بەدیبەکرێت. یاساکانی هاتوچۆ لە ئەفریقای باشووری[11] ئاوا بوو: ئەوانەی لە یاساکانی هات و چۆ لایان دەدا مەحکووم دەکران و وەك یەك لە گەڵیان رەفتار دەکرا، بەڵام گوێڕایەڵیی یاساکان بۆ سپییەکان هەر لە سەرەتاوە مەیلە بوو. ئایا ئارمانجی یەکسانیی ئابووری دەتوانێ لەگەڵ بەهاکانی دیکە، بۆ نموونە بایەخی دەرمانی مرۆڤ پێوندیی هەبێت؟ بێگومان ئارمانجی مرۆیی، میهرەبانی و نەرمی و رێز و حوورمەتی بەرامبەر، لەگەڵ بڕوا بە کۆمەڵگایەکی وەستا و لەسەر زنجیرە پلەییەکان سازگار و کۆکە. لە وەها کۆمەڵگایەکدا، بە پێی لۆژیك، رێز و حوورمەتدانان بۆ ئەوانەی لە پلەوپێگەی خوارێ کۆمەڵایەتیدان، ئیمکانی هەیە. لە لایەکی دیکەوە هەرچەند ئەم بابەتە ئیمکانی هەیە، بەڵام بەردەوام نایەتە کردەوە. ئەم پرسە کەم تا زۆر گرێدراوی پلەبەندیی

زنجیرەپلەکانە. ئەگەر پلەبەندیی کۆمەلآیەتی هێند بێسەروبەر بێت کە زۆربەی زۆری خەلّك ناچار هەر لە هاتنە سەر جیهانەوە تاکو مردن لە کووچە و کۆلآن و شەقامەکاندا بژین، هەر ئەم واقیعە خۆی، ڕێز و گەورەیی ئالّۆز دەکات و حوورمەت بە مرۆڤایەتی دەکاتە بابەتێکی دوورەدەست. بە زۆری کۆمەلێك لە هەژار و چینەخوارەکان کە پێویستیان بە ڕەفتاری مرۆڤانەتر هەیە، گورج و دەستبەجێ تێدەگەن کە شیاوی، ئەگەر نەلێین یەکسانیی ئابووریی تەواو لانیکەم نایەکسانییەکی ئێجگار کەمترن و لە ڕاستیدا، کەمبوونەوەی نایەکسانی ئارمانجێکە ولآتانی نوێی ئازادیخواز دەتوانن سەرکەوتووانە پێشوێنی بکەن؛ سوید [١٢] و زلاندنۆ [١٣] دوو نموونەی ئەم ولآتانەن.

## هاوشێوەیی و بەهاکان:

هەندێجار دەگوترێ گەڕان لە یەکسانی دەگاتە هاوشێوەییەکی کەسەر هێنەر و سارد، بەلآم هاوشێوەیی، مەبەستی یەکسانیخوازانی سیاسی و ئابووری نییە. ئەوان وەکو هەر تاکێکی دی باش دەزانن کە هاوشێوەیی ئەگەر بە مانای یەکسانی لە بەهرە و توانا، هۆش، بەژن و بالآ، کێش و جوانی بێت — ناکرێ بە حوکمی حکوومەت بەدیبێت؛ چونکە لە بنەڕەتدا لە بەدیهاتن نایە.

یەکسانیخوازان زیاتر دەلێن کەسەکان بەهای یەکسانیان هەیە. مانای ئەم قسە چییە؟ ماناکەی تا ڕادەیەك وایە کە گوایە نەبوونی هاوشێوەیی پێویستی بە نەبوونی یەکسانیی سیاسی یاخود ئابووریی نییە.

یەکسانیخوازان ویستیاری کاراترکردنی ئایدیای لێهاتووین؛ لە حالێکدا بێگومان ڕای دژبەران پێچەوانەی ئەمەیە. یەکسانیخوازان بەلگاندن دەکەن کە کەسانی هۆشیار و وریاتر و بەهرەمەندتر لە ڕاستیدا پێویستتان بە نان و ئاو و کەرەسەی هات و چۆی زیاتر نییە. کەسانی کەم هۆشتریش هەر ئەم حووکمە بە سەریاندا ڕاست دەکەوێتەوە. بە



گشتی ڕاستیی ئەم وتە گومان هەلّناگرێت، بەلآم مانای سەرەکی و گرینگایەتیی ئەم وتە گوایە کە هەموو کەسەکان خاوەنی بەها و بایەخی یەکسانن، ئەوەیە کە تاکێکی مرۆیی زیاتر و بانتر لە بابەتی ڕووت یان شوێنگەی سەرکەوتوویی و تواناییەکانە. مرۆڤەکان بە پلەی یەکەم لە بەر ئەوەی مرۆڤن و بە پلەی دووهەم، وەکو شاخەوان یان بازرگان یان سوارچاك و یان فەیلەسووف و هتد بە بەها و بایەخن. ئەو وێنا کە هەموو مرۆڤەکان، سەرەڕای ڕەگەز، تەمەن، جنس، پێگە یان سەرکەوتووییەکانیان خاوەن بەهای هاوشێوەن، تیۆرییەکی شۆڕشانەی مەترسیداری نوێ نییە. چەشنی خوێندنەوەی مرۆییە کە یەکسانیخوازانی نوێ بە ڕامانی یەهوودی — مەسیحیی سوننەتی و تارادەیەك بە ئایدیالۆژیای دیمۆکراتیی نوێی ڕۆژئاواوە لە سەری کۆك و هاوڕان.

## چ کەمینەیەك دەولّەتێکی کەمینەییە؟:

ئاین ڕەند، نازیك و ئازادیخوازانی دیکەی بالّی ڕاست بەلگە دەهێنێتەوە کە باشترین جۆری دەولّەت، دەولّەتی کەمینەییە؛ دەولّەتێ کە چالاکی و گرینگیدانی خۆی لە هەندێ بواردا بەرتەسك دەکاتەوە ، ئەم بەشانە بریتین لە بەرگری لە ولآت بەرامبەر بە هێرش دەرەکییەکان و ڕەنگە گێڕانی دەوری پاراستنی دەستوور و یاسا. (دەلێین، **ڕەنگە**؛ چون نازیك لای وایە تەنانەت خەرجی خزمەتگوزارییەکانی پۆلیسیش دەبێ بە شێوەی دلخواز و ڕاستەوخۆ لە لایە ن ئەوکەسانەوە دابین بکرێ کە دەخوازن سوود لەم خزمەتگوازاییانە ببینن و دەتوانن جێبەجێی بکەن) . بە هەموو ئەمانەشەوە، دەولّەتی کەمینەیی هێشتا دەولّەتە، بێگومان نازیك قایل دەبێت بەوەی کە واقیعی ژیان لە ولآتێکدا خۆی پێویستی بە بەختکردنی تاقمێك لە ئازادییەکانە، ئێمە گوێڕایەلّی یاسای دژ بە کوشتنین، چونکە کەس بۆی نییە لە کوشتنی دراوسێ و نزیکەکانیدا ئازاد بێت. ئەمە چەشنێ ئاستەنگییە، بەلآم بە زۆریی ئاستەنگییەك نییە دلگرانمان بکات و بڕەنجێن. ئەو جیاوازییەی لە پێگەی هاوولآتیدا بوونی هەیە دەکەوێتە نێوان ئەو ئاستەنگییانەی وەکو

ئاستەنگیی پێویست و زەروور پەسەندی دەکەن و ئەوانەش کە پێمان وایە زیادی و بەکارنەهاتوون.

شەڕ و ناکۆکیی نێوان هەڵوێستی یەکسانیخوازان و نەیارانی یەکسانیخوازی لە راستیدا بریتییە لە نەبوونی هاوڕایی و رێککەوتن لەمەڕ سنوورەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت.

وەڵامێك ئەمەیە دەبێ سنوورەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت تا دەکرێ کەم بکرێتەوە. هەر چەشنە هەوڵدانێ بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی دەبێ وەلا بنرێت.

وەڵامێ دی ئەمەیە شتێك بە نێوی «کەمترین ئاستی پێویست»بوونی نییە؛ چونکە هەمووی گرێدراوی ئەو رادەیە کە ئێوە بە پێویست و زەرووری دەزانن. بۆ نموونە ئایا هەرکەس بە راستی دەخوازێ هەر پلە و رادەیەکی مومکینی نایەکسانی کەڕەنگە لە پێکهاتنی باوی سامان و داراییەکان بەدیهاتبێت، تەحمولێ بکات؟

ئایا هاووڵاتییانی دەوڵەتێکی دەوڵەمەندی مۆدێڕن، بە رووی گەشاوە سیمای هەزاران داماو و بێ خانە و لانەی بێکار کە بە شێوەیەکی مەترسیدار لە شەقامەکاندا دەسووڕێنەوە، تەحمولێ دەکەن؟

ئایا ئەوان ئەو منداڵانەی لە نێو خۆڵ و زبڵەکاندا دەژین تەحمولێ دەکەن؟ ناکرێ «کەمینەی پێویست»ی دەسەڵاتی دەوڵەت تەنیا بە پشتبەستن و بەڵگە هێنانەوە لە ئازادی دیارییکرێت. کەفۆی ئەو بەها و بایەخەی بە ماڵیاتدەران یان ماڵیاتدەرانی هێزەکی لانیکەم لە سیستەمی دیمۆکراتیکدا دەدرێ، دەبێ لە کەفۆی ئەو بەهای بە شتی دیکە تایبەت دەدرێ، قورستر بێت. بۆ نموونە ژیانی منداڵان لە کۆمەڵگادا، خوێندن، بەرگری لە ئاو وخاك و نیشتمان، تەمەنی هاووڵاتیان و لە کۆتاییدا لە بە ریز نەك بە پێی بایەخەکان (بە بڕوای نازیك) مافی ئەو هاووڵاتیانەی باو و باپیرانیان لە لایەن باووپیرانی ئێمەوە تالآن کراون.

ئازادیی بەهایەکی هەرە گرینگە، بەڵام تاکە بەها و بایەخی ئێمە نییە، و ناتوانێ تاکە بەهامان بێت. تاکە نیشانەی کەمینەی پێویستی دەسەڵاتی دەوڵەت نییە و ناتوانێ تاکە نیشانە بێت.



## پەراوێزەکان

١- egalitarian

٢- totalitarianism

٣-Clement Attle

٤- George Orwell

٥- *Animal Farm*

٦- party officials

٧- Wilt Chamberlain

٨- Manna : ئەو خوانە ئاسمانییەیە بەپێی گێڕانەوەی کتێبی پیرۆز خواوەند لە بیاباندا بۆ بەنی ئیسرائیلی ناردۆتە خوارەوە.

٩- minimal

١٠- *ceteris paribus*

١١- South Africa

١٢- Sweden

١٣- New Zealand

## بەشی چواردەهەم:

# ماركس و ماركسیزم

عەقڵی كارل ماركس كە لە خۆراكی پڕ و قورسی مێتافیزیكی هێگلی [1] و ئابووری ریكاردۆیی [2] ورەیگرتبوو، تیشكی خستە سەر كۆمەڵناسیی بریتانیای پیشەسازیی سەدەی نۆزدەهەم. سەدەی بیستەم بیروڕاكانی ئەو پتر لە بیروڕای هەر بیریارێكی دیكە لە كێشانەوەی نەخشەی سیاسی و كولتووریی جیهاندا كاریگەریی داناوە.

بەڵام باوەڕی ماركس بەراستی بریتی لە چیبوو؟ فەلسەفەی ماركسیست[3]، واتە ئەو فەلسەفەی لانیكەم تا ئەم دواییانەش زۆربەی دەوڵەتان سوێندیان پێ دەخوارد چی بوو؟ وەڵامی تەواو و پڕاوپڕی ئەم پرسیارانە، تەنانەت ئەگەر بوونیشیان هەبێت لە تاقەتی ئەم بەشە بە دەرە؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە ناهاودەنگیی رواڵەتیانەی نێوان وەك دەڵێن ماركسی« لە پێشتر »ی نووسەری **ئایدیالۆژیای ئەڵمانی**[4] و ماركسی « دوایی» نووسەری **سەرمایە**[5]، **و گرۆندریسە**[6] **(بنەماكان)**، ماركسیستەكانی تووشی كێشە كردووە، لەو لاشەوە، ئەوانەی ماركسیست نین ﴿بەڵام ﴾ حەزیان لێیە بەرەورووی ئەم گرفتە دەبنەوە كە كاتێ بۆ فامكردنی بەرهەمەكانی ماركس روو لە پسپۆڕان دەكەن، بە زۆری بۆیان دەردەكەوێ كە لانیكەم هەندێ لەم پسپۆر و لێزانانە كتێبەكانیان بە «زمانی تایبەتی ماركس »»، واتە بە زمانێكی تەمومژاوی و خۆبژێو[7]



دەنووسنەوە كە دەركی بەڵگاندنە سیاسی و ئابوورییە ئاڵۆزەكان زەحمەتر دەكات.

مەبەست لەم بەشە بەدەستەوەدانی پێشەكی و دەروازیەكە بە رووی بیروڕا سەرەكییەكانی ماركس كە بە هیوایین نە هێند سانا و سادەبێت كە بە سووكایەتیكردن بێتە ئەژمار و نە بێهۆ و هۆكارێكی تایبەتیش ئاڵۆز و سەخت پێشكەش كرابێت.

كە ماركس كۆمەڵگاكان دەخاتە بەرباس و لێكۆڵینەوە، لە نێوان ئەوەی نێوی **ژێرخانە ئابوورییەكان و رووكارە سیاسی، كولتووری و مافییەكانی** لێدەنێ، جیاكاریی دەكات. بە بۆچوونی ئەو دۆخی ژیانی سیاسی، كولتووری و مافیی كۆمەڵگا لەسەر دەستی ئابووریی ئەو كۆمەڵگا دیاریدەكرێ. ئەو لای وایە، كاتێ كە خەڵك گیرۆدەی برسێتین و هەوڵدەدەن لەگەڵ هەلومەرجی كەشوهەوای خراپ رێكبكەون، هونەری جوان و داب و نەریتی كۆمەڵایەتی و مافیی ئاڵۆز ناتوانێ ببێتە لەمپەر لە بەردەمیاندا. جگەلەمەش، بەڕای ئەو، ئەو جۆرە كۆمەڵگای تاك قەدەری وایە تێیدا لە دایك بێ، ئاستەنگیی بنەڕەتیی بەسەر توانا و پێشڤەچوونە تاكەكەسییەكانیدا دەسەپێنێ.

ئەم حەقیقەتە جێگەی چ دوودڵی و گومانێك ناكاتەوە كە ئێمەی مرۆڤ خۆمان و چۆنییەتییەكانمان بەكردەوەیەكی دیارینەكراو و رازاوەی بەدیناهێنین. نە بڕیار دەدەین لە كام خول و سەردەمی مێژووییدا بژین و نە دەتوانین هەلومەرجی سیاسی و جوغرافیایی زاڵ بە سەر سەروبەندی لە دایكبوونمان هەڵبژێرین. ئەو گیروگرفتانەی بەرەورووومان دەبنەوە تا رادەیەكی زۆر هۆكردی هەلومەرجی ژیانمانە، وەكیتر ئەم گیروگرفتانە بە كەڵكوەرگرتن لەو ئایدیا و رێگەچارانە چارەسەر دەكەین كە لە بەردەستماندایە و ئەوانیش بۆ خۆیان تا رادەیەك لە بەند و مەرجی بارودۆخی ژیاندان. لە لایەكی دیكەوە، هەرچەند

مرۆڤ بێگومان بەری بارودۆخەکانە، بەڵام هاوکات دەتوانێ بارودۆخەکە بگۆڕێ. دوور دیارە کە مارکس لەسەر ئەو بڕوا بێت کە ئێمە قوربانیی بێ ئیرادەی پێویستیی هۆ و هۆکرد بین. ئەو جەخت لە دەرفەت و ئیمکانی گۆڕانی بەزۆر و کردەی شۆڕشگێرانە دەکاتەوە. کەوابوو ناکرێ مارکسیزم یەکسان بە جەبرباوەڕیی میکانیکی[٨]، واتە ئامۆژەیەکی قەدەرگەرایانە[٩] کە مل لە چالاکی و ئامانجی مرۆڤ بادەدات دابنرێت. بە پێچەوانەوە، مارکس بەڵگاندن دەکات کە ئەو بارودۆخ و هەلومەرجانەی وشیاریی پێکدێنن خۆیان، تا رادەیەك گرێدراوی کاروکردەکانی مرۆڤن. ئەمانە ئەو پێوەندییە مرۆییانە دەگرنەوە کە لە روانگەی مێژووییەوە، بە ناوکۆی کردەکانی مرۆڤ بەدیهاتوون، ئەو لە نامیلکەی سێهەمی سێ خاڵ سەبارەت بە فۆئێر باخ[١٠] دا دەنووسێ:

ئامۆژەی ماتریالیستی سەبارەت بە گۆڕانی بارودۆخ و بارهێنان لە بیری دەکات کە بارودۆخ لە سەر دەستی مرۆڤ گۆڕانی بە سەردێ.

لە هەمان بەرهەمدا ئایدیالیزم[١١] تا رادەیەك خاوەن ئیعتبارە؛ تیۆریەك کە بە زۆری وەکو بەرهەڵستی جیددی ماتریالیزم لە قەڵەم دەدرێ.

## کاریگەریی هێگل:

کتێبی **دیاردەناسی رۆح** [١٢]ی هێگل، بە تایبەت دەرهەستترین و مێتافیزیکترین بەشیی لە ژێرنێوی« خۆشیاری » گەرم و گوڕ سەرنجی مارکسی بۆ لای خۆی راکێشا. هێگل لەوێدا ئەو پێوەندییانە لێکدەداتەوە کە لە نێوان وشیاریی مرۆڤێك و مرۆڤەکانی دیکە بوونی هەیە. بەڵام زانینی ئەو خاڵەش گرینگە کە ئەو خەڵکی راستەقینە یان تەنانەت خەڵکی تەنیا مومکین، وەسف ناکات بەڵکو تەوەری باسی ئەو، ئەو پێوەندییانەیەکە لە نێوان رۆحە مرۆییە سەرنموونەییەکان [١٣] حاکمە کە بەشبەحاڵی خۆیان دەرکەوتەکانی (وەك دەڵێن)



**رۆحی جیهانن**[١٤]. گوایە هەر پێوەندییەك ناکۆکی ناچۆکی یان برێك ئاڵۆزی و پشێوی تێدایە کە دەبێتە هۆی بێ سەقامیی ئەو و لە ئاکامدا تێکشکانی لێدەکەوێتەوە. پاش تێکشکان لە لەت و پەتەکانی پێوەندیی پێشوو، پێوەندییەکی نوێ بەدیدێ و بۆ سەرجەم ئەو گرفت و کێشانەی هۆکاری داڕمانی یەکەمینن، رێگە چارە بە دەستەوە دەدات، بەڵام پاشان ناکۆکی و هەژانی تایبەت بە خۆی دەرەخسێنێ. ئەو خێراییەی هۆکاری جێگۆڕکێی یەك لە دوای یەکی کۆیەك لە پێوەندییەکان لەگەڵ کۆیەکی دیکەیە بنەڕەتی دیالێکتێکی هێگل [١٥] پێکدێنێ کە لە سەر حەقە بە نێوی دیالێکتێکی رۆحەوە ناوزەد بکرێ. وێنە داڕشتنەکەی کەم تا کورت بیرهێنەرەوەی سێ پایەی مەسیحییە [١٦]: پاکیزەیی، داڕمان و رزگاری. رۆحی یەکەمین کە خاڵی دەستپێك و سەرەتایی هێگلە، وەك دەڵێن پەتی و گشتییە، بەڵام بە تاڵە لە خۆناسین. هەوەڵ و خەبتین بۆ خۆناسین قڵەش و نائارامیی دەروونیی لێدەکەوێتەوە و ئەنجامەکەی و ئاشتی و جۆرێکی بەرز و باڵا و جێ رەزامەندیتر لە گشتێتییە.

ڕامانی مێژوویی و فەلسەفیی هێگل سەرەنجی مارکس و دیکەی رۆشنبیرانی بەرەی ئەوی بۆ لای خۆی راکێشا، بەڵام دەهەی ١٨٤٠ کاتی گەیشتنی بەو بڕوا بوو کە پێوەندییەکانی پێکهێنەری کۆمەڵگاکان بە هیچ شێوە رۆحی نین، هەر بۆیە پشتی لە رۆانگەی سەرەتایی خۆی هەڵکرد و لە رۆانگەی پیاوێکی پێگەیشتووترەوە دەیڕوانی. هەلومەرجی ماددی کە لە چاو رۆح، دەرەکین — بەوێنەی ئەو کارە جۆراوجۆرانەی خەڵك ئەنجامی دەدەن و ئەو سامانەی بە کار کردن بۆ خۆیان و دیتران دەستەبەری دەکەن — گرینگییان هەیە. بە دەربڕینی دی، پێشڤەچوونی مێژوو لە سەردەستی خۆوشیاری دیاری ناکرێت. بە رای مارکس، خووشیاری هاوڕێ و گونجاو لەگەڵ زۆربوونی کۆنتڕۆڵی ئێمە بەسەر ئاقار و دەوروبەرماندا زیاد دەبێت و پێچەوانەکەی وانییە. جگە لەمە، تا ئەو

ساتەوەختەی رەگەزی مرۆیی نەگەشتبێتە ﴿دۆخی ﴾ کۆنترۆڵی تەواوی هەلومەرجی ماددی، ناچار پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان لە کەوڵی سەروەری و کۆیلەییدا دەبێ، بەڵام سەروەری و کۆیلەیی خۆیان بەرەبەرە گۆڕانیان بە سەردێت و گونجاو لەگەڵ هەر قۆناغێکی پرۆسەی مێژوویی، بیچم و شێوازی نوێ لە خۆ دەگرن. خێرایی ئەم پرۆسسە وانییە هێگل وێنای دەکرد، ئەو هەژانانەی لە هەر قۆناغێکی مێژووی مرۆڤایەتیدا دەکەوێتە روو، سیماکانی وزە و هێزە ماددییەکانە نەك دەرکەوتەکانی رۆح، بەشێوەیەك کە کەم تا زۆر هەمووان دەزانن بە تیۆریی مارکس، ماتریالیزمی دیالکتیك دەڵێن.

## هێزەکانی بەرهەمهێنان: دابەشکردنی کار و شێوازەکانی خاوەندارێتی:

به بۆچوونی مارکس بونیادی ئاچۆکیی هەر دەوڵەتێك گرێدراوی ئەو بوارەیە کە هێز بەرهەمهێنەرەکانی دەوڵەت لەودا گەشە دەکەن و کامڵ دەبن. لێرەوە ئەو ئەنجامە هەڵدەهێنجرێ کە رێك ئەو ساتەی زانیمان وڵاتێك چ جۆرە ئابوورییەکی هەیە، دەبێ زانیاری تەواومان لەمەڕ تایبەتمەندییە کولتووری و دەروونییەکانی ئەو وڵاتە بۆ دەربکەوێ.

نەك هەر جۆر و سروشتی ئابووریی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی زەق و بەرچاو بە بەرهەمەکانییەوە دیاریدەکرێ، بەڵکو ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا گرێدراوی ئاستی دابەشکردنی کارە لە کۆمەڵگادا. هێزە بەرهەمهێنەرە نوێکان بە پێی پێویست لەگەڵ پێشڤەچوون و کامبلوونی دابەشکردنی کار، بە دەربڕینی دی، لەگەڵ ئەو گۆڕانانەی لە بونیادی گشتیی سەرجەم هێزی کاردا روودەدات، هاوتەریبە. جگە لەمەش، مارکس دەڵێ: هەموو قۆناغەکانی پێشچەچوون دەکرێ وەکو شێوە یان شێوازە جۆراوجۆرەکانی خاوەندارێتی بێتە ئەژمار. **یەکەم شێوازی** خاوەندارێتی



**خولی هاوبەشیی سەرەتاییە** [١٧]. خولی هاوبەشی قۆناغێکە لە مێژووی مرۆییدا کە هێشتا بەرهەمهێنان کامڵ نەبووە. لە خولی هاوبەشیدا خەڵك بەڕاو و ماسیگری و رەنگە بەخێوکردنی ئاژەڵ و کشتوکاڵ ژیانیان بە سەر دەبرد. شێوازی کشتوکاڵ لەم خولەدا ئێجگار سەرەتاییە، هەروەها دابەشکردنی کار زۆر سادەیە؛ واتە لە سەر پەرە گرتنی هەندەکیی دابەشکردنی «سروشتی»ی کار لە بنەماڵەدا وەستاوە.

شێوازی دووهەمی خاوەندارێتی، کۆیلەدارییە[١٨]. بە پێی تیۆریی مارکسیستی کۆیلەداریی لە خولی هاو بەشیی سەرەتاییدا بە شێوەی کۆمۆن لە بونیادی بنەماڵە خۆیدا بوونی بووە، بەڵام شێوەی تەواوی تەنیا کەی حەشیمەت گەشە بکات و کۆمەڵگاکان ئاڵۆزتر بن و پێوەندی و بەریەککەوتنی نێوان عەشیرەیی بە شێوەیدا نووستاندن و شەڕ زیاد بکات ئاشکرا دەبێت. بە پێی پۆلێنبەندیی مارکسیستی، کۆمەڵگا عەشیرەییە ئاڵۆزەکان، هەروەها ئەو دەوڵەتە فیئۆداڵییانەی[١٩] لە سەردەمی رەشی [٢٠] مێژووی ئەوروپادا بەدیکراون، سەر بە کۆمەڵگا کۆیلەدارەکانن. دەکرێ کۆمەڵگای عەشیرەیی ئاڵۆز وەکو ئەو کۆمەڵگا وەسفبکرێ کە بەری یەکگرتنی عەشیرەتە جۆراوجۆرەکانە. وەها یەکگرتوویەك یان ئەنجامی رێککەوتنە یان ئەنجامی سەرکەوتن و بە زۆری دەگۆڕێ بۆ دەوڵەت یاخود شار. مارکس لە ئایدیالۆژیای ئەڵمانیدا دەنووسێ ئەم کۆمەڵانە سەرەتا چەند شێوازێکی خاوەندارێتی هاوبەشیی لە بواری سامانی (منقول و غیرمنقول) دەپارێزن کە لە پاڵ دارایی تاکەکەسیدا بوونی هەیە، ئەم جۆرە خاوەندارێتییە سەرەتا وەکو دەستوور و رێسایەکی نائاسایی و پێمل بە نەریتە هاوبەشییەکان دەردەکەوێ، بەڵام ئاکام، دەبێتە جێگریان. کۆمەڵگای فیئۆداڵ دەبێتە هۆی دابەشبوونی خەڵك بۆ خاوەن زەوی و بێزەوی. وێنا دەکرێ لە کۆمەڵگای فیئۆداڵیدا هەم رەعیەتی بێ زەوی و

هەم ئەشرافی خاوەن زەوی پێوەندیی تایبەت بە خۆیان لەگەڵ زەویدا هەیە، ئەم بونیادە کۆمەڵایەتییە خاوەن زنجیرە پلانە لە سەر دەستی کۆمەڵانی کۆیخاوی چەکدار دەسەپێ و بەهێز و پتەو دەکرێ، کە ئەشراف بۆ ئەم مەبەستانە بەکاریان دێنن. شێوازی سێهەمی خاوەندارێتی سەرمایەدارییە. هەر شوێنێ دانووستاندنی لێبێ چینی بازرگان تێیدا سەرهەڵدەدا؛ چینێ کە بە تەواوی لە چینی خاوەن زەوییەکان جیاوازە. سیستەمی سەرمایەداری روونکەرەوەی سەرکەوتنی ئەم چینە نوێیە کە زیاتر بە نێوی چینی مامناوەند یان بورژوازیی نێویان دەرکردووە.[٢١] لە سیستەمی سەرمایەداریدا چینی ناوین، یان یەکێك لە بەشەکانی، خاوەندارێتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵی سامانی لە دەستدایە؛ واتە کارخانەکان، بانکەکان، کۆمپانیاکانی پاپۆڕڤانی و هتد.

**شێوازی چوارەمی** خاوەندارێتی **سۆسیالیزمە**. مارکس پێیوایە هەر کە هێزی کاری پیشەسازی و نیوە رۆشنبیر دێتە ئارا، دەرفەتی بەدیهاتنی سوسیالیزم دەڕەخسێ. چینی خواری پیشەسازی، واتە پرۆلتاریا بۆ حەقدەستێکی کەم کار دەکەن و زیادەی بەرهەمەکانی ئەوان دەبێتە هۆی دەوڵەمەند بوونی ئاغاکانیان، واتە چینی بورژوا. هەڵبەت پرۆلتاریا یاخود چینی کرێکار بۆ پاراستنی لەش و رۆحی خۆی پێویستی بە کارە؛ چونکە جگەلە کارەکەیان چیدیکەیان نییە بیفرۆشن. ئەوان پێویستیان بە ئاغا سەرمایەدارەکانیان هەیە (یان لانیکەم وا وێنا دەکەن)؛ چونکە ئاغاکان حەقدەستەکان دەدەن. بیرهێنانەوەی ئەم خاڵە گرینگە کە هەرچەند سەرمایەدارەکان هەر بەو رادە یان تەنانەت گەلێك زیاتریش، پێویسیان بە کرێکارەکانە، بەڵام کرێکاران پێویستیان بە کاری خۆیان هەیە. روونە کە بە بێهێزی کار نە بەرهەمهێنانێ بوونی دەبێ و نەشتێك بۆ فرۆش دێتە بەرهەم. بە بۆچوونی مارکس کەی کرێکاران تێبگەن بە هێزترن لە سەرمایەدار و ئاغاکانیان، ئەودەم شۆڕشی سۆسیالیستیی روودەدات. لەم چرکەی پرۆسسە



مێژووییەدا، کرێکاران دژ بە بورژوازیی رادەپەڕن و کۆنترۆڵی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان دەکەن. شۆڕشی سۆسیالیستی راست بەو شێوەی دەکرێ شۆڕشی سەرمایەداری وەکو سەرکەوتنی بۆرژوازی بە سەر خاوەن زەوییە فیئۆدالەکان وەسفبکرێ، دەکرێ بە سەرکەوتنی چینی کرێکار بە سەر بەڕێوەبەرانی چینی مامناوەندیی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی دابنرێت. رەنگە وێنا بکرێ رای مارکس لەمەڕ خاڵی تەشقی کامڵ بوونی مێژوویی مرۆڤ، هەمان دەوری چینی کرێکار بێت کە ئەنجامی شۆڕشی سوسیالیستی دەبێ، بەڵام وانییە. رێك بەو چەشنەی کۆمەڵگا پێشوویییەکان لە ناخی خۆیاندا برێ هەژان و بێ سەقامییان پەروەردە کردووە کە ئەنجام تێکشکان و داڕمانیانی لێکەوتووتەوە، کۆمەڵگا سۆسیالیستەکانیش لە ژێر گوشاری دژوازییە ناوخۆییەکانیاندا دادەڕووخێن. «دیکتاتۆریای پرۆلیتاریا» خۆی یەکەم نیشانەی هەژانە ناچۆکییە تێکدەرەکانیەتی. بە پێی تیۆریی مارکسیستی، دوا قۆناغی کامبڵوونی مرۆیی کاتێ بەدەستدێ کە بە سەر ئەم دیکتاتۆرییەدا سەرکەوێ. لەم چرکەی مێژوودا، دەوڵەت نامێنێ و چیدی نە خاوەندارێتی تاکەکەسی و نە ناوێکچوویی چینەکان بوونی نابێت.

نە مارکس و نە کەسێکی دیکە راشکاوانە روونیان نەکردۆتەوە کە دەوڵەت (یان باشتر بدوێین، نادەوڵەت) ی کۆمۆنیست لە چی دەکات. مارکس لەو دەستەواژە سەرەتاییانەیدا کە هەی سەردەمی گەنجییەتی، بەهەشتێك وێنە دەکێشێ خەڵك لەوێ زۆربەی کاتەکانیان بە راوە ماسی و هۆنینەوەی هەڵبەست تێدەپەڕێنن. وەسفەکانی دیکە سەبارەت بە خەیاڵگەکەی مارکس سلبین؛ واتە چ ناکۆکییەکی چینایەتیی بوونی نابێ، مرۆڤەکان یەکدی ناچەوسێننەوە، خاوەندارێتی تایبەتیی کەرەسە و بەرهەم لە ئارا نابێ، لەو کۆمەڵگادا چ جۆرە گەندەڵی یان گرفتێکی کۆمەڵایەتی بەدینایەت.

## له كۆمه‌ڵگای هاوبه‌شیی سه‌ره‌تاییه‌وه بۆ كۆمۆنیزم:

ئه‌وه‌ی كه ئایا ماركس لای وابوو هه‌موو كۆمه‌ڵگاكان هاوئاسۆی ریزی كۆمه‌ڵگای هاوبه‌شیی سه‌ره‌تایی، واته كۆیله‌داریی، سه‌رمایه‌داری، سۆسیالیزم و كۆمۆنیزم كامڵ بن، جێی باس و رامانه. ژماره‌یه‌ك به‌ڵگه له به‌رده‌سته گوایه ئه‌و ویستیاری پێداگرتن له سه‌ر ته‌نیا یه‌ك رێگه به‌ره‌و خه‌یاڵگه و ئارمانشاره‌كه‌ی نه‌بوو. له گرۆندریسه‌دا چما خاڵێكی كرده‌گه‌رایانه و به‌ر ته‌سكتر دێنێته به‌ر كار؛ واته ئه‌و خاڵه‌ی كه كۆمه‌ڵگا ناكۆمۆنیسته‌كان به ناچار ده‌سته‌ویه‌خه‌ی نایه‌كسانی و جیاوازییه چینایه‌تییه‌كانن كه ده‌بێته هۆی بێ سه‌قامییان. كه‌وابوو ته‌نیا كۆمه‌ڵگا كۆمۆنیسته‌كان ده‌توانن به سه‌قام بن. به داخه‌وه ئه‌م خوێندنه‌وه سانا و سه‌رپێییه وێنه‌یه‌ك له كۆمه‌ڵگا مرۆییه‌كانمان ده‌خاته به‌ر ده‌ست كه له سیسته‌مه ناعه‌قڵانییه‌كان پێكهاتووه و دووباره و چه‌ند باره هه‌ڵده‌وه‌شێنه‌وه و ده‌ستوور و رێسای ئابووری و كۆمه‌ڵایه‌تی نوێ جێگه‌ی ﴿ پێشووییه‌كان ﴾ ده‌گرێ. وه‌ها وێنه‌یه‌ك چ دڵنیاییه‌ك به‌دیناهێنێ كه ئایا مرۆڤ ده‌ستی به كۆمۆنیزم راده‌گات؛ واته تاكه ده‌ستوور و رێكییه‌ك كه به بڕوای ماركس، ده‌توانێ گه‌ره‌نتیكه‌ری سه‌قام و بمێنی بێت.

كه‌وابوو، له‌وانه‌یه باوه‌ڕهێنان به‌م بابه‌ته جێگه‌ی دڵگه‌رمی و دڵخۆشی بێ كه به دوای یه‌كدا هاتنی ئه‌نجامناسیی [٢٢] قۆناغی هاوبه‌شیی سه‌ره‌تایی، كۆیله‌داری، سه‌رمایه‌داری، سۆسیالیزم ده‌بێ له هه‌موو شوێنێ روو بدات، هه‌روه‌ها به پێی پێویست ئه‌نجام به‌دیهاتنی كۆمۆنیزمه له هه‌موو شوێنێكدا. له لایه‌كی دیكه‌وه، ئه‌م ئۆڵگووه ئه‌نجامناسییه نه‌رم و لخێزه هاوته‌ریبی رووداوه مێژووییه‌كان نییه، به پێی ئه‌م سه‌رنموونه، ده‌بێ سه‌رمایه‌داری پێش سوسیالیزم بێت، به‌ڵام به‌و شێوه‌ی هه‌نووكه باش ئاگامان لێیه، شۆڕشه سه‌ركه‌وتووه سۆسیالیسته‌كانی ئه‌م سه‌ده نه‌ك له وڵاتانی پێشه‌سازیی ئه‌ورووپا و ئه‌مریكای



باكووری، به‌ڵكو له‌و وڵاتانه‌دا روویداوه كه زیاتر هێزی كاری كشتوكاڵییان بووه: رووسیا [٢٣]، چین [٢٤]، كووبا [٢٥].

پرسیارێكی دیكه كه گه‌ڵاڵه ده‌بێ بریتییه له‌وه‌ی كه بۆچی مرۆڤه‌كان له سه‌ر حه‌ز و ویستی خۆیان ژیانی هاوبه‌شیی سه‌ره‌تایی و یه‌كه‌مین وازلێدێنن؟ بۆچی ئه‌وان به درێژایی چه‌ندین سه‌ده خه‌بات ده‌كه‌ن تاوه‌كو داهاتووی دووره ده‌ستی كۆمه‌ڵگای كۆمه‌نیستی به‌دیبێنن؟ ره‌نگه مرۆڤ له راستیدا له به‌ر ئه‌و هزر و بیره‌ی ژیانی ده‌سته‌خواری جه‌ماوه‌ری كۆمه‌ڵایه‌تیی قۆناغی هاوبه‌شیی سه‌ره‌تایی ﴿ هه‌رچه‌ند ﴾ — ئه‌گه‌ر قۆناغی هاو به شیی سه‌ره‌تایی ده‌سته خوار و ده‌سته ژوورێكی هه‌بێت — به رواڵه‌ت له پێگه‌یه‌كی خواری كۆمه‌ڵگای كۆیله‌داری، یان سه‌رمایه‌داری و یاخود ته‌نانه‌ت ده‌كرێ بۆیرانه بگوترێ له ده‌وڵه‌تی سۆسیالیستدا گه‌لێك به‌تام و چێژتره، سه‌ركۆنه نه‌كرێ. وه‌ڵامی ماركس ئه‌مه‌یه كه كاتێ سروشت ده‌سئاوه‌ڵا بێت، نه مێژوویه‌ك بوونی هه‌یه و نه جووڵه‌یه‌كی دیالێكتیكی چ شتێكی ئه‌وتۆ سه‌باره‌ت به دانیشتوانی قۆناغی هاوبه‌شیی دڵ فراوان و ده‌سئاوه‌ڵای سه‌ره‌تایی نازانین، ئه‌گه‌ر سه‌رده‌مانێ گۆڕانی گرنیگ به خۆوه ببینن، له ده‌ره‌وه تووشی كۆمه‌ڵگا ده‌بێ نه‌ك به هۆی هه‌ژانه ناوخۆییه‌كانه‌وه.

به‌م حاڵه‌وه‌ش ته‌نانه‌ت ره‌نگه قۆناغی هاوبه‌شیی ده‌ست ئاوه‌ڵای سه‌ره‌تایی به‌ره‌وڕووی گێره و كێشه‌ی تایبه‌ت بێته‌وه كه له‌گه‌ڵ گه‌شه‌ی خێرای حه‌شیمه‌تدا دێته ئارا و گه‌شه‌ی حه‌شیمه‌ت له‌وانه‌یه پێمل بێت به زۆربوونی به‌رهه‌مهێنان و ته‌كنیكه بزۆر و بوێرانه‌كان، ئاژه‌ڵه‌كان له باتی ئه‌وه‌ی راو بكرێن، به خێو ده‌كرێن، سه‌وزه و خۆڕسكه‌كان له جیاتی رنینه‌وه‌ی رووت، ده‌چێنرێت و ئه‌نجامی ئه‌م كاره به راستی ده‌توانێ به‌رهه‌مهێنانی زیاد له به‌رخۆریی به‌رهه‌مهێنه‌ران بێت. ئه‌م به‌رهه‌مه زیاده هۆكارێكی پڕتاو كردنه كه پێكهاتنی چینێكی

کۆمەڵایەتی نوێی لێدەکەوێتەوە؛ چینێ کە ئەرکی بریتییە لە کڕین و فرۆشتنی ئەم زیادە و ئاراستە کردنی یاسا و ڕێسای بەرهەمهێنانی ڕێكوپێكتر، ئەم چینە نوێیە تا ئەو ئاستەی بۆی بگونجێ پتر بەرهەمی زیادەی بەرهەمهێنەران وەردەگرێ و ئەمە بەشبەحاڵی خۆی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چین یان چینێکی لاوەکی لە خەڵکی خۆش خۆراك کە چ کارێکیان لە ئەستۆدا نییە. ئەم چینە کرێکار نین و ڕێکخراوەیین بە سەر تێکڕای کۆمەڵگادا زاڵدەبن و بەم شێوە، کۆمەڵگا بەرەو وێرانی پەلکێش دەکەن.

## ئایدلۆژیاكان:

ئایدیالۆژیاکان بریتین لە سیستەمە بڕواییەکان. لە تیۆریی مارکسیستیدا، وشەی **ئایدیالۆژیا** [٢٦] زیاتر دەلالەت لە سووکایەتی کردن دەکات کە چما ئەو بیر و باوەڕە باسکراوانە گوماناوین، یان بە پێی شرۆڤەی مارکس «ڕەگیان لە وشیاریی هەڵە دایە ». هەموو کۆمەڵگا گەندەڵەکان، واتە کۆمەڵگا ناکۆمۆنیستییەکان لە سەردەستی ئایدیالۆژیاکان تێبینییان لە سەر دەکرێ و ئەوانەی بە ئایدیالۆژیای ناوچەیی قایلن، سروشتییە بەرگری لەم زنجیرە پلەییانە بکەن، هەر چەند خۆیان لە لای خوارووی جەماوەرەوە دەژین. بەرگری ڕەنگە لە قاڵبی ئەم ئایدیادا بێت کە دەڵێ دەستوورێکی سروشتی بوونی هەیە، کە بە پێی ئەو هەژاران و دەستە خوارووییەکان بە تەواوی لە خەڵکی دی کەم بەهاترن، یان ڕەنگە بریتی لەو وێنا بێ کە کۆمەڵگا بێ بوونی زنجیرە پلەییەکان لە نێو دەچێ.

لێنین لە **دەبێ چی بکرێ؟** [٢٧] دا بەڵگە دەهێنێتەوە کە ڕێگەی بەرامبەرکێ لەگەڵ بیروباوەڕە ئایدیالۆژیکییەکان، ڕۆنانی « کۆمەڵی ئاوانگارد »ە کە کاریان پێشکەشکردن و پێناسەی باوەڕە ڕاستەکان بێت. بێ هەوڵ و



چالاکییەکانی وەها گرووپێك، چینی کرێکار یاخود پرۆلتاریا هەرگیز ناتوانێ لە جیهانی ئایدیالۆژیایی خۆی ڕزگار بێت. لێنین لایەنگریی لەو بیر وباوەڕانە دەکرد کە توانایی گۆڕانی کۆمەڵگای بە کرێکاران بەخشی تاکو لە خزمەتی چاکە و سوودی ئەواندا بێت. بە ڕای ئەو ڕەخنەی جیددی گرتن لە کۆمەڵگا دەبێ هەڵگری ڕەخنە لە ئایدیالۆژیاکەی بێت. ئەم دوو کردە لە یەکدی دانابڕێن. ئەو شانازی بەو گوتەی خۆیەوە دەکرد کە لە پرۆسەی ئەم دەخوازێ هەر چەشنە ویستێ بۆ بە کۆیلە کردن، چەوساندن و زاڵبوون بەسەرخەڵکدا بسڕێتەوە.

## ڕێبازی فرانکفۆرت:

فەلسەفەی مارکسیستی بە درێژایی دەهەی ١٩٢٠ لە سەر دەستی ئێئۆدۆر دەبلیو ئادۆرنۆ [٢٨]، هێر بێرت مارکۆزە [٢٩] و ئەندامانی دیکەی دامەزراوەی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانی فرانکفۆرت [٣٠] لە ئەڵماندا پەرەی سەند؛ بەڵام ئەو دامەزراوە هاوکاتی هاتنە سەر کاری هیتلەر داخرا. مامۆستاکانی هەڵاتن بۆ ئەیالەتە یەکگرتووەکان و شێوازێکی نوێی « ڕێبازی فرانکفۆرت » [٣١] یان لەو وڵاتەدا کردەوە. بە تایبەت مارکۆزە لە ئەمریکا نێو بانگی دەرکرد. پاش شەڕ، دامەزراوەی تۆێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە فڕانکفۆرت دەستی بە کار کردەوە و لەوێ ئادۆڕنۆ کەسانێکی بارهێنا کە قەدەریان وابوو ببنە فەیلەسووفانێکی بە نێوبانگ. فەلسەفەی ڕێبازی فڕانکفۆرت بە نێوی **ئایدیالۆژیکریتیك** [٣٢](ڕەخنەی ئایدیالۆژیا)ناوزەد دەکرێ. ئەو ڕێبازە ئەم پرسیارە نیمچە لێنینیستییە گەڵاڵە دەکات کە تێپەڕین لە دۆخی ئایدۆیالۆژیکی و کۆیلەیی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەنووکەیی مرۆڤایەتی بۆ ڕۆشنبیری و ئازادی تەواو و کۆتایی چۆناوچۆنە؟ وەڵام ئەمەیە کە پێویستە خەڵك گوێڕایەڵی رووگەیەکی ڕەخنەگرانە بن کە گەڕان لە سەرچاوەکانی

باوەڕەکانیان لەمەڕ جیهان ناچاریان دەکات. بۆ نموونە ڕەنگە ئەگەر بۆمان دەسەلما کە تەنیا ئەشرافە سەرمایەدارەکان سوود لە گیرۆدەبوونی ئێمە بەم باوەڕانە دەبینین کەمتر ویستیاری باوەڕهێنان بە سیستەمی وەستاو لە سەر زنجیرە پلەییەکان دەبووین، کە ئەگەری ئەوە هەیە خۆمان تێیدا مەحکووم بین بە هەژاری و نەداری.

پێدەچێت ڕەخنەگرتن لە ئایدیالۆژیا تەنیا ئەو کاتە دەستپێدەکات کە خەڵکی ئاسایی لە سەر هەندێ گریمانەی بنچینەیی لە گەڵ ڕاوێژکارە مارکسیستەکانیان کۆك دەبن. خەڵکی ئاسایی دەبێ فێری ئەم گریمانەی حەتمی یان بان باوەڕە بنەماییە بن کە ئەرکی بیروبۆچوونەکانیان سەبارەت بە کۆمەڵگا بریتییە لە مەشرووعییەت بەخشین بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییە ستەمکار، بەڵام نازەروورەکان. یەکەم ئامانجی « دەرمانی» مارکسیستی لە سەر شێوازی ڕێبازی فڕانکفۆرت بریتییە لە هاندانی خەڵك بۆ وێنەکێشانی سەرچەشن و ئولگوویەکی کۆمەڵگا کە سەرجەم پێوەرە پێویستەکانی کۆمەڵگایەکی ئایدیال بەدەستبێنێ و کۆڵەکەکەی دامەزراوی دەستی ستەمکار یان داب و ڕێسای کۆیلەسازی نەبێت. دووهەم هەنگاو بریتییە لە خستنە بەر باس و لێکدانەوەی ئەم بابەتە تا ئەو ساتەی کەسەکانی نێوی تێبگەن. ئەم ئۆلگووە وەسفکراوە خەیاڵی و پووت نییە، بەڵکو دەتوانێ بە ڕاستی لە ﴿جیهانی﴾ دەرەوەدا بە دیبێت. ڕاوێژکاریی فەلسەفی ئەوە بە خەڵك دەسەلمێنێ کە کۆمەڵگای«ئایدیال» نەك هەر ئیمکانی ﴿بوونی﴾ هەیە بەڵکو پێویستە؛ بۆ گەشەی تەواوی بەهرە و تواناکانی مرۆڤ. ئەنجام ئەوانەی بە ناوکۆی **ڕەخنەی ئایدیالۆژیا** گەیشتوونەتە ڕۆشنبیری، دەبنە ئەندامی ریزی پێشەوەی مارکسیستی- لێنینیستی. ئەوان دەچنە نێو کۆمەڵگا و کەسانی دیکە دەگەیەننە ئەو قەناعەتە کە گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە، هەم پێویستە و هەم دڵخواز.



مەخابن بۆ ڕێباز و قوتابخانەی فڕانکفۆرت(و هاوهەڵوێستەکانی)کە لە ئامۆژە و فێرکاریی فەلسەفی چەندین ساڵەیاندا لە بواری مێتۆدناسی ئەو ڕێبازە، نەیانتوانیوە تا هەنووکە وەکو هۆکاری، تەنانەت یەك نموونە شۆڕشی سەرکەوتوو لە هیچ شوێنێکی جیهان، دەور بگێڕن. کەوابوو، پێدەچێ ڕەخنەی ئایدیالۆژیك مێتۆدێکی جێمتمانە بۆ ڕەخساندنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی نییە.

وەك باوە ژمارەیەك ئەندامی ئەم ڕێبازە بە جیددی ئاوڕیان لەم پرسە داوەتەوە. بە ڕای ئادۆرنۆ پێکهێنانی کۆڕی لێکۆڵینەوە و گۆڕینەوەی ڕاو بۆچوونەکان، کە بەشداران بتوانن باوەڕەکانی خۆیان هێمن و ئارام بکەنەوە و بەم شێوە بگەنە خوێندنەوەی تایبەتیی خۆیان لە ژیانی جێ ڕەزامەندی و دڵخوازی عەقڵانی، مێتۆدێکی باشە بۆ بونیادنانەوەی کۆمەڵگا. بەڵام هەندێجار پێدەچێت ئەو لەوە سڵ دەکات کە ڕەنگە وهەمی ئایدیالۆژیکی هێندە قووڵ بێ، بە تایبەت لە سیستەمی سەرمایەداریدا — کە نەکرێ لە ڕەگ و ریشەوە دەربکێشرێت. بە دەربڕینی دی، لەوانەیە دەرکەوێ کە ئادۆرنۆ هەرگیز ناتوانێ کۆمەڵێ کەسی ڕەخنەگر بگەیەنێتەوە ئەو قەناعەتەی چەشنی پێشەکییەکانی ئەو بیر بکەنەوە؛ واتە ژیان بەسەربردن لە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریی پێشکەوتوو پێویستی بە: ١) ڕاگرتنی نیوەی خەڵکی جیهان لە هەژاریدا تاکو دیتران بتوانن درێژە بە بەرخۆرگەراییەکەیان بدەن. ٢) بە فیڕۆ دانی سەرچاوە و ئاخێزگە سروشتییەکانی زەوی بە هەمان مەبەست. ٣) بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایانەی بڕیارە فڕێ بدرێن، چۆن ئەمە تاکە ڕێگای دەستگرتن بە سەر ماشێنی سیستەمی سەرمایەدارییە. خەڵك بڕوا ناکەن شێواز و ڕێگەکانی دیکەی ئیدارەی ئابووری باشتر لەمە نەبێ.

## میراتی مارکس:

رەنگە ئەوڕۆکە تیۆری مارکس جگەلە کونجکۆڵی عەقڵانی دیار نەبێت؛ ئەو تیۆرییەی بە هۆی باوەڕی دێرین بە پێشکەوتن، دواکەوتووە و سەرقاڵی دۆخی بژێوی چینی کرێکاری شاریی بریتانیایە. بەم حاڵەوەش ناعەقڵانی و بەرچاوتەنگییە ئەگەر هێزی رامانی یۆتۆپیایی مارکس بە کەم بگرین. زیاد لە یەك بەرە لە رۆشنبیران نەك هەر لە ئەوروپا، بەڵکو لە سەرتاسەری جیهان، لە ژێرکاریگەریی بیر و هزرەکانی ئەودا بوون. بە درێژایی ئەم سەدە شیمانەی ئەوە دەکرێ کە سەرجەم دەرکەوتوو و بە نێوبانگترین رۆشنبیرانی ئەوروپا خوێنەری بەرهەمەکانی مارکس بووبێتن. ژان پۆل سارتر [٣٣]، سیمۆن دوبووار[٣٤]"، میشل فۆکۆ[٣٥]و ئانتۆنیۆ گرامشی[٣٦] هەروەها کەسانێك وەکو هێربێرت مارکۆزە، تیئۆدۆر ئادۆرنۆ و یۆرگن هابرماس [٣٧] هەموویان لە سەروبەندێکدا ئیلهامیان لە نووسینەکانی ئەو وەرگرتووە. وەکیتر دەگوترێ تاقمێك لە دەرکەوتووترین سیما سیاسییەکانی رۆژگاری ئێمە بۆچوونەکانی مارکسیان وەرگرتووە و رواڵەتەکەیان گۆڕیوە. لێنین مارکیسزمی توێکاری کرد و دەستی تێبرد بۆ ئەوەی لەگەڵ وێناکانی لەمەڕ خواست و داواکانی سوسیالیزمی دەوڵەتیی رووسیا رێکیبخات و فیدل کاسترۆ[٣٨]ش بە هەمان شێوە ویستی وەڵامی گونجاو بۆ پێداویستییەکانی شۆڕشی کوبا دەستە بەر بکات. مائۆتسەتۆنك [٣٩] خوێندنەوەیەکی چینیی « لە راو بۆچوونەکانی مارکس » بە دەستەوەدا و گرامشی خوێندنەوەیەکی ئەورووپی. کارگێڕانی سۆسیالیزمی دەوڵەتی لە هەمووو شوێنێ دەستیان دایە یاری زمانیی کلیشەیی رووت سەبارەت بە ئایدیاکانی مشتومڕ و ناکۆکیی چینایەتی، بە بانگەوازی ئەوەی کە چینی کرێکار لە کۆمەڵگای ئەواندا سەرکەوتووە: بانگەوازێ کە بە تەواوی



دووره لە پێشبینییەکانی مارکس خۆی لەمەڕ نەمانی دەوڵەت و سەرهەڵدانی کۆمەڵگای بێ دەوڵەتی بە تاڵ لە چین.

ئەم بەشە، هەم ئاماژەی بە راکێشەربوونی بەربڵاوی مارکسدا و هەم بە شێوەی لابەلا بە کۆیەکی فراوان لەو تیۆرییانەی دەکرێ بە دڵئاوەڵاییەوە بە مارکسیستی دابنرێن. لقێکی هاوبەش کە بە نێو کورتە مێژووی فرەچەشندا تێدەپەڕێ —لە ئانتیتێزەکانی رێبازی فڕانکفۆرتەوە بۆ پۆپۆلیزمی[٤٠] خاوی شۆڕشی کولتووریی چین — رامانی پیاوێکە وتی دەیهەوێ وەکو بیریار نێوی ببرێ نەك وەك فەیلەسووف.

## پەراوێزەکان

١-Hegelian metaphysics
٢- Ricardian economics
٣-Marxist philosophy
٤- *German Ideology*
٥- Capital
٦- *Grundrisse*
٧-self-sustaining
٨-mechanistic determinism
٩- fatalistic
١٠- *Third Thesis on Feuerbach*
١١- idealism
١٢- *phenomenology of Spirit*
١٣- archetypal
١٤- World Spirit
١٥- Hegelian dialectic
١٦- Christian triad
١٧- *Eden*
١٨- slavery
١٩- feudal



٢٠- Dark Ages
٢١- bourgeoisie
٢٢- teleological
٢٣- Russia
٢٤- China
٢٥- Cuba
٢٦- ideology
٢٧- *What is to be Done*
٢٨- Theodor W. Adorno
٢٩- Herbert Marcuse
٣٠- Institute for Social Research in Frankfurt
٣١- Frankfurt School
٣٢- *Ideologiekritik*
٣٣- Jean –Paul Sartre
٣٤- Simone de Beauvoir
٣٥- Michel Foucault
٣٦- Antonin Gramsci
٣٧- Jürgen Habermas
٣٨- Fidel Castro
٣٩- Mao Tse Tung
٤٠- populism

## بەشی پازدەهەم:

# سیاسەت و جنسییەت

### ئایدیالۆژیای جنسییەت:

ئایدیالۆژیای جنسییەت[1]، کۆمەڵێك بابەتی گرێدراوی یەکتر دەگرێتەوە کە گرینگترینیان جیاوازی نەریتیی نێوان ژنان و پیاوانە لە رووی پلە و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسییانەوە. بابەتەکانی دیکە بریتین لە زەماوەند، راستی و ناراستیی تەڵاق، لە باربردنی منداڵ و بەرگرتن لە منداڵبوون، هاوجنس گەرایی[2] و بە گشتی رەفتاری جنسی.

### فەلسەفە و جنسییەت:

رەنگە ئەوەی کە کتێبێکی فەلسەفی بەشێکی تایبەت درابێت بە بابەتە جنسییەکان، جێگەی سەرسوورمانی خوێنەرانی بێت. ئاخۆ جنسییەت بابەتێکی شیاوە بۆ فەلسەفە؟

جیاوازیی ژنان و پیاوان لە رووی پلە و پێگەوە کە تایبەتی زۆربەی کۆمەڵگاکانە، هەندێجار فۆرمی یاسایی لە خۆگرتووە و بە پێچەوانە جارجارە ئەو گۆڕانکارییانەی لەمەڕ پلە و پێگە دێتە ئارا، بەری گۆڕانی یاسایە. بە هەرحاڵ **یەکەم** ئەوەی کە رێسا و یاساکان، بابەتی ماف (یاخود فەلسەفەی ماف) ن و ئەنجام هەر چەشنە ناکۆکییەکی پلە و پێگەی وەستاو لە سەر یاسا، هێزەکی بابەتێکی گونجاوە بۆ رامانی فەیلەسوف. **دووهەم**، ئامۆژە ئەخلاقییەکان و فێرکاریی ئایینە سوننەتییەکان بریتین لە ژمارەیەکی زۆر



حوکمی بنەڕەتی سەبارەت بە چۆنێتی رەفتاری هەر دوو جنس. ئیعتبار یان بێ ئیعتباریی فرمانە ئەخلاقییە تایبەتەکان بەشێکە لە فەلسەفەی ئەخلاق (یاخود دەبێ وابێ). **سێهەم** و گرینگتر لە هەموو ئەمانە گوایە فەلسەفە وەکو بابەتێکی گونجاو دەڕوانێتە جنسییەت؛ چونکە ئایدیالۆژیای جنسییەت تێکەڵ بە بیروڕاکانی پەیوەست بە سروشت بووە؛ واتە ئاوێتەی تیۆرییەکانی سەر بە پرس و بابەتی سروشتی و ناسروشتی نۆڕم و نانۆڕم و « سروشت دژ بە بارهێنان » بووە. ئەم بیرو بۆچوونانە بە شێوەی زاتی بەرگ و سیمای فەلسەفییان پێوەیە ئێمەش زیاتر ئەم پرس و بابەتانە دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئەمەی کە سەرجەم جیاوازییەکانی نێوان مرۆڤەکان سروشتی نین، پرسێکی سەرپێی و کۆنە. زۆربەی جیاوازییەکان کۆمەڵایەتی یان دەروونین. یەك لە سەرنجڕاکێشترین نموونەکانی جیاوازی یان کۆمەڵی جیاوازییەکان دامەزراوەی هێندیی[3] کاست[4]ە.

ئەمەش کە خەڵکی ئاسایی و بێبەری لە رامانی ئەندیشەیی بە زۆری جیاکاری ناکەن لە نێوان جیاوازیی سروشتی و جیاوازیی کۆمەڵایەتییدا، بابەتێکی سەر پێییە. ئەم جیاوازییە خۆی لەزەینی زۆربەی خەڵکی ئاساییدا بە دەگمەن بوونی هەیە، بەڵام ئەم جیاوازییە لە باسەکەی ئێمەدا گەلێك گرینگە و لە درێژەدا زیاتر باسی دەکەین، بەڵام سەرەتا با بزانین فەیلەسووفە واقیعییەکان لەبارەی پلە و پێگەی ژنەوە نووسیویانە؟ ئاخۆ فەیلەسووفە واقیعییەکان سەبارەت بە بابەتە جنسییەکان دواون؟ بەڵێ، ئەفلاتوون، ئەرەستوو، رۆسۆ، شۆپنهاور و جۆن ستوارت میل لەو کەسانەن پلە و پێگە و سروشتی ژنیان وەکو بابەتێکی گونجاو رەچاو کردووە. هەروەها ساڵانی دوایی فیمینیزم بوو بە تەوەری توێژینەوە و لێکدانەوەی گەلێك فەیلەسووفی فەرەنسا، کەنەدا[5] و ئەمریکیی، هەڵبەت ئەمانیش هەمان پرسیار لەمەڕ پلە و پێگەی ژن گەڵاڵە دەکەن.

ماوەی سی چل ساڵە بابەتە جنسییەکان بە شێوەی جیددی لە لایەن فەیلەسووفانەوە تاوتوێ دەکرێن. بۆ نموونە نووسینی وتار لەمەڕ تەلاق و ئەخلاقی بەرگرتن لە منداڵبوون، راجرسکرۆتەن[٦]ی فەیلەسووفی ئینگلیزی و تۆماس نیگلی[٧]ی ئەمریکی هەر یەك هەوڵیان داوە لادانی جنسی[٨] پێناسە بکەن. گۆچارە فەلسەفییەکان بەم دواییانە دەستیان داوەتە چاپی وتار لە سەر هەندێ پرسیاری ئەخلاقیی پێوەندیدار لەگەڵ هەمەگیریی «ئایدز».

## فەلسەفە و فێمێنیزم:

فێمێنیزم چییە؟ فێمێنیستەکان دەڵێن رێسا و یاسا کۆمەڵایەتییەکان سەبارەت بە ژنان نادادوەرانەیە. ئەمە بانگەوازی سەرەکیی فێمێنیزمە. ئەم نادادوەرییە لەم واقیعانەدا کە لە درێژەدا باس دەکرێن دەرکەوتوو:

لە رووی مێژووییەوە ژنان لە زۆربەی کۆمەڵگاکان دەسەڵاتی سیاسییان نییە و تەنانەت ئەورۆکەش لە چاو پیاوان خاوەنی دەسەڵاتی کەمترن. ئاستی خوێندەواری ژنان پێشتر و هەنووکەش لە زۆربەی کۆمەڵگاکان خوارتر و نەویترە لە پیاوان. ژنان ئیزنی گێڕانی دەوری شیمانەکراویان لە ژیاندا کەمترە لە پیاوان و دەرفەتی کەمیان بۆ کارێکی شیاو دەستکەوتووە. بانگەوازی ئەوە دەکرێت کە ژنان بە حەقدەستی کەمتر لە پیاوان کاریان لە زۆربەی کۆمەڵگاکان دژوارترە. ژنان (سەرکەوتووانە) هاندراون کە وەکو جنس بەرێز و حورمەتێکی کەمترەوە سەیری خۆیان بکەن.

ئامانجی فێمێینیستەکان کۆتایی هێنانە بەم بارودۆخە لە رێگەی بەڵگەهێنانەوە و بە چالاکیی سیاسی تا ئەو رادەی مومکین و گونجاو بێت. فێمێنیزم زۆر تازە نییە. ماری چولستۆن کرافت کە خوازیاری مافی دەنگدان بۆ ژنان بوو و ژنانی ویستیاری دیکەی ئەم مافە بۆ نموونە ڤیرجینیا چۆڵف[٩] و



سیمۆن دووبوار هەموویان فێمێنست بوون و ئەگەر هەمووان ورد بڕوانن بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەگەڵ بیروڕا شاراوەکانی نێو شانۆنامە و ڕۆمانی نووسەرە ناودار و بەروالەت هەمەکییەکان بەرەوڕوو دەبنەوە. فێمێنیزم وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هاوڕێی بزووتنەوەی جۆراوجۆرە. بزووتنەوەی هەنووکەیی فێمێنیزم کاریگەریی بەرچاوی لە سەر پرسی دامەزران و خوێندنی باڵا داناوە.

## چاوەڕوانییەکان و جنسییەت:

جنسییەت و جیاوازییە جنسییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر ژیان رێکدەخەن. یەکەم پرسیار کە سەبارەت بە ساوای تازە لە دایکبوو دەکرێ ئەوەیە کە «کوڕە یان کچ؟ » لە دایکبوونی کوڕ لە کۆمەڵگا نەریتییەکان هۆکاری شادی و خۆشحاڵییە و لە دایکبوونی کچ پەژارە و ناڕەحەتی لەگەڵە.

ژنان و پیاوان بە شێوەی سروشتی وێنایەکی جیاوازیان لە جیاوازیی **پلە** و **پێگە**ی خۆیان هەیە. لەوانەیە ژن لە بەر هۆکارێکی تایبەت رقی لە جیاوازیی پلە و پێگە بێت. لە حاڵێکدا لەوانەیە پیاو چ هۆکارێکی تاکەکەسی بۆ هەست بە دڵگرانی لا نەبێت. کاتێ کە ژنان لە باتی ئەوەی دڵگیربن، بە جیاوازیی پلە و پێگەکان رازی دەبن، ئەگەری پڕڕەنگ هەیە لە ساتەوەختی دەرکەوتنی دەرکەوتە ورد و بچکووکەکانی، زیاتر لە پیاوان تووشی سەر سوڕمان بن. رەنگە پیاوان زیاتر لە ژنان پێشوازی لەو گریمانە بکەن کە گوایە شێوەی رامان و کردەنواندنی جنسی بەرامبەر ئیگجار جیاوازە لە چۆنێتی رامان و کردەی جنسی خۆیان.

بێگومان هەموو کۆمەڵگایەك چاوەڕوانی رەفتاری، تا رادەیەك جیاواز و ناوێکچوو، لە پیاوان و ژنان دەکات. لە کۆمەڵگای خۆماندا وێنا دەکرێت ژنان

دلۆڤانتر لە پیاوانن و باشتر ئاگاداری رەهەند و لایەنەکانی پێوەندیی نزیك و پێداویستییە مرۆییەکانن. توانای دەرکی چاکتری واقیعی دەروونناسی و باشتر فامکردنی پێشڤەچوون و گەشەی مرۆڤ، کەسایەتی و گەشەی دەروونی مرۆڤیان هەیە. گریمان پیاوان لە چاو ژنان هەست و سۆزیان کەمترە. چاوەڕوان دەکرێ ئەوان باشتر. توانای فامکردنی ماشێن و تەکنیکی مۆدێرنیان هەبێت. هەروەها وێنا دەکرێت دەرك و فامی ئەوان لەمەڕ واقیعە سیاسی و ئابوورییەکان زیاترە. لانیکەم مرۆڤناسێك لای وایە کە چاوەڕوانی و پێش گریمانەکان سەبارەت بە ئاکاری ژن و پیاو، لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان وەك یەك نییە. لەم رووەوە مارگرێت مید[١٠] دەنووسێ:

**«دابەشکردنی کار لە هەر کۆمەڵگایەکی ناسراو لە قاڵبی هەندێ شێوە و فۆڕمدا لە سەر دەستی مرۆڤ پەرەی پێدراوە کە بە زۆری پێوەندیی دووری لەگەڵ جیاوازییە بایۆلۆژییە سەرەتاییەکان هەیە. مرۆڤ لەمەڕ وێکنەچوویی سیمای جەستەیی و ئەرك، دەستی داوەتە شوبهاندن، بۆ نموونە جیاوازی دانان لە نێوان خۆر و مانگ، شەو و رۆژ، خێر و شەڕ، گرژی و دلۆڤانی، بە سەقامی و بێ سەقامی، خۆڕاگری و لاوازی. جارێك سفەتێکیان داوەتە پاڵ جنسێك و جارێکی دی لێیان سەندۆتەوە. سەردەمانێك وێنا دەکرێ کوڕان ئێگجار ناسك و لاوازن و پێویستیان بە چاوەدێریی میهرەبانانە هەیە و سەردەمانێك وێنا دەکرێ کچان.**

**. . . . . . . هەندێ کەس ژنان بۆ کاری بەدەر لە ماڵ زۆر بە خەسارهەڵگر دادەنێن و هەندێکی دی لایان وایە ژنان لەو رووەوە «سەریان بە هێزتر لە سەری پیاوانە» بۆ کێشانی باری قورس لە بارترن. . . چ سەروکارمان لەگەڵ بابەتی بچووکدا بێت و چ لەگەڵ بابەتی گەورە، چ رووی دەم و زەینمان لە کەرەسەی منداڵانەی جوانکاری و خەملاندن بێت و چ بەرەو پیرۆزکردنی پێگە و شوێنگەی پیاوان لە جیهاندا بڕۆین، ئەم فرەڕەنگی و فرەچەشنی شێوە و رێگایانە**



**بەدیدەکەین کە زیاتر لە بنەڕەتەوە جیاوازییان هەیە لە یەکدی و دەوری ئەم دوو جنسە لەواندا بە ئولگوو و سەرچەشن گیراوە، بەڵام ئێمە بەردەوام بینەری ئولگووسازییەکی. . . . . . ین. چ کولتوورێك نادۆزینەوە کە وێنا کرابێت سەرجەم سفەتە ناسراوەکان — ساویلکەیی و وریایی، جوانی و ناشیرینی، هاوڕێیەتی و دوژمنایەتی، داهێنان و هەڵکردن، لەسەرخۆ و مەند بوون و پێداگرتن — تەنیا و تەنیا سفەتگەلێکی مرۆیی بن.**

فێمێنیستەکان تێدەکۆشن بە چاوکراوەییەوە بڕواننە جیاوازییە ئەکیدە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ژنان و پیاوان. ئەوان رەخنەگری سەرەکیی ئەو گریمانە گشتییانەن کە ئاکار و رەفتاری سروشتی و پەسەندکراوی ژنان و پیاوان دیاریدەکات و لایان وایە ئەم گریمانە گشتییانە دژ بە چاکە و سوودی ژنانە. کەتی میلێت[١١] لە کتێبی سیاسەتی جنسی[١٢]دا ئاماژە بەوە دەکات کە چەمکە پەسەندکراوەکان سەبارەت بە ئاکار و رەفتار و ئەرکی پیاوانە و ژنانە و بە کۆمەڵایەتیبوونی کوڕان و کچان بۆ پێڕەوکردنی ﴿چەمکە پەسەندکراوەکان﴾ گەرەنتیکەری مانەوەی دەسەڵاتی کۆمەڵگایە لە دەستی پیاواندا.

## یەك جنس یان دوو جنس؟

سیمۆن دووبوار ساڵی ١٩٤٩ نووسیویەتی:

**«لە راستیدا پیاسەکردن بە چاوی کراوە بۆ سەلماندنی دوو تاقمەیی مرۆڤ بەسە. دوو تاقم کە جلوبەرگ، سیما و رواڵەت، جۆری پێکەنین و هەنگاوهەڵگرتن، خواست و حەز و رابواردنیان گەش دیارە کە لە یەکدی جیاوازە»**، بەڵام لەولاشەوە ئەم وێنا قووڵ و دژوازە بوونی هەیە، کە مرۆڤ لە راستیدا تاك جنسییە. یەکێك لەو رێگایانەی ئەم وێنا قووڵ و لەوانەشە ناخۆشیارە ئاشکرا دەکات لەم گریمانەدایە کە ژنان تەنیا پیاوانی نائاساییین. ژنان بە پیاوی منداڵ، یان پیاوی نەخۆش یان پیاوی

نەزۆك پێناسەكراون. دەتوانن ئەم چەشنە رامانە سەیرە لە بەرهەمەكانی ئەرەستوو، شوپنهاور، فرۆید[١٣] و ئۆتۆ وینینگەردا[١٤] بەدیبكەن. هەروەها ئەو وێنای كە مرۆڤ جۆرێك تاكەجنسییە، یان دەتوانێ بگۆڕێ بۆ یەك جنس لە نووسراوە فێمێنیسییەكاندا بەرچاو دەكەوێ كە لایەنگریی لەوشتە دەكەن كە دەكرێ بە **ئایدیالی دووجنسییەتی** [١٥] ناوزەد بكرێ.

بە پێی ئایدیالی دووجنسییەتی باشترین دۆخی مومكین دۆخێكە لەودا، ئەركە جنسییەكان؛ لەوانە ئەركی تێكەڵبوون، زكپڕیی و دایكایەتی هەڵگیریەت. لەم هەلومەرجەدا هەموو پێوەندییەكان بۆیان هەیە لە دەسەڵات، زاڵێتی و نادادوەری بەتاڵ بن. ئایدیالی دووجنسییەتی دەتوانێ لە داهاتووی نزیك، بە بەكارهێنانی تێكەڵبوون و پیتاندنی دەستكرد و ئەو بەرنامە زانستییانەی دەرفەتی درووستبوون و گەشە و بەدیهاتنی منداڵ لە لابراتووارەكان دەڕەخسێنن، بێتەدی. ئەم لقە تایبەتەی فێمێنیزم بانگەشەی ئەوە دەكات كە تایبەتمەندییە دەروونناسییە تایبەتییەكان لەمەڕ ژنان و پیاوان ئەنجام بەری ئەندازیاریی كۆمەڵایەتییە. ئەركی ئێمە لە بیركردنی ئایدیالۆژیا بنچینەییەكانە، تا ئەو ئاستەی ژنان رێگەیان ببێت بە هێز و نەترس، راڤەكار و لۆژیكمەند بن و چەشنی منداڵان حەزیان لە شت و كاروباری بێبایەخ و كەسەرهێنەر نەبێت. بەرامبەر بەمەش ئەگەر هێشتا كەسێك پێیوایە سۆزداری و هەستیاری بایەخمەندن، پیاوانیش دەتوانن سۆزمەند و هەستیار بن.

## جۆرە جیاجیاكانی فێمێنیزم:

پێدەچێت ئەركە ژنانە باوەكان لای گریمانی ئایدیالی دووجنسییەتی، ساویلكانە، كەسەرهێنەر و بێبەها بێت، لە حاڵێكدا پێدەچێت ئەركە باو و ئاساییەكانی پیاوان جێ‌سەرنج و سەیر و لە روانگەی مرۆییەوە گرینگ بێت.



ژنان خاوەنی تایبەتمەندی و توانای تایبەتین و میتۆدێكی بیركردنەوەی ژنانەی دیاریكراویان هەیە، كە لە چاو هزری پیاوانە بەرهەستتر و لە رووی سۆزدارییەوە، زێدەتر راستگۆ و رۆنە و داهێنەرانەیە. ئەمە كەیسێكی رەسەنە بەراورد بە شێوەی رامانی زانستییانە، عەقڵانی، لۆژیكی و راڤەكاری پیاوان. ئەرك و پرسیارێتی فێمێنیست هەوڵدان بۆ هێنانەدی ئایدیالی دوو جنسییەتی نییە، بەڵكو زیاتر دڵنیا بوونە لەوەی كە كۆمەڵگا بایەخی راستەقینەی توانا و چاكە ژنانەكان دەرك بكات؛ ئەو چاكە و تواناییانەی بە درێژایی چەندین سەدە و سەردەم بەردەوام كەوتۆتە بەر تانە و توانجی كۆمەڵگا زنجیرەپلەییەكان.

هەروەها لە بارەی پێویستیی یەكسانی لە شوێنی كار، دوو قوتابخانەی فیكریی ئامادەی بزوتنەوەی فێمنیستییەكانە:

یەك را، هاتۆتە سەر ئەوەی كە یەكسانی لەگەڵ پیاوان لە شوێنی كاردا، ئامانجی بنەڕەتیی فێمێنیزمە. بڕوای قوتابخانەی فیكریی دیكە ئەمەیە كە نابێ دوای وەها یەكسانییەك بكەوین. كۆمەڵگا دەبێ جیاوازی جنسی، هەر چەند لە شێوە نوێكانیدا، بەرەسمی دابنێت؛ چونكە رەفتاری یەكسان لەگەڵ ژنان و پیاوان بە مانای رەفتاری نادادوەرانەیە بەرامبەر بە ژنان. ژنان دەبێ منداڵیان ببێت و زیاتر دەبێ چاوەدێری لە منداڵان بكەن. لە راستیدا زۆربەی ژنان چێژ لە چاودێریكردنی منداڵەكانیان دەبینن. جەختكردن لە هەلومەرجی یەكسانی كاركردن (واتە كاری بە دەر لە ماڵ) بەو مانایە كە ژنان لە واقیعدا چەندین كاتژمێر كاری زیاتر لە پیاوان دەكەوێتە سەرشانیان، هاو چەشنی یەكیەتی سۆڤییەتی پێشوو، بەڵام بێگومان ئەگەر هەل و مەرجی « یەكسان » ی كار، دابەشبوونی نادادوەرانە و نایەكسانی كاری لێبكەوێتەوە، هەر لەسەرەتاوە بەراستی یەكسان نین. پێدەچێت جیاوازی نێوان ئەم دوو روانگە لە ئاكامدا لەبەر سەر لێشێواوی و هەڵەكردنی مانای وشەی « یەكسان » بێت.

## جنسییەت و جنس:

لە حاڵێکدا زۆرینەی پیاوان و بەشێك لە ژنان قایلن بەوەی کە یاسا و داب و نەریتە چێکردییەکانی مرۆڤ لە راستیدا بەدیهێنەر و پارێزەری جیاوازی ژنان و پیاوانە لە رووی پلە و پێگەوە، بەم حاڵەوەش پێ لەسەر ئەوەی کە جیاوازییە سروشتییەکان، پێویستی یاسا و داب و نەریتەکان دادەڕێژن، دادەگرن، جنسییەت خۆی جیاوازییەکی سروشتییە کە دەبێ یاسا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە رەچاوی بکەن.

بەم حاڵەوەش، ئەگەر باسی زانستی باوی مێژووش نەکەین، بەڵگە مرۆڤناسییەکان دەیسلەمێنن کە ئەم یاسا و داب و نەریتانە هەموو کات کۆمەڵێکی یەکەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان پیاوان و ژنان بەدیناهێنن و نایسەپێنن، بەڵکو کۆمەڵگا جۆراجۆرەکان خولقێنەری جیاوازییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانن.

جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان زایەڵەی جیاوازییە سروشتییە گشتییەکان نییە، بەڵکو بە شێوازی فرەرەنگ بگێڕەوەی گرینگییانە. جیاوازی جنسی بە تەنیا ناتوانێ وەکو هۆکاری سەرجەم نۆرمە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بەرفرە و جۆراوجۆرەکان لە قەڵەم بدرێت کە بە زۆری تێبینی دەکرێن.

فێمێنیستە تازەکان بۆ ئەوەی ئاراستەی ئەم بابەتە پێشکەش بکەن، لە نێوان جنسییەت لە لایەکەوە و ئەوەی جنس[16] ی پێدەڵێن لە لایەکی دیکەوە، جیاوازی دانێن.

جیاوازیی سەر بە جنسییەت جیاوازییەکە لە سروشتدا دەرکەوتووە، بەڵام گرینگییە سروشتییەکەی زیاتر لە چوار چێوەی زاوزێ و عەشقی جنسیدا ئاستەنگ دەبێتەوە.



لە لایەکی دیکەوەش « جنس » بە هیچ شێوە دادەیەکی سروشتی نییە. جنس لە کۆمەڵێکی هەرە گەورەی یاسا، داب و نەریت، تیۆری دەروونناسی، شێوەی بارهێنانی منداڵان، هۆشداریی شێوەی هەڵسوکەوت هتد پێکهاتووە. بە کورتی دەبێ بگوترێ جنس سروشت نییە بەڵکو پەروەردەیە. ئەرکەکانی پەیوەست بە جنسییەت لەوانە تێکەڵبوون و زکپڕی، رەگیان لە فیزیۆلۆژیا واتە لە سروشتدایە. بەڵام ئەرکە جنسییەکان لە سەر دەستی مرۆڤ دابینکراون. هەر تاکێك بە پێی ئەرك و بەرپرسیارێتی ژنانە یاخود پیاوانە کۆمەڵگای خۆی پەروەردە دەکرێت، زۆربەی خەڵك بە شێوەی ناعەقڵانی لایان وایە ئەرکە جنسییەکان بارتەقای جیاوازییە فیزیۆلۆژیکییەکان، سروشتین. بەڵام سەرەڕای لێکدانەوە و بەڵگە هێنانەوەی فێمێنستەکان لەمەڕ جنسییەت وجنس، زمانناسان[17] و کەسانی وردبین نارەزایی دەردەبڕن کە گوایە وشەی «جنس» لەگەڵ رێزماندا پێوەندی هەیە. کەوابوو پێویستە هۆکاری گونجاو بوونی وشەی «جنس» بۆ بونیادە کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ بکەین. جنس بریتییە لە دەستەبەندیکردنی رێزمانیی هەموو ناوە مێیینە و نێرینەکان (هەروەها لە هەندێ زماندا بۆ بێ جنس و پووچەڵەکان) . هەڵبەت زمانی ئینگلیزی ئەم دەستەبەندییەی تێدایە، بەڵام جنسی مێیینە و نێرینە واقیعگەرایانە ناودەبرێن، واتە تەنیا پەیوەست بە مرۆڤ و ئاژەڵەکانی دیکە. زمانی ئینگلیزیدا بۆ ئاماژە بە شتێکی بێگیان ئاوەڵناوی it ﴿ = ئەوە﴾ بەکار دەبرێ، نەك ئاوەڵناوی he یانShe ﴿= ئەو ﴾. لە لایەکی دیکەوە زمانی فەرەنسی تەنانەت شت و مەکی بێگیانیش یا مێیینەیە یان نێرینە.

برێك لە زمانەکان سێ جنسیان هەیە ﴿ بە جنسی پووچەڵیشەوە ﴾ کەچی هێشتا رێگە دەدەن ئاوەڵناوی « ئەو » بۆ شتی بێگیان بەکاربرێت جنس لە راستیدا چەمکێکی رێزمانییە، بەڵام لە بنەرەتدا دزەکردنی مانا لە دەستەبەندی

ڕێزمانییەوە بۆ دەستکرد و سازدراوە کۆمەڵایەتییەکان بێجێگە نییە. جنسی ڕێزمانیی هاوشێوەی دەستکردی جنسییەتی سروشتییە؛ واتە جۆرێك جنسییەتی خەیاڵی کە داهێنراوی مرۆڤە. جنسی ڕێزمانیی لاساییکردنەوەی جیاوازیی جنسیی سروشتییە. لە چەمکی فێمێنیستیی جنسدا جۆرێکی بە تەواوی هاوشێوەی شوبهاندن دەبینین. بە دەربڕینی دی چەمکی فێمنیستیی جنس وێنایەکە لە جیاوازیی کۆمەڵایەتیی، واتە جیاوازییەکی دەستکرد کە لاسایی جیاوازیی سروشتی دەکاتەوە. ئەمە هەروەها نیشانی دەدات کە بەکارهێنانی وشەیەك لە مانای نوێدا، پێویستی بە وەستاندنی هەر قسە و مشت و مڕێکی کەسەرهێنەر و چڕوپڕ نییە. ئەم پرسە تایبەتی کاتێکە خەڵك تێنەگەن کە مانای وشەیەك بە ئەنقەست گۆڕاوە یا گشتێندراوە. لەمەڕ ئەم بابەتە هەنووکەییە مانای گشتێندراو گەش دیارە و نابەجێ و بێکەڵك نییە و دەرك و فامکردنیشی هێند زەحمەت نییە.

**هەڵاواردن:**

هەڵاواردن واتە جیاوازیکردن جیاوازیدانان لە نێوان خەڵکدا بە شێوەی زاتی شتێکی خراپ دیار نییە. خەڵك وەکو تاك، هەروەها وەکو ئەندامانی نەتەوە، ڕەگەز، چین و جنسە جۆراوجۆرەکان بە ڕاستی جیاوازن لەیەکدی. بەڵام دەستبەجێ ئەم پرسیارە دێتە ئارا کە چی وادەکات فلان و فیسار شت، هەڵاواردنێکی نادادوەرانە بێت؟ دەبێ لە نێو وەڵامی پرسیاری دیکە لە وەڵامی ئەم پرسیارە بگەڕێین (پرسیارێك کە نیچە لە بوارێکی دیکەوە گەڵاڵەی کردووە)؛ واتە پرسیار لەوەی کە کێ سوود دەبینێ؟ کە باس لە سەر ئایدیالۆژیایەکی تایبەت بێت کە جیاوازی و هەڵاواردنی تێدا بەدیکراوە لەوانەیە تا ئەو کاتەی نەزانین چ کەسانێ سوودی لێ ئەبینن، چۆناوچۆن سوود وەردەگرن و ئاخۆ



هۆکارێك —چاك یان خراپ- بۆ ئەم سوود و بایەخە لە ئارادایە، نەتوانین دادوەرانە یاخود نادادوەرانەبوونی هەڵسەنگێنین. وەکچۆن نیچە دەڵێ، ئایدیالۆژیا زیاتر گەڵاڵەکردنی بانگەوازێکی تایبەتە. بەم چەشنە، پێویستە وێنامان سەبارەت بە ئەو ﴿ئایدیالۆژیا﴾ کاتی بێت. بۆ نموونە کە ساڵی **١٨٥٧** دیوانی باڵای وڵاتی ئەمریکا حوکمی دەرکرد «ڕەشەکان بوونەوەرانێکی پلەخوارترن و تا ئەو ئاستە بێبەهان کە نابنە خاوەن چ مافێك تاکو سپییەکان ناچار بن ڕێزیان بگرن» خالێکی هەرەباشی گەڵاڵەکردنی بانگەوازی **بێبنەمای** بە دەستەوە داوە.

ناکرێ لە خۆوە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە چ کەسانێ سوود دەبینن حوکمی دادوەرانە بوون و نادادوەرانە بوونی جیاوازی و هەڵاواردنەکان دەربکرێت، بەڵام ئەمە خالێکی دەستپێکی خراپ نییە.

## پەراوێزەکان

١- ideology of sex
٢- homosexuality
٣- Hindu
٤- caste
٥- Canada
٦- Roger Scruton
٧- Thomas Nagel
٨- sexual perversion
٩- Virigina woolf
١٠- Margaret Mead
١١- Kate Millett
١٢- *sexual politics*
١٣- Freud
١٤- Otto Weininger
١٥- androgynous ideal
١٦- *gender*
١٧- Purists

# نەسکی چوارەم

# فەلسەفەی زانست

## بەشی شازدەهەم:

# مێتۆدەکانی زانست

چەمکی زانست لای هەندێکەس دەبێتە هۆی وروژاندنی وێنەی جیاواز لە لای کەسەکان: مامۆستای شێتی سپیپۆش، چرا بۆنزەنەکانی ناو تاقیگەی قوتابخانەکان، سەرکەوتن لە نەشتەرگەریی پێوەنددانەوەی ئەندامەکانی لەش و مەترسیی پیسبوونی ژینگە. چما هەموومان کەم تا زۆر پشتڕاستی دەکەینەوە کە زانست هەم زۆر بەبایەخ و گرینگە و هەم هاوکات لە دیکەی بوارەکانی توێژینەوە جیاوازە، رەنگە لەبەر ئەوەی زانست بۆتە هۆی گۆڕانی بنەڕەتی و بەر فراوان لە ژیانی ئێمەدا. تەنانەت ئەگەر کەسێك رقی لە زانست بێ، ئەبێ دان بەوەدابنێت کە زانست پرۆسەیەکی هەرەپڕ دەسکەوت و بەرز و بە نرخە. بۆچی زانست وەها سەرکەوتنێکی بەدەسهێناوە؟ ئایا سەرکەوتنەکەی قەرزداری مێتود یان شێوازەکانییەتی؟ ئایا شتێك بە ناونیشانی مێتودێکی زانستیی تایبەت بوونی هەیە؟ ئەگەر ئەرێ ئەم مێتۆدە چییە؟ باسەکەمان بە لێکدانەوەی مانای وشەی «زانست» دەستپێدەکەین تاکو سەدەی نۆزدهەەم هەر لقێکی مەعریفە یان زانستی تیۆریك وەکو زانست لە قەڵەم دەدرا، بەڵام لەوە بەدواوە بە شێوەیەکی پەرەئەستێن ئەم وشە تەنیا ئەو لقانەی زانستی دەگرتەوە کە پەیوەست بە جیهانی مادیییەوە بوون. ئەوڕۆکە هەرچەند زانستی ئایدیال یان نموونەیی، زانستێکە پەیوەستە بە ماددەوە، بەڵام هاوکات، ئەو زانەڤانانەی [١] لە پانتاییەکی تردا سەر قاڵی چالاکین پێیان خۆشە لقی خوێندنەکەی خۆیان بە



زانستیی ناوزەد بکەن، لەم رووەوە، پسپۆڕەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مرۆڤناسی، ئابووری[٢]، زمانناسی[٣] زمانناسیی مێژوویی [٤] و دەروونناسی زانستن، سەرەڕای ﴿بوونی﴾ ئەم بانگەشانە کە ناعەقڵانیش نییە، لە ئەساسدا، ئێمە وشەی زانست بۆ ئەو لقانە لە زانست بەکاردێنین کە لە جیهانی سروشتی دەکۆڵێتەوە، هەڵبەت ئۆرگانیزمە زیندووەکانیش لە سەربە شتە سروشتییەکانن.

### بینین و تاقیکردنەوە:

ئەگەری پڕڕەنگ هەیە، کە زۆربەی زانا و فەیلەسووفەکان پشتڕاستی دەکەنەوە کە یەکێ لە بەشە حەیاتییەکانی میتۆدی زانستی کەڵك وەرگرتن لە تاقیکردنەوەکانە. زیاتر دەگوترێ پێشکەوتنی عەقڵیی ملکەچی تاقیکردنەوەیە کە زاناکان ئەنجامی دەدەن و بە شێوەیەکی وردبینانە لە دەرەنجامەکانی دەکۆڵنەوە. کەچی دواکەوتنی عەقڵیش لە کاتێکدا روو دەدات کە تاقیکردنەوەکان بە وردی جێبەجێ نەکرێن و دەستکەوتی باشیان نەبێ یان هەر تاقیکردنەوە ئەنجام نەدرێ. ئەوانەی کە وەها باوەڕێکیان هەیە دەڵێن دەکرێ بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشە نموونەی بەرفراوان لە مێژوو ئاراستە بکرێ، بۆ نموونە؛ جالینووس[٥] (٢٠١-١٣٠ پ. ز) پزیشکی یۆنانی توێکاری جەستەی مردووەکان، یان بە دەربڕینێکی دی، بە تاقیکردنەوە، شتی زۆری لە سەر پێکهاتەی بازۆڵە کەشفکرد. جالینووس دەسپێشخەر و داهێنەری زۆرێك لە تەکنیکە پزیشکییە نوێکان بوو. دواتر، وەك دەڵێن لە سەردەمانی رەشدا، وێنا دەکرا کەونینەکان و لەوانە خودی جالینووس، چ هەڵەیەکیان نەکردووە. کەوابوو، سروشتناسان ئەو ئەرکەیان نەکێشا کە بۆ خۆیان لە چۆنێتی کاری بازۆڵەکان بگەن، بە گشتی لە سەر ئەم باوەڕە هاودەنگن کە لەم سەدانەدا

زانست و بەتایبەت زانستی پزیشکی، پێشکەوتنێکی کەمی بووە یان هیچ چەشنە پێشکەوتنێکی نەبووە.

ئەم گریمانە کە یۆنانییەکان تووشی هیچ چەشنە هەڵەیەك نەبوونەتەوە لە خولی رێنێسانسدا کەوتە بەر رەخنە. وسالیۆس [٦] (١٥١٤ — ١٥٦٤) بۆ خۆی دەستیدایە تاقیکردنەوە و بۆی دەرکەوت کۆمەڵێك لە وەسفکردنەکانی جالینووس تەنیا لە سەر بازۆڵەی سەگەکان راستە نە لە سەر بازۆڵەی مرۆڤ. رەنگە جالینووس توێکاریی چەندین جۆر ئاژەڵی کردبێت، بەڵام یان ئەم راستییە لە بیر کرابوو، یان بە شێوەیەکی دی نەبان ببوو. رۆحی پرسیارکەری رێنێسانس کە و سالیۆس سەر نموونەی زەقیەتی، ئەم دەرفەتەی رەخساند کە لە بەستێنەکانی زانستدا بە گشتی، هەنگاوی بەرز هەڵگیردرێ، هەرچەند پێویستە بگوترێت کە زانستی پزیشکی خۆی تاکوو سەدەی نۆزدەهەم پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بە دەسنەهێناوە، بەڵام ساویلکەییە ئەگینە ئەو دەرەنجامە کە پێشچەچوونی زانستیی بە تەواویی گرێدراوی خواستن یان نەخواستنی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانەوە بێت. هەرچەند پێدەچێت کە ستایشی سەدە ناوەڕاستییەکان لە پێشوویەکانی خۆیان بۆ ماوەیەك دوور و درێژبمێنێتەوە — ستایشێك کە رێك گرینگیدان بە بەڵگەکانی ﴿بەدەستهاتوو﴾ لە سەردەستی هەستەکان بوو — بەڵام ناکرێ داکۆکی لەوە بکرێت کە زانەڤانەکان سەرلەنوێ هەموو تاقیکردنەوەکانی پێشوو دووپات بکەنەوە، چونکە ئەم کارە دەرفەتێك بۆ تاقیکردنەوەی تازە ناهێڵێتەوە .

## تیۆرییەکان وهەڵێنجانەکان: هەمپێل و پۆپەر

مێتودی زانستیی پتر لە بینین و تاقیکردنەوەیە. زانەڤانەکان بەم مەبەستەوە تیۆرییەکان پۆلێنبەندی دەکەن تاکو بتوانن دەرنجامەکانی تاقیگەکان



روونبکەنەوە و پێشبینیی وردی بینینەکانی داهاتوو دابینبکەن، بەڵام ئێمە چۆناوچۆن لە بینینەوە دەگەینە تیۆریی؟ و تیۆرییەکان چۆناوچۆن لە زانستدا بە کاردێنین و کەڵکیان لێوەردەگرین؟ کارڵ هەمپێل[٧] لێکدانەوەیەکی لە سەر چۆنێیتی کاری زانەڤانەکان کە بە تەواوەتی ناسراون و تا ئەم دواییانەش لە لایەن جەماوەرەوە پەسەند بوو، بە دەستەوە داوە. هەمپێل گوتی زانست لە سەر مێتودی **گریمانەیی- قیاسی**[٨] وەستاوە. ئەمە بەو مانایە کە گریمان دەکرا زاناکان کارەکانیان بە ئەنجامدان و تۆمارکردنی بینینەکانیان لە بەستێنێکی لێکۆڵینەوەیی تایبەتدا دەستپێدەکەن و دواتر لە سەر یاسایەکی پەرگیری گریمانەییدا پۆلێنبەندیی دەکەن و لە قۆناغی سێیەمدا ئەم یاسا گریمانکراوە وەکو سەرەتایەك لە بەڵگاندنی قیاسیدا بە کاردێنن.

**هەنگاوی یەکەم:** برێك سیم و باتریەك دێنین و تێپەڕ بوونی ئەلەکتریستە لە شتە جۆراوجۆرەکانی وەك زیۆ، ئاسن، مس، برنج و فلزی دی تاقیدەکەینەوە. دوایی دەبینین و تۆماری دەکەین کە هەموو ئەم شتانە، گەیەنەری ئەلەکتریکن.

**هەنگاوی دووهەم:** یاسایەکی گریمانەیی بەم شێوە پۆلێنبەندیی دەکەین: «تەواوی فلزەکان ئەلەکتریکن ».

**هەنگاوی سێهەم:** ئەم یاسا وەکو سەرەتایەك لە قیاسی خوارەوە بەکاردێنین. هەر فلزێك گەیەنەری ئەلەکتریکە. جیوە فلزە، کەواتە ئەو ماددە جیوەییانەی ددانی پێ پڕەدکرێتەوە گەیەنەی ئەکەلتریکن. سەرچەشنی یاسای پەرگیری هەمپێل لە هیچ روویەکەوە لێکدانەوەیەکی چڕوپڕی رامانی زانستیی‌نییە. ئەو هەر لە سەرەتاوە ئەو دەورەی شتە نەبینراوەکان (بابەتی تیۆریك) چەشنی یاسای راکێشان و مەگناتیس لە زانستدا دەیگێرن، وەلاخستووە، یان بە هەند نایگرێت. دووهەم، وەها پێناچێت کە نموونەی ئەو بۆ لێکدانەوەی رووداوە هەندەکییەکانی وەك کڕینی بلیت بۆ رۆشتن بۆ پاریس گونجاو بێ؛ چونکە لەو

رووەوە کە خەڵك بە مەبەستی جۆراوجۆر بۆ پاریس سەفەر دەکەن، هیچ یاسایەکی گشتی و پەڕگیر بۆ لێکدانەوەی ئەم دیاردە لە ئارادا نییە، بەم حاڵەوەش ڕۆشتن بۆ پاریس شتێك نییە لێکدانەوەی لە سەر نەکرێ.

لەوانەیە بکرێ بگوترێ کارڵ پۆپەر[٩] (١٩٠٢ — ١٩٠٤) بە ناوبانگترین فەیلەسووفی زانستی ئەم سەدەیە. لێکدانەوەکانی ئەو لە سەر بەڵگە زانستییەکان مافی خۆیەتی ناوی تیۆریی شیاوی پووچەڵبوونەوەی پێبدرێ.

بە بۆچوونی پۆپەر زانەڤانەکان تیۆریی زاناکان «بە تەواویی شیاوی پووچەڵ بوونەوە» پۆلێنبەندی دەکەن و دواتر تاقییان دەکەنەوە، بە دەربڕینێکی دی دەتوانین بڵێین زاناکان زۆربەی کاتی خۆیان بۆ سەلماندنی ئەوەی کە تیۆرییەکانیان هەڵەیە یان نا تەرخانکردووە. کاتێ کە زانایەك سەلماندی تەواوی تیۆریە زانستییەکانی ئەو جگە لە یەکیان هەڵەیە، ئەو لانیکەم بە پەلە دەگاتە ئەم دەرەنجامە کە ئەو تیۆرییانەی ماونەتەوە ڕاستن، بەڵام دروستیی چ تیۆرییەك تا سەر نییە. هەر تیۆرییەك لە ئاکامدا تەنیا گریمانەیەکە، کەوابوو بەردەوام ئەگەری پووچەڵکردنەوەی لە ئارادایە.

کۆمەڵێك ڕەخنە دراوەتە پاڵ ئەم تێبینییەی پۆپەر:

**یەکەم**؛ تاقیکردنەوەی هەر تیۆرییەك نامسۆگەر نییە، چونکە مرۆڤ بە یارمەتی لێهاتوویی خۆی دەتوانێ ژمارەیەکی بێکۆتای ئەم تیۆرییانە دابڕێژێت.

**دووهەم** ئەوەیکە پۆپەر لە ڕاستیدا ناتوانێ ڕوونیبکاتەوە کە لە بەر چییە هەندێ لە تیۆرییەکان هێندە ڕوونە کە لە ئەساسدا بۆ تاقیکردنەوە ناشێ. لە ڕاستیدا ئێمە متمانەمان بە عەقڵی سەلیم هەیە کە دەڵێ کام یەك لە تیۆرییەکان تا ئەو ڕادە سەقەتن کە شیاوی پێدا چوونەوە نین، بۆ نموونە گریمان کەسێکی بێئەزموون ئەم تیۆرییە پێشکەش بکات کە دەڵێ: سەرجەم مرۆڤەکان بەردەوام دەتوانن بە سەماکردن لە بەردەم بلیتفرۆشیدا بلیتی برایتۆن[١٠]



بەدەست بهێنن. ڕوون و ئاشکرایە ئەم تیۆرییە تەواو پووچەڵە، بەڵام کەسێکە عەقڵی سەلیمی نەبێ خۆی بەم تاقیکردنەوانە سەرقاڵ دەکات. سێهەم؛ تیۆریی پووچەڵ کردنەوە بە ڕواڵەت زۆربەی ئەو شتانەی زاناکان بۆ خۆیان خوازیاری پاراستنیان لە چوارچێوەی زانستدان لە زانست دەسڕێتەوە. پێویستە دوو بابەتی گرینگ لە بەر چاو بگرین: یەك ئەم بۆچوونە کە هەر ڕووداوێك هۆیەکی هەیە و ئەویتر تیۆریی کامڵبوون ئەم بۆچوونە کە هەر ڕووداوێك هۆیەکی هەیە؛ قووڵ لە تەواوی نەریتی زانستیی ڕۆژئاوادا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە و هێند بایەخدارە زانەڤانەکان، زەحمەتی هەڵوەشاندنەوەی بە خۆ نادەن، هیچ شکستێك بۆ گەیشتن لە هۆکاری بابەتێکی تایبەت هەرگیز بە مانای هەڵوەشاندنەوەی ئەم ئامۆژە نییە تاکو بە هۆیەوە وەکو ئامۆژەیەکی پووچەڵ نەکراو لە قەڵەم بدرێ.

تەنانەت لەمەڕ فیزیکی کوانتۆمی [١١] کاتێ کە لێکدانەوەکانی هۆیەکی لەگەڵ بابەتەکە ناگونجێن، زاناکان تەنیا دەڵێن لێرەدا چەمکەکانی هۆ و هۆکرد هێزی ڕوونکردنەوەیان نییە. پێدەچێت تیۆریی کامڵبوونی داروین لە بەر هۆکاری کەم تا کورتێك جیاواز پلەیەکی بەرزتری هەیە؛ ئەم تیۆرییە ڕاست وەکو تیۆرییەکی پووچەڵکراو لە قەڵەم نادرێ. بە دەربڕینێکی وردبینانەتر، تێگەیشتن لەوەی کە چۆن دەتوانین ئەم تیۆرییە پووچەڵ بکەینەوە ئاسان نییە. بە بۆچوونی پۆپەر، ئەم تیۆرییە هەڵگری لێکدانەوەی زانستییانە نییە. بەم حاڵەوەش، تیوریی تەکامول وەها پانتاییەکی بەرفرەی زانیارییەکان لێکدەداتەوە کە زیندەوەرناسەکان [١٢] پێیان خۆش نییە دەستی لێهەڵگرن. ئایا ئەگەر کەسێك ڕێگەچارەیەك بۆ تاقیکردنەوە بدۆزێتەوە و ئەم تاقیکردنەوە هەڵەکانی بخاتە ڕوو، دیسان دەتوانین بە خێرایی دەس لە تیۆری تەکامول داشۆرین؟ لێکدانەوەی پۆپەر بە ڕواڵەت دەلالەت دەکاتە سەر ئەوەی کە هەر کە یەکێك لە زانەڤانەکان یەك دوو جار پێچەوانەی ئەم تیۆرییەی بەرچاو کەوت، ئەم

تیۆرییە وەکو تیۆرێکی هەڵە دادەڕووخێ، بەڵام لە راستیدا زۆر جار هەڵدەکەوێ کە تیۆری دەکەوێتە پێش بینینەوە. کێ تیۆریی خۆرتەوەژیی مەنزومەی خۆر بە پێی چەند بینینێکی ئەزموونیی وازلێدهێنێ؟

## کووەن و فایرابەند

پۆپەر ساڵی ١٩٣٤ شاکاری خۆی *Dielogiker forschung* نووسی. ئەم کتێبە ساڵی ١٩٥٨ لە ژێر ناوی (**مەنتیقی دۆزینەوەی زانستی**) [١٣] وەرگێردرایە سەر زمانی ئینگلیزی. لەو کاتە بە دواوە تۆماس کووەن[١٤] و پولفایرابەند [١٥] جیا لە یەکدی، هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە باشترین رێگەی کەشفی شوناسی میتۆدی زانستیی بریتییە لە بینین و تۆمارکردنی چالاکییە راستەقینەکانی زانەڤانەکانی رابردوو و هەنووکە، نە فەلسەفەبافیی لە سەر توێژینەوەکانی کەسێکی یەکە.

سەرنجی «کووەن» لەمەڕ زاناکان، هەروەها توێژینەوەکانی لە مێژووی زانستدا ئەوی گەیاندە ئەو قەناعەتە کە لە نێوان دوو شێوازی کاری زانستیی، واتە زانستی ئاسایی و زانستی شۆڕشگێڕانە جیاوازی دابنێ.

زانستی ئاسایی نە دەپەرژێتە سەر تیۆرییە نوێکان و نە کارامەیی تیۆرییە کەونینەکان تاقیدەکاتەوە. زانستی ئاسایی تەنیا گریمان دەکات کە تیۆرییە باوەکان راستن. زانستی ئاسایی بە دیاریکردنی زۆر وردبینانەی «راستییە ناسراوەکان » یان «واقیعە راستەکان»بە لێکۆڵینەوە لە سەر گریمانە تەمومژاوییەکان بە مەبەستی یەکخستنەوە یان لەگەڵ تیۆرییە باوەکان و بە رەواندنەوەی تەمومژە تیۆرییەکە هەندەکییەکان بەرەو پێش دەڕوات. میتۆدناسیی زانستی باو، شتێکە چەشنی دانانی بە زۆر و زەبروزەنگی سروشت وێڕای میتۆدی راست یان دێزە بە دەرخوونەدانی درۆیین – لە ناو داڕێژگە تیۆرییە فرەجۆر و باو و پەسندەکاندا.



کووەن دەڵێ جاروبار شۆڕشی زانستی روودەدا هەرچەند لەم جۆرە شۆڕشانە زۆر کەم روو دەدەن و تەنیا ئەو کاتەی دەر بکەوێ کە تیۆرییە هەبووەکان لە راستیدا جێگەی رەزامەندی نین روو دەدەن. رەنگە بۆ ماوەیەك کۆمەڵێك لە تیۆرییە جۆراوجۆرەکان و (کۆمەڵێك زانای جۆراوجۆر) بکەونە رکابەرێتی. سەرکەوتنی بیرۆکەیەك هۆکردی هۆکاری جۆراوجۆرە، بۆ نموونە؛ توانایی ئەو بۆ لێکدانەوەی راستییە یاخییەکان، قازانجەکەی بۆ چارەسەری کێشەکان و پێشبینیی وردبینانە و باڵادەستی و بەهای ئەو زانەڤانانەی ئەوەیان بەدەستەوەداوە و لایەنگریی لێدەکەن. کووەن دەڵێ زۆر جار وێنا دەکرێ کە پێگە و ئیعتباری زانستیی تاکێك بەری لێهاتوویی و توانایی ریزپەڕی ئەو کەسەیە. بەڵام لە راستیدا، دەتوانێ هۆکارەکەی شتگەلێکی وەکو هەبوونی هەڤاڵان و لایەنگرانی بەهێز لە جیهانی بازرگانی و سیاسەتدا بێ. بۆ ئەوەی تیۆرییەك سەرکەوێ، ئەبێ داهێنەرەکەی بۆ توێژینەوە و لێکدانەوەی پارەی هەبێ و تا رادەیەك خاوەنی پلە و پایەی بەرز لە دام و دەزگای زنجیرەپلەییەکانی زانکۆ و وەکیتر خاوەنی توانا و بەهرەش بێت.

کووەن وەکیتر دەربڕینێکی لە سەر بیرو بۆچوونی پێشینییەکانی خۆی لەم بوارەدا ئاراستە کردووە. ئەو بانگەشە دەکات کە کەسانێکی وەکو هەمپل، پۆپەر و ئەوانی دی شرۆڤەی هەڵەیان لە سەر ئەو شتانەی زانەڤانەکان بە راستی ئەنجامیان داوە، پێشکەش کردووە. ئەو دەڵێ ئەم کەڵە فەیلەسووفانەی زانست هەڵخڵەتاوی دەستی نووسەری کتێبە دەرسییەکانن. کتێبە دەرسییە نووسراوەکان بۆ قوتابیانی زانستە ئەزموونییەکان ئێگجار سادە و ساکارن. ئەوانە زۆربەی راستییە مێژووییەکان دەشارنەوە، بە تایبەت ئەوانەی کە وێنا دەکرێ «بابەتەکە تەمومژاوی دەکەن». ئەوانە دەس دەکەن بە توێژینەوەی تیۆرییە باوەکان بە جۆرێ کە چما ئەم تیۆرییانە دوا حەقیقەتن. ئەوان بەردەوام بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەم ئەفسانە دەورووژێنن کە

زانست بەردەوام پەرە دەسێنێ و بەردەوام زاڵ دەبێت بە سەر بێهێزی و دۆڕانەکانی نەوەکانی پێش خۆیان.

کتێبە دەرسییەکانی زانستی ئەزموونیی هیچ کات ئەم راستییە روون ناکەنەوە کە ئەو تیۆرییانەی رابردوو کە هێشتا کەڵکیان لێوەردەگیرێ (وەك تیۆریی نیوتن)، بە زۆریی لەگەڵ را  باوەکان دژوازن: لە باتی ئەمە بە هەڵەوە تیۆرییە پێشووییەکان وەکو خوێندنەوەی سادە و ساکار و ناپسپۆڕانەی تیۆرییەتازەکان پێناسە دەکەن. دەڵێن تیۆرییە پەسەندکراوەکانی رابردوو لە گەڵ تیۆرییە باوەکاندا دەگونجێن، تەنانەت کاتێ کە راستییەکە جۆرێکیتر بێت.

لە لایەکی دی، کە زانایانی نوێ تیۆرییەکانی رابردوو بە تەواوی رەت دەکەنەوە، ئەم کتێبە دەرسییانە سیفەتی نازانستیی دەخەنە پاڵیان، بەم چەشنە، ئەوان راستەوخۆ برەو بەم باوەڕە دەدەن کە مەحاڵە تیۆرییە زانستییەکان هەڵە بن و بە شێوەی ناراستەوخۆ برەو بەم باوەڕە دەدەن کە زانستڤوانی حەقیقی بە تەواویی پاکە لە هەڵە.

کووهن دەگاتە ئەم دەرەنجامە کە پۆپەر، هەمپل و ئەوانی دی، میتۆدناسی راستەقینەی زانست نا، بەڵکو  دۆخی بابەتە خەیاڵییەکانیان شرۆڤە کردووە کە، تەنیا لە نێو لاپەڕەی کتێبی خوێندکاراندا بەدیدەکرێ. بەم حاڵەش، بانگەشە دەکات کە ئەم کتێبە دەرسیانە دەبێ بەو جۆرە بن وا هەن. ئەو هەڵانەی لە لابەلای کتێبە دەرسییەکاندا بوونیان هەیە بۆ بارهێنانی زانا لاوەکان کە ئەبێ زەینیان بەسەر ئەو تیۆرییانەی لە کاتی بارهێنانیان رۆنەر و بەکەڵك نین، داخرابێت، بەڵام کتێبە دەرسییەکانی زانست، راستییەکان لەمەڕ مێژووی زانست نادرکێنن و ئەمە بناغەیەکی هەڵەیە بۆ فەلسەفەی زانست. ئێستا بۆچوونەکانی پۆل فایرابەند رەچاو دەکەین، بەڵام بۆ ئەوەی مەزەندەیەك لە بەهای تیۆرییەکانی فایرابەندمان دەس کەوێ، هەبوونی وێنایەك لە کەسایەتی ئەو دەتوانێ بەکەڵك بێ. پێدەچێت فایرابەند کەسایەتییەکی بە کەفوکوڵ و بزۆز و بەتەواوی ماناوە گاڵتەجاڕ بوو. ئەگەر لە سەر



کتێبەکانی بڕیار بدەین، وا دەنوێنێ ئەو پێیخۆش بوو گاڵتە و تەوسەوی رەق و بێفرجە  تەواوی جۆرەکانی دام و دەزگاکان، زنجیرپلەییەکان و قسەزلەکانیان داشۆڕ بکات. زانایان و فەیلەسووفەکانیش حەز ناکەن گاڵتەیان پێبکرێ، ئەو کەسە دڵشاد و زیادەڕۆیە رقی زۆر کەسی داگیرساند کە ئەوەیش دەبووە هۆی بەدحاڵیبوون لە بەرهەمەکەی. فایرابەند جەختی لە شتێك کردەوە کە کووهن ناوی زانستی شۆڕشگێڕانەی لێنابوو، واتە لە دایکبوونی بڕێ تیۆریی نوێ و مەرگی گەلێك تیۆریی کۆن. بانگەشەی سەرەکی فایرابەند ئەوەیە زاناکان هیچ میتۆدێکی تایبەتیان ئاراستە نەکردووە. هەر بەم بۆنەوە سەردێڕی کتێبە بە ناوبانگەکەی﴿دەبێتە﴾ «دژ بە میتۆد»(١٦). ئەو دەڵێ: زانست تایبەتمەندیی ئانارشیستییانەی هەیە و خاوەنی چ رێسا و  میتۆدێك نییە کە لە هەموو حاڵەتێکدا بەکاربهێنرێت. زەینی مرۆڤ بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر داهێنەرە و بەردەوام بە میتۆدی نوێ و چاوەڕواننەکراو وەڵامدەری ململانێ عەقڵییەکانە. تەنانەت ئەم وێنا کە لە زانستدا بینین و تاقیکردنەوەکان  قسەی یەکەم دەکەن هەردەم راست نییە، چونکە ئەو شتەی بە بینینی شیاو دەژمێردرێ، تا رادەیەك پێوەندیی  بەو تیۆرییانەوە هەیە کە تاك پێشکەشی دەکات. تیۆرییە نوێکان زانایانی هانداوە سەر لە نوێ بینینەکانیان شرۆڤە بکەنەوە. فایرابەند دەڵێ: نە تەنیا بەو جۆرەیە، بەڵکو جاروبار تیۆرییەك بەبێ ئەوەی لە لایەن راستییەکانەوە جەختی لە سەر کرابێ بە کەڵك دێ. بەڵگەی فایرابەند بۆ ئەم تیۆرییە سەرسووڕهێنەرە بریتییە لە توێژینەوەی چڕوپڕی سەرچاوە سەرەکییەکانی مێژووی زانست، لەوانە؛ زانستی ئەم سەدەی خۆمان. ئەوە بانگەشە دەکات کە هەندێجار بینینی ئەزموونیی پێش تیۆری  دەکەوێ  و جاروباریش تیۆری پێشبینین دەکەوێ. زۆربەی فەیلەسووفانی زانست بە گومانەوە دەڕواننە ئەم لێکدانەوەی فایرابەند کە زانست لە چی دەچێ.

زانست بەراورد بە چالاكییەكانی تری مرۆڤ وەكو چالاكییەكی عەقلانیتر، زۆر میتۆدمەند و خۆ هەڵسەنگێنەر و چالاكییەكی ژیرانە كە ئامانجی گەیشتن بە دەقاودەقێتی پڕاوپڕ لەگەڵ خۆیەتی، وەسفدەكرێ. زاناكان وەها پێهەڵدانێكی كارەكانیان پێخۆشە و خوازیارن راستیش بێ. یەك لەو هۆكارانەی كە بۆچی زاناڤانەكان لە كۆمەڵگادا خاوەن رێزن دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە وێنا دەكرێ ئەوان سەرچاوەی كۆمەڵێك چاكەی وەك ئاوەزمەندیی ئارام، هاوئاهەنگی خۆ هەڵسەنگاندنی ژیرانە و لەو جۆرە شتانەن، (هەڵبەت هۆیەكی تر ئەمەیە زانست پەرە بە دەسەڵات و سامان دەدا)، خوێندنەوەی فایرابەند لە زانست خستنە رووی زانستە وەكو چالاكییەكی داهێنەرانە، پێشبینی نەكراو و نە هێندەش عەقلانیی. وێنای ئەو لەمەڕ زاناكان كەم تا زۆر هاوشێوەی بیروبۆچوونە باوەكان بەرانبەر بە هونەرمەندەكانە ، بەوچەشنەی لە نەریتی رۆمانتیكدا وەسفكراوە. كەسێكی خۆشزەوق و ئاژاوەگێڕ و خۆویست و لووتبەرز و رەنگە بە ردێنێكی درێژ، ناخاوێن و لە رووی كۆمەڵایەتییەوە نەساز. بە هەر چەشنە، كێ لەسەر حەقە؟ ئایا وەكچۆن فایرابەند بانگەشە دەكات، زانست ئاژاوەگێڕانەیە؟ ئایا بەو جۆرەی هەمپل و پۆپە دەڵێن زانست میتۆدگەرایانەیە؟ ئایا لە بنەڕەتدا شتێك بە نێوی میتۆدی زانستیی لە ئارادا هەیە؟

لەوانەیە باشترین رێگە ئەوە بێ لە روانگەی كووەنەوە، بڕوانینە بابەتەكە، لانیكەم چالاكیی زانستیی بۆ دوو جۆری گشتی دابەش دەبێ: ئاسایی و شۆڕشگێڕانە، (رەنگە پتر لەم دوو جۆرە بێ)، توێژینەوەكانی فایرابەند دەریدەخەن كە زانستی شۆڕشگێڕانە لە راستیدا تایبەتمەندی ئاژاوەگێڕانەی زۆری لەگەڵدایە، هەروەها دەیسەلمێنێ زانا شۆڕشگێڕەكان لە لایەك ئەبێ داهێنەر بن و لە لایەكی كە سەربەست. لەو لاشەوە زانستی ئاسایی تا رادەیەك رێسامەندە و پێویست ناكات زانا ئاساییەكان زۆر داهێنەر و سەربەست بن؛ ئەوان ئەبێ بە تیۆرییە باوەكانەوە خۆیان سەرقاڵ بكەن .



بەڵام سەبارەت بە میتۆد، لە راستیدا زانستی باو و ئاسایی ملكەچی ئەو شتەیە پێی دەوترێ میتۆد. زانای «ئاسایی» وەكو هـەمپـل كـردە دەنـوێنێ، یـان وەكـو پۆپەرییەك و هەندێجار بە شێوەیەكی دی. ئایا لە نێوان ئەم میتۆدانـەدا خـاڵێكی هاوبەش هەیە.؟ تەنیا لە بڕێك لە تایبەتمەندییە تا رادەیەك روونەكاندا. كردە نواندن بە پێی هەر كام لەم میتۆدانە پێویستی بە:

١) كۆكردنەوەی بینینەكان، هەروەها ئەنجامدانی تاقیكردنەوەكان و تۆماركردنی زانیاری و دەرەنجامەكان.

٢) ئەوپەڕی وردبینی لە توێژینەوەكاندا، واتە بیركردنەوە لە زانیارییـەكـان و دەرەنجامەكان.

٣) پەسندكردنی ئەوەی كە ئەگەر دەركەوێ قەبارەیەكی بەرفراوانی لە راستییەكان لەگەڵ تیۆری باودا یەك ناگرنەوە هەر لەم رووەوە پێویستە هەموو شتێك، بۆ نموونە ئەم تیۆریەش دیسان لێكبدرێتەوە.

بە گشتیی، میتۆدێ كە وەسفكرا ساكار و سەرپێییە. گشتێتییەكەی دەلالەت دەكاتە سەر ئەوەیكە لەگەڵ لقە جۆراوجۆرەكانی زانست یەك دەگرنەوە. ئەو میتۆدە جگە لە زانستگەلی پەیوەست بە ماددە لە گەڵ جۆرە جیاجیاكانی لێكۆڵینەوە وەكو مێژوو، خەڵكناسی و ئابووریشدا، تەبا دەكەوێتەوە. كەواتە میتۆدناسی بە راستی سەركەوتنەكانی بە زانستی سروشتی روونناكاتەوە. بەم چەشنە ئەو، پرسیارەی كە لە بەشی پێشووی ئەم بەشەدا لەمەڕ سەركەوتنی زانست گەڵاڵەمان كرد بە بێوەڵام دەمێنێتەوە. ئەمە بەو مانا نییە كە ئەم پرسیارە هەرگیز وەڵامی نابێت؛ چونكە راست بەو شێوەی كە هەر بەرەیەك دۆزینەوەی زانستیی نوێ بەدەسدێنێ، روونكردنەوەی فەلسەفیی تازەشی دەستدەكەوێ.

## پەراوێزەکان

scholars- ١
٢- economics
٣- Linguistics -٣
٤- philology
٥-Galen
٦- Vesalius
٧- Carl Hempel
٨- hypothetico – deductive
٩- Karl porer
١٠- Brighton
١١- quantumphysics
١٢- biologists
١٣- *the logical sentificdis Discovery*
١٤-Thomas kuhn
١٥- paul feyerabend
١٦- *Against Method*

## بەشی هەڤدەیەم:

# هۆیەکی

له سەر«هۆ» پێناسەی جۆراوجۆر ئاراستە کراوە: وەکو ئەو شتەی دەبێتە هۆی بەدیهاتنی شتێك، یان وەکو ئاخێزگە یان هانەیەکی کردەوەیی یاخود وەکو بابەتێك کە هۆکاری روودان یان بەدیهاتنی شتێك رووندەکاتە. کۆمەڵێك لەم پێناسانە کەم تا کورتێك مرۆڤ خوازانەن؛ چونکە شیمانە دەکرێ وێنای هۆیەکی لە هەوڵە مرۆییەکاندا بۆ بەرهەمهێنانی شتەکان یان گۆڕانیان رەگ و ریشەی داکوتاوە. بێرتراند راسێل ساڵی ١٩١٢ روونی کردەوە وشەی « هۆ» زۆرکەم لە باسەکانی فیزیکزانەکاندا بەرچاو دەکەوێ. بەڵام ئەم چەمکە تەنانەت لە فیزیکدا. ئەگەرچی بەردەوام لەم زانستەدا بەکار نەبڕابێت، شتێکی زیادە و سەربار نییە، لەبەر ئەوەی فیزیکزانەکان هێشتا جاروبار دەپرسن: بۆچی رووداوێك بەم جۆرە روودەدا؟ دوایی لەمەڕ هۆکارەکانی دەکەونە لێکۆڵینەوە. سەرباری ئەوەش، چەمکی هۆ لە زانستکەکانی دیکەشدا شتێکی زیادە نییە. ئەم چەمکە بەردەوام لە زانستە بەکاردەهێنرێ. بۆ فیزیکزانەکان دەرماننناسەکان [١]، خەسارناسەکان [٢]، کارناسانی بورکان [٣]، کەش ناسەکان [٤]، زۆر چاکترە کە لەمەڕ هۆکاری دیاردەکان تۆیژێنەوەیان هەبێ.

### چوار هۆی ئەرستوویی:

بە بۆچوونی ئەرەستوو چوار جۆر هۆ بوونی هەیە. ئەو لە رێگەی پەیکەر سازێکەوە کە لە حاڵی ساز کردنی پەیکەرێکی مەڕمەڕینە ئەمانەی



لێکداوەتەوە. چوار هۆکە بریتین لە: ١- هۆی کاریگەر[٥] کە دەبێتە هۆی گۆڕان. لە نموونەی ئاماژەپێدراوادا پەیکەرساز دەبێتە هۆی کاریگەر. ٢- هۆی ماددی [٦] بریتییە لەو ماددانەی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە لەم بۆ نموونەدا: بەردی مەڕمەڕ دەبێتە هۆی ماددی ٣- هۆی فۆڕمەکی [٧] بریتییە لە فۆڕمەکان یان شێوە یاخۆد تایبەتمەندییە تایبەت و بەرچاوەکان کە پێوەندییان بە دەرەنجامی کۆتاییەوە هەیە. لەم نموونەدا، فۆڕمی پەیکەری تەواوکراو دەبێتە هۆی فۆڕمەکی ٤- هۆی ئەنجامەکی [٨] بریتییە لە ئامانجەکان یان مەبەستەکان لە نموونەی سەرەوەدا، هۆی ئەنجامەکی بریتییە لە مەبەستی پەیکەرتاش بۆ داهێنانی ئەم بەرهەمە هونەرییە.

وێنای ئەرەستوو لە هۆی کاریگەر کەم تا زۆر دەقاودەقی خوێندنەوەی نوێی هۆیە. ئێستا دوو مانا لە سێ مانای دیکەی هۆ دیار نییە. ئێمە ئەورۆ بەردی مەڕمەڕ، یان فۆرمی پەیکەر بە هۆ لە قەڵەم نادەین. مانای چواردەم، واتە وێنای هۆی ئەنجامەکی یان مەبەست جێگەی باس و لێکۆڵینەوەیە. زانستە سروشتییەکان وەکو (فیزیك، کیمیا[٩]، فەلەکناسی [١٠]) زانستی کردارەکی کە لەسەر ئەمانە وەستاون (وەکو ئەندازیاری) ، کەس وا باسی هۆ ناکات چما ئەمانە هەڵگری ئامانج و مەبەستێك بن. ماددەی بێگیان هەڵگری ئامانج و مەبەست نییە. بەڵام لە زانستی وەکو ((بایۆلۆژیا [١١] زیندەوەرناسی [١٢]و زانستی ژێنێتیك) [١٣]پێدەچێت کە هۆی ئەنجامەکیی ئەرەستوو هێشتا جێگە و پێگەیەکی هەیە. هەندێ جار زانستچانان بۆ لێکدانەوەی رەفتاری بوونەوەرە زیندووەکان باس لە ئامانج و مەبەست دەکەن. دڵ هۆکاری هاتۆچووی خوێنە. مەبەست لە ئێش بیر هێنانەوەی مەترسییە. کاری پادتەنەکان بەرگری لە نەخۆشینە. لە بەشی هەشتەمدا و لە نموونەی، ژێنی « خۆ ویست »دا کە بەردەوام لە هەوڵی پاراستنی خۆیدایە. کەڵکی نوێی وێنای مەبەست و ئامانج

له بەرچاو دەگرێن. کەوابوو، چەمکی ئامانج و مەبەست بە تەواوی لە زانست دانەبڕاوە، بەڵام لەو رووەوە کە دەرکەوتەی ئەم چەمکە بۆ لێکدانەوەی زانستیی تا رادەیەك جێگەی گومانە، لەمە بەدوا شرۆڤە و لێکدانەوەی هۆی کاریگەر رەچاو دەکەین.

### شتەکان یان رووداوەکان:

ئایا شتەکان بە هۆ لە قەڵەم دەدرێن  یان رووداو؟ ئایا هۆکان هۆی شتەکان یان هۆی رووداوەکانن؟ پێشتر زۆربەی فەیلەسووفەکان لایان وابوو کە خەلق لە نەبوون [١٤] چ نییە جگە لە ئافراندنی جیهان لە سەردەستی خواوەند،  کەوابوو، بەڵگاندن دەکرێ کە وێنای باو لەمەڕ هۆ بریتییە لە وێنای گۆڕانی شتە هەبووەکان. بەم چەشنە هۆکان (بۆ نموونە) باڵندەکان ناخولقێنن، بەڵکو دەبنە هۆی ئەم گۆڕانەی کە هێلکە بگۆڕێ بۆ جووجەڵە. ئەم وتە بەرەو ئەم ئاقارە دەڕوا کە لێکدانەوەی هۆکان بەردەوام دەلالەت دەکەنە سەر گۆڕانی شتەکان. ئەمە رووداوەکانن کە هۆن، نەك کەس یاخود شتەکان؛ هەروەها رووداوەکان هۆکردن نە شتەکان، بەڵام جۆرێ لێڵ و پێڵیی لە واتای هۆکاندا دەمێنێتەوە. سەرەڕای ئەوەی لە فەلسەفەدا دەگوترێ، دەتوانین شتەکان و کەسەکان وەکو رووداوەکان و گۆڕانی هۆکان دابنێین. لەوانەیە ئەم تەمومژە لە بناغەی هەندێ لە پرسە فەلسەفییەکاندا هەبێت کە پێوەندییان بە وێنای هۆیەکییەوە هەیە.

### گشتێتی، چوونیەکی، هێزو زەروورەت:

وێنا دەکرێ چەمکی هۆیەکی، گشتی یان هەمەگیر بێ؛ واتە هەر رووداوێك هۆیەکی هەیە، بەڵام ئەمە تەنیا گریمانەیەکە؛ چونکە سەلماندنی مسۆگەر نییە؛ کە هەم لە زانستی و هەم لە ژیانی رۆژانەدا تەنیا وەکو بنەمای بابەت [١٥] لە



قەڵەم دەدرێ. هەروەها گریمان دەکرێ کە هۆیەکی چوونییەکە؛ واتە هۆ هاوشێوەکان هۆکردی هاوشێوەیان هەیە. ئەمە ئەسڵێکی نەسەلمێندراوە، بەڵام پێدەچێت کە بەشێ لە سروشتی ئێمەیە کە وەکو بابەتێکی بەڵگەنەویست پەسەند دەکرێ. لە راستیدا بۆمان دەردەکەوێ کە بوونەوەرانی بەدەر لە مرۆڤ لەم باوەڕەدا هاوبەشمانن کە، هۆی هاوشێوە خاوەنی هۆکردی هاوشێوەیە.

بەشی دادێ گشتێتی [١٦] و چوونییەکی [١٧] چڕ و پڕ دەخەینە بەر باس. لێرەدا کێشەی هێز و پێوستییان زەروورەت لێکدەدەینەوە. ناکرێ حاشا لەوە بکرێ کە وێنای هۆ لە زەینی ئێمەدا پێوەندی بە وێنای هێز و زەرووڕەتەوە هەیە. ئێمە لە دەروونی خۆماندا هەست بە هێزێکی تایبەت بۆ بەدیهێنانی شتەکان دەکەین؛ دەتوانین لە رێگەی دوورین یان چنینەوە یان لە رێگەی دیکەوە دەستکردی نوێ وەکو جلوبەرگی نوێ بەرهەمبێنین. دەتوانین شتەکانی تر تێدا ببەین، بۆ نموونە تووڕدانی قتوولەیەك بەرەو پەنجەرە. یان لە رێگەی قسەوباس لەگەڵ خەڵکدا  بیر و بۆچوونەکان یان داب و نەریتی ژیانیان بگوڕین. لە رووالەتدا توانا و هێزی هاوشێوە لە بوونەوەرەکانی دیکە و شتی بێگیاندا بەدیدەکەین. لەم رووەوە، بە باوەڕی ئێمە ماری کوبرا دەتوانێ بمانکوژێت، و هەتاو گەرمامان پێدەبەخشێ . وەکیتر، ئێمە هەستدەکەین هەر وێنایەك لەمەڕ هۆ پێویستی بەر زەروورەت هەیە. ئایا بەدڵنیاییەوە ئەگەر هۆیەك لە ئارادا بێ، هۆکرد بە پێی پێویست دەبێ بە شوێنیدا بێ؟

### تیۆریی هیوم:

هەنووکە لە دووتۆی تیۆری هیوم لەمەڕ هۆیەکی، دەکەوینە لێکۆڵینەوەی پرسی هێز یان ئێختیار و زەروورەت. وادیارە  وتەکانی هیوم سەبارەت بە هۆیەکی کە لە کاتی جۆراوجۆردا ئاراستەی کردووە بڕێك جیاوازە، بەڵام بە پێی

ساده‌ترین شرۆڤه، تیۆرییه‌که‌ی ﴿هیوم﴾ تایبه‌ته به چه‌ند رووگه؛ واته هیوم ده‌خوازێ توخمی هێز یان ئیختیار و زه‌رووره‌ت که ئێمه وێنا ده‌که‌ین له پێوه‌ندیی نێوان هۆ و هۆکردا ده‌یبینین روونبکاته‌وه. به گشتی ئه‌و بانگه‌واز ده‌کات که هه‌ر زه‌رووره‌تێك لێره‌دا ده‌یبینین ته‌نیا له زه‌ینی تاکی بینه‌ردایه.

هیوم ده‌ڵێ هۆ و هۆکرد به‌رهه‌می سێشتن: یه‌که‌م هاوتایی به‌رده‌وامی (واته به‌رده‌وامی) رووداوی تایبه‌ت له‌گه‌ڵ رووداوی له جۆری دی. دووهه‌م نزیکیی یان له پاڵ یه‌کتر بوونی کاتی و شوێنی. سێهه‌م هۆ ئه‌بێ پێش هۆکرد بێت. بینه‌ره مرۆییه‌کان که شایه‌دی حاڵی هاوتایی به‌رده‌وامی رووداوه هاوشێوه‌کانن چاوه‌ڕوان ده‌که‌ن شته یه‌کسانه‌کان به‌رده‌وام رووبده‌ن، **وێنای هۆیه‌کیی شتێك زۆر یان که‌متر له‌م چاوه‌ڕوانییه هاندراوه** نییه. چونکه ئێمه چاوه‌ڕوانی ئه‌وه ده‌که‌ین که هۆکرده هاوشێوه‌کان به شوێن هۆکاری هاوشێوه‌دا روو بده‌ن، وێنا ده‌کرێ هۆکرد پێویسته پاش هۆ به‌دیبکرێ، واته هۆ، بوونی هۆکردی ره‌خساندووه. به‌ڵام هیوم ده‌پرسێ ئایا ده‌توانین ئه‌م به‌دیهاتن و زه‌رووره‌ته ببیینین؟ نا، سه‌روبه‌ری ئه‌و شتانه‌ی ده‌یبینین ئه‌وه‌یه که شتێك به دوای شتێکیتردا رووده‌دا. ده‌توانین هه‌ست به چاوه‌ڕوانییه‌یه‌ك بکه‌ین، نه ده‌تونین ئه‌م زه‌رووره‌ته ببینین و نه هه‌ستی پێ بکه‌ین.

ئه‌گه‌ر له‌مه‌ڕ هاوتایی هه‌میشه‌ییدا هیوم له‌سه‌ر حه‌ق بێ، له‌م حاڵه‌دا ته‌نیا کاتێ رووداوێکی تایبه‌تی وه‌ك «ئا» ده‌بێته هۆی رووداوی دیکه‌ی وه‌ك «ب» که هه‌ر «ئا»یه‌کی هاوشێوه «ب» یه‌کی هاوشێوه‌ی به‌دوادا بێت.

ئه‌گه‌ر له‌مه‌ڕ نزیکی و له ته‌نیشت یه‌کتربوون هیوم له‌سه‌ر حه‌ق بێت مه‌ودایه‌ك ناکه‌وێته نێوان هۆ و هۆکرد. یان ئه‌بێ هۆ و هۆکرد، واته «ئا» و «ب» له رووی کاتی و شوێنیدا له نزیك له یه‌ك بن، یان ئه‌بێ شوێنه‌کان و کاته‌کانی نێوان «ئا» و «ب» له لایه‌ن زنجیره‌یه‌ك له رووداوه‌کان (واته زنجیره‌ی



هۆیه‌کی) پڕ کرابێته‌وه که له‌وێدا هه‌ر رووداو (یان بازنه) یه‌ك نزیك له رووداو یان بازنه‌ی دواییه چه‌ندین ره‌خنه له تیۆریه‌که‌ی هیوم گیراوه. **یه‌که‌م** پێناچێت کرده‌ی هۆ و هۆکرد پێویستی به نزیکی هه‌بێت. گه‌لێك نموونه له کرده‌ی مه‌ودادار و کرده له دوو لایه‌نی بۆشاییدا بوونی هه‌یه. بۆ نموونه، باوه‌ڕ له سه‌ر ئه‌مه‌یه یاسای وزه‌ی راکێشان له‌گه‌ڵ بوونی بۆشایی و مه‌ودادا ده‌رده‌که‌وێ.

**دووهه‌م** وه‌کچۆن که راسێل روونی کردۆته‌وه، هاوتایی به‌رده‌وام ته‌نانه‌ت له نێوان رووداوه نزیکه‌کاندا، به چ شێوه‌یه‌ك، بۆ به‌ده‌سهێنانی هۆکان ته‌واو نییه. ئه‌م راستییه که هه‌میشه رۆژ پاش شه‌و دێت، بۆمان ناسه‌لمێنێ که شه‌و هۆی رۆژه. ئێمه دووپات بوونی بێکۆتای شه‌و و رۆژ ده‌بینین و هیچ رێگه‌یه‌ك بۆ جیاکردنه‌وه‌ی هۆی گریمانه‌کی له هۆکردی گریمانه‌کی بوونی نییه؛ چونکه ناتوانین بڵێین سه‌ره‌تا شه‌و دێ یان رۆژ. راسێل ئاماژه ده‌کات که ئێمه له‌م نموونه و نموونه‌ی هاوشێوه‌دا، له «هۆ»یه‌کی به‌ده‌ر له‌م سیکله ده‌گه‌ڕێین؛ ده‌توانین بڕیار بده‌ین نموونه‌ی سێهه‌م هۆی ئه‌و دوانه‌ی تره. به‌م چه‌شنه، گه‌ڕانی زه‌وی، هه‌م هۆی شه‌وه و هه‌م هۆی رۆژ.

ده‌توانین له جێگه‌یه‌کدا که رووداو هه‌یه، باس له هاوتایی به‌رده‌وام بکه‌ین. وێنای نموونه‌ی راسته‌قینه یان شێمانه‌یی هێنده دژوار نییه. نموومه‌یه‌کی شیمانه‌یی له به‌رچاو ده‌گرین:

گریمان ژماره‌ی ئه‌و وێنانه‌ی رۆژانه به تیشکی ئێکس له نه‌خۆشخانه‌یه‌کی تایبه‌تدا ده‌گیردرێ رۆژ به رۆژ ده‌گۆڕدرێت، به‌ڵام به‌رده‌وام هه‌ر ئه‌و کۆمه‌ڵه نه‌خۆشانه له‌و رۆژه‌دا عاشقی یه‌کێك له په‌رستاره‌کان ده‌بن. به‌م چه‌شنه گریمان کاتێکه رۆژی دووشه‌ممه له شه‌ش نه‌خۆش که تیشکی ئێکسیان لێگیردراوه، به هه‌ڵکه‌وت شه‌ش نه‌خۆشی (جیاواز) هه‌ر له‌و رۆژه‌دا عاشقی په‌رستارێك ده‌بن و له ته‌واوی رۆژه‌کانی تری حه‌فته‌دا هاوتاییه‌کی هاوشێوه به‌رچاو ده‌که‌وێ.

هەرچەند ئێمە لێرەدا ڕووبەڕووی هاوتاییەکی هەمیشەیی لە جووتە ڕووداوە هاوشێوەکان دەبینەوە، بەڵام ئەگەری ڕەنگ هەیە، کە ئەمە تەنیا جۆرێك لە هەڵکەوت بێ نە ڕوودانی هۆ و هۆکرد.

ناتەواوییەکی بنەڕەتیی دیکەی ئەم تیۆرییە لەمەڕ هاوتایی بەردەوام بەم جۆرەیە کە ئەم تیۆرییە گریمان دەکات کە سەرجەم ئەو ڕووداوانەی دەکرێ بە پێی زاراوەی هۆیەکی ڕوونبکرێنەوە، پەیوەستن بە تاقمێك ڕووداوی هاوشێوەوە. بەدەربڕینی دی، ئەم تیۆرییە پێویستی بەم دەرەنجام هەیە، کە ڕووداوە ناوازەکان نە دەتوانن هۆیان هەبێ و نە دەشتوانن هۆکرد بن؛ چونکە ئەگەر بەردەوامیی دوو ڕووداو، ناوازە بێ، بە پێی پێناسە هاوتایی بەردەوامی ڕووداوەکان بوونی نەدەبوو. ئەمە تەواو ڕوون و ئاشکرایە.

بۆ نموونە گریمان بانگەشە بکرێ هاتنی داگیرکەران بووە هۆی ڕووخانی ئیمپڕاتووریای ئینکا[١٨] بە هەر چەشنە، هاتنی داگیرکەران تەنیا یەکجار ڕووی داوە و دارمانی ئیمپڕاتۆریای ئینکاش بە هەمان شێوە بووە. لە زۆر نموونەی مێژوویی‌دیکەدا، دووپاتبوونەوە نەهاتووەتە گۆڕێ، کەوا بوو هاوتایی بەردەوام بوونی نەبووە. کەواتە بە پێی تیۆری هیوم، هاتنی داگیرکەران نەبۆتە هۆی لە ناوچوونی ئینکاکان، بە بۆچوونی هیوم ڕووداوە ناوازەکان نە دەبنە هۆ و نە دەشتوانن ببنە هۆکرد. بەڵام بێگومان ڕاستە کە هاتنی داگیرکەران بۆتە هۆی لە ناوچوونی ئینکاکان. کۆمەڵێك لە فەیلەسووفانی مێژوو بەڵگەیان هێناوەتەوە کە ئەگەر ئێمە ڕوانگە و بەرجەوە نمان کراوە و بەرینتر بکەین، بەردەوام دەتوانین لە بارۆدۆخێکدا کە پێدەچێت هۆیەك لە ئارادا بووە هاوتایی بەردەوام بدۆزینەوە، بۆ نموونە ڕەنگە لە نموونەی سەرەوە هاوتایی بەردەوامی نێوان «A » واتە هێرشی لەشکری بە هێز بۆ سەر سوپای لاوازی «B»، واتە ڕووخانی ئیمپڕاتۆریاکان بدۆزینەوە، بەڵام ئەم هاوتاییە وەکو زۆربەی گشتاندنەکانی



پەیوەست بە بابەتی مرۆیی ڕیزپەڕی زۆری لێدەکەوێتەوە. وا دیارە ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە هۆیەکییەوە بەو شێوەی کە هیوم فامی دەکرد نییە.

## هێز، دەستێوەردان و دەستووری کارەکان:

داگلاش گەسکینگ [١٩]ی فەیلەسووفی سەدەی بیستەم، بۆچوونێکی نوێی هەیە. ئەو بەڵگاندن دەکات کە چەمکی هۆیەکی لە بنەڕەتدا پێوەندیی بە دەستێوەردانی تەکنیکی مرۆڤەکانەوە هەیە. پێوەندیی هۆ و هۆکرد زۆرباش چەشنی پێوەندیی « بەدیهێنان بە هۆی. . »ەوە وەسفدەکرێ. چەمکی هۆ و هۆکرد پەیوەستن بە ڕێسا گشتییەکانی ئەنجامدانی کارەکانەوە گەسکینگ ئەم ڕێسایانەی ناوناوە « دەستووری کار »[٢٠].

بە بۆ چوونی گەسکینگ، ڕستەیەکی وەکو « ڕشتنی ئاو بە سەر سۆدیۆم دەبێتە هۆی کوڵانی » بەم مانایە کە بە بەکارهێنانی تەکنیکێکی گشتی لە سەر سۆدیۆم بۆ تەڕکردنی شتەکان ئێوەش تەکنیکێکی گشتیی دیکە بە کار دێنن یان دەیدۆزنەوە؛ واتە ئەم تەکنیکە کە جەوهەرێکی تایبەت، واتە سۆدیۆم بکوڵێنن.

ئایا دەکرێ شیکاریی گەسکینگ لەمەڕ هۆیەکی لەسەر هۆی بێگیانیش بەکاربهێنرێت؟ یان دەکرێ لەمەڕ ڕووداو « لە بەرانبەر شتەکان یان کەسەکان » بەکاربرێت؟ لە سەر هەر بابەتێك نموونەیەك دێنینەوە: یەکەم، هۆی بێگیان: تیشکی خۆر دەبێتە هۆی گەشەی گژوگیا. دووهەم هۆ لە جۆری ڕووداو: شکانی بەنداو گوندەکەی کرد بە ژێر ئاوەوە. گەسکینگ دەڵێ لە ڕاستیدا ئێمە بە دوو شێوە دەتوانین ژینگە، تەنانەت کاتێکە کارمان بە خۆر هەیە، دەستکاری بکەین. ئێمە دەتوانین تایبەتمەندییەکانی خۆری سروشتی دەستکاری

بکەین، هەروەها دەتوانین لە ڕێگەی تاقیکردنەوەوە بیسەلمێنین کە گژوگیای بێبەری لە تیشکی خۆر گەشە ناکەن.

بە ڕواڵەت ئەو هۆکارانەی لە جۆری ڕووداونین بڕێك زیاتر کێشە ساز دەکەن، ئەنجام ڕووداوەکان بۆ دەستێوەردان هەنگاو هەڵناگرن، بەڵام دەکرێ بەڵگاندن بکرێ کە هەندێ جار، ڕووداوەکان خۆیان توخم یان پرشەی دەستێوەردانەکانی مرۆڤن. ئەم بابەتە لەمەڕ بەنداوی شکاو بە تەواوی ڕوون و ئاشکرایە، ئەمەش لە حاڵێکدایە کە ئەگەر شکانی سەد بە ئەنقەست لە لایەن کەسێکەوە پلانی بۆ داڕێژرابێ.

بە پێی تیۆریی گەسکینگ، ڕووداوەکان بە هۆ لە قەڵەم دان بەم شێوە کورت دەکرێتەوە، کاتێکە ئێمە دەڵێین ڕووداوێك هۆی ڕووداوێکی دیکەیە کە یان ئەو ڕووداوە خۆی بەرهەمی دەستێوردانی مرۆڤە یان بتوانێ خۆی لەگەڵ ڕووداوەکەدا بگونجێنێ.

ئایا لێکدانەوەی گەسکینگ لەمەڕ هۆیەکی دەتوانێ لەگەڵ ئاڵۆزیی ڕووداوە مێژوییەکانی وەکو جەنگەکان و داڕمانی ئیمپڕاتۆریەکان و. . . تەبا بێت؟ ڕەنگە وا نەبێت، بێگومان بەدەستەوەدانی دەستووری کار بۆ ڕووخانی ئیمپڕاتۆریاکان مەحاڵە، بە گشتی بەدەستەوەدانی دەستووری کار بۆ دەستێوردان لە بابەتی مرۆییدا گەلێك زەحمەتە، وەها دەستوور کارگەلێك هەرچەند بوونیان هەیە، پشتیان بە بەخت و سوودفە و ڕێکەوت بەستووە، بەڵام دەتوانین بیسەلمێنین ئێمە هەر لە سەرەتاوە کە هۆکاری شەڕەکان و بابەتی لەم جۆرەمان خستە بەرباس لە هەڵەدا بووین. دەتوانین بیسەلمێنین کاتێ کە سەرقاڵی ڕووداوە مێژووییەکان و بابەتی مرۆیی لەو چەشنەین پێویستمان بە لێکدانەوە و شرۆڤەی جیاواز هەیە.



لەو لاشەوە، دەکرێ بەڵگاندن بکرێ کە پرسیاری بنەڕەتیی لەمەڕ هۆکان، بەو جۆرەی گەسکینگ بانگەشەی بۆ دەکات، ئەم پرسیارە نییە کە چۆن دەتوانین ببینە هۆی وەها ڕووداوگەلێك؟ (بۆ نموونە ببینە هۆی کوڵانی سۆدیۆم و گەشەی گژوگیا) . پرسیاری سەرەکی ئەمەیە کە چۆن و بۆچی ئەم شتانە ڕوودەدەن؟ تا ئەو کاتەی وەڵامێك بۆ ئەم پرسیارە ئاراستە نەکرابێت. وەڵامی پرسیاری یەکەم لەسەر بەخت و شانس و ڕێکەوت دەوەستێ.

**دەرفەت و زەروورەت:**

سەرلە نوێ چەمکی پێویستی کە هیوم بەرپەرچی داوەتە، تاوتۆی دەکەین.

زەروورەت چییە؟ لە دۆزینەوەی هۆکارەکاندا، مەبەست لە زەروورەت، ناتوانێ زەروورەتی مەنتیقی و بیرکاری بێت. دەرەنجامی بیرکاری و مەنتیق کە بەپێی پێویست بەری بنەماکانی بابەتی یان سەرەتاکانی دیکەن، بەڵگەهێنانەوەیان بە پێی سەرەتاکان یان بنەمای بابەتییە، بەڵام یاساکانی هۆ و هۆکرد ئەبێ لە ڕێگەی تاقیکردنەوە یان ڕوانینەوە کەشفبکرێن. بە پێچەوانەی یاساکانی بیرکاریی پەتی و مەنتیق، ناتوانین لە ڕێگەی سەرقاڵبوون بە توێژینەوەی ڕووت بەڵگەیان بۆ بێنینەوە کەوابوو زەروورەتی هۆ و هۆکردی ئەبێ لە زەروورەتی مەنتیقی یان بیرکاریی جیاواز بێ.

ئایا دەتوانین لە باتی ئەمانە باس لە زەروورەتی سروشتی بکەین؟ وەڵامی هیوم ئەمەیە کە زەروورەتی سروشتی وهەمی و بابەتێکی زەینییە. دەتوانین نزیکی و هاوتایی دەرك بکەین، بەڵام لە زەروورەت ناگەین. تەنیا ئەزموون دەتوانێ لە جیهانی ڕاستەقینە ئاگادارمان بکات. ئەزموون پێمان دەڵێ دەس بردن بۆ سەهۆڵ هاوڕێیە لەگەڵ هەست بە ساردی کردن، بەڵام پێمان ناڵێ سەهۆڵ ئەبێ سارد بێ. ئەم «ئەبێ» لە زەیندایە، نەك لە جیهانی ڕاستەقینەدا.

جان ستوارت میل گشتێتیی لێکدانەوەکانی هیوم لەمەڕ هۆیەکی پەسەند دەکات، واتە سێ مەرجی هاوتایی بەردەوام، نزیکی و لە پێشبوونی کاتیی هۆ لە هۆکرد. بەڵام بە زێدەکردنی مەرجی چوارم پتەوتری دەکات، واتە ئەم مەرجەی کە هۆ و هۆکرد ئەبێ بەردەوام هاوتای یەکتربن. **نە تەنیا لە بارودۆخی راستەقینەدا، بەڵکو لە سەرجەم هەلومەرجە مومکینەکانیشدا**.

میل لە کتێبەکەی خۆیدا لە سەر مەنتیق، بۆ جیاکردنەوەی هۆ و هۆکردی راستەقینە لەو رووداو و ئەو دواهاتانەی دی کە روونکەرەوەی ریز و ڕێکیی هۆیەکی نین، ڕێساگەلێك دابین دەکات. ئەم ڕێسانە بریتین لە ڕێساکانی هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوەیی گریمانە هۆیەکییەکان. تاقیکار دەبێ هەوڵبدات ڕێگر بێ لەوەی هۆکردی گریمان کراو پاش هۆی گریمانکراو بێت، ئەم کارە دەیسەلمێنێ ئایا دەرفەتی ئامادەیی هۆی گریمانەکراو بێ ئەوەی هۆکردی گریمانەکراوی بە دواوە بێ بوونی هەیە یان نا. دووهەم، تاقیکار ئەبێ هەوڵبدات هۆکردی گریمانکراو لەسەر دەستی هۆیەکی گریمانکراوی جگە لە هۆی گریمانکراوی سەرەکی بەدیبێنێ، ئەم کارە دەیسەلمێنێ کە ئایا هۆکردی گریمانکراو دەتوانێ بە بێ کردەی هۆی گریمانکراو بەدیبێت. بەم میتۆدانەوە دەکرێ بسەلمێندرێ کە ئایا هۆ و هۆکردی گریمانکراو **بەردەوام و لە هەموو هەلومەرجە مومکینەکاندا** پێکەوەن یان نا.

ئەو وشانەی میل دەیداتە پاڵ لێکدانەوەکانی هیوم بە سوودن، هەرچەند ئەو راستەوخۆ توخمی هێز و زەرووڕەت تێکەڵ ناکات، بەم حاڵەوەش، بە جەختکردن لە سەر هاوتایی بەردەوامی تۆکمە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ زەرووڕەتی تێوە دەتلێنێ؛ چونکە ئەگەر شتێك لە هەموو هەلومەرجە مومکینەکاندا روو بدات، چما بڵێین بە پێی پێویست روو دەدات.



## ئایا «هۆ» وشەیەکی تەمومژاوییە؟

ڕەنگە راسێل لە سەر حەق بوو کە دەیگوت هۆ چەمکێکی گونجاو بۆ زانستی پەتی نییە. لەبەر ئەوە چەمکی هۆ، چەمکێکی ورد و بەدەستوور نییە. چەمکی هۆ لە کۆمەڵێك توخمی تەواو ناکۆك بە یەك پێکهاتووە. چونکە هێشتا رامانی نوێ لەمەڕ هۆکان تا رادەیەك لە ژێر کاریگەریی بەرهەمە ئەرەستووییەکاندایە، بە جۆرێك کە لە زۆربەی بوارەکاندا ئاماژە بە مەبەستەکان، ئامانج یان ئەرکەکان وەکو جۆرەکانی لێکدانەوەی هۆیەکیی دەدرێت. گرینگتر ئەوەی کە رووداوەکان و گۆڕانکارییەکان وەکو هۆ دەژمێردرێن، بەڵام شتەکان و کەسایەتییەکانیش بەم شێوەن. بێگومان شتەکان و کەسایەتییەکان بە تەواوی لە رووداوەکان و گۆڕانکارییەکان جیاوازن. زاڵبوون و دەستێوردانی ئێمە بەرامبەر بە دەوروبەرمان پێکەوە دەبێتە هۆی وێنای خۆمان وەکو هۆ و ئەزموونی وەگەڕخستنی هێز و دەسەڵات. لە لایەکی دیکەوە، کە رووداوەکان و گۆڕانکارییەکان وەکو هۆکارەکان وێنا دەکەین، جێگەیەك بۆ چەمکی هێز و دەسەڵات نامێنێتەوە. رووداوەکان و گۆڕانکارییەکان دەست لە چ شتێ وەرنادەن، ئەوانە هێز بەکار ناهێنن. رووداوەکان لە پێگەی هۆکاردا پێوەندییان بە وێنای زەرووڕەتەوە هەیە. زەرووڕەت پێوەندیی بە دەرفەت و (ئیمکان) و ملبادان (نەویستنەوە) هەیە، ئەگەر شێوازێکی بابەتەکان لە رووی سروشتییەوە مەحاڵ بێ لەم حاڵەدا دژبەر یان دژوازەکەی بە شێوەی سروشتی زەرووری و پێویستە. ستوارت میل بە کورتکردنەوە و بەستنەوەی چەمکی هاوتایی بەردەوام، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ چەمکی زەرووڕەت دێنێتە ئارا. لەو رووەوە کە وێنای ئەو لەمەڕ

چوونییەکیی وەکو هاوتایی بەردەوام لە هەموو دۆخ و هەلومەرجە مومکینە سروشتییەکاندا پێویستی بە زەروورەت هەیە، هەر بۆیە، لەگەڵ وێنای ئێمە لەمەر رووداوەکان وەکو هۆکان دێتەوە، بەڵام هێند لەگەڵ وێنای کەسەکان وەکو هۆکار هاودەنگ نییە؛ چونکە کەسەکان چوونییەك کردە نانوێنن.

هیوم لای وابوو چەمکەکانی هێز و زەروورەت یەکدەگرنەوە، بەڵام ئەم بۆچوونە لە رواڵەتدا هەڵەیە. هێز هاودەمی مرۆڤە، زەروورەتیش هاودەمی رووداوەکانە. ئەم دوو توخمە کەم تا زۆر جیاوازە پێکهێنەری چەمکی هۆکارن.



## پەراوێزەکان

١. Pharmacists
٢- Pathologists
٣- vulcanologists
٤- meteorologists
٥- efficient causes
٦- material causes
٧- formal causes
٨- final causes
٩- chemistry
١٠- astronomy
١١- biology
١٢- Zoology
١٣- genetics
١٤- creation *ex nihilo*
١٥- maxim
١٦- universality
١٧- uniformity
١٨- Inca Empire
١٩- Douglas Gasking
٢٠- recipes

## بەشی هەژدەهەم:

# ئێنداکشێن « ئیستقرا»

### بەڵگە و « گەرەنتیی راستیی»

لە فەلسەفەدا لە نێوان بەڵگاندنی ئیستقراییی[1] و بەڵگاندنی قیاسی [2] جیاوازییەك لە ئارادایە. هەر دوو جۆری بەڵگەکە دەتوانن لە هەر بوارێکدا بەکاربهێنرێن و زۆربەی بەڵگاندنە راستەقینەکان لەم دووانە پێکهاتوون. بەمحاڵەوەش بەڵگاندن لە مەنتیق و بیرکاریدا هەمیشە قیاسییە، ئەمە لە حاڵێکدایە لەوانەیە لە زانست و ژیانی رۆژانەدا بەڵگاندنە ئێنداکشێنەکان لە بەڵگاندنە قیاسییەکان باوتر و ئاساییتر بن. قیاس بریتییە لە: دەرهێنانی دەرەنجامێك بە پێی پێویست بەری سەرەتاکانی ئەو قیاسەن. بەمە دەوترێ(( گارانتی راستی ))؛ چونکە راستیی و دەرەنجامی بەڵگەی قیاسیی راستەقینەی تێدا پارێزراوە؛ بە مەرجێکە سەرەتاکانی راست بن. نموونەیەکی کۆن لە بەر چاو دەگرین:

١ - هەر مرۆڤێك دەمرێ ٢ - سۆقرات مرۆڤە ٣ - کەواتە سۆقرات دەمرێ.

ئەگەر سەرەتاکانی (( واتە بەندی ١و٢ )) راست بن، لەم رووەوە دەرەنجامەکەی (( واتە بەندی ٣ )) راست لەکڵ دەدرێ.



ئیستقرا بریتییە لە کۆکردنەوەی راستییە هەندەکییەکان و پاشان دەرهێنانی دەرەنجامێکی گشتی لەم راستییانە. کەواتە بناغەی ئێنداکشێن لەسەر بینین و ئەزموون دانراوە. بەڵگەی ئێنداکشێن بۆ خۆی گەرەنتیکەری راستییەکان نییە؛ چونکە گشتاندنێکی لێدەکەوێتەوە کە بێکۆتا یان هەمەکین؛ بۆ نموونە، هەم لەمەڕ داهاتوو بەکاردەهێنرێن، هەروەها لەمەڕ رابردوو و ئێستاش. هەڵبەت ئەم گشتاندنانەی لەسەر دیتنی دەرکەوتەکان دامەزراون، تا ئەو جێگەی ئێمە دەزانین راستن. خاڵێك لێرەدا سەرهەڵدەدا کە راستیی کۆمەڵێکی سنووردار لە بڕیارەکانی پەیوەست بە بابەتە هەندەکییەکانی وەك ((ئەم قووە سپییە )) (( ئەو قووە سپییە ))، ئەم قووەی سێهەمیش سپییە)) و تاکۆتایی بە ئەگەری پووچەڵکردنەوەی گشتاندنی هەمەکی سازدراو لە سەر ئەوانە واتە (( هەموو قووەکانی رابردوو، ئێستا و داهاتوو سپین)) ناکۆك نییە. لەم رووەوە کۆکردنەوەی راستییەکان، ئەگەرچی زۆر و زەوەندەیش بێ، گەرەنتیکەری راستیی گشتاندنی هەمەکیی دەرەنجامەکان نییە، هەر بۆیە هەندێك لە فەیلەسووفەکان وتوویانە بەڵگەی ئیستقرایی لە خۆیدا ناڕاست و نەزۆکە[3]. لە کۆتایی ئەم بەشەدا بەڵگە دێنینەوە کە لێکدانەوەی کۆنی ئیستقرا تا رادەیەك گومڕامان دەکات. بەڵام جارێ قایلین بەوەی کە مێتودی سوننەتیی جیاکردنەوەی ئیستقرا لە بەراوردکاری بە گشتی کارێکی چاکە. لە راستیدا، هەندێك لە بەڵگەکانی ئیستقرایی لەبەر ئەوەی گشتاندنی بێبنەما ئەنجامدەدەن، ناڕاستن. بۆ نموونە بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بڕیارە هەمەکییە کە دەڵێ: ((هەر قوویەك سپییە ))، ((هەر پیاوێك زاڵمە ))، ((هەر ژنێك پەشۆکاوە ))، ((هەر سەگێك گورگێکی پڕمەترسییە )) دەزانین ئەم بڕیارە هەمەکییانە هەروا بە ئاسانی پووچەڵناکرێنەوە. لە لایەکی دیکەوە، ئەو بڕیارە هەمەکیانەی

کەپلەر[٤] و تیکۆبراهە[٥]، لەمەڕ ڕێگەکانی گەڕانی ئەستێرەکان پۆلێنەبەندییان کردووە، تا ئێستا هەڵنەوەشاونەتەوە سست و لەرزۆك نین.

ئەم بڕیارە هەمەکی یان گشتاندانە، واتە ڕێساکانی گەڕانی ئەستێرەکانی کەپلێر بریتین لە:

**یاسای یەکەم:** دەوردانی هەر ئەستێرەیەك بە شێوەی هێلکەیە و خۆر لە ناوەندی یەکێك لەم هێلکانەدایە.

**یاسای دووهەم:** هێڵێك کە ئەستێرەکان بە خۆرەوە دەلکێنێ، لە کاتە یەکسانەکاندا *پانتایەکی یەکسان دەگرێتەوە.

**یاسای سێهەم:** مەجزوری ماوەی سووڕانی ئەستێرەکان هاوتەریبە لەگەڵ شەش پاڵووی مەودای ناوینی ئەوان لەگەڵ خۆردا.

## پرسی ئیستقڕا:

لەسەر هەر شتێك کە بتەوێ، دەتوانی بەڵگەی ئیستقڕایی بێنیتەوە، هەرچەند کە دەزانین جاروبار بۆ پێشبینی کردنی ڕووداوەکانی داهاتوو، ئیستقڕا بەکاردێنین.

ئەم پرسیارە کە ئایا ئیستقڕا لەو ڕووەوە ئیستقڕایە ڕاستە یان هەڵە، بۆ یەکەم جار لە سەردەمی نوێدا لە لایەن هیومەوە ئاراستەکراو دوای ئەو، ڕاسێل لە کتێبی **پرسەکانی فەلسەفە** [٦] بە شێوەیەکی سەرڕاست و کورتکراو باسی لە سەر کردووە. ڕاسێل لەوێدا دەس دەکات بە بەراورد کاری: هەموو لە سەر ئەم باوەڕە هاودەنگن کە بەیانی خۆر سەرهەڵدەدا، بەڵام چۆن دەتوانین بزانین بەیانی چ ڕووداوێك ڕوو دەدا؟ هێشتا بەیانی نەهاتووە. خەڵك لایان وایە بەیانی خۆر سەرهەڵدەدا، چونکە لە ڕابردووشدا بەردەوام خۆر سەریهەڵداوە، بەڵام چۆن دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە داهاتووش لە ڕابردوو دەچێ؟ ڕاسێل پێشبینیی



دڵنیای ئێمەی لەمەڕ سەرهەڵدانی خۆر لەگەڵ دڵنیایی باڵندەکان لەوەی کە خاوەن مەزرا بەردەوام دانەوێڵەیان بۆ دابیندەکات، بەراورد کردووە. ڕۆژێك خاوەن مەزرا بڕیار دەدا بۆ شەو کەبابی جووجە بخوا، ئەم باسە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ باوەڕی ڕاستەقینەی باڵندەکان لەسەر خێرخوازیی خاوەن مەزراکە هەڵەبووە. داهاتووی باڵندەکان لە ڕابردوویان ناچێ. بەم چەشنە، ڕەنگە باوەڕی پتەوی ئێمە بەوەی داهاتوو لەڕابردوو دەچێ، هەڵە بێت؛ چونکە زانستی ئێمە و زانستی باڵندەکان هاوشێوەن. کەواتە نموونەی وەك باڵندەکان ڕوونکەرەوەی ئەوەن بەڵگەی ئیستقڕایی ئەبێ زۆر تەسك و لەرزۆك بێ، دەتوانین پرسی ئیستقڕا لە چوارچێوەی قیاسێکی دووفاقیدا دەربڕین: ئایا بەڵگەی ئیستقڕایی لەسەر دەور[٧] دامەزراوە یان دەتوانین بیگۆڕین بۆ قیاس. ئەگەر لەسەر دەور سازکرابێ، ناڕاستە و ئەگەر بیگۆڕین بۆ قیاس، ئیدی ئیستقڕا نییە.

دەور چییە؟ گریمان ئێمە پێشبینی ئەوە بکەین بەیانی خۆر سەرهەڵدەدا. بەڵگەی پێشبینیی ئێمە چییە؟ ئەمەیە کە ئێمە دەزانین خۆر لە ڕابردوودا بەردەوام سەریهەڵداوە، ئێمە لە ڕێگەی بیرهێنانەوەی ڕووداوی پەلەوەرەکان دەپرسین: ئایا بەڵگەی ئێمە بەڵگەیەکی **بەها**دارە؟ لەوانەیە لە درێژەی باسەکەدا وەڵام بدەینەوە: ئەرێ، بەڵگەیەکی بەهادارمان هەیە، چونکە دەزانین لە ڕابردوودا، هەمیشە داهاتوو لە ڕابوردوو چووە.

دەتوانین نیشانی بدەین بەڵگەی دووهەم تەنیا دووپاتکردنەوەی بەڵگەی یەکەمە لە داڕشتنێکی نوێدا. بەم پێیە، «پاساوێکە » بۆ بەئاوەزمەندکردنی بەڵگەی یەکەم ئاراستەکراوە بە تەواویی دەورییە.

## ڕێگەچارەی پێشنیارکراو:

راسێل و دیتران کۆمەڵێك ڕێگەچارەی گونجاوی ئەم کێشەیان گەڵاڵە کردووە و رەخنەیان لێگرتووە کە بریتین لە:

## ڕێگەچارە بە پێی یاساکانی سروشت:

ئێمە دەزانین بەیانی خۆر سەرهەڵدەدا، چونکە دەزانین کەیهان پەیڕەوی یاساکانی گەڕانی بازنەیی کەپلێرە کە سەر بە یاسا سروشتییەکانە. راسێل رەخنەیەك بەرز دەکاتەوە کە گوایە یاساکانی سروشت خۆیان تەنیا لە ڕێگەی بینینەوە کەشفدەکرێن. ئەگەر ئێمە دڵنیا نەبین لەوەی خۆر بەیانی هەڵدێ یان نا؛ وەکیتر ناتوانین دڵنیا بین لەوەی یاساکانی گەڕانی بازنەیی کەپلێرش بەیانی دادەسەپێ یان نا. ئەم راستییە کە تاکو هەنووکە خۆر بەردەوام سەریهەڵداوە، لەگەڵ دەرنەکەوتنی لە بەیانیدا ناکوك نییە. ئەم راستییە کە تا ئێستا یاساکانی کەپلێر بەردەوام بەنرخن ئەمە ناگەیەنێ سبەی ئەم یاسانە هەڵنەوەشێتەوە.

## ڕێگەچارەی سەر چوونییەکیی سروشت:

زۆرجار وێنا دەکرێ بەڵگەی ئیسقڕایی لەم رووەوە ناراستە کە بەڵگەیەکی ناتەواو و سەقەتە. ئەگەر ئێمە نموونەکانی خۆمان لەسەر بەڵگەی قیاسی و بەڵگەی ئیسقڕایی بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێ بەڵگەی یەکەم « واتە قیاسی» سێ بەشی هەیە: ١. هەر مرۆڤێك لە ناو دەچێ ٢. سوقڕات مرۆڤە ٣. کەوابوو سوقڕات لە ناو دەچێ.

لەحاڵێکدا کە بەڵگە ئیستقڕاییەکان تەنیا دوو بەشیان هەیە، بۆ نموونە: ١- خۆر لە رابردوودا بەردەوام دەرکەوتووە. ٢- کەوابوو خۆر بەیانیش هەڵدێ. یان



بۆ نموونە: ١. یاساکانی گەڕانی ئەستێرەکان لە رابردوودا پێڕەو کراوە. ٢. کەواتە لە داهاتووشدا وا دەبێ. بە بڕوای راسێل بە هێنانی سەرەتایەك لەسەر بەڵگە ئیستقڕاییەکان دەتوانین « کامڵیان » بکەین، واتە بە هێنانی سەرەتای چوونییەکیی سروشت. ئەم کردە بەڵگەی ئیستقڕایی دەگۆڕێ بۆ شتێکی وەکو بەڵگەی قیاسی، و بەڵگە قیاسییەکان دەبنە گەرەنتیکەری راستیی دەرەنجامەکان. لەم رووەوە، پێدەچێت سەرەتای چوونییەکیی سروشت گەرەنتی ئەوە دەکات کە یاساکانی سروشت وەکچۆن ئەمڕۆ راستن لە داهاتووشدا راست دەبن هەنووکە بەڵگەکانی پێوەندیدار لەگەڵ دەرکەوتنی خۆر بەم شێوە رێك دەخرێنەوە: ١- سروشت چوونییەکە. ٢- خۆر بە درێژایی چەند ملیۆن ساڵ بەردەوام سەریهەڵداوە و دەرکەوتووە. ٣- کەواتە خۆر بەیانیش سەرهەڵدەدا.

یان بە شێوەیەکی زانستییانەتر:

١- سروشت چوونییەکە.

٢- ئەمڕۆ ئەستێرەکان پەیڕەوی یاساکانی گەڕانی بازنەیین.

٣- کەواتە ئەستێرەکان سبەی پەیڕەوی گەڕانی بازنەیی کەپلێر دەبن.

ئەم ڕێگەچارە چەند خاڵی لاوازی تێدایە. یەکەم بۆمان دەردەکەوێ بە گۆڕانی ئیستقڕا بۆ قیاس بە گشتی ئیستقڕا بزر دەبێ. دووهەم سەرەتای چوونیەکیی سروشت ئێجگار لێڵ و پێلە و نە پێمان دەڵێ تا چەند چوونییەکە و نە پێمان دەڵێ چ شتێك چوونییەکیی دێتە ئەژمار. کەم و کورتیی سێهەم ئاڵۆزترە و لێکدانەوەی بەم شێوەیە: لەسەر رەوتی بوڕهان گریمان سەرەتای چوونیەکیی سروشت راستەقینەیە. بەم حاڵەوەش، لە رێگەی بەراوردکارییەکانەوە تێدەگەین کە تەنانەت ئەگەر راستیش بێ، راستییەکەی روون و راشکاو نییە. رستەی « سروشت چوونییەکە » وەکو رستەی « هەر پوورێك مێینەیە » نییە کە بەپێیپێناسە، رستەیەکی راست و روونە. وەکو ئەم

رستەش نییە کە « هەر شتێك خۆیەتی، نەشتێکی دی »کە دیسانەوە ڕستەیەکی ڕاشکاو و روونە، ئەنجام، چوونیەکیی سروشت دەبێ لە ڕێگەی ئەزموونەوە کەشف کرابێت. ئەگەر لە ڕێگەی ئەزموونەوە کەشف بووبێت، دەبێ لەسەر ئیستقرا دامەزرابێ. بەڵام ئەگەر ئیستقرا ناڕاست بێ. هەر لەم حاڵەتەدا چوونییەکیی سروشت ناتوانێ پێمل بە ئیستقرا بێ. تەنانەت کاتێکە ئیستقرا گۆڕابێت بۆ قیاس، تەنیا توخمێك لە خولی هەڵە لە بەڵگاندندا دەمێنێتەوە.

### ڕێگەچارەی سەر بە «شیمانە»:

لێرەدا پێشنیار دەکرێ سەرەتایەکی گشتی لەمەڕ شیمانە یان ئەگەرەکان بخەینە سەر بەڵگە. هەر لەم رووەوە بەڵگە دەبێتە شتێکی وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە.

١. کە شتێك لەوەها هەلوومەرجێکدا و بەردەوام و چەند جـار رووی داوە، لەم حاڵەدا« ڕەنگە: ئەوشتە هەمدیسانەوە هەر لەو بەستێنەدا روو بداتەوە ».

٢. خۆر لە ڕابوردوودا بەردەوام سەرییهەڵدایەوە.

٣. کەوابوو، لەوانەیە یان ئەگەری پڕڕەنگ هەیە، کە خۆر دیسانەوە بەیانی دەرکەوێ.

ڕێگەچارەی وەستاو لەسەر ئەگەرەکان لەم رووەوە کە دەتوانێ سەرەتایەکی زێدەتر بە مەبەستی ژیانەوەی بەڵگەی ئستقرایی بێنێتەوە هەمان جۆری ڕێگەچارەکەی سەر بە چوونییەکیی سروشتە. هەروەها دەکەوێتە بەر شاڵاوی ئەو ڕەخنانەی لە ئارادایە و وێڕای چەند ڕەخنەی تریش. یەکێك لەو ڕەخنانەی ئاراستە دەکرێ ئەمەیە کە لێرەدا چەمکی شیمانە یان ئەگەر بەتەمومژاوی و پێناسەنەکراو دەمێنێتەوە. تەنیا چەمککگەلێکی بەراستی وردبینانەی «شیمانە» بریتین لە: شیمانەی بیرکاری[8] و شیمانەی ئاماریی [9].



دەربڕینەکانی سەر بەشیمانەی بیرکاری و ئامار بە شێوەی ڕادە و چەندێتی و کەسرە. بەم چەشنە دەتوانین بیژمێرین کە ئەگەری هەڵدانەوەی تاس [10] لە یاریی حوکمدا یەك بە سیانزەیە و ئەگەری شێر یان خەت هاتنی دراو پەنجا لەسەدە. نموونەیەکی کەمێ جیاوازتر بریتییە لە ڕاپرسی. بۆ نموونە ڕاپرسی لەمەڕ دەرئەنجامەکانی دەنگدان و پرسیار لە « نموونەی ڕاستەقینەی » ناسراو. بۆ نموونە ئەگەر لە دەنگداندا بۆ هەڵبژاردنی شوورای شاری کەمبریج « نموونەی ڕاستەقینەی » دەنگدەران کەوێتە بەر پرسیار، لەوانەیە دەرکەوێ کە لەسەدا سی و چواری ئەو کەسانەی گەیشتونەوتەوە تەمەنی دەنگدان دەنگ بە سەوزەکان دەدەن، لەسەدا سی و سێ کەس بە سوورەکان دەنگدەدەن و لەسەدا سی و شەش کەس دەنگ دەدەن بە شینەکان.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە ئەگەر ئامارگرەکە ئاگای لە ئاماری سەرجەم «دەنگدەرەکانی شار» نەبوایە، نە دەیزانی ئایا ئەم نموونە، نموونەیەکی ڕاستەقینەیە و نەیدەتوانی بزانێ ئەوەندە هەیە جێگەی متمانەکردن بێ یان نا. چەمکی وردی شیمانە یان ئەگەر پێویستی بەوەیە کەسەکە لانیکەم ئەم دوو ڕادە بزانێت، چونکە کەوا نەبێت ناکرێ شێمانە لە قاڵبی ڕادە یان کەسردا بەیان بکرێ. لە نموونەی یەکەمدا ئەم ڕادە بریتیی بوو لە ژمارەی تاسەکان لەیەکدەس یاریی وەرقدا و هەندێك گەشت کارتەکانی ئەو کایەیە. لە نموونەی دووهەمی ئێمەدا ئەم ڕادانە بریتین لە: دووبەری دراوەکە و وێنای شێر لە سەر دراوی یەکەم. نموونەی سێهەمی ئێمە لەسەر ڕادە و ژمارەی گشت دەنگدەران، ژمارەی « نموونەی ڕاستەقینە » و ژمارەیەك لە نێوان ئەم نموونەیەدا مەبەستیانە بەرێك و پێکی دەنگ بدەن بە سەوز، سوور و شین.

کاتێ کە ئێمە لەمەڕ سەرهەڵدانی خۆر بڕیارێکی گشتی دەربکەین، ئەم دوو ئەندازەمان نییە؛ لە ڕاستیدا ئێمە لەم بوارەدا هیچ چەشنەزانستێکمان لە سەر

ئەندازە و چۆنییەتی نییە. ئێمە باوەڕمان وایە خۆر چەند ملیۆن جار سەریهەڵداوە، بەڵام ئێمە زانیارییەکی وردمان لەسەر جارەکانی سەرهەڵدانی خۆر نییە. کەواتە گەش دیارە نازانین ئایا نموونەی ئێمە نموونەیەکی راستەقینەیە یان نا، ئێمە ناتوانین بڵێین «رەنگە خۆر بەیانی هەڵبێ».

چونکە نازانین زەوی تا کەی درێژە بە سووڕانەوەی خۆی دەدا، کەوابوو، ئێمە نازانین هەتاو کەی و کەی دەردەکەوێ و کەی دەر ناکەوێ. ئەزموونی ئێمە تەنیا دەتوانێ سەبارەت بە نموونەی نادیاری بچووك لە هەڵسووکەوتی مەنزوومەی خۆر بێ، لەم بەستێنەدا وشەی «شیمانە» هیچ پێوەندییەکی بە شیمانەی بیرکاری یان ئامارەوە نییە. بە ئەگەرێکی زۆرەوە پێوەندیی بە ئەزموونەکان و دەروونناسییەکانی مرۆڤەوە هەبێت. ئێمە لە راستیدا ناتوانین لەم باوەڕە پاشگەز ببینەوە کە خۆر بەیانی سەرهەڵدەدا. پێدەچێت ئەم خواستە لە خواستی ئەو پەلەوەرانەی دەچێ کە متمانەیان بەخێرخوازیی خاوەن مەزراکە هەبوو.

**متمانە باوەڕی:**

کەواتە ئێمە چۆن دەتوانین تێبینین بێنیننەوە و بەرگری لەم باوەڕەی خۆمان بکەین کە پێشبینییە وردەکان لەمەڕ خۆر و هەسارەکان لە راستیدا مسۆگەرە، کە بێگومان لە زۆر رووەوە داهاتوو لە رابردوو دەچێ، هەروەها دەرکردنی بڕیارێکی هەمەکی لەسەر بنەمای ئەزموون، زیاتر میتۆدێکی راستەقینە بۆ مەعریفەیە؟ کۆمەڵێك لە فەیلەسووفەکان دەڵێن ئیستقرا پێویستی بە پاساوهێنانەوە نییە چونکە هەر دەبەنگێك تێدەگات کە مێتۆدێکی« شیاوی متمانەکردن » بۆ بەدەسهێنانی مەعریفەیە. وەڵامی ئەم پرسیارە « متمانە باوەڕی [11] » پێدەوترێ و بە شێوەیەك وەبیرهێنەرەوەی رێگەچارەی پێشنیارکراوی «رامزی »لە سەر پرسی مەعریفەیە(ب. ر. بەشی ٦).



رێگەچارەی تاکی متمانەباوەڕ لانیکەم ئەم پرسیارە دێنێتە پێش کە ئەگەر ئیستقرا «هەمان» میتۆدی شیاوی باوەڕ پێکردن بۆ بەدەسهێنانی مەعریفە لە سەر جیهانە، ئەو میتۆدانەی شیاوی متمانەپێکردن نین کامانەن؟ کاتێ کە هەوڵی خۆمان وەگەڕ دەخەین وەڵامدەری ئەم پرسیارە بین، بۆمان دەردەکەوێ هیچ شتێك شان لە شانی ئیستقرا نادا، لە بنەڕەتدا ئیستقرا میتۆد نییە، بەڵکو وەکو کورتکراوەیەکە سەرجەم ئەو میتۆدانەیە پێدەچێت تا ئێستا سەرکەوتنیان بەدەسهێناوە، بەم بۆنەوە، بەلارێدا بردنە ئەگەر بڵێین میتۆدی متمانە پێنەکراو ﴿نەکەرە﴾یە یان هەمان میتۆدی متمانەپێکراوی﴿مەعریفە﴾یە. بۆ شرۆڤە و لێکدانەوەی ئەم خاڵە، پێویستە بە لێکدانەوەی ئەو شتە جیاوازانەی ئیستقرای پێدەوترێ ئەم پرسیارە ئاراستە بکەین کە ئاخۆدەکرێ لەبەر قازانجی مێتۆدێکی دیکە دەست لە ئیستقرا هەڵبگرین، کەی و چۆن؟

بە بڕوای ئێمە ناکرێ حاشا لە ئیستقرا بکەین؛ چونکە کورتە و گووشراوەی هەموو شتێکە. نە هەر چاوداخستن لە ئیستقرا زەحمەتە بگرە لە مێشکیشدا ناگونجێ. کەوابوو تیۆریی تاکی متمانەباوەڕ دروشمێکی پووچەڵە؛ وەك ئەم دروشمە کە یەك شت زیاتر لە هیچە.

**متمانە باوەڕیی بەراوردکارانە:**

گشتاندنی ئەزموونیی هەمیشە شیاوی متمانە پێکردن نییە. . لە درێژماوەدا روون دەبێتەوە بڕەودان بە زۆربەی تیۆرییە زانستییەکان هەڵەیە. قیاس لە خۆیدا باشترین میتۆد نییە، لەبەر ئەوەی وانییە هەر بەڵگەیەکی قیاسی راست بێت، هەندێکیان راست و هەندێکیان هەڵەن و ئەمەش گرێدراوی بەڵگەهێنەر و هەڵبژاردنی رێساکانی هەڵێنجانە. ئەگەر هەر ئیستقرا و قیاسێك لە سەدا سەد شیاوی متمانەپێکردن بایەن، بەم واتا بوو کە مرۆڤ دەبێ زانایەکی تەواو بێ.

«ئیستقرِا» وشەیەکی لێڵوپێڵە و دەتوانێ دەلالەت بکاتە سەر میتۆدەکانی توێژینەوە، لەوانەیە: کۆکردنەوەی نموونەکان و بەکارهێنانی تێلسکۆپ، یان داهێنانی کەرەسەی زانستیی نوێ بۆ مەبەستە تایبەتەکان یان دەتوانێ بەم مانا بێ: **هەر میتۆدێکی توێژینەوەیی کە بەراوردکارانە نییە.**

هەڵبەت، میتۆدە تایبەکان دەتوانن بە بەراورد لەگەڵ یەکدی، تا رادەیەك جێ‌متمانە یان پێچەوانەی ئەمە بن. هەروەها **توێژینەوە تایبەتەکان** رەنگە بەراورد بە یەکدی کەمتر یان زیاتر جێمتمانە (سەرکەوتووانە) بن، بەڵام بێ‌واتایە بڵێین قیاس زیاتر یان کەمتر لە ئیستقرِا جێمتمانە بێت، ئەوەی کە لە بوارێکی تایبەتدا متمانەپێکراوە یان متمانەپێنەکراوە، شتێکە یان پێوەندیی بە وریایی ئەو کەسەوە هەیە کە ئەنجامی دەدات، یان گرێدراوی رێساکانی هەڵێنجانێکی تایبەتە، یان، هەندێك لە میتۆدەکان، هەروەها هەندێ لە رێساکانی یاسادەرهێنان سستترن لە هەندێکی دی.

## کە تیۆرەکان پووچەڵ دەبنەوە چی دەبێت؟:

وەرن چەند نموونەی خەیاڵی لێکبدەینەوە. گریمان ئێوە لاتان وایە دەتوانن بە دەربڕین و شرۆڤەی خڵتەی چایی پێشبینیی داهاتوو بکەن. رەنگە بە زووترین کات لەم تێۆرییە پاشگەز ببنەوە. ئایا کاتێ کە رووداوێك وا روو دەدات، ئێوە چی دەڵێن «چاکە ! دەردەکەوێ ئیستقرِا جێگەی متمانە نییە؟ »، نا وا نییە، بەڵکو لە جیاتی ئەوە دەڵێین «هیچ چەشنە پێوەندییەك لە نێوان رووداوەکانی داهاتوو و نەخشێك کە لە سەر خڵتەی چایەکە ماوەتەوە لە ئارادا نییە ».

زاناکانیش چەشنی تەعبیرکەر دڵساردی خڵتەی چایی، جاروبار بۆیان دەردەکەوێ ئەو شتانەی وایاندەزانی پێوەندییان هەیە پێکەوە، هیچ چەشنە پێوەندییەکیان نییە، جاروبار زانست کەشفی ئەوە دەکا هەندێك لە سەر چەشنەکان



لێدەدا ژیرانە نین. کەشف و دۆزینەیەکی لەم چەشنە وەکو دەرکردنی بڕیارە هەمەکییەکان بە پێی واقیعەکان نییە، بەڵکو پێچەوانەیە؛ واتە دۆزینەوەی ئەم خاڵەیە کە کۆمەڵێك لە بڕیارە هەمەکییەکان گشتاندنەکان ناڕاستن. بەڵام ئەم خاڵە هەرگیز دەلالەت ناکاتە سەر ئەوەی کە ئیستقرِا شیاوی متمانە پێکردن نییە: بەڵکو پێچەوانەیە، واتە کەشفی ئەوەی کە گشتاندنی تایبەت نامسۆگەرە، وەکو نموونەیەك لە «ئەو» بۆچوونە ئیستقرِایە لە قەڵەم دەدرێت. بە دەربڕینێکی دی ئیستقرِا هەم دەستوور و هەم پێوەندییەکان دەدۆزێتەوە و هەم شپرزی و بێدەستووری و نەبوونی پێوەندییەکان. دواتر گریمان زاناکان «بەردەوام» لە تەواوی بوارە جۆراوجۆرکاندا تووشی شکست هاتوون. ئایا ئەوان دەڵێن «چاکە! کەوابوو ئیستقرِا لە راستیدا میتۆدێکی جێگەی متمانە نییە»؟ نا وانییە، رەنگە بڵێین «جیهان لەوەی کە ئێمە وێنای دەکەین ئاڵۆزترە» یان ئەوەی «ئێمەی کەمهۆشتر لەوەین بیری لێدەکەینەوە». یان ئەوەی «پێویستە ئێمە بە گشتی میتۆدەکانمان بخەینە بەر رامانی دووبارە» یان تەنانەت « لەوانەیە لە عیرفانی رۆژهەڵاتدا بابەت هەبێت باشتر وابێ تاقییان بکەینەوە»، و بۆ تاقیکردنەوەی شتی دیکە عیرفانە بێ یان هەر شتێکی دی، ئەبێ دیسانەوە ئەزموون و بینین لە سەر ئەو شێوازە یان شێوازی دی، دەوری خۆی بگێڕێ. تەنانەت گومانیش جۆرێك ئیستقرِایە، ئیستقرِایەك زۆرجار بە ئەنجامە. سەرنەکەوتنی هیچ گشتاندن یان تیۆرییەك بۆمان ناسەلمێنێ یان ناتوانێ بیسەلمێنێ کە ئیستقرِا ناڕاستە یان شیاوی متمانەپێکردن نییە. گریمان رۆژێك دەردەکەوێ سەرپاکی گشتاندنەکانی پێشووی ئێمە، سەرجەم زانیارییەکانی پێشووی ئێمە و سەرجەم میتۆدە زانستییە تایبەتەکانی ئێمە ناڕاست یان سەرنەکەوتوو ماونەتەوە هیچ چەشنە دژوازییەکی لەگەڵ نییە. سەرەڕای ئەمە، گریمانی ئەوە لە ئارادا بێ ئێمە توانای ئەوەمان نەبێ هیچ گریمانە یان گشتاندنێك یان بڕیارێکی گشتیی نوێ ئاراستە بکەین گریمانەیەکی نەگونجاو و پڕوپووچ نییە. ئەمە چ شتێکمان بۆ

دەسەلمێنێ؟ ئایا دەیسەلمێنێ ئیستقرا ناعەقلانییە؟ نا. ئەگەر وەها ڕووداوێك ڕوو بدات، دەلالەت دەكاتە سەر ئەوەی كە مرۆڤ، ئەوەندە وریا نییە دامەزرێنەری زانست بێ. ئەو نەیدەتوانی بیسەلمێنێ كە سرووشت بە ڕاستیی هەڵگری هیچ چەشنە چوونییەییەك نییە، تەنیا ئەمەمانی بۆ دەسەلماند كە مرۆڤ لە تواناییدا نییە چوونییەكەییەكی «زیاتر»بدۆزێتەوە.

**ئاژاوە و وەسفكردن:**

سەلماندنی ئەوەی كە جیهان خاوەنی هیچ چەشنە چوونییەكییەك نییە ناموكین. دەتوانین بڵێین «جیهان پڕ لە ئاژاوەیە»، بەڵام تەنیا بەو مەرجەی ڕستەی سەرەوە هەڵە بێ. لە ڕاستیدا نامسۆگەرە بڵێین جیهان پڕ لە ئاژاوەیە؛ هەر بۆیە ئەگەر جیهان لە ڕاستیدا تێكەڵاو بە ئاژاوە بێ، هیچ زمانێك بۆ وتنی وەها وتەیەك نەدەهاتە ئاراوە. زمان بۆ خۆی، لە سەر شتەكان یان چۆنییەتییەكان دامەزراوە كە سەقامی زەمەنیی تەواوی هەیە، تاكو لە ڕێگەی وشەكانەوە پێكەوە ببەسترێنەوە، ئەم سەقامە خۆی، جۆرێك چوونییەكییە. هەڵبەت، ئەم خاڵە ئەوە گەرەنتی ناكات كە ناشێ جیهان تووشی شڵەژاوی ببێت، بەڵام ئەگەر وەها ڕووداوێك بێتە ئاراوە، ئێمە بوونمان نابێ بینەر و شایەد حاڵی ئەو ڕووداوە بین.



## پەراوێزەكان

١- inductive reasoning

٢- deductive reasoning

٣- unsound

٤- Kepler

٥- Tycho Brahe

٦-*The Problems of Philosophy*

٧- circular

٨- mathematical probability

٩- statistical probability

١٠- Ace

١١- reliabilism

# نەسکی پێنجەم

## مەنتیق
## فەلسەفەی ئەنجام دەرهێنان و ئەنجامگیری

بەشی نۆزدەهەم:

## بابەتی مەنتیق

مەنتیقی روخسارەکی[١] لێکدانەوەیەکە لە سەر ئەنجامگیریی بەراوردکار و بایەخ ناداتە بەڵگاندنی ئیستقرِایی. بابەتی لۆژیك ئەو لایەنە لە بورِهانی وردبینانە یان بەراوردکارە کە پەیوەستە بە بەهاو و راستییەوە. ئیستقرِا، بەراورد و بورِهان بەڵگاندنی ئیستقرِایی لە سەر روانین و ئەزموونی هەستەکی وەستاوە ئیستقرِای بنەرِەتی لە کۆکردنەوەی راستییەکان و دواتر ئاراستەکردنی حوکم و برِیاری گشتی بە پێی ئەو راستییانە پێکهاتووە. لەلایەکی دیکەوە، قیاس بریتییە لە هەڵێنجانی ئەو ئەنجامانەی بە یان بە پێی پێویست لە پرِەنسیپە باو و ئاساییەکان بەدەسهاتوون یان لەو حوکمانەی لەمەرِ ئەو راستییانەی کە زانست بە گریمانکراو لە بەرچاویان دەگرێ. کە مەنتیق زانەکان باس لە بورِهان [٢] دەکەن، مەبەستیان بورِهانی بەراوردکارە (قیاس)، بەڵام کاتێ کە خەڵکی ئاسایی یان زاناکان باسی بورِهان دەکەن مەبەستیان "**هۆکارێکی زۆر بە هێزە**". ئەم دوو مانای وشەی « بورِهان » بە دەربرِینێك، کورتە و گوشراوەی جیاوازیی نێوان قیاس و ئیستقرِایە.

ئەم جیاوازییە، وەکچۆن لە بەشی هەژدەهەمدا ئاماژەمان پێدا پێوەندی بە « گەرەنتی راستییەوە » هەیە. بەڵگەکان هەرچەندەش بنەبرِ بن، گەرەنتیکەری راستیی دەرنجامی بەڵگاندنی ئیستقرِاییەکان نین. ئەنجامگیری ئیستقرِایی مەعقوول لەگەڵ پێچەوانەی دەرنجامەکەی رێك دەکەوێتەوە. تەنانەت ئەگەر



راستییەکان گومان هەڵنەگرن، هێشتا ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ئەنجامی ئەنجامگیریی ئیستقرِایی هەڵە لەکلێ دەربێ. ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئەنجامگیریی ئیستقرِایی چەندیێتییەکی ئاستەنگ لە ئەنجامگیرییەکانی رابردوو و هەنووکە کۆ دەکاتەوە، و پاشان لە قاڵبی گشتاندنێکی گشتییەوە ئەنجام وەردەگرێ. وەها گشتاندنێك یان حوکمێکی گشتی ژمارەیەکی بێکۆتا لە راستییە زانیارییەکان لە خۆ دەگرێ و بە باشی دەتوانێ هەم لەمەرِ رابۆرد و﴿هەم﴾ هەنووکە بەرِێوە ببرێ و هەم لەمەرِ داهاتووش.

پێشتر لە بەشی هەژدهەمدا ئەنجامگیریی ئیستقرِاییمان خستە بەر لێکۆڵینەوە؛ کەواتە لێرەدا هیچ شتێك ناخەینە سەر ئەم بەشە.

بورِهانی بەراوردکار (قیاسی) ، « گەرەنتیکەری راستی »یە. ئەگەر سەرەتاکانی ئەنجام دەرهێنانی قیاسی راست و درووست بێ درەنجامەکەشی دەبێ راست بێت. بۆچی بەم جۆرەیە؟ چونکە پێناسەی راستیی بەم شێوەیە: **ئەنجامگیری بە مەرجێ راستە کە لەگەڵ هەبوونی راستیی سەرەتاکانی، هەڵەبوونی دەرەنجامەکەی مەحاڵ بێت**. لەم رووەوە، کاتێ باسی بورِهان دەکەین مەبەستمان بورِهانی قیاسییە.

مەنتیق، بەگشتی سەرقاڵی توێژینەوەی ئەنجامگیری قیاسییە، نەك بورِهانە قیاسییەکان. راستی و دروستیی بورِهانە قیاسییەکان لە ژێر زنجیرەیەك لە ئەنجامگیرییە قیاسییە راستەکاندایە. ئەنجام دەرهێنانی قیاسی دەتوانێ وێرِای سەرەتای راست یان گریمانی رووت یان لەگەڵ سەرەتای هەڵە دەستپێبکات. بە هەر چەشنە، ئەنجام دەرهێنانی قیاسی دەتوانێ راست بێ، تەنانەت ئەگەر سەرەتاکانی هەڵەکارانە رەنگرێژکرابێ، یان وێرِای بوونی راستیی سەرەتاکانی هەڵە دەربێت. لەو پێناسەی لە چەند دێرِی سەرەوەدا لەمەرِ « راستی » داومانە بە دەستەوە ئەم خاڵانە روون دەبێتەوە.

لێرەدا نموونەیەك لە ئەنجام دەرهێنانی قیاسیی ڕاست و دروست دێنینەوە كە بورهان نییە. ئەم ئەنجامگیرییە ڕاستە، بەڵام شتێكمان بۆ ناسەلمێنێ چونكە بە سەرەتایەكی هەڵەوە لەمەڕ ناپلیۆن دەستپێدەكات: ناپلیۆن ژاپۆنی بوو. هەر ژاپۆنییەك ئاسیاییە، كەواتە ناپلیۆن ئاسیایی بوو – ئەگەر ئەنجام دەرهێنانی قیاسیی ڕاست بە سەرەتای ڕاستەقینەوە دەستپێبكات، دەبێتە بورهان، چەشنی ئەم نموونە كۆنە: هەر مرۆڤێك بوونەوەرە. سۆقرات مرۆڤە، كەواتە سۆقرات بوونەوەرە. بەدەربڕینێكی پسپۆڕانە، هەر ئەنجام دەرهێنانێكی ڕاستەقینەی قیاسیی كە خاوەنی سەرەتای ڕاست بێت بورهانە؛ هەر چەند ئەگەر لە كردەوەدا ئەنجامەكەی لە پێشدا ڕوون و ئاشكرا بێت یان ئەوەی لە سەرەتاكانی زیاتر شیاوی پەسەند كردن بێت، دیسانەش ناونیشانی « بورهان »ی پێنادرێت.

ئایا بورهانی ڕاستەقینە بەردەوام ئەبێ بە سەرەتای ڕاستەقینەوە دەستپێبكات؟ نا؛ چونكە ڕیزپەڕێكی گرینگ لێرەدا بوونی هەیە، واتە **بورهانی خۆلف** [3]. بورهانی خۆلف بە سەرەتایەكەوە دەستپێدەكات كە هەڵە بوونی دیار وبەرچاو یان جێگەی گومانە. مەبەست لەم بورهانە ئەوەیە بیسەلمێنێ كە سەرەتای گریمانكراو هەڵەیە. ﴿چونكە بە ڕاست گرتنی دژوازیی لێدەكەوێتەوە﴾.

**بورهانەكانی خۆلف** لە بیركاریدا باوە، لێردا تیشك دەخەینە سەر نموونەیەكی بە ناو بانگ: ئوقلیدۆس بە كەڵكوەرگرتن لە بورهانی خۆلف سەلماندی كە گەورەترین ژمارەی یەكەم بوونی نییە، لێكدانەوەكەی بەم شێوەیەیە: گەورەترین ژمارەی یەكەم بوونی هەیە، ناویدەنێین P ژمارەیەكی گەورەتر هەیە، كە یەكسانە بەP. . . ×٥×٤×٣×٢×١ ئەم ژمارەیە ناودەنێین **Q** ئەم ژمارەیە دەرەنجامی لێكدانی سەرجەم ژمارەكانی یەكەمە لە١ەوە بۆ. P ڕوونە كە Q ژمارەی یەكەم نییە؛ چونكە بۆ تەواوی ژمارەكانی یەكەمی پێشP دابەش



دەبێت، ژمارەیەكی گەورەتریش بوونی هەیە، واتە Q+1 ئەم ژمارەیە ناودەنێین R. R ئەبێ ژمارەی یەكەم بێ چونكەو ئەگەر بۆ هەر ژمارەیەكی پێشووتر بۆ نموونە Q خۆی دابەشی بكەین، ئەوەی ئەمێنێتەوە وەكو پاشماوە هەمان ژمارەی (١)ە. كەواتەP گەورەترین ژمارەی یەكەم نییە چۆن R ژمارەی یەكەمە و لە P گەورەترە، دیارە ئەم پرۆسە تا ئەبەد درێژەی دەبێت، بەم چەشنە: گەورەترین ژمارەی یەكەم بوونی هەیە، واتە R ژمارەیەكی گەورەتر بوونیی هەیە و بریتییە لەR ×. . . ٥×٤×٣×٢×١ (هەروا تابێكۆتا) . ئەنجام: گەورەترین ژمارەی یەكەم بوونی نییە.

## میتۆدەكانی مەنتیق:

بە ڕاستی مەنتیق چۆناوچۆن وردبینانە بەڵگەی قیاسی لێكدەداتەوە؟ مەنتیق لە بنەڕەتدا كۆمەڵێك ڕێسای گشتی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕاستیی بەڵگەكان دابیندەكات. بەڵام پێش دانانی ڕێساكان بابەتە زمانییەكان پۆلێنبەندی دەكات وزمان لە ڕوانگەیەكی نوێ و ناوازەوە دەخاتە بەر باس. هەروەها ڕەنگە زمانێكی دروستكراو ئاراستە بكات. مەنتیق بابەتە زمانییەكان، واتە وشەكان و ڕستەكان پولێنبەندی دەكات، بۆ ئەوەی پۆلیبنەندی ئەنجامگیری و بورهانەكان ئاسانتر بكاتەوە. مەنتیق بە چەند هۆوە دەستدەداتە تازەگەریی زمانی. یەك لە هۆكارەكانی لە ناوبردنی تەموومژی و دولایەنەییە. هۆكاری دی بریتییە لە ساناكردنەوەی بۆچوونە تازەكان و هۆكاری سێهەمیش ئەمەیە كە جۆرێك نیشانەگەلی كورتكراوی هەبێت تاكو دژوارییی ئەنجامگیرییە ئاڵۆزەكان سووك بكاتەوە. مەنتیق هەروەها داهێنەری زاراوەی پسپۆڕانە یان نیمچە پسپۆڕانەكانە. زاراوی پسپۆڕانەی مەنتیقی كەونینە سادەن و زیاتر بۆ وەسفكردنی بونیادی ئەنجام دەرهێنانەكان بەكار دەبرێن. زاراوە

پسپۆڕانەییەکانی مەنتیقی نوێ گەلێك دژوار و ئالۆزترن. ئەوان زیاتر لە زمانێکی دروستکراوی چڕوپڕ دەچن و مەبەستیانە کەرەسەی دەربڕینی ئەنجامگیرییەکانیان هەبێت بە جۆرێك کە بونیادەکەی بە شێوەیەکی روون و گەش ئاشکرا بکات. گریمان ئەم زمانە دروستکراوەی مەنتیقی نوێ سادەترە و روونترە لە زمانی سروشتیی ئاسایی، وردبینی، بنەبڕی و راشکاوی دەبێتە هۆی ئەوەی کە پوختەتر مەغلەتەکان بدۆزێتەوە و ساناتر جیاکاریی نێوان چەشنە جۆراوجۆرکانی هەلێنجان و ئەنجامگیریی دیاری بکات.

بەشەکانی داهاتوو تایبەتمەندییە سەرکییەکانی مەنتیقی کۆن و مەنتیقی نوێ باسدەکەین. هەروەها لێکیدەدەینەوە بۆچی مەنتیقی کۆن لە سەدەی بیستەمدا جێگەی خۆی داوە بە مەنتیقی نوێ.



## پەراوێزەکان

١- formal logic

٢- proof

٣- *reduction ad absurdum*

## بەشی بیستەم:

# مەنتیقی قیاسی

باسەکە بە پێناسەیەکی گشتیی راستیی و دروستیی قیاس دەستپێدەکەین: **دیداکشێن یان بەڵگەهێنانەوە بە مەرجێك راست یاخود بە ئەنجامە کە سەرەڕای راستیی سەرەتاکانی هەڵەی ئەنجامەکەی مەحاڵ بێ.** وشەی یۆنانیی سیلۆجیزم[١] تەنیا بە واتای ئەنجامگیری راستە، بەڵام زۆر لەمەو پێش، مانای ئەم وشە نەختێ گۆڕانی بەسەر هاتووە. لای مەنتیقزانەکان واتای ئەم وشە بەنسبەت واتا سەرەتاییە یۆنانییەکەی لەلایەك گشتییە و لەلایەکی کە هەندەکییە. لەم رووە تایبەتەوەیە کە ئەوڕۆ مەبەست لە قیاسی روخسارەکی بە پلەی یەکەم تەنیا ئەو دیداکشینانە یاخود بەڵگانەیە کە لە قاڵبێکی گشتیی دیاریکراودا یەکبگرنەوە.

ئەم قاڵبە لە دوو سەرەتا و دەرەنجامێك پێکهاتووە و لەو رووەوە گشتگرە کە هەنووکە نە تەنیا بەڵگەگەلی راستی وەستاوە لە سەرقاڵبی باسکراو، بەڵکو بەڵگە ناراستەکانیش بەنێوی قیاسی روخسارەکییەوە ناو دەبرێن. لە راستیدا قاڵبی بەرواڵەت ساکاری قیاس دەتوانێ لە چەند شێوەی جۆراجۆردا بوونی هەبێت. قیاس دەتوانێ بەم جۆرە بێ:

هەر مرۆڤێك لە ناودەچێ.
سۆقرات مرۆڤە.
کەواتە سۆقرات لە ناو دەچێ.



ئەمە بە هەڵکەوت ئەنجامی لێدەکەوێتەوە؛ چونکە ئەگەر سەرەتاکان راست بن، دەرەنجامیش بە ناچار راست ئەبێ.

یان دەتوانێ بەم شێوە بێت:

هیچ قەلێك سپی نییە.
هەندێك لەقەلەکان ژێنی زالیان هەیە.
کەواتە هەندێك شتی خاوەن ژێنی زال، سپی نین.

ئەمەش بە ئەنجام و راستە؛ ئەگەر سەرەتاکان راست بن، دەرەنجامەکەشی راست دەبێ.

یان رەنگە بەم شێوە بێ:

بڕێك لە بوونەوەرەکان مەڕەکێوین.
بڕێك لە بوونەوەرەکان گۆشت خۆرن.
کەواتە بڕێك لەمەڕە کێوییەکان گۆشت خۆرن.

گەش دیارە کە پووچەڵ و ناڕاستە؛ سەرەتاکان راستن، بەڵام دەرەنجامەکەی هەڵەیە.

مەنتیقی قیاسی بە گشتی، مەنتیقی ئەرەستوویی پێدەگوترێ؛ چونکە بەشی زۆری لە سەر دەستی ئەرەستوو خۆی داڕێژراوە، بەڵام هەندێ زێدەکردن و پەرەپێدانی، بەرهەمی چالاکیی فەیلەسووفانی پاش ئەوە کە لە نێوانیاندا دەتوانین ئاماژە بە زینۆن[٢]، چیچرۆو بۆئسیۆس[٣] بکەین. نووسەرانی وەکو ئابلار[٤]، دانز سکاتز[٥] و ویلیام ئۆکام[٦] بکەین.

بڕێك لە ئەنجامگیرییەکان تەنیا سەرەتایەکیان هەیە. بە مانە دیداکشێنی سادە یان راستەوخۆ دەڵێن. نموونە:

تەواوی قووەکان سپیی تۆخن (سەرەتا).
کەواتە هیچ قوویەك رەش نییە (ئەنجام).

مەنتیقی کۆن بانگەشەی ئەوە دەکات کە سەرجەم بەڵگەکان یان سادە و راستەوخۆن یان کەوا نەبوو، قیاسین .

ئەم مەنتیقە گریمان دەکات کە هەر بەڵگەیەك کە ئالۆزتر لە قیاسێك دیارە، یان دەکرێ بگۆڕێت بۆ قیاسێك یاخود بۆ کۆمەڵێك قیاس. لە دەقی وانەکانی مەنتیقی سەدەی نۆزدهەهەمدا، پرۆڤە گەلێك هەیە لەودا خوێندکار ئەبێ بەڵگە بە رەواڵەت ئالۆزەکان بگۆڕێت بۆ قیاسەکان یاخود کۆیەك لە قیاسەکان.

## سیمبۆلەکان، زاراوە کورتکراو و تایبەتەکان:

پۆلێنبەندی و تا رادەیەك شێوەداڕشتنی قیاسەکان بە یارمەتی سیمبۆلسازیی[7] مسۆگەرە. ئەو سیمبۆلسازییەکە لە مەنتیقی قیاسیدا بەکاردەهێنرێ ئیجگار سادەیە؛ واتە پێویستی بە کەم تا زۆر دوازدە زاراوەی تایبەت و پسپۆڕانە هەیە کە هەموویان بۆ تێگەیشتن لە سیستەمی مەنتیقی پێویست نین. کەم تا زۆر بڕێك لەم زاراوە پسپۆڕانەییانە یاخود جۆری بەکارهێنانیان پاش ئەرەستووین.

**پرۆپۆزەیشنەکان و پێوانەی رستەکان:** پرۆپۆزەیشن وتارێکە ئەگەری هەڵە و راستیی تێدایە. پرۆپۆزەیشن لەگەڵ جۆرەکانیتری رستەکان لەوانە: ئیستیفهام، تەمەننا، بکە و نەکە (ئەمر و نەهی) کە هەڵگری هەڵە و راستیی نین جیاوازە. چوار وشەی «هەندێك»، «هەموو یان هەر»، «هیچ»و «هەندێ. . . نین» بە پێوانەی رستە[8] ناوزەد دەکرێن. مەنتیقی کۆن رستەکان بە سەر چوار جۆردا دابەشدەکات. جیاوازیی نێوان ئەم رستانە لە سەر ئەم ئەساسە دابینکراوە کە کام لەم سوورانە (پێوانە)ی چوار لایەن لە رستەکاندا هاتووە. سیمبۆلە



کورتکراوەکان بۆ ئاماژە بەم چوار جۆرە رەستە پیتەکانی ئەلف و بێن، بەم شێوە[9] :

هەموو «A» لە باتی ئەو رستانەی بە «هەموو یان هەر»ەوە دەستپێدەکەن.

نا(E): لە باتی ئەو رستانەی بە «هیچ»ەوە دەستپێدەکەن.

ع(I): لە باتی ئەو رستانەی کە بە «هەندێ یان بڕێك»ەوە دەستپێدەکەن.

س(O): لە باتی ئەو رستانەی کە بە «هەندێ. . . نین»ەوە دەستپێدەکەن.

زاراوە کورتکراوەکان بە سەر چوار رەستە دابەشدەکرێن کە بریتین لە:

- هەموو (A): ئەرێنیی گشت (هەموو یان هەر) .
- نا (E): نەرێنیی گشت (هیچ).
- ع (I): ئەرێنیی هەندەکی (بڕێك) یان هەندێك.
- س (O): نەرێنیی هەندەکی (بڕێك یان هەندێك. . . نین)

نموونەکان:

هەموو(A): هەر سوودانییەك ساخ و تەندروستە.

نا(E) هیچ سوودانییەك ساخ نییە.

ع(I)هەندێك لە سوودانییەکان ساخن.

س(O) هەندێك لە سوودانییەکان ساخ نین.

**تێرمەکان:** بێگومان بەڵگەکان هەموو کات باسی شتێك دەکەن بۆ نموونە — هەنگارییەکان، شەیدایی، کەماڵەکان، شارەکان، ژمارە یەکەمینەکان یان هەر شتێکی دی. تێرمەکان[10] وشەگەلێکن کە ئاماژە دەکەنە سەر بابەتی بەڵگاندنەکان. بۆ نموونە پیتی S(م)، M(ح)و P(ت) وەکو سیمبۆلی کورتکراوەی تێرمەکان بەکاردەهێنرێن قیاس سێ ئاستی هەیە. ئەگەر دەرەنجامی قیاس رەچاو بکەین ئاستەکان بریتین لە: بابەتی ئەنجام (م) باری


ئەنجامەکی(ح) و ئاستی ناوین(ت) کە لە هەر دوو سەرەتاکە دیارن و لە دەرەنجامدا نامێنن. لەمە بەدوا، لەنموونە هێنانەوەدا لە سەرووی وشەکاندا پیتی«م»، «ح»و «ت» دادەنێین، تاکو جۆری ئاست (تێرمەکان) دیارییکەین.

**سەرەتا و دەرەنجام:** هەروا کە ئێستا بینیمان، قیاس لە سێ رستە یان پرۆپۆزەیشن پێکهاتووە، بە دوو سەرەتاوە دەستپێدەکات کە سێهەم — واتە دەرەنجام — ئەبێ لەو دوو سەرەتا هەڵهێنجرێ. رستەیەك کە بابەتی دەرەنجام و ئاستی مامناوەند لە خۆ دەگرێ «سۆغرا» و رەستەیەکە باری دەرەنجام و مامناوەند دەگرێتەوە «کوبرا»ی پێدەگوترێ. رستەیەك کە هەم بابەت و هەم بار دەگرێتەوە «دەرەنجام»ی پێدەڵێن کە هەڵبەت بەردەوام لە کۆتاییدا دێت. بە زۆری لە سەرەتای دەرەنجامدا زاراوەگەلی وەك «کەوابوو»، «کەواتە» «ئەنجام»بەدیدەکرێ، قیاس دوو جۆرە: راست و ناراست، «بۆ ئاسانیی بەڵگاندن» راستیی سەرەتاکان بە حەتمی دادەنێن و پرسیار دەکەین: ئایا وێڕای گریمانی راستیی سەرەتاکان، دەرەنجامی پێویستی لێدەکەوێتەوە؟ ئەم پرسیارە یەکسانە بەم پرسیارە: کە ئایا وێڕای گریمانی راستیی سەرەتاکان، دەرەنجامی هەڵەی لێدەکەوێتەوە؟


نموونەی ١: هەر ﴿کەسێکی ﴾ هەنگاریی «ج»شەیدایە«ت».
هیچ مرۆڤێکی ژێر«م»شەیدا نییە«ت».
کەواتە هیچ مرۆڤێکی ژێر «م» هەنگاری نییە «ج».

بەفەرزی راستیی سەرەتاکان، دەرەنجامەکە ناتوانێ هەڵە بێ؛ کەواتە؛ ئەنجامگیریی راستە. دەکرێ ئەمە بە دیاگرامی ئۆولیر[11] بەم شێوە نیشان بدرێت:







نموونەی ٢: برێك لە شەیداکان«ت»فەرەنسی«ح»ن.
هیچ شەیدایەك«ت»ژێر «م» نییە.
کەواتە هیچ مرۆڤێکی ژێر«م» فەرەنسی «ح» نییە. وێڕای گریمانی راستبوونی سەرەتاکان، دەرەنجام دەتوانێ راست بێ (بڕوانن: دیاگرامی A٢)، یان دەتوانی هەڵەبێ (بڕوانن دیاگرامی ٢ B) کەوابوو ئەنجامگیریی راست نییە.



B ٢



A٢

**پۆلێنبەندیی قیاسەکان بە٢٥٦ شێوە:**

مەنتیقی قیاسی بە پێی شێوە جۆراوجۆرە شیمانەکراوەکانی رێکوپێك دەکەن. ئەم پۆلێنبەندییە ئیمکانی جیاکردنەوەی قیاسی راست لە ناڕاست دەرەخسێتنێ. بەپێی تیۆریی بەڵگەی قیاسی، راستیی یان دەرەنجامەکان گرێدراوی دوو شتن: بیچمی قیاس و لێکدانی [12] قیاس. بیچمەکان و لێکدانەکان: بیچمی [13] قیاس بریتییە لە رێکخستنی تێرمەکانی، «م»،

«ت»، «ح ». چوار بیچمی مومكین بوونی هەیە. لێكدانەكانی قیاس گرێدراوی تێكەڵبوونی پێوانەی رستەكان، واتە پێكهاتەی « گشت »، «نا »، «ع» و «س» ٦٤ شێوەی هەیە كە دەتوانێ ٦٤ لێكدانی هەبێت. بەم چەشنە، قیاس دەتوانێ **٢٥٦** شێوەی مومكین بە خۆوە بگرێ كە دەرەنجامی ٤ كەڕەت لە (٦٤)ە. نۆزدە لێكدان لەم **٢٥٦** لێكدانە، بە ئەنجام و بەهێزن، پێنج لێكدانی بە ئەنجام، بەڵام « تایبەت » یان « لاواز » و ئەوانی دی هەموویان نەزۆكن.

بیچمەكان: چوار جۆر رێكخستنی مومكین بۆ بابەت، ئاستی ناوین و بار(واتە شكڵە چوارینەكان) بەم شێوەی خواردەوە شرۆڤە دەكرێ:

**بیچمی یەكەم:** ئاست ناوین+ بار **بیچمی دووهەم:** بار + ئاست ناوین

ئاست ناوین+ بابەت ئاست ناوین + بابەت

بابەت + بار بابەت + بار

لێكدانەكان: دەتوانین لێكدانەكانی قیاس لە رێگەی سیمبۆلە كورتكراوە ئاماژە پێدراوەكانەوە (گشت، نا، ع، س) دیارییبكەین. كەوابوو، ئەگەر دەستپێكی سەرەتاكان و ئەنجامی قیاس تێكرا بە تێرمی «هەر/هەموو »ەوە دەستپێبكەن لێكدانی قیاس بەم شێوە دیاری دەكرێ، گشت گشت گشت. ئەمە بۆمان رووندەكاتەوە كە هەریەك لە رستەی قیاسەكان ئەرێنیی گشتین. ئەگەر سەرەتای یەكەم بە «هیچ»ەوە دەستپێبكات، ئەوی دووهەم بە«هەندێك»و ئەنجامیش بە «هەندێك. . . نین»، لێكدانی قیاس بەم شێوە دیاریدەكرێ: نا ع س. ئەم نیشانە دەرخەری ئەوەیە كە سەرەتای یەكەم، رستەیەكی نەرێنیی گشتییە و سەرەتای دووهەم، پرۆپۆزێشنێكی ئەرێنی هەندەكییە و دەرەنجامەكەشی رستەی نەرێنیی هەندەكییە وەكچۆن پێشتر ئاماژەمان پێكرد قیاس خاوەنی شەست و چوار لێكدانە:

نا نا گشت گشت گشت گشت گشت ع ع



گشت گشت ع ع ع ع نا گشت گشت

ع ع گشت ع گشت گشت نا نا نا

و. . . . . تاوەكو لێكدانی شەست و چوارەم.

دوو نموونە لە هەربیچمێك: «رەنگە خوێنەر بخوازێ بزانێ كام لەم هەڵهێنجانەی خوارەوە راستە و كامیان ناراست و سەر بە چ لێكدانێكن، (وەڵامەكان لە بەشی پەڕاوێزەكانی ئەم بەشەدا هاتووە) (١٤).

**بیچمی یەكەم:**

ت ح هەر پیاوێك (ت) لە خۆباییە(ح). هەر پیاوێك (ت) لە خۆباییە (ح)

م ت هەندێك لە سەربازەكان(م) پیاون(ت) هیچ هێسرێك (م) پیاو نییە (ت)

م ح كەواتە هەندێك لە سەربازەكان(م) لەخۆبایین(ح) كەواتە هیچ هێسرێك (م) لەخۆبایی نییە(ح).

**بیچمی دووهەم:** هەنگاری

ح ت هیچ سێربێك (ح) نێرینە نییە (ت). هیچ قەشەیەك (ح) خێزاندار نییە (ت).

م ت هەندێك لە بازرگانەكان (م) نێرینەن(ت). هەندێك لە سێربەكان (م) خێزاندارن(ت).

م ح كەواتە برێك لە بازرگانەكان (م) سێرب نین(ح). (١٥) كەواتە هەندێ لە سێربەكان (م) قەشە نین (ت).

**بیچمی سێهەم:**

ت ح هیچ گانگەستەرێك (ت) چاك نییە(ح). هەر گانگەستەرێك (ت) چاكە(ح).

ت م هەندێك لە گانگەستەرەكان (ت) رێكوپێكن(ح). هیچ گانگەستەرێك(ت) رێكوپێك نییە(ح).

م ح كەواتە هەندێ لە پیاوە رێك و پێكەكان (م)چاك (ح) نین. كەواتە هەندێك لە پیاوی رێك و پێكەكان(م) چاك(ح) نین. (١٦)

(بۆ ئاسان كردنەوەی بەڵگاندنەكە، گریمان هەموو گەنگەستەرەكان نێرینەن) .

بیچمی چوارەم:

ح ت هەندێك لە مرۆڤگەلی پیرۆز نوێن ((ح) خۆبەکەم زانن(ت). هیچ پیرۆز نوێنێك (ح) خۆبەکەمزان نییە (ت).

ت م تەواوی خەڵکی خۆبەکەمزان(ت) باشعوورن(م). هەموو خەڵکی خۆ بەکەمزان(ت) باشعوورن(م).

م ح کەواتە هەندێك لە خەڵکی باشعوور(م) پیرۆزنوێنن (ح). کەواتە هیچ تاکێکی باشعوور(م) پیرۆزنوێن نییە (ح).

دەتوانین بیچم و لێکدانی قیاس لە ڕێگەی تێکەڵکردنی سیمبۆلە تایبەتەکانی بیچم و لێکدان پێکەوە نیشانبدەین. دەکرێ هەر قیاسێك بەم شێوە ئاراستە بکرێ. وەکچۆن پێشتر ئاماژەمان پێدا، سەرجەم لێکدانە مومکینەکان**٢٥٦** لێکدانە. کەواتە، ئەم کورتکراوانە، واتە؛ گشت ت ح، گشت م ت، و گشت م ح دەربڕی قیاسێکە لە بیچمی یەکەم و لە لێکدانی گشت گشت گشتە و ئەم کورتکراوانە واتە: هیچ ح ت، ع م ت، س م ح دەربڕی قیاسێك لە بیچمی دووهەم و لە لێکدانی هیچ ع س، یە.

## جیاکردنەوەی لێکدانە بە ئەنجامەکان لە لێکدانە نەزۆکەکان:

دەتوانین لە ڕێگەی توێژینەوە یان بە کەڵکوەرگرتن لە تەکنیکی لەبەرکردن، یان بە کەڵکوەرگرتن لە دیاگرامی ئۆلێر، یاخود لە ڕێگەی داڕشتن و بەکارهێنانی ڕێسا گشتییەکانەوە، لێکدانی بە ئەنجام یان ڕاست لە لێکدانی نەزۆك یان ناڕاست جیا بکەینەوە. ئەرەستۆ باسەکەی بە جیاکردنەوەی لێکدانە بە ئەنجامەکان و لێکدانە نەزۆکەکان بە توێژینەوەی ڕاستەوخۆی نموونەکان دەسپێدەکات. زاناکانی سەدە ناوەڕاستییەکان ناوەکانی بیرهێنانە[١٧]وەیان داهێنا تاوەکو پاڵنەر و یارمەتیدەری تازەکارەکان بێ لە جیاکردنەوەی **١٩** لێکدانی ئەنجامەکیی بەهێز لە **٥** لێکدانی لاواز و **٢٣٢** لێکدانی نەزۆك. هەر هێڵێکی خوارەوە نوێنەری بیچمێکە. سێ دەنگی یەکەم لە هەر وشەیەکدا دەربڕی لێکدانی قیاسە[١٨].



١- باربارا[١٩]، کلارنت[٢٠]، داری[٢١]، فریوك[٢٢] - یەکەم، (لێکدانی بەئەنجامی بیچمی یەکەم: گشت گشت گشت، هیچ گشت هیچ، گشت ع ع ، هیچ ع س.)

٢- سیزاری[٢٣]، کامسترس[٢٤]، فستینۆ[٢٥]، باروکۆ[٢٦]- دووهەم؛ (لێکدانە بە ئەنجامەکانی بیچمی دووهەم: هیچ گشت هیچ، گشت هیچ هیچ، هیچ ع س، گشت س س) .

٣- دارپتی [٢٧]، دیزامیس[٢٨]، داتیسی[٢٩]، فلاپتون[٣٠]، بوکاردو[٣١]، فریسۆن[٣٢] — سێهەم؛ (لێکدانی بیچمی سێهەم: گشت گشت ع، ع گشت ع، گشت ع ع، هیچ گشت س، س گشت س، هیچ ع س) .

٤- برامانتیپ [٣٣]، کامنس [٣٤] دیماریس [٣٥]، فساپۆ ([٣٦] فێرسیسۆن [٣٧]؛ (لێکدانە بە ئەنجامەکانی بیچمی چوارەم) گشت گشت ع، گشت هیچ هیچ، ع گشت ع، هیچ گشت س، هیچ ع س. لەبەرکردنی ئەم ناوانە هێند ئاسان نییە. پێدەچێت زمانێکی بیانی بێت. ڕەنگە لاتینی بێ، بەڵام لە ڕاستیدا، ئەوانە تەنیا هەندێك وشەی هەڵێت وپڵێتی بەرواڵەت لاتینین. هەر بۆیە بیرمان کردەوە کە بە دەربڕینێکی نوێ ئاراستەی بکەین، بەڵام دەستبەجێ بۆمان دەرکەوت ئەم کارە لە هیچ ڕوویەکەوە سادە نییە! لەوانەیە هەندێك لە خوێنەران بیانەوێ بزانن ئایا دەتوانن سەروسامانێك بدەنە دەربڕینەکانی ئێمە. ناوەکانی بیرهێنانەوەی نوێی ئێمە لە درێژەدا بەدیدەکرێن. سێپیتی دەنگداری هەر وشەیەك دەربڕی لێکدانی قیاسە. هەڵبەت پیتی «U» و چوارەمین دەنگ — ئەگەر بوونی هەبێ

— لە بەرچاو مەگرن. ڕێسای: کچەکان ١، کوران ٢، شوێنەکان ٣، کەسانی بە نێوبانگ ٤، ڕوونکەرەوەی بیچمی قیاسن.

١- چوار کیژۆڵە بە ناوەکانی: باربارا[٣٨]، بیرنادت [٣٩]، هرمیۆن[٤٠] و لاوینیا[٤١].: (گشت گشت گشت، هیچ گشت هیچ، هیچ ع س ، گشت ع ع) .

٢- تووشی چوار کوڕ بە ناوەکانی: ئالفۆنسۆ[٤٢]، ئێلیۆت[٤٣]، جرواس[٤٤]و لۆرێنس[٤٥] دهێن، (گشت س س، هیچ ع س ، هیچ گشت هیچ، گشت هیچ هیچ) .

٣- ئەوان سەفەریان بۆ شەش جێگە کرد: ئۆقیانووسی ئەتڵەس[٤٦]، ئۆقیانووسی ئارام[٤٧]، هێڵی ناوەڕاست[٤٨]، دواتر بەرەو ئیتیۆپی [٤٩]، میامی [٥٠]و موناکۆ[٥١]: (گشت گشت ع، گشت ع ع، هیچ شت س ، هیچ ع س، ع گشت ع، س گشت س).

لەو شوێنانەدا چاویان بە پێنج کەسی بەناوبانگ کەوت: کلارێنس[٥٢]، دوردنوێشی سەرخۆش، پاشای ملپیۆر[٥٣]، دووپێغەمبەری وەکو ئەشعیا [٥٤] مەلاکی[٥٥] و ملانکتۆنی[٥٦] زانا: (هەموو هیچ هیچ، هیچ ع س، ع هەموو ع، هەموو هەموو ع ، هیچ هەموو س).

نموونە: MELANCTHON هیچ گشت س ، لە بیچمی چوارەمدا (باری ئاست ناوین، ئاست ناوینی بابەت، کەوابوو، بابەتی بار)

هیچ شازادەیەك شێت نییە.

هەر کەسێکی شێت نەخۆشە.

کەواتە هەندێك لە کەسە نەخۆشەکان شازادە نین.

خوێنەر دەتوانێ وەکو پرۆڤە — بۆ ١٨ لێکدانی بە ئەنجامی بەهێزی دی چەند نموونە بێننەوە.



**لێکدانە لاوازەکان:**

ئەرەستۆ بە پێنج لێکدانی بە ئەنجامی لاواز یان تایبەت ئاماژەی نەکردووە، بەڵام هێندەی نەخایاند ئەوانە بەر لە سەدەی یەکەمی پێش زایین هاتنە ناسین. بە کورتی، لە لێکدانێکی تایبەت، دەرەنجامێکی لاوازتر لەوەی پێویستە هەڵدەهێنجرێ.

هەموویان ئەنجامی « لاواز »(ئەرێنیی هەندەکی یان نەرێنیی هەندەکی) یان هەیە، نە دەرەنجامی« بەهێز »(ئەرێنیی یان نەرێنیی هەمەکی). تیۆری وتەزاناکان دە جۆر شتی جیاوازیان بۆ دەستەبەر دەکات. کەواتە دەتوانین لەسەر وشەی « ـــە » وەکو دە واتای جیاوازی تەفسیریان بکەین، بەڵام ئەمە لە حاڵێکدایە کە دەستەبەرکردنی وتەزاناکان جۆرەکان شتگەڵی هەبوو بە باشی دەگرێتە بەر، بەڵام ڕێگەی دەربڕینی بووە، نە ئەو« جۆرانەمان بۆ ڕوون ناکاتەوە ».

با ئێمە ئەم نموونە لە بەرچاو بگرین:

**١. ئێمە بەلانیکەمەوە بە بەکارهێنانی وتەزاکانی ئەرەستۆ دەتوانین دە شت لەمەڕ « هێمن »دا بڵێین:**

١. هێمن مرۆڤە « جەوهەر »

٢. هێمن « لەڕە » چۆنێتی

٣. هێمن ٥٠ کیلۆیە « چەندایتی »

٤. هێمن نیشتەجێ شەقامی ئاگرینە« کولێی »

٥. هێمن نامەدەنووسی « کردەوەك »

بە لەبەرچاوگرتنی هەمووی ئەو ڕێسانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە کەسێك بە ناوی هێمن هەیە. لە ڕاستیدا هێمن هەرچێك بێت هەیە. (ـــە) لە ڕستەی جیاوازدا بەکارهێنان تاکو شتە جۆراوجۆرەکانی کە بەم کەسە و بوونمان بە ئەنجامگیری نەویست لە قەڵەم داوە گرێبدەین.

**٢. ئێستا ئەم پرس و وەڵامانە لە بەرچاو دەگرین.**

ئایا لە راستیدا کەسێکی وەکو هێمن هەیە. بەڵێ بوونی هەیە.

لەم پرسیارەدا بوونی هێمن ئەنجامگیری نەویست لە قەڵەم نەدراوە. بەڵکو پرسیار کراوە کە ئایا بوونی هەیە یان نا؟ لە وەڵامدا بە بوونی دە و ئەنجامگیری نەویست لە قەڵەم نەدراوە، بەڵکو بانگەشەی ئەوە دەکرێ کە ئەو بوونی هەیە. ئەم نموونانە جیاوازییەکمان بۆ دەردەخات ئەویش ناتوانین لە ناو چەند وتەزادا ریزیان بخەین. واتە جیاوازییەك لە نێوان « ـــە » کە باریکە و «ـــە» کە دەلالەت ئەکاتە سەر بوون. ریزکردنی وتەزاکان وەکو ریزکردنی جۆرە جیاوازەکانی« بارە » واتە «ـــە» دەلالەت ئەکاتە سەر بوونێکی لە دەرۆی ئەم ریزکردنەدایە.

ئەم جیاکارییە لە مێژووی فەلسەفەدا زۆر گرینگە، هۆی گرینگیی ئەم باسە لەوەدایە کە وێنا دەکرێت بورهانی بەناوبانگی ئەنجامگیری بوونی خودا، واتە بورهانی بوون، لەسەر ئەساسی تێکەڵاوکردنی ئەم دوو جۆرە «ـــە» وێنا دەکرێت ئەنجامگیری بوونی خودا لە بەشەکانی داهاتوودا دەکەوێتە بەرباس، ئێمە لێرەدا نەبوون « عەدە م » توخمە پێکهێنەرەکانی گەردوون: نەبوونی پاشای فەرەنسا فامی ئاسایی پێمان دەڵێ کە یەکشاخەکان و جنۆکەکان و پاشای ئێستای فەرەنسا بوونیان نییە، بەڵام دەزانین کە دامودەزگای هەنووکەی فەرەنسا کۆمارییە، کە بەپێی ئەم پێناسەیە لە هەنووکەدا پاشای فەرەنسا ناتوانێ بوونی ببێت، بەڵام دەربارەی یەکشاخەکان و جنۆکەکان، ئەگەر ئێمە بێت و هەوڵ و تەقالایەکی زۆر بدەین بۆ بینینەوەیان ناتوانین بیانبینین و تەنانەت ناشتوانین پێشە و پەلانەکانی یەکشاخەکان یان جنۆکەکان بدۆزینەوە. لەم رووەوە برێك لە فەیلەسووفان لەسەر ئەم باوەڕە هاودەنگ بوون کە ئەگەر بێت تۆ بیر لە شتێك بکەیتەوە، ئەبێ ئەو شتە واتایەکی ببێ. ئەوان ئەنجامگیریان دەهێنایەوە لەسەر



شتێك کە نییە ناتوانین هەر بیریشی لێ بکەینەوە ئێوە ناتوانن بیر لە نەبوون بکەنەوە. تەواوی ئەوانە دەرەنجامی «لاواز» ی « ئەرێنی هەندەکییە یان نەرێنی هەندەکین » هەیە. نە ئەوی کە ئەنجامێکی «بەهێزی» (ئەرینی یان نەرێنی گشت) یان دەبێ لێکدانە لاوازەکان بریتین لە: هەموو ع لە بیچمی یەکەمدا « بە بەراورد لەگەڵ هەموو هەموو هەموو » دا هیچ هەموو.

س لە بیچمی یەکەمدا (بە بەراورد لەگەڵ هیچ هەموو هیچ) ، ع هەموو س بیچمی دووهەمدا (بە بەراورد لەگەڵ هیچ هەموو هیچ) هەموو هیچ س لە بیچمی چوارەمدا (بە بەراورد لەگەڵ هەموو هیچ هیچ) . نموونەیەك لە هیچ هەموو س لە بیچمی یەکەمدا هیچ مانەوەیەك پیرۆز نییە.

هەمووی کۆیلەمانەوین.

کەواتە هەندێك لە کۆیلەکان پیرۆز نوێن نین.

دەتوانین بگەینە ئەو راستییە کە ئەنجامەکان یان راستیی لێکدانە تایبەتەکان پێمل بە ئەنجامەکان یاخود راستیی گریمانی و هەڵهێنجانی راستەوخۆیە. کەواتە« گشت گشت ع » لەسەر ئەنجام یاخود راستیی ئەم هەڵهێنجانانە رۆناوە: ئەگەر هەر «م»، «ح» بێ، لەمحاڵەدا، هەندێکیان« م »، «ح» دەبێ (بۆ نموونە ئەگەر هەر کۆیلەیەك پیرۆزنوێن بێ، لەم حاڵەدا هەندێك لە کۆیلەکان پیرۆز نوێن دەبن. «هیچ هەموو س » و « هەموو هیچ س » بە پوستە بە راستی یان ئەنجامەکانی ئەم یاسا دەهێنان یان « هەڵهێنجانە: ئەگەر هیچ « م»، «ح» نەبێ، لەم رووەوە هەندێك لە «م»، «ح» نەدەبوو « بۆ نموونە ئەگەر هیچ کۆیلەیەك پیرۆز نوێن نەبێ، هەر لەم رووەوە هەندێك لە کۆیلەکان پیرۆز نوێن نەدەبوون.

**مەڵۆکردنی باسەکە:** ئاسانترین رێگە بۆ دۆزینەوەی ئەوەی کە ئایا قیاس ئەنجامی لێدەکەوێتەوە یان نا، بریتییە لە تاقیکردنەوە یان لە کێشانەوەی

دیاگرامی « ئۆلێر» یان لە ڕێگەی بەمێشك سپاردنی لێكدانە ئەنجامییەكییەكان و دواتر بە لێكدانەوەی ئەوەی كە ئایا نموونەی ئاماژەپێدراو دەقاودەقی یەكێك لەوانەیە یان نا، بەڵام زانایانی مەنتیقی سەدە ناوەڕاستەكان دەیانویست بگەنە ڕێسایەكەی گشتی كە بتوانێ جیاوازییەكانی نێوان قیاسی ڕاست و ناڕاست چڕ بكاتەوە. مشتومڕێكی زۆر لەم بارەوە هاتۆتە ئارا كە ئایا سەرجەم ڕێسا جێگای ڕەزامەندییە یان نا، بۆ نموونە هەندێك لە مەنتیقزانەكان ڕێسای « ڕێسای دابەش كردن» [٥٧] یان بە بێواتا داناوە. بەشی سەرەكیی مەنتیقی كۆن قیاسە، بەڵام«مەنتیق» تەنیا ئەو بەشەی نییە. ئەنجامگیریی ڕاستەوخۆی ناوبراو بابەتێكی گرینگە و وەكو ئەوە وایە پرسیارێك لەمەڕ كەڵك یان بێ كەڵكیی ڕێساگەلی وەكو ڕێسای دابەشكردن بۆ قیاسە دەكرێ باسەكانی پەیوەست لە كۆتایی كتێبەكەدا هاتووە. بەم بابەتە و بابەتە پێوەندیدارەكانی دیكە لەم كتێبانەدا بدۆزنەوە كەوا لە كتێبنامەكەدا لە بەشی پێوەندیدار بەوەوە ئاماژەی پێكراوە.



## پەراوێزەكان

١- Syllogism

٢- Zeno

٣- Boethius

٤- Abelard

٥- Duns Scotus

٦- William of Ockham

٧- Symbolism

٨- Quantifiers

٩- لە كتێبەكانی مەنتیقی ئینگلیزیدا لە پیتیA.E.I.O كەڵك وەردەگیرێت.

١٠- terms

١١- Euler diagram

١٢- mood

١٣- figure

١٤- هەشت نموونەی پەیوەست بە جوامێرەكان، كانگەستێرەكان، پۆلەنداییەكان. . . لەم نموونانەدا هەن.

١٥. ١٦- لە دەقی سەرەكیدا ئەنجام بەشێوەی ئەرێنیی پاژەكی نووسراوە كە هەڵەیە.

١٧- mnemonic

١٨- ڕێنووسی لاتینی نێوەكان پارێزراوە.

١٩- Barbara

٢٠- Celarent
٢١- Darii
٢٢- Ferioque
٢٣- Cesare
٢٤- Camestres
٢٥- Festino
٢٦- Baroco
٢٧- Darapti
٢٨-Disamis
٢٩- Datisi
٣٠- Felapton
٣١- Bocardo
٣٢- Ferison
٣٣- Bramantip
٣٤- Camenes
٣٥- Dinaris
٣٦- Fesapo
٣٧- Fresison
٣٨- Barbara
٣٩- Bernadette
٤٠- Hermione
٤١- Lavinia
٤٢- Alphonso



٤٣- Eliott
٤٤- Gervase
٤٥- Lawrence
٤٦- Atlantic
٤٧- Pacific
٤٨- Equator
٤٩- Ethiopia
٥٠- Miami
٥١- Monaco
٥٢- Clarence
٥٣- Melchior
٥٤- Isaiah
٥٥- Malachi
٥٦- Melancthon
٥٧- rule of distribution

## بەشی بیست ویەك:

# مەنتیقی نویٚ

بەهای مەنتیقی ئەرەستۆیی بۆ ماوەی پتر لە دوو هەزار ساڵ نەبووە جێگەی گومان و دوودڵی. ئەو کتێبانەی تایبەت بوون بە لێکۆڵینەوە و شرۆڤەی ئەم سیستەمە لە سەدەی نۆزدەهەمدا بازاڕێکی گەرمیان هەبوو؛ کتێبی بە قەبارە مەزنی جان نۆییل کنی [١] بە نێوی مەنتقی روخسارەکی وێڕای پڕۆچەکان[٢] ساڵی ١٨٨٧بڵاو بۆوە.

ئەنجام، مەنتیقی ئەرەستۆیی زیاتر لەبەر ئەوەی چڕوپڕ نەبوو کەوتە بەر رەخنە؛ واتە تەنیا ژمارەیەکی کەم لە جۆرەکانی بەڵگاندنی قیاسیی دەگرێتەوە. وەکیتر لە زۆر رووەوە لێڵ و پێڵە. هەروا کە بۆمان دەرکەوت، مەنتیقی قیاسیی باو تەواوی رستەکانی وەکو هەڵگری پێوەندیی نێوان بابەت و بار لە قەڵەم دەدا. چەندێتی بابەت بە وشە ئاساییەکانی وەك « هەموو/ هەر » « هیچ » و «هەندیٚ/ برێك » دیاریدەکریٚ. لە قیاسێکدا دەکریٚ تەنیا لەگەڵ سیٚ شت سەروکارمان هەبێت؛ ئەوانەی کە بەهۆی ئاستی بابەت، ئاستی بار و ئاستی ناوینەوە دەسنیشان دەکرێن. گریمان دەتوانین هەر بەڵگاندنێك واتە هەر بەڵگەیەکی قیاسی لە رێگەی هەڵهێنجانی راستەوخۆوە دەربڕین یان وەکو قیاس، یان دایبڕێژینە ناو کۆمەڵێك لە قیاسەکان. ئەو جۆرە مەنتیقەی بە درێژایی سەدەکانی نۆزدە و بیست پەرەیسەند، بۆی هەیە پانتاییەکی هەرە بەرینی جۆرەکانی هەڵهێنجانی قیاسی رێك و پێك و دەستوورمەند بکات. بەم



حاڵەوەش، فامکردنی بۆ کەسێکی ناشارەزا دژوارترە لە مەنتیقی ئەرەستۆیی. مەنتیقی نویٚ لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە: مەنتیقی پرۆپۆزەشینەکان (رستەکان) [٣] کە پێوەندیی نێوان رستەکان لێکدەهاتەوە و مەنتیقی بارەکان [٤] لەسەر شێوەی داڕشتنی رستەکان ساغ دەبێتەوە. لەم دوو شێوە مەنتیقە، ئەساس و پێوانەی مەنتیقییەکانی دیکە پەرەیان سەندووە؛ بۆ نموونە مەنتیقی مودال [٥] کە دەپەرژێتە سەر پێویستی، ئیمکان و ملبادان؛ مەنتیقی کاتەکان [٦] کە پێوەندییە رواڵەتیانەکانی هەڵگری کاتەکان «رابردوو، هەنووکە، داهاتوو» دەگرێتەوە، بەڵام باسی گۆڕان و دەسکەوتەکانی پتر لە زەفیەتی وەها کتێبێکە.

دەکریٚ بە رەچاوکردنی ئەم تیبێنییانەی خوارەوە پێویستیی مەنتیقی نویٚ دەرك بکەین:

١. مەنتیق ئەبیٚ توانای دەربڕینی ئەو بەڵگانەی کە خاوەنی هەر چەندد سەرەتان «نە تەنیا دووان » و خاوەنی هەر ژمارەیەك لە تێرمەکانن« نە تەنیا نیاسیٚ تێرم »ی هەبێت. دەربڕیٚ مەنتیقی نویٚ توانیویەتی ئەم دوو مەرجە دابینبکات" چونکە سیمبۆلگەرایی مەنتیقی رستەکان ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنیٚ کە هەر ژمارەیەك رستە لە نێو بەڵگەکەدا بگونجێنیٚ، سیمبۆلگەرایی بارەکان رێگە دەدات تێرمەکانی رەستەکان (ناوەکان و خەسڵەتەکان) کورت نەبێتەوە بۆ ژمارەیەکی دیاریکراو. هەروەها مەنتیقی بارەکان رێگەدەدات دوو پێوانەی رەستەکە بەردەوام دووپات ببنەوە (بەشەکانی دادی زیاتر لە سەری دەڕۆین) .

٢- مەنتیقی کۆن رستەفرەچەشن و جۆراوجۆرەکان لە چوارچێوەیەکی زۆر سادە و ساکار دەئاخنی. ئەم مەمنتیقە دەڵیٚ هەر رستەیەك بۆ چوار لق (دەگۆڕێت): ئەرێنیی گشت، نەرێنی گشت، ئەرێنیی هەندەکی، نەرێنیی هەندەکی.

له لایەکی دیکەشەوە مەنتیقی بارەکان دەتوانێ لە نێوان جۆری رستەکاندا لێك جیاکاریی بکات. مەنتیقی بارەکان نە تەنیا دەتوانێ لە نێوان رستەکانی ئەرێنیی گشت، ئەرێنیی هەندەکی و نەرێنیی هەندەکی جیاوازییەك دابنێ، بەڵکو دەتوانێ لە نێوان هەندێ بڕیار لەمەڕ تایبەتمەندیی شتەکان: (هەر پشیلەیەك گۆشتخۆرە) ، ئەو بڕیارانەی بوون رەتدەدەنەوە یان دەیسەلمێنن « ئەسپەکان بوونیان هەیە، قەقنەس بوونی نییە)، و بڕیاری ئەمەوێستی، «زێڕی حەمقا هەمان سولفیدی ئاسنە) و ئەو بڕیارانەی هەڵگری ژمارەن (مەنزوومەی شەمسی نۆ هەسارەی هەیە) جیاوازی دابنێ.

٣- ئاستەکانی مەنتیقی قیاسی بە ئەگەری جیاکاریکردن لە نێوان سینفەکان (بۆ نموونە قووەکان) و کەسەکان «بۆ نموونە سوقڕات» قایل نابێت. لەم مەنتیقەدا گریمان بکرێ کە ئاستەکان دەلالەت دەکەنە سەر سینفەکان، کەچی لەمەڕ ناوی تاکەکان وەها خوێندنەوە و بۆچوونێك لە ئارادایە چما ئەوانە بە واتای «بەشێك لە سینفەکان»ن. بەم چەشنە، گریمان دەکرێ چما سوقڕات بە مانای «هەندێ لە شتەکان »ە یان«هەندێك لە مرۆڤەکان» یان «هەندێك لە یۆنانییەکان» یان هەر شتێکیتر. کەواتە خوێندنەوەی ئەم قیاسە، واتە: «هەر مرۆڤێك ئەمرێ» «سوقڕات مرۆڤە» «کەواتە سوقڕات دەمرێ»، لە رواڵەتدا شتێکی هاوشێوەی ئەم قیاسەیە: «هەر مرۆڤێك دەمرێ»، «هەندێك لە شتەکان مرۆڤن»، «کەواتە هەندێك لە شتەکان دەمرن» لەو لاشەوە سیمبۆلگەرایی مەنتیقی نوێ دەتوانێ جیاکاری بکات لە نێوان سینفەکان و تاکەکاندا.

٤- مەنتیقی قیاسی ناتوانێ بە شێوەیەکی نادیار ئاماژە بە شتەکان بدات. هەر ئاستێك دەلالەت دەکاتە سەر سینفێکی تایبەت لە شتەکان، هیچ ئاستێك دەقودەقی «شتێك یان شتێکیتر»و«کەسێ یان ئەویدی» بوونی نییە.



لە لایەکی دیکەوە، مەنتیقی بارەکان بگۆڕگەلێك بەمشێوە بەکارهێنانە دەگرێتەوە. کە وەك دەڵێین بە شێوەیەکی نادیار دەلالەت دەکاتە سەر شتەکان. بەم چەشنە، مەنتیقی بارەکان هەندێ لە ئاڵۆزییەکان و فرەچەشنیی زمانی ئاسایی دەپارێزێ. بگۆڕەکانی (X. Y)ی بیرکاری ئەو تواناییەمان پێدەدا کە هەندێ بەڵگاندنن وەربگێڕینە سەر زمانێکی باو کە وشەکانی وەك « شت»، یان«فلانی»، «ئەو شتە»و «شتێك»ی لە خۆگرتووە. ئەو خوێنەرانەی کە سەرەتاکانی جەبریان خوێندووە لەگەڵ چەمکی بگۆڕدا ئاشنان.

لە جەبردا سیمبۆلەکانی (Z. Y. X) یان دەتوانن ببنەجێگری « ژمارەیەکی تایبەت » و یان دەتوانن ببنە جێگری « هەر ژمارەیەك». بۆ نموونە (X) لە هاوکێشەی $X=y+(x^2x)^2+٢xy+xy^2$ جێگری ژمارەی تایبەتە، واتە هەر ئەوە وەڵامدەری هاوکێشەکە. لە لایەك، لە فورموولی $\frac{(٢٥\ ٨-٥)*١٣}{١٠٠}$ دا، لە باتی سیمبۆلەکانی (X. Y)

دەتوانین هەر ژمارەیەکی دیکە دابنێین، دەوری بگۆڕ لە مەنتیقدا تا رادەیەك هاوشێوەی دەوری لە جەبردایە، بەڵام بە تەواویی هاوشێوە نین. بەشی ٢٣ شێوەی کردەی بگۆڕ لە مەنتیقدا شیکراوەتەوە.

٥- پێوانە باوەکان لە مەنتیقی قیاسیدا («هەر /هەموو»، «هەندێك» و زۆرشتیترن) کە بە تەواوی ئەگەرەکان ناگرنەوە. سەرەڕای ئەمە، دووان لەوانە، واتە: «هەندێ» و «هەندێ. . . نین» لێڵ و تەمومژاوین. مەنتیق ئەبێ رێگەکانی ئاماژەدان بە چەندێتییەکەمان بخاتە بەردەست، بۆ نموونە «لانیکەم یەکێ»، «تەنیا دوو دانە»، «پتر لە دە دانە» و هتد. مە نتیقی بارەکان ئەم تواناییەی هەیە.

٦- هەرچەند زمانە سروشتییە باوەکان میتۆدیٚ تایبەت بە خۆیان بۆ لادانی تەمومژی رستە لێلٚ و نادیارەکان هەیە — میتۆدگەلێك کە بە تەواویی شیاون — بەم حاڵەوەش، هەبوونی سیمبولەکان یان نیشانە کورتەکان کە بە هۆیانەوە تەنینەوەی تەمومژ، خێراتر دەبێت، بەکەڵك و بەنرخن. مەنتیقی نویٚ ئەم سیمبۆلانە بە دەستەوە دەدات. هەرچەند مەنتیقی نویٚ دەتوانیٚ زۆربەی ئەو جۆرانەی بەڵگەکان سەرپەرشتی بکات کە مەنتیقی قیاسی وەها توانایيەکی نییە، بەڵام دەبیٚ بگوتریٚ کە چەند جۆرێك هەڵێنجان بوونیان هەیە، کە نە بە مەنتیقی رستەکان لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکریٚ و نە بە مەنتیقی بارەکان. بە گشتی، کاتیٚ راستیی هەڵێنجان گرێدراوی مانای تایبەتیی نێوە ئاساییەکان، بکەر و خەسڵەتەکان بیٚ، لەم حاڵەدا ناکریٚ راستییەکەی لە سەر دەستی سیمبۆلگەرایی مەنتیقی روخسارەکییەوە بێتە ئارا.

نموونەیەك لە وەها هەڵهێنجانێك دێنینەوە: ئەم ئاژەڵە تەوارە، کەواتە هەڵۆیەکی مێیە(٧) ئەم نموونانە لە کۆتایی بەشی ٢٣ دا بەتێروتەسەل تاوتویٚ دەکرێن.



## پەراوێزەکان

١- John Neville Keynes

٢- Formal Logic with Exercises

٣- Propositional calculus

٤- Predicate calculus

٥- Modal logic

٦- Tense logic

٧- لە نموونەی دەقی سەرەکیدا(رێوی نێر) هاتووە کە لەباتی ئەوە هەڵۆ و تەوار بەکارهێنراوە. Fox(رێویی مێینە) و Vixen

## بەشی بیست و دووەم:

# مەنتیقی رستەکان

با پێناسەی گشتیی خۆمان کە لەمەڕ راستبوون دووپات بکەینەوە. بەڵگە یان یاسا دەرهێنانێك بە مەرجێك راستە یان ئەوەی دەرەنجامی لێدەکەوێتەوە کە وێڕای هەبوونی راستیی سەرەتاکانی ناراستیی دەرەنجامەکەی نا مسۆگەر بێت. مەنتیق بەرپرسی توێژینەوەی ئەو رستانەیە کە بەم شێوە پێناسەمان کرد: ئەو رستانەی شیاوی بەراستگرتن و رەتدکردنەوەن. لە حاڵێکدا کە مەنتیقی ئەرستۆیی زیاتر کەڵك لە زمانی ئاسایی وەردەگرێ — کە بە هەندێ کورتە نووسراوەی سادەی بەهێز دەکرێ — پێداچوونەوەکانی مەنتیقی نوێ کەم تا زۆر سەرپاکی بە هۆی سیمبۆڵەکانەوە ئاراستە دەکرێ. بەم بۆنەوە زۆرجار بە مەنتیقی نوێ دەڵێن مەنتیقی سیمبۆلیك[1]، یان مەنتیقی روخسارەکی، یان مەنتیقی بیرکاری [2] یان ژمێرە [3] یان حیسابات [4]. بەداخەوە مەنتیقزانەکانی هەنووکە لە سەر کۆمەڵێك لەو سیمبۆڵانەی ﴿ دەبێ﴾ پێوەر بن، هاودەنگ نین؛ ئەم بابەتە سەر لێشێواویی قوتابییەکانی بە دواوەیە، بە تایبەت کۆمەڵێك لە سیمبۆڵەکانی بە کارهاتوو تا رادەیەکی زۆر تێکەڵاوییان هەیە. ئێمە ژمارەیەك لە سیمبۆلە باوەکان بەکار دێنین، جاروبار ئاماژە بە جێگرەکانی دەکەین. وەکچۆن بینیمان، چەمکە سەرەکییەکانی مەنتیقی ئەرەستوویی بریتین لە: سێ ئاست «بابەت، مام ناوەند و بارهەڵگر » چوار سوور « تێکڕا، هیچ، هەندێ و هەندێ. . . نین»»، رستەکانی پێکهاتوو لە ئاست و سوورەکان و قیاس و لێکدان



و شێوازەکانی. چەمکە بنەڕەتییەکانی مەنتیقی نوێ بریتین لە: رستەکانی پایە (یان ئەتۆمی) [5] دوو بایەخ [6] (راست و ناراست) پێنج کردەکار [7]کە بۆ گۆڕانی رستەپایەکان یان پێکهاتەکانیان لە ناو رستە پێکهاتەکان (یان مولوکولی[8]) بەکار دەهێنرێن. چەمکی یاسا دەرهێنان (ئەو دەم) ، دوو پێوانە کە کەم تا زۆر هاوکێشەی «هەر» و «هەندێك» ن و چەمکی بگۆڕ کە لە بەشی ٢١ ئاماژەی پێدرا.

سوور و بگۆڕەکان سەر بە مەنتیقی بارەکانن کە بەشی دادێ دەیخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

### رستەکان و بەهاکان:

پرۆپۆزەیشن یان رستە بە. Q. R. S، واتە پیتەکانی کۆتایی ئەلف و بێی لاتین پیشان دەدرێ. هەندێك لە مەنتیقناسەکان پیتی گەورە و هەندێکی دی پیتی بچووك بەکاردێنین. لەو رووەوە کە هەموو رستەکان بە پێی پێناسەیان راست یان هەڵە﴿ناراست﴾ن، مەنتیقی پرۆپۆزەیشینەکان هەر رستەیەك لەلایەن یەکێك لەم دوو « بەها » یان « بەهای راستی » یەوە وەسفدەکرێ. کورتکراوەی « راستی » «t یانT« و کورتکراوەی هەڵە «f»یانF ە. هەندێك لە مەنتیق ناسەکان لە باتی ئەمانە ١و ٠ بە کاردێنن. بەهای P رێك بە واتای راستی یان هەڵە بوونە، پەیوەست بە بابەتەکە. دوو بەهای شێمانەکراوی رستەکە بە هێڵکارییەکی ئەرزشییەوە بەم شێوە نیشاندەدرێ: P ft

**رستە سادەکان یان ئەتۆمییەکان، رستە پێکهاتەکان و کردەکارەکان**

رستەکان بە پێی پێناسە، بە مەرجێك بنچینەیین (پایە) کە خاوەنی چ چەشنە کردەکارێك نەبن.

کردەکارەکان کە جاروبار پێکەوە بەستنیان[٩] پێدەوترێ، وشە یان دەستەواژە گەلێکن کە دەکرێ بۆ گۆڕان یان خود ئاوێتەکردنی رستەسادەکان کەڵکیان لێوەرگیرێت و هەر لەم رووەوە، دەتوانین رستە جیاوازەکان و جاروبار رستەی درێژتری لێساز بکەین. گریمان دەکرێ هەر رستەیەکی پێکهاتە، یان نا « ئەتۆمی » لە رستە سادەکان و کردەکارەکان پێکهاتووە. کاتێك رستەیەك بە بنچینەیی گریمان دەکرێ، کە لە دۆخێکی تایبەتدا وەکو بنچینەیەك کردە بنوێنێ. بە بنچینەیی دانانی رستەیەك لەمەڕ بۆچوونێکی تایبەت، تەنیا و تەنیا یەکسانە بەو گریمانە کە ئەو رستە لەو دۆخەدا دابەش نابێت بۆ رستەی بچووکتر.

لێرەدا، نموونەگەڵێك لە رستە سادەکان دێنینەوە: « پاتریك ژیرە »، «پیتەر دەبەنگە »، « ماری قەڵەوە » و «لێئۆ لەڕە ». ئەم رستانە ناو بنێینP. Q. R. S. هەریەکیان دەتوانن راست یان هەڵە بن. دەتوانن لەسەر چەند شێوە بگیرسێنەوە.

**رەتدانەوە** [١٠]: پاتریك ژیرنییە، پیتەر دەبەنگ نییەو. . . ئەم رەتدانەوەیە بە وەهانییە کە P، وەها نییە کە Qی، ناودەنین و. . .

﴿دەستەواژەی « وەهانییە کە. . . »، بە مانای پیتی نەفیکردنی «نا» یە﴾. رەتدانەوەی دووانەیی [١١] رێگەپێدراوە بەڵام لای دەبەین: بەم شێوە، وەها نییە کە وەها نییە کە ماری قەڵەوە » هاوواتایە لەگەڵ « ماری قەڵەوە ».

پێوەندییەکان [١٢]: دەتوانین P. Q. R. S. و رەتدانەوەکانیان لە رێگەی پیتی «و» پێکەوە گرێبدەین.

پاتریك ژیرە و پیتەر دەبەنگە: P، Q

جیاکاری [١٣]: دەتوانین P. Q. R. S. و رەتدانەوەکەیان لە رێگەی « یا » وە پێکەوە گرێبدەین. « یا » لە مەنتیقدا هەمیشە بەم مانایە: « یەکێ لەم



دووانە یان هەر دوو » کۆمەڵێك لە مەنتیقزانەکان « یا » هەر وەکو «و/یا» شرۆڤە دەکەن کە بێگومان گەش و دیارترە.

ماری قەڵەوە و لێئۆ لەڕە یان هەر دوو: R ویان Qپاتریك ژیر نییە/ یان پیتەر دەبەنگ نییە: وەها نییە کە P و / یا وەها نییە کە Q .

مەرجکراو[١٤]: دەکرێP. Q. R. S. و رەتدانەوەکەی لە رێگەی رستەی ئەگەر. . کەواتە» پێکەوە ببەسترێن.

ئەو رستە پێکهاتانەی لەم قاڵبەدا ئاراستە دەکرێن رستە مەرجییەکانیان پێدەوترێ. ئەگەر ماری قەڵەو نییە، کەواتە لێئۆ لەڕ نییە: ئەگەر وەها نییە کەR کەواتە وەها نییە کە S. ئەگەر پیتەر دەبەنگە کەواتە پاتریك ژیرە: ئەگەرQئەو کات P.

کردەکار یان ئەداتەکان: وشە یان دەستەواژەیەکە کە کەی لە رستەیەکدا بە کاریان دێنین، رستەیەکی نوێ دێتەبەر. ئەم پێناسە هەلی ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێ کە بڵێین « نا» ئەداتێکە، واتە وەك دەڵێین ئامرازی گرێدەری پێشگرن. «نا» هاوچەشنی گرێدەری وەك «و» ئەگەر. . کە واتە»؛ چونکە بەزێدەکردنی بۆ سەر رستەیەکی بنچینەیی، رستەیەکی نوێ و جیاواز بەدیدێ، بەڵام زاراوەی « کردەکار » لە زاراوەی « گرێدەر » یان ئەدات روونترە. دەتوانین ئەو رستەپێکهاتانەی بە کەڵکوەرگرتن لە کردەکارەکان ساز دەکرێن بە شێوەیەکی بێکۆتا بخەینە سەریەك و رستەی تا رادەیەك درێژتر بەدیبێنین. بەم پێیە ئێستا بۆمان دەردەکەوێ چۆناوچۆن مەنتیقی نوێ رێگە بە بوونی هەر چەند ژمارەیەك لە سەرەتاکان و هەر پلەیەك لە ئاڵۆزیی سەرەتاکان دەدات، بۆ نموونە ئەم ئەنجامگیرییەی خوارەوە لەبەر چاو بگرن:

ئەگەر ئێوە لە شەقامی گوڕبالی [١٥] لە دایك بووبێتن؛ لە گلاسکۆ[١٦] لە دایك بوون، ئەگەر ئێوە لە گلاسکۆ لە دایك بووبێتن؛ کەواتە ئێوە ئیسکاتلەندین

[١٧]، ئەگەر ئێوە ئیسکاتلەندی بن، بەریتانیایین؛ و ئەگەر ئێوە بەریتانیایین دەتوانن پەساپۆرتی ئەوروپا وەربگرن. دەتوانین ئەم بەڵگە بگەڕێنینەوە سەر کۆیەك لە قیاسە جۆراوجۆرەکان، بەڵام دەربڕینی لە قاڵبی بەڵگاندنێکی یەکەدا مومکین و سادەترە.

دەستپێکی ئەم کارە بەم شێوەیە:

لە جیاتی « ئێوە لە شەقامی گوربالیدا لە دایکبوون »P دادەنێین.

لە جیاتی « ئێوە لە گلاسکۆدا لە دایکبوون » Q دادەنێین.

لە جیاتی « ئێوە ئیسکاتلەندین »R دادەنێین.

لە جیاتی « ئێوە بەریتانیایین »S دادەنێین.

لە جیاتی « ئێوە دەتوانن پەساپۆرتی ئەوروپی وەربگرن »U دادەنێین

دەتوانین ئەنجامگیرییەکانمان بەم شێوە ئاراستە بکەین: ئەگەرP ئەنجار Q و ئەگەرQ ئەنجارە R و ئەگەرR ئەنجارەS و ئەگەر S و ئەنجارەU: کەواتە ئەگەرP ئەنجارەU.

### کەوان و لێڵیی داوێن:

درێژەدان یان دووپاتکردنەوە، کێشەی تایبەت بە خۆی هەیە؛ ئەمە دەبێتە هۆی لێڵ و پێڵیی داوێن. داوێنی کردەیەك شتێکە کردەکەی لەسەر ساغ دەبێتەوە. لێڵیی داوێن هەمان تەمومژی واتای وشەکان نییە.

سەرجەمی ٣+٩×٢ لە بەرچاو بگرن. ئەم پرسە لێڵ و پێڵە، چونکە یان دەتوانێ بە مانای (٣+٩) ×٢ بێت کە دەبێتە ٢١، یان (٣+٩)×٢ بێت کە دەکاتە ٢٤. بەکارهێنانی کەوان بۆمان دەردەخات کە کێشەی دەستنیشانکراو کامەیە. کەوان دەبێتە هۆی نەهێشتنی تەمومژی ئەم کێشەیە. بۆ سڕینەوەی تەمومژی رستە ئاڵۆزەکان لە ژمێریاریی مەنتیقیدا، هەمان رێچکەی بیرکاری



دەگرینە بەر، واتە کەڵکوەرگرتن لە کەوان. بۆ نموونە، بێ کەڵکوەرگرتن لە کەوان«P,QیانR» لێڵ و پێڵە، چونکە یان دەتوانێ بە مانای«P»و(QیانR) بێ، یان دەتوانێ بە واتای «(P وQ)یانR»بێ.

### سیمبۆلەکان و پێناسەگەلی کردەکارەکان

لە مەنتیقی رستەکاندا پێنج کردەکار یان ئەدات بوونی هەیە کە بریتین لە: وەها نییە کە. . . ، یا، ئەگەر. . . ئەوکات، ئەگەر و تەنیا ئەگەر.

| سیمبۆلەکان | وەسف | | واتا |
|---|---|---|---|
| ¬ | رەتدانەوە | = | وەهانییە کە |
| & | پێوەند | = | و |
| V | جیاکاریی | = | و/یان |
| | مەرجی | = | ئەگەر. . . ئەوکاتە |
| ≡ | دوو مەرجی[١٨] | = | ئەگەر و تەنیا ئەگەر |

(جاروبار لە زمانی ئینگلیزیدا بە شێوەی ffi دەنووسرێت).

کردەکارەکان بە پێی راستی یان هەڵەکانی ئەو رستە لێکدراوانە پێناسە دەکرێن کە بۆ بەدیهێنانیان کەڵکیان لێوەردەگیریەت. دەکرێ ئەم پێناسانە یان بە شێوەی زارەکی یان لە هێڵکاریی ئەرزشیدا دەسنیشان بکرێن.

### پێناسە وشەییەکان

رەتدانەوە(¬) : P ¬ راستە کاتێکە P هەڵە بێ. و هەڵەیە کاتێکە P راست بێ. پێوەندکار (&): P& Q راستە ئەگەر و تەنیا ئەگەر P,Q راست بن.

جیاکاری (V): P V Q راستە ئەگەر و تەنیا ئەگەر یانPراست بێت یان Q یان هەردوویان.

مەرجی ($\rightarrow$) : $Q \rightarrow P$ راستە ئەگەر و تەنیا ئەگەرQ راست بێت یان P هەڵە بێت یان هەردووکیان هەڵە بن.

دوو مەرجی ($\equiv$): $P\equiv Q$ راستە ئەگەر و تەنیا ئەگەرP و Q هەردوویان راست بن یان Pو Q هەردووکیان هەڵە بن.

**پێناسەکانی هێڵکاریی ئەرزشی:**

هێڵکارییە ئەرزشییەکانی رستە پێکهاتەکان، سیمبۆلەکانی راست و هەڵە، سەرەتا لە ژێر بەشە سەرەکییەکان و دواتر لە ژێر دەدات یان کردەکارەکان دادەنێن. بەها لە ژێر کردەکار دەلالەت دەکاتە سەر بەهای رستەی پێکهاتە یان مولوکولی. لە لیستەکانی خوارەوەدا سیمبۆلەکانی «t» و «f» دەرخەری بەهاگەلی رستە بنچینەییەکانن، و سیمبۆلەکان «T» و «F» دەلالەت دەکەنە سەر بەهاگەلی ئەو بونیادە پێکهاتانەی کردەکان دیاریکەری ئەوانن. ئەم کارە هێند سادەیە کە خوێنەر بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێ کام لەم ئەرزشانە پەیوەست بە هەندەکییەکانن یاخود کامیان پەیوەستن بە هەمەکییەکان، و چ مانایەکی دی نییە.

رەتدانەوە: $\neg P$ کاتێ راستە کە P هەڵە بێت و کاتێ هەڵەیە کە P راست بێت.

$\underline{P \neg P}$

tFt

fTf

پێوەندیکار: $P\&Q$راستە ئەگەر و تەنیا ئەگەر هەم P و هەم Q هەر دوویان راست بن.

$\underline{P\&Q}$

tTt

tFf



tFf

fFf

جیاکاریی: $P \vee Q$ راستە ئەگەر و تەنیا ئەگەر یان P یان Q یان هەردوویان راست بن.

$\underline{PvQ}$

tTt

tTf

fTt

fFf

مەرجی: $P\rightarrow Q$ راستە ئەگەر و تەنیا ئەگەر یان P هەڵە بێت یان Q راست بێت.

$\underline{P\rightarrow Q}$

tTt

fFt

tTf

FTf

دوو مەرجی: $P \equiv Q$ راستە ئەگەر و تەنیا ئەگەر یان هەردوویان راست بن یان هەردوویان هەڵە بن.

$\underline{P \equiv Q}$

tTt

tFt

tFf

fTf

هەنووکە بەڵگاندنی ئاماژەپێدراو لەمەڕ شەقامی گوڕبالی بە کەڵکوەرگرتن لەم سیمبۆلانە ئاراستە دەکەین. (بەڵگاندنەکە بەم شێوە بوو: ئەگەر ئێوە لە شەقامی گوڕبالیدا لە دایك بووبێتن، کەواتە ئێوە لە گلاسکۆدا هاتوونەتە دونیا؛ ئەگەر ئێوە لە گلاسکۆ لە دایك بووبێتن، کەواتە ئێوە ئیسکاتلەندین؛ ئەگەر ئێوە ئیسکاتلەندی بن، کەواتە بەریتانیایین و ئەگەر ئێوە بەریتانیایی بن، دەتوانن پەساپۆڕتی ئەورووپی وەربگرن. کەواتە ئەگەر ئێوە لە شەقامی گوڕبالی لە دایك بووبێتن، دەتوانن پەساپۆرتی ئەورووپی وەربگرن) .

$\{(P\to Q)\&(Q\to R)\&(R\to S)\&(S\to U)\}$ و کەواتە $(P\to U)$ .

زربەکان و رستە تێکچڕژاوەکان

زرب [١٩] کورتکراوەی زنجیرەی راست بونیادە[٢٠]. روون و ئاشکرایە کە هەر زنجیرەیەك لە سیمبۆلەکان خاوەنی ماناى چڕوپڕ نین، تەنیا ئەوانەی مانایان هەیە، سەر بە زنجیرەی راست بوونیادن. ئەم رستە کە « پیتەر دەبەنگە » زنجیرەیەکی راست بونیادە؛ بەڵام « پف ! سەوز، تا ئەو کاتەی /» وا نییە. بە زمانی مەنتیقی رستەکان: $\equiv(PVQ)$

$(\neg P\to Q)$ یەك زربەیە، بەڵام $vQP\&R$ زرب نییە.

بە کورتی و پوختی: ئێمە تا هەنووکە سیمبۆلی رستە بنچینییەییەکان، واتە P، S,R,Q و سیمبۆلەکانی پێنج کردەکار یان ئەدات، واتە ¬، &، V، →، ≡ مان دیاری کردووە؛ هەروەها کورتە نووسراوەکانی « زرب » مان دانا کە نوێنەری « زنجیرەی راست بونیاد »ە. بۆ « کەواتە یان کەوابوو»ش پێویستمان بە سیمبۆلێك هەیە. ئەم نیشانە ⊨ کە پەیژەی گەردوون [٢١]ی پێدەڵێن، پەیژەی گەردوون واتە⊨ ، لە مانای وردی وشەکەدا کردەکار یان ئەدات نییە. ئەو دەورەی کە پێوەندیی لەگەڵ رستەکان دەیگێرێ پتر لە دەوری وشەی « کەواتە یان کەوا بوو» نییە و رستەیەکی نوێ بەدیناهێنێ، بەڵکو ئەو



توانامان پێدەبەخشێت و سنوور و ئاستەکانی بەڵگاندن دیاریبکەین و ئەنجامەکەی بخەینەڕوو. ئەم سیمبۆلانە و کەوان دەبنە سیمبۆلە سەرەکییەکانی مەنتیقی رستەکان.

## هەڵسەنگاندنی راستیی بەڵگاندنەکان:

دەکرێ بەڵگەکان یان یاسا دەرهێنانەکان وەك دەڵێن لە رێگەی رستە پێکهاتەکانی خاوەن→(واتە، مەرجی ئەگەر. . . کەواتە) بەیان بکرێن. دەتوانین بە کێشانەوەی هێڵکارییە ئەرزشییەکان بۆ رستە پێکهاتەکان راستیی بەڵگەکان هەڵسەنگێنین.

بۆ کێشانەوەی هێڵکاریی بەهادارىی (ئەرزشیی) رستە پێکهاتەکان ناتوانین رێك sT وsF بە هەر جۆرێك بمانەوێ بیاننووسینەوە؛ چونکە بەهای گشتی لە رێگەی بەهای رستەپێکهاتە بچووکەنانەوە دیاریدەکرێت و بەهای ئەمانە بۆ خۆیان لەلایەن رستە بنچینەییەکانەوە روون دەبێتەوە.

١- بە دیاریکردنی بەهای رستە بنچینەییەکان لە هەر شوێنێك دەبێ لە رەستە پێکهاتەکانەوە دەسپێبکەن. رێککەوتن [٢٢] تان لە بیر بێ: ئەگەر P لە سەرەتای هێڵی tدا (راست) بێ، ئەبێ تا کۆتایی هێڵی t (راست) بێ !

٢- بەهای رەتدانەوەکانی رستە بنچینەییەکان « ئەگەر بوونیان هەبێت» دیاری بکەن.

٣- بەهای کردەکاری ناو کەوان کە لە نێو قۆلاپی گەورەدایە دەسنیشان بکەن کە لە یەکەم نموونەی خوارەوەی ئێمەدا « مەرج »ە. ئەم بەها لە سەردەستی بەهاکانی P و Qی بنچینە دیاریدەکرێ. بڕواننە هێڵکاریی بەهای →

٤- بەهای کردەکاری ناو قۆلاپی گەورە کە لە دەرەوەی کەوانەکەدایە دیاریبکەن. ئەم کردەکارە لە یەکەم نموونەی خوارەوە & ە، بەهاکەی بە دوو

رستەی نێو قۆلاپە گەورە کە، واتە رستەی پێکهاتەی (P→ Q) و رستەی بنچینەیی P نیشاندەدرێت.

٥- بەهای مەرجیی سەرەکی، واتە مەرجی دەرەوەی قولاپە گەورەکە کە لە نموونەکەی ئێمەدا دووهەمینن→ە دیارییکەن. وێڕای هێنانەوەی ئەم خاڵە کە بەڵگە تەنیا و تەنیا بەو مەرجە راستە کە سەرەتاکانی بۆیان نەبێت راست بن، لە حاڵێکدا دەرەنجامەکەی هەڵەیە، لە توێژینەوەی هێڵکاریی ئەرزشیدا دەمانهەوێ بزانین ئایا هیچ دۆخێك لە ئارادایە کە لەودا، سەرەتاکان راست بێت و دەرەنجام هەڵە بێ، بە دەربڕینی دی، ئەگەر لە هێڵکاریی ئەرزشیدا، لیست (ریزێك) هەبێت کە لەودا سەرەتا راست و ئەنجام هەڵە بێت، لەم حاڵەدا بەڵگاندن راست و بەئەنجام نییە.

**نموونەی یەکەم:**

ئەگەر جۆرج بووش کاتی خۆی سەرۆك کۆماری ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو، کەواتە ئەو لە ئەیالەتە یەکگرتووەکان لە دایك بووە؛ بەڵام بووش سەرۆك کۆماری ئەیالەتە یەکگرتووەکان بوو، کەواتە ئەو ئەبێ لە ئەیالەتە یەکگرتووەکان لە دایك بوو بێت.

لە باتی«بووش سەرۆك کۆماری ئەیالەتە یەکگرتووەکان بوو » P دادەنێین و لە باتی « بووش لە ئەیالەتە یەکگرتووکان لە دایك بووە »Q دادەنێین. دەتوانین ئەم بەڵگە ئەم شێوازە دابڕێژین: ئەگەر ﴿(Pئەوسا Q)وP﴾ ئەوسا Q. یان لە شێوازی سیمبۆلەکانی مەنتیقی رستەکان: ﴿(P→Q)&P﴾ →Q هێڵکاریی ئەرزشی ئەم رستە پێهاتە بەم شێوەیە.



| P | Q | [(P | → | Q) | & | P] | → | Q |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| t | t | t | T | t | T | t | T | t |
| t | f | t | F | f | F | t | T | f |
| f | t | f | T | t | F | f | T | t |
| f | f | f | T | f | F | f | T | f |

لە حاڵێکدا کە ریزی خوارەوەی (مەرجی) سەرەکی بێ F بێ، دەوترێ ئەم رستە پێکهاتە نموونەیەکی راستە [٢٣]. نموونەی راستەقینە رستەیەکە لە هەر هەلومەرجێکدا راست بێت. بۆ نموونە کاتێ کە تەواوی رستە بنچینەییە پێکهێنەرەکان هەڵە بن (وەکچۆن لە ریزی خوارێ هێڵکارییەکەدا بینیمان) رستەی پێکهاتەی راستە.

لەم جۆرە نموونانەدا ئەو ئەنجامگیرییەی لە لای چەپی رستەی پێکهاتەوە بۆ لای راستی دەگاتە ئەنجام لە سیستەمی مەنتیقیدا بە ئەنجام یان راست دەبێت.

لە نموونەی یەکەمماندا ریزی خوارێ کردەکاری سەرەکی (واتە →دووهەم) بە تێکرا Tیە، کەواتە ئەم رستە پێکهاتە نموونەیەکی راستە، ئەنجامی پەیوەندیدار لە ﴿(P→Q)&P﴾ بۆ Q بەئەنجام یان راستە.

بۆمان هەیە لەم خاڵەدا پەیڕەوی گەردوون ⊨ ، واتە سیمبۆلی « کەواتە یان کەوا بوو» بێنینە بەرکار. ئێمە بەجێگیر کردنی سیمبۆلی ⊨ لە باتی دوایین →لەم فۆرمولەدا، زنجیرەکە لەو فۆرمولەی کە روونکەرەوەی رستەیەکی پێکهاتە (ئەگەر. . . کەواتە)یە، دەگۆڕێن بۆ ئەو فۆرمولەی کە روونکەرەوەی

هەڵهێنجانە، لەم حاڵەدا هەڵهێنجانێکی راستی وەکو ﴾(Q→P)&P﴿ Q ╞ )﴾ مان هەیە.

مەنتیق زانانی سەدە ناوەڕاستییەکان ئاگایان لە راستبوونی شێوازی هەڵهێنجانەکەی سەرەوە بوو و ناوی رێسای وەزعی سەرەتا [٢٤] یان بە کورتی وەزعی سەرەتا [٢٥] یان لێنا بوو.

لە مەنتیقی رستە نوێکاندا، وەزعی سەرەتا وەکو پڕەنسیپی بابەت، یان رێسای هەڵهێنجان لە قەڵەم دەدرێت.

نموونەی دووهەم:

ئەگەر کسینجەر سەرۆك کۆماری ئەیالەتە یەکگرتووکان بێت، کەواتە لە ئەیالەتە یەکگرتووەکان لە دایك بووە (Q→P)، بەڵام کسینجەر لە ئەیالەتە یەکگرتووەکان لە دایك نەبووە ئەوە ( Q┐): کەواتە کسینجەر سەرۆك کۆماری ئەیالەتە یەکگرتووەکان نییە ( P┐) ئێمە ئەمە وەکو رستەیەکی پێکهاتە لە قاڵبی سیمبۆلەکانی سیستەمی مەنتیقدا سەرلەنوێ دەنووسینەوە (دەکرێ« بەڵام » بەم سیمبۆلە «&» نیشانبدەرێ):

(Q→P)&Q┐ ﴿P┐ →



ئەمەش نموونەی راستە(بڕوانن ریزی عمودی ژێر→ دووهەم) کەوابوو لێرەشدا دەتوانین نموونەی ئەنجامگیریی راست بەم شێوە دابڕێژینەوە:

(Q→P)&Q┐ ﴿ ╞ P┐

نێوی ئەم فۆرموولی یاسا دەرهێنانە رێسای نەهێشتنی ئەنجام (٢٦)یان بە کورتی نەهێشتنی ئەنجام (٢٧) ە. لە مەنتیقی رستەکاندا نەهێشتنی ئەنجام وەکو پڕەنسیپی بابەت، یان وەکو رێسای یاسا دەرهێنان لە قەڵەم دەدرێ.

**مەغلەتە:**

هەنووکە مەغلەتەیەکی بە نێوبانگ باسدەکەین کە مەنتیق زاناکانی هاوچەرخ نازناوی رێسای کەودەنیان (٢٨) داوەتە پاڵ: .

﴾(Q→P)&Q﴿P ╞

نموونە: ئەگەر ئێمە لە تورینتۆدا (٢٩) بین، کەواتە ئێمە لە شوێنێکی دوور لە باکووری «سیدنی » (٣٠) داین. (Q→P)، بەڵام ئێمە لە شوێنێکی دوور لە سیدنی داین (Q) کەواتە ئێمە ئەبێ لە تۆرینتۆ بین (P). دەکرێ ئەمە لە قاڵبی رستەیەکی پێکهاتەدا بەم شێوە بێتەوە نووسین.

﴾(Q→P)&Q﴿ P→

هێڵگای ئەرزشی:

| P | Q | [(p | → | Q) | & | Q] | → | P |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| t | t | t | T | t | T | t | T | t |
| t | f | t | F | f | F | f | T | t |
| f | t | f | T | t | T | t | F | f |
| f | f | f | T | f | F | f | T | f |

لە هێڵی دووهەمین → سیمبۆلدا ئەرزشێکی F ی هەیە، کە لە ریزی سێهەمدایە؛ کەوابوو لەم نموونەدا بۆمان دەردەکەوێ کە سەرەتاکان راستن، بەڵام ئەنجامەکەی هەڵەیە. کەواتە بەڵگەکە بە پێی رێسای کەودەن راست نییە.

هێڵکارییە ئەرزشییەکان مێتۆدێکن بۆ هەڵسەنگاندنی راستیی بەڵگەکان. بەم چەشنە ئەوان هەر ئەو کارە دەکەن کە ناوەکان لەمەڕ قیاسەکان لە ئەستۆیانە. بەم حاڵەوەش، ناوەکان وەبیرمان ناهێننەوە کە فلان یان فیسار شێوە لە بەڵگاندنی قیاسی نەزۆك و پووچەڵن یا خود بە ئەنجام. لە حاڵێکدا هێڵکارییە ئەرزشییەکان بە راستی نیشانی دەدەن کە شێوازێکی بەڵگاندن، بەپێی دۆخەکان، بە ئەنجامە یان نەزۆك.

## پەراوێزەکان

١- symbolic logic
٢- mathematical logic
٣- calculus
٤- calculi
٥- Basic (or atomic) propositions
٦- Truth – values
٧- Operators
٨- Complex (or molecular) propositions



٩- Connectives
١٠- negation
١١- duble negation
١٢- conjunction
١٣- disjunction
١٤- Conditional
١٥- Gorbally
١٦- Glasgow
١٧- Scot
١٨- biconditional
١٩- WFF
٢٠- Well-formed formula
٢١- Turnstile
٢٢- Consistency
٢٣- Tautology
٢٤- Modus ponendo ponens
٢٥- modus ponens
٢٦- modus tollendo tollens
٢٧- modus tollens
٢٨- modus morons
٢٩- Toronto
٣٠- Sydney

## بەشی بیست و سێیەم:

# مەنتیقی بارەکان و زمانی ئاسایی

زمانە سروشتییە ئاساییەکانی وەکو ئینگلیزی کە زمانێکی سروشتی ئاساییە خاوەنی چەشنی جۆراوجۆر و فرەڕەنگ لە وشەکانن کە هەڵگری ئەم شتانەن: ناوە تایبەتییەکانی وەك « جۆرج » ناوە گشتییەکانی وەك « پشیلە » ئاوڵکرداری وەکو « هەڵاتن » « بیرکردنەوە »، «لێدان » و. . . ئاوڵناوەکان و دەستەواژە وەسفییەکان کە هەندێکیان وەکو « سوور » دەلالەت دەکەنە سەر تایبەتمەندییەك لە حالێکدا کە هەندێکی تری وەکو « گەورە ترە لە. . . » دەلالەت دەکەنە سەر نیسبەت.

زمانە ئاساییەکان وەکیترخاوەنی زاراوە گەلێکن چەندێتی دیاریدەکەن، بۆ نموونە«هەمەکی »، «یەك»، «لانیکەم دوو»، «هەندێك»و. . .

ئەنجام ئەوەی کە زمانە سروشتییەکان کۆمەڵێك ڕێگەن بۆ ئاماژە بە دۆخی نەناسراو (نکرە)ی شتەکان و کاروبابەتەکان. بۆ نموونە کە دەخوازین لە حاڵەتی نەناسراودا ئاماژە بۆ شت و کاروبابەتەکان بکەین، دەڵێین « شتێ»، «ئەوەی»، «کەسێ»، « ژمارەیەك » و. . .

مەنتیقی بارەکان بە شێوەیەکی تایبەت توانای دەربڕینی ئەم توخمە جۆراوجۆرانەی هەیە. ئەم مەنتیقە بریتییە لە جۆرێك زمانی سازکراو بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو تایبەتمەندییە بونیادیی و زاتییانەی ڕستە ئاساییەکان کە وێنادەکرێ لە بەڵگاندندا گرینگ و بەبایەخن گەڵاڵە کراوە.



### توخمەکانی مەنتیقی بارەکان:

توخمەکانی زمانی مەنتیقی بارەکان بریتین لە:

١. کردەکارەکانی مەنتیقی ڕستەکان: هێماکانی ٦، & وV و→و =.

٢. بەشێك لە « سیستەم »، واتە کەوان و خاڵ، کە لە زمانی ئاساییەوە وەرگیراون.

٣. ناوەکان: بە پێی گرێبەست، هێمای باو بۆ ناوەکان بریتین لە: پیتی بچووك لە سەرەتای ئەلف و بێی لاتینەوە a .b .c

٤. بارەکان: هێمای باوی بارەکان پیتی گەورەیە. بۆ ئاماژە بە تایبەتمەندییەکان لە پیتی مام ناوەندی ئەلف و بێی لاتین (F .G .H) و بۆ نیسبەتەکان لە پیتی کۆتایی ئەلف و بێی لاتین (R .S .T) کەڵك وەردەگرین. ئێمە گۆڕانێك لە هێماکاندا دەڕەخسێنین بە شێوەیەك کە ئەلف و بێی بتوانێ چەشنی ناوەکانی نێو بیر و زەین کردە بنوێنێ، بۆ نموونە لە باتی « پاتریك » (P) بەکاردێنین و لە باتی

« ﴿ = خۆشی دەوێ ﴾ L و بەم شێوە تا کۆتاییloves »

٥. بگۆڕەکان: سیمبۆلە باوەکان هەر ئەوانەن کە لە زانستی جەبردا بەکادەبرێن: z .y .x

٦. دوو پێوەر: پێوەری هەمەکی [1] بە ∀ نیشاندەدرێ کە لەلای ڕاستییەوە بگۆڕێك هەیە، بەم شێوە: (∀x)، (∀y) ، (∀z)؛ و پێوەری بوونەکی [2] بە سیمبۆلی ∃ نیشاندەدرێت کە لە لایەنی ڕاستییەوە بگۆڕێك لە ئارادایە، بەم شێوە:

(∃x)، (∃x)، (∃z) بەم شێوە پێوەری هەمەکی دەخوێنینەوە: « بۆ هەر x . . . » (پێوەری بوون بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:

« لانیکەم x ێك هەیە. . . »

ریزی توخمەکانی رستە لە مەنتیقی بارەکاندا لە زۆر رووەوە لەگەڵ ئەو ریزە لە زمانەکاندا جیاوازە. لە درێژەی باسەکەدا، ئەم جیاوازییانە بەرە بەرە روون و ئاشکرا دەبنەوە.

**بەرفراوانی** [٣]: بەرفراوانی لە رستەی مەنتیقی بارەکاندا دەتوانێ خاوەنی ژمارەیەك ناو، بار و بگۆڕبێ، دەکرێ دوو تێرمەکە بە بەردەوامی لە رستەیەکدا بەکارببرێت.

**کردەکارەکان:**کردەکارەکان هەر بەو چەشنەی کە لە مەنتیقی رستەکاندا باسمانکرد و بەکاردەهێنرێن.

**ناوە تایبەتەکان، ناوی گشتی و وەسفەکان :**ناوەکان دەتوانن ناوی خەڵك، ئەستێرەکان، ئاژەڵەکان، رۆژەکان و لە نموونەی ئەم شتانە بن. وەها گریمان دەکرێ کە هەر ناوێکی تایبەت بێ هیچ چەشنە تەمومژێك دەلالەت دەکاتە سەر میسداقەکەی. ناوە باوەکان بە یارمەتیی بارەکان و بگۆڕەکان بەیان دەکرێن. وەکو وەسفەکان بەرەو رووی ناوە باوە گشتییەکان دەبینەوە بۆ نموونە « پشیلە » لەم رووەوە « مەلووس پشیلەیە »، « مەلووس رەشە » بەیەك شێوە وەردەگێردرێ. رستەی « مەلووس پشیلەیە » مانا دەکرێتەوە کە « مەلووس سەربەجۆری چنگاوشەکانە ».

**بارەکان:** لە مەنتیقی رستەکاندا « بار » بێجگە لە ناوەکان، بگۆڕەکان و سوورەکان بە مانای سەرجەم رستەکەیە. راست بە پێچەوانەی زمانی ئینگلیزی کە لەودا گوزارەی رێزمانیی[٤] (A) ئاوڵکارەکە ناگرێتەوە، (B) دەتوانێ خاوەنی ناوی دیکە بێ کە وەکو بەرکارە رێزمانییەکانن [٥]. لە مەنتیقی بارەکاندا، ئاوڵکار وەکو گشت یان پاژێك لە بارەکان لە قەڵەم دەدرێت. چەمکی بەرکاری رێزمانیی کەڵکی ئەوتۆی نەماوە.



هەندێك لە بارەکان، بۆ نموونە « قەڵەوە » تەنیا پێویستی بە ناوێك هەیە تاکو بگۆڕی بۆ رەستەیەك.

ئەم بارە تاك هەڵوێستەییانە دەلالەت دەکەنە سەر تایبەتمەندی یاخود شێوازەکان بۆ نموونە: « پیتەر قەڵەوە »بارەکانی دیکە پێویستیان بە دوو یا چەند ناو هەیە کە ببن بە رستە. بارەکانی دوو « سێ، چوار و. . . » هەڵوێستەیی دەربڕی نیسبەتەکانن، بۆ نموونە: « پیتەر رەقی لە ماریایە ». باری « رقیەتی » دوو لایەنییە؛ کەواتە پێویستی بە دوو ناو هەیە تاکو رستەیەك پێکبێنێ. بارە سێ لایەنییەکان پێویستییان بە سێ ناو هەیە. نموونەکەی بریتین لە بارەکانی: «. . . لە نێوان. . . و. . . . . ە» بۆ نموونە « بۆکان لە نێوان مەهاباد و سەقز » دایە. لە راستیدا بارگەلی چوارلایەنی، پێنج لایەنی و. . . بوونیان هەیە. لە سیمبۆل دارشتنی بارەکاندا سیمبۆلی بار لە بەردەم ناو بگۆڕدا دادەنرێن. لە باتی « پیتەر » P و لە باتی « ماری »M و لە باتی « قەڵەوترە »F دادەنێین. کەواتە « پیتەر قەڵەوە » دەبێتە: Fp، « ماری قەڵەوترە لە پیتەر »، دەبێتە: mPF و « پیتەر قەڵەوترە لە ماری »، دەبێتە: PmF

**بەرفراوانی: دەتوانین بارەکان بەرفراوان بکەینەوە**

**بارگەلی سادە وپێکهاتە:**

بارەپێکهاتەکان بە ناوکۆی مەلۆ کردنی بارە سادەکان یاخود بنچینەییەکان ساز دەکرێن. بارە سادەکان بریتین لەو دەستەواژانەی دەلالەت دەکەنە سەر تایبەتمەندی و شێوازێك، بۆ نموونە: «سورە »، « قەڵەوە » و دەستەواژەی رێژەیی چەشنی: «لێدەدا » و «خۆشی دەوێ »، « بەرزترە لە ».

a، b وهتد بەمانای ناوی جۆراجۆر وەك: « بێتی »، « ئامبرۆز» و. . . لە بەر چاو دەگرین و R بە مانای « متمانە دەكا بە. . . » كەواتە « ئامبڕۆز متمانە دەكا بە بێتی » شێوەی داڕشتنەكەی وەكو Rab نیشاندەدرێت، و «بێتی بە ئامبڕۆز متمانە ناكا» بە شێوەی (aRb) ˥ كە وەكو بەرپەرچدانەوەی رستەیەك لە قەڵەمدەدرێ؛ واتە بەم مانایە: « وا نییە بێتی متمانەی بە ئامبڕۆز هەبێ »

« خۆشی دەوێ » بارێكی سادە و بنچینییەیە. لەمەڕ خۆشویستنی نەفەس چی دەتوانین بڵێین؟ مەنتیقزانەكان لەم بارەوە بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە، بەڵام بڕێكیان دەڵێن « خۆی خۆش دەوێ » بارێكی سادەیە. واتە ئەوان لایان وایە « باسیل خۆی خۆش دەوێ » رێك هاومانای « باسیل، باسیلی خۆش دەوێ »یە و بە شێوەی نیشاندەدرێت، كە لەودا L بەمانای Lbb «خۆشی دەوێ »یە. ئەم نموونانە لەگەڵ نیسبەتە دوولایەنەكانی وەك تێهەڵدانی بەرانبەر بەراورد بكەن. پێهەڵگوتنی بەرانبەر بارێكی پێكهاتەیە كە دەكرێ بە دوو باری سادە دەسنیشان بكرێ، لەم نموونانەی خوارەوە، یەك لە بارەكان سەبارەت بە هیومە، (فیلۆ ستایش دەكات) و ئەویدی « هیوم ستایش دەكات » پەیوەستە بە فیلۆ.

« فیلۆ و هیوم یەكتر ستایش دەكەن » گەش دیارە كە هاومانای « فیلۆ ستایشی هیوم دەكات » و « هیوم ستایشی فیلۆ دەكات. »ە. لە باتی « ستایش دەكا » A و لە جێگەی « هیوم » h و لە باتی « فیلۆ » f دادەنێین و بە كۆكردنەوەی دوو بار، رستەیەكی پێكهاتە بەدیدێ:

Afh &Ahf



عەشقی یەك لایەنە نموونەیەكی دیكەی باری پێكهاتەیە «خۆشەویستی ئەندی بۆ بێللایەك لایەنەیە » بەم مانایە كە ئەندی ئەوینداری بێللایە و بێللاش ئەوینداری ئەندی نییە » كە دەكرێ بەم شێوە بەیان بكرێ

(Lba)˥Lab&

**دوو تێرم:**

دەكرێ سیمبۆلی (∀x) وەكو « لە باتی هەر X » یان « بۆ هەر X » بخوێندرێتەوە كە سوور یان پێوەری هەمەكی پێدەڵێن. هێمای (∃X) بەمانای « لانیكەم X یێك هەیە »یە، و بە نێوی سووری بوونەكییەوە ناوزەد دەكرێ.

نە ∀و نە ∃ بە تەنیا بەكار ناهێنرێن؛ ∀ بەردەوام وەكو بەشێك لە دەستەواژەكانی (∀x)، (∀Y) و. . . دەردەكەوێ و Y بەردەوام وەكو بەشێك لە دەستەواژەكانی (∃x)، (∃Y) و. . . دەردەكەوێ. لەو رووەوە كە (∀X)، (∀Y)، (∃x) و. . . یەكەگەلێكن زیاتر لەمە دابەش نابن باشتر وایە نێوی تێرم لە مانە بنێین نەك لە ∀و∃.

تێرمەكان بە زۆری لە دەستپێكی رستەكاندان، جگە لە ئەو كاتەی رستەكە بە كردەكارێكی رەتكراو دەسپێدەكات. . هەر تێرمێك « پابەندە »، واتە سەر بەو بگۆڕانەیە كە پاش ئەم لە رستەكەدا دێن، و بەم چەشنە (∀X)پابەندە بە بگۆڕیX و (∀Y)بە Y

F لە مانای « چوار پێی هەیە » و H لە مانای « ئەسپە »دا بەكاردێنین. بەم چەشنە (xF→xH) (∀X) بەم مانایە: « لە بۆ هەر X یێ ئەگەر X ئەسپ بێ، كەواتە X چوارپێی هەیە »، « X » ی (x∀) پابەندی « X » ە كانی نێو (HX→ F X) ە و یان بۆ ئەوە بەكاردەهێنرێت.

کاتێ کە ڕستەیەك تەنیا بە ناوی تایبەت سازکرابێ پێویستی بە تێرم نییە؛ چونکە گریمان دەکرێ هەر ناوێك بە تەنیا ناوی شتێکە. کەواتە بە مانایەك ناوە تایبەتییەکان خۆیان چەندێتی دەسنیشان دەکەن، بەڵام کە ڕستەیەك جگە لە نێوە تایبەتەکان کۆمەڵێك بگۆڕ بگرێتەوە، دەبێ خاوەنی تێرم بێت. .

### بەرفراوانی تێرمەکان:

دەتوانین پەرە بە تێرمەکان بدەین. بڕواننە باسی دادێ: نموونەگەلێك لەمەڕ وەرگێڕان، بەشە لاوکییەکانی ٤و٧و٨

### بگۆڕەکان:

X , Y, Z ئەو سیمبۆلانەن کە بە شێوەیەکی نادیار دەلالەت دەکەنە سەر شت و بابەتەکان و بۆ وەرگێڕانی ئەوانە لە « شتێك »، « هەر شتێك » و « کەسێك » کەڵك وەردەگرین.

بگۆڕی یەکە بۆ دەلالەت کردنە سەر شتێك یان تاکێکی یەکە بەکاردەبرێت کە بابەتی وتەکەیە بەم شێوە، بە زۆری گریمان دەکرێ کە « Xقەڵەوە و X گرژ و مۆنە » ئاماژە دەکاتە سەر کەسێکی یەکە. بەکارهێنانی بگۆڕی جۆراوجۆر دەربڕی ئەوەیە کە شتگەلی جۆراوجۆر جێگەی ئاماژەن، هەرچەند دەتوانێ بەم ماناش بێ کە بە ئەنقەست دەروازەی پرسیار لە مەڕ ئەوەی کە ئەم شتە ئاماژەپێدراوانە چەنێکن ئاوەڵایە.



### بەرفراوانی:

بگۆڕەکان بەردەوام ئەبێ هەڵگری سوور بن. کاتێ کە بوون بە تێرمە دەتوانن لە هەر ڕستەیەکدا و هەرچەند جار بمانەوێ بەکاریبێنین؛ سەرنج بدەنە باسی دوایی: نموونەگەلێك لەمەڕ وەرگێڕان، بە شەلاوکییەکانی ٤ و ٧و٨.

### خستنە ناو کەوان:

بارە سادەکان پێویستیان بە خستنە ناوکەوان نییە، بەڵام جاروبار لێڵیی پانتایی بوونی هەیە، بۆ چارەسەری ئەم تەموومژییە پێویستمان بە کەوان هەیە.

### نموونەگەلێك لەمەڕ وەرگێڕان:

**١. ناوەکان و ئاوڵناوەکان**

→→ واتە« وەریدەگێڕینە سەر. . . » F بۆ « قەڵەو»، G بۆ « چلێسە » و P بۆ « پیتەر» بەکاردێنین . « پیتەر قەڵەو و چلێسە ». لێرەدا پێویستمان بە هیچ تێرمەیەك نییە؛ چونکە « پیتەر » ناوێکی تایبەتە. « پیتەر قەڵەو و چلێسە »: FP& GP →→

**٢. بوون**

H مانای « ئەسپ » دەگەیێنێ و C بۆ مانای « قەقنەس » بەکاردێنین. « ئەسپەکان بوونیان هەیە » بەو مانایە کە « لانیکەم شتێك هەیە کە ئەسپە (یان وەکو ئەسپە) ؛ (HX)( ∃X)→→ و «قەقنەس بوونی نییە » بەم مانایە کە« وا نییە لانیکەم شتێك هەیە و ئەو شتە قەقنەسە (یان لە قەقنەس دەچێ) »: (CY) (∃Y)˥→→

**٣. « شتێك » و « كەسێك »**

گریمان ئێوە دەتانەوێ بەزمانی مەنتیقی بارەكان بانگەشە بكەن كەسێك كە ئێوە نایناسن قەڵەو و چلێسە. بۆ وەرگێڕانی ئەم ڕەستەپێویستمان بە سوور هەیە؛ چونكە « كەسێ » بە شێوەیەكی نادیار دەلالەت دەكاتە سەر تاكەكان. بە تەنیا پێویستمان بە بگۆڕێك هەیە؛ لە بەر ئەوەی تەنیا لەگەڵ یەك كەسدا بەرەوڕووین.

« كەسێكە قەڵەو و چلێسە » وەرگێڕانەكەی بەم شێوەیە« كەسێك هەیە ئەو كەسە قەڵەوە و ئەو كەسە چلێسە » هەروەها بەم شێوەیەش وەریدەگێڕینەوە كە « لانیكەم $X$ ێك هەیە و ئەو $X$ە قەڵەوە و ئەو$X$ە چلێسە $x\exists \rightarrow \rightarrow (xF\&xG)$»

**٤. بەرفراوانیی سوورەكان و بگۆڕەكان**

«$X= Y$» بە ($X$ و$Y$شتێك / كەسێكی یەكن» واتای لێكدەدەینەوە. ئەم ڕستە لەبەرچاو بگرن: « كەسێك قەڵەوە و چلێسە» ئەم ڕستە لێڵ و پێڵە واتە، یان دەتوانێ بەم مانا بێ كە « كەسێك هەیە هەم قەڵەوە و هەم چلێسیشە » یان بەم مانا كە: « دووكەس هەن یەكیان قەڵەوە و ئەویدی چلێسە » هەڵبەت یەكەم شرۆڤە هاومانایە لەگەڵ«كەسێ قەڵەوە و چلێسە»كە لە دێڕی سەرەوە وەرگێڕایەوە. شرۆڤەی دووهەم بەم شێوە شیدەكرێتەوە: « كەسێك هەیە وەهایە كە قەڵەوە، و كەسێك هەیە وەهایە كە چلێسە، یەكەم كەسی ئاماژەپێدراو هەمان دووهەم كەسی ئاماژەپێدراو نییە » لێرەدا پێویستمان بە دوو بگۆڕ هەیە؛ چونكە ڕستەكانی ئێمە لەمەڕ دوو كەسی جیاوازن.

وەرگێڕانی هەنگاو بە هەنگاو: كەسێك قەڵەوە و كەسێكی (ش) چلێسە »، دەبێتە: « كەسێك هەیە بە شێوەیەك كە قەڵەوە و كەسێك هەیە بە جۆرێك كە چلێسە، و یەكەم كەسی ئاماژەپێدراو هەمان دووهەم كەس نییە » « $X$ ێك



هەیە، $Y$ یەكێك هەیە، بە جۆرێك كە $X$ قەڵەوە و $Y$چلێسە، و $X = Y$ نییە.

لێرەدا ئێمە ($\exists X$) و ($\exists Y$)مان لە تەنیشت یەكتر داناوە.
$\rightarrow \rightarrow (x\exists)(y\exists)[xF\&yG\&\neg(x=y)]$

**٥. لادانی تەمومژ.**

لە دەقە ئاساییەكاندا ڕستەی « كەسێك قەڵەوە و كەسێك چلێسە» ڕەنگە بە تەواوی تەمومژاوی بێ. بەشەكانی سەرەوە ڕوونی دەكەنەوە كەچۆناوچۆن دەتوانین بە كەڵكوەرگرتن لە سیمبۆلگەرایی مەنتیقی بارەكان دوو مانای شیمانەكراویی ئەم ڕستە جیا بكەینەوە. ئەگەری ئەوەش هەیە كە لە ڕێگەی خودی زمانی ئاساییەوە لێڵ و پێڵیی زمانی ئاسایی بتەنرێتەوە. نموونەیەكی بە ناوبانگ لەمەڕ تەماوییبوونی دایەن دەهێنینەوە: « هەر كەسێك، كەسێكی خۆش دەوێ لەوانەیە » ئەم ڕستە بەم مانا بێت كە « هەر كەسێك، كەسێكی خۆشدەوێ (بۆ نموونە دایكی خۆی) »، یان بەم مانا كە « هەر كەسێك كەسێكی (بۆ نموونە شازادە چارلز) ی خۆشدەوێ. لە باتی « خۆشیدەوێ »$L$ دابنێن . گریمان $X$ ە كان و$Y$ ەكان كەسایەتین. یەكەم خوێندنەوە بەم مانایە كە « لە باتی هەر $X$ێك $Y$ێك هەیە، بە جۆرێك كەوا $yx$ی خۆشدەوێ:
$\rightarrow \rightarrow (\forall x)(\exists y)\ Lxy$

خوێندنەوەی دووهەم بەم مانایە كە « یەك » $y$ بوونی هەیە، بە شێوەیەك كە بۆ هەر$X$ێك، $xy$ ی خۆشدەوێ. $\rightarrow \rightarrow (\exists y)(\forall x)Lxy.$

ئەم دوو وەرگێڕانە هاوشێوەی یەكتر دیارن و تەنیا بە ڕیزەكەیان جیاوازە، بەڵام دەكرێ وێڕای خوێندنەوەیان بە زمانی ئاسایی جیاوازییەكەیان دەسنیشان بكرێت.

## ٦. ڕەتدانەوە

«نا»تێرمەیەکی زمانیی باوە، هەروەها یەکێکە لە تێرمەکانی ئەرەستۆ. مەنتیقی بارەکان دەتوانێ بێ بوونی تێرمەی نەرێنیی تایبەت کردە بنوێنێ؛ چونکە کردەکاری ڕەتدانەوەکەی لە مەنتیقی ڕستەکان وەردەگرێ.

ئێمە بەکەڵکوەرگرتن لەم هێمای ڕەتدانەوە هاوڕێ لەگەڵ ($\forall X$) و ($\exists X$) دەتوانین مانای جۆراوجۆر لە « نا» ساز بکەین کە لە زمانی ئاساییدا بەدیدەکرێ. دوو نموونە باسدەکەین: « هەر کەسێك خراپ نییە » و « هیچ کەسێك خراپ نییە » لە باتی «خراپە » $B$ دادەنێین. « هەر کەسێك خراپ نییە » بەو مانایە کە« تەواوی خەڵك خراپ نین:

$$\rightarrow\rightarrow\neg(\forall X)\ BX$$

« هیچ کەس خراپ نییە، بەو مانایە کە « وەها نییە کەسێك هەیە کە ئەو کەسە خراپە»

$$\rightarrow\rightarrow\neg(x\exists)xB$$

## ٧. زۆریی و ژمارە:

زۆریی و تاکێتی بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکی ئەم ئەوێتیی وەردەگێڕدرێنەوە. سیمبۆلی «=» دەتوانین بە مانای « یەکسانە بە. . . » بەکاربێنین. بەم چەشنە مانای «$X=Y$« دەبێتە « $X$ یەکسانە بە $Y$ « و مانای «$X=Y$« $\neg$ دەبێتە« وەها نییە کە $X$ یەکسانە بە $Y$«.

لە زمانی ئاساییدا ڕستەی «هەندێك لە شتەکان تۆقێنەرن» بە زۆری بەم مانایە «لانیکەم دووشتی تۆقێنەر بوونیان هەیە». گریمان پێویستە دەستەواژەی «هەندێك لە شتەکان تۆقێنەرن»، واتە «لانیکەم دوو شتی تۆقێنەر بوونیان



هەیە » بە زمانی مەنتیقی بارەکان دەربڕێین. $G$بە مانای «تۆقێنەرە» دەگرین.

لە سیستەمی مەنتیقیدا، سیمبۆلی ($x\exists$) بەم مانایە: « لانیکەم $X$ یێك هەیە » ئەمە دەبێ بۆ دەربڕینی دەستەواژەی

« لانیکەم دوو شتی تۆقێنەر بوونیان هەیە » بەکاربرێت. ئەوەی پێویستە بیڵێین، لەم ڕستەدا کورت دەکرێتەوە: «لانیکەم $X$ یێك هەیە و لانیکەم $Y$ یێك بوونی هەیە بەجۆرێك کە $X$ تۆقێنەرە و $Y$تۆقێنەرە و $X$ جیاوازە لە $Y$ »

ئێمە بە لە تەنیشت یەکتر دانانی سوورەکان و زێدەکردنی (ناقچ) دەگەینە ئەم فۆرموولە:

$$(x\exists)(y\exists)(xG\&yG\&\neg[x=y])$$

کە بەم مانایەیە: « لانیکەم $X$ یێك بوونی هەیە و لانیکەم $Y$بوونی هەیە بە شێوەیەك کە $GX$، و $GY$، و $X$ $Y$ نییە، ئەمە هەر ئەو شتەیە پێویستمان بوو.

دەکرێ هەر ئەم پرەنسیپە بۆ دەربڕینی دەستەواژەگەلێکی وەك « لانیکەم» سێ شتی تۆقێنەر بوونیان هەیە»، « لانیکەم چوار شتی گرژ و مۆن بوونیان هەیە» بە کار ببرێت و. . .

دەربڕینی « لانیکەم دوو شت » تەنیا پێویستی بەدوو بگۆڕ هەیە، وەکیتر دەربڕینی « لانیکەم سێ شت » بە سێ بگۆڕ، و. . .

(خوێنەران دەتوانن بۆ تاقیکردنەوە ئەم ڕستە وەربگێڕنەوە: « لانیکەم چوار شتی سەوز بوونیان هەیە ».

## ٨. تەنیا شتێك:

چۆن دەتوانین بڵێین « تەنیا یەك شتی تۆقێنەر هەیە؟ » ئەم ڕستە یەکسانە بە «لانیکەم شتێکی تۆقێنەر هەیە و ئەوپەڕی شتێکی تۆقێنەر هەیە » کە

یەکسانە بە« لانیکەم شتێکی تۆقێنەر هەیە و وا نییە لانیکەم دوو شت تۆقێنەر بن » وەرگێڕانەکەی بەم شێوەیە:

. ﴿ $(x\exists)xG \ \&\neg[(x\exists)(y\exists)(xG\&yG\&\neg \{x=y\})$

$.(x\exists)xG \ \&[(y\forall)(y\rightarrow yG=x)]$

یان دەبێتە:

مەنتیق و زمانی ئاسایی

لە نێوان ئەو بەڵگانەی کە بە زمانی مەنتیق ئاراستە دەکرێن و ئەو بەڵگانەی بە زمانی سروشتیی ئاسایی بەیان دەکرێن وێکچوونێکی گرنیگ بوونی هەیە و ئەوەیش ئەمە کە پێوەری هەمەکی راستی یان دەرەنجامی بەڵگەیەکی قیاسی لە هەر دوو نموونەکەدا یەکێکە.

راستبوونی هەر بەڵگەیەکی قیاسی دەکرێ لە رێگەی پێوەرەی راستییەوە دیارییبکرێ کە بریتین لەمانە: هەڵهێنجان یان بەڵگەیەك بەو مەرجەی کە وێڕای بوونی راستیی پێشەکی و سەرەتاکانی، پووچەڵبوونی ئەنجامەکەی مەحاڵ بێت، بە ئەنجام یان راستە. ئەم وێکچوونە لەبەر چەند هۆکار شیاوی بایەخ و سەرنجدانە. یەکەم: چونکە جۆری راستی یاخۆد ناڕاستیی ئەو بەڵگە راستانەی لە زمانی ئاساییدا دەردەکەون لەچاو ئەوانەی لە زمانی مەنتیقی روخسارەکیدا دەوترێن، خوارتر یان خراپتر نین، هەر بۆیە دەتوانین بەبێ فێربوونی مەنتیقی روخسارەکی، بەڵگەی مەنتیقی بێنینەوە.

دووهەم: هەرچەند مەنتیقی نوێ بەراورد بە مەنتیقی ئەرەستۆیی توانای دەربڕینی گەلێك شێوە و شێوازی بەڵگاندنی هەیە، بەڵام چەند جۆر ئەنجامی راست هەیە ناتوانێ باسیان بکات. هەرچەندە پێناسەی وردبینانەی زاراوەی تایبەت وەکو نەگۆڕە مەنتیقییەکان [٦] و سوورەکان بۆ بەڵگەکانی مەنتیقی سووری پێویستن، بەڵام مانای نیوە ئاساییە تاکەکەسییەکان، ئاوەڵناوەکان،



قەیدەکان و هتد دەوریان لەم کارەدا نییە. کەوابوو، کە راستیی بەڵگەیەك گرێدراوی مانای وشەگەلی ئاسایی هەندەکی بێت، بە سیمبۆلگەرایی مەنتیقی تێڕمەیی نوێ ناکرێ بەدەستەوە بدرێن. مەنتیقی روخسارەکی لەگەڵ بنەمای رستەکان یان پێوەندیی نێوان رستەکان سەروکاری هەیە و تەنیا ئەو شتانە لە زماندا شرۆڤە دەکات کە یان بنەمای رستە دەردەبڕێ یان رستەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. کەواتە مەنتیقی روخسارەیی(شێوەیی) بۆ نموونە « کەوان »، « نێو »، «بار » بگۆڕ » و« کردەکار» پێناسە و شرۆڤە دەکات، بەڵام شرۆڤە و پێناسەی بۆ « هەڵۆ » یان « ئەسپ » یان «قەقنەس» لا نییە. دیسان بەڵگەی پەیوەست بە« هەڵۆ» کە لە بەشی ٢١ ئاماژەمان پێکرد لە بەر چاو بگرن. ئاژەڵی بەردەمەمان تەوارە: کەواتە هەڵۆیەکی مێیە.

راستیی ئەم قیاسە (لە حەقیقەتدا سەر پێیی و سووکە) گرێدراوی مانای وشەگەلێکی وەکو « تەوار » « هەڵۆ » و «مێ»یە، لەم رووەوە ناتوانین راستیی ئەوانە لە رێگەی مەنتیقی تێڕمەوە بسەلمێنین، بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە بێگومان قیاسێکی راستە؛ چونکە نامومکینە لە حاڵێکدا کە پێشەکی، واتە «ئەم ئاژەڵە تەوارە» راستە، ئەنجام «ئەم ئاژەڵە هەڵۆی مێیە»هەڵە بێت.

### پەراوێزەکان

١- universal quantifier
٢- existential quantifier
٣- Stacking
٤- Grammatical predicate
٥- Grammatical objects
٦- Logical constants

# بەشی شەش

# فەلسەفەی ژیان

## بەشی بیست و چوارەم:

## مانای ژیان

دەکرێ سەبارەت بە مانای ژیان سێ پرسیاری فەلسەفیی جۆراوجۆر ئاراستە بکرێ:

ئایا ژیانی مرۆڤ مانا و مەبەستێکی هەیە؟

ئایا ژیانی مرۆڤ بەگشتی بەختەوەرانەیە؟ ئایا دەبێ گەشبین بین یاخود رەشبین؟

ئایا ژیانی مرۆڤ بەپێی پێناسە و خۆی لە خۆیدا خاوەن بەها و بایەخە؟

**کات، ئەبەدییەت و ئامانج:**

لە رۆمانی **برایانی کارامازۆف** [1]ی بەرهەمی دەستۆفسکیدا[2] ئیڤان کارامازۆف، یەکێ لە کەسایەتییەکانی رۆمان، کە بێدینە دەڵێ: ئەگەر هیوایەك بە تاهەییبوون لە ئارادا نەبێت، ژیانی مرۆڤ ناتوانێ چ مانەیەك لە خۆی بگرێ: لەو رووەوە کە بێ ئەگەری بوونی ژیانی ئەبەدی و ئەجر و پاداشت و تەمێ و سزای خوایی، هەر کردەیەك رێگە پێدراو، بە بڕوای ئیڤان، مانا، ئامانج و گرینگیی ژیان پێوەندییان لەگەڵ ئەخلاق و بەهادا هەیە و ئەخلاق و بەها پەیوەستن بە ژیانی ئەبەدی و تاهەتاییەوە. هەر بۆیە لای وایە ئاستەنگیی ژیان بورهانێکە بۆ بێمەبەستییەکەی.



بەڵام کەسانێك هەن بانگەشە دەکەن کە ژیانی ئەبەدیش بەتاڵە لە ئاکام و ئامانج. ڤیتگنشتاین لە **نامیلکەی لۆژیکیی فەلسەفی** [3] دا پرسیار دەکات: «ئاخۆ ژیانی ئەبەدی خۆی بارتەقای ژیانی دینیمان مەتەل ئاسا نییە؟»

کات و ئەبەدییەت چ جۆرە پێوەندییەکان لەگەڵ ئاکام و ئامانجدا هەیە؟ ئاخۆ کات و ئەبەدییەت و ئامانج بابەتگەلێك نین پڕاوپڕ جیاواز لە یەکدی؟ بۆ دەبێ گریمان بکەین شتە ئەبەدییەکان لە شتە بەرتەسك و نەمێنەکان بە ئامانجترن؟ چونکە هەموو ئەوانەی دەیزانین بریتییە لەوەی کە رەنگە جیهان و ماددە و ئێنێرژی، ئەزەلی و ئەبەدی بن، بەڵام بۆمان نییە بڵێین کە ئایا ئەمانە ئاکام و ئەنجامێکیان هەیە یان نا؛ وەکیتر ناتوانین بڵێین وەها ئاکام و ئامانجێ دەتوانێ چی بێت. پرسیار لەمەڕ مەبەستی ژیان، واتە هۆکاری خواوەند بۆ ئافڕاندنی ژیان زیاتر لە خواستنی هۆکار بۆ بوونی ماددە و ئێنێرژی دەچێت، هەر چەند ژمارەیەك بانگەشە دەکەن گوایە دەتوانن وەڵامی ئەم پرسیارانە بەدەستەوە بدەن، ئێمە لەبەر ئەوەی بە گشتی لە رادە بەدەر دژوارن چاویان لێدادەخەین.

لە نێوان مەبەستە شیمانەکراوەکانی بەدیهێنەر و مەبەستە پێناسەکراوەکانی مرۆڤدا جیاوازی هەیە، تەنانەت ئەگەر بە دڵنیاییەوە دەمانزانی خواوەند لەبەر ئەو ئامانجانەی تایبەتی خۆیەتی، ژیانی خەلق نەکردووە، مرۆڤ هێشتا دەیتوانی خاوەنی مەبەست و ئامانجەکانی تایبەت بە خۆی بێت.

ئایا ژیانی مرۆڤی یەکە، ئەگەر وەکو گشت رەچاو بکرێ، دەتوانێ خاوەن مەبەست و مانەیەك بێت؟ لە ئاستی مرۆییدا ئەم بابەتە بۆ تاکێکی بالغ، پڕاوپڕ شیمانە کراوە کە مەبەستێکی پەرگیری مەزنی لە ژیاندابێت. بێگومان ئەو ژیانەی بۆ ئایین تەرخانکراوە دەکرێ وابێت. لەوانەیە ژیانی شۆبێرت [4] یش کە بەتەواوی بۆ موزیك تەرخاندرا سەر بەم تەوەرە بوویێت. هەرچەند زۆربەی

زۆری خەڵك گونجاو لەگەڵ کاتە جیاجیاکانی ژیانیان ژمارەیەك مەبەستی جۆراوجۆریان هەیە.

ئایا مرۆڤ دەتوانێ وەکو کۆیەکی یەکە، لە ژیاندا مەبەستێکی هەبێت؟ وێناکردنی مەبەستێکی وەها زەحمەتە، هەڵبەت مرۆڤەکان لە هەندێ مەبەستدا خاوەنی خاڵی هاوبەشن، بۆ نموونە بەزیندوویی مانەوە، هەوڵدان بۆ بەختەوەری و هتد. وەکیتر ئەوان خاوەنی مەبەستی هاوبەش و هەمووییشن، بۆ وێنە سازکردنی شارەکان.

هەنووکە پێویستە زیاتر لە سەر مەبەستەکانی مرۆڤ ﴿ وەکو ﴾ تاك بدوێین؛ چونکە جیاوازی هەیە لە نێوان مەبەست و مەبەستی گرینگدا. خاوەن مەبەست بوون مەرج نییە بە مانای خاوەنایەتی مەبەستێکی گرینگ بێت. ژمارەیەك لە مەبەستەکانی مرۆڤ بە تەواوی بێبایەخ و سووکن. لەم حاڵەدا دەکرێ بە یەگجاری بەبێمانا لە قەڵەم بدرێن. ئاکام و ئامانجەکان ئەگەر بڕیارە مانا بە ژیان ببەخشن، دەبێ سەنگین و گرینگ بن، بەڵام لەم رووە گرینگ نییە کەسەکە مەبەستی جیددی یان ناجیددیی هەبێت.

مەبەستی سووك چییە؟ ئەنجام و ئاکامی گرینگ چییە؟ کە زاراوەی « گرینگ » دەدرێتە پاڵ مەبەست و ئاکامەکان دەلالەتە لە بەهاو بە بەیاخبوون.

چەند نموونە باس دەکەین. بێگومان زۆربەی خەڵك کۆکن لەسەر ئەوەی کە یارمەتیدانی هەژار و داماوەکان مەبەستێکی بە بایەخە و هاریکاریکردنی زاڵمە جەنایەتکارەکان مەبەستێکی خوار و بێبەهایە. چێشت لێنان بۆ ئەندامانی بنەماڵە گرینگە؛ لەحاڵێکدا ژماردنی واگۆنەکانی شەمەندەفەر بە تەواویی یارییە و یاریکردن تەنیا بۆ منداڵان دەشێ. فێربوونی خوێندنەوە و نووسین ماناداره؛ کەچی فێربوونی یاریی پاسوور وانییە و نموونەی دیکە.



بە بۆچوونی کەسایەتیی رۆمانی دەستۆفسکی، واتە ئیڤانکارامازۆف، هەر ئەخلاق و بایەخێك سەرچاوەی خوایی هەیە. لەم رووەوە چ مەبەستێ بۆی نییە بەراستی بە بەیاخ بێت، مەگەر خوایەك بوونی هەبێت کە بەهاداری بکات. بەبێ بوونی خاوەند جیاوازییەك لە نێوان بەهانای لێقەوماوانەوە رۆشتن و یارمەتیدانی ئەوانەی غەدریان لەوان کردووە، نییە.

**دەستۆفیسکی لێکیداوەتەوە کە چۆنە نێهیلیزمی ئەخلاقیی ئیڤانی تووشی شکستی زەینی کردووە و برا ناوینەکەی، واتە سمڕدیاکۆف [5] ﴿هەر لەبەر ئەم هۆکارە ﴾ بۆ قەتڵی بەئەنقەست و خۆکوژی رێنوینی کردووە. کەوابوو، لەوانەیە وێنا بکرێت کە کەسایەتیی ئیڤان بیروباوەڕی نووسەر خۆی دەسنیشان دەکات بریتییە لەوەی کە تەنیا خواوەند دەتوانێ مانا بە ژیان ببەخشێ.**

بەڵام ئەم رۆمانە بە دوو شێوە لێکدەدرێتەوە. رۆمان لە روانگەی راڤە و لێکدانەوەی یەکەمەوە دەڵێ «مەرگی خوا» بۆتە هۆی دڵڕەقی و «مەرگی بەها (بایەخ)» ی لێدەکەوێتەوە. پەیامی رۆمانەکە لە روانگەی دووهەم راڤەوە بریتییە لەوەی کە تەنانەت دواکارەساتیش واتە « مەرگی خوا » نابێتە هۆی لە نێو چوونی بەهاکان. بەهاکان لانیکەم تا ئەو ساتەوەختەی مرۆڤ بوونی هەیە، دەمێننەوە؛ چ مرۆڤەکان باوەڕیان بە خواوەند بێت چ باوەڕیان نەبێت، هەروەها لە دووهەم راڤەدا لێهاتووانە جەخت دەکرێتەوە کە بەپێی ئەو دەستۆفسکی خوێنەرانی بەرهەمەکەی (چ بێئیمان و چ ئیماندار)هان دەدا دواهاتەکانی نێهیلیزمی ئیڤان هەڵسەنگێنن. خوێنەر ئیڤان و لووتبەرزییەکەی مەحکووم دەکات؛ هاوکات بەرامبەر بە دۆخ و پێگەکەشی هەست بە هاودڵی دەکات، بێگومان مەحاڵە سەبارەت بە ئەنجام و چارەنووسی سمڕدیاکۆف هەست بە ترس و داخ نەکات. گێڕانەوەی دەستۆفسکی لەمەڕ دوا رووبەڕوو بوونەوەی سمڕدیاکۆف و ئیڤان و خۆکوشتنەکەی دوای ئەوە، کەم تا زۆر بەوێنەی **کتێبیی پیرۆز**

کاریگەرە و گومان هەڵناگرێت کە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ وێکچوویی سەرسووڕهێنەری ئەم رووداوە و چیرۆکی یەهوودا [٦]. یەهوودای ئەم چیرۆکە سمڕدیاکۆف نا، بەڵکو ئیڤانەکە بە خیانەت کردن بە برای سووکبوو و لاواز و غەش و فێیی‌خۆی خیانەت لە مرۆڤایەتی دەکات.

راڤە و لێکدانەوەی دووهەم لەسەر رۆمانی دەستۆفسکی بۆ کەسانی بێ‌ئیمان خاوەن مانایە؛ چونکە زۆربەیان پێچەوانەی ئیڤان لە حاڵەتی — هیوا بڕوایی هۆی « مەرگی خوا » دا ناژین. پێچەوانەی ئیڤان کارامازۆف لای کەسانی بێ‌ئیمان، چەشنی ئیمانداران، خۆشویستنی دادوەری، رق لە جنایەت، رێزگرتن لە مرۆڤایەتی و بڕوا بە پاکیزەیی (قداست) ی ژیان بابەتێکی مومکین و تەنانەت بە تەواویی باو و ئاساییە. ژمارەیەکی هەرە کەمی بوودییەکان باوەڕیان بە خوا هەیە، لە حاڵێکدا هەموویان باوەڕیان بە پاکیزەیی ژیان هەیە. وانییە کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵەی پزیشکیی نوێ بڕوایان بە خاوەند هەبێت، کەچی بەختەوەرانە زۆربەیان رێز لە کەسایەتی مرۆڤ و سەربەخۆییەکەی دەگرن و هەست بەوە ناکەن کە لە رووی ئەخلاقییەوە جیاوازییەك لە نێوان میهرەبانی و بێبەزەییدا بوونی نییە.

### ژیان و بەختەوەری: رەشبینی:

رەشبینی فەلسەفی [٧] کەسێکە نکوولی لە بەختەوارانە بوونی ژیان بەگشتی دەکات. ئارتۆر شۆپنهاور بە نێوبانگترین فەیلەسووفی رەشبینە. ئەو لە کتێبی گرینگی خۆیدا بە نێوی **جیهان وەکو ئیرادە و نواندنەوە** [٨] دەڵێ باشتروابوو جیهان هەرگیز بەدینەهاتبا. ئەو دووجۆر هۆکاری پێیە: یەکیان مێتافیزیکی و ئەویدی ئەزموونی. هۆکاری مێتافیزیکیی سەرەکی کە لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا باسی کردووە، پەیوەستە بەم وێناوە کە بوون لەسەر ئیرادە وەستاوە.



ئەو خواست و حەزە بەرفراوانانەی هەر مرۆڤ و ئاژەڵێك ئەزموونی دەکەن دەرکەوتەی ئیرادەن و سەر چاوەی هەمەیشەیی رەنج هەر ئەم خواست و ویستانەیە. چونکە ئەگەر حەز و ویستێك جێبەجێ نەکرێ، ئەو دۆخ و حاڵەتە بە چەشنی زاتی رەنجهێنەرە. لەلایەکی دیکەوە کە ویست و خواستەکان جێبەجێ دەکرێن بە ناچار و بێ ناوکۆ خواستی دیکە شوێنەکەیان پڕ دەکاتەوە کە رەنگە جێبەجێ نەبن. ژیان جۆرێ خورانی درێژماوە، واتە شێوازێکە لە بێبەرێتی هەمیشەیی و بەردەوام.

هۆکاری ئەزموونیی رەشبینی کە شۆپنهاور لە بەرگی دووهەمی کتێبەکەیدا لێکیدەداتەوە، لەم راستییەدا شاراوەیە کە دەڕوانینە هەر شوێنێ زیاتر چاومان بە رەنج و داماویی دەکەوێ، شۆپنهاور پێرستێکی چڕوپڕ لە هەموو ئەوشتە ترسهێنەرانە کە مرۆڤەکان و ئاژەڵانی دیکە سڵیان لێدەکەن، ساز دەکات. ئەو دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە گوایە مرۆڤی عاقڵ تێدەگا کە ژیان بە شێوەیەکی ترسناك کەسەرهێنەرە. مرۆڤی عاقڵ هەوڵدەدات واز لە سەرجەم ویست و حەزەکان بهێنێ: لەبەر ئەوەی ویستەکان سەرچاوەی بێبەرییبوون و شەڕی دیکەن. مرۆڤی عاقڵ تەنانەت نابێ مەرگ بە ئاوات بخوازێ، هەر چەند دەزانێ مەرگ باشتر لە ژیانە. مرۆڤی عاقڵ خۆی دەداتە دەست ژیان و هێمنانە پێشوازی لە مەرگ دەکات.

ئەو چەشنە رەشبینییە ئەزموونییەی لە بەرگی دووهەمی کتێبی شۆپنهاوردا پێناسەکراوە ئەم بابەتە گریمان دەکات کە نەهەر لە نێوان ئیمکان و بەدیهاتن، بەڵکو لە نێوان بوون و نەبوونی هەندێ یان هەموو مرۆڤەکان دەکرێ بە شێوەی دەرهەست و لە روانگەی جۆراوجۆرەوە بەراوردکاری ئەنجامبدرێ. ئایا ئەم گریمانانە راستن؟ ناچار دەبێ لێرەدا وەڵامی پێنج پرسیار بدەینەوە:

١- ئایا دەتوانین جیهانگەلی مومکینی رووت وێنا بکەین؟

٢- ئایا کەس هەیە بتوانێ نەبوون (عدم) ی خۆی وێنا بکات؟

٣- ئایا بەراوردکردنی بابەتی کردەکی لەگەڵ بابەتی مومکینی رووت ئیمکانی هەیە؟

٤- ئایا بەراوردکردنی بوونی تاك لەگەڵ ئیمکانی نەبوونی لە روانگەی خۆیەوە ئیمکانی هەیە؟ بۆ نموونە ئایا مرۆڤ دەتوانێ بوونی خۆی و نەبوونی خۆی لە روانگەی خۆیەوە بەراورد بکات؟

٥- ئایا بەراوردکردنی بابەتی کردەکی و بابەتی مومکین بە شێوەی دەرهەستی رووت، واتە بە بێ چ روانگە و رووکردێك ئیمکانی هەیە؟

١. وێنا کردنی پلە و پێگە مومکینەکان سانا و ئاسانە. بەم چەشنە، وێنا کردنی جیهانێکی مومکین کە لەودا برێ کەس بۆ نموونە سەر کۆماری هەنووکەیی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەرگیز بوونی نەبێ، ئاسانە.

٢. هەروەها وێنا کردنی دۆخێ لە کاروبابەتەکان کە لەودا، تاك خۆی بوونی نەبێت، ئیمکانی هەیە، کە من رابردووی دوور یان داهاتوی دووری زەوی بە خەیاڵمدا دێنم دۆخێك لە کاروبار و بابەتەکان وێنا دەکەم کە خۆم تێیدا نیم.

٣. ئێمە وەکیتر دەتوانین لە خەیاڵی خۆماندا، بابەتی کردەکی لەگەڵ بابەتی مومکین بەراورد بکەین. بۆ نموونە مرۆڤ بۆی هەیە لە جیهانی خەیاڵدا، جیهانی راستەقینە لەگەڵ ئەو جیهانە مومکینە بەراورد بکات کە ڤایروسی ئایدزی تێدا نییە و حوکم بدەین کە جیهانی هەنووکەییمان کەم خێرتر لەو جیهانە یەکسەر مومکینەیە کە دەیتوانی بوونی ببوایەت.

مرۆڤ دەتوانێ بوونی هەر کەس، لەوانە بوونی خۆی لەگەڵ نەبوونی شیمانەکراویدا لە روانگەی خەڵکی دیکەوە بەراورد بکات. بۆ وێنە، خەڵك جاروبار دەڵێن ئەگەر دیکتاتۆرێکی شەڕ چەشنی ستالین قەت لە دایك نەدەبوو



جیهان شوێنێك دەبوو تا رادەیەك باشتر. ئەمە بەومانا نییە کە جیهان بۆ ستالین خۆی، باشتر دەکەوتەوە بەڵکو بۆ خەڵکی دی باشتر دەبوو.

٤. بەڵام هەندێجار لە بارەی مرۆڤە هەرەداماو و رۆژە ڕەشەکانەوە دەگوترێ ئەگەر هەرگیز بوونیان نەبوایە، بۆ خۆیان، واتە بۆ ئەو مرۆڤانە باشتر بوو. ئایا ئەم وتە مانای هەیە؟

ناکرێ دۆخێکی بەم شێوە وەکو بەراوردکردنی دووحاڵەتی کەسەکە دابنرێت؛ چونکە نەبوونی دۆخێکی کەسەکە لە ئارادا نییە. بەکار هێنانی دەستەواژەی رێژەیی «باشتر بوون بۆ تاك خۆی» لەم دەقەدا دەبێ جۆرێ **مەجازبێژی** بێت. بەڵام ئایا وێڕای ئەمانەی باسکرا، ئاواتی ئەوەی کە کەسێ هەرگیز لە دایك نەبوایەت نامومکینە؟ کەواتە ئەمە بۆ کێ باشتر دەبوو؟

وەکچۆن بینیمان لە جیهانی خەیاڵدا، بەراوردکردنی جیهانێ کە تاك خۆی ئامادەی ئەو جیهانەیە و جیهانێ کە تاك خۆی لەودا نییە، لە هەندێ روانگەی دیکەوە ئیمکانی هەیە. بەم حاڵەوەش ئەو کەسەی گلەیی و گازندە دەکات «بریا هەرگیز لە دایك نەدەبووم» بە زۆری بیر لە خێری دیتران ناکاتەوە.

ئایا دەبێ بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ناڵە و ئاخ هەڵکێشان ناعەقڵانییە؟ یاخود ماناکەی سڕ و رازاوییە؟ ماناکەی لە راستیدا راز نییە؛ لەبەر ئەوەی بێ بەراوردکردنیش دەکرێ ئاوات و هیوایەك لە دڵدا بێت. ئاوات راستەقینەیە، بەراوردکردن وانییە، ئەگەر پێبچێ ئاوات دەربڕ و هەڵگری **بەراوردکردن لە نێوان دوو دۆخ و حاڵەتی خۆمە**، کەواتە هاوڕێی شپرزی و سەرلێشێواوی دەبێت.

٥. ئاواتی ئەوەی کە بریا (بۆ نموونە) ستالین هەرگیز لە دایك نەبوایە، لەسەر بەراوردکردنێ گیرساوە کە لە جیهانی خەیاڵدا لە نێوان دۆخ و شێوازێکی کار و بابەتی راستەقینە (جیهانێك کە ستالینی تێدایە) و دۆخ و شێوازی بابەتە مومکینەکان (جیهانێکی بە تاڵ لە ستالین) ئەم بەراوردکردنە بە تەواوی

دەرهەست نییە، بەڵکو لە روانگەی قوربانییەکانی جنایەتەکانی ستالینەوە ئەنجامدەدرێ.

ئایا دەکرێ ئەم جیهانە راستەقینە لەگەڵ جیهانی مومکینی رووت بە شێوەی تەواو دەرهەست و بێ رووگە و رووکرد بەراورد بکرێ؟ بۆ نموونە ئایا جەختکردن لەوەی کە جیهانی بەتاڵ لە ژیان، دەیتوانی بە شێوەی رەها باشتر لە جیهانی خاوەن ژیان بێت مانا و واتایەکی هەیە؟ پێدەچێت ئەگەر بەراوردکردنێکی ئۆبستراکت لە هەر روانگە و رووگەیەکەوە ئەنجامبدرێ، دەبێ بە شێوەی زاتی بێ هۆکار بێت. ژیان بۆ ئەو کەسانەی لێی بایەخمەندن باشە. ئەگەر ژیان بەهای زاتیی هەیە بەها زاتییەکەی بۆ ژیانکردنە.

## ژیان و بەختەوەری: گەشبینی:

زۆربەی فەیلەسووفان خۆیان لە بە دەستەوەدانی پێناسەی گەشبینی [٩] وەکو سوننەتەتێك لادەدەن، هەرچەند بە دڵنیاییەوە ئەم وتە بەو مانا نییە کە هەموویان رەشبینن.

بەم حاڵەوەش بێرتراند راسێل لە کتێبەکەی خۆیدا لە ژێرناوی زاڵێتی گەشبینی [١٠]، گەشبینی پێناسە دەکات بە بڕوای ئەو ژیانی مرۆڤ زیاتر هاوڕێی تاڵی و ناخۆشییە. بەڵام بە بەڵگەوە دەڵێ ژیان دەتوانێ بەختەوەرانە بێت. و دژ بەم ئیمکانەش چ هۆکارێکی مێتافیزیکی لە ئارادا نییە. بە رای ئەو زۆربەی زۆری نوشوست و ناکامییەکان بە تەواوی ناپێویستە. ئەم ناکامییانە یان هۆکردی پلانی ئابووریی هاوڕێی چاوچنۆکیی ساویلکانەیە یان تەنیا بەری تێنەگەیشتنی خەڵکە لەوەی کە نازانن چۆناوچۆن بەختەوەر بن. ژمارەیەکی پڕئەژماری خەڵکی ئاسایی تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوەی ئاگاداری رێگاکانی بەختەوەری نین بەدبەختن. راسێل دەنووسێ:



**ئێوە لە نێوان ئەو حەشیمەتەی کاری کاتژمێریی ئەنجامدەدەن، دڵەڕاوکێ، وردبوونەوەی لە رادەبەدەر، سۆوهازمە، نەبوونی سۆزدارێتی بۆ هەموو شت، بەڵام هەوەڵ و خەبتین، ناتوانیی لە یاریکردندا و ناخۆوشیاریی بۆ دەستکردە خوار و بێبەهاکانی خۆیان بەدیدەکەن.**

ئەو سەبارەت بە دەوڵەمەندەکان دەڵێ:

**بڕوا لەسەر ئەوەیە کە خۆشی و خۆشگوزەرانی و دەستبازی دەروازەی شادییە. خەڵکانی وەها دەستبەجێ رووەدەکەنە خۆشی و خۆشگوزەرانی و هەوڵدەدەن گرینگی بەوە نەدەن کە دڵدارەکانیان چەند رقیان هەڵدەستێنن.**

تەنانەت پاشا و گەورەکانیش بەختەوەرنین. راسێل لە زاری پاشا سالامین [١١] ەوە دەیگێڕێتەوە:

**رووبارەکان دەڕژێنە نێو زەریاکانەوە، بەڵام زەریا پڕ نییە. رۆژ لە ئاسماندا تیشك بۆ چ شتێکی نوێ ناهاوێژێ.**

**لە شتە پێشووییەکان هیچ نەماوەتەوە.**

**بێزارم لەو کارانەی لە ژێر تیشکی هەتاوی روون و گەشدا جێبەجێم کردوون؛ چۆن دەبێ بۆ کەسی پاش خۆمی بەجێبێڵم.**

راسێل دەسنیشانی دەکات کە ئەم راستییە ناوبراوانە بۆ رەشبینیی گشتی هۆکاری تەواو بەدەستەوە نادەن. بۆ نموونە منداڵی سالامین لەبەرچاو بگرن؛ لە روانگەی ئەوەوە ئەودار و دارستانە پڕ بەرە بە هیچ شێوەیەك هۆکاری هەست بە بەدبەختی و ناکامی کردن نییە.

راسێل رێگەی بەختەوەری دیاریدەکات، ئەو دەڵێ بەختەوەری گەلێك سەرچاوەی هەیە، لەوانە « جۆش و خرۆش » عەشق و بەزەیی، بنەماڵە، کار، سۆزداریی بۆ کار و بابەتی گشتی (بۆ نموونە کەونینەناسی یان شانۆیی یان کتێب) و توانایی دۆزینەوەی ئاستی ناوینی خۆ لە نێوان هەوڵ و رەزامەندیدا.

مرۆڤ بۆ پارێز لە بەدبەختی دەبێ هەوڵبدات خۆی لە بەخیلی، رکابەرێتیی لە رادەبەدەر، جنوونی ئەشکەنجە و ترس لە رای گشتی دەرباز بکات.

رەنگە ئامۆژگاریی راسێل سەرپێیی دیار بێت، بەڵام زۆربەیان تا رادەیەك عەقڵانین و رەنگیشە ئەو بەو کتێبە بچووکەی یارمەتی برێ خەڵکی ناشاد و ناکامی دابێت تاکو هەست بە خۆشی و بەختەوەری بکەن.

**بەهای زاتیی ژیان:**

پێدەچێت رەشبینی و گەشبینی وەك یەك ئەم تیۆرییە سوودگەرایانە پەسەند بکەن کە بەختەوەری دوا بەها و بایەخە و شتێکە بەها بە ژیانی مرۆڤ دەبەخشێت. ژمارەیەك لە فەیلەسووفانی هاوچەرخ گەرم و گوڕ بەڵگاندن دەکەن کە کاتێ مرۆڤ هیوای بە بەختەوەری نەبێت و نەتوانێ بەشداری لە بەختەوەری دیتراندا بکات، دەبێ « مەرگەکەی خێرا جێبەجێ بکرێت. »

سوودگەرایی کلاسیك (بڕوانن بەشی نۆهەم) لەسەر ئەم ئانتیتێزە وەستاوە کە هەموو کەس زیاد لە هەر شتێکی دی لە بەختەوەری دەگەڕێ، بەڵام ئاکاری رۆژانەی خەڵکی ئاسایی لەگەڵ ئەم ئانتیتێزەدا دژواز دەکەوێتەوە. خەڵکی ئاسایی تەنانەت ئەو کەسانەش کە ئێگجار داماو و بەدبەختن، دەخوازن درێژە بە ژیان بدەن. لە راستیدا خەڵك بە جۆرێ رەفتار دەکەن چما لەسەر ئەو باوەڕەن تەنیا زیندووبوون بە شێوەی زاتی باش و دڵخوازە، لە واقیعدا خەڵکی ئاسایی بە شێوەیەك هەڵسوکەوت دەکەن چما ژیان خۆی بەها و بایەخی کۆتاییە.

ئەگەری پڕاوپڕ هەیە رەفتارێکی وەها غەریزی بێت، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە بە ناعەقڵانی دایبنێین. ئاواتی سەربەرزی، تەندروستی و بەختەوەریش غەریزییە. رێبازی سوودگەرایی بۆ پەیوەستکردنی بەهای کۆتایی بە بەختەوەریی بە شێوەی ئاوەژوو رەفتار دەکات. ئێمە بە شێوەی سروشتیی



بەردەوامیی ژیان بە ئاوات ناخوازین تاکو تەندروست و بەختەوەربین، بەڵام بە شێوەی سروشتی دەخوازین لەش ساخ و بەختەوەربین؛ چۆن ئەمە یارمەتیمان دەدات زیندوو بین و درێژەبە ژیان بدەین.

فیلیپافووت [12] یەکێکە لەو کەم ئەژمار فەیلەسووفانەی پرسی بەهای زاتیی ژیانی خستە بەرباس و بەرامبەر بە رێبازی سوودگەرایی بەم چەشنە بەڵگاندن دەکات کە ژیانی چۆڵ لە بەختەوەری بایەخی ژیانکردنی هەیە. تەنیا لە کەیسە گرژەکاندایە کە مەرگ رێگەیەکی باشترە، تەنانەت لەو کاتەشدا مەرگ رێگەیەك نییە کەسی سێهەم بۆی هەبێت بۆ ئەویدی هەڵێبژێرێت. ئەو لە وتاری خۆی بە نێوی «ئۆتانازی»[13] لێکیدەداتەوە کە چۆن و لە بەرچی دەکرێ تەنانەت ژیانی هاوڕێی ناکامی و رۆژەڕەشی بە خاوەن بەها لە قەڵەم بدرێت.

ئەو وتارەکەی بە ئاماژە بەو خاڵە گرینگە دەستپێدەکات کە دەبێ مانای دەستەواژەی ژیان بایەخی ژیانکردنی هەیە ئەمە بێت کە ژیان بۆ ئەو کەسەی دەژی بەها و بایەخی بەسەربردنی هەیە. چ ژیانی تۆ بۆ ئەویدی (بۆ نموونە دەوڵەت)بایەخێکی هەبێت و چ نەیبێت، نابێ رێگە بدرێ دژ بەو بەهای بۆ تۆ هەیەتی بێتە ئەژمار؛ تۆیەك کە سوود لە ژیان دەبینیت. (وەکیتر دەتوانین بڵێین وێناکردنی ئەوەی کە بایەخی ژیانی هەر تاکێك تەنیا لە سوودمەندیی ئەودایە بۆ دیتران، بە زنجیرەیی کۆتایی پێدێت و ئەنجام بێمانایە) .

چی بەهای بەسەربردن بە ژیان دەدات؟ فیلیپافووت لەسەر حەقە کە دەڵێ: تەنانەت ئەو کاتەی کەفۆی بەدبەختی بە تەواویی قورسترە لە کەفۆی بەختەوەری، خەڵك بە زۆری دەخوازن درێژە بە ژیان بدەن. ئەو ژمارەیەك لەم ژیانە مومکینانە دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و توێژینەوە.

ژیان لە بەند و یەخسیریدا دەتوانێ باش بێت، واتە باشتر لە جوانەمەرگ بوون. ژیانی هاوڕێی نەخۆشینی درێژماوە دەتوانێ باش بێت، واتە باشتر لە

جوانەمەرگ بوونە و ئەو کەسانەی لە ژیان بایەخمەندن بە زۆری ژیانی هاورێی کەم و کورتیی هەمیشەیی (خۆراك، خانوو و چاودێرییە تەندروستییەکان) بە باشتر لە جوانەمەرگ بوون دەزانن. ئەو دەنووسێ:

**سەبارەت بە کەسانی هەرە کەم ئەندام چی دەکرێ بگوترێ، ئایا ژیان بۆ ئەوان باش دەبێت؟ وەڵام بە تەواوی ئەرێییە؛ چونکە تەنانەت ئەگەر کەسێك. . . بەسیی دەستکردەوە بژی. . . و ئەگەر دەڵێ کەسێکی چاك و خێرۆمەند ژیانی پێبەخشیوەتەوە ئێمە ناتوانین چاوی لێداخەین ﴿جەختکردن لە من﴾**. ئەو درێژە دەدات:

کەم ئەندامێتی زەینیش هەر بەم شێوەیە، گەلێك مرۆڤ بوونیان هەیە دەکرێ بگوترێ ئێگجار زۆر کەم ئەندامن، چەشنی کەسانی گیرۆدەی سندرۆمی دوان [١٤] و بۆ ئەوانیش ژیانێکی بە بەزەییانەی سادە ئیمکانی هەیە.

ئەو دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ژیانی مرۆڤ خۆی باشە. بەم حاڵەوەش، چەند جۆرێکی ژیان هێند ترسێنەرن، خواستنی ئاواتی مەرگ لە بارەیانەوە عاقڵانە دەبێت. کەوابوو هەرچەند دەکرێ بگوترێ ژیانی مرۆڤ خۆی لە خۆیدا باش و دڵخوازە، بیرهێنانەوەی ئەم خاڵەش پێویستە کە ژیان دەبێ لەم مانایەدا ژیانێکی بە راستی مرۆیی بێت. دەبێ لانیکەم وەکو وشە ژیانێکی «باو و پەسندی» مرۆیی بێت. ئەو رای خۆی لەمەڕ «ژیانی باو و پەسندی مرۆیی» بەم چەشنە وەسفدەکات: ئەو چەمکەی پێویستمان پێیەتی، بە رەواڵەت بریتی لە چەمکی ژیانە کە بە پێی رووگەی خوارەوە ژیانی باو و پەسندی مرۆییە، واتە بریتییە لە چاکە پڕ ئەژمار و بەرفرەکانی ژیان. ئەوەی لە ژیانی مرۆڤدا تەنانەت لە ژیانە هەرە زەحمەتەکاندا باو و پەسندە ئەمەیە کە مرۆڤ زیاد لە تواناکانی ناچار بە کارکردن نەکرێت؛ لە لایەن بنەماڵە یاخود کۆمەڵگاوە پشتیوانیی



بکرێت؛ کەم تا زۆر دەتوانێ هیوای بێت برسێتییەکەی چارەسەر دەکرێ، شەوان بحەسێتەوە.

فووت بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئەم روونکردنەوە لەمەڕ ژیانی «باو و پەسند»ی مرۆیی، پێوەندیی نێوان چەمکی ژیان و چەمکی خێر(چاکە) دەگرێتەوە. ژیانی«باو و پەسندی» مرۆیی بەو چەشنەی لە سەرەوە وەسفکرا، خۆی باش و دڵخوازە و پێویست ناکات خۆشی و خۆشگوزەرانی لە کاردا بێت تاکو بەها بە ژیان ببەخشێت. رەنگە بکرێ بە کورتی ئاماژە بەوەش بدرێ کە مەبەستی ئەو لە «باو و پەسند» تا رادەیەك سەیر و سەمەرەیە. «ژیانە باو و پەسندەکان»ی ئەو گەلێك کار و بار دەگرێتەوە کە لە روانگەکانی دیکەوە زۆر نائاسایین. بۆ نموونە ژیانی بێتهۆڤەن [١٥] لە چەندین رووگەوە نائاسایی بوو؛ بەم حاڵەوەش ژیانی ئەو بە پێی مەبەستی فووت لەمەڕ وشەی «باو و پەسند» هێشتا باو و پەسند بوو. وەکچۆن ژیانی مرۆڤێك بە سیی دەستکردەوە لە چەند رووگەی جۆراوجۆرەوە نائاساییە، بەڵام پێدەچێت ئەو ژیانە بە پێی پێناسە و مەبەستی فووت لە مەڕ وشەی «باو و پەسند» دەتوانێ «باو و پەسند» بێت. ئەو ئەنجامەی فیلیپافووت سەبارەت بە بەهای زاتیی ژیان پێشکەشی کرد هاوتەریبی هەستی زۆربەی زۆری خەڵك لەمەڕ ژیانیان هاتۆتەوە. بەمچەشنە ئەو بەو شێوەی پێوەندیی مانایی نێوان ژیان و خێر رووندەکاتەوە، بە فامی عورفیش پێمڵە کە لە فەلسەفەدا شتێکی خراپ نییە. بە کورتی و گوشراوەیی؛ چەمکی ئامانج پێوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ چەمکی ئەبەدییەتدا نییە. ئەگەر خواوەند بوونی هەیە، مەبەست و ئامانجەکانی ئەو جیاوازە لە مەبەستەکانی ئێمە. ئەمەش راست نییە کە بەبێ بوونی خواوەند چ مەبەستێکی مرۆیی و چ ئەخلاقیێك ناتوانێ بوونی بێت. «مەرگی خوا» یەکسان بە مەرگی بەها و بایەخ نییە .

پێدەچێت رەشبینیی فەلسەفی تا رادەیەك لە سەر ئەم مەرجە سەرەتاییە وەستاوە کە ئێمە دەتوانین باشتر و خراپتر بەبێ رووگە و روانگە بەراورد بکەین و تا رادەیەك لە سەر ئەم وێنا گیرساوە کە بەراوردکردنی بوون و نەبوونی تاك لە روانگەی تاك خۆیەوە ئیمکانی هەیە و تا رادەیەك لە سەر ئەم گریمانە کە بەختەوەری تاکە بایەخی کۆتاییە. بەڵام لە نێو ئەم پێش گریمانەدا پێشگریمانی سێهەم نەسەلمێندراوە. گەش دیارە دوو پێشگریمانی سەرەتاییش درۆن. گەشبینیی فەلسەفیی راسێل زیاتر لە سەر تەوەری فامی عورفیدایە تاکو فەلسەفی، بەڵام برێك لە راسپاردە و ئامۆژگارییەکانی بۆ خەڵکانی بەدبەخت گەلێك بە نرخن

ئەنجام، مەعقوولە ژیان خۆی، چ هاورێی بەختەوەری بێت و چ وا نەبێ، بە خاوەن بەها دێتە ئەژمار، لە راستیدا زۆربەی خەڵك بەزۆری بەم چەشنە دەڕواننە ژیانی خۆیان.



## پەراوێزەکان

١- *The Brothers Karamazov*
٢- Dostoievsky
٣- *Tractanus Logico-philosophicus*
٤- Schubert
٥- Smerdyakov
٦- Judas
٧- Philosophical pessimist
٨- *The World as Will and Rpresetation*
٩- Optimism
١٠- *The Conquest of Happiness*
١١- King Solomon
١٢- Philippa Foot
١٣- Euthanasia
١٤- DownÑs Syndrome
١٥- Beethoven

## بەشی بیست و پێنجەم:

## کاریگەریی فەلسەفە لە سەر ژیان

ئایا فەلسەفە لەگەڵ پرسەکانی ژیانی راستەقینەدا پێوەندی هەیە؟ بەڵێ، لەسەر دەستی فەلسەفە بە شێوەی جۆراوجۆر تەمومژی پرس و بابەتەکان دەتەنێتەوە، کە تاك بەرەو رووی هەڵبژاردەنەکانی ژیانی راستەقینە دەبێتەوە، لادانی لێلایی و تەمومژ بەسوودە. فەلسەفە ئەندێشە ئاڵۆزەکان رێکوپێك دەکات و تیشك خستنە سەر هزر و ئەندێشە ئاڵۆزەکان زیاتر پێشەکیی پێویست بۆ دەرکردنی بڕیاری وشیارانە و عاقڵانەیە.

فەلسەفە خۆی بۆ لێکدانەوەی روونکردنەوەی مومکین لەمەڕ گەلێك بابەتی دەرهەست تەرخاندەکات، وەکو بەڵگاندنی راست و ناڕاست، دادوەری و دەستوور و مانا و بەها و بایەخ. مرۆڤ وێڕای دەرکێکی باشتر لەم چەمکە دەرهەستانە دەتوانێ ئاستی زانست و ئاوەزی خۆی لە ژیان و دەرفەتەکان بەرز بکاتەوە.

فەلسەفە وەکیتر، پرسیارە دێرینە لە بیرکراوەکان دێنێتەوە بەرکار و پرسیاری نوێ کە پێشتر گەلاڵە نەکراون دەورووژێنێ. ناکرێ پێش لەبەر چاوگرتنی پرسیارەکان، پێوەندیی یان بێ‌پێوەندیی ئەو پرسیارە دێرینانەی لە بیرکراون لەگەڵ ژیان و پرسیاری نوێ سەبارەت بە ئەوان، دیارییبکرێت.

### روانگەی بەرفرە و بەرتەسك لەسەر فەلسەفە:

فەیلەسووفان لەچەند بڕگە و خولی مێژوودا روانگەیەکی بەرفراوانیان لەمەڕ بابەتی توێژینەوەکەیان گرتۆتە بەر و هەندێجاریش روانگەیەکی بەرتەسکیان هەڵبژاردووە. لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، فەیلەسووفان بە گشتی



روانگەیەکی بەرتەسك و ئاستەنگیان بۆ بابەتی توێژینەوەکەیان گرتۆتە بەر و بەو شێوەی باوە پێدەچێت تیۆرییە پۆزیتیڤیستییەکانی بازنەی ڤیەننا [١] مێتۆدەکانی ئانالیزی زمانیی [٢] و یان وەك دەڵێن «فەلسەفەی ئاکسفۆرد» [٣] هەر دووویان، روانگەیەکی بەرتەسکیان پێشنیار و پەسەند کردووە. رەنگە ئەم بابەتە تا رادەیەك هۆکردی گەشە و پێشڤەچوونی زانست بێت لە سەدەی بیستەمدا کە لەوانەیە بەری هەستی نەناسراوی هەڕەشەی عەقڵانیی لە سووچە شاراوەکانی دڵی چەند فەیلەسووفێکی بەتوانا و زانا بووبێت.

جارجارە دەربڕینی ناڕەزایی لە روانگە ئاستەنگ و بەرتەسکەکان سەبارەت بە فەلسەفە حاشاهەڵنەگرە. ساڵی **١٩٥٩** ناڕەزاییەکی بەرچاو و بەتەوژم لەمەڕ روانگەی بەرتەسك لە کتێبی نەرێنی و رووخێنەر، بەڵام زیاتر سەرقاڵکەری ئێدنەست گێلنەر (٤) بە نێوی **وشەکان و کەرەسەکان** (٥) دەرکەوتووە. گێلنەر بانگەوازی دەکرد کە فەیلەسووفانی بە توانای ئاکسفۆرد و شوێنەکانی دیکە هەرگیز بابەتی توێژینەوەکانیان وەکو شتێك لە قەڵەم نەداوە کە لە بنەڕەتدا چ پێوەندییەکی چ بە پرسیارە سەرەکییەکانی مێتافیزیك و چ بە پرسیارە راستەقینەکانی ژیان لەبارەی ئەخلاق و سیاسەتەوە نییە. بە بڕوای گێلنەر ئەم مامۆستایانەی زانکۆ، واتە ئەم وەك دەڵێن فەیلەسووفانە، هەموو هەوڵی خۆیان بۆ لێکدانەوەی بێکۆتایی پرسەکانی « زمانی ئاسایی » خستۆتەگەڕ کە لە بنەڕەتدا سەرنجڕاکێش نییە.

### فەلسەفەی کردارەکی:

دیارە رەخنەکانی گێلنەر لەو سەروبەندەدا بە گوێی کەسدا نەچوو، بەڵام فەیلەسووفانی راڤەکار بەم دواییانە روویان کردۆتە پرسیاری «گرینگی»

میتافیزیکی و ئەورۆکە کەم نین ئەو کەسانەی بیر لە پرسە واقیعییەکانی ژیان دەکەنەوە و ﴿ رامانەکانیان﴾ دێتە نووسین.

پیتەر سینگەر [٦]ی ئۆسترالیایی دەھەی ١٩٧٠ بەرھەمێکی لە ژێر نێوی ئازادیی ئاژەڵ [٧] بڵاو کردەوە و باسی لە بەرگریکردن لە مافەکانی ئاژەڵ کرد. رەنگە ئەمە یەکەم کتێبی فەلسەفی بێت لە مێژووی جیھاندا کە چەندین وێنەی کوشتارگاکان و ژمارەیەك دەستووری لێنانی چێشتی(بێ گۆشت) ی لە خۆ گرتبوو. ئەم کتێبە ژمارەیەك لە خوێنەرەکانی خۆی کرد بە گیاخۆر. دیکەی فەیلەسووفان کە لەسەر فەلسەفەی دەنووسن جی. ئەی. ئێم، ئانسکام (سەبارەت بە بەرگرتن بە منداڵبوون)، سیسلا باك [٨]

(سەبارەت بە درۆکردن و رازداریی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیدا) ، ستیڤن کلارك[٩] (لەمەڕ مافی ئاژەڵان) فیلیپا فووت (لەمەڕ قەتڵی بەزەییانە) ، جوودیس جارویز تامسۆن [١٠] (لەمەڕ لەبار بردنی منداڵ) ، ماری میدلی (سەبارەت بە ئاژەڵان، شەڕ، فێمێنیزم و تیۆریی گۆڕان) ، راجیر سکرۆتێن (لەمەڕ سیاسەتی کۆنسێرچاتیچ و رەفتاری جنسی)، ئامارتیاسین [١١] (لەمەڕ فەلسەفە و زانستی ئابووری) و بێرنارد و یلیامز [١٢] (لەسەر پۆرنۆگرافی). ھەروەھا بڵاچۆك و گۆڤاری فەلسەفیی زانستیی نوێ چاپکراون کە دەپەرژێنە سەر پرسە راستەقینەکانی ژیان؛ لەوانە گۆڤاری ئەمریکیی فەلسەفە و پرسە کۆمەڵایەتییەکان[١٣]. دەھەی ١٩٨٠ «ئەنجوومەنی ئینگلیزیی فەلسەفەی کردارەکی» وێڕای گۆڤارە زانستییەکەی خۆی، واتە گۆڤاری فەلسەفەی کردارەکی (١٤) دامەزرا و دەستی بەکار کرد.

### فەلسەفە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا:

ھەندێ جار فەیلەسووفان دەکەونە کەڵکەڵەوە تاکو چەند کۆمەڵەیەك بۆ یاسادانەران دەستەبەر بکەن، بەڵکو لە رێکوپێککردن و داڕشتنی رێگا و



رێساکانی تایبەت بە ھەرێمی بابەتە ئەخلاقییەکان سوودی لێببینن. ناکرێ بانگەشە بکرێ کە بەشداریکردنی فەلسەفی ھەمووکات بەشدارییەکی راستەوخۆ بووە؛ چونکە فەیلەسووفان ھیچ کات بەتاڵ لە لێڵی و تەم نین، جاروبار خاوەنی پێشداوەرییە کۆمەڵایەتی و روانگە دەروونناسییەکان بە تایبەت روانگە گومانکارە فەلسەفییەکانن کە دەکرێ بە ناوکۆی فامی عورفی لێیان بگەین. ھێشتا زۆربەی ھزری سەدەی بیستەم کاریگەریی ھیومی پێوە دیارە و کەم نین فەیلەسووفانی ھاوچەرخ کە وشیارانە یان ناوشیارانە گومانکاریی ھیوم لەمەڕ ھۆیەکییان پەسەن کردووە (بڕوانن بەشی [١٧] کە ئەم فەیلەسووفانە بەرەوڕووی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەبنەوە دەکەونە شەلەشەل. ئەوان بانگەشە دەکەن کە کەس نازانێ ئایا (بۆ نموونە) پڕوپاگەندەکانی کەسی رەگەزپەرەست یان تاکی قایل بە ھەڵاواردنی جنسی، ئاسەواری خراپی لێدەکەوێتەوە یان نا؛ چونکە(ئەوان بە بێدەنگ گریمان دەکەن) کەس بەڕاستی نازانێ ئاخۆ شتێ بە راستی دەبێتە ھۆی شتێکی دی یان نا.

گرینگتر ئەوەیکە زیاتر لەسەر ئەم شێوازە بوو، کە کۆمەڵانی دامەزراو لەسەردەستی حکوومەت لە پێداچوونەوەی بابەتە ئەخلاقییەکاندا بەرەوڕووی ئەرك و پرسیاری مەحاڵ دەبنەوە. بۆ نموونە لەوانەیە بە کردەوە داوایان لێبکرێت دواھاتەکانی پێداچوونەوەی ئەو بەشانەی یاسا کە باس لەپڕەنسیپە ئەخلاقییە کۆنەکان دەکات، پێشبینی بکەن یان رەنگە چاوەڕوانییان لێبکرێت بۆ ھەڵگرتن و لابردنی حەرامە ھەرە گرینگەکان بەڵگە بێننەوە. فەیلەسووفان بە پێی پێویست بۆ ھەڵسەنگاندنی ئەنجامی کردەوەیی (بۆ نموونە ئەنجامە کردەوەییەکانی لابردنی یا ساخبوونی پۆرنۆگرافیی چروپر) شیاوتر نین. ھەروەھا لە دەرکردنی حوکمی دیاریکردنی حەرامە بنچینەییەکان لە ھیچ کەسی دی باشترنابن.

فەیلەسووفان سەرەڕای ئەم خاڵە لاوازە ناوبراوانە، دەتوانن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا سەرچاوەی خێر بن. فەلسەفەی « کۆمەڵایەتی » کاتێ کە بتوانێ لە هەندێ پڕەنسیپی تەوەرەییەوە دەستپێبکات کە کەم تا زۆر لە لایەن هەر کۆمەڵگایەکی بە ژیارەوە پەسەند کراوە — بۆ نموونە پڕەنسیپەکانی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ — خاوەنی باشترین دۆخە، ئەگەر تاقمێك لەم پڕەنسیپە بنەڕەتییانە لە سەرەتاوە پەسەند بکرێ، یانە یاخود لیژنەیەك کە روانگەی فەیلەسووفانەیان هەیە دەتوانێ گرینگی هەریەك لەو چەمکانە و پێوەندییان لەگەڵ پرسی باسکراودا دەسنیشان بکات، هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە بتوانێ بۆ بە دەستەوەدانی ڕێگا کردەوەییەکان بە مەبەستی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی خۆی کار بکات.

نموونەیەکی باش بریتییە لە **دارشتی ڕێوشوێنی سەرەتایی وتارێك سەبارەت بەڕێککەوتنی وشیارانەی ساڵی ١٩٨٩** کە لە لایەن گرووپی توێژینەوەی ئەنجوومەنی تەندروستی زێلاندی نوێ[١٥] بڵاو کرایەوە. ئەم وتارە نموونەیەکە لە ژیانی راستەقینە لەسەر ئەوەی کە چۆناوچۆن دەکرێ لەو بڕیارە کۆمەڵایەتییانەی کاریگەریی بەهێز لەسەر خەڵك دادەنێن بە شێوەی سوودمەند کەڵك لە فەلسەفە وەربگیرێت کە لە درێژەدا باسیدەکەین. ئەم گرووپی توێژینەوە پێکهاتبوون لە پزیشك، نێرس و مافزان و ژمارەیەك کەسی ئاسایی و ناشارەزا لە نێوان نەخۆش و کۆمەڵە خۆجێییەکانی زێلاندی نوێ. یەك لە ئەندامانی ئەم گرووپە فەیلەسووفێکی زانستگایی خانەنشین بوو کە بەدەر لە زێلاندی نوێ چ ناووبانگێکی نەبوو، بەڵام هێندەش بێکەڵك نەبوو. گەڵاڵەی سەرەتایی وتارەکە بە ئاسایی و ناوشیارنە لە راڤە و لادانی تەمومژی فەلسەفییەوە دەستپێکرا بوو و بە ڕێگای کردەوەیی و کەرەسەکان دەگەیشتە کۆتایی و دیسان دەگەڕایەوە. ئەم گەڵاڵە چوار پانتایی توێژینەوەی مەزنی دەگرتەوە:



١- وتاری یەکەم بۆ لێکدانەوەی ئەوەی کە بۆچی ئەم بابەتە گرینگی هەیە دەڵێ:

**ڕێککەوتنی وشیارانە پرسێکی ئەخلاقی و یاسایەکی بنەڕەتییە، ئەم ڕێککەوتنە سەربەخۆیی تاکەکان، مافی تاکەکان بۆ بڕیاردان لەمەڕ ئەو کار و کردانەی کاریگەرییان لە سەر دادەنێ، بە شێوەیەك کە هاوڕووگەی مەبەست و بەها تایبەتەکانی ئەوان بێت، مافی ئەوان بۆ ئازادی و پارێزراو بوون لە دەستێوەردانی بێجێگەی دیتران، دەگرێتەوە.**

**داکۆکییە نوێکان لە سەر ڕێککەوتنی وشیارانەی نامەی ١٩٤٧ ی نۆرمبێرگ [١٦] کە خۆی ئەنجامی دادگاییکردنی نازییەکان بوو پاش شەڕی دووهەمی جیهانی و ڕێککەوتنی ١٩٤٦ی هێلینسکی [١٧] کەوتەڕوو. ئەمانە راشکاوانە پێویستیی وەرگرتنی هاودەنگیی تاك بۆ بەشداریکردن لە توێژینەوەی دەرمانی و نادەرمانییەکانیان بەڕەسمی دانا ...**

**پڕەنسیپی بنەمایی ئەمەیە کە دەبێ کەسایەتی، گشتێتیی بوونیی تاك بەرامبەر بە بەرەورووبوونەوە یاخود لاقەبردنی نایاسایی پارێزراو بێت.**

٢- وتارەکە پاش دیاریکردنی تەوەر و پڕەنسیپە بنەماییەکان، دەپەرژێتە سەر پێڕست و لیستبەندنی و پلەبەندی کردنی ئەو ڕێگە و ڕێبازانەی بە پێی ئەوان ڕێککەوتنی وشیارانە دەبێتە هۆی زۆر بوونی کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی خەڵك بە سەر ژیانیاندا. وێڕای ڕێککەوتنی وشیارانە متمانە و باوەڕی نێوان پیشەی پزیشکی و مشتەرییەکانی بەرز دەبێتەوە؛ خەڵك لە پشکنینی پزیشکی نازەروور و بۆنە پزیشکییە زیادییەکان رزگار دەکات؛ بە بەرز کردنەوەی ئیمکانی ئەوەی کە نەخۆشەکان لە رووی ئیرادە و بەشدارییی پڕاوپڕەوە لە چارەسەرکردنی ﴿نەخۆشییەکەی خۆیان﴾ کاریگەری دادەنێن و گەرەنتی ئەوە دەکات کە نەخۆشەکە بە فرت و فێڵ ناچار نەکراوە بەشداریی لە پرۆژە

تاقیگەییە پڕخەرجە بازرگانییەکاندا بکات. ڕێککەوتنی وشیارانە، هەروەها گەرەنتی دەکات کە بەها و بایەخی پسپۆڕەکانی بواری تەندروستی دەمێنێتەوە و هاوتەریب خواستی نەخۆشەکان و بەهاکانی سەرجەم کۆمەڵگا، لەوانە؛ بەها و بایەخەکانی کەمینەکان دەمێنێتەوە؛ ئەنجام ئەگەر هەڵەیەك ڕوو بدات، ڕێککەوتنی وشیارانە پسپۆڕە پزیشکەکان دەپارێزێ.

٣- گەڵاڵەی سەرەتایی وتارەکە پاشان دەست دەداتە لێکدانەوە و راڤەی ژمارەیەکی زۆری دەنگ و بیروڕا لاوەکییەکانی پێوەندیدار لەگەڵ بابەتەکە. لە کۆتایی ئەم کارەدا یارمەتی لە فەلسەفە وەردەگریَ بۆ زیادکردنی وشیاری لەمەڕ بابەتە کردەوەییە بە بایەخەکان. ڕەنگە ئەو بیروڕا و دەنگانەی لێرەدا باسکران کەسەرهێنەر دیار بێت. بەڵام ئەگەر لە بەردەم وشیاریدا پێشکەش نەکرێن و تیشك نەخرێتە سەریان، بۆیان نییە پرەنسیپە سەرەکییە پەسەنکراوەکان ئیجرا بکەن. ئەم چەمکە گرینگ و پێوەندیدارانە بریتین لە: ڕێککەوتنی ڕاشکاو، ڕێککەوتنی کۆنکرێتی، ڕێککەوتنی گشتی، ڕێککەوتنی تایبەتی، ڕێککەوتنی نووسراوەیی، ڕێککەوتنی بگۆیی؛ دۆخی فریاگوزاری؛ مەترسی، پڕمەترسی، ئاسەواری لاوەکی، لێهاتوویی (واتە لێهاتوویی بڕیاردان) بەرپرسیارێتی، زانیاری، جیاوازی زمانی و جیاوازیی کۆلتووری.

٤- لە کۆتاییدا ئەم وتارە ڕێگا و کەرەسە پێویستەکان بۆ بەڕێوەبردنی دەستکەوتەکانی تاوتوێ دەکات. وەڵامی ئەم چەشنە پرسیارانە دەداتەوە کە چۆناوچۆن لە کردەوەدا بەراستی دڵنیا بین، نەخۆشەکان (واتە ئەو کەسانەی لە ڕووی زمان، تەمەن، وشیاری و هتد لەیەك ناچن) هەموو کات وشیاریی ڕاستیان لەمەڕ چارەسەرەکان، ئاسەوارە دووهەمینەکان و مەترسییە شیمانەکراوەکان، لایە، لەم بەشەی وتارەکەدا ڕوون دەبێتەوە کە گرووپی



توێژینەوە کە سووڕانەوەیەکی زەینیی کردەوەیی و بێفیزیان بووە کە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە زیرەکانەیە.

**کاریگەرییەکانی فەلسەفە:**

سەرەتای بەشەکە بەم پرسیارەوە دەستپێکرابوو کە ئایا فەلسەفە دەتوانیَ پێوەندیی بە ژیانی ڕاستەقینەوە هەبێت: چەند وەڵام بەم پرسیارە درایەوە. سەرەتا بە دەربڕینی گشتی و پاشان لە قاڵبی ئەو نموونانەی ڕێگاکانی بەکارهێنانی فەلسەفە لە پرسەکانی ژیانی ڕاستەقینەدا دەسنیشان دەکەن، بەڵام کاریگەریی فەلسەفە لەسەر ژیان شتێکی تازە نییە. بیروڕای فەلسەفی بە زۆری کاریگەریی درێژماوەی قووڵی لەسەر کۆمەڵگا مرۆییەکان نواندووە، چ کۆمەڵگاکان ئاگایان لێی بووبێت و چ لێی بێئاگا بووبێتن. کاریگەریی فەلسەفە هەندێجار باش و دڵخواز و بێگومان جارجارەش نادڵخوازە. بەڵام ئەمە پرسێکی ترە.

**چەند نموونەی سەردەمە دێرینەکان:**

هەرچەند ئەم بابەتە چەندین جار وتراوە، بەڵام دووپاتکردنەوەی بێسوود نییە کە تێکڕای ژیاری ڕۆژئاوایی لە سەر ئەخلاقییاتی عیبرانیانی (١٨)کۆن و زانست و مێتافیزیکی یوونانییە کەونینەکان وەستاوە.

نە نووسەران و زانایانی ئۆورشەلیم [١٩] کە « دە فرمان » و ئەدەبی ئامۆژەیی گەلی عێبرییان کۆ کردەوە و تۆماریان کرد، فەیلەسووفی رووت بوون و نە عیسای ناسری [٢٠]. ئەم مامۆستا مەزنانە شتێکیان دەوتەوە زیاد لە فەلسەفە. (هۆیەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەو ڕۆژانەدا هیچ کەس خواناسی لە فەلسەفە، یان ئەخلاقی لە مێتافیزیك جیا نەدەکردەوە. بەم حاڵەوەش گرینگیی ئەم خاڵە کەم تا زۆر کاڵە) .

ناکریَ لە بنەڕەتدا دوودڵی و گومان لە کاریگەریی بەربڵاوی یاسا ئەخلاقییە بنەماییەکانی بەڵێنی کۆن [٢١] بوونی بێت، هەروەها بڕشتی بەرچاوی کەسایەتی

و ئامۆژگارییەکانی عیسا کە ئەو یاسا ئەخلاقییانەی زیاتر لە شێوازی چیرۆکدا شرۆڤە دەکرد و لێکیدەدایەوە گومان هەڵناگرێت. ئامۆژە یەهوودی و مەسیحییەکان کە زیاتر رەنگی فەلسەفی پێوە دیارە، کۆڵەکەکانی یاسا نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان و بە گشتی رامانی ئەخلاقیی ژیاری رۆژئاوایی پێکدێنن. ئەوەی کە خەڵك و حکوومەتەکانیان زۆربەی کات لەم پێوەرانە لادەدەن بەومانا نییە کە راستیی ئەم پێوەرانە خۆیان لە رووی تیۆرییەوە پەسەندنەکراوە.

بەڵام سەبارەت بە یونانییەکان، بە گشتی دان بەوەدا دەنێن کە فەلسەفە و زانستی یۆنان دامەزرێنەری «مێتۆدناسیی عەقڵی»ییە کەنەك تەنیا لە فەلسەفە و زانستدا، بەڵکو لە زۆربەی زۆری لقە توێژینەوەییەکانی دیکەدا دێتە کردەوە.

یونانییەکان یەکەمین و لە هەندێ رووەوە بنەڕەتیترین بیروباوەڕ و وێناکانی ئێمەیان پێکهێناوە؛ واتە چۆن سیستەمی فەلسەفی ساز بکەین چۆن دەستبەکاری توێژینەوە لەمەڕ سروشت و کۆمەڵگا بین، چۆن زانست دامەزرێنین، بە کورتی چۆن بیربکەینەوە.

لێرەدا بۆمان هەیە زیاد لە هەر کەسێکی دی لەسەر ئەرەستوو قسە بکەین؛ لە بەر ئەوەی بە دڵنیاییەوە ئەو کاریگەرترین مامۆستای پسپۆڕی فەلسەفەیە لە مێژوودا. ئەو وەکیتر یەکێکە لە بەبڕشتترین بیریارانی جیهان تا هەنووکەش، بە دەستەوەدانی شتێك چەشنی روانینی گشتی و راگوزاریی لەمەڕ بیروباوەڕەکانی ئەرەستوو بە هۆی فراوانی و فرەڕەنگیی بابەتەکان نامومکینە بەڵام رەنگە بتوانین وێنەیەکی ئەم بەرفراوانی و فرەچەشنییە ئاراستەبکەین. وەکچۆن پێشتر بینیمان، ئەرەستوو نەك هەر رێساکانی لۆژیکی رێکوپێك کرد و نووسییەوە، بەڵکو گەلێك بەرهەمی مەزنی لەسەر مێتافیزیك، ئەخلاق و فازگەلێکی زۆر لەوانە کە ئەمڕۆکە بە نێوی زانست دەیانناسین، بۆ نموونە



میکانیك [٢٢] بیۆلۆژی [٢٣] و دەروونناسیی هێنایە نووسین و چەندین نامیلکەی گرینگی لەمەڕ سیاسیەت، ئایین و ئەدەب نووسی.

سەدەی سیانزەهەم تۆماس ئەکویناس[٢٤] دەستی دایە ﴿بەراوردکردنی﴾ دەقاودەقی بەرهەمە ونبووە تازە دۆزراوەکانی ئەرەستوو لەگەڵ خواناسیی کڵێسەی مەسیحی ﴿هەر لەسەر ئەم کارەش﴾ بەرپرسانی کڵێسەی ئەو کاتی گەیاندە قەناعەت و بەم چەشنە ئەرەستووگەرایی[٢٥] بوو بە فەلسەفەی رەسمیی مەسیحییەت. هەر بۆیە کاریگەری و رەنگدانەوەی بیروڕاکانی ئەرەستوو لەسەر باوەڕ و ئایدیۆلۆژییەکانی ئەوروپا تا ئەوڕۆکەش بەردەوامە.

**جان ستوارت میل:**

ئەو کەسانەی لە وڵاتانی ئینگلیزی بەرگری لە پرەنسیپەکانی ئازادیی چاپەمەنی و ئازادیی رادەربڕین دەکەن، درەنگ یان زوو بە بیروڕای جان ستورات میل ئاماژە دەکەن. فێمێنیستەکانیش ژمارەیەك لە باشترین هۆکارەکانیان قەرزداری میل و هەریتی هاوسەرییەن.

**پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی:**

ساڵی ١٩٢٠ بازنەی ڤیەننا یاخۆد پۆزیتیڤیزمی لۆژیکیی وەکو چالاکییەکی لەبەرتر لە هەموو چالاکییە مرۆییەکانی دیکە بەرگری و لایەنگری لە زانست کرد. دەوڵەتانی هاوچەرخیش لایان وایە کە زانست دەوری گرینگ و هەرە کاریگەر لە ژیانی نوێدا دەبینێت، نەك تەنیا بەو هۆوە کە وێنای دەکرێ سامانی زۆر دێنێتە بەر، پۆزیتیڤیزم لایەنگرانی پسپۆڕ و دەوڵەتیی «ئایدیالی زانستی» دەگەیەنێتە پلەیەکی وەهای تێبینیی تیۆریك لەمەڕ هەڵویستی خۆیان کە هەندێجار گێڕانەوەی چەواشەکراو یان چەواشەنەکراوی پرەنسیپە پۆزیتیڤیستییەکان لە باس و مشتومرە گشتییەکانی پێوەندیدار لەگەڵ زانست و دیاریکردنی بودجەی زانست بەرگوێ دەکەوێت.

## لۆژیك و پیشەسازیی كۆمپیوتەر:

ئەو خوێنەرانەی كۆمپیۆتەر دەزانن رەنگە بەشی ٢٢ ی ئەم كتێبە زۆر بە ئاشنا و ئاسایی بێتە پێش چاویان. هۆكارەكەی ئەمەیە كە ژمارەیەك لە داهێنەرانی كۆمپیۆتەر بیركاریزان بوون و سەرقاڵی خوێندنەوەی لۆژیكی شێوەی نوێ بوون. سیستەمی دووانەیی كۆمپیۆتەر لە راستیدا هەمان سیستەمی دووانەیی «« راست / هەڵە »» یە كە كاركردەكەیمان لە هێڵكارییە بایەخییەكانی لۆژیكی (محمول) بینی. پێشەسازیی مەزنی كۆمپیوتەر بە هۆی بیروڕای بیركاریزانان و ئەندازیاران و فەیلەسووفانەوە دەرفەتی سەر هەڵدانی رەخساوە.

ئاخۆ فەلسەفە لەسەر ژیانی راستەقینە كاریگەری دادەنێت؟ بە دڵنیاییەوە بەڵێ. یەكێك لەو هۆكارانەی كە بۆ چی فەلسەفە شیاوی خوێندنەوە و فێر بوونە، هەر ئەمەیە.



### پەراوێزەكان

١- Viennese positivism
٢- Linguistic analysis
٣- Oxford philosophy
٤- Ernest Gellner
٥- *Words and Things*
٦- Peter Singer
٧- *Animal Liberation*
٨- Sisela Bok
٩- Stephen Clark
١٠- Judith Jarvis Thompson
١١- Amartya Sen
١٢- Bernard Williams
١٣- *Philosophy and Public Affairs*
١٤- *The Journal of Applied Philosophy*
١٥- New Zealand
١٦- Nuremberg
١٧- Helsinki
١٨- Hebrews
١٩- Jerusalem
٢٠- Jesus of Nazareth
٢١- *Old Testament*
٢٢- Mechanics
٢٣- Biology
٢٤- Thomas Aquinas
٢٥- Aristotelianism
٢٦- Harriet

# پاشکۆکان

١- فەیلەسووفە مەزنەکان
٢- فەیلەسووفانی سەدەی بیستەم
٣- کۆمەڵێك فەیلەسووفی بەناوبانگی هاوچەرخ

## پاشکۆی (١)

## فەیلەسووفە مەزنەکان

### سوقرات و ئەفلاتوون:

سوقرات ساڵی ٤٦٩ (پ. ز) لە ئاتێن لە دایك بووە و ساڵی **٣٩٩** (پ. ز) دەرمانخوارد کرا. سوقرات هیچ نووسراوەیەکی لێ بەجێنەماوە و سەرچاوەی ژیان، وانەکان و کەسایەتی ئەو تا رادەیەك بە هۆی نووسینەکانی قوتابییەکەی واتە ئەفلاتوونەوە گەیشتۆتە دەستمان.

ئەفلاتوون(٤٢٧ — ٣٤٧ پ. ز.) نزیکەی سی و پێنج بەرهەمی فەلسەفی لە قەبارەی جۆروجۆردا نووسیوەتەوە کە هەموویان بە شێوەی دیالوگە. لە زۆربەی وتوووێژەکانی ئەفلاتووندا، سوقرات پاڵەوانی چیرۆکەکانیەتی. ئەو سوقرات بە کەسایەتییەکی لە باری جەستییەوە ناشیرین، بەڵام خوێنشیرین و جێگەی رێزلێنان، بوێر، بێ‌هەوا و فیز، ژیر، گاڵتەچی، گەشبین و لە باری عەقڵییەوە جێیمتمانە دەناسێنێ. بەگەشتی و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە وتوووێژە سەرەتاییەکانی ئەفلاتوون لە باری مێتۆد و ناوەڕۆکەوە تەواو کورت دەکرێنەوە بۆ فەلسەفاندنی تایبەتیی سوقرات، ئەو دیالۆگانە دەکەونە شوناس و ئەگەری مەعریفە، بە تایبەت ناسینی فەزیلەت و وەڵامدانەوەی پرسیاری تایبەت بە نەفس. زۆر کەس باوەڕیان وایە دیالۆگەکانی دوایی ئەفلاتوون دەربڕی بیروبۆچوونە فەلسەفییەکانن. تەوەرەکانی ئەم دیالۆگانە بریتین لە: ناسین، تێگەشتن، رێزمان، دژوازییەکان و هەرمان و وانە فەلسەفیەکانیتر. ئەفلاتوون تیۆرییەکی لە ژێر ناوی تیۆری «مۆسۆل» ئاراستە کردووە کە بۆ روونکردنەوەی



گەلێك شت و بابەت کەڵکی لێوەردەگرت، لەوانە ئەگەری ناسین، گرینگی و بایەخی « چاکە » و جیاوازیی نێوان هەندەکی و هەمەکی. دووان لە دیالۆگە درێژەکانی ئەفلاتوون — واتە **«کۆمار» و «یاساکان»** - کە باسی فەلسەفەی سیاسیە دەکات و دەستدەکا بە ستایش و وەسفی دەوڵەتە ئەرمانییەکەی. ئەفلاتوون لە نامیلکەی «کۆمار»دا بەڵگە دێنێتەوە کە هیچ کات حکوومەتی چاك و باش نایەتە سەرکار، لەبەر ئەوەی یان ئەبێ شاکان ببنە فەیلەسووف یان فەیلەسووفەکان ببن بە شا. سوقرات لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا بە تاوانی: «لاوانی ئاتێن گەندەڵ دەکات» دادگایی کرا. بەتاوانبار دەرکرا و بەمەرگ مەحکووم کرا. سوقرات دوورە پەرێزی دەکرد لەوەی کە لایەنگران و هەچاڵەکانی لە بەندیخانە رزگاری بکەن. دەستووری مەرگەکەی خواردنەوەی ژەهری شەوکەران بوو، ئەفلاتوون لەو کاتەدا بیستوشەش ساڵی تەمەن بوو، ئامادەی رێورەسمی مەرگی سوقرات نەبوو، ، بەڵام دواتر شەرحێکی دڵتەزێنی لە سەر ئەو رووداوە نووسی. دوای مەرگی سوقرات، ئەفلاتوون فێرگەیەکی لە ژێر ناوی «ئاکادیمیا» [١] لە ئاتێن دامەزراند و ئەرەستوو یەکێك لە قوتابیەکانی بوو.

### زێنۆنی ئیلیایی [٢]

زێنۆن پێنج سەدە پێش زایین ژیاوە و برێك مەتەڵی داهێناوە تا ئێستا جاروبار لە وانەکانی بیرکارییدا ئاماژەیان پێدەدرێت. بەناوبانگترین مەتەڵەکانی زێنون بریتین لە « ئاشیل [٣] و کیسەڵ» و «هاوێشتنی تیر لە هەوادا »

### زێنۆنی رەواقی [٤]

ئەم زێنۆنەی دوایی (٣٤٢ — ٢٧٠ پ. ز.) گوتبووی مەبەستی وانەکانی جێبەجێکردنی ئاواتەکانی ئەم دونیایە، ئەگەر باشیش بێت، باش بوونی رێژەییە، هەروەها تاك تا ئەو ئاستەی بۆی دەکرێ ئەبێ ئاواتەکانی خۆی کەمبکاتەوە. ئەو لە تەمەنی حەفتاو دووساڵیدا خۆی کوشت.

**ئەرستوو**

ئەرستوو ساڵی (٣٨٤ پ. ز) لە شاری ستاگیرای [٥] سەر بە مەقدوونییە[٦] لە دایك بوو، باوکی پزیشکی کۆشکی شای مەقدوونییە بووە، ئەرستوو لە تەمەنی حەڤدە ساڵدا بەرەو ئاتێن بەڕێکەوت و بۆ ماوەی بیست ساڵ قوتابی و هاوکاری ئەفلاتوون بوو. کە ئەفلاتوون ساڵی ٣٤٧ ی پێش زایین کۆچی دوایی کرد، ئەرەستوو یەکێك لە سێ کەسی پاڵێوراوی بەر پرسیارێتی ئاکادیمیا بوو، بەڵام ئەویان بۆ ئەم پلە هەڵنەبژارد. پاڵێوراوی سەرکەوتوو ئێسپۆزیپۆس [٧] ی خوشکەزای ئەفلاتوون بوو. دواتر ئەرەستوو وێڕای چەند قوتابییەکی ئاتنیان بەجێهێشت و بۆ ماوەی چەند ساڵ لە ئاسیای بچووك(٨) و مەقدوونییە ژیانی بردە سەر و ماوەیەك مامۆستای تایبەتی ئەسکەندەری مەقدوونی[٩] بووە و لەو کاتەدا تەمەنی چل ساڵ بوو و ساڵی (٣٣٥ پ. ز) گەڕاوتەوە بۆ ئاتێن و قوتابخانەیەکی لە ژێر ناوی «لۆلیۆم » [١٠] دامەزراندووە. ساڵی (٣٢٣. پ. ز) شەڕ و ئالۆزیی دژ بە مەقدوونییەکان لە لایەن ئاتێنییەکان تەشەنەی سەند و بوختانیان دایە پاڵ ئەرەستوو. ئەو بە پێچەوانەی سوقڕات چاوەڕێی دادگایی نەبوو و دەستبەجێ شاری بە جێهێشت. ئەرەستوو لە تەمەنی شەست و دووساڵی لە ئووبوئیا [١١] کۆچی دوایی کرد. ئەرەستوو داهێنەری مەنتیق بوو. ئەو لەسەر بابەتگەلێك قسەی دەکرد کە دوایی بە شێوەی مێتافیزیك ئاکار و دەروونناسی داڕێژران، هەروەها باسی ئەو تەوەرانەی کردبوو کە دوایی بوون بە زانستی مێکانیك و بایۆلۆژیا و سیاسەت. ئەو لە « لووکیۆم » دا قوتابییەکانی هان دەدا زانیاری بۆ کۆ بکەنەوە. کەوابوو دەتوانین دان بەوەدا بنێین بیری ئەنجامی بەرنامەی توێژینەوەیی لە داهێنانەکانی ئەرەستوو بوو، بە هەزاران شرۆڤە و لێکۆڵینەوە لەمەڕ بۆچوونەکانی ئەرەستوو کراوە. لەوانە بەرهەمی چڕوپڕی کەسانێك وەکو ئیبن رۆشد [١٢] و ئیبن مەیموون و ئەکۆیناس (بڕوانن لاپەڕەکانی دادێ) نووسراوەتەوە. کلێسەی مەسیحیی چەند سەدە پاش مەرگی ئەرەستوو



بیروبۆچوونەکانی وەکو بنەمایەکی فەلسەفیی بۆ خۆی پەسەن کرد. هەروەها پاشان، واتە سەردەمی بزووتنەوەی چاکسازیی ئایینیی [١٣] بە هۆی هەر ئەم پێوەندییەوە کاردانەوەیەکی فەلسەفیی دژ بە ئەرستوو سەرهەڵدا. هەڵوێستی دژە ئەرەستوویی زۆری نەخایاند و کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم کاردانەوەی دژبە ئەرستوو زڕ بوو.

**ئۆقلیدۆس:**

ئۆقلیدۆس زانای بیرکاریی سەردەمی یونانییەکان بوو، دەوروبەری ساڵی«٣٠٠ پ. ز» لە ئەسکەندەرییە دەژیا. هەندەسەکەی کاریگەریی بەر چاوی لە سەر رامانی فەلسەفیی پێوەندیدار لەگەڵ مێتود دانا.

**سیسیرۆ:**

مارکۆزە تولیووس سیسیرۆ[١٤] (١٦٠- ٤٣پ. ز) ئەدیب و پیاوی دەوڵەتی رۆم بوو. ئەو وتار و نامیلکەی فەلسەفیی جۆراوجۆری دەنووسی. لەوانە و تارێك لەمەڕ سروشتی خواکان، ئەرکناسی و سەبارەت بە هاوڕێیەتی.

**ئاندرۆنیکۆس:**

ئاندرۆنیکۆسی رودزیایی فەیلەسوفێکی یۆنانی بوو، دەوروبەری ساڵی (٦٠. پ. ز) لە رۆم ژیاوە و بەرهەمەکانی ئەرەستووی کۆکردەوە و راستیکردنەوە.

**ئاگوستین:**

ئاگوستین فەیلەسووفی ئافریقایی «٣٥٤ » ساڵ دوای زایین لە ئەلجزیرەی [١٥] ئێستا لە دایك بوو و ساڵی «٤٣٠ د. ز » لە هیپۆی [١٦] ئافریقیا کۆچی دوایی کرد. قەشە ئاگوستین لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا ماڵی بەرەو شاری کارتاژ [١٧] بە جێهێشت و لەوێ نیشتەجێ بوو، پاشان لە رۆم و میلان [١٨] ؛ لە میلان سەرقاڵی توێژینەوەی **کتێبی پیرۆز** و بەرهەمەکانی ئەفلاتوون بوو. پاش چەندین ساڵ نیشتەجێبوون لە ئیتاڵیا [١٩] گەڕایەوە بەرەو ئەفریقیا. ئاگوستین

لەسەردەمانێکدا دەژیا ئیمپراتووریای رۆم لەسەر دەستی گەتەکان [٢١]، دەوونەکان[٢٢] و واندالەکان [٢٣] دارما و لە ناو چوو. کاتێ شاری رۆم لە لایەن گەتەکان تالاَن کرا، پێشبینی ئەوەی دەکرد کە رۆژێك ئیمپراتۆریای مەسیحیی نوێ «(شاری خوا)» لە جێگەی کفر و بیرعەتی هێرشەوە بەربەرەکان سەقامگیر دەبێ. لە راستیدا نووسراوەکانی ئەو بۆ پێکهێنانی ئایدیۆلۆژیای دەسەلاّتی مەسیحی کە تازە سەریهەلّدابوو یارمەتیدر بوو. بۆ ماوەی ٨٠٠ سالّ بیروراکانی ئاگوستین وەکو سەرچاوەی مەسیحییەکان لە قەلّەم دەدرا، تا ئەو کاتەی کە دیسان بەرهەمەکانی ئەرەستوو کەشف کران و بیرورای ئەو لە زانکۆی پاریس قەدەغەکرا، بەلاّم ئەکویناس توانی یەك خستنەوەیەك لە نێوان فەلسەفەی ئەرەستوو و خواناسی ئەکویناسدا بەدیبێنێ و ئەنجام گۆرانی بەرهەمەکانی ئەرەستووی بەدواوە بوو. سالّی (٤٣٠. پ. ز) واندالەکان شاری رەبپۆیان گەمارۆدا، ئاگوستین لەو ماوەیەدا کۆچی دوایی کرد.

**بوئیسووس (٤٧٥ — ٥٢٤):**

بوئیسووس [٢٤]ی فەیلەسووفی رۆمی، لە سەردەمێکدا ژیانی دەبردە سەر کە گاتەکان ئیمپراتۆریای رۆمیان بەرێوە دەبرد. ئەو کەوتە دژایەتی کردنی شای گاتەکان، شا بوئیسووسی کە بەند کرد و دواتر کوشتی. بوئیسووس بە ناوبانگترین بەرهەمی خۆی، واتە **ئۆقرەی فەلسەفەی** [٢٥] لە بەندیخانە نووسی. ئەو بەسەر زمانی یونانیدا زالبوو و زۆربەی بەرهەمەکانی ئەرەستووی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی لاتینیی.

**ئانسێلم:**

قیددیس ئانسێلمی (١٠٣٣-١١٠٩) لە پایدمۆنت [٢٦] لە دایك بووە و لە سەردەمی دەسەلاّتداریی ولیام بۆر و هێنریی یەکەم بوو بە سەرۆك قەشەی کانتر بۆری — مێژوو نووسەکان بە هۆی بەربەرەکانێ لەگەلّ پاشاکان دەیناسن و



فەیلەسووفەکان بە هۆی ئاراستەکردنی بورهانی یەکانەگی بوون بۆ سەلماندنی بوونی خواوەند.

**ئابلار:**

پیتەر ئابلار(١٠٧٩ — ١١٤٢) لە خێزانێکی نەجیبزادەی بێرتن [٢٧] لە دایك بووە، رەنگە ئەورۆکە زیاتر لە بەر رووداوی ئەویندارانەی پڕ چەرمەسەریی لەگەلّ قوتابییەکەی خۆی واتە ئێلوئیز (٢٨)بناسرێت. ئابلار بەرهەمی لە سەر تەوەرەکانی خواناسی، مەنتیق، ئاکار و مێتافیزیك هەیە. ئەو لە ماوەی ژیانی خۆی وەکو یەکێك لە گەورەترین بیرمەندانی سەردەمی خۆی لە قەلّەم دەدرا. بەلاّم خواناسییەکەی لە لایەن کۆمەلێك لە نەیارەکانییەوە بەتایبەت قەشە بێرنارد کلرۆیی [٢٩]ی بناغە دانەری پەرەستگا و لایەنگری شەڕی خاچ پەرەستەکان مەحکووم کرا . ئابلار سالّی ١١٤٢ بۆ بەرگریکردنی خۆی دژ بەو تاوانەی کە دابوویانە پالّی چوو بۆ رۆم و ژانویەی هەمان سالّ مالّئاوایی لە ژیانکرد.

**ئیبن رۆشد:**

ئیبن رۆشد (١١٢٦ — ١١٩٨) لە قورتبە [٣٠] لە دایك بووە و کوڕی دادوەری ئەوێ بوو، دواتر خۆیشی لە قورتبە، سویل [٣١] و مۆرۆکۆ [٣٢] بوو بە سەرۆکی دادوەرەکان. ئیبن رۆشد تەفسیری لە سەر بەرهەمەکانی ئەرەستوو نووسی و قۆرئانی لە سەر بناغەی فەلسەفەی ئەرەستوو شرۆڤە کرد. فەلسەفەکەی کاریگەریی لە سەر گەشەکردنی خواناسی سەدەکانی ناوەڕاست دانا و، هەروەها بوو بە پردێك بۆ پێشڤەچوونی تازەگەری لە لایەن هەندێك لە موسلّمانەکانەوە.

**ئیبن مەیموون:**

ئیبن مەیموون (١١٣٥ — ١٢٠٤) لە ئیسپانیا [٣٣] لە دایك بووە و لە میسر [٣٤] کۆچی دوایی کردووە. ئیی. جەی هەکسێل [٣٥] نووسەری ژیاننامەی ئەو بووە و لە سەر بۆ چوونەکانی ئیبن مەیموون دەلّێ« ئیبن مەیموون ﴿وەکو ڕێبەری

کۆمەڵگای جووەکان﴾ پلە و پایەییێکی بەرزی بوو، ئەو یەکێك لە گەورەترین پزیشکەکانی سەردەمی خۆی بوو، وەکو گرینگترین لایەنگری شەریعەتی یەهوود لە هەزارەی دەسەڵاتداریی مەسیح، فەیلەسووفی سەردەم ساز. زانای هەڵکەوتووی بیرکاری، بیرمەند و یاساناس لە قەڵەم دەدرا. جەماوەر ستایشیان دەکرد، شازادەکان ڕێزیان لێدە گرت و زانەچانەکان بەرز دەیاننرخاند» ئیبن مەیموون تەفسیری لە سەر بەرهەمەکانی ئەرەستوو نووسی کە لەگەڵ تەفسیرەکانی ئیبن روشد لە ئەنجامدا بوونە مایەی تێکەڵاو بوون و یەککرتنەوەی ئامۆژەکانی ئەرەستوو لەگەڵ فەلسەفەی مەسیح، بە گشتی لەگەڵ فەلسەفەی خۆرئاوادا. کتێبی بە نێوبانگی ئەو، واتە دلالهالحائرین کە هێشتا پاش ٨٥٠ ساڵ جێگەی سەرنجی خوێنەرانیەتی. .

## ئەکویناس:

قەشە تۆماس ئەکویناس (١٢٢٥ — ١٢٧٤) لە خێزانێکی دەوڵەمەنی ئیتالیایی لە دایك بووە. باوکی ڕێگری بوو لەوەیکە بچێتە ریزی دەستەودایەرەی دومینیکەکان [٣٦]، بەڵام ئەو لە دوای ئەوەی کە براکانی بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کۆشکی خێزانیدا لە بەندیان کرد خۆی دەرباز کرد و هەڵهات بۆ فەرەنسە و لەوێ بوو بە مامۆستای فەلسەفە. لە بەرهەمە زۆرەکانی ئەو **کۆکراوەی خواناسییەکانە** کە بڕیار وابوو ببێتە سیستەمێکی تەواو لەمەڕ خواناسی. ئەم بەرهەمە هێشتا لە کڵێسای کاتۆلیکی ڕۆمدا سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ خواناسی لە قەڵەم دەدرێ.

## دانز سکاتز:

یوهانس دانز سکاتز [٣٧] (١٢٦٥ — ١٣٠٨) یان جان دانی ئیسکاتڵەندی [٣٨] قەشەی فرانسیسکنەکان [٣٩] بوو. ئەو لە ئاکسفۆرد خوێندبووی و دواتر هەر لەوێ وانەی فەلسەفەی وتۆتەوە. سکانز لە سەر بەرهەمەکانی ئەرەستوو و **کتێبی پیرۆز**، هەروەها لە سەر بەرهەمەکانی ئاکویناس کە دژکاری بیروبۆچوونەکانی بوو، تەفسیر و لێکدانەوەی نووسیووە.



## ویلیام ئۆکام:

ویلیام ئۆکام(١٣٠٠- ١٣٤٩) لە سووری[٤٠] لە دایك بووە، بەڵام چووەتە سەر ڕێبازی فرانسیسکن و قوتابیی ئاکسفۆرد و پاریس بووە. نێوانی لەگەڵ پاپ تێکچوو و پاپ ئۆکامی لە ئاینیۆن [٤١] بەندکرد، بەڵام خۆی رزگار کرد و بەرەو باواریا[٤٢] هەڵات و لەوێ لەلایەن پاشاوە ڕێز و حورمەتی لێگیرا. بانگەشەی ئۆکام ئەوە بوو کە حاکمەکانی ئەم دونیا هەڵبژێردراوی خودان بەبێ ئەوەی شەرعییەتیان لە لایەن پاپاوە دابین کرابێ. ئۆکام وتاری لە سەر مەنتیق، هەروەها تەفسیری لە سەر بیروبۆچوونەکانی ئەرەستوو نووسی. لە مەتەڵە بە ناو بانگەکەی ئەو لە ژێر ناوی «مەکینەی ئۆکام» [٤٣] دەڵێ:

« پێویست ناکا بێهۆ ژمارەی بوونەوەرەکان زێدەتر کەین».

## گرۆتیوس:

هۆگۆ گرۆتیوس (٤٤) (١٥٨٣ — ١٦٤٥) مافناس و عارفی ئاڵمانی بوو و کتێبێکی مەزنی لەمەڕ فەلسەفەی ماف بڵاوکردەوە لە ژێر ناوی « **دەربارەی یاسای شەڕ و ئاشتی** ».[٤٥] مەبەست لە «یاسا» ناوونیشانێکە دەلالەت دەکاتە سەر یاسای سروشتیی یان یاسای ئەخلاقیی، نە کە یاسای دەستکردی مرۆڤ. گرۆتیوس کاریگەریی لە سەر هەم هۆبز و هەم لاك داناوە.

## هۆبز:

تۆماس هۆبز (١٥٨٨ — ١٦٧٩) ی فەیلەسووفی بریتانی، ساڵی شەڕی گەلە گەمیەکانی ئیسپانیا لە دایك بوو. هۆبز بە درێژایی شەڕەکانی ناو خۆی بریتانای ژیانی بە سەر بردووە و ئەزموونی فەلسەفەی سیاسیی ئەو بە تەواوی لە ژێر کاریگەریی ئەو شەڕ و ململانێیە دایە. تیۆرەکانی هۆبز لەمەڕ دەسەڵات ئەم تێزە لەخۆ دەگرێ کە، ئەبێ پاشا یان هەر بەرپرسێکی دەوڵەتی، خاوەنی دەسەڵاتی تەواو و بێ ئەملاوئەولا بێ؛ لەو رووەوە کە بەش بەش بوونی دەسەڵات شەڕی ناوخۆی لێ هەڵدەگیرسێ. لە راستیدا بۆچوونەکانی هۆبز دژ بە بۆچوونی ئەو کەسانەیە

هاودەنگ بوون لەسەر دەستووری لە سێدارەدانی چارڵزی یەکەم. ئەو لە قۆناغە سەرەتاییەکانی تێکهەڵچوونی نێوان پاشا و پارلەمان (١٦٤٠) بەرەو پاریس هەڵات و بۆ ماوەی دوازدە ساڵ لە فەرەنسا نیشتەجێ بوو و دەرفەتێکی بۆ باس ومشتومڕ لەگەڵ دیکارت بۆ رەخسا. ماوەیەك مامۆستای چارڵزی دووهەم بوو، کە ئەویش شاربەدەر کرابوو، سەردەمی گەڕانەوەی پاشا، مووچەیان بۆ دابینکرد. گرینگترین بەرهەمی هۆبز *لۆیاثانە* کە ساڵی ١٦٥١ بڵاو بۆوە.

**دیکارت:**

«مێتۆدی گومانکاری» یان «گومانکاریی رێڕەوناسانە»ی رێنی دیکارت (١٥٩٦- ١٦٥٠) لە کتێبی « **رامانەکان لەمەڕ فەلسەفەی یەکەم**» [٤٦]ی ئاراستەکراوە، کاریگەریی قووڵی لە سەر هزری نوێ داناوە. دیکارت هەر لەو کتێبەدا، بەڵگەی جۆراوجۆری بۆ سەلماندنی بوونی خوا هێناوەتەوە، لەوانە؛ شرۆڤە و لێکدانەوەی تایبەتی ئەو لە بوڕهانی بوون (بڕوانن بەشی دووی ئەم کتێبە) . هەروەها دیکارت داهێنەری هەندەسەی دێکارتی بوو.

**جان لوك:**

جان لوك (١٦٣٢ — ١٧٠٤) فەیلەسووفی بریتانیی، بەشی زۆری ژیانی خۆی لە ئاکسفۆرد بردۆتە سەر. لاك بناغەدانەری ئەزموونخوازیی بریتانییە. فەلسەفەیەك کە پایە و بناغەکەی لە سەر ئەزموون داڕێژراوە. بەرای لاك زەین وەکو **لەوحێکی نەنووسراوە** [٤٧] یان لاپەڕەیەکی سپییە کە پێنووسی ئەزموون زانیارییەکانی لە سەر دەنووسێتەوە. کتێبەکەی لاك لە ژێر ناوی «**دوو نامیلکە لەمەڕ دەسەڵاتی مەدەنی**» لە سەر نووسەرەکانی یاسای بنەڕەتیی ئەمریکا کاریگەری دانا، بەڵام لەمەڕ ئەوەی ئایا خۆی لایەنگری بیروبۆچوونە دیمۆکراتییەکان بوو یان نا، لە نێوان توێژەرەکان بیر و ڕای جیاواز هەیە. کتێبیی سەرەکیی لاك «**توێژینەوەیەك لەسەر فامی ئینسانی**»یە.



**سپینوزا:**

سپینۆزا (١٦٣٢- ١٦٧٧) [٤٨] منداڵی بنەماڵەیەکی کۆچبەری جوولەکەی سپانیایی بوو و لە ئامێستردام لە دایك بوو. ئەو لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا لە لایەن کەنیسەوە بە تاوانی بێ باوەڕی تەکفیر کرا. لەبەر ئەوەی ئێجگار خۆی سەرقاڵی توێژینەوەی بە دەر لە ئایینی یەهوود، وەکو فەلەکناسی و زانستی وێنەکان کرد بوو. ئەو پیاوێکی مینۆکی و قانیع بوو کە لە رێگەی داتاشینی عەدەسە بۆ چاویلکە بژێوی خۆی دابین دەکرد. کتێبی «**ئاکار**»ی سپینۆزا بە پێی کتێبی «پڕەنسیپەکانی ئۆکلیدۆس» نووسراوە و چەشنی ئەو لە سەر «پڕەنسیپەکانی بابەتەیی» و بەرەچاوکردنی « رێساکان» دەسپێدەکا. نووسراوەکانی دیکەی ئەو بریتین لە شرۆڤەی هەندەسەی دیکارت و « **نامیلکەیەك لەمەڕ خوا و مرۆڤ** » [٥٠]

**لایبنیتز:**

گوتفرێد ویلهۆڵم لایبنیتز (١٦٤٦ — ١٧١٦) [٥١] کە باوکی لە لایبزیك [٥٢] مامۆستای فەلسەفە بوو یەکێك لەو کەسانە بوو لە سەرجەم بوارەکاندا لێزان و پسپۆڕ بوو. کارەکانی بریتین لە: دروسکردنی ماشێنی ژمێرە «چورتکە»، داڕشتنی پلان بۆ هێرش کردنە سەر میسر لە لایەن فەرەنسییەکان؛ « کە پاش١٠٠ ساڵ ناپلیۆن کەڵکی لێوەرگرت »، گەڵاڵەیەك بۆ ئاشتکردنەوەی کڵێسای کاتۆلیك و پڕوتستان، چەندین وتاری فەلسەفی نووسی. لایبنیتس هەم فەیلەسوف بوو هەم زانای بیرکاری، (وێنادەکرێ) پێش نیۆتن [٥٣] و بە تاقی تەنیا ژمێرەی دیفرانسیاڵی داهێنا بوو. چۆڵێتر لە چیرۆکی « کاندیدا » گاڵتەی بەم وتەی لایبنیتز کردووە کە گوایە « ئەم جیهانە باشترین و گونجاوترین جیهانە ».

**بارکلی:**

جۆرج بارکلی(١٦٨٥ – ١٧٥٣) [٥٤] قەشەیەکە لە کیلکمی [٥٥] لە دایك بووە، ئەندامی ئیرلەندیی [٥٦] ئەزموونخوازە بریتانییەکان بوو، دوو ئەندامی دیکەی بریتین لە: جانلاك و دەیچید هیومی ئیسکاتلەندی.

بارکلی لای وابوو جیهان لە رۆحەکان، واتە (خەڵك و خوا) و وێناکان پێکهاتووە، وێناکانی مرۆڤ تێپەڕ و بێسەقامە و وێناکانی خواوەند بەسەقام و رێکوپێکە. بارکلی ئامۆژەکانی خۆی لە چوارچێوەی ئەم شیعرەدا دەربڕیوە. Esse est percipi ، واتە « بوون » بریتییە لە هەستپێکردن. بەرهەمە سەرەکییە فەلسەفییەکانی بارکلی بریتین لە: تیۆری نوێی بینین [٥٧] پڕەنسیپەکانی سروشتی مرۆیی[٥٨] و سێ وتووێژی نێوان هیلاس و نیلۆفوس [٥٩].

**هیوم:**

دەیچید هیوم(١٧١١ – ١٧٧٦) ، چەند کتێبی لە سەر مێژووی بریتانیا بڵاوکردەوە و لایەنگریی لە پاشاکانی ستوارت کردووە، بەڵام بە گشتی وەکو فەیلەسووفێك ناوبانگی دەرکردووە. هیوم لە سەرەتای لاویدا سەرقاڵی دۆخی ماددی و سامانی خۆی بوو: سەرەتا بوو بە نوێنەری سیاسیی دواتر وەکو مامۆستای تایبەتی بەگزادەیەکی لاو وشێت، دواتر لە پێگەی کتێبدارێکدا کاروچالاکیی کردووە. هیوم پارەکانی خۆی کۆ دەکردەوە و پاشکەوتی کرد هەر بەم بۆنەوە، دەیتوانی بەشی زۆری ژیانی تەرخان بکات بۆ نووسین. هیوم روونکردنەوەی گومانکارانەی خۆی لەسەر شۆناسی هۆیەکی (بڕوانن بەشی ١٧) لە **«نامیلکەیەك دەربارەی سروشتی مرۆیی»** و دیسانەوە لە توێژینەوەی یەکەم لەتوێژینەوە سێ قۆڵییەکەی چڕوپڕ شیکردۆتەوە. هیوم لە کتێبی «وتووێژ لەمەڕ ئایینی سروشتی» [٦٠] ، کە بە «بوڕهانی نەزم» ناسراوە سەلماندنی بوونی خوای خستۆتە بەر باس (بڕوانن بەشی دووهەم) و رەخنە و لێکۆڵینەوەکانی هیوم پانتایەکی بەربلاوی بابەتەکان لە خۆ دەگرێ، بۆ نموونە بابەتی فەلسەفی، مێژوویی و بابەتی گشتی.



**کانت:**

ئێمانوئێل کانت (١٧٢٤- ١٨٠٤) لە دایکبووی کۆنیگسبێرگی [٦١] ئەڵمانیایە. گوایە کانت بە درێژایی تەمەنی خۆی هیچ کات زیاتر لە دەمایل لە شارەکەی خۆی دوور نەکەوتووەتەوە. کانت دەڵێ بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی هیوم «لە خەونی دۆگماتیزم وەخەبەر هاتم ». لەو کاتە بە دواوە هەوڵی خۆی وەگەڕ خستووە بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەك بۆ جەختکردن و پشتیوانی لەو چەمکانەی گوایە گومانکاریی هیوم هەرەشەیان لێدەکات. بەم چەشنە ، هەوڵیدا بیسەلمێنێ زەروورەتی هۆیەتی بە سەر جیهانی ئەزموونیدا حاکمە و بە سەر جیهانی ویستی مرۆییدا، ئازادی و ئاکار زاڵە. هیوم هەمووی بوڕهانە نەرێتییەکانی بۆ سەلماندنی بوونی خوای خستە بەر لێکۆڵینەوە و لە کۆتاییدا، دەڵێ عەقڵی مرۆیی لە ئەنستۆی توانی سەلماندنی بوونی خوا و تاهەتایی نەفس و بێکۆتایی جیهانی نییە. کتێبە سەرەکییەکانی کانت بریتین لە « رەخنەی عەقڵی پەتی » [٦٢] (سەبارەت بە مێتافیزیك) و «رسەخنەی عەقڵی کردەوەیی » (سەبارەت بە ئەخلاق) .

**ولستن کرافت:**

ماری ولستن کرافت(١٧٥٩ – ١٧٩٧) فەیلەسووفی سیاسی و فێمێنیست، لە لایەن یەکێك لە هاوچەرخەکانی، بەم شێوە وەسفکراوە: «ژنێك بە خووی کەمتیارەوە » ئەورۆکەش ئەو هەر دەبێتە هۆی رق و کینە، تەنانەت «ڕیچارد کووب»ی [٦٤] مێژوونووس، بە هۆی ئەم نازناوە تایبەتەی رەخنەی لێگرتووە. ولستن کرافت ساڵی ١٧٩٠ ژیانی زانستیی خۆی وەکو نووسەر، بە بڵاوکردنەوەی کتێبی «روونکردنەوەی مافەکانی پیاو»[٦٥] دەستپێکرد. ئەم کتێبە لە ئەساسدا وەڵامدانەوەیەکی زیادەڕۆیانەیە بە کتێبی دژە زۆڕۆیانەی ئێدمۆندبورك [٦٦] لە ژێر ناوی «رامانێك لە سەر شۆڕشی فەڕەنسا » [٦٧] ئەو ساڵی ١٧٩٢، بە ناوبانگترین کتێبەکەی، واتە «روونکردنەوەی مافەکانی ژن »ی [٦٨]. بڵاو

کردەوە کە لە لایەك بووە هۆی ناو دەرکردنی و لە لایەکی دیکەوە  بووە هۆی بەدناویی کڕافت. ئەو کتێبەکەی بە تێکشکانی ڕۆسۆ [٦٩] دەسپێدەکا و لە ڕەخنەی ڕۆسۆدا دەڵێ کە داواکاری و پێشنیاری پەروەردە بەو جۆرەی لە« ئیمیل»[٧٠] و ئیمیل و سۆفی [٧١] داهاتووە راشکاوانە ئەم مەبەستەی پێکاوە و هەر لە سەرەتای منداڵیدا ڕەگەزی مێیینە ژێر چەپۆکی ڕەگەزی نێرینەیە. کتێبەکانی دیکەی کڕافت بریتین لە: «ئاسۆی شۆڕشی فەرەنسە » [٧٢] لێکدانەوەیەك بە پێی بەڵێنی راستەوخۆ، بەرگێك کورتە چیرۆك لەمەڕ ژیانی راستەقینە. کڕافت بە سەر منداڵدا ڕۆشت.

**هێگل:**

گئورگ ویلهۆم فریدریش هێگل (١٧٧٠- ١٨٣١) [٧٣] ئەگەری پتەوی ئەوە هەیە کە بە ناوبانگترین و کاریگەرترین  سیستەم سازە لە مێژووی فەلسەفەدا. هێگل بانگەشەی دەکرد کە دەکرێ هەموو زانستەکان بە شێوەیەکی سیستماتیك لە ژێر ناوی، مەنتیق، فەلسەفەی سروشت و فەلسەفەی زەین ڕێکبخرێت. هێگل خوێندنەوەیەکی نوێی لە « دیالێکتیك » بەدەستەوەداوە. هێگل دەڵێ: لە مێژوودا جۆرێك لە پێشکەوتن هەیە کە بە هۆی ناکۆکیی دیالێکتیکیی نێوان «تێز» و «ئانتی تێز» و «سەنتێز» سەرهەڵدەدا. توخمە پێکهێنەرەکانی ئەم پێشکەوتنە یان ڕۆحانییە یان عەقڵانییی، بەڵام ماددی نییە. هێگل لە خولی لاوییدا لایەنگری شۆڕشی فەرەنسا و ناپلیۆن بوو، بەڵام زۆر زوو لە هەر جۆرە دام و دەزگایەکی دیموکراتیك هەستی بە رق و قین کردووە و لایەنگری و ستایشی لە رژێمی زۆرداریی پرۆس کردووە. بە پێی بۆچوونی هێگل «دەوڵەت وەکو گەڕانی خوایە لە سەر زەویدا ».

بەرهەمە بەرجەستەکانی هێگل بریتین لە: وەك دەڵێن مەنتیق، ئینسایکلۆپێدیای زانستە فەلسەفییەکان و [٧٤] فەلسەفەی ماف [٧٥].



**ریکاردۆ:**

دەیچید ریکاردۆ (١٧٧٢ -١٨٢٣) [٧٦] ئابووریناسی ئینگلیزی، کوڕی «کارمەندی »بوورسی لەندەن بوو کە خۆی تاوەکو تەمەنی چل و دوو ساڵی سەروەت و سامانێکی زۆری کۆکردەوە. پاش پێنج ساڵ، واتە ساڵی ١٨١٩، وەکو نوێنەری رادیکاڵ چووە پارلەمان. کتێبە سەرەکییەکەی بووە هۆی ناودەرکردنی و کاریگەری بەرچاوی لە سەر مارکس بە جێهێشتووە کە « بنەماکانی ئابووریی سیاسی و داهاتی باج »[٧٧]ی ناوە. ئەم کتێبە شیکردنەوەی گرینگی چەمکە جۆراوجۆرەکانی ئابووری، وەکو قازانج، داهات و کرێی لە خۆ گرتووە.

**شۆپنهاور:**

ئارتوور شۆپنهاور(١٧٨٨- ١٨٦٠)  هێگلی بە کەسێکی ساختەچی لە قەڵەم دەدا و ڕێبازی هێگلی بە تەواویی بەبێ مانا و ساویلکانە چاو لێدەکرد. ئەو لە بەرگی دووهەمی کتێبی  خۆی بە ناوی «جیهان وەکو ویست و نواندن » ئەم باسانەی هێناوەتە ئارا. لە سەردەمی لاویدا، لەو کاتژمێرانەدا کە هێگل سەر قاڵی وانە وتنەوە بوو، دەستی دەکرد بە  کۆڕوکۆبوونەوە کردن، بەڵام هیچ کات نەیتوانی قوتابییەکان لە زنجیرەی وانەکانی ئەم دیکتاتۆرە فەلسەفییە دابڕێ و جیایان کاتەوە. شۆپنهاور ساڵی ١٨٢١ وانە وتنەوەی جێهێشت و پاشماوەی ژیانی بۆ نووسین تەرخان کرد. شۆپنهاور یەکەم کەس لە خۆرئاوا بوو توێژینەوەی لە سەر ئایینەکانی هێند بە ئەنجام گەیاند و بیروبۆچوونەکانی لە ژێر کارتێکەریی بیری هێندی دایە. بە بۆچوونی شۆپنهاور زەین و ئیرادە ڕاستەقینەن، بە پێچەوانەی جیهانی ماددی کە بە واتایەك شانۆی و هەم و خەیاڵە، ڕاستییەکان ناشیرینن نەك چاك، چونکە ئاوات و ئیرادە دەبنە هۆی رەنجی زێدەتری مرۆڤەکان، ڕەشبینی فەلسەفەی ڕاستەقینەی ژیانە و بەس.

**جیمز میل و جان ستوارت میل:**

جیمز میل(١٧٧٣ – ١٨٣٦) ی باوکی جان ستوارت میل، کەسایەتییەکی ئەدەب پەروەر بوو و سەرەتا وەکو رۆژنامە نووس و دواتر کاری بۆ کۆمپانیای هێندی رۆژئاوایی دەکرد. نووسینەکانی زانستی یاساو فەلسەفەی رامیاریی دەگرێتەوە، ئەو هەڵوێستێکی رادیکاڵی لە سیاستەدا گرتەبەر. ئەو پەروەردەکردنی جانی خۆی لە ئەستۆ گرت. کوڕەکەی لە ژیاننامەی خۆنووسی خۆیدا دەڵێ هەر لە تەمەنی سێ ساڵییەوە دەستی داوەتە فێربوونی زمانی یۆنانی.

جان ستوارت میل (١٨٠٦ – ١٨٧٣) فەرمانبەری حکوومەت بوو لە گومرکی هێندا و لەم رێگەوە بژێوی ژیانی خۆی دابین دەکرد. بەناوبانگترین بەرهەمە فەلسەفییەکانی ئەو بریتین لە: « رەسەنایەتی سوود، سیستەمی مەنتیق [٧٨]، دەستەمۆیی ژنان [٧٩] ، توێژینەوەیەك لە سەر ئازادیی »[٨٠] .
جان ستوارت میل سەرەڕای ئەوەی فەیلەسووف و فەرمانبەری حکوومەت بووە، ریفۆرمخوازێکی سیاسیی چالاکیش بوو. ئەو ساڵی ١٨٢٤ بە هۆی بڵاوکردنی نووسراوەکانی لەمەڕ کۆنترۆڵی زاوزێ لە نێوان هەژاران دەسبەسەر کرا. ئەو لایەنگری مافی خوێندنی باڵا و پەرەدان بە مافی دەنگدان بۆ ژنان بوو.

ئەو لە دامەزرندانی نیوهام کۆلیجی کەمبریج [٨١] کە یەکەم کۆلیجی تایبەت بە ژنانە لە ئینگلیس، یارمەتیدەر بوو. جان ساڵی ١٨٦٥ لە مەڵبەندی ویست مینستردا وەکو « هەڵبژاردەی پیاوی حیزبی کرێکار » سەر کەوتووانە چووە پەڕلەمان. ئەو زۆربەی ماوەی نوێنەرایەتی خۆی لە پاڕلەمان بۆ وەرگرتنی مافی دەنگدان بۆ ژنان تەرخانکرد، لەو رووەوە کە ئەم کارەی میل لە لایەن دەنگدەرانەوە پەسەند نەکرا و لە هەڵبژاردنی خولی دواییدا کورسییەکەی پاڕلەمانی لە کیس چوو.

**مارکس:**

کارڵ مارکس (١٨١٨ – ١٨٨٣) کوڕی راوێژکارێکی یاسا، بناغەدانەری کۆمۆنیزمی نێودەوڵەتیی نوێ بوو. مارکس لە بۆن [٨٢] و بیرلین [٨٣] وانەی



خوێند و هۆگری فەلسەفەی هێگل بوو. ئەو بۆی دەرکەوت کە دەکرێ لەمەڕ مێژووی ئابووریی و رامیاری رادیکاڵدا رێگەی فەلسەفەی هێگل بگرینە بەر. مارکس وەکو پەنابەرێکی سیاسی چوو بۆ لەندەن و لەوێ لەلایەن خاوەن کارخانەیەکی دەوڵەمەند بە نێوی فریدریش ئینگلس پشتیوانیی ماڵیی لێکرا.

فەلسەفەی مارکس چەشنێ هێگلگەرایی ئاوەژوو کراوە. بەم شێوە کە لە حاڵێکدا هێگل دەڵێ دەوڵەت گەڕانی خوا لە رووی زەویدایە، مارکس دەڵێ دەوڵەت و حاکمەکانی تەنیا کەرەسەی زوڵم و زۆرن کەچی، هێگل دەڵێ: «هێزەکانی دیالێکتیکی مێژوو» بریتین لە دژوازیی نێوان بیروڕاکان. مارکس لای وایە ئەم هێزە دیالێکتیکیانە ماددین. فەلسەفەی مارکس لە رووی فەلسەفییەوە گرینگیی ئەوتۆی نییە، بەڵکو زیاتر بە هۆی کاریگەریی بەرچاوی لە سەر مێژووی سیاسیی سەدەی بیستەمە. ئەم گوتە خۆشحاڵی دەکات؛ چونکە مارکس نووسیبووی «کێشەی سەرەکی تێگەیشتنی جهان نییە، بەڵکو گۆڕانی جیهانە».

**ویلیام جیمز:**

ویلیام جیمز (١٨٤٢ – ١٩١٠) [٨٥] دەروونناس و فەیلەسووفی ئەمریکییی و برای هێنری جیمزی [٨٦] رۆماننوس، سەرەتا لە نیۆیۆرك [٨٧] و پاشان لە هاروارد خوێندوویەتی. لە هاروارد پزیشکی تەواو کرد. جیمز دەروونناسێکی رەفتارگەرایە، باوەڕی وابوو کە سۆزەکان بریتین لە: دەرککردنی گۆڕانکاریی دەروونناسانە. جیمز فەیلەسووفێکی کردەگەرا بوو و بانگەشەی ئەوە بوو باوەڕەکان بە هۆی ئەوەی راستەقینەن بەکەڵك و چالاك نین، بەڵکو لەم رووەوە کە بە کەڵك و چالاکن راستەقینەن.

**نیچە:**

فریدریش نیچە (١٨٤٤ – ١٩٠٠) منالّی قەشەیەکی لۆتێریی بوو و لە بۆن و لایپزیك خوێندبووی، و هێندە لێهاتوو بوو پێش کۆتایی خوێندنەکەی، کورسی فەلسەفەی کلاسیکی زانکۆی بازلی [٨٩] پێسپێردرا و بوو بە مامۆستا.

سەردەمی لاویی نیچە ستایشی شۆپنهاوێری دەکرد بێ ئەوەی بیبینێ، هەروەها ریچارد واگنێر [٩٠] « کە نێوانیان گەرم و گوڕ بوو ». بەڵام لە هەردووکیان بێزار بوو. نیچە ئەرکی زانکۆی جێهێشت و لە شەڕی نێوان پڕوس و فەڕەنسە بوو بە خزمەتکاری نەخۆشخانە. دواتر زۆر زوو بە تەواویی دەستی لە کاروباری زانکۆ کێشایەوە و ژیانێکی گەڕۆکی گرتەبەر، زانکۆ لە بەر سەرهەڵدانی نەخۆشی مووچەی بۆ دابینکرد. لەوانەیە لە کاتی خزمەتی لە ئەرتەشدا تووشی نەخۆشی سفلیس هاتبێ. نیچە دوازدە ساڵ پێش مردنی شێت بوو. هەوڵێدەدا بەهاکانی ئەخلاقیی سوننەتیی بەرپەرچ بداتەوە و جۆرێك خۆتەوەرەیی ئەشرافی لە جێگەی دابنێ(بڕوانن بەشی ٧و٨) . بەڵام بەرنامەی گشتی نیچە ئەوەیە کە سەرەڕای ئاکار، مێتافیزیك و مەنتیق و بە رواڵەت عەقڵانییەت خۆشی سەرەوژێر بکات. ئەو جاروبار جۆرێك دەنووسی چما، ئایین، فەلسەفە و زانست و سەرجەم سیستەمەکانی هزر، چ نیین جگە لە دووڕوویی کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات. نازییەکان ئامۆژگاریی و بۆچوونەکانی نیچەیان بە جۆش و خرۆشەوە پەسەند کرد و پاڵنەر و هاندەری ئەم ئیشە، خوشکی نیچە و لایەنگری هیتلێر، ئیلیزابێت [٩١] بوو.

**فرێگە:**

گوتلوب فرێگە (١٨٤٨ — ١٩٢٥) [٩٢] زانای بیرکاریی و مەنتیقزانی ئاڵمانیی بوو کە لە یەننا [٩٣] وانەی دەوتەوە. زۆربەی زانایان ئەویان بە گرینگترین مەنتیقزان لە سەردەمی ئەرەستوو بەم لاوە داناوە. فرێگە ساڵی ١٨٧٩، گەڵاڵەی گشتیی سیستەمی مەنتیقی سیمبۆلیکی دارِشتووە، کە بەم حاڵەوە دژوازی  یان پاڕادۆکسێ لەمەڕ پلەکانی لە خۆ گرتبوو. . راسێل بەم دژوازییەی زانی و هەوڵی چاك کردنەوەیدا. فرێگە لە تیۆری واتادا لە نێوان چەمك و دەلالەت قایل بە جیاوازیی بوو، جیاوازییەك کە دەوریی گرینگ لە فەلسەفەی نوێدا دەگێڕێ. دەکرێ بەنموونەکان یارمەتی جیاوازیی«چەمك—



دەلالەت» بە باشترین شێوە لێکبدرێتەوە. بۆ نموونە ئەم دوو شرۆڤەی واتە «ئەستێرەی دەمەوبەیان» و «ئەستێرەی شەوانە» دەلالەتێکی یەکەیان هەیە (چونکە هەردووویان یەکێکن، واتە دەلالەت دەکەنە سەر ئەستێرەی ناهید)، بەڵام چەمك «یان واتای» جیاواز دەگەیەنن.

## پەراوێزەکان

١-Academy
٢- Zeno the Eleatic
٣- Achilles
٤- Zeno the Stoic
٥- Stagira
٦- Macedonia
٧- Speusippus
٨- Asia Minor
٩- Alexander the Great
١٠- Lyceum
١١- Euboa
١٢- Averroes
١٣- Reformation
١٤- Marcus Tullius Cicero
١٥- Algeria
١٦- Hippo
١٧- Carthage
١٨- Milan
١٩- Italy
٢٠- bishop
٢١- Goths
٢٢- Huns



٢٣- Vandals
٢٤- Boethius
٢٥- The Consolation of Philosophy
٢٦- Piedmont
٢٧- Breton
٢٨- Eloise
٢٩- Bernard of Clairvaux
٣٠- Cordova
٣١- Seville
٣٢- Morocco
٣٣- Spain
٣٤- Egypt
٣٥- A. J. Heschel
٣٦- Dominican Order
٣٧- Johannes Dun  Scotus
٣٨- John Dun of Scotland
٣٩- Franciscan
٤٠- Surrey
٤١- Avignon
٤٢- Bavaria
٤٣- OckhamÒ s Razor
٤٤- Hugo Grotius
٤٥- De Jure Belli et Pacis
٤٦- Meditations on First Philosophy

٤٧- tabula rasa
٤٨- Baruch Spinoza
٤٩- Amesterdam
٥٠- Treatise on God and Man
٥١- Gottfried Wilhelm Leibniz
٥٢- Leipzig
٥٣- Newton
٥٤- George Berkeley
٥٥- Kilkemy
٥٦- Irish
٥٧- A New Theory of Vision
٥٨- Principles of Human Nature
٥٩- Three Dialigues between Hylas and Philonous
٦٠- Dialogues on Natural Religion
٦١- Konigsberg
٦٢- The Critique of Pure Reason
٦٣- Emile and Sophie
٦٤- Richard Cobb
٦٥- Vindication of the Rights of Man
٦٦- Edmund Burke
٦٧- Reflections on the French Revolution
٦٨- Vindication of the Rights of Woman
٦٩- Rousseau
٧٠- Emile



٧١- Emile and Sophie
٧٢- View of the French Revolution
٧٣- Georg Wilhelm Friedrich Hegel
٧٤- Encycolopaedia of the Philosophical Sciences
٧٥-Philosophy of Right
٧٦- David Ricardo
٧٧- Principles of Political Economy and Taxation
٧٨- System of Logic
٧٩- The Subjection of Women
٨٠- On Liberty
٨١- Newnham College Cambridge
٨٢- Bonn
٨٣- Berlin
٨٤- Friedrich Engeles
٨٥- William James
٨٦- Henry James
٨٧- New York
٨٨- Harvard
٨٩- Basel
٩٠- Richard Wagner
٩١- Elisabeth
٩٢- Gottlob Frege
٩٣- Jena

## پاشكۆی دووهەم (٢)

## فەیلەسووفانی سەدەی بیستەم

**هوسەرڵ:**

ئەدمۆند هوسەرڵ (١٨٥٩ — ١٩٣٨) [1] ساڵی ١٩١٦ مامۆستای زانكۆی فرایبۆرك بوو، ئەو دامەزرێنەری دیاردەناسی [2] بوو، تیۆریی یان رێبازێكی فكریی كە هەنووكە لە زۆربەی ئاكادیمییەكانی كیشوەری ئەوروپا، هێند و ژاپۆن پەسەند كراوە. هوسەرڵ و تەزای «ئێپوخە»[3]ی دیسان هێنایەوە نێو فەلسەفە. «ئێپوخە» كە لە گومانكارەكانی فەلسەفەی یۆنانی كەونینە وەرگیراوە بە واتای «هەڵپەسارندنی بڕیارە» [4] یەكەم بنچینەی دیاردەناسی لەم بڕیارەدا چڕدەكرێتەوە، بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت لەمەڕ شتێك، هەڵپەساردنی بڕیار لەچاو شتەكانی تر پێویستە.

**دیوئی:**

جان دیوئی (١٨٥٩ـ١٩٥٢) [5] ساڵی ١٩٠٤ بوو بەمامۆستای زانكۆی كلومبیا (نیۆیۆرك) [6]. ئەو كاریگەریی بەرچاوی لەسەر ئایدۆلۆژیای پەروەردە و بارهێنانی ئەمریكا داناوە. دیوئی بەڵگەی دەهێناوە كە مەبەستە سەرەتاییەكانی پەروەردە دەبێ گەرەنتیكەری ئەم بابەتە بێت كە منداڵ لە رووی كۆمەڵایەتی و دەروونییەوە پەروەردە دەبێ و وەكو ئەندامی گونجاوی كۆمەڵگاكەی دەردەچێ.

**راسێل بێراتراند:**

راسێل (١٨٧٢-١٩٧٠) رەقیبی فرێگە گرنیگترین مەنتیقزانی پاش ئەرەستوو تا هەنووكە. راسێل بیركاری و فەلسەفەی لە كەمبرویج و وانەی



ئابووریی لە بەرلین خۆیندووە و لەگەڵ فرێگە پێوەندییان هەبوو. ساڵی ١٩١٠ (لەگەڵ ای. ان. وایتهێد) [7] كتێبی مەزنی پرەنسیپەكانی بیركاریی [8] یان بڵاوكردەوە كە وەكو خاڵی وەرچەخانی مەنتیق دێتە ئەژمار. راسێل بە درێژایی تەمەنی، كتێب و وتاری هەمە پەسەندی زۆری نووسی، بۆ نموونە زاڵێتیی بەختەوەری، هاوسەرگیری و بنەما ئەخلاقییەكان [9]، بۆچی مەسیحی نیم؟ [10] و سەبارەت بە پەروەردە [11] راسێل تا رادەیەك رەخنەگرێكی ناودەركردوو بوو. ساڵی ١٩٧٠ وەكو لایەنگری مانی دەنگدانی ژنان بوو بە پاڵێوراوی پەرلەمان (بەڵام سەرنەكەوت). بە درێژایی شەڕی یەكەمی جیهانی، راسێل شوێنكەوتوویی ئارمانی ئاشتی بوو و بە هۆی بڵاوكردنەوەی بڵاچوكی دژ بە ئەركی سەربازیی خرایە زیندان. دوای كۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی چەندین نامەی لەمەڕ مەترسییەكانی شەڕیی ناوەكی بۆ زۆربەی رێبەرانی دونیا نووسی. لە سەردەمی پیریدا بە دەربڕینی نارەزایەتی بەهۆی داخرانی شارێی لەندەن لە بەردەم وەزارەتی بەرگری دیسانەوە لەبەند كرا.

**ویتگنشتاین:**

لوودویك ویتگنشتاین (١٨٨٩-١٩٥١) لەدایكبووی ڤیەننایە و لە برلین و مەنچستێر ئەندازیاریی خوێندووە و دواتر بوو بە هۆگری مەنتیقی بیركاریی. لەگەڵ فرێگە چاوپێكەتنیان هەبووە و داوای لە ویتگنشتاین كرد لەگەڵ راسێل پێوەندی بگرێت. ویتگنشتاین ساڵی ١٩١٢ چوو بۆ كەمبریج و بوو بە قوتابیی راسێل. راسێل كەوتە ژێر كاریگەریی ویتگنشتاینی لاو و ناوبانگی خۆی وەكو فەیلەسوفێك تا رادەیەك پەرە پێدا.

ویتگنشتاین لە شەڕی یەكەمی جیهاندا یەكەم لە ئەرتەشی نەمسا [13] بوو بە ئەفسەری تۆپخانە.

ویتگنشتاین لەلایەن هێزە ئیتاڵییەكانەوە یەخسیركرا. ئەو لەوكاتەدا كە زیندانیی شەڕ بوو، یەكەم كتێبەكەی، واتە، **نامیلكەی مەنتیقی — فەلسەفی**

نووسی. ئەم کتێبە ساڵی ١٩٢١ بڵاوکرایەوە و تیۆرییەکی گەڵاڵە کرد کە ڕاسێل ناوینا «ئەتۆمیزمی مەنتیقی». بیروڕاکانی ویتگنشتاین دەهەی ١٩٣٠ لە بنج و بناوانەوە گۆڕانی بەسەرهات. ئەو باوەڕی وابوو کە پرسیار و کێشەکانی فەلسەفە بە هۆی بەدحاڵیبوون لە زمانە، بەڵام بەوشێوەی کە خۆی لەپێشەکیی کتێبەکەی خۆیدا دەنووسێ، لێیناوەشێتەوە کتێبێکی چڕوپڕ لەسەر ئەم چەمکە تازانە بنووسێ. دوای مەرگی ئەو، دەسنووسەکانی لە لایەن، جەی. ئێی. ئێم. ئاسنکام و جەی. ئێچ. فون رایت [١٤] و ڕاش ریس [١٥] کۆکرایەوە و وەریانگێڕاوە. ئەم دەسنووسانە «**کتێبە ئاویی و قاوەییەکانی**» [١٦]، **توێژینە فەلسەفییەکان** [١٧]، **چەند خاڵ سەبارەت بە بنەماکانی بیرکاریی**[١٨] **و دەربارەی دڵنیایی** [١٩] لە خۆ دەگرێ.

**پۆزیتیڤیزمی مەنتیقی یان بازنەی ڤیەننا:**

سەرهەڵدانی بازنەی ڤیەننا سەرەتاکانی دەهەی ١٩٢٠ بوو. گرووپێك لە زانایان، بیرکاریزان و فەیلەسووفەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لە دەوریی یەك کۆ دەبوونەوە تاکو پرسیارە فەلسەفی و لۆژیکییەکان بخەنە بەرباس. ئەندامانی بریتی بوون لە: موریتس شلیك [٢٠] (دامەزرێنەر) ، کورت گوودل [٢١]، ڕودۆڵف کارناپ [٢٢]، ئۆتۆ نوڕاس [٢٣]، هێربێرت فایگل [٢٤]، فردریش چایزمان[٢٥]، فلیپ فڕانك [٢٦] ساڵی ١٩٢٩ کۆڕی ڤیەننا جاڕنامەیەکی بڵاوکردەوە، کە ناوی کۆمەڵێك لە بیرمەندەکانی پێشوو و هاوچەرخی تێدابوو کە وێنادەکرا کەسایەتییە ناودارەکانی هەڵوێستی فەلسەفەی «پۆزێتڤیسم»ن. بۆ نموونە ناوی هیوم، میل، ویتگنشتاین و ڕاسێل بەرچاو دەکەوت. پۆزیتیڤیزتەکان باوەڕیان وابوو کە خۆیان بە شێوەی «زانستیی» فەلسەفاندن سەرقاڵ کردووە، پێدەچێت کە ئەرکیی سەرەکیی فەلسەفە دەستەبەرکردنی بناغەی جێمتمانە و دڵنیا بۆ زانستە. ئەم گرووپە لە دەهەی ١٩٣٠ پاش تیرۆری شلیك (١٩٣٦) و سەرهەڵدانی نازیزم هەڵوەشاوە.



**مارکۆزە:**

هێربێرت مارکۆزە (١٨٩٨ـ١٩٧٩) [٢٧] لە بڕلین لەدایك بوو. ئەو لە زانکۆکانی بڕلین و فڕایبۆرگ دەستی کرد بە خوێندن و لە دامەزراندنی ڕێکخراوەی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانی فڕانکفۆرت دەوری سەرەکی گێڕا. پاش ئەوەی ئەم ڕێکخراوە لەلایەن نازییەکانەوە داخرا، مارکۆزە دەرچوو بۆ ئەیالەتە یەكگرتووەکانی ئەمریکا و چووە ماساچوست [٢٨] و دواتر لە کالیفۆرنیا [٢٩] بوو بە مامۆستای فەلسەفە. بەرهەمی مارکۆزە بەگشتی برتیین لە ڕەخنەبەربڵاوەکانی لەسەر کۆمەڵگای مۆدێرن و کولتووری هاوچەرخی هایدیگەر.

**مارتین هایدیگەر:**

مارتین هایدیگەر (١٨٩٩ـ١٩٧٦) فەیلەسووفی ئاڵمانیی و لایەنگری نازیسم بوو ـ لە فرایبۆرگ بوو بە مامۆستای زانکۆ و جێگری ئەدمۆند هەوسەرڵ. ساڵی ١٩٤٥ بە هۆی پێوەندیی لەگەڵ ڕژیمی هیتلەر لە زانکۆ دەرکرا. بەرهەمی هایدیگەر بە گشتی پەیوەستە بە توێژنییەوەی بوون یاخود هەستیی. وێنای هایدیگەر لەسەر بوون جۆرێك بان ـ خەسڵەتییە. کەواتە، فەلسەفەی ئەو خاڵی بەرامبەری شیکردنەوەی ڕاسێلە لە بوون و لە بنەڕەتدا خەسڵەت یان تایبەتمەندی نییە (بڕوانن بەشی ١). نووسراوەکانی هایدیگەر تەمومژاوین و وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانەکانی دیکە زەحمەتە: وەرگێڕانی کۆمەڵێك لە ڕستەکانی ـ بۆ نموونە «هیچ دەبێتە هچ» لە زمانی ئینگلیسی و ﴿کوردیدا﴾ بێمانا دەکەونەوە.

**ئادۆرنۆ:**

تیۆدۆر ئادۆرنۆ (١٩٠٣ـ ١٩٦٥)[٣٠] ئەندامی ناسراوی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی فڕانکۆڕت بوو. کە ئەم ریکخراوە پاش دەسەڵاتداریی هیتلەر داخرا، ئادۆرنۆ چوو بۆ ئاکسفۆرد و دواتر بەرەو ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕای کرد. ئادۆرنۆ مامۆستایەکی مەزن بوو و ژمارەیەك لە قوتابییەکانی بەکۆتایی

هاتنی شەڕ لە ریزی کەسایەتییە ناودارەکانی فەلسەفەی ئاڵماندا دێنە ئەژمار. هۆگریی سەرەکیی ئادۆرنۆ رەخنەی کولتوور و جوانیناسیی، بە تایبەت جوانیناسی مۆسیقا بوو. ئەو لە لای ئارنۆڵد شۆئێنبێرگ [٣١] فێری ئاواز دانان بوو و خۆیشی کۆمەڵێك ئاوازی سەرنجڕاکێشی چێ کرد.

**پووپێر:**

کارل پووپێر (١٩٠٢ — ١٩٩٤) کە پێشتر مامۆستای کۆلێژی ئابووریی لەندەن[٣٢] بوو، بەڵام زیاتر وەکو فەیلەسووفی زانست ناوبانگی دەرکردووە. ئەو نووسەری کتێبی « **مەنتیقی دۆزینەوەی زانستی** »یە کە تا رادەیەك رەخنەیەکە لە سەر پوزیتڤیزمی مەنتیقی. ئەو هەروەها کتێبێکی گەورەی لە سەر فەلسەفەی سیاسی بە ناوی «**کۆمەڵگای کراوە و دووژمنەکانی**»[٣٣] نووسیوە.

**سارتەر و دوبووار:**

ژانپۆل سارتەر (١٩٠٥- ١٩٨٠) و سیمۆن دوبووار (١٩٠٨ — ١٩٨٦)کە پێکەوە دەژیان، ئەندامانی ناسراوی رێبازی ئێگزسیتانسیالیستی فەڕەنسا بوون، و بە درێژایی ساڵانی پاش شەڕێ دووهەمی جیهانی یەکێك بوون لە کەسایەتییە ناودارەکانی رۆشنبیرانی باڵی چەپی پاریس.

سارتەر کە لە بنەڕەتدا پێڕەوی هایدیگەر بوو، لای وابوو مرۆڤ چ نییە جگە کۆی هەڵبژاردنەکانی کە هەم هەڵگری هەڵەن و هەم ئازادانەن.

سارتەر جەختی لە گرینگ نەبوونی عەزابی ویژدان بە هۆی«ئیمانی خراپە» کە چەشنێ رامانی چەند لایەنیە دەکردەوە. سارتەر ساڵانێکی زۆر پێوەندیی نزیکی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی [٣٤] فەڕەنسا هەبوو، بەڵام نەبوو بە ئەندام. دوبووار لە سووربۆن [٣٥] فەلسەفە خوێندبوو و ماوەیەکی کورت لەوێ مامۆستا بوو. ساڵی ١٩٤٩ کتێبێکی گرینگی لەمەڕ فەلسەفەی فێمێنیست بڵاو کردەوە کە ساڵی ١٩٥٦ بە ناوی « جنسی دووهەم »[٣٦] وەرگێڕدرایەوە سەر زمانی ئینگلیزی. بەرهەمەکانی دیکەی بریتین لە بیرەوەری و رۆمانەکان. تا ئەم دواییانەش، وێنا



دەکرا لەم دووکەسە، سارتەر فەیلەسووفێکی هەرە گرینگترە، بەڵام باس و مشت و مڕە فێمێنیستییە جۆراوجۆرەکان خاڵی پرسیار و گومانی لە هەمبەر ئەم گریمانە دادەنا هەرچەند لەوانەیە کاری سارتەر و دوبووار شیاوی بەراورد کردن نەبن. کاری سارتەر لە سەر بنەمای مێتافیزیکی هایدیگەر دامەزراوە، ئەمە لە حاڵێکدایە کاری دوبووار لە رەوتێکی دیکەدا پەرەی سەند و گرینگترین کتێبی ئەو بەرهەمێکی بنەڕەتییە لە پانتای فێمێنیزمی فەلسەفیی مۆدێڕندا.

**رایل:**

سەردەمی لاویی گیلبێرت رایڵ (١٩٠٠-١٩٧٦) [٣٧] جگە لەو ساڵانەی بە درێژایی شەڕی دووهەمی جیهانی لە خزمەتی سەربازییدا بوو، بە گوتنەوە و نووسینەوەی فەلسەفە لە ئاکسفۆرد تێپەڕ ببوو. رایل کتێبی «چەمکی زەینی» [٣٨] لە ساڵی ١٩٤٩ دا بڵاو کردەوە، یەکێکە لەو کتێبانەی کە رادەی فرۆشتنی هێند زۆر بوو چەند جار لە چاپ درا. رایل کۆمەڵێك فەیلەسووفی بەناوبانگی وەکو ئێیی. جەی. ئایەری[٣٩] پەروەردە کرد.

**رەند:**

ئایەن رەند (١٩٠٥ — ١٩٨٢) لە دایکبووی رووسییە بوو و دواتر بەرەو ئەمریکا کۆچی کرد و لەوێ بوو بە خوێندکاری فەلسەفە. رەند مامۆستایەکی لێهاتووی بواری فەلسەفە نەبوو، بەڵکو نووسەرێکی خەڵکینەیی بوو و گۆچارێکی هەمیشەیی بڵاو کردەوە و لەوێدا خۆی بە بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونە سیاسی و فەلسەفییەکانەوە سەرقاڵ کرد. (هەواڵنامەی ئایەن رەند)[٤٠]

ئایەن رەند لایەنگری بەتەوژمی سەرمایەداریی بوو و تا رادەیەك کاریگەریی لە سەر بارودۆخی سیاسی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داناوە. لەو رووەوە کە رەند فەیلەسووفێکی خوێندەوار بوو و سەرەڕای ئەمە شێوازێکی نووسینی پاراو و جاروبار گاڵتە جاڕانەی هەبوو، دەیتوانی تێبینی تیۆرێك بۆ چالاکییە بازرگانییەکانی باڵی راستی ئەمریکا دەستەبەر بکات.

## ئییەر:

ئەی. جەی. ئییەر(١٩١٠ — ١٩٨٩) لای گیلبێرت رایلْ لە ئاکسفۆرد فەلسەفەی تەواو کرد. ساڵی **١٩٣٢**، رایلْ هانیدا بڕوا بۆ ڤیەنناناو ببێتە هاودەمی پۆزیتڤیستە مەنتیقییەکان. بەرەوئەنجامی ئەم سەفەرە کتێبە بە ناو بانگەکەی ئییەر واتە **« زمان، حەقیقەت و مەنتیق»** بوو، کە دەروازەیەکە بەرەو تێگەیشتنی بیروبۆچوونەکانی کۆڕیی ڤیەننا بە زمانی ئینگلیزی. فەلسەفەی پۆزیتڤیزمی مەنتیقی هەنووکە، تا رادەیەکی زۆر جێگەی خۆی داوە بە دەسکەوتەکانی دیکەی فەلسەفە، بەڵام کتێبی، زمان، حەقیقەت و مەنتیق لە بە ناوبانگترین بەرهەمە فەلسەفییەکانی سەدەی بیست دێتە ئەژمار. ئەم کتێبە چەمکی سەلماندنی راستییە زانستییەکان وەکو رێنوێنیی مێتۆدەکەی پەسەند دەکات. چەمکی تەوەرەیی بریتییە لە «A» دەڵێ هیچ رەستەیەك لە خۆیدا واتا هەڵگر نییە، مەگەر ئەوەی یان «A» پەیوەست بە بیرکاریی یا مەنتیق بێ، یاخود بتوانین «B» لە سەر مێتۆدێکی زانستی کە بەپێی گریمان لە سەر ئەزموونی راستەوخۆی هەستەکی ساغ وەستاوە، توێژینەوە ئەنجامبدرێت. ئییەر کە سەرەتا لە زانکۆی لەندن و پاشان لە ئاکسفۆرد بوو بە مامۆستای فەلسەفە، دواتر چەندین کتێبی جۆراوجۆری تری نووسی کە لە نەریتی بەرفراوانی ئەزموونخوازیی ئینگلیزیدا وەکو بەرهەمێکی تاهەتایی دەمێنێتەوە و خۆشی بە میراتگری نەریتی فەلسەفی دەیڤید هیوم و بێرتراند راسێل لە قەڵەم دەدرێ.

نووسینە مێتافیزیکییەکانی رەند کە تا رادەیەك لە سەر بیروڕاکانی ئەرەستووە، عەقڵێکی ساغ و سەلامەت وێنە دەکێشێ. ئەو چەشنێ دوو ئالیستی هاوئاسۆی فامی عورفییە کە (بە وێنەی بێرکلی) نازناوی «عارفی رۆح»دەدا بە ئایدیالیستەکان و نازناوی «عارفی بازۆڵە» دەدا بە ماتریالیستەکان. فەلسەفەی ئەخلاقی ئەو جەخت لە باوەڕیی پتەویی بە لەپێشبوونی ئەخلاق لە چاو سەرمایەداریی دەکاتەوە.



## پەراوێزەکان

١- Edmund Husserl
٢- phenomenology
٣- Epoche
٤- suspending judgement
٥- John Dewey
٦- Cotumbia University
٧- A. N. Whitehead
٨- Principia Mathematica
٩- Marriage and Morals
١٠- Why I not a Christan
١١- On Education
١٢- Manchester
١٣- Austrian army
١٤- G. H. von Wright
١٥- Rush Rhees
١٦- Blue and Brown Books
١٧- Philosophical Investgotions
١٨- Remarkr on Foundations of Mathematics
١٩- On Certainty
٢٠- Morris Schlick
٢١- Kurt Godel
٢٢- Rudolf Carnap

٢٣- Otto neurath
٢٤- Herbert Feigl
٢٥- Friedrich Wasismann
٢٦- Philip Frank
٢٧- Herbert Marcuse
٢٨- Massachusetts
٢٩-California
٣٠- Theodor Adorno
٣١- Arnold Schoenberg
٣٢- London School of Economics
٣٣- The Open Society and its Enemies
٣٤- French Communist Party
٣٥- Sorbonne
٣٦- The Second Sex
٣٧- Gilbert Ryle
٣٨- The Concept of Mind
٣٩- A. J. Ayer
٤٠- Ayn Rand's Newsletter

## پاشکۆی سێهەم (٣)

## کۆمەڵێك فەیلەسووفی بەناوبانگی هاوچەرخ

ئەمە پاشکۆ و پێڕستێکی کورتی فەیلەسووفانی هاوچەرخە کە زۆربەیان لە نەریتی شیکاریدا چالاکن و بە بڕوای ئێمە، یان وەکو مامۆستا یان وەکو نووسەر یاخود هەردووی ئەمانە بە بڕشت و دەسڕۆیشتوون. سروشتییە ناکرێ بانگەشەی ئەوە بکرێت کە ئەم پێڕستە تەواوە. . ئەم لیستە تەنیا هەڵبژاردەیەکە بە پێی ئەلف و بێی ئینگلیسی ریزبەندی کراوە.

### ئانسکام:

جێی. ئێی. ئێم. ئانسکام پێشتر مامۆستای فەلسەفەی کەمبریج بوو و لە ئاکسفۆرد و پاشان لە کەمبریج بوو بە قوتابیی ویتگنشتاین. ئەو وەرگێڕی سەرەکی بەرهەمە دواییینەکانی «پاشینەی کتێبی مەنتیقی — فەلسەفی»ی ویتگنشتاینە. ئانسکام هەروەها بە شێوەی سەربەخۆ گەلێك بەرهەمی رەسەنی لە پانتایەکی بەرفراوانی بابەتە فەلسەفییەکان بڵاوکردەوە.

### دەیڤید سۆن:

**دەیڤید** سۆن [١]ی فەیلەسووفی ئەمریکی لە پرینیستۆن [٢] زۆر جێگەی دیکەی ئەیالەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وانەی وتۆتەوە، زیاتر بە هۆی وتارەکانی لە سەر مێتافیزیکی شیکاریانە ناوبانگی دەرکردووە. ئەم وتارانە لێکۆڵینەوە لەمەڕ شوناسی رووداوەکان و شوناسی زەین دەگرێتەوە.

### دامێت:

میشل دامێت [٣] مامۆستای پێشووی ئاکسفۆرد و خاوەن بیری جیهانیی لەمەڕ فەلسەفەی فرێگەیە.



### فووت:

فیلیپافووت لە ئاکسفۆرد خوێندوویەتی و پاشان لە ئاکسفۆرد دامەزراوە. ئەو پتر هۆگری فەلسەفەی ئاکار بووە و رەخنەگری رەسەنایەتی سوود و تیۆرییەکانی نیچە زەینگەراکانی سەر بە ئاکاری ﴿رەسەنایەتیی فەرمان یان دەستووردان﴾. زۆربەی وتارەکانی لە کتێبی چاکەکان و خراپەکان [٥] لە چاپ دراون.

### گیتییر:

ئەدمۆند گیتییر [٦] داهێنەری « پرسی گیتییر »[٧] یان « کانزای خوێ گیتییر»ە.
پرسی گیتیر بریتییە لە چەند خاڵی بەرپەرچدەری ژیرانە کە پێناسەی سێ بەشەکیی سوننەتیی مەعریفە تێکدەشکێنێ.

### گوودمەن:

نلیسۆن گوودمەن [٩] داهێنەری « کێشەی نوێنی ئنداکشێن » بوو. ئەو چەمکێکی نوێ وێنا دەکات « grue » [١٠] (ئێستا سەوز، بەڵام لە داهاتوودا شین) وا بەڵگاندن دەکات کە بۆمان مسۆگەر نابێ هەر ئێستە بزانین ئایا ﴿بەردە ﴾پیرۆزەکانی هەنووکە سەوزن یان رەنگیان شینە. گوودمەن دەگاتە ئەم دەرەنجامە کە هەر پێشبینییەکی وەستاو لە سەر ئنداکیشن ئەبێ بە چاوی گومانەوە سەیر بکرێت.

### هێر:

ریچارد هێر[١١] پێشتر مامۆستای ئاکسفۆرد بووە و ئێستا لە فلۆریدا [١٢] مامۆستایە. هێر پتر لە بواری فەلسەفەی ئەخلاقدا ناسراو. لە کتێبە سەرەتاییەکانی خۆیدا تیۆرییەکی لە سەر رەسەنایەتیی دەستوور داهێناوە. کە لەم دواییانەدا ئاوێتەی چەشنی رەسەنایەتیی سوودی ئارمانجی کردووە.

### کریپکی:

سائۆل کریپکی نووسەری کۆمەڵێك وتاری کاریگەرە لەمەڕ مەنتیقی فەلسەفی و شرۆڤە و لێکدانەوەی بیر و بۆچوونەکانی ویتگنشتاین.

### کووەن:

بەرهەمی تۆماس کووهن سەبارەت بە فەلسەفەی زانست بە گشتی وەکو پێشڤەچوونێکی مەزن لە م بوارەدا دادەنرێت.

**لووئیس:**

دەیڤید لووئیس [۱۳]ی فەیلەسووفی ئەمریکیی، داهێنەری «تیۆریی جیهانە مومکین و شێمانەکراوەکان»ە.

**مەك ئینتایەر:**

ئەی. مەك ئینتایەر [۱٤] کە زۆر کەس خوێنەر و لایەنگری کتێبەکانین کە لەمەڕ ئەخلاق و فەلسەفەی سەدە ناوەڕاستییەکان نووسیویەتی. ئەو لە ئاکسفۆرد و فەرەنسا خوێندوویەتی ئێستا لە زانکۆی نوتێردام[۱٥] مامۆستایە.

**میدلی:**

فەیلەسووفی ئینگلیزی، ماری میدلی، نووسەرێکی چالاکە و تەواوی کاتەکانی تەرخانداوە بۆ نووسینی کتێب لە سەر فەلسەفەی بۆ خوێنەری ئاسایی و ناشارەزای فەلسەفە.

**نازیك:**

ڕابێرت نازیك لایەنگری فەیلەسووفی ڕاستگەرا، ﴿واتە﴾ ئایەن ڕەندە، کتێبێکی بە بڕشتی بە ناوی « بێ دەوڵەتی، دەولەت و ئارمانشار» نووسیوە و لەوێدا هێرشی کردۆتە سەر لیبرالیزمی ئەمریکی و بیروبۆچوونەکانی «پلانی نۆێ»[۱٦].

**پلاس:**

فەیلەسوف و دەروونناسی ئینگلیزی، یوو. تی، پلاس [۱۷] بۆ ماوەیەك لە ئۆستڕالیا وانەی وتۆتەوە، لەوێ، سەرقاڵی گەڵاڵەکردن و ئاراستەکردنی بابەتێك بوو کە پاشان لە ژێر ناوی «تیۆریی ئەم ئەوێتیی زەین و مێشك » [۱۸] ناوبانگی دەرکردووە. ئەم تیۆرییە بە « فیزیکالیزم»[۱۹] ناوزەرد کراوە. ئەو وەکو دامەزرێنەری ڕێبازی فەلسەفیی ماتریالیستیی ئۆستڕالیا لە لایەن هاوکارەکانی بۆ نموونە «جەی. جەی. سی. سمارت »[۲۰]ەوە ستایش کرا و ڕێزی لێگیرا.



**کواین:**

ویلارد فان ئورمەن کواین [۲۱] باپیری فەلسەفەی ئەمریکایە. هەوڵ و چالاکیی کواین پتر لە سەر بابەتی مەنتیقی و سروشتی بوونە. ئەو هەروەها ژیاننامەی خۆی نووسیوەتەوە و چاپی کردووە.

**ڕاوڵز:**

جان ڕاوڵز [۲۲] بەرەچەڵەك ئەمریکییە و بابەتی لە سەر فەلسەفەی سیاسی نووسیوە و بە ناو بانگترین بەرهەمەکەی کتێبێکە لە سەر « تیۆری دادپەروەری »[۲۳].

**سینگێر:**

پیتەر سینگێری، ئۆستڕالیایی، باوەڕ بە گیاخۆری هێنایە ناو باسە فەلسەفییەکانەوە. ئەو وەکو ئۆستڕالیاییەکی کۆڵنەدەر دوورەپەرێزی و کەم کردنەوەی ڕادەی دەرد و ڕەنجی بە ئەرکی سەرەکیی فەلسەفەی ئەخلاق لە قەڵەم داوە. ئەو لە « قەتڵی بەبەزەیی » وەکو سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی لایەنگری دەکات.

**سمارت:**

جی. جی. سی. سمارتی فەیلەسووفی ئینگلیزی — ئۆستڕالیایی لە ئادەلهاید[۲٤]، لترۆب[۲٥] و کەنبورا[۲٦] مامۆستای زانکۆ بووە. ئەو هاوکاری پێشینی یوو. تی. پلاس و شرۆڤەکار و لێکۆڵەری تیۆری فیزیکالیزمی زەینە. فەلسەفەی سمارت زانستی و ماتریالیستییە.

**ستڕاوسۆن:**

پیتەر ستڕاوسۆن، مامۆستای پێشینی ئاکسفۆرد. زیاتر لە بەر نووسینەکانی لەمەڕ مەنتیقی فەلسەفی و مێتافیزیك و هێرش کردنە سەر تیۆریی وەسفەکانی ڕاسێل ناوبانگی دەرکردووە. ئەو هەروەها وتارێکی گرینگی سەبارەت بە ئیختیار نووسیوە و پسپۆڕی فەلسەفەی کانتە.

# پەراوێزەکان

١- Donald Davidson
٢- Princeton
٣- Michael Dummett
٤- PRESCRIPTIVISM
٥- Virtues and vices
٦- Edmund Gettier
٧- Gettier problem
٨- Gettier Saltmine
٩- Nelson Goodman
١٠- ئەم وشە پێکهاتووە لە دوو پیتی سەرەتایی green و دوو پیتی کۆتایی وشەی blue.
١١- Richard Hare
١٢-Floride
١٣- David Lewis
١٤- A. Macintyre
١٥- Notre Dame
١٦- New Deal
١٧- U. T. Place
١٨- the mind brain identity Theory
١٩- physicalism
٢٠- J. J. C. Smart
٢١- Willard van Orman Quine
٢٢- John Rowls
٢٣- A Theory of Justice
٢٤- Adelaide
٢٥- Latrobe
٢٦- Canberra